پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی
٥٩

# دیوانی مەولەوی

منتدى إقرأ الثقافي

## سەید عەبدولرەحیمی مەعدووم

لەلایەن مامۆستا محەمەد ئەمین ئەردەڵانی یەوە
کراوە بە سۆرانی



پێداچوونەوەی بە دەستکارییەوە:
گۆران عەباس

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي) ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

# دیوانی مەولەوی

## سەید عبدولڕەحیمی مەعدوومی

لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە
لەهەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی

پێداچوونەوە بەدەستکارییەوە
گۆران عەباس

بەرگی یەکەم و دووەم
چاپی یەکەم
٢٠٠٨

سەید عەبدولڕەحیمی مەعدوومی
دیوانی مەولەوی. / لە هەورامی بو سورانی: محەمەد ئەمینی ئەردەلانی /
پیداچوونەوە: گوران عەباس
تهران: احسان، ۱۳۸۷.
۵۹۵ ص.
فیپا.
کردی.
۱ـ دیوان شعر -- شعر و ادبیات کردی
۷س BP ۱۰۲/۸۸۵ ۲۹۷/۱۵۰
کتابخانه ملی ایران ۱۰۶۰۵۱

## دیوانی مەولەوی


- شاعیر: سەید عەبدولڕەحیمی مەعدوومی
- لە هەورامییەوە بو سورانی: محەمەد ئەمینی ئەردەلانی
- پیداچوونەوە: گوران عەباس
- بلاوکار: نەشری ئیحسان
- تیراژ: ۳۰۰۰ دانە
- چاپی: یەکەم ـ ۲۰۰۹
- چاپخانە: مەهارەت

نشر احسان

## پێشکەشە بە:

گیانە بێ گەردەکەی، ،مەولەوی، ، ی نەمرو نەوەو نەوەزاکانی.

گیانە بێ خەوشەکەی ، ،شۆڕش، ،ی جوانە مەرگی بەهیواو بەئاکام    نەگەیشتوو.

ئەو باوك و دایکەم کە ئاواتیان بەستبوو بەمنەوە.

گیانە خاوێنەکەی ماموٚستا شێخ عبدالعزیزی پارەزانی.

ئەوانەی لە پێناوی خواو گەل و میللەتدا گیانی خۆیانیان کرد بە قوربانی.

محەمەد ئەمین حەبیب سەعید

ئەردەلانی

# ووته‌یه‌ك

هه‌روه‌ك خوێنه‌ری به‌رێز ئاگاداره‌ جیهانی شیعرو ئه‌ده‌ب و نوسین دنیایه‌كی پڕ له‌ ناسكی و جوانیه‌ به‌ڵام دووریش نیه‌ له‌ ئاڵۆزی و زبری وه‌كو ووتراوه‌ چه‌كێكی دوو سه‌ره‌ خاوه‌نه‌كه‌ی ده‌توانێت له‌ نێو باخچه‌ی گوڵو گوڵزاری دڵڕفێندا بیخاته‌ گه‌ڕو هه‌سته‌كان به‌ره‌و ئاسمانی خۆشه‌ویستی به‌رێت ده‌یشتوانێت بیكاته‌ چڵۆسكێكی ئاگرو دڵه‌ ناسكه‌كانی پێ بسوتێنێت، هه‌رچه‌نده‌ باوكی خۆشه‌ویستم دیوانی شیعریی تایبه‌ت به‌ خۆی نه‌بو به‌ڵام شاعیرێكی نه‌ناسراوی هه‌ست ناسكو خامه‌ ڕه‌نگین بوو حه‌زی به‌ ئه‌ده‌بیاتو نوسین بوو زۆربه‌ی كاته‌كانی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ ته‌رخان كردبو زۆربه‌ی هاوڕێكانیشی هه‌ر له‌و دنیایه‌دا ده‌ژیان و كاتێك به‌یه‌ك ده‌گه‌یشتن ئاڵو وگۆڕی ساته‌ ناسكه‌كانی دنیای شیعرو ئه‌ده‌بیات ده‌كرد .... له‌وانه‌یه‌ خوێنه‌ری به‌ڕێز بپرسێت داخۆ مامۆستا محمد ئه‌مین بۆچی ئه‌وه‌نده‌ له‌ ڕۆحی مه‌وله‌وییه‌وه‌ نزیك بووه‌ و حه‌زی كردووه‌ هه‌میشه‌ له‌گه‌ڵ هۆنراوه‌ كانیا بژی؟ پرسیارێكی دروسته‌ دوو هۆكار ڕۆڵیان هه‌بووه‌ له‌وه‌ی باوكم زیاتر مه‌وله‌وی شاعیر بناسێت و به‌و شێوه‌یه‌ ئاوێزانی ئه‌و جیهانه‌ ڕۆحانی و ناسكه‌ بێت یه‌كه‌میان هاندانی یه‌ كێك له‌ هاوڕێ خۆشه‌ویسته‌كانی ئه‌ویش جه‌نابی مامۆستا شێخ عبدالعزیز پاره‌زانی بوو (خ ل) كه‌ به‌ڕاستی هاوڕێیه‌تی برایه‌تیه‌كی پاكو بێگه‌رد و هه‌ڵقوڵاو به‌ برایه‌تی ئیسلامی هه‌ردوكیانی پێكه‌وه‌ كۆكردبووه‌ بۆیه‌ ڕۆژێ مامۆستا به‌ باوكم ده‌ڵێت .. مامۆستا مادامه‌كی به‌ ڕێزتان توانایه‌كی باشتان هه‌یه‌ له‌شێوه‌ زاراوه‌ی هه‌ورامی و زمانی فارسیدا زۆر حه‌ز ده‌كه‌م ئه‌و دیوانه‌ی مه‌وله‌وی شاعیر وه‌ر بگێڕیته‌ سه‌ر شێوه‌ زاراوه‌ی سۆرانی و لێكدانه‌وه‌ بۆ چامه‌كانی بكه‌یت ، باو كیشم بێ نواندنی هیچ دوو دڵییه‌ك گوێڕایه‌ڵی نیشان داو ده‌ستی پێكرد هۆكاری دووه‌م به‌رچاو بونی ڕۆحیه‌تی ئیسلامی و دونیای سۆفیگه‌ری و پاك بونه‌وه‌ بۆ خوا و ژیان بۆ ڕێبازه‌كه‌ی به‌ ئاشكرا به‌ هۆنراوه‌كانیه‌وه‌ دیاره‌ ، باوكیشم وه‌ك سروشتی ئاسایی خۆی و مامۆستایه‌كی ئایینی و ده‌رچوی نێو ئامێزی حوجره‌ و مزگه‌وته‌كانی كوردستان و دنیای پاكیزه‌یی ئیسلامه‌تی وای له‌ باوكم كردشان بداته‌ به‌ر ئه‌م كاره‌ گران و پڕ له‌ هه‌ورازه‌،

هه‌رچه‌نده‌ به‌نده‌ كه‌ ڕۆڵه‌و نه‌وه‌ی ئه‌و پیاوه‌م به‌ڵام هیچ زانیاریه‌كم نیه‌ ده‌رباره‌ی شیعر به‌ڵام به‌ سیفه‌تی تێكه‌ڵیم له‌گه‌ڵیدا و كوڕی بچوكی بوم دوورو نزیك منیشی تێكه‌ڵ به‌و دنیایه‌ كردبوو زۆر جاریش به‌ شداری ده‌كردم له‌ نوسینه‌وه‌ی شیعره‌كاندا بۆیه‌ ئاگام له‌زۆرێك له‌ و موعانات و به‌ربه‌ست و ناڕه‌حه‌تیانه‌ هه‌بو كه‌ باوكی خۆشه‌ویستم له‌م كاره‌یدا ڕووبه‌ڕوی ده‌بوه‌وه‌، خۆ ئه‌گه‌ر بمه‌وێت ووردتر باس له‌و ئه‌ندێشه‌و ئازارو شه‌و نخونیانه‌ بكه‌م كه‌ باوكی خۆشه‌ویستم دوچاری بووه‌ ئه‌وا له‌ میانه‌ی چوند دێرێكی كه‌مدا ناتوانم ده‌ریان ببڕم به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه‌ هه‌ركه‌سێك بیه‌وێت ئامانجێك بۆ ژیانی دیاری بكات ده‌بێت بۆ به‌دیهێنانی ئه‌و ئامانجه‌ كارو لێبڕان و پلانی خۆی بۆ ئاماده‌ بكات ماندو بون

نەناسێت، دیارە باوکی بەڕێزم بە تەواوی مانا ماندو نارەحەت بو لەم کارەی بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشت و پیا هەڵدانێك بێت ئەو ئامانجەی کە خۆی دایڕشتبو بە ئەنجامی گەیانی دیارە من نامەوێت بچمە نێو وردەکاریە کانی ئەم کارەی باوکم چونکە وەك لەسەرەتاوە وتم من هیچ شارەزاییە کم نیە لەو بووارەیاو ناتوانم خامە بخەمە سەرکاغەز بۆی بەڵام ئەم چەند دێڕە تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی چەن نزایەکی بە کوڵ بۆ باوکم بکەم و سوپاس و پێزانین بۆ ئەو کەسانە دەربڕم کە هاوکاری و کۆموکی باوکمیان کردووە لەم کارەدا گلەیش ئاراستەی چەند هاوڕێیەکی خۆی بکەم کە لە دوای مردنی نەهاتن بەدەم داواکاریەکەمەوە بۆ پیاداچونەوەو هەڵەچنی و هەرکارێکی تری ئەم بەرهەمە کە باوکم نەیتوانی بەهۆی نە خۆشی و پاشانیش مەرگەوە تەواوی بکات.

خوایە گیان تۆ زاتێکی باڵادەست و میهرەبان و جوانکاری ئەم بونەوەرەیت هەرخۆت لەهەمو کەس باشتر زانایت بە دڵەکان (ويعلم خائنة لاعين و ماتخفي الصدور).. کەواتە پەروەردگارم بەسۆزو میهرەبانی خۆت لەگەڵ باوکی باوەڕدارمدا کە هەمیشەو بەتایبەت لە کاتی نەخۆشیەکەیدا ئەم پارچە هۆنراوەیەی دەوتو دەوتەوە بێ بێزاربون لێی (گەر مەیلەن مەیلەن وەل جەورەن جەورەن دڵەکەی تۆ دۆنەن ئەویشبەو تەورەن) دەیزانی ئەوەی دڵی چۆن بێت لەگەڵ پەروەردگاریدا پەروەردگاریش بەو شێوەیە دەبێت لەگەڵیدا دەی خوایە گیان باوکم بخەرە ژێر سایەو سێبەری میهرەبانی خۆتەوە و گۆڕەکەی بکەرە باخێك لە باخەکانی بەهەشت و حەوانەوەی دوای چەندین ساڵ لە ماندوبون و نەبونی بکەرە بشی لە نێو گۆڕەکەیدا، یەکێك لەو سیفەتە جوانانەی کە زۆر بە ئاشکرا بەم بەندەیەتەوە دیاربو سینە سافی و بێ گەردی دڵی بو ئەمەیش یە کێکە لە سیفەتە جوانەکانی خۆت کەواتە لە دەروازەی پڕ میهری خۆت داوام هەیەو دەلاڵێمەوە لە گەڵیدا میهرەبان بەو لە گوناهەکانی خۆشببە ...

امین ، هەر لێرەشەوە دەمەوێت سوپاس و خۆشەویستی و ئەمەکناسی خۆم بۆ برای بەڕێزۆ شاعیری هەست ناسکی هەورامانی دڵڕفێن بکەم کاکە (گۆران عەباس) کە بەڕاستی لەدوای ئەوەی داوام لەچەند هاوڕێیەکی خۆی کرد کە پێدا چونەوە بۆ دیوانەکە بکەن بەڵام مەخابن نەهاتن بەدەم داواکەمەوە کاك گۆرانی ڕۆح سوك بەسینەیەکی فراوان و زەردە خەنەیەکی ڕاستگۆیانەوە داواکەی نەشکاندمو بڕیاری دالەگەڵما بێت هەتا بە ئەنجام گەیاندنی ئەم بەرهەمە بۆیە باشترین دیاری لای منێکی هەژاری بێ دەسەڵات لە بەرامبەر پەروەردگاری باڵادەستەوە بۆ ئەم برائازیزەم تەنها نزایەکە ئەویش ئەوەیە پێ ی دەڵێم برای ئازیزم .. ئەگەر پاداشتی کارو ماندوبونەکان لای مرۆڤەکان بێت ئەوا زۆر زو ئەو پاداشتە کۆتایی دێتو دەکەوێتە ژێر پەردەی بیرچونەوەوە بە لام کاکە گۆران من داوا دەکەم تەنها پاداشتی ماندوبونەکانت لەم کارەو سەرجەم کارەکانی تردا هەر لای زاتی (الله) بێت چونکە ئەو زاتە هیچ پاداشتێك ون ناکات و هەتاهەتاییە.

هەروەها لێرەوە بەحەقی خۆی دەزانم وەك وەفاو ئەمەناسیەك بۆ خاڵی بەڕێزم (شێخ حسێن شێخ عوسمان نێر گزەجاڕی) کە بەڕاستی پەیوەندیەکی زۆر ڕاستگۆیانە و بێ گەردیان هەبو لەگەڵ باو کمدا وە زۆر جاریش پێکەوە مشتومڕیان دەکرد لەسەر ئەم بەرهەمە ... هەروەها ڕێزو خۆشەویستیم بۆ دایکی میهرەبانم کە بەڕاستی پاڵپشتێکی دڵسۆز بو بۆ باوکم و هەمیشە لە پاڵ پەڕەو کتێب و کەرەسەی نوسینەکانیدا قۆری و پیاڵەکەی ئامادەبو و دەیوت بابەهۆی ماندوبونیەوە سەری نەیەشێت ..
دایەگیان هەرگیز ئەو ساتانەم لە یاد ناچێت کە باوکی بەڕێزم هەتا درەنگانێکی زۆر سەرقاڵی کاری ئەم دیوانە بو تۆیش بە دیاریەوە دادەنیشتیت و شەو نخنیت دە کێشا بۆ بەیانیش لە پێش ئەوەوە هەڵدەسایت و سەرقاڵی ئامادە کردنی نانو چایی بەیانی و ڕێك پۆشکردنی بوی، ئێستایش دایەگیان لە دوای ئەوەی باوکی ئازیزم چۆتە لای ئامێزی پڕ میهرەبانی خوای خۆی هەرغەمی ئەوەتە و پێم دەڵێیت هەرچیەکت کردووە بەڵکو حەجێکی بۆ بکەیت .
باوکەگیان دوا ووتەم بۆتۆی بەڕێز ئەوەیە ئەوەندە لای خوا بەڕێز بیت لە ڕۆژانی ڕەستاخێزدا بتوانیت شەفاعەتێك بۆ ئەم کوڕەگوناهبارە ت بکەیت هەروەها سوپاس و خۆشەویستیم هەیە بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا صالحی هۆرێنی چونکە بەڕاستی زۆر غەم خۆری باوکم بو زۆریش یەکیان خۆش دەویست ، لە کۆتایدا ئەگەر هەرکەسێکم لە یاد چوە لەم ووتە کورتەدا باسی بکەم داوای گەردن ئازادی دەکەم (سبحان ربك رب الغزة عما یصفون و سلام علي المرسلین و الحمد لله رب العالمین)
و السلام علیکم و رحمه الله و برکاته

ئامانج محمد ئەمین حەبیب ئەردەڵانی

٢٠٠٨/٦/٢٢

سێ شەمە

# پێشەکی

**سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای بەخشندەو میهرەبان، هەزاران درووەدو سڵاو بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری رابەرو خۆشەویستمان و، بۆ یاران و یاوەران و بۆ پەیرەوانی تا ڕۆژی دوایی.**

**کێ دەهات بەخەیاڵیدا و کێ بە بیرو هۆشی بۆنەوە دەچوو کەقەدەر دەیەوێت ئاورێکی پڕ لەسۆز لەناوچەیەك بداتەوە کە هەمیشە گیرۆدەی چنگی تیژی دڕندەی نەزانین و کۆیلەو دیلی تاریکیی شەوانی شەوگارانی نائومێدی بووە؟.**

**خودا وەختێ کەویستی بەندەیەکی خۆی بکا خۆشنوود**

**لەڕێگای دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسوود[1]**

**( یوسف جان ) ی باپیرە گەورەی پێنجەم مەولەوی لەزانای گەورەی بەناوبانگ مەلا ( ابوبکر ) ی ( مصنف ) ە[2] لەبەر هەرهۆیەك بووبێ ، دێی ( چۆڕ ) بە جێ دێڵێ و لەناوچەی ( تاوەگۆز ) دەگیرسێتەوە بۆ ئەوەی مەولەوی تیایدا لە دایك ببێت و بیکا بەمەڵبەندو نشینگەی هەمیشەیی خۆی و تیایدا بحەسێتەوە.**

**( واللە یعلم حیث یجعل رسالتە ) (( صدق اللە العظیم )).**

---

(1) شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، خوا لێی خۆشبێ .

(2) لەدێی ( چۆڕ ) ی (( مەریوان ) ) لەکوردستانی ئەردەڵان دانیشتووە، لەبەر ئەوە کتێبی دانراوی زۆرە بە( مصنف ) ناوبانگی دەرکردووە، گرنگترین دانراوەکانی( وضوح ) ە لەفیقهی شافیعیداو، لەچوار بەرگی قەبەدا، مامۆستا سەیید( عارف ) ی ( تەپەکەل ) ی( ١٩١٠-١٩٧٥ )، خوا لێی خۆشبێ پەراوێزێکی فراوانی بەنرخی لەسەر کتێبی ناوبراو نووسیوە، ئاخ بۆ موسڵمانێکی ساماندار بە چاپی بگەیاندایە ئەم زاتە بەچەند ڕۆژێ پێش مردنی – وەکو (( مەردۆخ )) لە کتێبی( کوردو کوردستان ) ە کەیدا باسی دەکات بە زمانی فریشتەوە لە تونی دوو بەیتی فارسیدا مێژووی ساڵی مردن خۆی بە وشەی( خیر مقدم ) کە بە پیتی ئەبجەدی دەکاتە ( ٩٩٤ ) ی کۆچی دیاری دەکا.
ئەوەو ئەوەزاکانی ناو بەناو دێی چۆڕیان بەجێ هێشتووەو لە ناوچەکانی کەی کوردستاندا نیشتەجێ بون لەوانە ؛ شێخانی( بێلەنگە ) و( تەپەکەل ) لەنزیکی هەڵەبجەو، شێخانی زەنبیل لەناوچەی مەهاباد لەکوردستانی ئێران و، بنەماڵەی شێخ ئەمینی خاڵ لەسلێمانی، وەبەرەی مەلا و مەولەوی لەناوچەی تاوەگۆز، وەساداتی دێی( باخچە ) لەبناری شارەزوور کەمامۆستایان عومەرو عوسمان و کاك عادیل و چەند برایەکی تریان ، کوڕانی حاجی سەیید قادری باخچەیین و لەم ئەژادو ڕەسەنە پاکەن.

ئاوەر پڕ سۆزو میهرەبانی یەکەی قەدەر هاتە دی: لە بیستەکانی سەدەی سیازدەهەمی کۆچیدا لەم بنەماڵە بەرزو ڕەسەنە مەولەوی لەو( تاوەگۆزە )[٣] هاتە دنیای کوردستانەوە، هاتنەکەی بوو بە گزنگی خۆر نەك هەر بۆ ئەو ناوچەیەی دەورو بەری بەتەنیا، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان و بۆهەموو جیهانی ئەدەبی کوردەواری.

بەختەوەری شادمانی بۆ یەکەمین جار بە پێکەنینەوە ڕۆژباشیان کرد لە دەماخی بەرزی (تاوەگۆز) و لە لوتکەی چیا سەرکەشەکانی جیهانی کوردستان و ئەدەب،

واتە مەولەویی داهێنەرو هونەرمەند و بلیمەت تیایدا هاتە دنیاوە.

پیرە مێرد( ١٨٦٧-١٩٥٠-ز) کەتەمەنی لەدەورو بەری (١٥) ساڵیدا بووە مەولەوی دیوە، دەڵێ: (من خۆم دیومە، زاتێکی میانەباڵاو ڕیشێکی تەنك، دوو چاوی بە ڕەونەق و پڕجلیوە... گفتوگۆ لەسەرخۆ ، هەروەك شێخی( ضیاء الدین ) دانە دانەو بە نوکتەو نیم خەندەیەکی بەمەعنا کەئیمای دڵپاکی و ڕووناکی بکا.

جار جار ئاهێکی بە سۆز کەلە کوورەی دەرونێکی پڕ عیشقی مەعنەوی دەهاتە دەرێ، وەك (توجهی ) شێخێکی نەقشی( تأیید ) ی (رابطە ) ی کردو بەو عیشقەوە بە جۆش . ئەمە مەولەوی خۆی، ئەمیشە شیعرەکانی وەك ئاوی حەیات لە توێی میدادا). پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لای باوکی بەڕێزی، -بە پێی یاسای ئەو سەردەمە- بەناوی فەقێتی یەوە دەچێ بۆ زانستگاکانی کوردستان و ڕێگای زانست و زانین دەگرێتە بەرو دەڕوا.

---

[٣] مامۆستا (علاء الدین ) ی سەجادی ، دەربارەی وشەی ( تاوەگۆز) دەفەرموێ:

ئەو شوێنە کە (یوسف جان ) ی ناوبراو( باپیرە گەورەی پێنجەمی مەولەوی- وەرگێڕ ) ئاوەدانی کردۆتەوە: کانی و سەرئاوێك بووە، بێ ئاوەدانی، داری( تاوگ ) و (گوێز ) ی لێ بووە ، لە پاشا ئەو دێ یە هەر بەو ناوەوە ناوبانگ دەستێنێ ، جا بۆ سووکیی لەسەر زبان ئەبێ بە تاوەگۆز)

زنجیرە مێژووی ژیانی خاوێنی مەولەوی – وەك وترا- لە زۆربەی ڕووەکانیەوە ئاشکرا نییە: کەی لە دایك بووەو، کەی و لای کێ ئیجازەی وەرگرتووەو، کەی کەوتۆتە سەر ڕێگای (تصوف )و، کەی ژنی هێناوەو، چەند منداڵی بووە...، سەجادی دەڵێ : لەشاری (سنە ) و لە مزگەوتی ( دار الاحسان ) لای حاجی مەلا ئەحمەدی نودشەیی و ، عبدالکریمی مدرس: لە سلێمانی و لەمزگەوتی (مەلکەندی ) و، لەسەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا لای مەلا( عبدالرحمان ) ی باوکی ناوبراو ئیجازەی وەرگرتووە. ئەم دوو ڕایەش هەر یەکەیان لە ڕوویەکەوە ڕەخنەیان دێتە سەرو ، تەواو و ڕەسا نین.

لەماوەی گەشتەکەیدا بەچاوی خۆی دەیان کۆڕی زانست و زانیاری دی، وەلەناخیەوە لەشێوەو شێوازی ژیان وچۆنیەتی ڕێبازی بیرو هۆشیان گەیشت و لەهەموو ڕووەیەکەوەشودی لێ وەرگرتن و هەڵیسەنگاندن و، کردنی بەبناخەوبنچینەو ئیلهامی شیعرو ئەدەب و خەیاڵ، تا لە پاشە ڕۆژدا ئەدەبەکەی کرچ و کاڵ و لەڕو لاواز نەبێ.

بەڵێ ئەم بلیمەتە سەودای خوێندن و شەیدای جوانی و کەڵکەڵەی نیگاری پڕ ئەفسوونی سروشتی پەنجەی تەوانای کردگارکەوتە سەری، بەچاوی خۆی دیمەنە قەشەنگە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی دی، چاوی بەگەرمیان و کوێستان و چیاو چیمەن و، چەم و سەوزەو شەتاو و، تاڤگەو بەفرو بەفراوان و...نزارو قەدپاڵ و شیوو دۆڵدا گێڕا.

ئەمانە هەموویان کاریان تێ کردو بۆی بوون بە پاڵپێوەنەرێکی خۆیی و لە بارێکەوە ژیانی گۆڕا بۆ بارێکی تر، بۆیە –وەك دیینی-هەڵبەستەکانی و ناسکئارایی یەکانی لەگەڵ جوانی و شەنگی و شنەو شنۆی سروەی سروشتدا وەك ئاشقەو ماشقە ئالاون بەیەکداو، ئاشنای ڕەگ و ڕیشەی گیانی یەکترین.

لەم گەشتەیدا زۆر دێهات و شاران گەڕاو، زۆر مەڵبەندی زانست و وێژەو ئەدەبی دی، لەوانە: سنە، مەهاباد، بانە، جوانڕۆ، پاوە،زەهاو، سلێمانی و، هەورامان و زۆر شوێنانی تر.

لەکۆتایی گەشتەکەیدا لە پایتەختەکەی بابان و شارە خنجیلانەکەی شاری سلێمانی، لای عەللامەی بەناوبانگ مەلا (عەبدالرحمان) نۆدشەیی لەمزگەوتی (مەڵکەندی) ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت، ئینجا لەدێی (چڕوستانە)ی (ئەوروڵی) لەڕۆژئاوای (هەڵەبجە) نیشتەجێ دەبێ، بۆماوەیەك لەوێدا بەوانە وتنەوەوە خەریك دەبێت، لەم گوندەدا (عەنبەر خاتون) دەبێ بەخێزانی، باخێکی گەورە ئەنێژێت-ئێستاش باخەکە ماوە- هەندێ مەڕو ماڵات پێکەوە دەنێ، شێخ محەممەدی کوڕی کە تازە پێ دەگا کوڕێکی ئازاو هەڵکەوتوو دەبێ مەولەوی لە پەنایدا دەحەسێتەوەو، بەکامەرانی ژیان دەباتە سەرو وانەی خۆی ئەڵێتەوە.

پاشان ناکۆکی لەنێوان جافەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوودەدا، ئینجا بۆ سەرکەوتی جافەکان بەڕابەرێتیی حەمە پاشا، هێزێکی چەکدار بەفەرماندەی (عومەر پاشای سەردار) پەلاماری هەڵەبجەو دەوروبەری دەداو جافەکان دەشکێن و لەناوچەی (شەمێران) و کەژی (زمناکۆ) خۆیان دەگرنەوە، لەئەنجامدا گوندی (چڕوستانە) و چەند گوندێکی تر دەسووتێ، مەولەویش ناچار دەبێ چڕوستانە بەجێ دێڵێ و لەدێی(ولۆمر) لەشەمێران

نیشتەجێ دەبێ، وەك لەهەندێ پیاوانی تەمەن درێژ وەرگیراوە ژیانی بەرەو باشی دەڕوات و خەمی نامێنێ و خۆی و کەسەکانی بەجوانی دەژین و دەحەسێنەوە، چونکە شێخ عەلی عەبابەیلێیی کەلەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرکاری شەمێران دەبێ، بەشێوەیەکی دڵسۆزانە زۆر خزمەتی مەولەوی و کەسوکارەکەی دەکات و ڕێزیان دەگرێت، بەم بۆنەیەوە بەباشی دەژین و دەحەسێنەوە، ماڵ سووتاوی دەربەدەرییان لەبیر ئەچێتەوەو هەست بەکەم و کوڕیی ژیان ناکەن، بەکشت و کاڵ و چاندنەوە خۆیان خەریك ئەکەن.

پاشان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە شەمێران دەدرێ بە( حەمە پاشا ) ی جاف و شێخ عەلی ناوبراو دەردەکاو ( عوسمانی خاڵە ) ئەخاتە شوێنەکەی، بەم کارە مەولەوی ژیانی ئاڵۆزو شپرزەو تاریك دەبێ، زەوی زارو کێڵگەو بەراوەکان لەمەولەوی و کەس وکارەکەی دەسێننەوەو ئازاریان دەدەن.

هۆی دانانی عوسمانی خاڵەو لابردنی شێخ عەلی، وەك لەجەنابی حەمە سەعیدی شەمێرانی و چەند کەسانی ترم بیستووە- ئەمەیە: عەشیرەتی گەڵباخی و مەریوانی لەپەنای دوژمنایەتیدا لەسەر شیوی مەریوان پەلاماری جافەکان دەدەن ، قەڵای ( خاومیراوا ) یان لێ دەسێننەوەو داگیری دەکەن، جافەکانیش بەمە زۆر دڵگیر دەبن و دەکەونە مەترسییەوە، پاشان ( حەمە پاشا ) دەڵێ: ( هەکەس دوژمن لەو قەڵایە دەرکا چی داوا بکا من خاوەنی نیم و هەتا هەتایە ڕێزی لەسەرسەرم، عوسمانی خاڵە گورج بەم کارە هەڵدەسێ، خۆی و شەمێرانییەکان بەمەردانە پەلاماری دوژمن دەدەن و قەڵاکە دەگێڕنەوە بۆ جافەکان، لەئەنجامی ئەم کارەدا حەمە پاشا شەمێران دەدا بە عوسمانی خاڵە و شێخ عەلی دەردەکا.

دوای ئەم ئاڵوگۆڕە شەمێرانییەکان جێ بەمەولەوی و خزمەکانی لێژ ئەکەن و لەتەکیاندا ناگونجێن، وا دەردەکەوێ بەهاندانی حەمەپاشا عوسمانی خاڵە زەمینە خۆش دەکا بۆ ئەوەی شەمێرانییەکان بەرامبەر بەمەولەوی و کۆمەڵەکەی باش نەبن و لە ئازاردانیان نەوستن، ئەمانیش ناچار دەبن دەڕۆن بۆ تاوەگۆزو لەدێی( سەرشاتە ) جێگیر دەبن.

ئەم ناکۆکییە بە ئاشکراو بەزەقی لەقەصیدەی فارسی یەکەی خودی مەولەویدا دەردەکەوێ.

مەولەوی لەدواساڵەکانی ژیانیدا تووشی چەند گیروگرفتێکی لەشی و دەروونی دەبێ، تەوانایی وهێزی نامێنێ و لەگۆ ئەکەوێ، لەسەرووی هەموویانەوە مردنی( عەنبەر خاتوون )

ی خێزانی، بەمردنی ئەم ژنە هەڵکەوتووەی سەوزەی ژیانی دەژاکێ و نائومێدی و نەهاتی رووی تێ دەکا. لەلایەکی دیکەوە چاوە گەشەکانی نابینا دەبن و سۆمایی یان نامێنێ . وەك بەچەند ساڵێ پێش مردنی پشتی دەشکێ و بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ نازی ( عەنبەر خاتوون ) ی لەسەر جێی کەساسی بەئازارو هەناسە ساردی یەوە ئەتلێتەوە. وەك دەبینین بەم بەیتەی پەنجە بۆ ئەم کەساسییەی رادەکێشێ:

پیری و فەقیری و کەسیفی هەرسێ
ئەبۆ وە هیجران بار هیچ کەسێ

ئەم کۆسپە دەروون تاریکانە بەکاری قەدەرو کردەی ناپەسەندی کۆمەڵ دەرگایان پێ گرت و جل و بەرگی کامەرانی یان لەبەر دڕانی و، سوێ یان دایە و ئازاریان لە دڵە ناسکەکەیدا چاندو ڕۆژی ڕووناکیان لێ کرد بەشەوی تاریك تار،
دیسان بەکاری قەدەرو بەکاری کۆمەڵی ئەزان و ئاست نزم لەبەختی سیای مەولەوی و لەبەختی ڕەشی ئاڵۆزی گەلی کورد، کتێبخانەکەی لەئەنجامی جەنگی خێلایەتیدا سووتاو پەڕەی کاغەزی بۆدەرنەچوو، ئیتر مەولەوی هەق و مافی خۆیەتی بڵێ:

دەمەی هەناسەی گەرمی نارەکەم
ئەکوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم
ئایر دان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کتاو مەجمووعەی فەردم

تاڵە ساڵی ( ١٣٠٠-ك ) دا ماڵئاوایی لە ژیان و کۆمەڵ و ئەدەب و زانین کردو بەرەو چۆڵگەی عەدەم بنەو بارەگای پێچایەوە، لەڕۆژهەڵاتی گوندی ( سەرشاتە ) بۆ ئەبەد بوو بە میوانی گۆڕو دڵەکەی لە جووڵە وەستا، بەدیمەن لە ئێمە ئاوا بوو، بەڵام هەرگیز بە گیان لە ئێمە ئاوا نابێ و، لەدڵماندایە و لە بیر ناچێتەوە. هەزاران درووود لە گیانی خاوێنی بە ڕوو

سووری ژیاو بەسەربەستی و سەربەرزی ڕۆژگاری پێچایەوە، ( سلام علیه یوم ولد ویوم یموت و یوم یبعث حیا ).

جگە لە( عەنبەر خاتوون ) ژنی تری نەهێناوە، لەم ژنە چەند کوڕی بووە، ئەوانەیان کەدیارن ئەمانەن: شێخ محەممەد، سەیید محەممەد ، سەیید ( عەبدوڵلا )، سەیید هیدایەت، ئەمەی دوایی یان بە منداڵی مردووە و نەوەی نییە، جگەلەمانە مەولەوی کوڕو کچی تری بووە، بەڵام بەمنداڵی مردوون و ساڵ و ڕۆژ و شوێنی مردنیان و شێوەی ژیانیان لە ئێمە گومن و نایانزانین.

نەوەکانی مەولەوی هیچیان مووچەخۆرو کاربەدەست نین وبە ڕەنجەشانی خۆیان ئەژین، لەناوکۆمەڵدا زۆر بەنرخن وجێگەی باوڕی هەموو کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆیانن، هەروەك باپیرە گەورەیان (مەولەوی) خاوەنی سامان ودارایی وکۆشك و تەلارنین و خاوەنی قەناعەتێکی بێ تەماع وسەرەڕۆنین، دژی هەڵپەی ناڕەوان و خۆیان لە حەرام بپارێزن و نزیکی ناکەون.

ئێستا لەم سەردەمەدا بە شێوەو نەریتیی خێڵایەتی جەنابی سەیید ( عبدالرحمان ) ی سەیید عەلیی شێخ محەممەدی کوڕی مەولەوی بە گەورەو سەرۆکی هۆزی مەولەوی ناسراوە، پیاوێکی چاوکراوەو ژیرو وردو قسە زانە.

لەبەرگی دووەمی ئەم دیوانەدا بە یارمەتی خوای گەورە بەدرێژی لەنەوەی مەولەوی ئەکۆڵمەوە.

ئێستا نەوەکانی لە کۆمەڵگەی ی ( زەڕایەن ) لەناوچەی شارەزوور دادەنیشن.

# هێزو بڕشتی شیعری مەولەوی و خەیاڵی ناسکی

جێی گومان و دوو دڵی نییە. مەولەوی خاوەنی خەیاڵێکی بەر بڵاو و بەدەرەتان و ئاسۆیەکی نێجگار فراوانی هەیە. ناسکی و نەزاکەتی هەڵبەستی لەهەر لایەنێکەوە بیگری لەوپەڕی جوانکاری و بێ گەردیدایە. پیرەمێرد واتەنی (وەك ئاوی حەیات لە توێی میدادا) یە..

ئەگەر خانای قوبادی و بێسارانی.. لە ڕووی گەشەو پەرەپێدانی ناوەرۆکەوە.. تا ڕادەیەك تاکەرەوەی شیعری هەورامانین، ئەوە بێ گومان مەولەوی توانیویتی بە وەستایانە شیعری گۆرانی گەشەدارتر بکاو، بی گویزێتەوە بۆ گوڵشەنێکی تازەی تەڕوبڕترو، بۆهەوارگەیەکی دڵگیرتر، توانی بەسە ڕکەوتوانە چێژ و کێش وپێزێکی ئەوتۆی بداتێ نەك بەتەنیا لەتەك ڕێبازی ڕۆژگارانی مەولەویدا بگونجێ، بەڵکو بە کارامەیی لەگەڵ تەوژمی تازەو تازەترداو لەهەموو بوارەکانی بەگشتی بساچێ وتەفاعول بکا، بەمەرجێ هەمان جیلوەو بێ گەردی و بڕشتی.. بمێنێ.

ڕێبازی شیعری مەولەوی هەرچەند لەسەدا سەد وەرگێڕانێکی جۆری و (نەوعی) نەبوو، بەڵام وەك ئاشگرایە وجێی دوو دڵی نییە توانی بەوەستایانە شیعری هەورامی لە (خەت و خەڵ و زوڵفی لوول و قژی کاڵ و زەرد..ڕزگار بکات، وەبەشێوەیەکی نوێ توانی جیلوەو جوانی و نیگاری سیحراویی سروشت بکا بە ئارایش و زینەت و زێیای شیعرو هۆنراوە. بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕازاندنیەوە سەرنج و نیگای هەموو هەستێکی ناسك ڕابکێشێ و بیخاتە سەر بەزمی ئاهەنگی جۆش و خرۆش یەکەم شاعیر بووە توانبێتی بە قووڵی و وردی (تصوف) و مەی ونەی ودەف بکا بەهەوین و خەمرەی موفرەداتی هەڵبەست و پێکیانەوە بشێلێت و تەفاعولیان پێ بکات و نیگارە دڵڕفێنەکانی سروشت بەیەخەو بەرۆکیاندا هەڵواسێ.

شاعیرێتیی مەولەوی ئەتوانم بڵێم گەیشتۆتە سنووری ئیعجازو ئیبداع : کێ توانیویتی شیعری فێرکردن (الشعر التعلیمی) بەشێوەیەکی کاریگەری دارێژێت و کار بکاتە سەر هەست و دڵ و دەروون ؟ . چاوێك بگێڕە بە (باوەڕ نامە) کەیدا کە بە زاراوەی جافی جوانرۆیی دای ڕشتووەولە (زانستیی کەلام) ئەدوێت. ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کەچۆن ئەو بابەتە وشکە تەعلیمی یەی هۆنیوەتەوە و هەست دەبزوێنێ و دڵی مرۆ پاراو ئەکا. ئەمەش جگە لە شێوەی داڕشتنی دیباچەکەی کەبەوێنەو دیمەنێکی کەس نەدیوەوە خستوویەتیە ناو چوارچێوەیەکی داهێنانەوە.

لەو باوەڕەدا مەبە لەکۆن تا تازە هیچ هەستیارێك تونیبێتی وەکو مەولەوی لە شوێنی خۆیدا و بە وەستایانە چووبێتە ناخی خەمریاتەوەو لەهەست و ئاواتی جۆر بە جۆری خۆیدا بەکاری هێنابێ، وەیا لە لاواندنەوەو شیندا بە شێوەی گشتی کەسێك توانبێتی پێش بڕکێ بکا لەگەڵ مەولەویدا !.

ئەوە باسی سەوەزەو نم و شەونم و شنەو شنۆی بای (سەحەر) و کەروێشکەی سەوزەی بەهاران و هاژەی چەمان و سەراوان، وەیا پرچی درێژی چنوورو پەلکی بەرەزاو ، بڵاوبوونەوەیان بەسە ر تاشە بەردەکاندا، وەیا لەلایەکی کەوە فرمێسك و ئاخ و ئۆف و ساردیی هەناسان.. هەر مەکەو لەسەری مەڕۆ، بەکار هێنانی ئەم بابەتانەو بابەتەکانی تری سروشت لە توێی هەڵبەستەکانیدا، هەریەکەیان لەلا پەڕەی ڕۆژگاراندا تابلۆیەکی زیندوون و نەبێزراون، وێنەیان یا نییە وەیا زۆر کەمە.

شاعیرمان لەهەڵبەستەکانیدا پەنای نەبردۆتەوە بەر وشەی بێگانەو قورس و نالەبار هەموو بابەتەکانی زانستیی (ڕەوان بێژی) و جوانکاری و(معان) ی وەك جیناس و تەورییە و بابەتە زانستی یەکانی (بەیان) و (مەعان) و (بەدیع) و جوان ئارایی بەکار هێناوە.

مەولەوی بە شێوەی سروشتی ئاراو نیازو هەستی خۆی دەردەبڕێ و ئایەوێ زنجیرەی ئەفکاری بپچڕێت، یەکگرتنی بابەت و ناوەڕۆك لای مەولەوی مەرجەو کەمتر لێی لا ئەدا، بابەتەکانی سروشتیی بە شێوەیەك دەیان هۆنێتەوە و لەدڵاندا بەوپەڕی وەستایی و کاریگەری یەوە دەیان چەسپێنێ خوێنەر هۆگرو عاشقی دیمەنە جوانەکانی کوردستان ئەکاو خۆشەویستییان لە مێشکدا دەچێنێ.

مەولەوی لەگۆشەیەکی خۆشەویستییەوە کوردستان دەرەنگێنێ ودەچێتەناخ وقووڵایی خۆشەویستی وبایەخ پێدانیەوەلەم ڕووەوەبۆم هەیە بڵێم مەولەوی شاعیرێکی نیشتمان پەروەرو شەیدای کوردستان بووە.

لەو بابەتەیدا کەتیایاندا بەملکەچی و زەبوونی و کەساسی لەخودای گەورە دەپاڕێتەوەو ڕوو دەکاتە بارەگاکەی، بەشێوەیەك دایان دەڕێژێ لەزۆربەیاندا ئیبداع و داهێانی تێدایەو، بەوپەڕی کاریگەرییەو کار دەکەنە سەر خوێنەری دڵگەرم و باوەڕ بتەو، شا قەصیدەکانی کەبە پاڵنەری دەروونییەوە وتوونی بەشێوەی سیحراوی دڵان دەکرن و دەستەمۆیان دەکەن، وەیا ئەو چەمانەی کەلەکەشەکان و وەرزەکانی ساڵ ئەدوێ و لەبوارە جۆربەجۆرەکانی تردا ووتونی ، دەبینی لەچوار چێوەی داهێناندا دەیانرەنگێنێ؟.. شایان ئەوەن بەدەرگای (کەعبە) و سنگی گەردووندا هەڵواسرێن.

زۆربەی هەڵبەستەکانی وەڵامن بۆ دۆستان و یارانی، بۆیە بە پێی بەرزی نزمی وبە پێی پلەی ئاست و ئاسۆی تێگەیشتنی ئەوان وەڵام ئەداتەوە. بۆیە ئەو شیعرانەی لە ڕووی بەرزی و نزمیی ناوەڕۆکیانەوە هەندێکیان لەهەندێ تریان جیاوازن، و بەرزی و نزمیی مانایان پێوە دیارە.
چامە دەروونییەکانی – ئەوانەی کەبە هەستی دەروونیەوە وتوونی- هەموویان ئیبداع و لەو پەڕی جوانکاریدان و زادەی مێشکێکی تر نین.
خاسییەتی چامەکانی مەولەوی و ڕواڵەتەکانی :
مەولەوی- بەهۆی بێ فیزیەوە –بە بەرزی و جوانکاری وداهێنانی هۆنراوە شارەکانیەوە خۆی هەڵنەکێشاوە، لەناستی دۆستان و هاوەڵان و مامۆستایانیدا بەو پەڕی نزمی و بچوکییەوە خۆی پیشان داوە ، هەربۆیە وشەی ( مەعدووم ) )ی کردووە بە نازناوی خۆی گوایە شایستەی ئەوەی نی یە لەبووندا هەڵقەیەك بێ لەنەژادی مرۆی بەسوود .
یەکەم: چەند بەیتێك دەکا بە کلیل و دەرگای باسەکەی پێ دەکاتەوە ، لەناخی باسەکەدا گیرو گرفتەکە (ا یجاباً و سلباً )شەن و کەو ئەکا ، لەدوایدا بەجۆرێك قەصیدەکە دادەخاکە بوارو گوزەری قسە نەمێنێ.
دووەم: هەموو تاکتاکی بەیتەکانی –تاك و تەرایان نەبێ-خاوەنی یەك وەزن و یەك کێش ویەك قافییە نیگارەکانتان و، بەئەندازەی ژمارەی پەنجوی دەستن، پەیڕەو ( .غەسلی ) ) بێگانەی نەکردووە .
سێیەم: وەکو شاعیرەکانی تر وشەی (مەعدوم ) ی لەدوا بەیتی هەموو چامەکانیدا نەنووسیوە. جاری وا هەیە ئەم نازناوە لەسەرەتاوە، وەیا لەیەکێك لەبەیتە میانەیی یەکاندا بەکاری دێنێ.
چوارەم: مەولەوی لە هەجوو واتە( داشۆرین ) خۆی پەناداوەو بەدەگمەن نەبێ ئەی کردووە بەبەرنامەو تیایدا سەرو دڵی کەسان بگرێ. لەیەکێ لەقەصیدە فارسی یەکانیدا لەم بەیتەدا جۆرە ئاوازو مۆسیقایەکی زبری لێ ئەوەشێتەوە کەدەربارەی هەندێ کەسانی هۆزی "ئیزان بەخشی" واتە"شەمێرانییەکان" ئەفەرموێ:

هەرکەسێ پرسی ئەو کوڵتە چی یە؟
وەبێ شك ئەوە ( ئیزان بەخش ) ی یە
بەگ چە دندانش بیاید سەگ شود
سەگ چە دندانش بیفتد بەگ شود

ئەمانە لای مەولەوی نموونەیان کەمەو زۆر بەدەگمەن دەکەوێتە بە ڕچاو.

پێنجەم: خەم خواردن و هەناسە ساردی و دوودڵی دەردان و تەم ومژی نائومێدی... بە ئاسمانی شیعرەکانیەوە دیارە، لەزۆربەی نووسنەکانیدا بەم جۆرەی خوارەوە دەکەوێتە بەرچاو و ئەڵێ:
بەجلو بەرگێکی تان و پۆ ماتەمینی و خەماوییەوە، بەچاوێکی پڕ لە فرمێسك و ئەسرینی دووریی یارانیەوە، لەنەشکەوتێکی دیمەن تاریکی بەخەم سواخ دراو بەربەرەڵاداو، بەسەر لوتکەی چیایەکی گەردن کەشی بەتەم دا پۆشراوەوەدانیشتووە و پەیتا پەیتا بەچاوی خەیاڵی نائومێدی یەوە خەم و حەسرەت چاو بەم جیهانەدا دەگێڕێ و خۆی دەنوێنێ.
شیعری مەولەوی تا بڵێی پاراو تەڕو پڕن و جوانکاریی یان بەڕەنگ و ڕوخساریانەوە بەدی دەکرێ و ئاشکرا یە.
عەلادین سەجادی- خوا لێی خۆشبێ – دەڵێ: (بەبێ شك مەولەوی بەرزترین شاعیری سەردەمی نۆزدەهەمی کوردە، تا ئەم تاریخەو بگرە پێشتریش، ئەوەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەگەر بەراووردی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکان نۆزدەهەمی غەیری کورددا بکرێ، هەموو زمان و قەڵەمێك دان بەوەدا دەنێ کەفیکری بەرزی مەولەوی لەسەرووی هەموویانەوەیە، ئاسکیی خەیاڵ، تیژی بیرو وردیی مەعنا و جوانیی وشەو ڕاکێشانی دڵ بە عیباراتی ڕەنگین و، بزواندنی تەلی عاتیفە مەگەر هەر لەدەست مەولەوی هاتبێ).
دیلانی شاعیری ئاسك خەیاڵمان دەڵێ: هەر بەیتێکی مەولەوی بگری، تابلۆیەکی بێ وێنەیە...، دیلان، بەلایەوە کوفرە بەشیعری مەولەوی بوترێ کلاسیکی..
پیرەمێرد: ( شیعرەکانی مەولەوی وەك ئاوی حەیات لە توێی میدادا..)
وەدەڵێ: ( ..بەووتەی خۆم نەبێ ئەدیبیاتی زۆر قەوم و ئاودارانی زۆر میللەتم دیوە هیچیان ئەوندەی ڕۆحی مەولەوی پڕ جۆش و خرۆش نی یە..) هەروەها دەڵێ : (گۆرانی شاعیرمان ویستی قەصیدەیەکی مەولەوی وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام کە سەیری کرد هەمووی هەڵبژاردەیە). سەیری دیوانی (ئەصل وڕۆح) بکە.
گۆرانی شاعیر دەڵێ: (من لە شیعردا ئیلهامم لەمەولەوی وەرگرتووە).
شێخ محەممەدی خاڵ: (مەولەوی جێی سەرسوڕمانە کە شیعری زۆری هەیە و زادەی بیری خۆیەتی و بەبیری کەسی تردا نەهاتووە، ئەم حەوت بەیتەی خوارەوە بەلای (خاڵ) ەوە هەندێکن لە ئیبداع و جوانکاریی یەکانی مەولەوی:

ڕوخسارش، فەصڵێ مەسقەڵ مدۆ لێش
وەشنۆی پارێز خەیاڵ مبۆ ڕێش *

***

باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆن
بانە تاو وەك خاك ئاسانەکەی تۆن
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا
ئازیز! بۆ جارێ پابنیە پێشدا

***

خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر
جەدەرگای هەستی تەشریف بەر ئەودەر
پۆس تە پڵ گۆش نم کێشان کەم کەم
ئەی سەروسەرەن دووربینەکەی چەم
پێشانی مەیلش بەزانوو بەردەن
تەعظیم جەناب پیریمش کەردەن
پیری خەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن
پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن

***

(خاڵ) دوای ڕوونکردنەوەی مانای بەیتەکان و شێوەی ئیبداعیان دەفەرموێ: (یەکێك ئەگەر بەووردی دیوانی مەولەوی بخوێنێتەوە، وەتۆزێ شارەزا بێ، ئەزانێ کەمەولەوی شیعری وای زۆرە..). سەیری کتێبی (ناڵەی دەروون) بکە لە نووسینی خاڵ. [٤]

عبدالکریم مدرس دەڵێ: (ئاخ مەولەوی! خۆزگە بەو سۆزو عەشق و تێکۆشینەوە لە وڵاتێکدا ئەبووی هەرچیت ئەنووسی وەرئەگێڕاو لە چاپ ئەدرا، تا جیهانی کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی موسڵمانان بە تەئلیفات و ئاسارو ئەشعارت ڕووناك ببوایەتەوە، تا هەموو دنیا بیزانیایە بێشەی کوردستان چ جۆرە شێرێکی تێدا بووە..). سەیری یادی مەردان ل: ٣٦٩ بکە.

---

* ئەم شیعرانە لەچەند قەصیدەیەکدان و، لەیەك قەصیدەدا نین.

[٤] شێخ محەممەدی خاڵ کوڕەزای شێخ ئەمینی (خاڵ)ە لەسەرەتای دروست بوونی سلێمانی یەوە نیشتەجێی ئەم شارەن، وەکو لە پێشەوە باس کرا لەنەوەی مەلا (ابوبکر) ی (مصنف) ەو لەگەڵ ئەژادی مەولەویدا لەم زاتە دا یەك دەگرنەوە.

منیش ئەڵێم: خۆزگە توانایماڵیم ببوایە و بمتوانیبایە هەموو کتێبخانەکانی کوردستانم بدیایە و دوای دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی قەڵەمی مەولەوی بەو شێوەیەی دڵ و دەروون پێی خۆشە نووسینەکانی ئەو هەڵکەوتووەم بە چاپ بگەیاندایە. بەڵام فارس واتەنی: (دەست ما کوتاه خرما بر نخیل).

# مەولەویی زاناو پایەی بەرزی

مەولەوی وەك لە نووسراوەكانی و لەدەم و زبانی زانا دێرینەكانەوە دەردەكەوی یەكەم سەرهەڵقەی زنجیرەی عیلم و زانین بووە، یەكێك بووە، لەكەڵەزاناكانی ڕۆژگارانی سەردەمی خۆی، وەكو تاكەیەكێكی هەڵكەوتوو پە نجەی بۆ درێژكراوە، ئاڵایەك بووە لەئاڵا سەركەشەكانی كوردستان، لەهەموو گیروگرفتێكی زانستی ومەزهەبی و(فقهی) وكۆمەڵایەتی دا.. باوەڕپێكراو و جێی متمانەبووە، فتواكانی- بێگومان- ( فصل ا لخاتام ) و كۆتایی كا رووبەڵگەی كپ كردن و دە لیلی كوژاندنەوەی هەموو ناكۆكی یەكی هەموو كۆڕێ بوون، لە هەموو زانستەكانی عەقلی ونەقلی وفەلسەفەو مەنطیق و بەیان وتەفسیرو ئوصول و فروعدا خاوەن پلەوپایەی بەرزو بڵند بووە، لە (ا صول الفقه ) و ( كەلام ) دا -وەك ئاشكرایە- مامۆستای مامۆستایان بووە.

دانراوەكانی بەعەرەبی و كوردی و فارسی لە پانتایی كوردستاندا لەبەر بەرزی یان پە نجەیان بۆ ڕاكێشكراوە، بەدەیان و بەڵكو بە سەدان نوسخەیان لەبەر گیراوەتەوە، لە حوجرەكاندا وەكو بەرنامەی هەمیشەیی بەدەرس خوێند راون.

زانستی (كەلام) پەیوەندی بە عاقیدەو بیرو باوەڕەوە، لەبەر ئەوە ئەم زانستە زۆر قوڵ و بەدەرەتانە و بەربڵاوە، زۆر بیروڕای كەچ و جیاوازو ئاژاوەی فكریی تیادا پەیدا بووە، سەری كێشاوە بۆ لادان و گومڕایی تێكدانی بیرو هۆشی باوەڕداران، ڕابەرانی ( شیعە ) و ( سوننی ) بواریان دا بێ باوەڕان سەرهەڵدەن، مەولەویش ویستوویەتی لەگۆشەی باوەڕەوە خزمەتی گەلانی كورد و عەرەب و فارس بكا و ڕا نمایی یان بكا بۆ ڕێگای ڕاست و مەبەستی دروستیان بۆ دەستنیشان بكات.

دانراوەكانی ئەمانەن :

یەكەم: ( عەقیدە مەرزییە ) كەی ، بریتی یە لە( ٢٤٤٠ ) بەیت، بەزمان كوردی جافی شارەزوور و ناوچەی تاوەگۆزیی خۆیان دایرشتووە، لە سالی ( ١٢٨٠-ك ) دەستی پێ كردووەو لە سالی( ١٢٨١-ك ) تەواوی كردووە.

دووەم ( فواتح ): بەزمانی فارسی داینـاوە، ژمارەی بەیتەکانی لەهەزار بەیت بالآترە. ئەم دوو کتێبەی سەرەوە لەلایەن ( شێخ محی الدین –صبری ) ( کانی مشکانی ) یەوە لەساڵی ( ۱۹۳۲–ز ) لە میسر- قـاهیرە- لەچاپ دراوە.[٥]

سێ یەم: ( فضیلة ) بەعەرەبی دانراوە، ژمارەی بەیتەکانی ( ۲۰۳۱ ) بەیتە، لەساڵی( ۱۲۸٥–ك ) داینـاوەو،لەساڵی ( ۱۹۷۲–ك ) لەلایەن ماموٚستا ( عبدالکریم مدرس )ەوە لە چاپ دراوە، هەر لەلایەن ( عبدالکریم مدرس ) ەوە شەرحێکی دوورو درێژی لێ کراوە.

لە ( یادی مەردان ) دا دەڵێ: مەولەوی کتێبی تری داناوە بەڵام نەماون، وەك: ( خاطرات-خـاترات ) کەلە ژیانی خودی مەولەوی ئەدوێ.

-کتێبی ( رابطە ) ئەم کتێبە لە ڕابیتەی ( تصوف ) ئەدوێ- ئەمانە هیچیان شوێنەواریان نەماوە.

مەولەوی و( تصوف )

مەولەوی دوای پێوانی ڕێگای سەختی فەقێتی، توانی بەسەرکەتوانە- پاش ماندووبوونێکی زوٚر- بابەتە زانستییە جوٚربەجوٚرەکانی ئەو سەردەمە تەواو بکاو، بە تێگەیشتن و بە قووڵی و بەووردی، پلە بە پلە وبابەت بەبابەت بەوپەڕی وریایی و کارامەیی یەوە هێنانیە کوٚتایی و گەیشتە قوٚناخی دووەم و، هەوارگەی مەلایەتی، دەورەی وەرگرتن تەواو بوو، سەرەهاتە سەر دەورەی بەخشین و بڵاوکردنەوەی عیلم و زانست و پەروەردەو ئەدەب..

بوٚ بەدی هێنانی ئەم مەبەستەی دێی( هانەسوورە ) ی کرد بە نشینگەی و، تیایدا بەگەرمی و بە دڵسوٚزی و چالاکانە ناوی خوای هێنا و زانستگەیەکی پێکەوە ناو، دەستی کرد بە( تدریس ) و وانە وتنەوەو پیاچونەوەی بابەتەکانی، لە دواییدا- لەبەرهەر هوٚیەك بووبێ – لە( هانە سوورە ) نامێنێ ودەگوێزێتەوە بوٚ گوندی ( چروستـانە ) .

لەم قوٚناخەدا وەکو پێویستێکی ژیان بەلای دنیای ژیانەوە ناوڕێکی دایەوەو، کەرەستەی ژیانی پێکەوە ناو ژنی هێنا، تاڕادەیەك لەوێدا و لەو کاتەدا توٚزێ حەسایەوە.

لێرەداو لەم قوٚناخەدا ئەندێشەیەکی دەماخ تەزین هات بە مێشکیداو هەڵوێستێکی شێوە دوو دڵی و گومانی خستە سەرچاوەی بیریەوە، دوٚش داماو سەرگەردانی بەبێ بەزیی یانە گەما ڕوٚی دڵی داو بەسەریا زاڵ بوون، پەیتا پەیتا بەبێ ڕەوینەوە زمانی دەروونی و حاڵی دەیگووت:

---

[٥] ( کانی مشکانی ) : گوندێکە کەوتوٚتە لای خوارووی شاری ( سنە ) وە، ئەم ( شێخ محی الدین )ە لەبنەماڵەی شێخانی مەردوٚخە، بەناوی فەقێتی یەوە دەچێ بوٚ وڵاتـان و لەئە نجامدا لەشاری قـاهیرە- لە ( میسر ) نیشتە جێ دەبێ، وەبەکاری چاپەمەنی یەوە خوٚی دەژێنێ ، وەلەوێش کوٚچی دوایی دەکا. ( زکریا محی الدین صبری ) کوڕی ئەوەو ئێستا لە ژیاندا یە.

ئایا ( تدریس ) بەتەنیا دەبێ بەزامنی بە خوا گەیشتن؟، ئایا بەکاری ئامۆژگاری ودەمەتەقێ کردن لەگەڵ بەگ و بۆر و پیاو چاکان و بۆخوا گونجاوان و لەڕێگای کۆمەڵایەتی و ئەدەبەوە ڕاستەوخۆ دەتوانم بگەمە پلەی تەقواو خواناسین؟،

ئایا بۆ گەیشتن بەم ئاواتە پیرۆزە دەتوانم لە ڕێگای ( تصوف ) ەوە بەدڵنیایی بیگەمێ و تیایدا بحەسێمەوە؟

ماوەیەکی زۆر بە قووڵی و بەم ئەندێشە دەروونیانەو لەگەردوونی بیرو خەیاڵیدا دەسوڕایەوە، تا لەئەنجامدا بە دڵنیایی ڕێگای ( تصوف ) ی گرتە بەر و دەستی ئاڵان بەچاکی شێخ عوسمانی تەوێڵەییداو بوو بە ڕێزە خوانی..[٦]

ئەمەش پاش تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ڕەوشت و کردارەکانی ، گومانی لێی نەبووەو بەمەردی ئەو مەیدانەی زانیووە، وەکو پێویستە دەبێ بزانین، مەولەوی پیاوێکی سادەو ساکارو ساویلکەو نەزان نەبووە، کوێرانەو بەبێ بەڵگە ئەو ڕێگا سەخت و دیشوارەی نەگرتۆتە بەر یەکێك بووە لەکەڵە زاناو وشیارە بە ئاوبانەکانی سەردەمی خۆی و خاوەنی هۆش و گۆش و مەلەوانی دەریای شەریعەت و ئایین بووە.

دەبێ ئەوەش نەخەینە پشت پەردەی لە بیر چوونەوەوە ( سراج الدین ) یش ( قدس سره )..وەك ئاشکرایە_ مەردێکی کارامەو شارەزاو هەڵکەوتوو بووە لە ڕۆژگارانی ئەو سەردەمەدا تاکە سواری مەیدانی ( تصوف ) بووە.

جێ نشینەکانی ئەوانەی کە مافی ئیرشادو ڕا نمایی یان دراوەتێ، لە زانست و ئایین پتەوی ڕەوشت و خوی بەرزیاندا ، لە ( وەرع ) و ( تەقواو ) کردار بێ گەردیاندا، لە ناوچە دوورو درێژەکانی دوورو نزیکی کوردستاندا پەنجەیان بۆ درێژ کراوە، دەیان وەکو پایەبەرزی عەللامەی بەناوبانگ مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و مەلا عەلیی قزڵجەیی و مەولەوی شاعیرمان و دەیان تر...کاسەلێس و پەروانەی چرای ڕووخساری ئەو بوون.

( سراج الدین ) ( خوالێی رازی بێ ) لە ژیانیدا هیچ جۆرە سامانێکی دنیایی کۆ نەکردۆتەوە، دارایی و سامانی دنیایی بریتی بووە لە تەقواو خواپەرستی و ڕابەرێتی یەکی دوور لە تەماع، هەموو

---

[٦] شێخ عوسمانی( سراج الدین ) ( ١١٩٥-١٢٨٣-ك ) ( قدس سره ) لەساڵی( ١٢٢٨-ك ) پاش چەند ساڵێك خوێندن ئیجازەی خەلافەت لە مەولانا خالید ( قدس سره ) وەردەگرێت، ماوەیەك بەفەرمانی مەولانای ڕابەری لە سلێمانی ئەمێنێتەوە، لە دواییدا لە دێی تەوێڵەی هەورامان بە یەکجاری نیشتەجێ دەبێ و، بە ئیرشادەوە خۆی خەریك ئەکا.

سامانی ئاشکرایی و نهێنی بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی زانست و خووی بەرزو یادی کردگار و خزمەتی موسڵمانان لە ڕێگای ( تصوف ) و ئایین و ڕەویەی کۆمەڵایەتی یەوە.

بە باوەڕی مەولەوی و زانایانی ئەوسەردەم ( سراج الدین ) یەکێك بووە لەو تاکە کەسانەی کەمەولەوی خۆی لەم سێ بەیتەی دواوەدا بە شان و باهوویاندا هەڵدەداو دەڵێ:

چەن کەس هەن دەرچوو لە دەس نەفسانی
( مصفی ) لە ڕەنگ ( وصف ) ی ئینسانی
ئاروو دوور وجوود سۆزیاگ، ئەوێ
نییە لە لایان هیچ ڕۆژ و شەوێ
پێی دڵ لە زنجیر ( ماسیوا ) ( مطلق )
موشتاقی دیدار مەحبووبی بەر حەق [٧]

بەڵێ مەولەویی ڕەندو خواناس ، لە ژێر پەردەی ( تصوف ) دا بەهەستێکی پاك و بە نیازێکی بێ گەردەوە ویستی خۆی بگەیەنێ بە خواو، جیهانی ( ناسووت ) بە جێ بێڵێ و لە هەوارگەی جیهانی ( مەلەکووت ) دا نیشتەجێ و ئارام بگرێ، شەونخونی و شەوبێداریی کێشاو، لە تاریکایی شەوەزەنگ و تاریك و نوتەکداو، لەو کاتەدا کە سروەی غەیب دەیدا بە گوێیداو دەیگوت:

شەوەن ، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
عاڵەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارەن

خۆی لەکەمەن هاوێشتووەو بەچاوی ئەسریناوی وبەهەناسەی دووکەڵاوی یەوە ڕووەو بارەگای تەختی کردگار بەلارە ملی و گەردن کەچی و بە دڵ وریایی یەوە تاکو بای سەحەر داوێتی لە گۆشەی دەماخی دڵی دانیشتووەو خۆی خستۆتە ژێر چاودێری تەنیا و تاکەوە.

---

[٧] مانای ئەم سێ بەیتە : ( ئاروو، دوو: ئاگرو دوکەڵی وجوود. واتە : چەند کەس هەن لە دەسەڵاتی ئارەزوو خووی خرا پی نەفس ڕزگاریان بەووە، ڕەنگ و مۆرکی لایەنە جانەوەری یەکەی لێ بۆتەوەو جگەلە ئاگروو دوکەڵی وجودی سووتاویان شەو وڕۆژ هیچی تریان لا نی یە، پێی دڵیان لە زنجیرو کۆتی شتانی جگەلە خودا ئازادەو تەنها دڵیان بەستە هەر بە خوداوە، هەر ئارەزوو مەندی دیداری ئەون. )
هەڵبژاردەیەك لە ( عەقیدەی مەرزی یەی ) مەولەوی، دانراوی خۆشەویستم بابا عەلی شێخ عومەری قەرەداغی، چاپخانەی ئیرشاد بەغداد ، ( ١٩٨٥ ــز ).

مەولەوی -وەکو سۆفی- شەیداو عاشق بە(جەمال) و (جەلال) ەو شارەزای ڕێگای دڵداری یە، بە خۆدەرخستنی و بەخۆشاردنەوەی کۆڵ ناداو لە هەموو خاڵێکدا دڵەکەی نیشانەیە بۆ تیری پەڕداری بە نازیا بە عیتاب.

مەولەوی وەکو زانایەکی دڵ ئاودان، وەك، سۆفی یەکی ڕاست ڕەوی خواناس لای وایە دنیاو ژیان (هۆیە) و (ئەنجام) نییە، بەختەوەری و کامەرانی زادەی ژیانێکی ترەو هێشتا لە دایك نەبووە، لەم ژیانەدا ڕەنج کێشان و هەوڵدان و ئازارچێشتن، لەوی تریاندا حەسانەوەو ئارامی و بەرامبەر بە یار دانیشتن (والی ربها نا ظره) صدق الله العظیم. وەکو سەرچاوەی (نبوة) دەفەرموێ: (الدنيا مزرعه العقبى) ، واتە ئەم دنیا کێڵگەی چاندن و کشتکاری و درەو ودەسکەنە...و خۆ ماندوو کردنە، ئەو دنیاش حەسانەوەو خەرمان هەڵگرتن.

بەڵێ بەم شێوەیە مەولەوی زاناو بلیمەت، مەولەویی شاعیرو ئەهەنگی دەریای ئەدەب، مەولەویی سەرچاوەی (حیکمەت) و(فەلسەفە)و (کەلام) ... لەبەردەمی شێخ عوسماندا چۆکی داداو بوو بە شاگردی.

# پلەو پایەی ( تصوف ) ی مەولەوی

( تصوف ) جیهانێکی ئاسۆ فراوان و نهێنی یە، تیژیی بیرو ژیرییە تیشکی بینایی نایگاتێ و دوورە لەئیدراکەوە، لە توانای کەسدا نی یە لە ڕێگای ئەزموون و ( حەواسە ) وە پلەو پایەی دانیشتوانی ئەو جیهانە نادیارە دیاری بکا و بی پێوێ، لە بەر ئەوە بۆمان نییە پلەو پایەی ( تصوف ) ی مەولەوی و ڕوتبەی ڕابەرەکەی-لە ڕووی بەرزی و نزمی و تاریکی و ڕوونییەوە- دیاری بکەین، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین:

ئایا مورید دەتوانێ لە ئەنجامی تێکۆشان وخۆ بەخکردندا ڕابەرەکەی بەحێ بهێڵێ و پلەو پایەی لە شێخەکەی بالاتر بێ؟ . بە بۆچونی من ئەم بەجێ هێشتنە ( شرعا و عقلا و عرفا.. ) ڕەوایەو جێی گومان نییە، ئاشکرایە مەولەوی و ( سراج الدین ) لەم پاسایە بەدەر نین و بەرزی یەکێکیان و نزمیی ئەوی تریان دیار ناکرێن، پرسیارێك لێرەدا سەر هەڵئەداو ئەمەیە:

مەولەوی لە شیعرەکانیدا بەرامبەر بە پیری ، خۆی دەخاتە پلەی نزمەوەو هەمیشە داوای لێ ئەکا ( کشتە ) کەی ڕووزەرد نەبێ و بیاڵەکەی پڕ بکا لەمەی و..لە پلەی سەختدا دەستی بگرێ... ئەمەش ئاشکرایە نابێ بەبەڵگەی گەورەیی پیر بە موتڵەقی، وەیا بەنچوکی و نزمیی پایەی مەولەوی دیسان بە موتڵەقی، چونکە مەولەوی بە درێژایی تەمەنی نەك بەرامبەر بە شێخی ڕابەری ، بەڵکو بەرامبەر هەموو هاورێ یەکی گەورەو بچووك خۆی زۆر نزم کردۆتەوە، خۆ هەڵکێشان و لە خۆ بایی بوونی بەلاوە ئەنگ بووە، هەرگیز لە هەڵبەست وشیعردا لەگەڵ ئەو ئیبداع و شاکاری یەیاندا خۆی بەرز نەکردۆتەوە، دیارە لە ( تصوف ) یشدا هەمان ڕێگای پێواوەو لافی سەربەخۆیی لێ ئەداوەو ( حب الظهور ) ی پێ ناخۆش بووە.

بەڵام جێی گومان نییە مەولەوی لە پلەی زانست و نوسین و ئەدەبدا زۆر لە شێخەکەی بالاترو زاناتر بووە، لەوانەشە لە شێخی ڕابەری زیاتر خۆی بە خوا ڕەنجاندبێ و زۆرتر هەوڵی دابێ و تێکۆشابێ، کەواتە دوور نییە لەلای خوا لە شێخی ڕابەری بالاترو گەورەتر نەبێ ، وەیا هیچ نەبێ یەکسان بن.

بەم پێ یە، سەردانەواندنی مەولەوی لە شیعرەکانیدا بۆ شێخەکەی جۆرێکە لەکوشتنی هەوای ئەفس و شکاندنی ئارەزووی و ڕەمزە بۆ ڕێزگرتنی ڕابەرەکەی چونکە ( تصوف ) سەرتاپای بریتی یە لەئەدەب و ئەخلاق.

بەڵام بە ڕای مەولەوی ڕابەرەکەی گەیشتۆتە پلەی بەرزی ( تصوف ) . هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکیان و لە کرداری چاکیان.

# مەولەوی و هەستی نەتەوایەتی

پێش چوونە ناو ناخ و قولایی باسەکەوە راستی یەك وەیا دیاردەیەك هەیە پێویستە لەرێگای خامەوە پێشانی خوێنەرانی بدەین کەئەمەیە:

رێبازی نەتەوایەتی لەسەردەمی مەولەوی و پێش مەولەویشدا، نەك بڵێم هەر لەناوچەکەی مەولەویدا بەتەنیا سەری هەڵنەدابوو، بەڵکو لەهەموو ناوچە فراوانەکانی ئەردەڵان و بابانیشدا بەمەفهوومی زیندووی ئێستامان زادەی هیچ بیرو مێشکێك نەبوو، خاك و،ئاو، نیشتمان، گەل، زمان... بەپارسەنگی ئەو رۆژە بەتەسکترین شێوە دەهات بەبیرو هۆش و خەیاڵدا، نیشتمان بریتی بوو لەو پارچەزەوی یەی کە تیایدا دەهاتە دنیایەوە.

نەخشەو فەرهەنگی بروخەیاڵی ئەو سەردەمانە جگە لەبابەتەکانی وەك شیعەو سوننی و قادری و نەقشی و، جگەلەهەندێ بیرو رای وشك و تەسکی خێڵایەتی هیچی تری تیادا نەقش نەکرابوو.خوێندنەوەی داستانی رۆستەم وزۆراب و حیکایەتی شیرین و فەرهاد.. شەوچەرەی هەموو کۆڕو کۆمەڵێك بوو، سێبەرێك جگە لەتەکیەو خانەقا و دیوەخان و کۆمار.. بەو لاوە نەبوو، ڕوانگەیەك نەبوو لەئاسۆیەوە، وەیا لەگۆشەیەکیەوە چاو باڵ هەڵدا بۆ جیهانێکی کراوەترو بۆ دیمەنێکی ڕووناکتر وە یا تاریکتر..

پاشا وخان و سان و بەگ و میران و شێخان.. لەپەنجەرەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە بە ئیلهامی ئارەزووی کەسی و تاکی و، لە پێناوی قازانجی خۆیەتی و خێڵایەتیدا نەخشەیان بۆ ئەکێشان و مەبەستیان بۆ دەستنیشان دەکردن.

ئەمەش- ئاشکرایە- بەپێی زرووف و یاسای کۆمەڵایەتی دەبێ بە قۆناخێك لە قۆناغەکانی لە قۆناخەکانی ژیان، لادان لێی و گۆڕینی بەندە بە هاتنی قوناغێکی کەوە.

هەموو بیرو خەیاڵێك زادەی رۆژێکی تایبەت و ڕەنگدانەوەی نەریتێکی کاتە، نەشوێن تەی ئەکاو نە کات ئەبڕێ و نەبەرەو دواش دەگەڕێتەوە.

مەڵبەندەکەی مەولەوی لەژیانێکی گۆشە گیریدا دەژیان و نەبەسترابووبە وڵاتێکی ترەوە ، بگرە لەناو خۆشیاندا لەیەکتری بێ ئاگا بوون، مەودای هات و چۆ لەوپەڕی تەسکیدا بوون، لەرێگای دەماودەمەوە هەواڵ و دەنگ و باس لەشوێنێکەوە دەگوێزرایەوە بۆ شوێنێکی تر، هەژاری کوێرەوەریی باری ئابووریش با بوەستێت، بە هۆی ڕەقەنی و

وشکی و سەختیی ناوچەکەیان نەشیاویی نەگونجاویی بۆ کشت و کاڵ و، هەژاری وکوێرەوەری بەشێك بوو لە ژیانیان.

ئێمەی ئەدەب دۆست و نیشتمان پەروەر ئەگەر بە پێوانەی پێوەری ئەمڕۆمان جوڵانەوەی ژیانی ڕابردوومان بپێوین و هەڵی سەنگێنین بێ گومان دەکەوینە هەڵەی گەورەوە.

لەو ڕۆژگارانەدا و پێشتریش بیروباوەڕی نەتەوەتی لە مێشك و لەدەروونتدا تۆمار نەکراوەو نەبووە بە دروشمێکی ڕەگەزی و پێوەی ببەسترێن، وەکو ئەمڕۆی ئەم سەردەمە هیچ نەتەوەیەك نەخشەی وڵاتەکەی نەخراوەتە ناو چوارچێوەی سنووردارەوە جگە لە بیروباوەڕ ئاینی ئەویش لەهەندێ بواردا بەتێگەیشتنێکی تەسك و وشك و کورت بینی شتێکی تر بەولاوە نەبوو.

بۆ نموونە: لەڕۆژانی کۆندا ناو بەناو سەدان کورد هەر یەکەیان لە ژێر ناوێك و هۆیەکی تایبەتدا دەچوو لە وڵاتانی دیکە نیشتەجێ دەبوون، جگە لە دروشمی ئانی هەموو دروشم و ناونیشانی کوردایەتی و کوردەوارەکەی فەرامۆش ئەکرد، بەبێ ئەوە یاسایەك بووبێ لەم کارەی بەرگری لێ بکات.

زۆرمان هەیە کۆچیان کردووەو لەوڵاتانی تر نیشتەجێ بوون و بەدرێژایی ساڵ نەوەکانیان نەژادی خۆیانیان لە بیر چۆتەوە، وەیا لە بیری خۆیانیان بردۆتەوە.

کەواتە لە پەنای ئەم نەرێتی و بیرو باوەڕەدا نابێ گلەیی لە پیاوانی دێرینەمان بکەین و توانجیان تێ بگرین کە بۆ بەکارێك هەڵنەستاون کەزادەی بیرو مێشکی دەیان ساڵەی دوای خۆیانە.

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵئەدا ، ئەویش ئەمەیە:

بۆ(حاجی قادری) نیشتمان پەروەری بەناوبانگ، لەهەمان چەرخ و ڕۆژدا ژیاوەو، لەهەمان کاتدا شیعری نیشتمانی زۆرەو، لەتەقالیدی کۆن لایداوە؟.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پێشەکی پێویستە چەند شتێك هەیە بیزانین کوردستانی سەردەمی عوسمانی لەڕووی وشیاری و وورییایی یەوە گەلێ لە کوردستانەکەی مەولەوی جیاوازتر بوو، کوردستانی عوسمانی بەهۆی ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەناخیاندا چەکەرەی کردبوو، ئامادەیی خۆیی یان لە دەروونیاندا پەیدا بوو بوو:

نزیك بوونیان به جیهانی ئەورووپاو سوود وەرگرتنیان له جوڵانەوەکانیان.
بوونی چەند نەتەوەیەك بەرەگەز جیاواز – وەك تورك و کورد و ئەرمەن– لەیەك شوێن و لەیەك وڵاتدا.
پەیدا بوونی چەند بیرو باوەڕێکی رەگەز پەرستی و نامرۆڤایەتی و دژ بەمافی کەمایەتەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی.
بوونی چەند ئاینێکی جیاوازو سەرەکی لەناویاندا، وەك ئیسلام و مەسیحی و جوولەکە.
دەست خستنە ناو کاروباری وڵاتەوە لەلایەن دەوڵەتە ئیستعمارەکانەوە.
پەیدا بوونی پارتی (ترقی واتحاد) کەلایان وابوو رەگەزی تورك لەهەموو رەگەزێکی تر باڵاترە، بەم رەگەز پەرستەیان لەناوەرۆك و بنەڕەتەکانی خەلافەتی ئیسلامی لایان دابوو.
ئەم هۆیانە کاریان کردە سەر دانیشتوانی کوردستانی عوسمانی و بوون بەهۆی راپەڕین و هەستان بە شۆڕش، بەڵام کوردستانی مەولەوی ئەو هۆیانەی تێدا پەیدا نەبوو بوو.
بوونی ئەو توخمانە کەباس کران کاریان کردبووە سەر بلیمەتێکی وەك حاجی قادرو میللەتەکەی، حاجی کە هاوچەرخی مەولەوی بووە بەچاوی خۆی تورکیای کاتی عوسمانی دووەو، بە گوێی خۆی ئەو ئاوازو نەغمانەی بیستووەو، بە بیری خۆی و بە پێوانەی هەستی گەشی هەڵیسەنگاندوون، گەیشتۆتە قەناعەتێك کە پێویستە گەلی کورد ژیانی خۆی بگۆڕێ و ئاسۆی بیری فراوانتر بکا.
ئایا ژیانی مەولەوی و کوردستانەکەی یەکسانە بە ژیانی حاجی و کوردستانەکەی ؟ ، ئەمانە و وێنەیان هەر یەکەیان لەگۆشەیەکەوە بلیمەتی یان دەردەکەوێت.
لەبەر نەبوونی ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسکران، لەسەردەمی مەولەوی و کوردستانەکەیدا وشەی نیشتمان، کورد، هۆز.. بەمانایەکی تەسك بەکار دەهات و لەبەرژەوەندیی تاکی بەولاوە بە شێوەیەکی وەك ئەمڕۆمان بەکار نەهاتووە.
یاخی بوونی سەرەك خێڵەکان و راپەڕینەکانیان لەهەستی نەتەوایەتەوە دوور بووە، بەئارەزووی تاکی و کەسی شۆڕشیان بەرپائەکرد، وەبەسەدان ..کەس خوێنیان دەڕژاو لەئەنجامدا بەخەڵات و.. فەرمانێك راپەڕینەکەی دەکوژایەوە، وەیا بە خیانەتی لایەکیان بەرامبەر بەلایەکی تریان دەهاتە کۆتایی.

ئایا بابانەکان و ئەردەلآنی یەکان بە بیریاندا دەهات چوارچێوەیەکی سیاسی و ئابوری بۆ کورد دروست بکەن؟

سەرەتای بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەو سەردەمانەو لەم ولآتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم چەرخەو هاتنی دەوڵەتە داگیرکارەکانی بێگانە ، هەتا ئەم خوێن مژانە لەئارادا نەبوون و ولآتیان داگیرنەکردبوو بارودۆخی ولآت بە ئاسایش و خۆشی دەڕۆیی و کوشتن و بڕین و چەوساندنەوەو ڕەگەزپەرستی ناویان نەبوو، ئیتر بۆ دەبێ ئێمە بە بێ وشیاری شاعیرەکانمان تاوان باربکەین و گیانی پاکیان لە توێی کفن و گۆڕدا داچڵەکینین؟ یا تیری تانەو تەشەر بگرینە ئەردەلآنەکان و بابانەکان؟

با ناوی کەڵە شاعیرێکی تری وەك (نالی) ی نەمر بهێنینە گۆڕێ و لەم ڕووەوە لێی بدوێین و، لەتەك مەولەویدا لەیەك تەرازوو دا بەرامبەریان بکەین و هەڵیان سەنگێنین:

بە پێوەری باوەڕی ئەمڕۆمان بێ، هەرگیز ناتوانین بڵێین (نالی) ی سەر تۆپ و لوتکە شاعیرێکی نیشتمانی بووە، کەواتە بەووتەی کۆتا بینان بێ (نالی) و مەولەوی نرخیان بۆ دانانرێ، چونکە بەنیشتماندا هەڵیان نەداوەو شیعری وەتەنییان نەوتووە.

قەصیدە بەناوبانگەکەی کە بۆ (سالم) ی شاعیری ناردووەو، تیایدا باسی حوجرەکەی و سەرچنارو دەشتی فەیکان و شاری شارەزوور و(خاك وخۆڵ) دەکا، وەیا باسی ستەمی تورکەکان و دەروون تاریکییان ئەکا، وەیا بۆ نەمانی بابانەکان هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ... لەگەڵ ئەوەشدا کە گڕ بەر ئەداتە دڵ و دەروونی خوێنەران، هێشتا بە پێوانەی ئەمڕۆ بێ ئەو قەصیدەیەو قەصیدەکانی تری کە بۆ نیشتمان پەروەری یان لێوە دێ، نامان گەیەنێتە ئەو قەناعەتەکە بڵێین (نالی) شاعیرێکی نیشتمانی بووە هچ کاتێك (نالی) ی نەمر بەخەیاڵیدا نەهاتووە کەگەلی کورد پێویستە خۆی خۆی بەڕێ بەرێوەو خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بێ، ئەو هەست و سۆزەی کەلە قەصیدەکەی (سالم) داو ئەوانی تریدا دەریان دەبڕێ، پاڵپێوەنەرەکەی جگە لە هەستی کەسی و لەدووریی شارەکەی و دۆست و برادەرەکانی شتێکی تر نە.

هەستەکەی نالی لە قەصیدەکانیدا کەبەهەستی نەتەوایەتی دەدرێ لەقەڵەم، هەر هەمان هەستە کە حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی پێش(٧٠٠) ساڵ دەریان بڕیوە.

به پێی وتەی (كل امور مرهونة بأوقاتها) ، وەبەپێی ئەوەی لەمەوپێش وتمان هەموو شاعیرێك مێشك و خەیاڵی زادەی كاتێكی تایبەتەو لە سنووری پێوانەی ڕۆژەكەی خۆی تێ ناپەڕێ.
ئیتر با نە مەولەوی و نە نالی و... نەگەورە پیاوانی كورد گوناهبار بكەین و، نەلەپلەو پایەیان كەم بكەینەوە، ئەگەر بەووردی لە هۆیەكان بكۆڵینەوە بە جوانی بۆمان دەردەكەوێ نەڕەش و ڕووتەكان بە گشتی گێژو گەمژە و مێشك پووچ بوون، وەنەهەموو بەگ وسانان و خانان.. نیشتمان فرۆش و خان بوون، وەنە شاعیرانمان كۆنەپەرست و سفرە دڕ بوون.

## مەولەوی و نووسینی هەورامی

مەولەوی – وەكو چوار پشتی پێش خۆی– زادەو پەروەردەی ناوچەی تاوەگۆزو لەوێش ژیاوە ، ئەم ناوچەیەش بەزاراوەی جافی جوانڕۆیی ئەدوێن و لەزاراوەی كوردیی هەورامی ناگەن.
لێرەدا ئەم پرسیارە سەر هەڵئەدا: بۆ مەولەوی بەزاراوەی هەورامی هەڵبەست و شیعری داناوە؟. وەك ئاشكرایە . بەڵگەی ناوێ لەو سەردەمەدا زاراوەی هەورامی لە مەیدان و بواری شیعردا بەسەر زۆربەی ناوچەكانی دەووروبەر و نزیكیدا زاڵ بووە شاعیرەكانی سنەو سەقزو بانەو مەریوان و شارەزوور وكۆماسی...بەزاراوەی هەورامی شیعر و هەڵبەستیان هۆنیوەتەوە. وەك شێخ حەسەنی مەولاناو ئەحمەد بەگی كۆماسی و حەمەغای دەربەند فەقرەو دەیانی تر، بەمەرجێ ئەمانە هیچیان هەورامی نین.
ئەو سەردەمانە كە هەورامی بە شیعرو هۆنراوەوە ئاشنا بوون، ناوچەكانی تری كوردەواری لەم جۆرە ڕۆشنبیرییەوە دوور بوون. ئەمەش دیارە ئەوە ئەگەیەنێ هەورامی بە پێی شوێنەواری جوگرافی یان و، ئاوو هەواو شوێنەكەیان لەمەیداندا گوێ پێشكەوتنیان بردۆتەوەو، بێگانە پەرستی یان لانەبووە.
با ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە زاراوەی هەورامی بو كێش و وەزن و مەفرەداتی شیعرو هەڵبەست لەزاراوەكانی تری كوردی زۆر بە چێژو بە هێزترەو، خاوەنی ووزەو توانایەكی تایبەتەو لەوانی تردا نیە.

هەندێ کەسان لە رووی شارەزایی و نەزانینیانەوە لایان وایە مەولەوی بۆیە بە هەورامی شیعری ووتووە، لەبەر ئەوە خەلیفەی شێخ عوسمان بووەو، خۆشەویستیی ئەو بەرەوئەو زاراوەیە ڕای کێشاوە، لە کاتێکدا پێش ئەوەی شێخ عوسمان بناسێت و ئاشنایی لەگەڵیدا پەیدا بکات هەموو نووسینی شیعرەکانی بەهەورامی بووە.

زۆربەی هەڵبەستەکانی لەسەردەمی فەقێتیدا بووە، لەبانەوە پارچە شیعرە بەناوبانگەکەی نووسیوە بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی کەلە شاری سنە تووشی دەردی ئاوڵە بووە، لەگەڵ شێخ یوسفی نۆتشەدا لەکاتی فەقێتیدا پێکەوە لەشاخەکانی (پاوە) و(خانەگا) ڕاویان کردووە. بەم هۆیەوە لە شاری سنەوە نامە هەڵبەستەشاکارەکەی دەنێرێ بۆ شێخ یوسف.

# مەولەوی و ئەم ئەندازە شیعرە

شاعیرێکی هەڵکەوتووی وەك مەولەوی کەپتر لەحەوت گرێ ژیاوە، دیارە ژمارەی قەصیدەکانی لەم دیوانە زیاترن، بەهۆی سوتانی کتێبخانەکەی لەسەردەمی خۆیدا زۆر نووسراو و هەڵبەستی پێوە سووتاوە، دەماو دەم و لە پیاوانی دێرنە ساڵ وتەمەن درێژ بیستراوە و بیستوومە کەمەولەوی هەر پارچە شیعرێکی بۆ هاتبێ و هەر پارچە شیعرێکی بۆ یەکێك ناردبێ، هەردووکیانی لەگەڵ موناسەبەو ناوەکانیاندا تۆمار کردووە.

ئەم ئەندازە شیعرانەش کەلەبەردەستدایە، مەرج نیە هەمووی دانراوی مەولەوی بێ، زۆر قەصیدەی هەیە لەلایەن نووسخە نوسانیەوە بەنەزانین دەستکاریان کردوون، زۆر چامە لە نوسخەیەکدا بۆ یەکێکەو لە نووسخەیەکی کەدا بۆ یەکێکی ترەو لەو کەمترە وەیا زیاترە، لەهەندێکدا چامەیەك هەیە بۆ دۆستێکەو، لە یەکێکی تردا هەمان چامە دوانە و بۆ دوو کەسە.

هەموو دانە دانەی بەیتەکان مەرج نە لە شێوەی ئیبداعدا بکەوێتە بەرچاو هۆی جیاوازیی نوسخە دەست نووسەکان بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی ئیملای کۆن لەهەموو ناوچەکانی کوردستانی ئەردەڵاندا دیوان و شوێنەواری خامەی مەولەوی زۆرەو بەداخەوە (دەستی ئێمە کورتەو خورماش بەسەرداری خورمای بەرزەوەیە).

خۆزگە خێرخواهان بە پیاوەتی ئەو دیوان و شوێنەوارەیان بۆ ئەناردم.

## کەی و کێ لەقەبی (مەولەوی) ی دایە؟

شاعیرمان خوای لێ ی ڕازی بێ خۆی لە بووندا بە نەبوو دادەنێ و، لای وایە لەم بوونەدا ئەندامێکی بێ کەڵکەو نەیتوانیوە تیایدا کەلێنێکی مرۆڤایەتی پڕ بکاتەوە، بۆیە لە ڕووی شکاندنی نەفس و (نسیان الذات) ەوە نازناوی (مەعدوم) ی هەڵبژاردووە بۆ خۆی.

بەڵام وشەی مەولەوی وەك لەتەمەن درێژودێنە سالأنم بیستووە لەسەردەمی فەقێتیدا لەشاری (سنە)ی پایتەختی ئەردەڵان لەلایەن (غوڵام شاخان) ی والیی ئەردەڵانەوە وشەی (مەولەوی) ی بڕا بەسەریا و بەم ناوەوە لەناو گشتیی خەڵکدا ناسرا، (حوجرە)ی ژمارە نۆزدە کە ژوورێکە لەژوورەکانی مزگەوتی (دار الاحسان) ئێستاش بەناوی (حوجرەی مەولەوی) یەوە ناوبراوە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە شاعیرمان لەسەردەمی گەنجی و فەقێتیدا هەڵکەوتوو دیارو پایەو پلەی کۆمەڵایەتیی وشاعیرێتی بەرز بووە، بڕوایان وابووە مەولەوی مەولاو میری شاعیرانەو شیاوی ئەو لەقەبەیە.

مامۆستا (عەلادین سەجادی) لای وایە کەس و کارو خزمەکانی عەنبەر خاتوونی خیزانی کەلە وڵاتی (ئەفغان) ەوە هاتبوون لەقەبی (مەولەوی) یان داوەتێ. بەڵام ئەم بۆ چوونە ناچەسپێ و جێی باوەڕنیە.

## هۆی بڵاوبوونەوەی شیعری مەولەوی

جێی گومان و دوودڵی نە لەکارو باری کۆمەڵایەتی و لەئیبداعی شیعرو شاکاریدا هاوتای کەم بووە، لەهەموو شایی و شیوەندا -بەپێی توانای لە کوردستانی ئەردەڵان و باباندا- بەچوونی خۆی، وەیا بەنامە هاوبەشی کردوون، فەقێ بەناوی خوێندنەوە لەناوچە دوورەکانەوە هاتوون بۆ قوتابخانەکەی دەرسی یان لاخوێندووە، ناو بەناو لەژێر پەردەی (تصوف) دا بۆ گوڵ چنین و خەرمان لۆخی چووە بۆ تەویڵەو بە هەفتە و بە مانگ تیایدا ماوەتەوە، لەوێدا دەیان شاعیرو زاناو سەدان بلیمەت و مەلەوانی دەریای مەعنای ی دیوەو لەگەڵیاندا دواوە و لەهەموو بابەتەکانی ئەدەبی و زانستی فیقهی و کەلامی و حیکمەت و فەلسەفەوە..بیریان گۆڕیوەتەوە و ئاڵ و گۆڕی ڕۆشنبیریان کردووە، ئەمانەش هەر یەکەیان لەوڵاتێکەوە هاتوون و، ئەجامی بیری قوڵ و ووردی و ناسکی خەیاڵی مەولەوی یان گەیاندووە بە هەرێمەکانی خۆیان.

ئەم هۆیانەو کۆبونەوەیان لە مێشکی مەولەویدا کاریان کردۆتە سەر هەموو زانایان و شاعیران و سەرۆك هۆزان..

پەیوەندی بە شاکانی ئێران و والیەکانی ئەردەڵان و پاشاکانی باباندا زۆر بە تین و هەمیشەیی بووە، لە هەموو هەرێمێکەوە هەستیاران ئەدەب دۆستان نامەیان بۆ ناردووە، بەو هیوایەی مەولەوی بە خەیاڵە ناسکەکەی و بە هەستە تەڕو بڕە ئاودارەکەی وەڵامیان بداتەوە، مەولەوی بە هێزی خامەو بە نامەی بە پێزی توانیوێتی کاریان تێ بکا و دڵ و دەروونیان بکرێ سەرنجیان بەرەو خۆی ڕابکێشێ.

لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا بە تایبەت مەحموود پاشاو قادر بەگ و دەیانی تریان دۆستایەتیی بە هێزو بتەو بووە. لەزۆر دانیشتن و کۆڕدا مەحمود پاشای جاف باسی شیعری مەولەویی کردووە، داوای کردووە لە دەنگ خۆشان بە ئاوازی پڕ جۆش و خرۆش شیعری مەولەوی بخوێننەوە.

مەولەوی وەك شیعر و لە هۆنراوەدا باڵابووە، هەروەها لە پەخشاندا نمونەی هەڵکەوتوویی بووە، وەك لە کوردیدا شاعیرو لوتکە بووە، لەعەرەبی و لەفارسیدا جێ پەنجەی دیارە.

# من و ئەم دیوانە

لە حوزەیرانی (١٩٧٥) دا دەستم دایە گۆڕین و وەرگێرانی ئەم دیوانە، لە حوزەیرانی (١٩٨٦) دا هاتە کۆتایی، لە ماوەی (٦) مانگی نیوەی دوایی ساڵی دوا تر کاری بەغدام —وەك ڕەقابەی بینینی کتێبەکە لەلایەن خەبیری (کۆڕی زانیاری) یەوە— تەواو کردو (ئەمانەی گشتی لاوان و ڕۆشنبیری) هەولێر بڕیاری یارمەتی – مەبلەغی (١٨٠٠) دینارم وەرگرت و چوومەوە بۆ بەغدا.

لەڕێگای بەڕێز مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی و بە ئاگاداریی بەڕێزیان و هەر لە ماڵی خۆیاندا لەتەك خاوەنی چاپخانەی (خلود) دا – کەبەتەلەفون هات بۆ ماڵیان پێکهاتین: بە ئۆفسێت و مەلزەمەی بە (٢٨٠) دینار بۆ(٣٠٠٠) نوسخەو لە ئەیلوولی ئەو ساڵەدا دەستی پێ بکا، وەکو پێشەکی مەبلەغی دوو هەزار دینارم دایە.

بە پێویستی ئەزانم ئەم تێبینیە بنووسم:

بەڕێزان مامۆستا عبدالکریم مدرس و محەممەدی عەلی قەرەداغی هەریەکەیان دوو کتێبی قەوارە گەورەیان لەو چاپخانەیەدا دانابوو بۆ چاپکردنیان.

دانانی ئەم دوو کتێبە لەو چاپخانەیەدا لەلایەن ئەم دوو بەڕێزانەوەو، هاتنی خاوەنی چاپخانەکە – بەتەلەفۆنێکی کاك حەمە عەلی بۆ ماڵی بەڕێزیان —باوەڕی بتەوکردم و، بۆ مسۆگەریی کارەکەم داوا ی نوسینێکم لێ نەکرد، تا پاشە ڕۆژ ببێ بە بەڵگەو هەڵی پێنچم.

پەنا بەخوا، هاوارمەلای خوا، لەئەنجامی ئەم کەمتەرخەمی و دڵ سافی یەمدا، ئەبێ چەند جار لەنێوان سلێمانی و بەغدادا بە کیرفانی پڕو هەڵتەکاوەوە چووم بینم و هاتبێمەوە؟ !! چەند جار ئەبێ بەتەکسی —لەناوەوەی بەغدادا— ڕێگام بڕیبێ وئاخ و ئۆفی نائومێدیم هەڵکێشابێ؟ وەلەماوەی پێنج ساڵدا بۆ چاپ کردنی ئەم دیوانە ئەبێ چەند گەڵای تاکی و پێنجێ و، دەم لە باخەڵی خۆم و باخەڵی بەزەیی لە دڵاندا بەخت کردبێ؟ داخی خۆم بەکێ بڕێژم و یەخەی خۆم لای کێ دادڕم و سکاڵای بەرمەلا.

نیشانەی سەرسوڕمان دانان و حەسرەت خواردن و هەناسە هەڵکێشان هیچ دادێ ناداو خەمێك کەم ناکاتەوە.

من لە ماوەی ئەم چوار ساڵ و نیوەدا بەرگەی ئەم هەموو کوێرەوەری و سزا جۆربە جۆرانەم گرت، دڵنیام و گومانم نی یە بەرگەی سزای سەختی دۆزەخیش ئەگرم.

بەڵێ هەرچەند بنووسم و هەرچەند سکاڵای کەساسیم بکەم و بکڕووزێمەوە بێ سوودەو جێ ناگرێ، (انا لله وانا اليه راجعون).
بەڵێ دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ و نیو (تنضيد) ەکەی تەواو کرد، بەڵام هەڵەی لەڕاست گەلێ بالاتربوو، لەبەر ئەمە کەس نەیتوانی (تنفيذ ) ی بکا، ئەوا ناچار بووم سەر لە نوێ بۆ چاپ کردنی و بۆ دووەم جار تێی هەڵچوومەوە، خواردنی پارەکەش لەلایەکی سێهەمەوە .. ئەمانەی گشتی .. هەولێر لێم چوو بە قیناو(١٠٧) دیناری غەرامەی خستە سەرم، بەبەڵگەی ئەوە چاپکردنی لە(٦) مانگ زیاتر تێپەڕیوە.
ئەمە حاڵی من و ئەم دیوانە سا بێ مەمرەوبمێنە مەولەوی واتەنی: (..دەك بەرقی غەزەب لە جەستەم بارێ)

## ئایا نەنگە بە کوردی بنوسرێ ؟

ئەمە دروشم و عنوانێکە دڵ ئەتەزێنێ و دەرون ئەهەژێنێ مرۆی تازە و کۆن شەرمەزار ئەکات ،زانایانی دێرینە ساڵمان لەبواری ڕۆشنبیریدا بەتەنیا خۆیان تەرخانکردوە بۆ خزمەتکردنی فارس و عەرەب ،زبانی زگماکی خۆیان خستوەتە پشتگوێ و بە هیچ شێوەیەك لایا ن لێنە کردوەتەوەو نرخیان بۆ دانەناوە ، نەك بە دەیان بەڵکو بە سەدان و هەزاران کورد بووە تەنیا دڵۆپێکی کوردی لەنوکی خامەکەیانەوە نەتکاوەتە سەر نامەیەك لەنامەکانیان، ئێمەی کورد پێش هاتنی ئانی ئیسلامی پیرۆز لە هەموو سەرگۆی زەوی ئێراندا لەو کاتە دا کە (ئەکباتن) هەمەدانی ئێستا پایتەختی میدیەکان بوو خاوەنی صەولەو جەولە بوین، فارسەکان قەڵمرەویان تەنیا شیرازبون و سەر بە میدیەکان بوون، هەموو سەرزەوی ئێران بە مادستان بەناوبانگ بوو.
مەولەوی !ئەی خاوەن بەهرەی هونەری وداهێنەرو فەربەخشی گوڵشەنی مەعانی و مەعنەوی ! ئەی دانیشتوی سەر لوتکەی هەرەبەرزی پەخشان وئەوزانی بەرینی دنیای جوانی و سیحراوی !ئەی ئاوێنەی باڵانمای سالارانی کۆڕو کۆمەڵی شەو بێداران و کەمەند لە پشتان !
مەولەوی !ئەی باوانەکەم !ئەی ڕابەرو جڵەو کیشنی کاروانی جیهانی جوانی داهێنەری دنیای دڵکەش و ئاوەدانی !ئەی جیلوە دەروصەفا بەخش و فەربە ئەنگێزەی

دڵانی ژەنگاوی !ئەی ڕشێنەری سەوزەی ئارەزوی جەرگەی وێژەخوازان و ئەدەب بازان !فەرهاد میرزای قاجاری واتەنی ((ئەی شاعیری باڵەخانەی چەم ))!هەزاران ئاخ و دادو حەسرەتان ،زبانم وشکە مێشکم بۆ شەو خامەکەم بێبڕشتە و هێزو پێزی نیە نەخشەو نیگارو پەیکەری بڵندی و بەرزی ئەدەبەی و ئەخلاقیەت..بنەخشێنێت ،پنە دارێکی وەك من لەتوانایدا نیە پانتایی گۆی زەوی هونەریت بپێوێ وجەولەی تیادا بکات. ئەو تەکان و تینەی نیە جۆروا جۆرو هەمەچەشنەی ڕەوشتە سروشتیە دڵکەشەکانەت لەلاپەڕەکانی مێژوودا بەگوێرەی پێویست برازێنێتەوە.

مەولەوی! ئەی هەوێنی بەزم و ئاهەنگی و شۆری دڵان !ئەی ڕازێنەرەوەی کەشی بەهارانی جوانی و خەزانی سەرماوەرزان! دەمێکە باوانەکەم !خۆری ڕوخسارت لەمن نادیارو پەنهانە، بەدرێژایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەو پەڕی ئیشتیاق و ئارەزوومەندیمەوە بەرانبەر تیشکی چرای ڕوخسارت پەروانە ئاسا ئەسوڕامەوە، پەیتا پەیتا سەبووی پڕلەمەی و بارەت جامی گیانمت پاراو ئەکرد، لەو ماوەیەدا ئازیزەکەم !هەمیشە شنەی فێنکی نەسیمی گوڵشەنی فەرموودەکانت سنگ و بەرۆکی دڵە خەستەکەمی فێك ئەکردەوە، پەیتا پەیتاو بێ پشوو تەزوی گیان بەخش و شادومانیت بەلەش و دەمارەکانما بڵاو ئەکردەوە و ئیلهامی گەشەی زینەد گیانت ئەدا بە دەماخ و گوێمدا..چونکە من لەو سەردەم و کاتەدا سەرقاڵ و سەرگەرمی گۆڕینی دانە دانەی گەوهەری ڕستەو وشەکانت بووم، بەو هیوایەی لەچپا سەرکەشەکانی هەورامانی خۆشەویستەوە بیانگوێزمەوە بۆ چیاو پێدەشتەکانی کوردستانی خواروو، لەکۆتایی هەشتاکاندا سەرەڕای پەیدابوونی دەیان تەنگەژەو کۆسپی دڵگووش و بەیاریدەی خوای بەخشندەو میهرەبان توانیم بەرگی یەکەمی ئەم دیوانە لەبەند ئازاد بکەم وبە چاپی بگەیەنم و بڵاوی بکەمەوە .

ئەو کاتە خواست و ئارەزووم وابوو ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی بەرگی یەکەم دەستم بدایەتە بەرگی دووەم، بەڵام ئەمەم بۆ نەڕەخسا، زەمانە هەردووباڵی بەستم و دوو پێی کۆت کردم، قات وقڕیو نەبوونی ..لەوکاتەدا دەرگایان پێگرتم وکپیان کردمەوە،زروفی نائارامی نەبوونی ئاشایش ژیانیان ئاڵۆوزکردم و خۆم هەموو شتێکم فەرامۆش کرد، بەڵام لەسەرەتای مانگی سێی دوو هەزاردا لەپڕ مانگی دووهەفتەی خڕو پڕی ڕوخسارە بێگەردەکەت بۆ دووەم جار لەژێر هەوری ڕەشی قەترانیەوە گۆشەی کێشا ،بەم

بۆنەیەوە لەهەموو گۆشەو کەناری ژینگەی هیوام دا ئەوەی پ بوترێت تاریکایی لەدڵ و دەروندا نەما، جا لەم کاتەداو لەبەر ئەو تیشکەی ڕوخسارتدا بەیاریدەو یارمەتی خوای باڵا دەست لەماوەی ئەم چەند مانگەی دوو هەزاردا بە ئاسانی لە جەوێکی پڕ لە فەڕدا بەرگی دووەمم ئامادە کرد.

مەولەوی! ئەی سەروەرو ڕابەرم !هەرچەندە تۆ ئێستا لەدنیایەکی نادیاردایت و دانیشتوی ناو شاری خامۆشانیت، بەڵام دڵنیام و بێگومانم بەبەزەیی فراوانی خوای گەورە بە پەنجەی توانای بێ وێنەی ئەو گۆڕەت ئیستا بووە بەو کۆشك تەلارانەی کە ئاسمانی شینیان گرتوەتە باوەش بەسەر ئێمەدا دەڕوانن و دەڕوانی، ئەمەش ئەزانم و لێم رونە لە ڕوانگەی پەنجەرە بێگەردەکانیەوە لەڕوی نازو نەزاکەتەوە نیگای گۆشەی چاوەکانت لە ئێمەیە ، تۆش هەرچەندە بەناو (مەعدوومی )،بەڵام دڵت زیندووەو زبانت پاراوەو ئەتوانی دۆعاو نزای سەرکەوتنمان بۆ بکەیت، کەواتە منیش لەلایەن خۆمەوە دەستی دڵ دەئالێنم بەداوێنی پاکی مەفهومی ئەم دوو بەیتەدا و ئەڵێم :

**تۆ سەبووی[1] مەی پێت، جام جای فیدای ڕێت**
**دڵ چاوی والێت بابێت ، سابا بێت :**
**خامە وەبێ من وەسەر تەحریرا**
**نامە وەبێ من وەسەر تەقریرا**

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورەو باڵا دەست بە میهرەبانی خۆی یارمەتی دام توانیم بەرگی یەکەمی ئەم دیوانە بڵاوبکەمەوە ، ئەمەش بوە هۆی ئارامی‌وئاسایشی ڕۆحی گیانی ودەرونیم.

بەڵام ئازیزان !لەپێناوی ئەم بەرگەدا گەلێك تاڵاوی جۆربەجۆرم چیژاو گەلێك کۆسپ و تەگەرەی زەق و زل لەڕێگەمدا پەیدابوو، چاپخانەی (خلوود) لە بەغداد لەماوەی نزیکەی دوو ساڵدا لەسەرەتاوە تاکۆتایی کتێبەکەی تەنچیدکردو هێنایە کۆتایی ، بەڵام لەبەرئەوە هەڵەو پۆخڵەواتی لە ژمارە بەدەربوو، هیچ هونەرمەندێکی لێهاتووی ئەو بوارە خۆیان نەدا لەقەرەی و تەنزیمی بکەن، لەبەرئەوە گواستمەوە بۆ چاپخانەیەکی ترو سەرلەنوێ تەنچیدهکەیم تەواو کردو لە چاپخانەی( منیر) کرا بە فلیم

[1] سەبوو:کووپە،گۆزە،سەیری دیباچەی عەقیدە مەرخسیەکەی

و ڕایان کێشا، بەم ئاڵوگۆڕە –ئازیزەکەم زیانی ماڵیم لەچوارهەزار دینار تێپەڕی، جگە لەم مەبلەغەش دووهەزار دینارم بەناوی پێشەکیەوە دابوویە، ئەویشم بەفیڕۆڕۆیی، پاش ئەم بەسەرهاتە خاوەن چاپخانەکەی خلودم ڕوبەرووی خوای گەورە کردو ولێی گەڕام ،لەبەرگی یەکەمدا ئاماژەم بۆ ئەم گیرگرفت و ڕەنجەڕۆی و ماڵوێرانیەم کردووە.

# چاوگێڕانیك بەدیوانی مەولەویدا

ئەو زاناو نوسەرانە کە دڵیان بەندە بە ئەدەبی مەولەویەوە لەدەریای ناسنیدا مەلەوانن ڕاوبۆچونیان بەرامبەر بە ئەدەبی مەولەوی ئەمەیە: شای شاعیرانە، پێغەمبەری شیعرە ،کەڵە شاعیری چەرخی خۆی و پاش خۆی بووە..

منیش کە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئەدەبی مەولەویم و و تیایدا تواومەتەوە هەمان ڕاو بۆچونی ئەوانم هەیە، لام وایە و بێگومانم ئەو هەست و سۆزو جۆش و خرۆشە کاریگەرانە لەسەرچاوەی قەریحەی بێگەردی مەولەویەوە هەڵقوڵاوە ، ئاشکرایە لە هیچ زەوق و تەبعێکی تردا بەو چەشنە پڕ لەتەکان و تینەوە سەری هەڵنەداوە ،هێنانی خەیاڵانی ناسك و سیحراوی و بەکارهێنانی دەف وکەف و مەی و نەی و سەنتور...بە تەنیا کاڵای باڵای مەولەویی‌یە،باسی برۆ و کەمان و خەت و خاڵ و زوڵف و...شایستەی مەولەوەو بەس، کەوتنە ناو لاهوت و ناسوت و جەمال و جەلال.. بەتەنیا پیشەی جۆش و خرۆشی مەولەوەو بەس؛ چونە ناو کورەی عەشق و خۆشەویستی و فیداکردنی گیان و ڕۆح و لە پێناوی وەفاو جەفادا بە تەنیا زادەی قەڵەمی مەولەویەو بەس،باسکردنی نزیکی و دوری، یا وەصل و فەصل و سەوزەو شەونم و ئەشکەی چاوی شەو بێداران و ،خوڕەی لافاو و هاژەی تاڤگەو چەم و ڕووباران و بەرزو نزمی دیاران...بەتەنیا لەمەولەوی ئەوەشێتەوەو بەس.لاواندنەوەی ناوەختی ناکامی ئەامی جوانەمەرگان و تێکچوونی زوڵفانی شیرین نیگاو ڕەشپۆشی تازە نەوهاڵان ..بەتەنیا زادەی میشکی مەولەویەو بەس ،چوونی عێلی جافان بۆ کوێستان و هاتنەوەیان بۆ گەرمیان، باسکردنیان بەشێوەی سەرسوڕمان هەر لەمەولەوی دێو بەس کوڵم و ڕومەت کاتی ئارایشکردنیان و ڕوشاندنیان بەبای خەیاڵ بەتەنیا کاڵای باڵای مەولەوەو بەس.

خوێنەری بەڕێز! لەم پیاهەڵدان وستایشانەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم مەولەوی لەهەموو بوارو ڕوویەکەوە بەرەهای و بەموتڵەقی لە هەموو یەکە یەکەی شاعیرانی ترمان باڵاترو ، سەرکەوتوترە ،چونکە ئەم شاعیرانەش خاوەنی صەولەو جەولەن و، بەزەقی ئاسەوارو جێپەنجەیان لەسەر نەخشەی ئەدەب و ڕەوانبێژی...دیارو حەشا هەڵنەگرە.

لێرەدا ئەگەر بمانەوێت بەبێ لایەنی وەکو واقیع سەیری مەسەلەکە بکەین گەشتوگوزارێك بەناو چیاو دەشت و سارای ئەدیبان و ئەدەبیاتماندا بکەین، وشەیەك لەم کاتەدا سەرهەڵئەداو خۆی ئەسەپێنێ، پێویستە ئێمەش بەشێوەی ئیجابی دانی پیا بنن و بڵێن: ئێمەی کورد لە کوردستانی گەورەدا لە ساڵانی فرە دێرین زەمانەوە کەڵە شاعیران و لوتکەی نشینمان زۆرەو هەمووشیان جێی شانازین ،مەولەویش یەکێکە لەو لوتکە نشینانە، بەڵا م بەداخەوە ئێمە لەبەر ئەوە کە پەرش و بڵاوین و کیانی سیاسیمان نیە ،نەمانتوانی وەکو پێویست نرخیان بۆ دابنێن.

# هۆی کاریگەریی ئەدەبی مەولەوی

ئەو شێوە کاریگەری سیحراویەی  کە لە هەڵبەستەکانی مەولەویدا هەن بەو شێوەیەی کە لە هەڵبەستی شاعیرێکی تردا نیە؟

مەولەوی ئەمرو بەهرەوەرو هەڵکەوتوو لەکاتی گەنجیو سەردەمی فەقێتیدا بۆ ماوەی دوانزە یان سیازدە ساڵ لە کوردستانی  ئەردەڵان هەورامان و باباندا گەشت و گوزاری بەخۆیەوە دیوە، بەدیان کۆڕو کۆمەڵانی ئەدیبان و شاعیران و زانایانی دیوەو سودو بەهرەی مەعنەویاتی لێوەرگرتوون و لیێیان وەرگرتوە، ئەمیش لەبەر ئەو زاناو داناو شاعیرو نوکتەزان و بلیمەت بووە پەروانە ئاسا لەدەوری تیشکی ڕوخساری کۆ بوونەتەوە، لێرەدا هەنگی ئەڕواحیان لە گوڵشەن وگوڵزاری مەولەویدا شیلەی گوڵیان هەڵمژیوەو پێوەی پابەندبوون، ئینجا لەکۆتایی قۆناغەکانی خوێندنیدا شیرازەی کۆڕو کۆبوونەویان بڕاوە، دوای ئەمانە لەناوچەکانی نەورۆڵیو شەمێران و تاوگۆزی بۆ هەمیشەیی و بۆ هەتا هەتایی جێگیرو نیشتەجیٚ بووە، ئەم بلیمەتە دڵ ناسکە وەفادارە لە پڕ لەو کۆڕو کۆمەڵ و جەماوەرە پڕ لە زەوق و ئاهەنگ و شادیو کامەرانیە دوور ئەکەوێتەوە، لەلایەن مەولەوی یەوە ئەو گشت ڕابواردنە جۆراو جۆرو هەمەرەنگە ئەبن بەخەون و خەیاڵ ؛ لێرەداو لەکاتی تەنیایی دا زبانی (حاڵ و قاڵی)بە هەنسك و ئاهو ئاخ هەڵکێشانەوە ئەڵێ:

خەم، خەفەت، مەینەت، لافاوانی خوێن
کامیان دێن بابێن ،یاخوا! بەخێربێن

لەژێر پەردەیەکی تردا بە ئاوازێکی سۆزی دەروونی ئەڵێ:

شی ئەو صەفاو سەیر دیدەن یاران
لوا ئەو دەورە، ئەو وەصەڵ جاران

سەیریکە چۆن مەنجەڵی دڵی دێتە جۆش و کوڵ و ئەڵێ :

دیدە وادەی سەیل هوونەی هووناوەن
دڵە!وەخت بەزم نۆشای زووخاوەن
وەشرەنگی!بازەم، سادەی بێرەنگی!
شادی!باوەسبۆ!وەختەن دڵتەنگی

مەولەوی و وەصڵ وفەصڵ حیکایەتێکەو نایەتە کۆتایی شیکایەتیکەو لێپرسینەوەی نیە ،

گۆش بدەر وەنەی حیکایەتشن

جەدەستی دووری شکایەتشن

مەولەوی لەجەنگەڵستانێکی چڕوپڕدایە بۆ ڕۆژانی ڕابرردوو ئەگری، مەڵبەندەکەی چۆڵ هۆڵەو لە هەموو نازو نیعمەتێکی حەزاری و پێشکەوتنێکەوە دوورو بێبەشە، نەمەدرەسەو خوێندنگا، نەسوختەو نە مستەعید،نە ئاهەنگ و نە بەزم و سۆزی دڵ،نە جادەی قیرو نەهێڵی ئاسن ،نەتەل و نەتەلگراف، نە گوەزرگای ڕێبواران و قافڵەو کاروان. ئەمانە لەژینگەکەی مەولەویدا – بگرە تائێستاش- سەریان هەڵنەداوە. ئێستا غاباتە چڕو پڕەکەیشی نەماوە بۆتە خۆڵەمیش و بابردی و بەدیاراندا، گوندەکەی مەولەوی کە مزگەوتەکەی مەولەوی کە شەونخونی تیا ئەکێشا ئاسەواری نەما. لەم کاتەدا لەم کاتەی تەنیایدا ژارو ژان و تاڵی و ترشی و سوێری ئەچێژێ خەم و خەفەت لەدڵی مەولەویدا خێمەی داکوتاوە.

بۆیە دەبینی هەڵبەست وهۆنراوەکانی پڕن لەخەم ومەینەتان لە هەناسە هەڵکێشان و گریەو فوغان و زاری.

بەیاسای گشتی ئەگەر کەسێك لەوڵاتی ئاوارەیی و غەریبایەتی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەوە بەو پەڕی بەختەوەرەوە لەناو کەس و کاری خۆیدا ژیان ئەباتە سەرو ئەحەسێتەوە .مەولەوی بە پێچەوانەوە لە غەریبایەتیدا رووگەش و لێوخەندە و دڵ ئاوەدان و ئاسودەو بێ ئەشك و خوێن بوو،لە زێدو ماواکەی خۆیدا ئەسیرو دیلی خەمان و شین و چەمەری بوو.

تەمام و رووی دنیا جە شادی کەیلەن

دڵ نەبۆ پەشێو فیراق لەیلەن

دڵ دوو زنجیرەی زوڵف نیگارەن

وە سەیر سەوزو سەحراش چ کارەن؟

ئەم شێوە ژیانە پڕ لە زام و زووخ و زووخاوە کەمەو لەویی تیادا ژیاوە، شاعیرێکی تری کوردەواریمان وەکو مێژوو شاهیدە ئەم شێوەی بەخۆوە نەدیوە، هەموو هەڵبەستەکانیان بۆیە دەرون لە هەنسك هەڵدان ئەشك خوێن شەو بێداری، شاعیری

پایەبەرزو بڵند نالی لەدوا قۆناغی تەمەنیدا غەریبایەتی وئاوارەیی‌و بەخۆیەوە دی، لەو کاتەیدا قەصیدە بەناوبانگەکەی نوسی بۆ سالمی شاعیر، ئەو قەصیدەیەی بەشێوەیەك دایرشتوە حوێندوەکەی ئاگر بەر ئەداتە ئینسان وە ئەیخاتە دنیایەکی ترەوە، نالی نەمر مافی رەوای خۆیەتی ئەو نرخ و سەروەریە دانێ بۆ وڵاتەکەی خۆی ، چونکە ئەو سەردەمە سلێمانی مەڵبەندی عیلم و ئەقل ُو دانش و هونەر بووەو،جێی شانازی و سەربەرزی گەلی کوردەواری بووە، بەڵام وەك ووتم مەڵبەنەدەکەی مەولەوی دووربوە لەو شکۆو شکۆمەندەوە.

مەولەوی نەمر لەم کاتەدا ئارەزوی شەو بێداری ئەدا لە کەللەی و دەست ئەئاڵێنی بە داوێنی سلوکی عیرفانی و (تصوف) دا، ئەبێ بە هاودەنگ و هاورازی کۆڕی کەمەند لە پشتان و ریاچهت کێشان، ئەمەش زیاتر مەولەوی گۆشەگیر و کەنارنشینی دووپات ئەکاتەوە، چونکە (تصوف) خۆی لە خۆیدا جیهانێکی گۆشەگیرو ئینعیزالیە کەواتە لەم ئان و ساتەدا و لەم قۆناغەدا زانست و فەلسەفە و ئەدەب و لاهووت و عیرفان و (تصوف) لە مەولەویدا کۆئەبنەوە، بۆیە شیعرەکانی بە هەموو لایەنێکی وجوود و ژیاندا پرشنگ ئەهاوێ و نەغمەو دەنگی بە هەموو گۆشەیەکدا بڵاوئەکاتەوە.

مەولەوی لەم قۆناغەیدا پەنا ئەباتە بەر (مگرب) و (مغنی) بۆ ئەوەی بە ئاواز و نەوا و نەغمەی نەی و دەف و ساز و سەنتوور...لە خەوی بێهۆشی و غەفڵەت راپەرێ، لەم کاتەیدا دەمێ شەیدای جەمال و جەلالەو لە بازاری لاهوتیدا گەردش ئەکاو؛ دەمێ لە تۆیی کەمەندی بێداریدا لە گۆشەی تاریکی و تەنیادا بەرەو بارەگای ئەقەدەسی یەزدانی بە زەبوونیەوە ئەشك و خوێن ئەرژێ، جار جارێ تر یادی خۆی هەڵئەواسێ بە جیهانی ناسووتیدا لە دووریی یاران و یاوەرانی ئەدوێ کە لە کاتی گەنجیدا تیایاندا توابۆوە . (٦)

## کێ لەمەیدانی ئەدەبی مەولەویدا خاوەن گەشتو گوزارە؟

ئەمانە زۆر زۆرو لەژمارە نایەن ،بە پێویستی ئەزانم پەنجەراکێشم بۆ هەندێکیان ، لەوانە:

١.ئەمین فەوزی بەگ (١٨٦٠-١٩٢٣ز)، ئەم کوردە دڵسۆزو وریاو نەبەزە لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەرێکی پایە بەرزو لێهاتووبووە،وە لەهەمان کاتدا شەیداو تینوی چێژی ئەدەبی کوردی بووە، ئەم زاتە بەهەستی پاك و خاوێنی نەتەوەیی کوردایەتیەوە لەساڵی (١٩٢٠)دا کتێبێکی بەناوی ((ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد ))ەوە دەرکردوە لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندوە ، تیایدا باسی چەند شاعیرێکی کورد ئەکات، لەوانەش یەکێکیان مەولەوە،لە وێدا بەرزی بڵندی ئەدا بە مەولەوی و بەراشکاوی ئاماژە ئەکات بۆ سۆزو جۆش وخرۆشی شیعری مەولەویو پایەو پلەی بەرزێتیو بڵندی ئەداتێ . ئەم پیاوە بەنرخ و هەڵکەوتوە شایانی تەقدیرو سوپاسە،چونکە لەو سەردەمەدا نوسین کەم بووە.

٢.حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، ئەم وەتەن پەروەرە ئەم ئەدەب دۆستە لە دێباچەی بەرگی یەکەم و دووەمی ( ئەصل وڕۆح)ە کەیدا ئەفەرموێ: ((بەوتەی خۆم نەبێ ئەدەبیاتی زۆر قەوم و ناودارانی زۆر میللەتم دیوە، هیچیان ئەوەندەی مەولەوی پڕ جۆش و خرۆش نیە، خۆزگە ئەهلی دڵ ئەیخوێندەوە)), وە ئەفەرموێ: ئەمە مەولەوی خۆی و ئەمیشە شیعرەکانی ،وەك ئاوی حەیات لەتو میدادا)).وە ئاماژەش بۆ ئەوە ئەکات کە گۆرانی شاعیرمان زۆر شەیداو پابەندبووە بە مەولەوی یەوە ، بەلایەوە شیعرەکانی مەولەوی سەرتەڵ ولوتکە نشینن.

با ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە پیرەمێرد بەچاوی خۆی مەولەوی دیوە وقسەکانی بەدانە دانەی گەوهەر دائەنێ.

لە دێباچەی بەرگی یەکەمی ئەصل وڕۆحەکەیدا ئەڵی:((ئاخ خۆم ئەیزانم چەند رەنجم داوە تا لەم لەو لا کۆم کردودتەوە خوا حەقە بۆ ئەمە موفتی ..دیوانی مەولەوی دابێ و حەسەن بەگی عەلی بەگی جافیش سەراوردی مەولەوی دەست خستم،خوا هەردووکیان پایەدارو کامگار بکات)). وە ئەفەرموێ((سەید محەممەدو سەید مەحمودو سەید ئەحمەد و سەید عبداللەچوار کوڕی بووە لە چوڕستانە ڕەچەڵەکی براوەتەوە، تەنها

سەید عبد الله ماوە ناچار رایی کردوە وگوازتوویەتەوە پشت قەڵای شەمێران لە دێی سەرشاتە لەوێ وەفاتی کردوە ، تأریخی وەفاتی مەولەوی ۱۳۰۰ھ،۱۸۸۲ز)).

وە لە دێباچەی بەرگی دووەمیدا پیرەمێرد ئەفەرمێت((خوا ئەیزانێ و ئەهلی مەعنا باوەڕئەکەن کە ڕۆحی مەولەوی وەك مەپنهوی مەولەوی ۱ڕۆح نەوازو دڵ پەسەندە..)).۲

۳.ئەنوەر قادر محەمەد:ئەم بەڕێزو پایە بەرزە ئێستا دانیشتوی هەندەرانە ،ئەم لاوە شکۆمەندە لە یەکێك لەزانکۆ کانی مۆسکۆ بڕوانامەی وەرگرتوە،ئەترۆحەکەی لە ئەدەب و ژیانی مەلەوی ئەدویێ ، لە (۱۹۹۰) لە ستۆکهۆڵم بەچاپی گەیاندووە، بە شێوەیەکی شیاو و گونجاو لە (۲۹۰) لاپەڕەدا بە قەوارەی ناوەندی بڵاوی کردەوتەوە ،ئەم دڵسۆزە ژیرانەو زانایانە لەمەولەوی ئەکۆڵێتەوە ،بە شێوەی شیاوی ئەم چەرخە لە ئەدەبی مەولەوی ئەدویێ ولە لوتکەی بەرزیدا دایئەنێ و ئەینرخێنێ.

ئافەرین ئەی جگەر گۆشەی مەلا قادری خواپەرست و ڕوگەش و میهرەبان و سەخی و زبان پاراوو دەرون خاوێن!وە لەهەمان کادا عاشق و شەیدای سازو سەنتور وسۆزی نەی وەمەی ودەفی مەولەوی .ئافەرین ئەی ڕاگێڵی ئەدەب و زانیاری!ئەی ئاوارەی هەندەران و ،دوور لە زێدو ولاٌت و وەتەن ،توانیت سەرکەوتوانە ئەسپی تەبعو ئارەزووت لەمەیدانی بەرفراوانی مەولەویدا تاو بدەیت و گۆی پێشڕەوی بەدەست بهێنیت . بەڵام بەداخەوە ئازیزەکەم !نوسینەکەت پڕ لەوشەی بێگانەو بەگۆش و هۆشی مێشکی ئێمەوە ئاشناو هۆگر نین، لە جیاتی ئەوەی بنوسیت هەڵکەوت حەکیم بەلاسایکردنەوەی ئەوروپاوە نوسیوتە حەکیم هەڵکەوت کتێبەکەت پڕە لەوشەی بێگانە

گیانەکەم بۆ ناگەڕتەوە وڵاتی خۆت لەناو کەسوکارو هۆزو کۆمەڵانی دوورو نزیکتدا ژیان بەسەربەریت، بۆ پیاوێکی وەك بەڕێزتان ژیانی ئێرەت مسۆگەرترە، زانکۆکانی سلێمانی یان هەولێر شانازیت پێوە دەکەن، مانەوەت لەوێ جێی نەهامەتیو جێی سەرگەردانە.

٤- عەلادین سەجادی: ئەم زاتە پایە بڵندە لە(مێژووی ئەدەبی کوردی) ییەکەیدا لە(۱۹۵۲) دا لەچاپیداوە، لەلاپەڕە(۲٤۷)ە وە تالاپەڕە(۲۷٦) لەمەولەوی ئەدوێ و ئەنووسێ: (بادەنۆشی خانەدانی تاوەگۆزی..پێغەمبەری شیعری سەدەی ڕابوردوو،

---

(۱) مە ثنەوی کتێبکە هۆنراوەی مەولانای رۆمیە، لە شاری قونیەی تورکیا نێژراوە .

شۆڕشگێڕی باوەڕی تازەو نۆ..پێشەنگی کاروانی دوڕناسان..مەلەوانی دەریای بیرتیژی، شۆڕەسواری سارای نوکتە بێژی، ل(٢٤٧).

کەوابوو مەولەوی هەم خۆشخوانی حەقپەرستی بووە، هەم نەواخوانی بەزمی سەرمەستی!!، شاعیری بەرزی ئاسمانی کوردەواری..)،ل(١٤٨).

لەساڵی(١٨٠٦)ز لەدایك بووە، بەفەقێتیی چووە بۆ (نۆدشە) و مەریوان و چۆڕە و نەنەو، سنەو بانەو سلێمانیو هەڵەبجەو جوانڕۆو پاوە..(ل٢٥٠).

مامۆستا سەجادی لای وایە لەقەبی مەولەوی یا نازناوی مەولەوی لەلایەن خزمەکانی عەنبەر خاتوونی خێزانەوە براوە بەسەریا، لەدوادا لەلایەن غوڵام شاخانی والی سنە لەکۆرشێکی گەورەو فراواندا-بەڕەسمی- ووشەی مەولەوی ئەکا بەلەقەبی شەعبی بۆ مەولەوی (ل٢٥٢).

وەهەروەها مامۆستا سەجادی لەمەولەوی ئەدوێو ئەڵێ : (ل٢٥٥)( مەولەوی خۆی پێغەمبەری شیعرو زەڕنگەری خەیاڵی شیعرو پەیکەرتاشی ئاسمانی شیعر بووە).

(بەبێ شك مەولەوی بەرزتر شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی کوردە، تا ئەم تاریخەو بگرە هی پێشەوەش، نەوەك هەرئەوەندە بەڵکو ئەگەر بەراوردی خەیاڵی شیعری مەولەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەهەمی غەیری کورددا بکرێ هەموو زمان و قەڵەمێك دانبەوەدا ئەنێ کەفکری بەرزی مەولەوی لەسەر رووی هەموویانەوەیە،

وە لەلاپەڕەی(٢٧٤) دا ئەفەرموێ : ( .. کەوابوو ئێستا مەولەوی چۆن هاتە پێش چاو و لەچەند پەردەدا دەرکەوت ؟؟..مەولەوی بەبەرزتر ئەدیبێکی کورد هاتە پێش چاو و لەپەردەی فەلسەفە، تصوف، غەرام، مەفتوونی تەبیعەت، شاعیرێکی زۆر ووردی بیرتاش، نوکتەزان و فیکر بەرزدا خۆی نواند، بەجۆرێك خۆی نواند کەهەرشوێنی بەرزی لەمەیدانی ئەدەبیاتی کوردیدا بۆخۆی تەرخانکردو بووبە مامۆستای مامۆستاکان).

خوێنەری ئازیز! وەکو بینیت- مامۆستا سەجادی - لەگەشتەکەیدا مافی لوتکەنشینی ئەدابە مەولەوی و بەپێغەمبەری شیعری دائەنێو لەخەیاڵ ناسکیدا کەسێکی تر نەیگەشتووەتێ.بائەوەشمان لەبیر نەچێت مامۆستا سەجادی لەچەند شوێنێکدا لەگەشتەکەیدا واتە لەو کاتەدا کەئەچێتە کەمینەوە بۆ ژیان و مەعنای

هەڵبەستەکانی مەولەوی دەستی تەتەڵە ئەکاو نیشانە ناشکێنێ و هەدەف ناپێکێ، واتە لەچەند بۆچونێکیدا ڕەخنە بەشەرمەوە لەڕووی دێ یەخەی بگرێ.

رەخنەی یەکەم:

لەلاپەڕە(٢٧٢)دا بڕوانە چۆن چووە بۆ مەعناو مەبەستی ئەم تاکە بەیتە کەبەشێکە لەقەصیدەیەکی (٢٨)بەیتی:

بی کۆڵێ وەی وەکۆڵێ پەی دەردان دەرد

ماساو جەسەراو ڕێزاو هەرزان کەرد

(ع،م)لەدیوانەکەیدا لاپەڕە(١٦٠-١٦٦)بەم شێوەیەی خوارەوە مەعنای تاکە بەیتەکە ئەکا: (وی کولێ:بێیە کۆڵە. زەردان دەرد: ئەوانەی تووشی زەردوویی هاتوون.ماساو: ماسی. ڕیزان: کەوتن. واتە داربێیە کۆڵەکان لەبەر سەرمای پایز دەردوو بەڵا چووەتە کۆڵیان، وەئەوەندە ووردەگەڵای تاڵیان داوە ڕاندووە بۆ ناو ڕووبارەکان، ماسی یەکان هەموو مردوون و کەوتونەتە سەرئاو، وەماسی زۆر بووە بۆ ئەوانەی گرفتاری دەردی زەردوون و پێویستیان بەماسیێیە تەماشای بکەن تا چاك ببنەوە. لەکوردەوایدا مەشهوورە زەردوویی دار سەیری ماسی بکا چاك ئەبێتەوەو دەردەکەی تووشی ماسیێیەکە ئەبێت.)ل١٦١.

مامۆستا سەجادیش بەم شێوەیە مەعنای بەیتەکە ئەکا.ل٢٧٢: (جارێك تازە بووکێك زەردوی گرتبوو..ئەمیش هەڵستێ ڕووئەکاتە ئەوچۆڵەو، تووشی کانیاوێك ئەبێ لەبناری-دێی-هانەسوورە کەماسی تێدائەبێ و دار(بی)ێك لقی بەسەر کانەکەدا شۆڕکردبوەوە، ئەچێتە سەر لقی دار (بی)یەکە سەیری ماسیەکان بکا لەناو ئاوەکەدا. مەولەویش لەو وەختەدا بەسەرائەچێ تەماشا ئەکا ماسیەکی زۆر کەوتۆتە سەرئاوەکە تومەز ئەمە(بوك)ە هەر تەماشای ماسیەکانی کردوە مردوون و کەوتونەتە سەرئاوەکە! ئەمیش ئەڵێ: (بی)یە کۆڵەی وەوی لەکۆمەڵ کەبۆ ئەوەهاتووە دەردی لەکۆڵکەوێ بەهۆی دەردەکەیەوی(وەها) ئەوەندەی ماسی ڕژاندەسەرئاوەکە هەرزانی کرد.) داڕشتنەکەی مامۆستا سەجادی کت و مت وەکو خۆی نوسراوەیەوە. لێرەدا سەجادی خوالێی خۆشبێت لەڕاستی لای داوە، ووشەی (وەی وەکولێ) بە وەوی لە کۆلێ کەوتۆتە بەرچاوی، (ڕێزان)ی بەڕێزان وتەعبیرکردوە، (زەردان) بەدەردان، ئەمەش دیارە پێچەوانەی هەموو نووسخەکانە. ئەم تاکە بەیتە بەشێکە لە قەصیدەیەکی(٢٨)

بەیتی،وەکو(ع،م) ئەفەرموێ(ل:١٦٠) مەولەوی بۆ دۆستێکی جافی نووسیوە کەلە کوێستان ماوەتەوەو لەگەڵ عێلانە گەڕاوەتەوە. ئەم بەیتە پەیوەندی بەدێی (هانەسورە)و بوکی تازەوە تە، ئاوەکەی هانەسووورە کانیاوێکە بەحاڵ وەیابە ئاستەم بەشی پێویستی دەکەنەکات، هیچ کەس لە ژیانیدا ماسی لەو کانەدا نەدیوە.

رەخنەی دووەم:

سەجادی لای وایە(ل:٢٤٧)خۆشەویستی شێخ عوسمانی تەوێڵە پاڵی پێوەناوە کەبەهەورامی شیعری ووتوەو،ئەفەرموێ: (ئیتر زمانی شیعری لەخۆشەویستی شێخ وەسمانی تەوێڵەوە ئەبێ بەزمانی هەورامی). وەك لە پێشەکی بەرگی یەکەمی ئەم دیونەیدا ووتوومە مەولەوی پێش ئەوەی شێخ عوسمانی تەوێڵە بناسێت واتە لەزەمانی فەقەتی و سەرجەمی گەنجدا بەهەورامی شیعرەکانی نووسیووە، لەهەموو تەمەنیدا هەر بەهەورامی شیعری ووتووەو بەزارەوەیەکی تری کوردی شیعرو هەڵبەستی دانەناوە.

رەخنەی سێیەم :

سەجادی ئەفەرموێ: (ل:٢٧٥-٢٧٦): لەماوەی (٣)ڕۆژدا ئەو قاعیدە عەرەبە دائەنێ بەشیعر..)

ئەم قاعیدە عەرەبەی مەولەوی ناوی (فضیلة)یەو لەعیلمی کەلام ئەدوێ‌و پێکهاتووە لە(٢٠٣١)بەیت، عبدالکریم المدرس شەرحێکی دوورو درێژی لێکردووەو بەناوی (الوسیلة فی شرح الفضیلة) بەچاپی گەیاندووە. ئایا ئەچێتە مێشکەوە کتێبێکی قەبەو زل لەماوەی (٣) ڕۆژدا دابنرێت؟.

رەخنەی چوارەم:

سەجادی لەلاپەڕە(٢٥٢) ئەفەرموێ: (خاتو عەنبەر چوار کوڕی بووە، شێخ محمەد، شێخ ئەحمەد، شێخ مەحموود، سید عبدالله. لە ژنێکی تریشی(سێ) کوڕی تری بووە، سید هادی، سید حسن، سید حسین. جەنابی پیرەمێردیش لەکوڕەکانی مەولەویدا لەڕاستی لایان داوە، مەولەوی شێخ ئەحمەد شێخ مەحموود ناوی نەبووە، ئاشکرایە وەکو سەجادی ئەفەرموێ وانە، مەولەوی جگەلە عەنبەر خاتوون ژنی تری نەهێناوە وە بەهیچ شێوەیەك نەبووە و نەبیسراوە مەولەوی لەو ژنە وەهمی و خەیاڵە هادی و حەسەن و حەسنی بووبێ. لەکۆتایی ئەم دیوانەدا شەجەرەی نەژادی مەولەوی و نەوەکانی ئەنووسمەوە انشاءالله.

٥- دکتۆر سۆران سنەیی: ئەم ئالا بەرزە، ئەم پایە بڵندە بلیمەتە بەکامێرای عیلم و زانستەوە، بەقەڵەمە بەبرشتەکەیەوە زیرەکانە بەناو جیهانی ئەدەبی مەولەویدا گەشتێکی کردووەومەردانەو سەرکەوتوانە هاتۆتە دەرەوە، لەگەشتە پڕبە هوەکەیدا پەردەی لەسەرنهێنیەکانی مەولەوی لاداوەو زانایانە خستوونیەتە ڕوونرخاندوونی. گەشتەکەی ناوناوە(رسالەی عشق لەمەولەوی ناسیدا) لە چاپخانەی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەوبی)بە ٥٨٦لاپەڕەلە١٩٩١ی میلادیدا بەجوانترین چاپ بەچاپی گەیاندووە، پێشەکیەکی (٧)لاپەڕەیی ی بۆنووسیەوەو بەجوانترین دیمەن و سەرنج ڕاکێش و سیحراوی چەند گۆشەو کەنارو قوژبنی نەخشەی گوڵشەنی ئەدەبی مەولەوی پیشان ئەدابۆن و بەرامی مێشکی پینسانی هووشیارو ئەدەب پەروەرکاس ئەکاو ئەیخاتە جیهانێکی پڕ لەسەرگەردانەوە، وەك (..مەولەوی، یەکەم هەستیارو زاناو عارف وفەیلەسوفێك کە چێژی ژنیەژانی ئەم ڕۆژگارە چەپگەردەی کردبێ، دڵنیام دوان کەسیش لەم تاقمە نە، بەڵام بۆم ڕۆشنە کەیەکێکە لەو پۆلە ڕەنجەڕۆیانە والەڕۆژگاری خۆیدا، ئەگەر لەناو کۆمەڵگاکی هونەر پەروەرو فەرهەنگ پێشکەوتوودا ژیابا، هەزار ئەوەندەی ئێستا ئەشکۆفیاوەو سەد ئەوەندەش بەرهەمی فەرهەنگی لەخۆیەوە بەجێ ئەهێشت. مەولەوی لەناو ئاپورەەکی سادەو پاك دڵ و ڕەنجیکێش، بەڵام ستەمکێش وژێرچەپۆکدا ژیاوە. لەسەردەمی ئەودا، ڕەنگە هەرئێستاش، هونەرو هونەرمەندو بەگشتی فەرهەنگ وفەرهەنگپەروەر مەگەر بەدەگمەن بایەخێکی بۆ دانرابێ...)ئەم زاتە-ئەم زاتە وەکو خۆی ئاماژەی بۆ ئەکاودەری ئەبڕێ (نیوەی تەمەنی لەپێناوی ناسینی مەولەویدا بەخت کردووە.وە ئەڵێ: (فاسیلەی نووسینی ئەم کتێبە هەتاکو لەچاپدانی، لەبەر چەند هۆی دیارو نادیار سێ چوار ساڵێکی کێشاوە. هەرچۆنێك بێ، لەئاسانەی سیءوپێنجەمین ساڵی ژیانی خۆمان، ڕەنجەڕۆیانە ئەم بەرهەمە پێشکەش بێ بەنەتەوە بەرێزەکەم..). ئەم هێژایە لەدیوانەکەی مەولەویدا(٤٥) قەصیدەی هەڵبژاردووە، زیرەکانەو بەوپەڕی جوانکاری و شکۆمەندەوە ڕاڤەو شیتاڵیان ئەکا، کۆی قەصیدەکە ئەنوسێت و ژمارە بۆتاك تاکی بەیتەکانی دائەنێو لەدوادا دێتەسەر ڕوونکردنەوەی:واژەکان،تەرکیبات، زارەکان، واتای شیعرەکان، ڕوانگەکان...جا بەشێوەی شیاو ئەچێتە ناو جەرگەی قەصیدەکەوەو بەپەڕی کارامەوە نەشتەرگەریی ئەکاو هەڵیئەسەنگێنێ. لەکۆتایی ئەم چەند دێڕەمدا زۆر زۆر سوپاس وستایشی کاك

دکتۆر سۆرانی بەڕێزنەکەم بەرانبەر بەم تێکۆشانە پڕشکۆمەندەی، ڕووی ئومێدی تێئەکەم کەقەڵەمەکەی هەمیشە لەگەڕان بێ بۆ زیاتر ڕۆچون لەدەریای مەولەوی ناسیندا، هێشتا زۆری ماوە کەبتوانین گەماڕۆبدەین بەجیهانی فراوانی مەلەوی‌داو شوێن وجێگای ڕاستەقینەی دیاری بکرێت.

لەخوای باڵا ئەپاڕێمەوە ئەم نوسراوانەو نمونەیان بپارێزێ.

٦- عبدالكريم المدرس: ئەم زاتەپایە بڵندوناوازەیە، ئەم دڵسۆزو بلیمەت وهەڵکەوتوە، بەسواری ڕخشی وویست وئارەزوی خۆیەوە شێرانەو مەردانە گەشتێکی چەند ساڵەو درێژخاەنی بەجیهانی فراوانی ئەدەبی مەولەویدا کرد، گەشتەکەی گەلا سەرکەوتووبوو. توانی بەتیشکی کامێرای دەرك و ئیدراکی تیژی تابلۆمانی ئاسا(١) بیانخاتە بەر چاوی ئەدەب ناسان وفەرهەنگپەروەران و شەیدایانی خەق وخەقیقەت . بەڕاستی هەر ئەو بوو-پێش هەموو کەس- جیلوەی دا بەئەدەبی مەولەوی و،پەردەی لەسەر نهینەکانی مەولەویی لاداو کۆمەڵانی خستەسەر شەقامی ناسینی مەولەوی.

ئەم زاتە بەتوانایە لەساڵی(١٩٦١-ز) لەبەغدا لەچاپخانەی (النجاح) دیوانی مەولەوی بەچاپ گەیاند. محەمەدعلی قەرەداغی واتەنی (دیوانی مەولەوی مامۆستا مەلاعەبدوالکەریم بەیەکەم کاری ڕێك وپێکی لێکوڵینەوەی ئەدەبی کورد دەژمێرێت و تائەوکاتەی ئەودیوانە دەرچووە نمونەی لەکتێبخانەی کوردیدا نەبووە).ئەم دیوانەی بەڕێزیان پێکهاتووە لە(٥٤٤)لاپەڕە، شیعر بەشیعر یا بەیت بەبەیت مەعنای ووشەو واژەکان ئەکاو بەجوانترین شێوەو شێواز مەبەست و نهێنیەکانی ئەخاتە ڕوو و شەن و کەویان ئەکا.بەداخەوە ئەم بەڕێزە لەکاتی گەنجی و لاویداو لەوسەردەمەیدا کەلەبیارە بەتەدریسەوە سەرقاڵ بووە، لەوێداو لەوکاتەیدا ئەگەر ئەم پرۆژە پیرۆزو بەنرخەی ئەنجام بدایە هەڵبەت گەلێ باڵاو بایەخدارتر ئەبوو،چونکە بیارە لەو ڕۆژگارانەدا ئارامگایەکی مەعنەوی و سەرچاوەیەکی ڕۆحی بوو،مەلاوزاناو ئەدەبیان کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویان تێ ئەکردو ماوەیەکیایدا ئەمانەوە، جابەبۆنەیەوە مامۆستا-ئەگەر بیویستایە - بەئاسانی ئەیتوانی بەدەیان نوسخەو بە یاضی شیعرو پەخشانی مەولەوی لەڕێگای مەنسوبان و موریدانەوە کۆبکاتەوەو سوودیان لێ وەرگرێت ، وەبەئاسانی بۆی ئەکرا شیعری مەولەوی و غەیری مەلەوی -بەهۆی فرە نوسخەوە-لێك جودا بکاتەوە.بەتایبەتی لەوکاتەدا بەدەیان کەس لەو زیارەتکەرانە مەلەوان دیوەو لەژیانی

شارەزابوون و، زۆربەشیان عاشق و شەیداو پابەندی هەڵبەست و هۆنراوەی مەولەوی بوون، مامۆستا(ع.م) لەدیباجەو پێشەکی دیوانەکەیدا ئامارە ئەکا بۆ ئەمە. بەڵام بەداخەوە-وەکو خۆی دانی پیائەنێ لەو کاتەیدا ئەو بیرو هۆشە لەکەللەیدا نەبووە لە مەولەوی بدوێ. بەڵام هەرچی چۆن بێ، ئێستاش دیوانەکەی زۆر بەکەڵکەو جێی شانازە. لەناخی دڵ و دەروونمەوە ئەڵێم: ئەگەر ئەم بلیمەتە نەبوایەو ئەم دیوانەی بەچاپ نەگەندایە هەرگیزاو هەرگیز.کەسایەتی مەولەوی نەئەناسراوشیعری مەولەوی نەئەزانرا. خوای پەروەردگار بەرانبەر بەم کردارەی پاداشتی چاکەی بداتەوە.

٧-محەممەد عەلی قەرەداغی: ئەم زاتە دڵسۆزە شەیدای ئەدەبی کوردو کوردەوارە بەتایبەت لەمەولەوی دا تواوەتەوە. بەناوی (شارۆیەك لەباخچەی ئەدەبی مەولەوی) دا نووسینێکی(٤٤) لاپەڕەیی لەسەر مەولەویی نووسیووە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، لەساڵی١٩٧٨دا لەبەرگی شەشەمدا بۆی بڵاو کردۆتەوە. لەپێشەکەیدا نرخ و پایە بڵندی و بەرزی بۆ مامۆستا عبدالكريم المدرس دائەنێ کەتوانیویەتی بەسەر کەوتووانەو زانایانە لەدیوانی مەولەوی بدوێ و بنووسێت. سۆزی مامۆستا عبدالكريم بەرانبەر بەکەسایەتی مەولەوی و شەیدابوونی بەووتەی مەولەوەوە دەرئەبڕێو ئەڵێ (..گەلێ جار وابووە لەخزمەتیدا دانیشتوم شیعرەکانی مەولەویی بەسۆزێکی خۆشەوە خوێندوەتەوەو، بێ پەروا هۆنە هۆن فرمێسك لەچاوەکانەوە جۆگەلەی بەستوەو ڕیشە سپە جوانەکەی تەڕکردوە..ئەو دانیشتنانەو ئەو سۆزە بەیتانە شەیدای مەولەوی و شیعری مەولەوان کردم و ، بە زۆرەملێ خۆم بەسەردادەبڕین..)وەهەروەها لەسەری ئەڕواو ئەفەرموێ: (هەر بەوە کە شەیدای جیهانی ئەدەبی مەولەوی بووم هەرباسێك یان شیعرێکی چاپ نەکراوی مەولەویم بیستبێ لەسوچێکدا نووسیومە. وەتازیاتر لەو دیوانە ووردبومەتەوە زیاتر بۆم ڕوونبوەتەوە جیهانی مەولەوی جیهانێکی تایبەتەو، هێشتا ڕێزی خۆی لێنەگیراوە، گەلێ لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، کەتا ئێستە بۆی کراوە). وەئەفەرموێ: (لەئەنجامی ئەو سەرنجدانانەشمەوە بۆم دەرکەوتووە کارەکەی مامۆستا لەگەڵ ئەو هەموو نرخەیداو لەگەڵ ئەوەشدا کەبەهەموو بڕوایەکمەوە دەڵێم : ئەو کارە بە مامۆستا نەبوایە بەکەس نەدەکرا. هێشتا کاروانی شیعرو ئەدەبی مەولەویی نەگەیاندوەتە دوا قۆناغ وزۆربەی بەبەرەوە ماوە..) ئەم بەڕێزە لەم (شارۆ)کەیدا گەلێ ڕەنجی کێشاوەو، لەئەندازە بەدەر ماندووبوونی بەخۆیەوە دیەوە، بۆم هەیە بڵێم

نووسینەکەی گەلێ بەنرخە، بۆئەوە ئەشێت کەسەرچاوەیەکی گرنگ بێت لەپاشە ڕۆژدا بۆ ڕست و ساغ کردنەوەی شیعری مەولەوی . لەبەرگی سێهەمی ئەم دیوانەمدا-خوای گەورەوبالآیارمەتیم بدا-سوودلەم نووسینە وەرئەگرم و پشتی پێئەبەستم.

مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی شایانی تەقدیرو ڕێزە، بۆ پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی بەگەرمی وبەدڵسۆزی هەمیشە تێئەکۆشێ وبێ ووچان قەڵەمەکەی لە گەڕدایە، پیاوێکی یا مەردێکی دنی و دنیاە، وەهەمیشە دەرگای یانە خنجیلانەکەی لەسر پشتە بۆدۆستان و بێگانەو خزمانی، حاتەم ئاسابەدەمیانەوەپێئەکەنێ وڕێزیشیان بەواجب ئەزانێ.

٨- شێخ عبدالعزیزی پارەزانی (١٩٢٥-١٩٧٦): ئەگەر ڕەوشت وخووی بەرزو ڕەفتاری پاك و کرداری چاك و ئان پەروەری و جوامێریی دنیایی ..بکەیت بەپێوەری هەڵسەنگاندنی مرۆڤ، ئەوە بەبێ گومان مامۆستا شێخ عبدالعزیز پارەزانی مافی ئەوەی هەیە لەلوتکەی بەرزی مەجدوشکۆو شەرەفدا جێگای دیاری بکرێ وبەشانازییەوە پەنجەی بۆدرێژبکرێ.

لەسەرەتای پەنجاکانیسەدەی ڕابردووەوە لەڕێگایخوێندن وفەقێتەوە بەناسینی ئەم ئالآبەرزە پابەندو شەرەفیاب بووم، بۆماوەی(٢٦)ساڵ وەکویەك ڕۆح لەدوو بەدەندا ژیانمان بردەسەر. لەئەندازە بەدەرسەخی و ڕووخۆش و دڵفراوان بوو، ڕق و قین و خۆشەویستی و محەببەتی لەبەر خوابوو، وەکوهەموو زاناو ئەدەب پەروەرانی کوردستانی لەژێرباڵی ڕەشی هەژاری و نەبوونیدائەژیا. ئەم بەڕێزە -وەکو خواترسێکی هەمیشەیی-بەگەرمی و سەرومڕخەریکی خواپەرستیبوو، هەموفەرزو پێوویستیەکانی ئانی پیرۆزی ئیسلامی بەبەردەوامی جێبەجێی ئەکردو لەکاتی خوێندا ڕای ئەپەڕان.

لەخۆشەوویستی ئیمامی شەهید(حسن البنا)و سەدقوتب توابۆوە، بەبیرو باوەڕی ئەوانەوە خۆی گرێ دابوو. ئەم زاتە خواناسە لەشەستەکاندا زنجیرە کتێبێکی بەچاپ گەیاند، لەوانە یەکێکیان (ژیانی پێغەمبەری مەزن)بوو،من خۆم سەرپەرشتی چاپەکەیم ئەکرد، تائیستا چەند جار چاپکراوە. داخەکەم مەرگ فرسەتی نەدا درێژەبەنووسینەکانی بدا. ئەم زاتە بۆ گۆڕینی مەولەوی لەهەورامەوە بۆسۆرانی

یارمەتیی ئەدام وهەمیشە بەگەرم هانی ئەدام بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیەم (فسلام الله علیه یوم ولد ویوم یموت ویوم یبعث حیاً).

٩-شێخ بابە عەلی: ئەم زاتە هەڵکەوتووە کوڕی عەللامەی بەناوبانگ شێخ عومەری قەرەداغە(١٣٠٣-١٣٥٥ك). ئەم بەڕێزە نازی باوکێتی بەخۆیەوە نەبینی لەسکی دایکیابوو باوکی بەڕێزی کۆچی دوایی کردو،لای باوکی دایکی ژیانیمنالی بردەسەر. لەسەرەتای پەنجاکاندا بەناسینی ئەم زاتە شەرەفیاب بووم و، دووپێی دڵم بووبە تەڵەوخۆشەویستەوە. ئەم هێژایە ماوەیەکی زۆر بەگەرم و خولیای بەرهەمی مەولەوی بوو، شەیداو عاشقی شیعری مەولەوی بوو، لەمیانەی ئەم خولیایەیدا دەربارەی مەولەوی دوونووسینی بەچاپ گەیاندوبلاوی کردنەوە. یەکەمیان بەناوی (هەڵبژاردەیەك لە عەقیدەی مرضیە ی مەولەوی ، مامۆستا فاتح عبدالکریم المدرس لەپەراوێزی ژمارە(٨)داو ل(٢٣)لەشەرحی عقیدەی مرضیە کە ی باوکی بەڕێزیدا دەربارەی ئەم کتێبەی بابە عەلی ئەفەرمووێ: کتێبێکی تازەیە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی بەڕێز بابە عەلی شێخ عومەری قەرەداغە ، ساڵی ١٩٨٥ لەچاپخانەی ئیرشاد لەبەغدا. لەچاپ دراوەو(١٥٨)لاپەڕەیە. لەم کتێبەدا وەك نووسەری بەڕێز خۆی لەپێشەکیەکەیدا دەڵێت: (نزیکەی دەیەکی عەقیدەکەی هەڵبژاردوەو لێکی داوەتەوە. لەڕاستیدا کتێبێکی بەنرخەو نیشانەی ماندووبوونی نوسەری پێوەدیارەو، بەهەموو شایانیەکەوەچوەتە ریزی پێشەوەی ئەو ڕەنجانەی تائێستا دراوون دەربارەی بەرهەمی حەزرەتی مەولەوی).

دووەم کتێبیان لەچەند قەصیدەیەکی مەولەوی ئەکۆڵێتەوە، تیایدا بلیمەتی مەولەوی پیشان ئەدا، دەربارەی کتێبی یەکەمیان دیسان فاتح عبدالکریم لەسەر چاوەی پێشوودا لاپەڕە(٨٤٥) لەژێر ژمارە(٣) دا ئەڵێ: (لێرەدا نابێ ئەوە پشتگوێ بخەین کەبرای بەڕێز شێخ بابە عەلی کوڕی مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی-من پێ بزانم-یەکەم کەسە ئەوەی نوسیوە کەنیوەی دووەمی بەیتی عەقیدەی مرضیە کەی بەحسابی حروفی ئەبجەد ساڵی لێبوونەوە لە دانانی ئەگرێتەوەو، ئەمەی لە پەراوێزی لاپەڕە(١٥٢)ی کتێبەکەیدا (هەڵبژاردەیەك لە عەقیدەی مە رضە ی مەولەوی ) نووسیوە.).ئەم بلیمەتە وەکو لەپێشەوە باسم کرد سەردەمێك زۆر شەیداو سەرقاڵی مەولەوی بوو، لەمکاتەیدا زۆر زۆر یارمەتی مەعنەوی منی داو، زۆر گیروگرفتی

لەبەردەممدا لابردو، نهێنیەکانی مەولەوی بەشێوەیەکی زانستیۆ لیهاتوانەوە بۆمی روون ئەکردەوە. وەلەلایەکی کەشەوە هانی دەدام بۆ بەردەوام بووم لەسەر کارەکەم .بەلاّم لەپرئەم پیاوە پایەبەرزەرووی لەئەدەبیاتی مەولەویی وەرگێراو بەتەواوی پشتی تیَکرد،بەپێچەوانەی جارانیەوە لەهیچ دانیشتنێکدا نەمدی و نەمدی باسی مەولەوییو ئەدەبی مەولەوی بکات ولێی بدوێ.وەهەروەها وەك رووی لەمەولەوی وەرگێرا-ئێستاکە بەرانبەر بەمن ئەوبەزەییو میهرەبانەی نەماوە کەجارن لەگەڵ مندا هەیبوو لەدڵی خۆمدا بەووردی لێکی ئەدەمەوە نەك تەنیا بەئاشکرا -بەڵکو بەخەون و خەیاڵیش پەی بەو هۆیە نابەم، لەوانەیە-خوانەخواستە-زووشتی بەرانبەری بوویێو من دەرکی پێنەکەم،منیش لەلایەن خۆمەوە ئەڵێم : ( هەتا یاساو دەستوری خوێندنی عێراقی پۆلی شەشەمی عیلمی ببڕێت بەبێ ئەوە-وەکو من ئگاداریم هەیە لەژیانی ڕۆژانەی -بچێتە قوتابخانەیەك وەیا لای زانایەك دەرسی خوێندبێ و چۆکی بۆی دادابێت. لەساڵی (٦٣)دا بەفەرمانی زەعیم صەدیق و بەهەزاران دانیشتوانی سلێمانی لەهەمە چەشنەیەك خەڵك گیرابوون، من وبەڕێزیشی لەوکۆڕوگرتنەدا بێبەش نەبووین، جارێکیان لەوەلاّمی پرسیارێکدا وتبووی من ماموّستام (راستە لەو کاتەدا ماموّستابوو) دوابەدوای ئەوە وتبووی من قوتابی و لەپۆلی شەشی دواناوەندیم، لەسەرئەوە گواستیانەوە بۆ ئیستەپڵەکە (جێی ئەسپەکان) . لەو کاتە نالەبارەو لەوشوێنە ناسازەدا ئیمتیحانەکەی تەواوکرد، ئەنجامەکەی ئەوەبوو(٧٥)هێنابوو. بەداخەوە بەخت و ناوچەوانی هاریکاری نەکرد بچێتە زانکۆو پلەی بەرزبهێنێو سەری میللەتەکەی بەرز بکاتەوە گیانم لەقەفەزدایەو هەناسەم هاتوچۆ ئەکا هەرهەمان هەڵقە لەگوێی ئەم خۆشەویستەبێ وێنەیەم. بەلاّم جارێك بەشێوەی ئاڵۆزی رووی تێکردم وفەرمووی:من لەبەرگی یەکەمی مەولەویدا زۆر یارمەتیت لەمنەوە بینی، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی منت نەهێناوە...) وتم راستەو مافی خۆتەو گلەکەت لەسەرسەرمە خوای گەورەو بالاّدەست ئەیزانێ ئەم زاتەم بیر نەچوو، ئەوەی ئێستا نوسیومە زیاترم لەسەرنووسیبوو بەلاّم بەهۆی گێروگرفتەکەی چاپخانی (خلود) مەوە نووسیەکەی ئەم و شێخ عبدالعزیزی پارەزانی رووناکیان نەبینی و لەوبەرگەدا بلاّونەکرانەوەوە. بەخواست وئیلهامی دڵم حەز ئەکەم زیاترو چڕوپڕتر لەم بلیمەتە بدوێم، ئەم ناوازەیە-خوابیهێڵێ-زیرەکی و زەکاوەتەکەی سنوورنەناس و بێ مەرزە، لەماوەیەکی زۆر کەم وکورتدا هەموو باتە

زانیارانەی ١٢تا١٤ساڵدا بەفەقتی تەواویان ئەکرد، ئەم ئاڵابەرزە لەماوەی پێنج وشەش ساڵدا بەتێکەشتنەوە گەیاندیە کۆتایی.

١٠-دکتۆر صەدیقی موفتی زادە: ئەم زاتە کوڕی زانای بەناوبانگ مەلاعبداللە ی (دشە) یی‌یە، واتە برای مەلا مەحموودی موفتیی شاری سنەیە، وەمامی شەهید کاك ئەحمەدی موفتی زادەیە. ئەم زاتە خوێندنی مەلایەتیی تەواوکردوەو، لەدوادا لەدانشگای تاران دەرچووەو پلەو بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە.من لەسەرەتای خوێندنەوە لەلای ئەم بەڕێزە خوێندوومە، دیوانی مەولەوی کۆکردبۆوەو شەرحێکی باشی لەسەر نووسیبوو،چەند نوسخەیەکی دەست خەتی لابوو، بەشێوەیەکی جوان نووسیبوویەوەو ئامادەی کردبوو بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی، بەڵام بەداخەوە بۆی هەڵنەسوڕا ئەو پرۆژە بەنرخەی بدا لەچاپ، ئیتر خۆی ماڵاوایی لەدنیاکردو نەمزانی دیوانەکەی چی بەسەرهات؟

١١-مامۆستای بەڕێز صەدیق بۆرەکەیی(صەفی زادە): ئەم زاتە زۆر و لەسنوور بەدەرعاشق وشەیدای ئەدەبی مەولەوی یە، ئەم پایەبەرزە بەدڵسۆزی و زانایانە و لێهاتوویی دەستی داوەتە نووسینی ووێژەی فەرەنگی کوردی، لێرەولەوێ توانیویەتی دەیان شاعیرو هەستیاری کوردی بخاتە قاڵبی کوردەوە و زیندوویان بکاتەوە، لەڕووەوە نووسینی زۆرەو کردارەکانی جێی شانازە، خوابیهێڵی و پایەداری بکات بۆئەمە گەلە کلۆڵ و لێ قەوماوە. بەڕیزیان لەدیوانەکەی میرزا یەحیای کوردستانیدا کەلەساڵی١٣٦٩دا لەچاپخانەی حەیدەری بەچاپی گەیاندووە،لە(ل:٣)دادەربارەی مەولەوی ئەفەرموێ: (..مەولەوی یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردەو هەتا هەتایەلە ئاسمانی ووێژەی کوردەواریدا ئەدرەوشێتەوە، ئەو لەزانیاری ئان و ووێژەو پیتۆڵیشدا شارەزاو پسیۆڕ بووەو لەم بارەوە گەلێ نووسراوی بەکەڵکی بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی داناوە کەهەندێکیان لە چاپ دراون..گەلێ شیرین و تەڕو پاراووناسکن و کەمتر هونەرێك توانیویەتی بەو تەڕو پلراوەیە هۆنراو بهۆنێتەوە).

١٢- میرزا یەحیای کوردستانی: مامۆستا صدیق بۆرەکەیی(صەفی زادە) دەربارەی ئەم دیوانە-لەپێشەکەکەیدا-ئەفەرموێ: (ئەم دیوانە کەبەژمارەی٣/٣٩٩٦لەپەرتووکخانەی زانستگای تاراندا پارێزراوە، لەدەوری مەولەوی (١٢٢١-١٣٠٠-ك)دا بەهۆی هونەرێکی کورد بەناوی یەحیای کوردستانەوە

نووسراوەتەوەو هەندێ پەراوێزیش بەزمانی فارسی و کوردی لەلایەن مەولەوی و نووسەری نوسخەکەوە بۆ هۆنراوەکان نووسراوە.. نوسخەکە نوسخەیەکی ڕێك وپێکەو،نوسەرەکەی گەلێ بەتەنگیەوە بووەو لەژێر هۆنراوەکاندا هەندێکیانی نرخاندوە وەك ئەڵێ:((بەخ بەخ )).((هەتاخوار چلۆنە مەرگی من)) .((هەی هاوار لەمە)) .((نازك بەیتە)).((سوبحانەڵلآ لەم بەیتە)). ((ئەیڕەحمەت)). ((ئەڵلآهو ئەکبەر لەم بەیتە)).( (تێ فکرە چ حشرێ دەکا)).((ئەی چ دەکا)).((توخواچ لۆنە)).مامۆستا صەدیق لەسەری ئەرواو ئەڵی: ((نوسەر وەکو خۆی لەپەراوێزی دیوانەکەدا ئەڵێ: ((دیوانەکەی لەڕووی نوسخەیەکی دەستنووسی مەولەوی نوسیوەتەوەو چەند نوسخەیەکی تریشی لابووەو جیاوازیەکانی ئەو نوسخانەی لەسەر هۆنراوەکان نووسیوەو مانای هەندێ وشەی وەکو:ما فەتە،واژاوش، وەرکەمەر، چنوور، رەزەن))ی لەسەر هۆنراوەکاندا نووسیوەو لەکۆتایی نوسخەکەدا شێخ عبدالرحمان ناوێك پارچە هۆنراوەیەکی مەولەوی بەخەتی خۆی لەساڵی١٣٠٤ی کۆچیدا نووسیوەو کۆتایی بەدیوانەکەی مەولەوی هێناوە..وەمامۆستا صەدیق لەسەری بەردەوامەو ئەڵێ ( گرنگترین وبایی دارترین نوسخەی دەستنوسی دیوانی مەولەوی هەر ئەم نوسخەیە یە کەلەبەردەستتاندایەو لەدەوری مەولەوی نەمردا نووسراوەتەوە...)ل (١)و(٢)پێشەکی. پشت بەخودا لەبەرگی سێهەمدا من سوود لەم دیوانە وەرئەگرم.

## تێکەڵ و پێکەڵ بوونی دیوانی مەولەوی و ئاڵۆزەکانی

مەولەوی وەك لەزەمانی خۆیدا-بەرەغمی نەبوونی چاپەمەنی-پاش خۆشی ناوی لەزۆر ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو بەشێوەی سیحراوی کاری کردۆتەوە سەردڵ ودەروونی ئەدەب ناسان، بەم بۆنەیەوە بەدەیان بەڵکو بەسەدان دیوانەکەی دەست بەدەست و یەك لەدوای یەك نووسراوەتەوە، ئەمەش دیارە شێواوی و ئاڵۆزی پەیدا ئەکا،ئەبینی لەهەندێ نوسخەدا چەند بەیتێك-زۆر یا کەم-پارچەیەکی سەربەخۆیەو لەهەندێ تریاندا ئەو پارچەیە بەچەند پارچەی جیا جیا ئەکەوێتە بەر چاو، وەبەپێچەوانەشەوە لەزۆربەی دیوانەکاندا ئەم گێژاوو ئاڵۆزە رەچاوئەکرێت. لەلایەکی کەشەوە ووشەیەك بەووشەیەکی ترو ڕستەیەك بە ڕستەیەکی تر سەرهەڵئەدا، ئەمەش دیارە ئەبێتە هۆی تێکچوونی مەعنا و، بۆنمونە بڕوانە بەیتی یەکەم لەقەصیدەی (ساقی ئاوەردەو ) لەلاپەڕەی(٢٩١)ی دیوانی(ع،م) لەوێدا(ووریا) نووسراوە کەبەمەعنا خواردنە لای ،(ف) (دەریا)یە، ئەمەش دیارە ڕەوتی مەعناکە تێك ئەدا. بۆیە ڕاقەکەران ئاماژە ئەکەن بۆ ئەم گۆڕانکاریانە .

**محمد امین حبیب سعید**

**ئەردەڵانی**

**دروودو ستایش** [1]

**هەورمکەی ڕەحمەت ڕووی سەمای کەرەم**

**( صلاة ) و( سلام ) اکەی کەم؟ ئیسەکەم**

**بێرێ و بڕێژێ بدا وەهەمدا**

**وەسە رمەزرعەی ڕۆحی خاتەمدا**

**سەروازکا سەراو وەهەر شەتاودا**

**وەسەر زەوی پاك ئال و ئەصحاودا**

**تابدا وەپرتەو وەسەر وجوودا**

**( ئیمان ) لەئەسرار ئەهلی شهوود دا**

**جەو مەوزەعە نوور جۆش دا سەرە و ژوور**

**کوردستان پڕکا جە تۆفان نوور**

**بەو نوورەی ( ئوممی ) ش کەردەن وە ( اعلم )**

**کتێبخانەی چەن میللەت وەهەم** [2]

**بویەرۆ بەرقش جە کۆی کوردستان**

**ڕزگار بین جە دەس نادان وە ئاسان**

---

[1] ئەم قەصیدەیە لە دیوانی (ئەصل و ڕۆح) ەکەی پیرەمێرد وەرگیرا، بەیتی یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم لە دیباجەی (عەقیدەی مەر ضی ) یەکەی خودی مەولەویدا بەو دمقەوە هەیە.

[2] —(امی– ئۆمی) : نەخوێندەوار. (اعلم): زاناتر. مەبەست لە (ئۆمی) پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێ). واتە خوای گەورە بەو نوورەی خۆی پێغەمبەری نەخوێندەواری کرد بە زاناو داناترین ئادەمی، سروشی بۆ ناردو سەری خست بەسەر هەموو ئانەکانی ترداو بە شەریعەتەکەی شەریعەتی کۆی میللەتەکانی تری (نەسخ کردەوە).

لەم ڕوەوە دەربارەی پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێ) مەولەوی لەبەیتێکدا ئەفەرموێ:

لەمە موعجیزە عەجیبتر (مەشنەو):

(امی) و عەللامە هەتیو بەئەدەو

وشەی (مەشنەو) واتە مەبیستە. ئەدەو: ئەدەب واتە : موعجیزە لەمەگەورەتر هەرگیز نابیستی:

مرۆڤێك هەتیوبێ و لەو پەڕی ڕەوشت بڵندی و ئەدەب بەرزیدا بێ، وەیاخود ئۆمی بێ و لە هەمانکاتدا لە عیلم و زانستدا بلیمەت و سەراوورد بێ.

**هەورامی ( ٠ )** [١]

**ئەی گرد ( مەوجودێ ) جە تۆ گرت مایە**
**پەیدا هەر تۆنی( ماسیوا ) سایە** [٢]
**پەنهان بی تەنها ( وەحدەت ) مەوج وەرد**
**پەی شنا سایی ( ظهور ) یۆەت کەرد** [٣]

**سۆرانی ( ٠ )**

**بۆ هەموو بونێ تۆ بوی بەمایە**
**پەیدا هەر تۆیت و( ماسیوا ) سایە**
**پەنهان وتەنیا، ( وەحدەت ) مەوجی دا**
**بۆ ناساندنت ( جیلوە )ت دەمی دا**

---

[١] بەم قەصیدەیەو چەند قەصیدەی دوایی لەخوای گەورەو میهرەبان دەپارێتەوە.

[٢] واتە ئەی خوایە! هەرچی بوون و بوونەروەر هەیە لەم بوونە فراوانەدا تۆ بەتوانای خۆت گیانت کردووەبەبەریاندا، پەیداو نەمر هەرتۆیت و، بێجگە لەتۆ هەموو بونێك وەك سێبەر وایە.

[٣] (وەحدەت) ، (م): (وەحدەتت) . بەلاّم کێش و وەزنی بەیتەکە تێك دەدا. واتە: پێش دروست کردنی ئەم بوون و بوونەوەرە، تۆ تەنها و پەنهان بووی، بۆئەوەی بناسرت– وەیا بۆ هەر ئەنجامێ تر کەهەر خۆت دیزانی– لەپڕ ئەو (وەحدەتە) ت شەپۆلێکی داو بوونەوەرت دروست کردو خۆتت پێ ناساندن. کەواتە ئەم بوونە کە شوێنەواری پەنجەی تواناتە سەرەتاو کۆتایی هەیە، بەلاّم تۆی مەوجوود و ڕاستەقینە نە سەرەتات هەیەو، نەکۆتایی.

بەوێت جەی عالەم بێ بەقای ( ناسووت )،
ئەر وەی گرد ( جیلوە ) ی ومرین نەشناسووت [٤]
بەسەد ( جیلوە ) ی تەر-بێچوون و چەنی-ا
شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی [٥]
سەر وەشم بەی وەسف جەمالیتەوە
باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە [٦]

هەورامی( ١ )

ئەو-هەر بەو عادەت سەر وەش نیگاران
پەی فەنای یەکسەر خاتر پڕ خاران [٧]
چار نی یەن جەدەس : ( جیلوە نەکەردەن )
( بسم الله ) ها تێغ ئێد کە چیی گەردەن [٨]

من لەم دنیایەی بێ بەقای ( ناسووت )
نەتناسم گەر بەم گشت ( جیلوە ) ی پێشووت ؟
بەصەد ( جیلوە ) ی تر-بێ وێنەو مانەند
بەناسینی تۆ نابم بەهرەمەند
مەستم بەوەصفی ( جەمال ) یتەوە
دیسان بە جیلوەی ( جەلال ) یتەوە

سۆرانی ( ١ )

گەر – هەر بەو ڕەویەی سەرخۆش نیگاران
بۆ فەنای یەکسەر دڵ پڕ لە خاران
چار نی یە لەدەس : (( جیلوە ) نەکردن )
فەرموو ئەو تیخ اها کەچیی گەردن

---

(٤-٥) (ناسووت) : جیهانی مادده. واتە: ئەی خوایە ! ئەگەر من بەم گشت بەڵگانە و بەو هەموو دەرکەوتنانەی پێشووتەوە نەتناسم ؟ ئاشکرایە بەسەدان ( جیلوە) ی ترو دەرکەوتنی ترت ناتناسم، هەموو گەردیلەیەکی بوون- دەلیل و بەڵگەی بوونی تۆیە.
وشەی (بێچوون وچەنی) یا (بێچوون و چرا) : بە بێ قسەو بە بێ دەلیل.

(٦-٨) بەی : (ف)و(پ): وەی. (م) : باز هەم بەی. ف وپ: بازەم وەی. م: چارنی یەن، ف: چارەنین.
(جەلال): صیفەتی قین و قارە.(جەمال) : دڵنەوایی و میهرەبانی یە. واتە خوایە! من مەست و شەیدای (جیلوە)ی (جەلال) و (جەمال) تم. مانەوەم بە تەنیا بەم دوانەوەیەو. هۆی خواستم ئەوەیە ئەو (جیلوە) یەت لەمن ئاوا بێ. جانەگەر –بە شێوەو ڕەویەی (سەرخۆش نیگاران) و ئەوانەی کەلەو پەڕی جوانیدان و بۆ لەناوبردنی عاشقانی دڵ پڕ لە خاران- چار نی یە: لە (دەست (جیلوە) نەکردن) ت ، ئەوە لەم کاتەدا فەرموو ئەوە تیغی تیژی تۆو ، ئەمەش گەردن کەچی من ولەناوم بەرە.

گێو تەر نی یەن داد وێم کەروون
جەدەس تۆ بێداد وەی کێ بەروون ؟ [٩]
واوەیلام بێ حەد زایم بێ شۆمەن
جەلای تۆ فەریاد جەدەس تۆمەن [١٠]

شوێنێ تر نی یە بکەم دادو ڕۆم
لەدەی تۆ هاوار بۆ لای کێ بڕۆم ؟
شینم بێ سنوور زاریم بێ ( شۆم ) ە
لای تۆ هاوارمە و لەدەستی تۆمە

### هەورامی ( ٢ )

باعیس وجوود جە ماە تا ماهی
دلیل ئیسپات صونعی ئیلاهی [١]
(ضیا ) ی بینام ! نوور چەمانم !
سەر مایەی حەیات دین و ئیمانم !
من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن
ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن
عومرم سەرتا پا غەرق غەفلەتەن
زاد ئاخر بار خەجلەتەن
بەلام مشێو تۆ وە فەزڵەکەی وێت
کردەی من نە بۆ بەهانە پەرێت
( اغماض ) کەی جەگرد نا بەکاریی من
جە ڕووی سیایی و بەد کرداریی من
پەی من کافی یەن ئەی گرد ( انفعال )
بۆ بە ڕەحم وێت بکەرەم یا ماڵ

### سۆرانی ( ٢ )

ئاسمان و زەوی بە تۆ پەیدایە
بەڵگەی ئیسپاتی صونعی خودایە
سۆمای بینام ! نووری چاوانم !
سەرمایەی ژین و دین و ئیمانم ! [*]
ئەزانم من خۆم بێ ئەمریم کردی
بەندە فەرمانیم نەهێنایە دی
سەرتا پای عومرم نوقمی غەفلەتە
توێشووی ئەو دنیام باری خەجلەتە
بەلام ئەشێ تۆ بەگەورەیی خۆت
کردەی من نەبێ بە بەهانە بۆت
چاو پۆشی بکەی لە بێکاری من
لە ڕوو ڕەشیم و لەبەدکاریی من
من ئەوەم بەسە : کەشەرمەزارم
سادەی بەو ڕەحمەت بکە ڕزگارم

### هەورامی ( ٣ )

مەدیە وە تۆمار کردەی و پەردەم

### سۆرانی ( ٣ )

مەڕوانە کردەی پێشووی تۆمارم

---

[٩] (م) : (کەروون) ؛(بەروون) (ع) : کەردەن، بەردەن، واتە : جێگایەکی کە نی یە تیایدا سکاڵای خۆم بکەم و پەنای بەرمە لاو شکاتی تۆی لەلا بکەم.

[١٠] واتە : شین و واوەیلام زۆرو بێ سنوورە، هاوارم هەر لای تۆیە و لەدەستی تۆشە.

[١] ماە : مانگ. ماهی: ماسی. مەبەستی هەموو ئاسمان وزەوی یە، لەسەر ئەو ئەفسانەیە دەڕوا کەدەڵێ: زەوی بەسەر ماسی یەوە وەیا دەریا بەسەر گایەکەوە ڕاوەستاوە.

[*] سۆما : ڕۆشنایی

| | |
|---|---|
| بدیه وه زەردیی ڕوخسار ئاوەردەم [*] | بروانه ڕەنگی زەردیی ڕووخسارم |
| هەرچەند شایستەی عەفووت نەداروون | هەرچەند نەشیاوی عەفوە: بەندەم |
| ڕووی شەرمەندەگی وه دەرگات مارروون | لەدەرگات دەسووم ڕووی شەرمەندەم |
| جه بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر | لەدەریای کەرەم بەشم کەرەم کەی |
| شەڕ نەفسانی جه ڕاگەم لابەر | لە شوومی شەڕی نەفس چارەم کەی [*] |
| تـا به ( فضل ) وێت بوا نیمەوه | تـا به فەضلی خۆت بمخوێنیتەوه |
| جەدەس هەوای نەفس بسانیمەوه | لەدەستی نەفسم بمسێنیتەوه |
| بەڵکم جەی ئاخر پەی وێم فکرێ کەم | لەم دەمەی دایی بەڵکو فیکرێ کەم |
| تەدارەك پەی چەند تەزبێح زکرێ کەم | بۆچەند تەزبێحێ بۆخۆم زیکرێ کەم |
| بەڵام بەو شەرتە چەنێم قبووڵ کەی | لێمی وەربگرێ بەڵام بەمەرجێ |
| بەهانەی ئەسپاب عەفووم ( وصول ) کەی | هۆی لێ بووردنم بکەی جێ بە جێ |

| هەورامی( ٤ ) [1] | سۆرانی( ٤ ) |
|---|---|
| نەفس بەدکردار ! بی دین و بەد بەخت ! | نەفسی بەد کردەی ! بێ دین و بەد بەخت ! |
| شووم سەرگەردان خەیاڵان سەخت [2] | شووم ودووکەتەی خەیاڵانی سەخت ! |
| پەی چێش عادەتت وه گوناە کەردەن ؟ | بۆ گوناە کردن بۆ تێ دەکۆشێ ؟ |
| ژار مەحروومیی ڕەحمەتت وەردەن ؟ [3] | ژاری مەحروومیی ڕەحمەتت نۆشی |
| ڕاگەی حەقیقەت جه وبرت شی یەن | ڕێی حەقیقەتت لە بیر بردەوە |
| یادت پەی مەحبووب حەقیقی نه یەن [4] | کەی بەیادی دۆس دڵت کردەوە ؟ |
| مەوتەن ئەصڵیت نه خاتر لوان. | مەیلی جێی ئەصڵیت نەما لەدڵدا |
| مێخ مۆبەتت نەڕووی خاك كوان ! [5] | مێخی دڵسۆزیت کوتـا بە گڵدا |

---

[*] تۆمار : لێرەدا مەبەست پێی کردەوەی ئەعماله.

[*] زاڵ بوونی نەفس و ئارەزوو سەرچاوەی هەموو گوناهێکه ، خوالاماندا.

[1] ئەم چامەیە لای(م) بەشێکه لەچامەی پێشوو . بەڵام ڕاست وایە. وەك لەهەندێ نووسخەدا هاتووە. دوو چامە بن .

[2] ڕوو دەکاتە نەفسی خۆی و تانەی لێ دەدا.

[3] واتە: بۆخۆت گرتووە بە گوناە و خراپە کاری یەوە؟ بۆتۆژاری مەحروومیت خواردۆتەوە ؟

(٤-٥) وشەی (حقیقی) خەبەرە بۆ (یادت) ، وەیا دەبێ بە صیفەتی (مەحبووب) واتە: یادت بۆ مەحبووب حەقیقی نی یە ، وەیا بێ گەردی مەحبووبی حەقیقی ناکەی.

دیام گرفتار ئارەزووی خامی
یەکسانەن پەرێت نێکی و بەد نامی
گا خەریك دەرد هەوای مەجازی
گا مەشغوول کەسب کیبر و نیازی
گا غەرق هەوای وەسڵ ئازداری
گا حیرەت زەدەی ڕوخسار یاری

هەمیشە بەندی ئارەزووی خاوی
یەکسانە لە لات ؛ چاکی و بەد ناوی
دەمێ سەرگەرمی هەوای مەجازی
یاماندووی دەردی ( کیبر ) و نیازی
گا نوقمی هەوای وەصلی ئازداری !
گا سەرگەردانی ڕوخساری یاری !

**هەورامی ( ٥ )**

هیچ هۆشت نی یەن حەق خەبەردارەن
فەردا ڕۆی حیساب میزانەن کارەن
فکرێ کەرەوە وادەی لواتەن
وەخت شێویای شەوق سەوداتەن
با وەرە وەدەس زادێ پەی سەفەر
وێت نەو سەفەردا بێ تۆشەمەکەر
وە دەرگای حەق بەر ڕووی پەشیمانی
عوزراوەری کەر کردەی نادانی
بەڵ لیباس عەفوو بکەرۆت نەجات
جەوەخت مەردەن بدەرۆت نەجات
وە نسیوت بۆ سەرمایەی ئیمان
ئەوی وە ڕیشخەند سوخرەی شەیتان
وە ڕووی مەحشەردا بگێڵی دڵشاد
جە قەید ( عصیان ) دڵت بۆ ئازاد [٦]

**سۆرانی ( ٥ )**

هیچ هۆشت نەما : خوا ئاگادارە
تەرازووی ڕۆژی دوایی لەکارە
بیرێ کەرەوە کورتی مەوداتە
کاتی تێکچوونی شەوقی سەوداتە
توێشووێ دەسخە بشێ بۆ سەفەر
بێ توێشوو ڕێگای سەفەر مەگرە بەر*
هەڵسوو لەدەرگا ڕووی پەشیمانی
عوزر خواهی کە کردەی نادانی
بەڵکو لێ بوردن بکا بە خەڵات
ڕزگارت بکا دەمی گیانەڵات
بتداتێ ئیمان بێ دەردی سەری
لەگاڵتە و کەمەی شەیتان بێ بەری
لە ڕووی مەحشەردا بگەڕێی دڵشاد
لە کۆتی گوناه ببی دڵ ئازاد

**هەورامی ( ٦ )**

دڵە ! ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن

**سۆرانی ( ٦ )**

دڵە ڕێگاکەت گەلێ تاریکە

---

* مەبەست لە تێشوو کردەوەی باشە.

(٦) وەڕووی مەحشەردا: واتە بەسەر ڕووی مەحشەردا، (م): وەڕۆی مەحشەردا واتە: ڕۆژی حەشر و قیامەت.

پردەکە سەختەن خەیلیٚ باریکەن [١]
سارای هیدایەت تاریك مەوینوون
رای نەجات یەکسەر باریك مەوینوون [٢]
چۆنە چراویٚ پەریٚ ویٚت سازدەر
وەقەد توانای ویٚت بار بەندی کەر
ئەر گونا رای ڕاس بەردنی جەویر
شۆن پای کردار هام فەردان هۆرگیر
بەڵ لەو دیواندا- دیٚوانەی سەرشیٚت !
خەجاڵەتی بەزم یاران نەیۆپیٚت

## هەورامی ( ٧ )

باری ئەو غەفڵەت دام تەندەن نەرِیٚت
نی یەنی وەتەنگ شەرمەساریی ویٚت
یاد ئەو سەرومر وە دەروون باومر
ئەروا چان پەنەش ئەو بەزم مەحشەر
یە مەنسووب تۆن ئینە کردەشەن

پردەکە سەختە خەیلیٚ باریکە
دەشتی هیدایەت تاریك نەبینم
ڕیٚگەی ڕزگاریت باریك نەبینم
چرانیٚسازکە ڕیٚی پیٚ بروانی
توێشوو هەڵبگرە هەتا ئەتوانی
گەر لەڕیٚی ڕاستی لای داوی تاوان
بگرە شوێنی پیٚی کردەوەی پیاوان
تا لەو دیواندا-دیٚوانەی سەر شیٚت !
ڕووزەردیی بەزمی یاران نەگا پیٚت

## سۆرانی ( ٧ )

گەر غەفڵەت لەڕیٚت داوی تەنیوە ؟
هیچ نیت بەتەنگی شەرمەزاریوە
بە دڵدا بیٚنە یادی ئەو سەرومر
ئەگەر پیٚی بڵیٚن لەو دەشتی مەحشەر :
ئەمەسەر بەتۆ و کرداری ئاوا !

---

(١-٢) (م) : خەیلیٚ ، (ك) : یەکجار.

چەند شتیٚك هەن وەك تاریکی و باریکی پردو سەختی دەشتی هیدایەت.. لەڕیٚی مەولەویدا ئەبن بە کۆسپ ، بەپەیدا کردنی (چرا) و (توێشوو) و (دواکەوتن) ی مەردانی خواناسان چارەسەر دەکریٚن.

پیٚغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویٚ: (پردی صیراگ) لەموو باریکترو لە ئەڵماس تیژ ترە ، ئەم فەرموودەیەی، وەکو من تیٚی تیٚگەیشتووم پری ڕاستەقینە نی یە . بەڵکو مەبەستی پیٚی شەریعەتە، چواندنی (معقول) ە بە (محسووس) ەوە، ئەگەر وانەبیٚ ، دیارە ئیٚمە تیٚی ناگەین و پیٚویستە بڕوامان پیٚی ببیٚ، زۆر مەسەلە هەیە لەعەقڵی تەسکی ئیٚمەوە دوورە . مەولەوی لە (عقیدە مەرچی ) یە کەیدا دەفەرمویٚ:

پردیکە بەسەر دۆزەخدا هەموو
تیژ تر لە شیرو باریکتر لە موو
بۆ تەوای خەڵك یەکسەر مەعبەرە
نموونەی ڕیٚگەی شەرعی ئەنورە
توولی پیٚ ئەدەین نیتر گفتوگۆی
وا بە مدا دەڕۆی ، بەواش وا دەڕۆی

چەنی تواناش سەر هۆر دەردەشەن
ئەو بە شەرمەوە مدیۆ بە وەردا
من مشیۆ کام خاك کەروون وە سەردا ؟ [٣]
ئیسە مووینی چێش پەنەم ئامان
هانا هاوارەن های نەیچی ! ئامان !!

سەر چۆن هەڵئەبڕێ سەرداری ئاوا!!
ئەو کە داینەوان سەری لەشەرما
من ئەبێ کام خاك بکەم بەسەرما ؟ !
ئێستا دەمبینی بەم تەرزە زەلیل
هانامە ، هاوار، های ساقی دەخیل!

## هەورامی ( ٨ )

جفت مەعصیەت جە تاعەت تاقم
رووسیای مەجلیس جەرگەی عوشاقم
بینای وجوودم خەجڵەت ئەساسەن
بەختم موخالیف ئامەدیم ڕاسەن
سەبای هەناسەم ئەدەروون سەد تەرز
کەردەن کلپەی ئار ئیبراهیمی بەرز [٤]
پە نجەت بەو نەغمەی بێن بە تینەوە
باوەرە ئەی بەیت وە حەزینەوە: [٥]
سەهلەن من ڕوو زەرد سەر ئەوەرنان
ئای مایەی ( تصدیع ) پێغەمبەرەنان !

## سۆرانی( ٨ )

جووتی تاوانم لە تاعەت دوورم
ڕووڕەشی جەرگەی کۆڕی حضوورم
شەرمەزاری یە بناغەی هەستیم
بەختم ئاوەژوو ، ڕاستە نەهاتیم
ها ، بای هەناسەم لە دڵدا سەد تەرز
کلپەی ئاگری خەلیلی کرد بەرز
پە نجەت لەسەر نەی بێن بە تینەوە
ئەم بەیتە بێژە بە حەزینەوە
سەهلە ڕوو زەردی و سەر شۆڕی و حەسرەت
ئای بووم بە مایەی سەر یْشەی حەزرەت!

## هەورامی ( ٩ )

دڵە !وەر دەی نەفس گوناە ئاوەردە
سیفەت نەڕووی ( ذات ) وە پەردە کەردە [١]

## سۆرانی ( ٩ )

دڵە ! بردووی نەفس گوناە ئاوردوو
سیفەت لە ڕووی ( ذات ) بە پەردە کردوو

---

[٣] (م): مدیۆ. ك: بدیۆن.
لەناوەرۆك و مەفهوومی ئەم بەیتە و بەیتەکانی پێشەوەدا تەعبیرێکی دڵتەزێن ڕوخسار دەکێشێ بەخوێندنەوەی و تێگەیشتنی مرۆڤی موسڵمان دەکەو یتە جیهێکی سامناك و پڕ لە مەترسی یەوە بەم تەرزەو بەم ڕێبازە ناسکە مەولەویی داهێنەر باسی زەبوونی و کەساسیی خۆی دەکا بۆ دڵی.
[٤] (م):صەبای هەناسەم. (ف): سیای هەناسەم. واتە: ڕەشیی هەناسەم.
[٥] لەبەر کەساسی و زەبوونی خۆی هانا دێنێ بۆ نەیچی کە بە ئاوازی کاریگەری نەیەکەی و بینی بە تینەوە بەیتەکەی داوەوەی بۆ بلێ . بەڵکو بکەوێتە جیهانێکی کەوە. وشەی (حەزینەوە) صیفەتە بۆ نەیچی . واتە: بەحەزینی و دڵتەنگی و خەفەتباری یەوە ئەم بەیتەم بە ئاوازەوە بۆ بلێ.

| | |
|---|---|
| جە ڕووی بێ شەرمی پەردەت دڕدەوە | تۆ بە بێ شەرمی پەردەت کردەوە |
| هیچ نەویت وە تەنگ ئەو دیم پەردەوە [٢] | نەبووی بە تەنگی پشتی پەردەوە |
| ( سەتتار ) ی لاودا وە یانەتەدا | ( سەتتار ) ی سەیلی وادا بە مانتا |
| ( کەریم ) ی شوومی وە شانەتەدا | (( کەریم ))ی شومی وادا بەشانتا |
| کردم وە عامی ڕەحمەتەکەی وێش | کردم بۆ گشتە : ڕەحمەتەکەی خۆی |
| وادەی بەزم گەرم خزمەتەکەی وێش [٣] | کاتی بەزمگەی خزمەتەکەی خۆی |
| ویەرد، ئەزاناش سیوای ئەو هەنی | خۆش بوو کەس بێ ئەو نەیزانی تۆ هەی |
| ئاخ ! زانایی ئەو چێش کەری چەنی؟ [٤] | لەگەڵ زانینیا ئاخ ! تۆ چی ئەکەی ؟ |
| ئەو دەمدا جە یاد کردەی و یەردەم | لەوێ بە یادی کردەی ڕابردوو |
| جە حاڵت سەخت وە دۆزەخ بەردەم | لەحاڵی سەختی بە دۆزەخ بردوو |
| **هەورامی( ١٠ )** | **سۆرانی( ١٠ )** |
| هەر دەلالەتێش مەلا لە تێومن | هەر ئاوڕێکی مەلالەتێکە |
| هەر لوتفێش پەرێم خەجاڵە تێومن [٦] | هەر لوطفێکی بۆم خەجاڵەتێکە |
| هەوای وەش نەسیم وەسڵ و حوزووری | شنەی نەسیمی وەصڵ و حضوروری |

---

[١] واتە: دڵە ! تۆ دیل و خوراوی هەڵپەی نەفس وئارەزوویت، گوناهت کردووە بە پیشەو لە هیچ سڵ ناکەی، ئەوەندە نەترس و بێ شەرمی . صیفاتە بەخشندەیێ یەکانی: (خوا کەریمە ، پەردە پۆشە، لێ بووردەیە..) خودای گەورەت کردووە بە پەردەو داوتە بەسەر زاتەکەیدا و، خۆت لە خراپە ناپارێزێ و پاشە ڕۆژی ئەو دنیات خستۆتە پشت گوێ.

[٢] (م): دڕدەوە. (ف) : وەردەوە. واتە: بێ شەرمانەو دوور لە تێگەیشتن پەردەت لەسەر گوناه لاداو، گوێت نەدا بەوەی کەل پشتی پەردەوە ئاگای لێتە.

(٣-٤) واتە: ئەوا کردم بەزەیی خودای گەورە گشتی یەو بۆ هەموو کەسانە ، وەتۆش وەك یەکێك لەوان بەرەکەویت و هیچ کەش بە کردەوە ناپەسەندەکانت نازانێ، ئەی قوڕت بەسەر چی دەکەی لە زانینەکەی کە هیچ گەردیلەیەکی لێ گوم نابێ؟

(٦-٧) واتە: لەو سەردەمەدا کە یادی ڕابردووی کردارە ناڕەواکانم دێ بە خەیاڵمداو، بیر لە حاڵەتی دۆزەخ بردووم دەکەمەوە، بەتایبەت لەو کاتەشەرمەزاری یەمدا کەهەر دڵنەوایی یەکی ئازارێکە و هەر نەوازشێکی پووزەردی یەکە بۆم، لەم کاتەدا شنەی نەسیمی پێ گەیشتنی وەك شنەی بای دووری یەکەم بۆ دەبێ بەگڕەو دەمسووتێنێ و، خۆشی لە پێ گەیشتنەکەی وەرناگرم. بەیتی حەوتەم لە (ك) دا نی یە.

سەموومەن پەرێم چون شنۆی دووری [٧]
های نایی ! نایێ ( مطرب ) مەقامێ
( مغنی ) ! تەرزێ ساقیا ! جامێ
تا دەماخ ئەی بەزم ئەشنەیێ سانۆ
مانۆ تا ئەبەد وە جیا مانۆ
شنۆش ئەی دەمدا ، ئەی دڵەی تەمدا
ڕیشەی ویر غەیر بدۆ وە هەمدا [٨]
بەڵ دڵەی چەند ساڵ ئینتیزارەکەش
لەززەتێ بەرۆ جە دیدارەکەش

سەبوونە بۆ من وەك گڕەی دووری
ئەی ژەن ! هەی ! ئەیێ ! ( مطرب ) مەقامێ
( مغنی ) ! تەرزێ ! ساقی ! سا جامێ
دەماخ لەم بەزمە ئەشنە بسێنێ
هەتا هەتایە هەر بێ و بمێنێ
شنەی لەم دەمداو لەم دڵەی تەمدا
ڕیشەی یادی غەیر تێکدا بەهەمدا
تا دڵەی چەند ساڵ ئینتیزارەکەی
لەززەتێ بەرێ لە دیدارەکەی

**هەورامی ( ١١ )**

دڵە ! یەند مەستیت جەم بی ئەسەردا
چەند کار ئارۆت وست ئەو ڕۆی فەردا [١]
شەرتیۆم نی یەن جە بێ شەرتی تۆ
ڕووسیای تۆ بەی سەد فەردا ئەبۆ [٢]
ئەکەوتی ئەو ڕا پەی حەق پەرستی
تا بی وەهامتای مەستی تای سستی [٣]
پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن
پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن [٤]

**سۆرانی( ١١ )**

دڵە ! چەند مەستیت کۆ بوو لەسەر دا
چەند کاری ئەمڕۆت خستەوە فەردا
شەرتێکم نی یە تۆوبێ شەرتی جووت
ڕوو ڕەشیی تۆبەی بەسەر ئەبردووت
ئەکەوتیتە سەر ڕێی حەق پەرستی
تا بووی بە هاوتای مەستیی تای سستی
پیری چەماندی لەشی خەم زەدەم
ئامادەی کردم بۆ دەرگای عەدەم

---

[٨] (ك): دڵەی تەمدا. (م) : دڵەی تەنگدا. دیارە هەڵەی چاپە. واتە: جگەلەە یادی خوای گەورە هەموو یادێکی تر لە دڵدا ڕیشە کێش بکەو مەی هێڵە.

[١] (م): چەند ، وستەو، (ف) : یەند . وست ئەو. ڕوونەکاتە دڵی خۆی و توانجی تێ دەگرێ .

[٢] (م) : بێ شەرتی تۆ. (ع) : بێ شەرمیی تۆ . واتە: ئەی دڵ ! لەبەر ئەوە کە بێ مەرج و بێ پەیمانی هیچ مەرجێکم لەتەکتا نی یە من ڕووڕەشی ئەوەتم کەسەدان جار لە گوناه کردن پەشیمان دەبیتەوە و ننایبەتە سەر. !

(٣-٤) (م): ئەکەفتی. (ع) و(ف) : ئەکەوتی. واتە : هەرچەند هەوڵمدا و دەستەدامێنت بووم ئەکەوتیتە سەر ڕێگای خواپەرستی، تا گەیشتیتە پلەی پیری و پشتت وەکو هەڵقە هاتەوە یەك و ئامادەی کردی بۆ چوونە ژوورەوە لەدەرگای عەدەمەوە. لای خاڵ بەیتی چوارەم ئیبداعە .

سەر وەخت ئەدای ئەمانە تمەن
ئەشر سیاهەی خیانە تمەن [5]
(مغنی) ! تە نخوای من وە نەواین
وەی چەند فەردەوە هۆر دەر سەداین

نزیکە کاتی ئەدای ئەمانەت
ئەشری لا پەڕەی ڕەشی خیانەت
ئەیچێ ! لە جێی من تۆ بە نەواین
بەم چەن فەردەوە هەڵکە سەداین

**هەورامی(١٢)**

یارەببی ! ئەی شەو تاریکەی فانی
هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی
ئای، سوبح مەحشەر سەر ئەفگەندە وێم
شەرمەندەی حوزوور خوداو بەندەوێم [6]
بەڕەحمەکەی وێت فەرد تەنیای تاك!
بەشق مەشق عەشق دڵ پاكان پاك
بەو فەسڵ فیراق خاتر پڕ خاران
بەو دیای دمای یەكتریی یاران [7]
ئەر سەد تاوانم جەحەد ئەو دەرەن
دەفتەرم جە ڕووی وێم سیا تەرەن
تۆ بویەر جە من جە پڕ ئینسافی
من ڕوو زەردیی وێم كافی یەن كافی

**سۆرانی(١٢)**

خوایە ! لەم شەوەی تاریکەی فانی
هەر تۆ بە کردەی بەدیم دەزانی
ئای ! ڕۆژی مەحشەر سەر ئەفگەندە خۆم
شەرمەزاری لای خوداو بەندە خۆم
بەڕەحمەکەی خۆت خوای تەنیاو پاك !
بەشقی مەشقی عەشق پاکانی دڵ پاك
بەو دەمی جیایی دڵ پڕ لە خاران
بەو ئەزرەی دوایی یەکتری یاران
هەر چەن بێ حەددە چەوتی ڕەفتارم
لە ڕووم ڕەشترە نامەی کردارم
تۆ لێم ببورە لە پڕ ئینسافی
من ڕوو زەردیی خۆم کافی یە کافی

**هەورامی(١٣)**

دڵە ! تە بخاڵەت وە لێو مەوینوون
حاڵاتت یەكجار پە شێو مەوینوون

**سۆرانی(١٣)**

دڵە ! تامێسکت دیارە لەسەر لێو
حاڵاتت تەواو ئەبینم پەشێو

---

(٥) سیاهە: لیستە، مەبەست لیستەی تاوانە.

(٦) سەرئەفگەندە: سەر شۆڕ شەرمەزار، فڕێ دراو

(٧) دیا : نیوە ئاوڕدانەوە، بەلاچاو سەیر کردن. تەعبیرێکی زۆر ووردو ناسك و لەوپەڕی جوانیدایە، كە دوو دۆستی خۆشەویستی بێ گەرد، دوای ماڵ ئاوایی یان لەیەکتری، دووربەدوورو ئاو بەناو هەتا لە چاوی یەکتری گوم دەبن بە شێوەی نیوە ڕوانینێکی پڕ لە کەساسی ە هەناسە هەڵکێشانێکی دڵ سووتێنەر بە لاچاو لالە یەکتری دەکەنەوە.

کەردەنیش وە تەیر هەڵۆ هۆش بەردە
ناکەردە کەردە ، کەردە ناکەردە [١]
ڕجات گا بەی دیم گا بەو دیمەدا
هانە گەردەلوول بار بیمەدا
ها ! نەکەردە بۆت، تۆیەت کەردە بۆ
پێچ عەقیدەت وە دڵ بەردە بۆ [٢]
پەی چێش ؟ هەر کۆ مەیل وەش نیگارانەن
چەنی عەقیدەی دڵ ئەو گارانەن [٣]

## هەورامی( ١٤ )

تو ظە ننت چۆنەن؟ ئەویچ بەو تەورەن:
ئەر مەیلەن؟ مەیلەن. وەرجەورەن؟ جەورەن
ستارەی ڕەجات هەردەم درۆ سوو
دەماخ شاد وەبۆی ( ولا تیأسوا ) [٤]
ویەردە ویەرد، هەوڵێ پەی باقی
ئە مجار یە دەروێش یە نەیچی و ساقی
هۆش وەسەدای دەف ، گۆش وە نەوای نەی
دەس وە شیشەوە لێو وە جام مەی
سەفات جەفا دۆ وە قەفای هەستی
نۆشا نۆشت بۆ دەواچەی مەستی [٥]

کردیتیە تەیری هەڵۆ هۆش بردوو
نەکردەت کردە، کردەت نەکردوو
هیوات گا بەم دیو گا بەو دیوایە
لە گێژە ڵووکەی ترس و بیمایە
ها ، نەتکردبێ ؟ ئەمەت کردبێ:
تۆ بێ بڕوات بەدڵ بردبێ
بۆ؟لە کوێ مەیلی خۆش نیگارانە
بە پێی باوەڕی دڵ ئەوگارانە

## سۆرانی( ١٤ )

گومانت چۆنە ؟ ئەویش بەو تەورە
گەر مەیلە ؟ مەیلە . گەر جەورە ؟ جەورە
ئەستێرەی هیوات تیشکی زیاد بێ
بە ( لاتیأسوا ) دەماخت شاد بێ
ڕابردوو ڕۆیی، هەوڵێ بۆ باقی
ئەمە دەروێش و ، هەم نەیچی و ساقی
هۆش بە سەدای دەف، گوێ بە نەوای نەی
دەس بە شوشەوە لێو بە جامی مەی
سەفات جەفا دا بە پشتی هەستی
نۆشی گیانت بێ دەرمانی مەستی

---

(١) لە (ك) و (ف) دا نیوەی دوایی ئەم بەیتە ئاوایە: ناکەردەی کەردە، کەردەی ناکەردە
واتە: سەرلێشێواویی و پەشێویت بە جۆرێ کاران تێ کردوویت دەڵێی ئەو باڵندەیەیت کە هەڵۆ بۆ خواردنی پەلاماری دابێ، هۆشت لا نەماوەو خۆت بێ ئاگای، واتە ئەو کارەی کە کردووتە وە یاس
[٢] لە (ع) و (ف) و (ك) دا ئەم بەیتە بەم جۆرەیە: هانە کەردە بۆت، تۆیە کەردەت بۆ
پێچ عەقیدەت وە دڵ بەردەت بۆ !

[٣] ئای لەم بەیتەو بەیتی دواوە چەند مۆسیقایەکی ئێجگار بە تینیان هەیە.
[٤] شادوە بۆی : پ. ك: دەماخ وەنەشئەی (ولاتیأسوا) ( ولاتیأسوا من رحمة الله) یوسف ٨٧\

وه كرده وەفام ئەر گا ناوەردەن
باك نی یه ، وەفام وه باوەڕ كەردەن

به كرده و وەفا ئەگەر ئەلوا بۆم
بێبا كم وەفام كرده بڕوای خۆم

**هەورامی ( ١٥ )**

بەزم هام فەردان یار مۆبەت كێش
یەك ئیمشەو دەفێ، دەروێش ! های دەروێش! [1]
باوەر ئەكوورەی وەلولەی دەفدا
ڕووی پەند و تەوبیخ وه هەر تەرەفدا
ڕووی پەند ئەو یاران دڵ وەجەهدو جەخت
ڕووی تەوبیخ ئەولای مەعدوومی بەد بەخت [2]
واچه هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر !
هورێز ـ ساتێ تەرك خاو شیرین كەر
شەوەن ، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ناڵەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارەن [3]

**سۆرانی ( ١٥ )**

بەزمی یارانه یاری مۆبەت كێش !
ئەمشەو یەك دەفێ دەروێش ! هەی دەروێش !
گەرم كه بەزمێ له كەللەی دەفدا
ڕووی پەند و تانەت به هەر تەرەفدا
ڕووی پەند له كۆڕی دڵان ئاوەدان
ڕووی تەوبێخیش بۆ مەعدوومی نادان
بڵێ هەی دڵەی گێلی بێ خەبەر
هەسته خەوی خۆش زوو دەركه لەسەر
شەوە، خەڵوەتە، ماڵ بێ ئەغیارە
دنیا نووستووه ، دۆس خەبەرداره

**هەورامی( ١٦ )**

ئەوا مێهمان بۆ تۆ ئەوینی كەس
خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر ئەفەس [4]

**سۆرانی( ١٦ )**

ئەكا میوان بێ تۆ ئەبینی كەس
ببێ به خەمت تا ئاخر ئەفەس

---

[5] واته خۆشی و سەفای ئەو بەزم و ئاهەنگەت به جۆرێ ك بێت پشتی هەستی و ئارەزووی دنیا ت بشكێنێت و هەموو خەم و پەژارەت له بن دەربێنێت. ئەو كاته تۆش ئەو دەرمانه مەستی یەت هەڵدەونۆشی گیانت بێ. له جیاتی (دەواچەی) له(ع) ، (پ) ، (ف) و(ك) دا : (بواچۆ) یه

[1] بەزم: كۆڕی ئاهەنگ و ڕابواردن. له (ع) دا: بەزمی. مۆبەت، له (ك) دا: مەینەت. كێش: ئان، ڕەفتار، ڕێباز، بنكه، واته ئەی یاری ئان پەروەر ! ئەمشەو دەمی بەزمی گەرمی هاوفەردانمه، كەواته ئەی دەروێش ! دەستمەداوێنت بەو دەنگه پڕیه تینەوه ئەمشەو دەفێكمان بۆ لێده.

(م) : (ئەی دەروێش ! ئەمشەو تاقه شەوێكی بەزم و ڕابواردنی دۆستان و ئان خۆشەویستی یه ..)

[2] واته: ئەی دەروێش! ڕووی پەندو ئامۆژگاری یەكانت بكه لەو یارانەی كه هەمیشه دڵیان ئاوەدان و، له هەوڵ و تێكۆشاندان، لەهەمان كاتدا له بیرت نەچێت ڕووی توانج و تانەت بكه له مەعدوومی بەد بەخت و نادان.

[3] مەبەست له (دوس. دۆست): خوای گەورەیه. (م): مەولەوی له زۆر شوێندا ئەم بەیتەی دووباره كردۆتەوه.

| | |
|---|---|
| دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە | دیدەت تۆزێ غەیر کەوتە سەری ، تۆ |
| جە بۆی سەوزەی دڵ ئاورێش دەرپەنە [٥] | بە ئاوی جۆگەی سۆزی دڵ بیشۆ |
| وەر تۆ بینات پەردەش هانە سەر | گەر تۆ بینات پەردەی والەسەر |
| ئەو تۆ مەوینۆ جەتۆ زەریف تەر [٦] | ئەو لەتۆ باشتر دەتبینێ یەکسەر |
| ئە مجار یاد کەر عومر عەبەس و یەردەت | یاد کەجا عومری پێشووی بێ حاسڵ |
| باوەر وە خاتر نا پاکی کەردەت | نا پاکیی کردەت بهێنە بە دڵ |
| سەر ئەفگەندە بەر چون شەرمە ساران | سەر دانەوێنە وەك شەرمەزاران |
| چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران | چاوەی چاو هەڵکە وەك سەیلی باران |
| بەڵ شۆرۆ بەو ئاو کەرەم فراوان | بەڵکو پێی بشوا کەرەم فراوان |
| بابەت وە بابەت سیاهەی تاوان | بابەت بەبابەت لیستەی پڕ تاوان |

[٤] واتە: ئەی دڵ ! وازبێنە لە خەو، ئەوەك ئەوێستە بێ گەردە لە پڕ ببێ بە میوانت و تۆش لەو کاتەدا لێی بێ ئاگا بیت، وە لە ئەنجامدا هەتا مردنت بۆت ببێ بی خەفەت و لە دڵت دەرنەچێت.

(٥-٦) سەوزەی دڵ، لە (ك) و (ف) دا سۆزی دڵ. واتە: ئەگەر بینات تۆزێ بێگانەی (مەبەست غەیری خوایە) لەسەرە، تۆ بەئاوی جۆکەی سەوزەی دڵ ئەو تۆزو گەردە بشۆرەوە، وەیا بینات ئەگەر بەهۆی ئەو تۆزەوە کەس نابینێ ، ئەوە بزانە ئەو دۆستەت باشتر لە خۆت تۆ دەبینێ. (فان لم تكن تراه فانه يراك).

**٤هەورامی( ١٧ )**

پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن
( تە عظیم ) جەناب پیری لازمەن [١]
بالا کەردەوە مەیل ئەولای پەستی
وردیکلانەن دەروازەی هەستی [٢]
مەعدوومی ! کردەی بەدی هەزار تەرز
زانووی ئومێدت ناوەڕۆ ئەو لەرز
ئەو کەس مزانوو ( ستتار ) مەن نارۆ
جەو بوزورگ تەرمن شەو ئەوڕۆت نارۆ
سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ ( ٣ )
کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ
نمە بۆ پیریی و تەن ناتەوانیت
وەی دوو فەردەوە ئاودەس جوانیت

**سۆرانی ( ١٧ )**

ناو چاوم مەیلی ئەژنۆی بەدەستە
ڕێزی جەنابی پیری پێویستە
مەیلی کردەوە بالام بۆ پەستی
نزمە کەوانەی دەروازەی هەستی
مەعدوومە ! گەر بەدیت هەر جۆر بە تەرزی
ئەژنۆی ئومێدت قەد پێی ئەلەرزی
ئەزانم ئەو کەس تاوان پۆشە ئەو
لەوە گەورەتر ڕۆژت کا بە شەو
قەڵغانی ڕووی ڕەش مووی سپیی سەر بێ
قەوسی تەن تکای تیری ئەزەر بێ
قەد نابێ پیری و لەش ناتەوانی
بەم دوو فەردەوە-هاوتای جوانی؛

---

(١) ناوچەوانم بەهەرەسی ڕێز گرتنی جەابی پیری یەوە تا ئاستی ئەژنۆم چەماوەتەوە. لە هۆی ڕاستەقینەی دانەواندنەوەکەی که پیری یە. بە شێوەی (حسنی تعلیل) . دەگوێزێتەوە بۆ بەڵگەیەکی کە کە بریتی یە لە ڕێز گرتن و مەزنیی پیری (پیری هێندە گەورەیە شایستەی ئەوەی هەیە کە کڕنووشی بۆ ببرێت.) دەك هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت هەی ئاسك خەیاڵی خاوەن دوو باڵی تیژ. هەر لەبەر ئەمەیە(خاڵ) دەڵێ: (ئەم بەیتە ئیبداعەو بەتەنیا زادەی بیری تیژی مەولەوی یە)

(٢) پەستی : نزمی. هەستی: دنیا. هۆیەکی کە دەبینێتەوە بۆ نووشاندەوەی بالاکەی. واتە: بۆیە بالام مەیلی نزمی دەکا: چونکە دەروازەی چوونە دەرەوەی دنیا زۆر بچووکە. (وردیکلانە) ، (م) : بچکۆلە ، بەلام شاعیری پایە بەرزمان ماموستا (ع.ع، شەونم لە دانیشتنێکماندا کەلەم وشەیە دەدواین. بۆچونێکی تازە بابەتی بۆ ئەم وشەیە هێنایە کایەوە: وتی (کلانە) بەمانا کوژەکەو قوبچەیە، نەك بەمانا بچکۆلانە. وەلەدوادا لای ماموستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی دەستنووسێکی دیوانی مەولەویم دی هەر بەو بۆچوونەی بەڕێزیان مەعنای وشەکەی کردبوو . جا نازانم شکڵ ونووسینی وشەکە بەو شێوە ئیملایەو بەزمانی هەورامی دەیگەیەنێ یان نا ؟

(٣) واتە: ئومێدەوارم

**هەورامی ( ١٨ )**

عەزابم ئەر سەد جە حەد بەرشی یەن
جە ڕووسیاییم گران تەر نی یەن
من کەخەجاڵەت خزمەت ئاما پێم
جەهەنم سەد ساڵ دۆزەخ بۆ وەجێم
( مطرب ) ! ، بێ وە داد دلگیریمەوە
پیری ها ! ئاما وە پیریمەوە
ئەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد ( بێساران ) ماوا :
( ئینە گرد جە وەخت نادانیم بی یەن
فەسڵ سەربەستیی جوانیم بی یەن
ئیسە های ! جە گشت پەشیمانیم بەرد
وادەی پیریمە جوانیم و یەرد
کۆچ دواییمەن ، یا وانم نۆبە
نۆبەی تۆبەمەن، کەرەم دار ، تۆبە )

**سۆرانی ( ١٨ )**

چەن بێ سنوور بێ سزای دواییم
گرانتر نی یە لە ڕووسیاییم
من بۆ خزمەتت بە ڕووزەردی بێم
چش با هەزار ساڵ دۆزەخ بێ بە جێم
( مطرب ) ! بێ بەدەنگ دلگیریمەوە
پیری ها ! واهات بە پیریمەوە
ئەوات وێرانەی دڵ بکا ئاوا
بەم بەستەی فەردی بێساران ماوا :
( ئەمانەم گشتی هۆی نادانیم بوو
دەمی سەر مەستی بەزمی جوانیم بوو
پەشیمانم من ئێستا لەهەموو
وادەی پیریمە لاویم بەسەر چوو
کۆچی دواییمە، نزیکمە نۆبە
نۆبەی تۆبەمە، کەرەمکار! تۆبە )

**هەورامی( ١٩ )**

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین
شکۆفەی باخچەی پیری دلگیرین [١]
شکۆفەی باخچەی پیری سفیدەن
مایەی میوەی عومر فانی هەر ئیدەن [٢]

**سۆرانی ( ١٩ )**

شکۆفەی سپی وادەی پیری یە
شکۆفەی پیریش هۆی دلگیری یە
سپی شکۆفەی باخچەی پیری یە
سەرمایەی میوەی عیرفان ژیری یە

---

[١] (ف): (ڕوودەکاتە ساقی و سکاڵای پیری خۆیی بۆدەکا) هندێ ڕووەك هەیە وەك پەموو، گوڵەباخ ،بامێ یە، خونچەوگۆپەکە کردنیان نیشانەی پیری یە، لەنیوان مرۆڤی بە ساڵاچوو .داری پیردا ئیستیعارەیەکی مەکنی یەی درووست کردووە، وە (شکۆفە)کەش کە قەرەینەکەیەتی، گونجاوی درەختە. مانای بەیتەکە ئەمەیە: کاتێك کە ئینسان سەری سپی بوو نیشانەی ئەوەیە وەکو درەختی خونچەدار شکۆفەی دیاری داوەو پیر بووە، وەشکۆفەی باخچەی پیریش ئاشکرایەی دەبێ بە هۆی دڵگیریی و خەمباری.

[٢] نیوەی دوووەمی ئەم بەیتە لای (م) ئەمەیە:
سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئێدەن

**نە باخچەی سونبل تار مووی تاردا**
**سپی شکۆفەی پیریم دیاردا** [٣]
**باقەی زویری و زاری و دڵگیریم**
**پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم** [٤]

**لە باخچەی سونبول تاڵە مووی تاردا**
**سپی شکۆفەی پیریم دیاردا**
**چە پکی زویری و زاری و دڵگیریم**
**پەی پەی گەشەی دا پەژارەی پیریم**

**هەورامی (٢٠)**

**ئاخر رۆی وەهار نەوجوانیمەن**
**ئەوەڵ رۆی پایز زیندەگانیمەن** [٥]
**هەناسەم چون بای خەزان مە خێزۆ**
**پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەرێزۆ**
**خەدەنگ بالآم چەمان کەمان وەرد**
**ڕاس وە نیشانەی فەنا ڕوو ئاوەرد** [٦]

**سۆرانی (٢٠)**

**دوایی بەهاری تازە جووانیمە**
**کەشی پاییزی زیندەگانیمە**
**هەناسەم وێنەی بای خەزان هەڵچوو**
**پەلی شادمانیم گەڵای وەری زوو**
**بالآی وەك تیرم چەمی چون کەوان**
**ڕاستەو نیشانەی فەنا بوو ڕەوان**

---

وەلای (ف) ئاوایە:
مایەی میوەی عومر فانی هەر ئێدەن
واتە : دەرکەوتنی مووی سپی وەك شکۆفەی داری پیری نیشانەی پیری یە، وە دیارە هەر ئەمەشە سەرمایەی میوەی عومری فانی ، کە سەر گۆپکەی کردو سپی بوو ئینجا سەرەی شکۆفەی کفنی سپی یە، بەلای منەوە نوسخەی (ف) ڕاستە نەك (عیرفان) کە نووسخەی (م) ە، (عیرفان) لە بنەڕەتدا لەسەر شیوەی ئیملای کۆن، هەر (عمر فانی–عومر فانی) بووەو، لەلایەن نووسەرەکانەوە کراو بە (عیرفان)، چونکە بە ئیملای کۆن لە پیت وشیوەدا وەکو یەکن و لەیەکتری دەچن.

[٣] (تاری) یەکەم: تاڵی موو. (تاری) دووەم: ڕەش و تاریك. واتە لەناو باخچەی گوڵی تاڵە مووەکانمدا مووی سپی دیاری داو پەیدا بوو.

[٤] واتە جگە لەوە کە پیری هۆی دڵگیری و پەستی و خەفەتباری یە. چەپك چەپك و کۆمەڵ کۆمەڵ خەمباری و دڵگیریشی بۆ زیاد کردم و گەشەی دابە بە ژادەی پیریم

[٥] دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مانایەی کەلە سەرەتای چامەکەوە لەگەڵ ساقیدا دوا. واتە دوا ڕۆژی بەهاری جوانیمەو، یەکەم ڕۆژی پایزی ژیانمە.

(٦–٨) واتە : بالآی ڕاستی وەك تیرم–بە عامیلی پیری –وەکو کەوان چەماوەتەوە، هاکا ئەجەل ڕوو بەڕووی نیشانەی فەنا یا رمردن ڕەوانەی کرد. واتە : کەم کەم پیری کووڕیی ئەدا بە بەژن وبالآم و، جار جاریش هەڕەشەی ڕۆژی دوایی ئەدا بە گوێمدا. جەم : واتە جامی جەمشید جەم،بەزم ئارای کەی: بەزم: ئاهەنگ، ڕابواردن سەیران و صەفا. وشەی (کەی) ڕەمزی (ئارا) ی پێوە نووسا، دەیگۆڕێ بۆ

کەم کەم پیری خەم وە قامەت مدۆ
دەمدەم وەعدەی رۆی قیامەت مدۆ (۷)
پیری یەکسەر زۆر جە زانووم سەندەن
سەر وە گەردەندا هەر وە زۆر مەندەن
ساقی ! پام بەستەی زنجیر پیرین
دەسم دامانت وادەی دەسگیرین
چا بوك بەو رەفتار بێ درەنگەوە
خەرامان بەو ناز بالآی شەنگەوە
جامت جەم ئاسا لەب زێڕ کەر جە مەی
پێم نۆش کەر وە یاد بەزم ئارا کەی (۸)

کەم کەم پیری خەم ئەدا بە قامەت
ئەدا جار جاریش ترسی قیامەت
پیری بری هێز لە ئەژنۆی ژینم
سەر لەسەر گەردن بە حاڵ ئەبینم
ساقی! پێم بەستەی کۆتی پیری یە
دەسمە داوێنت جێی دەسگیری یە
خێرا بەو شێوەی بێ درەنگەوە
شل شل بە نازی بالآی شەنگەوە
جەم ئاسا جامت لێو رێژکە لە مەی
پێم دە بە یادی بەزم ئارای کەی(۸)

**هەورامی (۲۱)**

مەستی وە پیران جوانی مدۆ
هێز دووبارەی زرانی مدۆ
پێم دەر تا پەی پەی پێوە هەی کەروون
رای سەخت سارای مەحشەر تەی کەروون
زرنگەی گۆش وێم پێم ماچۆ وەتاو:
گاهێ خەبەر دار گاهێ سەر حساو
من پەمەی غەفلەت کەرِ کەردەن گۆشم
هیچ وە کەس نی یەن ئەگۆش نەهۆشم
ئەی گوزەگای تەنگ بازارِ چەپ گەرد
هەر کاتێ زانای ئەجەل سمکۆ کەرد
(مطرب) ! بەو نەغمەی (شانازی) تەوە
یا بەو پەردەی پاك (حیجازی) تەوە
بڵند کەر دڵسۆز سەدای دڵتەنگی

**سۆرانی(۲۱)**

مەستی بە پیران عومری نۆ ئەدا
هێزی دووبارەی سەر ئەژنۆ ئەدا
پێم دە پەیا بەی پێوەی هەی کەم
رێی سەختی دەشتی مەحشەرم تەی کەم
زرنگەی گوێی خۆم ئەڵێ: وریابە
نزیك بوونەوەی رۆژی حسابە
بەلۆکەی غەفلەت وا کپ بوو گۆشم
گوێم لەکەس نی یەو، نەماوە هۆشم
لەم کوچەی تەنگی بازاڕی ئەوی
ها کا ! ها ! ئەجەل پێی دا لەزەوی
(مطرب)! بەو نەغمەی (شانازی) تەوە
یا پەردەی پاکی (حیجازی) تەوە
بڵند کە بە سۆز سەدای دڵتەنگی

---

صیفەت واتە: (بەزم ئارا– بەزمارا): بەزم رازێنەرەوە...(کەی) : نازناوی پاشاکانی میدی یە واتە: رازاوە بێ وەکو بەزمەکەی کەیقوباد، وەیا کەی خەسرەو.....

بەڵکم بێدار بۆ جەی خاو سەنگی
های ! غەفڵەت تا کەی؟ هام سەفەر و یەرد
بێدار بە جەفاو ، ها ! کاروان و یەرد

بێدار بم بە ڵکو لەخەوی نەنگی [٩]
بێ ئاگایی بەس، یاران ڕۆیشتن
کاروان تێ پەڕی بەسە، ها! نوستن

**هەورامی (٢٢)(١)**

بینایی دیدەم ، تۆ وە سڵامەت
دیدەنیی دیدار کەوت ئەو قیامەت
ئەو بینش نی یەن هەی ئاوات وازم !
باز هەر تەسکینەن گۆش وەئاوازم
وە دڵدا تەفسیل زەلیلی و یەرد
چێش جە ئەووەڵدا ئاخرش ئاوەرد [٢]
باز بێ تاقەتیم نە تۆی پەردەوە
دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە (٣)
هۆرێزاو پێچ وەرد دووی کووری دەروون
ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون نە دیدەی گەردوون (٤)
ڕێزا جە سەردا بڵیسەم کەم بی
ئەسپاپ تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی

**سۆرانی (٢٢)**

بینایی دیدەم ، تۆ بەسەلامەت
بینینی دیدار کەوتە (قیامەت)
گەر بینین نەما ؟ هەی ئاوات خوازم!
واش هەر تەسکینە : گوێ بەئاوازم
شەرحی کەساسی ڕابورد بەدڵدا
دوایی پێ هێنا هەر لە هەوڵدا
هەمدیس زویریم لە توێی پەردەوە
بۆ چەن هەڵبەستێ ڕێگای کردەوە
هەڵچوو بەلوولی : دووکەڵی دەروون
ئاو نا ڕشتی خوێن لە چاوی گەردوون
ڕێژای بەسەریا ، بڵێسەم کەم بوو
هۆی نووسینی ئەم چەن بەیتە جەم بوو

---

[٩] سەدای: دڵتەنگی : کەلە دەنگێکی کاریکەرەوە هەڵقوڵێت بێگومان کار ئەکاتە سەر سلووکی مرۆڤ و ئەو دەمە پەشیماننی ڕووی تێ ئەکا.

[١] : (بەبۆنەی کوێربوونیەوە بۆ دۆستێکی نووسیوە) . (ف) : (بۆ محەمەدی جەسیمی (صدر العلما)ی نووسیوە)

(٢-٤) لە پێشدا بەدڵمدا هات باسی کەساسی خۆمت بۆ بکەم . بەڵام دڵ لەسەرەتاوە کۆتایی پێ هێناو ڕێگای نەدام. کڵپەی ئاگری خەم نەی هێشت دڵ ڕێ لەوە بکاتەوە. بەڵام زویریم بەدزیی دڵمەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێگای چەند بەیتێکی بۆکردمەوە: دووکەڵیدەروونم بەخەستی و بە لوولی هەڵچوو و، لەڕووی ئاسماندا بوو بەهەوو . لە جیاتی باران خوێنی لە چاوی گەردوون باران و ڕێژای بەسەر کوورەی دەروونمداو، کڵپەکەی دامردەوە، ئەمەش بوو بەهۆی نووسینی ئەم چەد بەیتەی خوارەوە.

**هەورامی ( ٢٣ )**

باز چێش بۆ؟ یاران دەروون پڕداخەن
ئەغیاران دەماخ دڵ وە پەرداخەن
سەرد بی یەن گەرمیی شەوق هام فەردان
گەرمەن سەردیی زەوق جەرگەی هاو دەردان[٥]
ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ
چۆڵ بێ یەن چەمەن جە سۆزەی بولبول[٦]
نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن[٧]
حەلقەی خەفیەی زیکر نالەی هەزار ڕەنگ
چون حەلقەی دەرگای وێرانان دڵتەنگ[٨]
مشێوجە کرد لازاری و شیوەن بۆ
جەکام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وینەی تۆ
کەی ؟ ئیسە، پەی کێ ؟ پەی دیدەی مەعدووم
چێش بی یەن؟ بی یەن جە دیدە مەحرووم
یانێ های ڕاسەن ؟ یاقسەی ناسەن؟
دیارەن کردەی چەپ گەرد هەر پاسەن.[٩]

**سۆرانی ( ٢٣ )**

دیسان چی ڕوویدا ؟ یاران دڵ پڕ داخ
دەماخی دڵی ئەغیاران پەرداخ
ها ساردە گەرمی شەوقی هاوفەردان
هەم گەرمە ساردیی زەوقی هاو دەردان
سەوزەی مەعاریف گوڵی هەڵوەری
لەسۆزی بولبول چیمەن بێ بەری
گۆشەی چاو نیگای ئاوڕی کەمە
ڕووی دەشتی سەفای ئەهلی دڵ تەمە
حەلقەی کۆی زیکری نالەی هەزار ڕەنگ
چون حەلقەی دەرگای وێرانە دڵ تەنگ
لەهەر لا بەرزە : زاری و شین و ڕۆ
لەکام لا؟ لای دۆس ، کام دۆس؟ وێنەی تۆ
کەی ؟ ئێستا، بۆکێ؟ بۆ دیدەی مەعدووم
چی بووە ؟ بووە لە دیدە مەحرووم
واتە هەروایە؟ یا ڕای بەد خوایە؟
گەردوون کردەوەی دیارە هەر وایە!

---

[٥] گلەیی لە دۆستانی دەکا کەلەسەردەمی کوێریدا گوێمان نەداوەتێ.

[٦] بە کوێر بوونم سەوزەی گوڵی زانست و فەرهەنگ هەڵوەری و، چیمەن لەسۆزو نەوای بولبول بێ بەش بوو.

[٧] ڕوانین و ئاوڕدانەوەی گۆشەی چاو. یا گۆشەی چەم و ڕووباران. کەمەو، ڕووی دەشتی صەفای ئەهلی دڵ تەمە.

[٨] خەفیە: ف: صەف . دڵتەنگ ، (ف)و(ك): بێ دەنگ.

[٩] لەم بەیتەدا لای (م) چامەکە تەواو بوو. لای (ف) ئەمەی پێشوور ئەمەی دوایی یەك پارچەن. وە واش دەردەکەوێ کە بۆ یەك کەسی ناردبن.

**هەورامی ( ٢٤ )** [١]

خامەی سەراوێز نەچای سیایی
مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی [٢]
نامەی سەد شکەنج وەهەم پێچ وەردەن
چون من سەرتا پاش شکستەی دەردەن [٣]
دوات دووی سیاش جەدەم مەخێزۆ
نامە سیا خاك وە سەر مەرێزۆ [٤]
دەوات دووی دەروون گێج دا وەهەمدا
لیقە وێش کێشان وەلیتەی خەمدا [٥]
خامە شەق وەردەن دەم مەکەرەوە
زار زار مەنالۆ وەدەم دەردەوە

**سۆرانی ( ٢٤ )**

خامەی سەرەو ژێر چاڵی سیایی
ئەرێژێ ئەشکی شەکوای جیایی
نامەی پێچ خواردووی سەد جارلوول و خەم *
وەك من سەرتا پای شکاوە بەخەم
دووی ڕەش لە دوێت هەڵچوو بە هەردا
خاکی ڕەشی کرد نامە بەسەردا
دوێت دووی دەروون گێژدا بەهەمدا
لیقە خۆی کێشا بە لیتەی خەمدا
خامە درزی دا، دەمی کردەوە
کز کز دەینالاَن بەدەم دەردەوە

**هەورامی ( ٢٥ )**

مەوات: هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مۆ میایی پێشەی شکستەم! [٦]

**سۆرانی ( ٢٥ )**

دەیگوت: هەی! هیوای خواستەکەی جەستەم !
هەی مۆمیاکەی! ئێسکی شکستەم !

---

[١] (م): (بە بۆنەی سووتانی کتێبەکانیەوە ڕازی دلی خۆی بۆدۆستێکی ئەکا). لەنێوان دوو هۆزی ئیمامی و تاوەگۆزیدا ناکۆکی یەك پەیدا ئەبێ شەوێك ئیمامی یەکان پەلاماری تاوەگۆزییەکان ئەدەن. لەئەنجامی شەڕە دووکەڵدا کتێبخانەکەی دەسووتێ.

[٢] ئەسرینی یا فرمێسکی قەڵەم مەبەست پێی ئەومەرەکەبەیە کەلە توورەکەکەیەوە دەڕژێتە سەر نامەکە.

* ( خەم)ی یەکەم: چەماوە، (خەم)ی دووەم: خەفەت

[٣] کەنامەکەتەواودە بوو، دەنووشتایەوەو قەد دەکرا، واتە: نامەی سەد جار شکاوەو قەدکراو وەکو من سەرتاپای بەدەرد شکستەو شکاوە.

[٤] مەرەکەبەکەیەکە لەناو دوێتەکەدا کەوشك دەبووەوە، چەند دڵۆپێ ئاویان تێ دەکردو، دوکەڵێ ڕەشی لێ پەیدا دەبوو، کەمەرەکەبەکە لەسەر نامەکە بەتەڕی دەمایەوە، بۆ وشك بوونەوەی دەهاتن خۆڵ یا خۆڵەمێشیان بەسەر دا دەکرد.

[٥] لیقە: پارچە پەڕۆی ناودوێت، دەواتێ کە لیقەی تیادا بووایە، درەنگ تەواو دەبوو، وەنەش دەڕژا، مەرەکەبەکەی چوواندووە بە لیتەی خەمەوە، کە لیقەکە خۆی تێ هەڵکێشاوە.

[٦] مۆمیایی : دەرمانی ئێسقان گرتنەوە.

کام زام بی؟ جە تۆ من نەویم نەسیب؟
جەفا هەر وەمن ، وەفا پەی ڕەقیب
زامان تـاوانـان هووناوان جۆجۆ
دەرد وە بـان دەرد، یەجە دووریی تۆ [٧]
بڕیان تـای ڕوبـاب قـافی یە خوانیم
نەمەندەن تـاقـەت عیبـارەت زانیم [٨]
دەمەی هەنـاسەی گەرم ئـارەکەم
نەکوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم [٩]
ئـایر دان( حوجرە ) ی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنـان کتـاو مەجمووعەی فەردم [١٠]

چ زامێکت بوو تیا نەبووم بەشدار؟
جەفا هەر بۆمن، وەفا بۆ بەدکار!
زامان دەڕێژن خوێنـاوان جۆجۆ
خەم بە دووی خەمدا دێ، لەدووری تۆ
بڕا ژێی سازی قـافی یە خوانیم
نەماوە هێزی عیبـارەت زانیم
تینی هەنـاسەی گەرمی ئـاگرەکەم
لە کوورەی دڵەی پڕ جەخارەکەم
ئـاگری دا حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سووتـانی کۆگای کەشکۆڵی فەردم!

## هەورامی ( ٢٦ ) [١]

شوورای عـاشوورا دیسان بەزمش بەست
موحەڕەم ئـاما موحەرەم شی نەدەست
ئەو خەریك نە چۆڵ شام عەدەمدا
من نە ( کەربەلا ) ی سارای ماتەمدا [٢]
ئەو ( یەزید ) مەرگ وە نەسیر بەردە
من زادەی ( زیـاد ) خەم یەقیر کەردە [٣]

## سۆرانی ( ٢٦ )

هەوای عـاشوورا دیسان بەزمی بەست
موحەڕەم هـات و موحەڕەم چوو لە دەست
ئەو سەرگەرمی چۆڵ شامی عەدەمدا
من لە ( کەربەلا ) ی دەشتی ماتـەمدا
ئەو ( یەزید ) ی مەرگ بردی بەنەسیر
زادەی ( زیـاد ) ی خەم منی خستە قیر

---

[٧] زامانی خەم و مینەت جەستەی منیان تواندۆتەوەو جۆگە جۆگە خوێنی دەڕوا، وەهەر لە دووری تۆیە کە دەرد خۆی دەکا بە ژوورەکەمدا.

[٨] واتە: ژێی ڕوبابی قافییە ئارایم بڕوا ، توانای عیبارەت زانیم نەماوە.

[٩] جەخار : زووخاو.

[١٠] واتە: گڕی بەردایە حوجرەی دڵەی پڕ دەردم و هەموو کۆمەڵی فەردو هەڵبەستەکانی سووتاندم بۆیە شیعرم بۆ نایە.

(١) بەبۆنەی کۆچی دوایی عەنبەر خاتوونی خێزانیەوە فەرموویەتی، (ك)و(ف) : (لە ڕۆژی دەی موحەڕەمدا)

(٢) کارەساتی مردنەکەی دەچوێنێ بەکارەساتەکەی حسەینی شەهیدەوە. کۆی قەصیدەکانی کە بۆ لاواندنەوەیعەنبەر خاتوونە هەشت پارچەن، وەك بەرچاو دەکەون.

[٣] شام: وڵاتی شام، شەو. لای (م): لە جیاتی شام (شار)ە.

بازاڕەن، وادەی مامەڵەن، ساقی !
هەی ! بگرە فانی ، وەی ! بدەر باقی [٤]
ڕۆ ، ( حسەین ) ئاسا فەردا کە ڕۆبۆ
داخۆ سەر جەکۆ؟ ، لاشەم جەکۆ بۆ[٥] ؟

بازاڕە، وادەی سەودایە ، ساقی!
هەی ! بگرە فانی، وەی ! بێنە باقی
ئای ( حسەین ) ئاسا سبەی لە نوێ بێ
ئاخۆ! سەر لە کوێ ؟ لاشەم لە کوێ بێ؟

**هەورامی ( ٢٧ )**

ئەی ڕۆشنیی چەم ! تاکەی ؟ تەشریف بەر
لیلاوی ! سادەی، هووناوەی هوون کەر [١]
پەی چێش ؟ قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد
سیلاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد
بینایی بە ڕاس ! دڵەی پڕ دەردم!
ئای چێند سەر سەخت بیم لوای نەمەردەم!!
بڵێسەی کوورەی هیجران بالات
گەرمیی مەحروومیی تۆزەکەی پالات

**سۆرانی ( ٢٧ )**

ڕۆشنایی چاوم ! تاکەی؟ بۆماوەی؟
لێلایی! سادەی سوورکە لافاوی
بۆچی؟ قیبلەکەم عەزمی کۆچی کرد؟
لافاوی دووری ڕیشەی ژینمی برد
بینایی ڕاستی دڵەی پڕ دەردم!
ئای چەن سەر سەختم دووی تۆ نەمردم!
بڵێسەی کوورەی دووریی بالاکەت
گەرمیی بێ بەش بووی تۆزی پێلاکەت

**هەورامی ( ٢٨ )**

ئایر دان بەی تەور مۆبەت سەرای دڵ

**سۆرانی ( ٢٨ )**

وەها سووتانی سەرای مەیلی دڵ

---

[٣] یەزید: یەزیدی کوڕی مەعاویە. زادەی زیاد: (عبدالله) ی کوڕی زیاد ڕایەری ئەو لەشکرە بوو کە حسەینی بە ناحەق بێ سەر کرد. یەقیر، (پ): پاقیر. واتە پێی خستوومەتە ناو قیرەوەو؛ لەوێدا هێشتوومیەتەوە.

[٤] ڕوو دەکاتە ساقی کە خوای گەورەیە سکاڵای خۆیی لادەکا. خوایە ئەم دنیایە بازاڕە، شوێنی کڕین و فرۆشتنە. فانیم لێ وەرگرەەو باقیم بدەرێ، وەیا فانیم لێ وەرگرەو باقیم بدەرەوە(واتە نەك سەر بەسەر). مەبەستی ئەوەیە عەنبەرخاتوونی فانیی لێ وەرگرێ و عەنبەرخاتوونی بەهەشتی نەبڕاوەی بداتێ. (حور عین کأمثال اللوء لوء المکنون ).

[٥] ڕۆ: ڕۆڵە ڕۆ؛ حسەین ئایا وەکو حەزرەتی حسەین.
فەردا: بەیانی، سبەینێ؛ کەڕۆبۆ: کەرۆژ بۆوە؛ ئاماژەیە بۆ مەسەلەکەی حسینی شەهید کەسەرەکەیان برد بۆ دیمەشق و لاشەکەی لەکەربەلا مایەوە.

[١] ڕووی وتەی دەکاتە (ڕۆشنایی) چاوی و (لێلاوی) و ، دەڵێ لەدوای مردنی عەنبەر خاتوون ڕۆشنایی چاوم بۆچی یە؟ کەواتە ئەی لێلایی! چاوم فرمێسکی لافاوی چاوم بکە بە خوێناو و سووری بکە ، واتە ئەوەندە بگری تا فرمێسکت ئەبێ بەخوێن. زۆری پێ نەچوو نزاکەی هاتە دی، ڕۆشنایی چاوی نەماو فرمێسکی بووبە خوێن و. دەستەئەژنۆ بۆ چەند ساڵێك مایەوە.

یادەکەت مەندمن پەی مەسکەن خەجڵ [٢]          یادەکەت ماوە بۆ مەسکەن خەجڵ
دڵە! وەبادەی وەسڵش بادی بی          بە بادەی وەصلی دڵە! مەغرور بووی
دەماخت نە ئەوج بورج شادی بی          لەسەر لوتکەی بەرز دەماخ مەسروور بووی
هیجران باڵاش وەهیچ مەزانای!          لەلای تۆ هیچ بوو دەردی هیجرانی
وێت وە ساحیب سەیر تاقەت مەوانای          خۆت بەخاوەنی سەبر ئەزانی
سا ئیسە ، ها! دەرد دووریش ئاوەرد جۆش          ( ها! ئێستا دەردی دووری واجۆشی
سەبرت ئەو ئازان بما نۆشنۆش          گەر مەردە سەبرت؟ بمێنێ هۆشی!

---

[٢] واتە: ئاگری ئەم کارەساتە ئەوین سەرای دڵمی بە تەواوی سووتاند بۆیە ئێستا یادەکەت بێ مەنزڵ ماوەو نازانێ کوێ بکا بەمەنزڵ. دەردی دووری دەردێکە دەرمانی نی یە، گڕی مردنی ئازیزان کوژاندنەوەی نی یە هیچ چارەیەك نی یە جگە لە وەی کە خۆت تەسلیم بە خوا بکەیت و، بەتەمای پاداشتی میهرەبانیی ئەو بیت.

**هەورامی ( ٢٩ )**

دووریت دیارەن چەند ساحیب نێشەن
تۆی دەروون وەخار نێشێ و تەر ڕیشەن [١]
هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وەهەتیتەی حەسرەتدا کێشەن [٢]
هەر ماهێ ئەو بۆ حاڵم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن
ئەشەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم
شەو: زڵف و، ڕۆ : ڕووت ، مەوزۆ ئەو یادم

**سۆرانی( ٢٩ )**

دوریت دیارە چەندە بە ئێشە
توێی دڵ بە درکی ئێشێ تر ڕیشە
چیم دی؟ شێوەی تۆی پێوە دەنیشا
دڵ بە هەتیتەی حەسرەتدا کێشا
کە دیم مانگی نوێ، حاڵم پەشێوە
هیلالی، شێوەی برۆی تۆی پێوە
ئەشەو ئاسوودە، ئەڕۆژدڵشادم
شەو: زولف و ڕۆژ: ڕوو ئەخاتە یادم

**هەورامی ( ٣٠ )**

شمشادو ئەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئاد مارۆ بە ویر: تەرزەکەی بالاَت
ئەو: دیدەی مەستت، ئێد: خاڵ ئالاَت [٣]
سۆ چنۆم حەسرەت دەرد جیاییت
ئەك چون بلێسەی یاد تەنیاییت
وەمەرگت دیدەم ! هام ئەگوزەردا
منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا
( مطرب ) ! مەقامێ ، دەردم ناچارەن
ساقیا! جامێ ، دۆس ئینتیزارەن [٤]

**سۆرانی( ٣٠ )**

شمشادو نێرگس، وەنەوشەی سەراو
سەیریان ئازارە بۆ بینایی چاو
ئەو دێنێ یادی تەرزەکەی بالاَت
ئەم دیدەی مەستت، ئەم خاڵی ئالاَت
سووتا ئمی ئاهی دەردی جیایی
ئەوەك بلێسەی یادی تەنیایی
بەمەرگت دیدەم! وام لەگوزەردا
منیش لەلای تۆم ئەمڕۆ یا فەردا
( مطرب )! مەقامێ ، دەردم ناچارە
ساقیا ! جامێ، دۆس ئینتیزارە

---

[١] جگە لە ئازاری دووریت توێی دەروونم بە ئێشی دڕکێکی تر بریندارە. لەبەیتەکانی دواوەدا دەردە تازەکەی دیاری دەکا.

[٢] هەتیتە: کونی بچوك. کێشەن: ڕائەکێشێ . واتە: هەرچی چێشتێك بینیم کەشێوەی تۆی پێوە بێ و، لە تۆ بچێت دڵ بەکونی هەتیتەی حەسرەتدا ڕادەکێشێ.

[٣] (ئاد) واتە شمشادەکە تەرزەکەی بالاَت دەخاتە بیرم؛ (ئەو) واتە نێرگسیش مەستیی چاوەکانت و، (ئێدن) واتە: خاڵی ئالاَت. بەیتەکە لەگەڵ بەیتی پێشوودا (الف و نشر) ی (مرتب) ە

واتە : ئاد شمشاد ، ئەو : نێرگس ، ئێد: خاڵ. شمشاد: درەختێکی هەمیشە سەوزو تەڕە.

**هەورامی (٣١)**

مەرگت دێوە لوول خەمان دێونان
بونیاد خەرمان عیرفان شێونان
جە دیدەو دەماخ ، جەگۆش و گەردەن
دووریت نمەز کام زامدارتەر کەردەن؟ (١)
دیدە پەی ڕوخسار خورشید وارەکەت
یادەماخ پەی بۆی عەنبەر بارەکەت
گۆش پەی شنۆی ڕاز ڕێزەی شەکەر ڕێز
یا گەردن پەی بەند حەلقەی زولف دێز
خێڵخانەی مەینەت یەند ئاماو شی یەن
وەسەفحەی دڵدا سۆهان ساو بی یەن (٢)
هیچ بەند نمە بۆ پای بالاش پێوە
وەرنە-هەی شاباز! شۆخ شەم شێوە!( ٣ )

**سۆرانی (٣١)**

مەرگت گێژەڵووی خەمی ئاڵۆزان
بینای خەرمانی عیرفانی شێوان
دیدەو دەماخ و گوێی و گەردن ئاخۆ؟
کامیان بە دووریت زیاتر هاتە سۆ؟
چاو بۆ ڕووخساری وەك هەسارەکەت (*)
دەماخ بەبۆنی عەنبەر بارەکەت
گوێ بۆنەو شنەی شیرین ڕازی گەش
گەردن بۆ بەندی حەلقەی زولفی ڕەش
کاروانی مەینەت هێندە هاتوو چوو
بەسەفحەی دڵدا، وەك هەسان لووس بوو
هیچ گیر نەدەبوو پێی بەلای پێوە
دەنا-هەی شاباز شۆخی شەم شێوە!

**هەورامی (٣٢)**

جەکۆ؟ مەعدوومی ئەو تاقەت دارۆ
ساتێ وەبێ دین بالات بویارۆ( ٤ )
قەزا وەسەد تەرز بەلا باریشەن

**سۆرانی (٣٢)**

لەکوێ مەعدوومی توانای وا بێرێ
بەبێ بالاکەت ساتێ ڕابوێرێ
قەزا بەسەد جۆر بەلا ئەڕێژێ

---

(٤) واتە: ئەی (محراب) بەو دەنگە سازگارە پڕ جۆشەتەوە مەقامێکم بۆ لێبدە، چونکە دەردەکەم زۆر قورس و گرانە، وە ئەی مەی ڕێژی خاوەن بەژەیی ! لەو مەیە نایابەت جامێکم بۆ پڕبکەو، بۆئەوەی سەرخۆشم بکا و ئازارم نەمێنێ و ئاگام لەخۆم نەبێ، چونکە دۆست چاوەڕوانە زوو بیگەمێ. (واتە عەنبەر خاتون)

(١) دیدەو دەماخ و گوێ و گەردن. ئاشکرایە کەبەیتی دووریت بریندارن، بەڵام نازانم کامیان زیاتر؟

(*) هەسارە: ئەستێرە.

(٢-٥) بەڵگە دێنێتەوە بۆ ئەوە بۆ نامرێ و چون بەرگەی لێشاوی ئەم خەمانە دەگرێ؟ . دەڵێ : کاروانی خەم و کەساسی هێندە بەسەر رووی دڵمدا هاتوو چۆی کردووە. وەکو ڕووی هەسان ئەو دڵەم لووس بووەو پێی بەلای پێوە گیر نەدەبوو، ئەگینا چۆن دەمتوانی ساتێ دوای تۆ بژیم و هەڵکەم؟
کەقەزا بەصەد تەرز بەلا ئەبارێ ودڵیش هەردەم بەترزێك دەگری و دەکوڕووزێتەوە.
پەنا بەخوا تەعبیرێکی جوان و دەربڕینێکی ئێجگار ناسك و دڵ ڕاکێشەرە، دڵ وەك هەسان لووسەچونکە کاروانی خەم ومەینەتانی زۆری بەسەر دا تێ پەڕیووە و بووە بە ڕاگوزەر.

دڵ هەم هەردەمی تەرزێ زاریشەن (٥)
چێش بی هام دەردان دەروون جەخەم کەیل؟
ئەو باڵا و چیهرە و خاڵ و زوڵف لەیل [٦]
تۆمەی سەرو گوڵ ، وەنەوشەو سونبول
شاناش باخەوان ئەجەل وەتۆی گڵ (٧)
تا دیسان ئەو قەیس وەمو دارا بۆ
ئەکام وەهارا چەمەن ئارا بۆ؟ (٨)

هەم دڵ هەردەمێ دەردێ ئەچێژێ
هاودەردان! چی بوو دەروون لەخەم کەیل؟
ئەو باڵا و چیهرەو خاڵ و زوڵفی لەیل
تۆوی سەرو گوڵ، وەنەوشەو سونبول
باخەوانی مەرگ چاندی لە توێی گڵ
تا دیسان گەر (قەیس) بە مودارا بێ
لەکام بەهارا چیمەن ئارا بێ؟

## هەورامی (٣٣)

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل!
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەت خانەی لەیل ! [١]
لانە حەلقەی زوڵف ! عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ!
هامدەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ!
پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم!
تەرجەمەی ! حاڵات پەشێوی جەستەم!
عەرز کەر وە لەیلا وەسەد خەمەوە
چەم وە نمەوە، دڵ وەتەمەوە [٢]

## سۆرانی (٣٣)

دڵەی دڵ بە مەی مەیلی لەیلێ کەیل!
ئاشنای ڕازانی خەڵوەت خانەی لەیل!
لانە توێی زوڵفی عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ!
هاوڕێی جێی تەنگی ئەلحەد سەرای سەنگ!
پەروانە گڵکۆی ئەو ئاوات خواستەم!
وەرگێڕی حاڵی پەشێوی جەستەم!
بڵێ بەو لەیلەم بەسەد خەمەوە
چاو بە نمەوە، دڵ بەتەمەوە:

---

(٦–٨) لەم سێ بەیتەدا بەخەیاڵە ناسك و سیحراوی یەکەی خۆی کارەساتە دڵتەزێنەکە دەخاتە قاڵبی پرسیارو وەڵامەوە و دەڵێ: چی ڕووی داوە کە هاودەردانم دەروونیان پڕ بووە لەخەم و پەژارە؟
ئەمیش بەو شێوەو دیمەنە کەس بۆی نەچووەی دەفەرموێ: باخەوانی ئەجەل هات و تۆوی سەروی باڵاو گوڵی ڕوخسارو وەنەوشەی خاڵ و سونبوولی زوڵفی لەیلای لەگڵدا چاند.
جا ئەگەر قەیس (مەبەست مەولەوی و خۆیەتی) خۆی بگرێ و چارەڕێ بکا، بێ گومان ئەو تۆوانە لەبەهارێکدا سەوز ئەبن و چیمەن دەڕازێننەوەو جارێکی تر دەبێتەوە بە دیمەنگاو سەیرانگای قەیس.
[١] ڕوو دەکاتە(دڵەی) دڵی و، ڕاسپاردەکانی پێ دەڵێ کە بیگەیەنێ بە لەیلای کۆچ کردووی چونکە دڵەی دڵی شایانە بەوە ڕاسپاردەکانی بخاتە ئەستۆی، پڕەلەبادەی خۆشەویستیی لەیلی.مەحرەمی ڕازانی چۆڵگەکەیەتی، توێی زوڵفی ڕەشی هێلانەیەتی. هاودەمی جێگای تەنگیەتی، پەروانە مەزاریەو ، وەرگێڕی حاڵاتی پەشێویی جەستەکەیەتی.
(٢) واتە هەروایە بەسادەیی پێی مەڵێ، بەڵکو بە چاوی پڕ لە نم و بە دڵێکی پڕ لەتەمەوە ئەمانەی پێ ڕاگەیەنە. لە پیاوانی تەمەن درێژ بیستراوە. مەولەوی چووە بۆ سەر گۆڕەکەی و جاری واش بووە شەو لەوێ ماوەتەوە.

دیوانەکەت دیم بلێسەش بەرزێ
بەرزی بلێسەش هەر سات سەد تەرزێ
وەهەر تەرزێ لەیل ملا و ناوە
دڵەی سەنگ سەخت متاو ناوە
گا گۆیا مەویەرد ئیند مەویەردەوە
گاموات وەدەم ئێش دەردەوە:

شەیداکەتم دی بڵێسەی بەرز بوو
بەرزی بڵێسەی هەردەم سەد تەرز بوو!
بەهەر تەرزێکی دەیلاوانەوە
سەد دڵی ڕەقی ئەتاوانەوە
گا گۆیا ئەمرد وا ئەبوردەوە
گا دەیگوت بەدەم ئێشی دەردەوە:

**هەورامی (٣٤)**

ئای جە ئێش تەنەن، جە گیان جیای من
ئای جەلوای تۆ و ئەو شۆن دیای من [٣]
سەختیی ئێش دەرد بەد حاڵیم لایێ
وای بێ تۆ مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ
وەهەر مەنزڵداو هەر ڕا گوزەردا
وەهەر دەست حەسرەت مدا وە سەردا:
چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ؟
بێ هۆشم ، خەو بۆ، ڕاس بۆ ، درۆ بۆ [٤]
گا تێکەڵ مەکەرد چەنی دەرد وێش:
فەرد هاو فەردش چەنی فەرد وێش [٥]
موات فیداش بام، یە جای شیرینەن
گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن [٦]

**سۆرانی (٣٤)**

ئای لە ئێشی تەن، لە گیان جیاییم
ئای لە کۆچی تۆ و ئەزرەی دواییم
سوێی سەختی دەردی بەد حاڵیم لایێ
بێ تۆ ئای وارگەی گشت خاڵیم لایێ
بەهەر مەنزڵداو هەر ڕێ گوزەردا
دەستی حەسرەتی ئەدا بەسەردا
چی یە دەبینم مەنزڵ بێ تۆیە؟
بێ هۆشم؟ خەوە؟ ڕاستە؟ درۆیە؟
ئەیکرد گا تێکەڵ لەگەڵ دەردی خۆی:
فەردی هاو فەردی ، لەگەڵ فەردی خۆی
دەیگوت فیداتم: (یە) جێی شیرینە
ڕێگای ئەو شۆخی زوڵف عەنبەرینە

---

[٣] وشەی (ئەو شۆن دیای من) لە بەیتەکەدا زۆر لە دڵدا هەست و عاطیفة دەبزوێنێ.

[٤] واتە: لەبەر ئەوە لەماڵە وێرانەکەمدا شنەت نی یەو ناتبینم شیرازەی ژیان و کامەرانیم تێکچووەو قسە دەبڕ کێنم، ناوم ئەم حاڵەم بێ هۆشی یە وە یا لە جیهانی خەو و خەو بینیندام؟ کە هەردەم دەڵێم: ئاخۆ مردنەکەت ڕاستە، یا درۆیە؟

[٥] مەبەست لە وشەی (هام فەرد) فەرهادی دڵداری شیرینە کەلە پەنای ئەوینی ئەودا کێوی بێستوونی هەڵکەندو لێیشی ڕەنجەڕۆ بوو. لەم کۆمەڵە شیعرانەی دواوەدا (بەیتی ١٣ تا بەیتی ١٨) مەولەوی و فەرهاد هەردووکیان بە خەیاڵ لە دانیاندا هاوبەشن. دەرد وێش (پ) ، باموْ (ك) ،(ف): دەرد ئێش.

(ف): دەرد ئێش. واتە بەبێ ئەوە ئاگای لە خۆی بێ ششیعری فەرهادی تێکەڵ بە شیعرەکانی خۆی دەکرد.

**هەورامی ( ٣٥ )**

**جە باڵای ئەی سەنگ پا ناوەردەوە**
**بەرقەی ناز جە ڕووی ئەو شەنگ کەردەوە [٧]**
**جەو جاسوو سگاوە بەو خەدەنگەوە**
**دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە ( ٨ )**
**جەو سەر دەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد**
**سارا بۆی ( عەنبەر سارا ) هەرزان کەرد [٩]**
**چۆگە جەلای جام جەبهەی جەماڵ دا**
**بەرگەشتی وەبەخت بەدر کەماڵ دا**
**چێگە حوقەی ڕاز شیرین کەردەوە**
**تام تاڵیی دەرد دووریی بەردەوە [١٠]**
**گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز**

**سۆرانی ( ٣٥ )**

**لەسەر ئەم بەردە پێی هاوردەوە**
**پەچەی ناز لە ڕووی ئەو شەنگ کردەوە**
**لەو جاسووسگاوە بەو خەندەنگەوە**
**دڵ تلدا بەزام هەزار ڕەنگەوە**
**لەو دەشتە گوڵاو ڕێژی کرد سارا**
**دای بەزان نرخی بۆی ( عەنبەر سارا )**
**لەوێ ئاوێنەی ڕووی خۆی جەماڵ دا**
**قوڕی دا بەسەر بەدری کەماڵ دا**
**لێرەش گۆی ڕازی شیرین کردەوە**
**تامی تاڵیی سوێی دووریی بردەوە**
**جێی ( جیلوە ) ی لەیلا لە سنوور بەدەر**

---

[٦] ئەم بەیتە نیوەی یەکەمی هی فەرهادە، وە نیوەی دووەمی لە ئلهامی مەولەوی یە و ئەیەوێ ڕێگای گۆڕی عەنبەرخاتون بپێوێ. لە گۆڕینەکەدا وشەی (یە) م لە نێو دوو کەوانەدا وەکو خۆی هێشتمەوە. کوردی یەکی ڕەسەنەو لە زۆر ناوچەدا بەکار دەهێنرێ.

(٧–٨) ئەم دوو بەیتە هی فەرهادن. دەڵێن (شیرین دوای مردنی فەرهاد لەسەر بەردێك لە نزیك گۆڕەکەیەوە هەندێ فەرهاد دەلاوێنێتەوە و دوایی خۆی هەڵ ئەداتە خوارەوەو دەمرێ) واتە: لەسەر ئەو بەردەوە لەسەر ڕوخساری نازی پەچەی لاداو دوایی خۆی هەڵدا. بە تیری برۆی دڵمی بە زامی هەزار ڕەنگ تلاندەوە.

[٩] بەیتی مەولەوی یە . خوێنەری ئازیزم! بەسەلیقەی خۆت بزانە ئەم بە یتانە کامیان بۆ مەولەوی یەو کامیان بۆ فەرهادە.

(١٠–١٢) قەصیدەکە بەیتی (چێگە حوقە...هتد) لای (ك) تەواو بوو، بەڵام ڕاست نی یە چونکە شیعرەکانی دواوە لە قەصیدەی سەربەخۆ ناچن، واتە لەبەر ئەوە گوزەرگای جیلوەو خۆدەرخستنی لەیل بەچەند تەرزێکی جۆر بە جۆر دەکەوێتە بەر چاو کاری کردۆتە سەر مەجنوون و خەفەت و زایەڵەی لە سنوور دەرچووەو ئیتر چۆن ئەتوانم بە وتن باسیان بکەم نەتۆ بیستی و نە دوژمن.

زایەڵەی مەجنوون جە عەد ڕەد بەو تەرز! (١١)
چون کەروون تەقریر پەی سەرکار تۆ؟
ئەتۆ بژنەوی ئە دۆسداری تۆ! (١٢)

زایەڵەی مەجنوون دنیای گرتە بەر
بەیان ناکرێ بۆ ئاستانی تۆ
ئەتۆ ببیستی ئە دۆستانی تۆ

<u>**هەورامی ( ٣٦ )**</u>

مەعدووم ! چون قەزا ئاما جە ناکاو
دانا چون نادان و زۆ وە گەرداو [١٣]
عیرفانەکەت کۆن؟ فامت کۆشی یەن؟
ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نی یەن! (١٤)
ئارۆ یەك ( جیلوە ) ش هانە ڕووی کاردا
فەردا چێش ئەو یەك ( جیلوە ) ش دیاردا
لا، بەڵ ئەو ( جیلوە ) ی ڕوونە پەنهانی
ئەوعە ( ظهور ) ێن ، زاناش ویجدانی
چ ماتە مێومن؟ پات بی یەن پێوە؟
داناو مەخشووشی کێ دییەن پێوە؟
ئەو ( جیلوە ) ی گەردمن ئەرشی وەتاقی
ئێد ( جیلوە ) ی گەردمن سوراحی و ساقی [١٥]

<u>**سۆرانی ( ٣٦ )**</u>

مەعدووم ! کە قەزا ڕووی دا لە ناکاو
وەك ئەزان زانا دەخاتە گێژاو
کوا عیرفانەکەت؟ کوانێ دانایی؟
ئای ! کەی ( جیلوە ) ی یار دێتە کۆتایی ؟
ئەمڕۆ یەك ( جیلوە ) ی وا لە ڕووی کاردا
ئەوی کەی سبەی ها کا دیار دا
ئەخێر ئەو ( جیلوە ) ی ڕووی لە پەنهانی
دەرکەوتنێکە ڕوون لای ویژدانی
پێت بوو بە داوی چ خەمێکەوە؟
داناو بێ هۆشی ، کێ دی پێکەوە؟
( جیلوە ) ی ئەم گەردن گەرچوو بەتاقی
ئەویان گەردنی سوراحی و ساقی

<u>**هەورامی ( ٣٧ )**</u>

ئیمساڵ ئەووەهار چون خەزان سەرد
بەرگ وەرد باغ ( مەعدووم ) بەرد پەی هەرد [١]
مشێو تاڵەی من خیلاف ئەنگێزبۆ

<u>**سۆرانی ( ٣٧ )**</u>

ئەمساڵ ئەوبەهار وەك خەزانی سەرد
پەڕی گوڵباخی ( مەعدووم ) بردە هەرد
ئەشێ بەختی من خیلاف ئەنگێز بێ

---

(١٣-١٤) ڕووی وتەی دەکاتە خۆی و دەڵێ کە قەزاو قەدەر لە پڕ هات دانا وەکو نادان دەخاتە گێژاوەوە تۆ لای خۆی خاوەن هۆش و هەست و تێگەیشتن بووی؟ بۆ ئێستە لەم مەیدانەدا وەکو نادان خۆت پیشان ئەدەیت؟.

نازانی جیلوەی دۆست (کە خودایە) کۆتایی و بڕانەوەی نی یە.

[١٥] (م) لە هەردوو نیوەی بەیتەکەدا : جیلوەکەردەن. ف : جیلوە کەردەن

واتە: ئەگەر جیلوەی گەردنی عەنبەرخاتوون ئەما خۆ جیلوەی گەردنی سوراحی و ساقی بەردەوامە.

[١] وشەی (ئەووەهار) ئەوەئەگەیەنێ کەمردنەکەی لەبەهاردا بووبێ. وەلەپێشەوە باسکرا کەلە دەی مانگی موحەڕەمدا بووە.

وەرنە، کەی؟ کێ دی وەهار گوڵرێز بۆ؟ [٢]
دڵ وە گێجبازیی چە پگەرد بازیش وەرد
جفت ئارەزوو کەرد ، چە پگەرد تاق ئاوەرد [٣]
بۆی عەنبەر نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد [٤]

ئەینا ، کەی؟ کێ دی: بەهار گوڵ ڕێز بێ؟
دڵ بە فێلبازی گەردوون هەڵە نگووت
ئەم تاکی هێنا، دڵ: ئارەزووی جووت
بای پەتای مەینەت دەرفەتی هانی
بۆنی عەنبەری لە دەماخ ڕانی

<u>هەورامی ( ٣٨ )</u>

ئەیچی وە بێ بەزم یاران جانی
کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی؟
چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بۆ وە شیرینیی یەك دوو نەواوە: [٥]
یەکێ یەکجاری تاو نۆمەوە
ئەو یەك لاونۆم، یاو نۆمەوە( ٦ )

<u>سۆرانی ( ٣٨ )</u>

ئەیچی ! بێ بەزمی یارانی گیانی
کام خۆشی ماوە بۆ زیندەگانی؟
چێژی دەم تاڵە لە هەموولاوە
بێ بەو شیرینیەی یەك دوو نەواوە
یەکێکیان یەکسەر بمتوێنێتەوە
ئەو بملاوێنێ و بمژێنێتەوە

<u>هەورامی ( ٣٩ )</u>

ئەدای پەشێویی حاڵات جەستەم
دوورەن جەتەحریر خامەی شکستەم [١]
بەڵام ( مەعدووم ) غەرق هەرس جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن [٢]

<u>سۆرانی ( ٣٩ )</u>

باسی پەژارەی چۆنیەتیی جەستەم
دوورە لە ڕشتەی خامەی شکستەم
مەعدووم لە گێژی ئەشکی جاریدا
خامەی دەس دایە لە ناچاریدا

---

[٢] لە گۆڕینەکەدا وشەی(خیلاف ئەنگێزم) وەکو خۆی هێشتەوەو نەمگۆڕی، لەزۆر شوێندا لە کوردەواریدا بەکار دەهێنرێت. ئەمە باشترە لە وشەی (ڕەشی بنوێنێ)

[٣] م: گێجبازی. (ع) و(پ) : کەچبازی. واتە: فڕوفێڵ و تەڵەکە بازی.

[٤] عەنبەر: بۆنی خۆش. عەنبەر خاتوونی خێزانی. ڕانی : دەری کرد.

(٥-٦) بە هۆی مردنیەوە چێژوتامی دەمی تاڵە،، داوا دەکا لەنەیچی بە شیرینیی دوو نەغمە و نەوایەوە تاڵیی دەمی نەهێڵێ، ئەو دوو نەوایەش بەجۆرێ بن یەکێکیان بیتوێنێتەوەو لەدنیادا نەیهێڵێ. ئەوی کەشیان بیلاوێنێتەوەو لە دواییدا زیندووی بکاتەوە. لە (ف) دا لە جیاتی (مەزاق) نووسراوە: فیراق. نوسخەی مەزاق ڕاستە. چونکە (شیرینیی) بۆ دەمە.

[١] دەربڕین و باسکردنی چۆنیەتی جەستەی خەستەم زۆر دوورە لەوەی من بتوانم بە نووکی قەڵەمی شکاوم بیان هۆنمەوە.

(٢) بە فرمێسکی چاوەکانی دەریایەك دروست دەکاو تیایدا نوقم دەبێ، بۆیە لە بنی ئاودا بۆ لەیلی (عەنبەر خاتوون) ئەگەڕێ، وەك لە بەیتی چوارەمدا بەر چاو دەکەوێ. نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لای (م) ئاوایە:

پەلە پەل پێکان پەل وە خامەدا :
یەك فەرد رەقەم کەرد وە رووی نامەدا :
ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت
نەبێخ ئاودا مەگێڵۆ پەرێت

پەلە پەل پێچای پەل بەخامەدا :
فەردێکی نووسی لە ڕووی نامەدا
دڵی دێوانەت دیدەی ئێستا خۆ
لە بن دەریادا دەگەڕێ بۆ تۆ

<u>**هەورامی ( ٤٠ )**</u>

گەردەلوودەن دەور مەزار لەیلێ
ئاو پاشی و مالاش لازمەن خەیلێ [١]
خادیمی توربەت ناسك ئەندامان
پەی دیدەو موژگان مەعدوومی ئامان
ئاو پاشی ڕەویەی دیدەی نمیدەم
مالاش وەزیفەی موژەی خەمیدەم
گەردێ نێ وە ڕووی یانەی نۆشدا
یا خەوشێ وە خەوش عەنبەر بۆشدا [٢]
پاس نازکیی لەیل یاگەی وێشەن
جای موشاهەدەی قەیس دڵ ڕیشەن [٣]
بەڵ بالای ئالاش وەسەد خەم و چەم
باز وینوون بێ خەم وەی چەم یا ئەو چەم [٤]

<u>**سۆرانی ( ٤٠ )**</u>

گەردی گرتووە مەزاری لەیلێ
شتن و مالینی پێویستە خەیلێ
خزمەتی خاکی ناسك ئەندامان
هەر بۆ مەعدوومە بەدیدەو موژگان
ڕشینەی ڕەویەی دیدەی نماویم
مالینی پیشەی موژەی چەماویم
گەردێ ئەنیشێ بەمالی نوێدا
خەوشێ بەحەوشی عەنبەرین بۆندا
ناسکیی لەیلێ، پاسی جێی خۆیە
نەزرگەی قەیسی دڵ پڕ لە سۆیە
تا بالای ئالای بەسەد جۆر چەماو
بی بینم بێ خەم بەم چاو یا بەو چاو

---

بەلام مەعدووم هەرس دیدەش جۆش وەردەن

[١] ئەم بەیتە و سێ یەیتەکانی دواوە ئەوە ئەگەیەنن کە زۆر جار چووە بۆ سەردانی گۆڕی خاتوون . وە وەك بیستوومە کەس و کارو دۆستانی بەرامبەر بەم کارەی گلەییان لێ کردووە.

[٢] نۆشدا، بۆشدا(م): نۆشدا ، بۆشدا.

[٣] واتە ڕاگرتن و پاسکردنی گۆڕەکەی لەیل بۆ ئەوەی ناسکیی و خاوێنێ هەمیشەیی بێ لە جێی خۆیدا بەو زۆر ڕەوایە ، چونکە دیمەنگەو بینینەکەی قەیسی دڵ بریندارە.

[٤] ئالاش : جوان و ڕازاوە، وەیا مەعنای بەرزە کەلە (املا) ی عەرەبی یەوە وەرگیراوە. خەم و چەم لەمەعناداهەردووکیان یەکسانن. واتە چەمینەوە وەیا چەماندنەوەی بەمەبەستی عیشوەو ناز کردن. نەك بەکاری پیری. (چەم) ی دووەم: چاو، (خەم) ی دووەم: خەم و خەفەت. بەڵگەی دووەمە بۆ بەیتی پێشوو. واتە ڕاگرتنی ناسکیی گۆڕکەی لەیل ڕەوایە ، چونکە بە پلەی یەکەم نەزرگەی قەیسی دڵ ڕێشە، وەبەپلەی دووەم بەڵکو بالای ئالای بەصەد..جۆر هتد.

**هەورامی ( ٤١ )**

( مەعدووم ) تاو یاو دووری زۆر ئاوەرد
تاو یاو بینای قسەی پەشێو کەرد [٥]
ماخۆلییای یاو ئینە خدێشەن
وەرنە ئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن؟
فەسڵ وەسڵ بەزم ( خاصە ) ی نەدیمان
خاوێ بی و یەرد، دیمان ، نەدیمان [٦]
بەتاڵەن هەوای دۆس کۆچ کەردە
مەحاڵەن ئامای عومر و یەردە
بنیش ئەگێجاو دەریای بێ پەیدا
ئەگۆشەی ( حوجرە )ی ( سەفینەی ) مەیدا [٧]
ڕووت ڕووت ئەو ( جیلوە ) ی ستارە کەر ڕاس
باخودا وە ئیخلاس ، نا خودا مەناس [٨]
تا باد موراد ئە پێوارەوە
کەی برۆت ئاخر ئەو کەنارەوە؟

**سۆرانی( ٤١ )**

( مەعدووم ) تای دووری وازۆری هانی
تینی تا بینای قسەی شێوانی
ماخۆلییای ( تا ) پیشەی وایە خۆ
ئەینا ئەم خەیاڵ پەرێشانیەم بۆ؟
فەصڵ و وەصڵەکەی بەزمی ( ندیمان )
خەوێ بوو ڕۆیی ، نەماندی دیمان
بە تاڵە هەوای دۆستی کۆچ کردوو
هاتنەوەی نی یە، عومری ڕابردوو
دانیش لە گێژی دەریای بێ پەیدا
لە گۆشەی حوجرەی ناو کشتیی مەیدا
تیشکی ئەستێرە ڕووی تێکە بە ڕاس
خوا بکرە بەدڵ، کەشتیوان مەناس
تاکو بای موراد لە بنارەوە
کەی ئەتهاوێتە لای کەنارەوە؟

---

[٥] (مەعدووم) لێرەدا موبتەدایەو نیوەی دوەمی بەیتەکە خەبەرەکەیەتی (تاویاو) ی پێشوو : لەرزوتا، گرانەتا. (تاویاو) ی دووەم بەمانا : توایەوە واتە: (مەعدووم) لەبەر ئەوە لەرزووتای دووریی یاری لەدەست دەرچووی زۆری بۆ هێناوە، بەتەواوەتی لەشی تواوەتەوەو ، بینای قسەکانی پەشێوبووە.

[٦] وشەی (ندیمان) ی یەکەم عەرەبی یەو کۆی (ندیم) ەو، بەمانا دۆست و دۆستانە. (ندیمان) ی کوردی یەو بەمانای(نەماندی) بە شێوەی ئیملای کۆن هەردوو وشەکە (ندیمان) وەکو یەك دەنووسرێن و جیناسی تەواوە.

[٧] دەریا دەریای قەزاو قەدەر، مەبەست: خوا پەرستی یە.

[٨] باخودا: لەگەڵ خودا. ناخودا: کەشتیوان.

خوێنەری بەنرخ! بەو جۆرەی کە دیت باسی عەنبەر حەتوون لەهەشت تابلۆی ئایابدا کۆتایی هات ، ئەم هەشت تابلۆیە کە پەنجەی توانای مەولەوی دای ڕشتوون هیچیان لە ڕووی ناوەرۆکەوە لە یەکێکی تریان ناچن، دەتوانم بڵێم —بەپێی ئاگاداری من — لەسەرەتایانەوە تا کۆتایی یان بەو تەرزە داڕشتنە لە نووکی هیچ خامەیەکەوە لە کۆن و تازە نەتکاوەتە سەر نامەو کەس بە چاوی سەر نەیدیوە ئەگەر ئەتوانی بە درۆم بخەرەوە.

**هەورامی ( ٤٢ )** [١]

**بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا**
**غورەی شار شۆر دڵان دیار دا** [٢]
**نەسیم وە بۆی چین چنوور رووی هەرد**
**سوب ( صباح الخیر ) دەماخ دڵ کەرد**
**جە پرژەی شەونم نە تۆی پەردەوە**
**نەرگس مەس مەس چەم وڵاو کەردەوە**
**سەوزە وەستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس**
**گوڵان جام وەدەس بولبولان سەرمەس** [٣]
**مەنعم مەکەردێ گرانە دەردم**
**ئەر شێویا بۆ قافی یەی فەردم** [٤]

**سۆرانی ( ٤٢ )**

**لوتکە وەك هیلال بەفر جاڕی دا**
**مانگی نوێی عەشقی دڵان دیاری دا**
**نەسیم بە بۆنی چنووری رووی هەرد**
**کردی رۆژباشی دەماخی دڵ سەرد**
**بە پرژەی شەونم لە توێی پەردەوە**
**نێرگس بەمەستی چاوی کردەوە**
**بەسەوزە چیمەن چین چین فەرش پۆش**
**گوڵان جام بەدەس ، بولبولان سەرخۆش**
**لۆمەی من مەکەن گرانە دەردم**
**تێکچووە ئەگەر قافی یەی فەردم**

---

[١] لەماموستا عبدالکریمی مدرسم بیست خودا بیهێڵێ بۆمان کە ئەم چامەیەی بەبۆنەی مردنی کوڕ ێکییەوە و ووتوە بەڵام نەزانرا کام کوڕی بووە.

[٢] لەبەهارراندا بە تەوێڵی شاخە بەرزەکانەوە ئەندازەیەك بەفری شێوە میلالی دەکەوێتە بەرچاو. ئەو بەفرە قەیتانی یە بەلای مەولەوی یەوە مانگی یەك شەوەیەو نیشانەی مانگی تازەی عەشق و شۆری دڵانە(لە کوردەواریدا وا بڵاوە هەموو مانگێکی یەك شەوە نیشانەیە بۆ ڕووداوێکی خۆش یا ناخۆش لێرەدا بۆ مەولەوی دڵ شاو نیشانەی خەم و خەفەتەو بۆ غەیری مەولەوی نیشانەی شۆرو عەشقی دڵانە).

شۆری دڵان موژەی خۆشی و شادمانیی گەیاندووە بە هەموو کەس و بە هەموو سروشت ، جگەلە منی خەستە دڵ و پەرێشان، کات کاتی بەهارە، دەبینی گوڵ و گوڵزارو سەوزەو چیمەن و چنوور بەدەم شادمانی یەوە پێ دەکەنن، و لەو پەڕی کەیف و بەزم و ئاهەنگدان، لەبەیتەکانی دواوەدا باسی بەزم و ئاهەنگەکەیان دەکات.

[٣] واتە: سەوزەو ووردە گیای بەهاران چین چین زەوی یان فەرش کردووە، گوڵاڵەکانیش بەرامبەر بە بولبولان بەجامی بادەوە-کەتۆپی گوڵەکانیانە- وەستاون و کەوتوونەتە خوێندن و سەما.

[٤] مەولەوی بە هۆی خەم و پەژارەی زۆریەوە قافی یەی بەیتەکانی تێکچووە، بۆیە دەڵێ (مەنعم مەکەردی...هتد).

ئەم جۆرە گۆڕینە بەتەنیا زادەی بیری تیژی مەولەوی یە تا ئەو سەردەمە- نەمان دیوە- لە کوردستاندا بەم شێوەیە شیعر وترابێ. نەجمەدین مەلا خوا لێی خۆشبێ لەدەستنووسێکی خۆیدا دەڵێ:

هێشتا تێ هەڵکێش نەبووە لە دنیا

**هەورامی ( ٤٣ )**

فەریاد جەشۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی موراد من نادیارمن [٥]
داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من
هەر ئەو گولاڵەی من نە پێوارمن [٦]
یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش ؟ جۆشی
بەوسەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە [٧]
یا جۆش سەمتوور ( مطرب ) ؟ خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە [٨]
بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ
های چەمە دەخیل شەوێ شە نمێ ؟ [٩]
بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازک ئەو گوڵ
دەمە؟ نەسیمێ وادەی سب دەمێ ( ١٠ )

**سۆرانی ( ٤٣ )**

هاوار لە شۆری زەویی چارەی من
هەر سەوزەی هیوای من نادیارە
ئاخ! لەبای شوومی( بەدستارە ) یمن
هەر ئەو گولاڵەی من خاکەسارە
ئەی زرەی دەفی شا دەروێش ؟ جۆشێ
بەو سەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە
جۆشی سەمتووری ؟ مطرب ؟ خرۆشێ
ئابەم دوو فەردەی حەسرەت مەعناوە
بڕوێ تا تۆوی ئارەزووەکەیدڵ
هەی دیدە! دەخیل شەوێ شەونمێ
بەڵکو سەر هەڵدا ئەو ئاسک ئەو گوڵ
دەمە؟ نەسیمێ وادەی سوب دەمێ

**هەورامی ( ٤٤ )**

**سۆرانی ( ٤٤ )**

---

مەولەوی شیعری (سۆنتی) داهێنا
وشەی (سۆنتی) لاتینییە دیلرە بریتی یە لەم قافی یە تێکچوونە بەڵام وشەکە بەحوانی بۆم ساغ نەبووەوە.

[٥] شۆرەی ئەرز: زەویی یەکە خۆێی تێدابێت ، زەویی شۆرەکات واتە خوێدار دیارە. سەوزەو درەختی لێ ناڕوێت.

[٦] (بەد ستارە): ئەستێرەی بەد ؛ بێ بەختی، چارە ڕەشی. نەپێوەران: لەژێر خاکدایە، واتە هەرسەوزەی ئاواتی من نادیارەو هەر ئەوگولاڵەی من بەتەنها لەژێرخاکدایە.

[٧] واتە: ئەی ئاوازو دەنگی زرەی دەفی شای دەروێشان ! دەستمە دامێنت بەو دەنگ و ئاوازەتەوە بە ڕەگ و ڕیشەی دڵ ئاشنایە، بجۆشێ و بەزمێکمان بۆ ساز بکە.

[٨] واتە: ئەی جۆشی سازوسەمتوور و گۆرانی بێژی خۆش ئاواز ! بەم بەیتانەی خوارەوە بکەوە سەر بەزمی جۆش و خرۆش.

(٩–١٠) بۆ ئەوەی تۆوی ئارەزووی من و گولاڵەم سەر هەڵدا ئەی چاو! لەشەوێکدا شەونمێك و ئەی هەناسەم ! لەبەرەبەیانێکدا نەسیمێك هەڵکە. فرمێسك و هەناسە کەی خۆی دەچوێنێ بە نەسیم و شەونمەوە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکت و لە تەعبیری وردو بێ گەردت.

| | |
|---|---|
| **پەشێو وێنەی وێم نیشتە بیم خەجڵ** | **دانیشتبووم کز وەك خۆم خەجڵ** |
| **دیم شادی دەس دانە دەروازەی دڵ [1]** | **دیم شادی دەس دانە دەروازەی دڵ** |
| **واتم: نامانی هەرگیز، های چیشەن؟** | **وتم چۆن بوو؟ قەد نەهاتیتە ڕوو** |
| **لەب بەردەوە، چێش ، نامەیێ پێشەن [2]** | **پێکەنی ، تمەز نامەی تۆی پێ بوو** |
| **نەتاریکی خەت مەعناش مەجۆشا** | **لەتاریکی خەت، مەعنای دەجۆشا** |
| **چون ئاو حەیات دڵ خاس خاس نۆشا [3]** | **وەك ئاوی حەیات دڵ باشی نۆشا** |
| **ئاخ قووەی زەمین دەروونم کەم بی** | **ئاخ هێزی ئەرزی دەروونم کەم بوو** |
| **بووڵەکەی سفتەی سەرەڕێ خەم بی [4]** | **خۆڵی سوتاوی لەسەر ڕێی خەم بوو** |
| **وەرنەئەو شەونم جەسەردا مەوەشت** | **دەنا شەونمێ کە ئەو پێی ئەچەشت** |
| **مەشیا کەردابیش وە ڕەوزەی بەهەشت (٥)** | **دەبوو ببوایە بەباخی بەهەشت** |
| **فەرمان بێت ئێسا جەمین جام جەم!** | **فەرمووبوت ئێستا ڕوومەت جامی جەم !** |
| **پاسەیچە نی یەن تۆ دینت وەچەم** | **وەکو تۆ دیوتە وانەماوە ئەم** |
| **<u>هەورامی (٤٥)</u>** | **<u>سۆرانی (٤٥)</u>** |
| **نرخ کالاکەش ئالاتەر بی یەن** | **نرخی کالاکەی زیاتر دەنوێنێ** |
| **سەد گیان وە پوڵێ بالاتەر نی یەن** | **سەد گیان لەلای ئەو پوولێ ناهێنێ** |
| **ئارێ تا پەی ئەو من ڕۆمەن چون شەو** | **بەڵێ تا بۆ ئەو ڕۆژم وەکو شەو** |

---

[1] نۆ قەصیدەی نوسیوە بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی وەك بەرچاو دەکەون.کەسی نەدیوە لە کەساسی و زەبونیدا خۆی پێوە بچوێنێت بەس خۆی نەبێت . بۆیە دەفەرموێ(پەشێو وێنەی وێم..) ڕستەی (دیم شادی دەس دا..) (استعارە)ی مکنیە) یە.

[2] نامەیێ: (ف) : نامەی تۆ.

[3] وابلاوە:ئاوی ژیان وەیا ئاوی حەیات. ئاوی خضر لە شوێنێکی زۆر تاریکدایە و ئەبریسکێتەوە. دەڵێن هەرکەس لەو ئاوە بخواتەوە نامرێ و ئەمینێ، ئەڵێن (خچر) ئێستا لەژیاندایە، چونکە ئەو ئاوەی خواردۆتەوە، پیتە ڕەشەکانی ناو نامەکەی چواندووە بەتاریکی یەوەو، ماناکانیشی لەپرشنگدارێدا بەئاوی ژیانەوە، دڵەکەش باش باش ئەو ئاوەی نۆش کردووە.

(٤–٥) سفتەم، (ع) و (ف) : سفتەی . واتە هێزو پرشتی زەوی دەروونم لەبنەڕەتدا کەم بوو. وەجگە لەوەش خۆڵەمێشەکەی لەشی سووتاوم لەسەر ڕێگای هاتوچۆی کاروانی خەم بوو. ئەگینا ئەگەر وانەبووایە ، دەبوو ئەو دڵەم کە ئەو ئاوەی نۆشابوو وەیا ئەو شەونمەی بەسەر دا ڕژابوو دەبوو ببوایە بەباخی بەهەشت.

| | |
|---|---|
| **شەوقەن پەی خەندەی سوبح جەبهەی ئەو [٦]** | **دەبێ بەشەوقی خەندەی ( جەبهە ) ی ئەو** |
| **تا وەنەڕی دەرد دڵەی من شانەن** | **تا بەمشاری خەم، دڵ شانەیە** |
| **زەریف تەر تووڕەی ئەو دانە دانەن [٧]** | **تورەی ئەو جوانتر دانەدانەیە** |
| **تا من دووی سفتەی جەستەم فیشتەرەن** | **تا جەستەی سووتووم دوکەڵ بسێنێ** |
| **جە لای ئاوێنەی ئەو زیاتەرەن [٨]** | **شەوقی ئاوێنەی زیاتر دەنوێنێ** |
| **تا سفتەی قامەت من وسمە وەشەن** | |
| **ئەبرۆی ئەو وەرووی دڵ کەمان کەشەن [٩]** | **برۆی رووەو دڵ کەوان ئەکشێنێ** |
| **های چێشت واتەن؟ وەرەحمەت شاد بی** | **شاد بی بە رەحمەت وتت چی ئەمە؟!** |
| **مەر زوو تەر کەم بی ، ئیسە زیاد بی؟** | **زوو چۆن زۆرترو ئەمێستا کەمە؟!** |
| **ئەر جە زام دڵ من نیگات مەکەرد** | **گەر لەزامانی دڵم ئەزەر کەی** |
| **مەزانات ئەو زات ، ئەو وەسف بێ گەرد [١٠]** | **ئەزانی ئەو زات ئەو وەصفی بێ پەی** |
| **هەورامی( ٤٦ )** | **سۆرانی ( ٤٦ )** |
| **ئەو ڕاز، ئەو ناز، ئەو قەوس ، ئەو خەدەنگ** | **ئەو ڕازو نازو قەوس و خەدەنگی** |
| **بی یەن ،هەن، مەبۆ، مەگێلان جە ڕەنگ، [١١]** | **بوو، هەیەو، ئەبێ، ناگۆڕێ ڕەنگی** |
| **حاڵش دەستەمل وە ئیستیقباڵەن** | **( ئێستای ) دەستەمل لەگەڵ ( لەمەولای )** |
| **ئیستیقبال چەنی مازیش یەکحاڵەن ( ١٢ )** | **ماضی ئیستیقبال، حاڵ، یەکسانە لای** |

[٦] ئاریٰ: بەڵێ. واتە بەڵێ ڕاستەو دوورە لەگومان. تاکو من بەهۆی عەشقی ئەوەوە ڕۆژم وەکو شەو تاریك و نوتەك بێ، بەیانی ڕۆژی ڕوخساری ئەو جوان تر دەردەکەوێ و پێدەکەنێ و ئەبریسکێتەوە، دیارە تا شەو تارریك تر بێ بەرەبەیان باشتر دەردەکەوێ.

[٧] واتە تا من بەمشاری دەردی ئەو دڵم وەکو شانە برگە برگە بێ، زوڵفی ئەو باشتر پەخش و بڵاو ئەبێتەوە دانە دانەو تاڵ تاڵ ئەوەستێ، واتە دڵە عاشق تا باشتر زامدار بێ، یار باشتر خۆی دەنوێنێ.

[٨] فیشتەرەن، ك: ئەسەرەن، واتە تا من دوکەڵی لەشی سووتاوی جەستەم بەخەستی هەڵچێ وەپەرەبسێنێت، بەو خۆڵەمێشەی جەستەم شەوق و ڕووناکی ئاوێنەی ڕوخساری باشتر پەرەدەسێنێ چونکە خۆڵەکەی ئەدا لەو ئاوێنەیەو ڕۆشنایی یەکەی زیاتر ئەبێ.

[٩] واتە تا سووتاوی یەکەی لەشم لە وسمە ڕەشتر بێ برۆی کەوانی ئەو باشتر تیر دەگرێتە نیشانەی دڵ و بۆی دەکشێ.

[١٠] مەعناکەی لەگەڵ دوو بەیتی دواوەوەدایە.

(١١-١٢) ئەگەر لەکونی زامەکانی منەوە سەیرت بکردایە ئەو دەمە دەتزانی ئەو زات ئەو وەصف .... بووەو هەیە و هەر ئەبێ گۆڕانی بەسەردا نایەو. حاڵ و ماضی و ئیستقبالی یەك حاڵەو ناگۆڕێ.

| | |
|---|---|
| باریٚ دڵ وەخشت وێرانی ئاوان | دڵ چون بەخشتی وێرانە ئاوان |
| حەقت وەدەسەن نەداری تاوان، [١٣] | حەق بەدەستی تۆ ، دووری لە تاوان، |
| دڵ تیفل و نازیز هەر ڕۆ نە ( شانیٚ ) | دڵ تیفل و نازیز هەر دەم بە ( شان ) یٚ |
| هەر لادیٚ تەرزیٚ، هەر سات نیشانیٚ ( ١٤ ) | هەر تاویٚ تەرزیٚ هەر جار نیشانیٚ |
| گا چون ستارەی تاریکە سەحەر | گا وەك ئەستێرەی تاریکیی سەحەر |
| گا قەمەر، گا خۆر مەیۆ وەنەزەر ( ١٥ ) | گا مانگ و گا خۆر دێتە بەر نەزەر |
| گا وەبێستوون هەستی بیناوە | بەو بێستوونەی هەستیی بیناوە |
| حوسنی وە گوڵ گوون وەش ئیستیغناوە [١٦] | ( جیلوە ) ی سەد ڕەنگی خۆش ئیستیغناوە |
| دەست شیرینیش ماوەرۆ وە یاد | دەستی شیرینیی دێنێتیەوە یاد |
| فەرهادی نەتاق فەرقەکەی فەرهاد( ١٧ ) | ڕەنجی بیٚ مایەی تاقەکەی فەرهاد |
| <u>هەورامی( ٤٧ )</u> | <u>سۆرانی ( ٤٧ )</u> |
| گا چەرخ دیدەی سەد لەیلا فرۆش | گا چەرخی دیدەی سەد لەیلا فرۆش |
| کوورەی ناز ناز ماوەرۆ وە جۆش [١٨] | کوورەی ئاگری ئەهێنێتە جۆش |
| تا بۆی حەرارەت مەوج دەریای دەرد | بە تاوی گەرمی گێژی دەریای دەرد |
| مەجنوون وێنەی تەم بەرۆ هەردەو هەرد( ١٩ ) | وەك تەم سەرئەخا مەجنوون هەردەو هەرد |
| خاڵۆ ! پەی جەلال ئەر کارسازیشەن | خاڵۆ ! بۆ( جلال ) گەر کارسازی بیٚ |

---

(١٣-١٥) واتە تۆ گوناهت نی یە چونکە خانووی دڵی تۆ بەخشتی وێرانە دروست کراوە، وەلە لایەکی کەوە ناهەقت نی یە و بەتاوابارت ناوانم، چونکە دڵ وەك منداڵی ساوا وایە مەودای تێگەیشتنی تەسکە، دەبینین ئازیزیش هەر ساتە بەجۆریٚ خۆی دەنوێنیٚ (کل یوم هو فی شان). جاریٚ وەك ئەستێرەو کەڕەتیٚ وەم مانگ و دەمیٚ وەکو خۆر دەکەوێتە بەررچاو، سەیری ئایەتە پیرۆزەکانی (٧٨\٧٦) سورەتی ئەنعام بکە.

(١٦-١٧) واتە: جار جاریٚ ئازیز بەسەر شاخی بێستون بینای دنیاوە بەو جوانی یەهەمە جۆرەی و، بەو بیٚ باکی یەی دەستی توانای شیرینیی ڕەنجی بیٚ مایەکەیفەرهادمان دەخاتەوە یاد، هەر کارێك کە بیەویٚ بیکا دەیکا و پرسیاریشی لیٚ ناکریٚ. (ولایسال عما یفعل...)

(١٨-١٩) واتە ئازیز جار جاریٚ بە گێڕانی چاوی کە هەر گێڕانێکی لە جوانیدا صەد لەیلا دەفرشیٚکوورەی ئاگری نازی دێنێتە جۆش بەتاو وتینیی ئەو گەرمایەی شەپۆلی دەریای دەردی بیٚ سامانی عەشق سەدان وەکو مەجنوون دەکا بەتەم و مژو دەیخاتە ڕووی ئاسمان و هەرداو هەرد دەیگێڕیٚ.

وادەی تەجەللای تیر ئەندازیشەن [٢٠]
(بسم الله) ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش
ئێد نیشانەی تەن سەد جار شکستەش (٢١)
چون ڕەنگ کەرۆ زام تازە دامانم
ئاو مزۆ ئەو دمم کۆنە زامانم
زام تەن وە تیر بەلاش زیاتەر
ڕای ئامۆشۆی دڵ وەلاش زیاتەر [٢٢]

**هەورامی (٤٨)**[١]

جەرگت لەت لەت بۆ چەواشەی ! چە پگەرد!
خاڵۆت جیا کەرد، یەکار بی تۆ کەرد ؟ [٢]
دیدە ! وادەی سەیل هوونەی هوناوەن
دڵە! وەخت بەزم نۆشای زوخاوەن
(وەش ڕەنگی) ! بازمە، سادەی (بێ ڕەنگی) !
(شادی) ! باوەس بۆ، وەختەن (دڵ تەنگی) [٣]
(وەشی) ! وادەت شی، وەش ئامای وەخەیر
(شەوقە) وەتەوق بای ، تاکەی هەوای سەیر؟
مانیای مەینەت سەرمو کۆی ستەم
مەعدوومیی بەرکۆی سەرمو چێرەی خەم! [٤]

دەمێ (تەجللا) ی تیر ئەندازی بێ
بفەرموو ئەوە خەدەنگی پەڕدار
ها نیشانەی تەن شکستەی سەد جار
گەر زامی تازەی سوورکا دامانم
ئاو ئەڕێتە دەم کۆنە زامانم
تا زامی تیری بەلای زیاتر
دڵ ڕێی هاتووچووی بۆلای زیاتر

**سۆرانی (٤٨)**

جەرگت لەت لەت بێ چەواشەی چەپ گەرد!
خاڵۆت دوور هەڵدا، ئەمەو کاری مەرد؟!
دیدە! سەردەمی سەیلی خوێناوە
دڵە! دەی بەزمی نۆشی زوخاوە
(خۆش ڕەنگی) ! لاچۆ، سادەی (بێ ڕەنگی) !
(شادی) بەسیەتی بابێت (دڵتەنگی)
(خۆشی) وادەی چوو، خۆش هاتی بەخێر
(شەوقە) ! بە پەن بی، تاکەی نابی تێر؟
ماندووی ! مەینەتی سەرەو کۆی ستەم
(مەعدوومی! بەرکۆی سەرمو ژێرەی خەم

---

(٢٠-٢١) (جلال): ڕق و قینە. (تجلا): خۆدەرخستن، واتە خاڵۆ! ئەگەر ئازیز بە ڕق و قین کارساز ئەبێ و دەیەوی تیرم ئاڕاستە بکا ! لەم کاتەدا ئەمە ملی کەچی من و ئەوەش تیری پەڕداری ئەوو ئەوەش لەشی سەد جار شکاوم با بیکا بە نیشانە.

[٢٢] تا ئەو بە تیرەکانی زیاتر زامم تێ بکاو لەشم کون کون بکا، ئەوکاتە ڕێگای هاتوچووی دڵ بۆلای ئەو ئاسان تر ئەبێ؛ سەیری ئەم داهێنان و ئیبداعە ناکەی؟

[١] گلەیی لەگەردوون دەکا کە خاڵۆی دوور خستۆتەوە.

[٢] جەرکت لەت لەت بۆ، (ف) ، (پ)، (ع) : خۆ هۆنیت نەویم، واتە : خۆ خوێنە خۆرت نەبووم.

[٣] بەبۆنەی دوورکەوتنەوەی خاڵۆیەوە دەڵێ: ئەی (ڕووی گەشی) سروشتیم! ئەی (شادمانی) ئێوە بڕۆن و مەمێنەوە، ئەی ((بێ ڕەنگی) و (دڵ تەنگی) جێگایان بگرنەوە.

چ وەختەن دڵت جەشادی کەیلەن؟
دەك لیلاّ ویت بۆ، یەوەفاو مەیلەن؟!

**هەورامی(٤٩)**

ئەو چەم بەسورمەی خەمناکی ڕەشتە
چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەر گەشتە [٥]
هام ڕاز ئاخ و داخ، نالّەی نەوای نەی
دڵ کەباب ، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی
تۆ ئالوودەی بەزم جەرگەی هام فەرادن
کەیف مەی، سوحبەت گرۆی هام دەردان
ئەو سەبوون سفتەی پڕ داخ بێ پەرداخ
تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاّخ نەدەماخ
ئەو تەشنەی ڕای چۆڵ سای گەردەن پڕ گەرد
تۆ سێراو نە پای وە فراوان سەرد
ملان!، سەربەرزان! ، کۆساران!، هەردان!
بێ شەرتان! جەداخ وەفاتان مەردان
چێشەن ئاراییش سەر تا وەدامان؟
خالّۆم وە عەزم سەیرتان ئامان؟
مەشێنە چین چین چنوور ! نەکاوان
توخوا ماتەم بە هاژەی بەفراوان!
شنۆی وەرکاوان ، ئەو نەبۆ پەی چێش
هاژەی وەفراوان ئەو نەبۆ پەی چێش [٦]

چ وەختە دڵت لەشادی کەیلە؟
لێلاّییت دایی، کەی وەفاو مەیلە؟

**سۆرانی (٤٩)**

ئەو چاو بە سوورمەی خەم ڕشتووە، پەستە
سەرگەشتەی گەشتی پێ دەشتی ڕەشتە
هاوتای ئاخ و داخ، نالّەی نەوای نەی
دڵ کەباب، چاو جام، خەم ساقی، خوێن مەی
تۆ لەناوجەرگەی بەزمکەی یاران
کەیفی مەی لەتەك گرۆی هاوسەران
ئەو سووتووی گڕەی ئاخ و بێ پەرداخ
تۆ بۆی شنەی بای کوێستان لەدەماخ
ئەو تینوی ڕێی چۆڵ ، گەردن پڕ لە گەرد
تۆ لەداوێنی بەفراوانی سەرد
ملان، سەربەرزان، کۆساران، مردم
بێ پە یمانیتان کاری تێ کردم
ئەم ئارایشەی سەرتا داوێنتان
چی یە؟ بۆ ( خالّۆ ) دێ بەسەردانتان؟
مەشنێ چین چین چنوور ! لەکاوان
توخوا ماتەم بە هاژەی بەفراوان!
شنەی بەر کاوان، ئەو نەبێ بۆ چی؟
هاژەی بەفراوان، ئەونەبێ بۆ چی؟

---

(٤) سەرەو کۆ: پاشکۆ. بەرکۆ: پێشکۆ. (مەینەتی) چواندووە بە سوارێکەوە کەبەهەورازدا سەرکەوێ. (خەم) ی چواندووە بەو سوارەوە کەسەربەرەو خوار بڕوا. واتە: ئەی ماندووی پاشکۆی مەینەت سواری هەوراز بڕ ! ، وە ئەی پێشکۆو بەرکۆی خەم سواری سەرەو لێژ بڕ !. کەی کاتی ئەوەیە دڵت لەشادی کەیل بێ!؟

(٥) دوورخستنەوەی خالّۆی بۆ (ڕەشت و گیلاّن) ئەوە دەگەیەنێ کەبەکاروباری سیاسەتەوە خەریك بووە.

(٦) شنۆی وەرکاوان: (م) : چنوور نەکاوان. –مەولەوی – وەك خۆی خەفەتبارە بۆ خالّۆی –دەیەوێ سروشتیش هەروا خەمبار بێ بۆی.

**هەورامی ( ٥٠ )**

ئەسیم! بەس بویەر وە کۆسارانـدا
وەسەن شانـای وەڵگ وەدیـارانـدا
شنۆی ئەو بەرزە، ئەو ئەبۆ پەی چێش؟
لەرزە سەد تەرزە، ئەو ئەبۆ پەی چێش؟
وەسەدای ( سەروەش ) دڵ وەش مەزاقـان
هەنی ئەلەرزۆ کەڵ ڕەم ئەتـاقـان [٧]
سەدای ( ماردومان ) ئەو ئەبۆ پەی چێش؟
سەفای کەڵ ڕەمان ئەو ئەبۆ پەی چێش؟
خاڵ خاسان بێ ( ئان ) هەر بار وە لێو بـان
هێلانەی دڵان بـاهەر پەشێو بـان [٨]
ئەو ( ئـانە ) پەی دڵ ، ئەو ئەبۆ پەی چێش؟
ئەو لانە پەی دڵ، ئەو ئەبۆ پەی چێش؟ [٩]
دەخیل هەی دەخیل! خاڵۆکەی گیانی!
وێت ئەی سەفەردا تەنها ئەزانی
مەرگ تۆم، هەرچەند تەشریف بەردەنی
تەرك خەڵتەو خاك جەستەم کەردەنی [١٠]

**سۆرانی ( ٥٠ )**

ئەسیم! بەس بڕۆ بەکۆسارانـدا
بەس گەڵا بەرە بە دیـارانـدا
شنەی ئەو بەرزە ئەو ئەبێ بۆچی؟
لەرزەی سەد تەرزە ئەو ئەبێ بۆچی؟
سەدای ( سەرخۆش ) ی دڵ خۆش مەزاقـان
ئیتر ئەلەرزێ کەڵ گەل لە تـاقـان
( ماردوومان ) سەدای ئەو ئەبێ بۆچی؟
ڕانەکەڵ سەفای ئەو ئەبێ بۆچی؟
نـازداران بێ ( ئـان ) هەر بار بە لێو بن
هێلانەی دڵان بـا هەر پەشێو بن
ئەو ( ئـانە ) بۆ دڵ، ئەو ئەبێ بۆچی؟
ئەو لانە بۆ دڵ ئەو ئەبێ بۆچی؟
دەخیل هەی دەخیل ! خاڵۆکەی گیانی!
خۆت لە سەفەرەدا تەنیا ئەزانی
چەندە لێم دووری بەمەرگت قەسەم
جەستەی کردوومە گەردی ڕێگای خەم

**هەورامی ( ٥١ )**

گیـان –دۆس گیـانی- ڕەفیق ڕاتەن
سوورمەی بینـاییش تۆزەکەی پـاتەن
هەی ڕۆ ! ئەواچی خودا ئەکەردە

**سۆرانی ( ٥١ )**

دۆستەکەی گیـانی ! گیـانم لە ڕێتە
سوورمەی بینـاییم تۆزەکەی پێتە
ڕۆ، ئەڵێی-چەرخی جەفا کردەوە-

---

[٧] وەسەدای: ع،ف،ك: جەسەدای. (سەروەش–سەرخۆش)، وەك لە (پ)و(ك) دا هاتووە ناوی جۆرە تفەنگێکی ڕاوی یە.

[٨] بێ ئان: (م) : هەمیشە بێ ئۆقرە. دەگونجێ (بێ ئان) ضە میری غاییب بێ و بگەڕێتەوە بۆ (شنۆی ئەو بەرزە..)

[٩] وشەی (ئانە) : ئەوعانە. ئەوکاتە. واتە ئەو کاتانەی کەنازداران لە خۆشی و بەزمدابن کە خاڵۆی لێ ئەبێ بە هیچ دەچێ.

[١٠] مەرگ تۆم: (ف) : وەمەرگت قەسەم.

خەم وەفاو بەینەت نەوێرم بەردە [11]
بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ
شەرت بۆ ، کامین شەرت؟ یاران کەردە بۆ
تا دڵ جەلەزەت دینت ناکەم بۆ
ئەو زەوقە تۆ دیت وەنەم حەرام بۆ
جەستەی خەستەی خار سەودایی خەجڵ
با بەس بۆ، تاکەی ئەی دڵ وەشیی دڵ؟ [12]
چەپ گەرد بێ فرسەت شانا مۆرەی نەرد
عومرێ بێ ئاماو یەرد، گوزەر کەرد
زەحمەتەن خەلاس جە دووری وەردە
بە هووناو بە یۆ عومر و یەردە [13]

خەم وەفا و مەیلی لە بیر بردەوە
چێژابم بادەی بێ وادەی مردن
شەرت بێ، ئەو شەرتەی یاران پێی بەندەن
تا دڵ لە تامی بینین ناکام بێ
ئەو زەوقە تۆ دیت لە من حەرام بێ
ئەی خەستەی خاری بیماریی خەجڵ؟
با بەس بێ ، تاکەی دڵ دانەوەی دڵ؟
گەردوون بێ فرسەت زاری هەڵدا زوو
عومرێ بوو هات و ڕۆیی و بەسەر چوو
زەحمەت ڕزگاری لە دووری کردوو
ئەی هوو؟ بێتەوە عومری ڕابردوو!

هەورامی ( ٥٢ )

جە گیان سێر وەردەی جەتەن هەراسان!
خاڵۆی خەمیای خەم خاڵ خاڵ خاسان! [1]
نامەم چون یاوا مولا حەزەت کەرد
بشۆ وەپا بۆس عەرز کەر جە ڕووی دەرد [2]
واچە هەی سەد جار ( مەعدوومی ) توفەیل

سۆرانی ( ٥٢ )

لە گیان تێر خواردوو! لەتەن هەراسان!
خاڵۆی کۆماوەی خاڵی خاڵ خاسان !
کەنامەم گەیی سەرنجت دێرا
برۆ ماچکە پێی بەحەسرەت خێرا
بڵێ هەی سەد جار! مەعدوومی توفەیل

---

[11] لای (ف) و(ك) نیوەی دووەمی ئەم بەیتە ئاوایە:
خەم وەفاو مەیلش وەغارەت بەردە
[12] مەولەوی لێرەدا ڕووی قسەی دەکاتە خۆی.
لای (ف) و (ع) ئەم سێ بەیتەی دواوە لەم چامەیەدا نین.
[13] لە (م)دا نیوەی دووەمی ئەم بەیتە ئاوایە:
بەهووناو بە یۆ عومر و یەردە
[1] دانەی (خاڵ خاسان) کاریان تێ کردووە، بۆیە پشتی کۆماوەتەوە . لەجیاتی (خاڵ) ی یەکەم لە (ف) دا : (خێڵ) ە
[2] لەهەندێ دەستنووسدا ئەم بەیتە ئاوایە:
نامەمکیانوون بوانان پەرێت
گۆش دەر وە نامەی دێوانەی سەر شێت

پەرسا بێت جە ڕووی گەرمیی کوورەی مەیل [٣]
کۆ جە دووریی من چە تەورەن حاڵش؟
کێ بەر مەکەرۆ خەم نە خەیاڵش؟ [٤]
چون ئەوێ جە دین چون تۆیی دوور بۆ!
چەم لێڵاو، دڵ تەنگ، تەن سفتەی توور بۆ [٥]
هەر سات وە ئەوعێ دەردش خەتەر بۆ
حاڵش چ تەورەن؟ خاکش وەسەر بۆ

**هەورامی ( ٥٣ )**

هام فەرد ناڵەی دڵ، سەیرانگەی ستەم،
هام دەرد دووی دەروون، خەم بەرکەر کۆی خەم
تۆ خاسەن ئەو تووڵ! سەرو سەراوان
خەم مدەی وە باد شنۆی سەر کاوان،
گا چون بۆی ئەسیم وە ڕووی شەتاودا
گا چون گوڵ نە پای چۆڕەی وە فراو دا [٦]
سەیر لەرزەی ئەرم سەوزەی سەر بەرزان
سەفای گوڵاڵان سەد تەرزان لەرزان
سوب نە سەرملان صەبیادان هام دەم
شریخەی ماردوم ، کلافەی کەڵ ڕەم
ئەك چون ئەو پابەند قەڵای شاری دەرد
جەی وەهار چون وەڵگ پایزان ڕەنگ زەرد
ئاخ ئەجەهدو جەخت داخ زامەت سەخت

لەووت پرسیبوو لە ڕوووی گەرمیی مەیل:
ئەو لە دووریی من چۆتە ئەحواڵی؟
کێ بێ دەر بکا خەم لە خەیاڵی؟
یەکێ وەك ئەوێ لە تۆوە دووربێ؟
چاو لێڵ و، دڵ تەنگ، تەن سووتووی توور بێ
هەردەم بە جۆرێ دەردێ خەتەر بێ
چ جۆرە حاڵی؟ خاکی بەسەر بێ

**سۆرانی ( ٥٣ )**

هاوڕێی ناڵەی دڵ، سەیرانگای ستەم
هاوتای دووی دەروون، خەم دەرکەری خەم
تۆ باشی تووڵی! سەرووی سەراوان!
خەم ئەدەی بە بای شنەی سەر کاوان
گا وەك بۆی ئەسیم بە ڕووی شەتاودا
وەکو گوڵ لە پێی چۆڕەی بەفراودا
سەیری کەرۆێشکەی سەوزەی سەربەرزان
سەفای گوڵاڵان سەر تەرزان لەرزان
هاودەمت: ڕاوچی شەبەق لەیالان
شریخەی ماردوم گلۆڵەی کەڵان
ئەك وەك ئەو بەندی قەڵای شاری دەرد
ڕووی لەم بەهارا خەزان ئاسا زەرد
ئای لە ڕەنج و کۆش! وای زامی سەختم

---

[٣] (توفەیل) : دواکەوتووی خۆشەویستی ، واتە بڵێ: هەی سەد جار مەعدوومی توفەیل بەقوربانت بێ ، تۆ پرسی بووت چۆنە ئەحواڵی...هتد.

[٤] وشەی (کۆ) فارسی یەو کورت کراوەی (کە او) یە ئەم بەیتە لە (پ) دا نی یە. لە جیاتیی دوو وشەی (حاڵش) و (خەیاڵش) لە (ك) دا (حاڵت) و (خەیاڵت)ە.

[٥] ئەم بەیتە لە (ك)دا نی یە واتە: یەکێکی وەکو ئەو لەچاوی یەکێکی وەکو مندا دووربێ ، یا خوا چاوی لێڵایی دابێ.

[٦] چۆڕەی، (ف) و (ك) : چووزەی

**بەرگ ماتەم ڕەخت نارەسایی بەخت**
**کزەی خەم چون موو خەم پەنەش وەردەن**
**دووریت خۆ یەکجار تەمامش کەردەن**

**هەورامی ( ٥٤ )**

**وەخت جۆش دەرد کزەی نالەی سەرد**
**گوم بۆ نە گێجاو گەردەلوول دەرد**
**ئەو خەندەی بێ وەخت مەیۆش وەدەمدا**
**مەگێلۆ ماچۆ ئەو گێج و تەمدا :**
**ئەر هەرئەو بەختەن، هەر ئەو تالەمەن**
**دیدەم! دیدەنیت ئەڵلا و ئالەمەن [٨]**

**بەرگی ماتەمیی نارەسای بەختم**
**کزەی خەم وەك موو چەماندوویەتی**
**دووریت بە جارێ فەوتاندوویەتی**

**سۆرانی( ٥٤ )**

**کە جۆشا کزەی دەردو نالەی سەرد**
**گوم بوو لە گێژی گەردەلوولی دەرد**
**بێ وادەی ئەو دێ خەندەی بە دەمدا**
**ئەگەڕێ و ئەڵێ لە گێژو تەمدا :**
**گەر هەر ئەو بەختەو ئەو ناوچاوەیە**
**بینینت دیدەم! لە خوداوەیە**

---

[٨] ئەڵلاو ئالەمەن: (الله اعلم) من ، واتە خودا لە هەموو کەس زاناترە. بەم چەند بەیتە. مەولەوی باسی کەساسی و زەبوونیی خۆی بۆ خاڵۆی دەردەبڕێ، کەبەهۆی دووریی خاڵۆیەوە تووش بووە، لە دوا وتەیدا دەڵێ:

ئەگەر هەر ئەو بەختەو ئەو ناوچاوەیە باوەڕ ناکەم جارێکی تر بت بینم.

**هەورامی ( ٥٥ )**[1]

هەر چەنی ناکاودەماخم تەم بی
سیا هەور دوود نەکەللەم جەم بی
بەرق و بروسکەو تەم داش وە هەمدا
پلووسکەی سێلاوئامام وە چەمدا [2]
خاشاك هەستیم لافاو بەردەوە
دەروون پێچش داو دڵ و یەردەوە [3]
زانام هەمدیسان دڵ کۆس نۆشەن
گەردەلوولشەن ئارەزووی تۆشەن
جۆشش وەردەبێ چار وێم نەکەرد
وەهەر حاڵ نەبەین شەرتێمان و یەرد [4]
ئەك چەنی خەیاڵ قیبلەم بسازی
دەخیل ! تەن خەستەن وە جیاش نازی [5]

**سۆرانی ( ٥٥ )**

هەرکە لە ناکاو دەماخم تەم بوو
هەوری ڕەش چون دوو لەکەللەم جەم بوو
تیشك و بروسکەو تەم تێکەڵ تەواو
لافاو سەری کرد لە پلووسکەی چاو
لافاو وا پۆشی بوو نمی بردەوە
دەروونم گێژا، دڵم بووردەوە
زانیم دیسان دڵ وا کۆستی نۆیە
گەردلوولی یەو ئارەزووی تۆیە
چاری خۆم نەکرد کە جۆشا بە تین
هەر چۆن بوو لەسەر شەرتێ پێکاتین:
لەتەك خەیاڵیا نەکو بسازی،
دەخیل ! تەن بیمار، لێی نەترازی

**هەورامی ( ٥٦ )**

سەر هەردو سەر هەرد، مەنزڵ ئەو مەنزڵ
دڵ ئەو شۆن تۆ، من ئەو شۆن دڵ [6]
دیم بەد عەهدیش کەرد هەوا سەندەوە

**سۆرانی ( ٥٦ )**

سەر هەرداو سەر هەرد، مەنزڵ بە مەنزڵ
دڵ لە شوێنی تۆ، من لە شوێنی دڵ
دیم وەعدەی نەبوو زوو ڕفایەوە

---

[1] (ع)–م): بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسراوە.

[2] لە ئاسمانی کەللەو دەماخمەوە تەم وتیشك و بروسکە تێکەڵ بوون بە یەکدا، جا لەدوو پلوسکەی چاوەکانمەوە لافاو چۆڕاوگەی بەست.

[3] ئەو لافاوە پووشی هەستیمی (وجوودم) ی بردو ئاگام لە خۆم نەما ، دەروونم پێچی پیادا هات و دڵم بوورایەوە، بەم بوورانەیەو و بەو حاڵەیەوە کە وەکو کۆستی نوێ کەوتوو خۆڵی ئەپێوا. وەك لە بەیتی دواییدا دەر ئەکەوێ. زانیم نیازی لای تۆی هەیە.

[4] دڵ بە جۆرێ هاتە جۆش، ئۆقرەی لێ بڕا ، بەرامبەر بەوە هیچ چارەیەکم نەدۆزی یەوە، لە ناچاریدا هەرچۆنێ بوو لەسەر ئەم مەرجەی خوارەوە پێکهاتین.

[5] ئەمە پەیمانەکەیانە(م) : پێم ووت لەگەڵت دێم بۆلای لەیل ، بەڵام بەو شەرتە.. ئەکەی لەشی خەستەم بەجێ بێڵی.

[6] ڕووی وتەی دەکاتە خاڵۆی.

تەن حەسرەت مەند جیا مەندەوە [٧]
جە بێ شەرتیی دڵ زامەتم سەختەن
وێت یاو ئەوە های شەماڵ ! وەختەن،
رەحمێ کەر وەحاڵ خەمان هەرزاندا
تەشریف بەر بدیە وەسەر بەرزاندا [٨]
هەر جاێ چون بەخت دوور ئەو هالاَن
سیا بۆ تاریک جە سیا مالاَن [٩]

بەحەسرەت تەنم تەنیا مایەوە
لەبێ شەرتیی دڵ، دەردی سەختێتی
وەرەوە دەخیل ئەسیم! وەختێتی
رەحمێ بە حاڵی خەمان هەرزاندا
برۆ بروانە بەسەر بەرزاندا
هەر جێ وەك بەختی دوور لە نازاران
رەش و تاریك بێ بە رەش دەواران

هەورامی ( ٥٧ )

گێج دوود ئاخ هەواش پڕ کەردەن،
ئانە یا تاخگەی خاڵۆی هام فەردەن [١٠]
گا گێج سەرسام ئەگەرداوەدا
گا خەفتەن ئەتۆی خەفەت خاوەدا
جە ئەشنەی گەرمیی هەوای کوورەی مەیل
جای تینیش کەم کەم جە ئم بی یەن کەیل
وێت ئاسا وە ئەرم وێت ئە رووی ئم دەر
بەو شنۆی فێنك دڵیش بێدار کەر
بەلاَم شنیای تای سەر سوورمەی بێ گەرد
ئازار ئەدۆ هیچ وەسای گەردەن زەرد
مە پرسۆ ، سێلاَو ئەسرینان تاو تاو
برێز وە رووەدا ئێدش دەرجواو
سفتەکەی سەرسام تەن ناتەوانا

سۆرانی( ٥٧ )

کوێ پڕ لە گێژی دووی ئاخ و دەردە
ئەوە نشینگەی خاڵۆی هاو فەردە
گا گێژو سەرسام وا لەگەرداودا
گا نووستو لە توێی خەمانی خاودا
لە ئەشنەی گەرمی هەوای کوورەی مەیل
چالاَیی ملی کەم کەم لەئم کەیل
ئەرم خۆت ئاسا بەو ئم شێدارکە
بەو ئەشنەی فێنك دڵی بێدارکە
بەلاَم با لەرەی ڕیشووی بێ گەردی
ئەدا ئازاری لا ملی زەردی
ئە پرسێ ، سەیلی ئەسرین برێژە
تاو تاو بە روویدا ئەمەی پێ بێژە
سووتاو، سەرگەردان، تەن بێ هێزو دوو

---

[٧] دڵ مەوجەکەی ئەبردە سەرو، ڕوی کردو لەشی خەستەی بەجێ هێشتم.

[٨] شەماڵ! من لەبەر پەیمان شکاندنی دڵ گەڵ خەمبارم ؛ تکایە برۆ بەسەر بەرزاییی یەکاندا برۆ بۆ نشینگەی خاڵۆم ، بەم نیشانانەی خوارەوە دەیدەزۆزیتەوە.

[٩] دەست دەکا بەهەڵدانی ناونیشانەکانی نشینگەی خاڵۆی. واتە: هەر شوێنێك وەك بەختی ئەو کەسانەی کە دەروون لە نازدارانی خۆیان، ڕەش و تاریك بێ، ئەوە جێگای خاڵۆیە.

[١٠] ناویشانی دووەمی شوێنەکەی خاڵۆی بۆ شەماڵ هەڵدا کە لێی گوم نەبێ و بەئاسانی بیدۆزێتەوە. ناونیشانەکانی کۆتاییان هات.

دیم خەستەن کەفتەن هەر ئێد موانا
یە سەختیی زامەت، یەدەرد موشکوڵ
یەدووریی خاڵۆم بە بێ شەرتیی دڵ
ئەجەل: ئیم ڕەمەق باقی یەن سادەی
جەو دەما بەختان مەوینانت پەی

دیم خەستەو کەوتوو ئەمە ویردی بوو
ئێشی وا سەخت و دەردیش وا مەشکوڵ
( خاڵۆ ) وا دوورو، ئەمەش شەرتی دڵ
ئیو گیانم ماوە ئەجەل ! بۆ کەی؟ دەی
هەلێکە بەڵکو لە دەستی ئەدەی

هەورامی ( ٥٨ ) [1]

نامەی ئەفتینت یەك ڕۆ یاد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد [2]
دەلاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی
گەرمەی گەرم ئەزم بەزم پڕ شادی
سەدای ( لاو هەی لاو ) زڕەی زەڕ زنجیر
سلسلەو بانی سەر بەنزرێ و لاگیر [3]
زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی ئەو ئەمام ، لەرەی لیمۆی تەڕ [4]
شەوق و زەوق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو
ورشەو پرشەی خووی کوڵم بۆ گوڵاو [5]
شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵەو چیلەی ئەرم
چریکەی وەناز ، تریکەی وەشەرم

سۆرانی ( ٥٨ )

نامەی ئەوتینت با پێی گەیاندم
کڵپەی بڵێسەی کوورەی جۆشاندم
میهری جۆشا وەك ڕۆژی ئازادی
گەرمیی ئەزمەکەی بەزمی پڕ شادی
سەدای( لاو هەی لاو ) زڕەی زەڕ زنجیر
سلسلەو بانی سەر، بەنزرێ و لاگیر
زیلەی گوارە، ملیوانکەی زەڕ
لەرزەی ئەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق و زەوق و بەرق تەوقی زەڕ کڵاو
ورشەی ئارەقی کوڵمی بۆ گوڵاو
شەقەو تەقەی گەرم چەپڵەو ( چیلە ) ی ئەرم
چریکەی بە ناز، خەندەی پڕ شەرم

هەورامی ( ٥٩ )

سەمای دەسماڵان، ڕەمای ئەوهاڵان •

سۆرانی( ٥٩ )

سەمای دەسماڵان ، لە نجەی ئەوهاڵان

---

[1] خاڵۆی مەولەوی بانگ دەکا بۆ سەرشایی و زەماوەند مەولەویش پێی ناکرێ بڕوا بەم نامەیە وەڵامی خاڵۆی دەداتەوە. گۆڕینی ئەم چامەیە بۆ کرمانجی-وەك دەکەوێتە بەچاو- لەوپەڕی سەختیی و دیشواریدایە، بۆیە دەبینی ئەصڵەکەو گۆڕینەکە جیاوازی یەکی ئەو تۆیان نی یە.

[2] لە گۆڕینی ئەم بەیتەدا سوود لە (پ) وەرگیرا.

[3] (لاو هەی لاو) گۆرانی یەکی کۆنی کوردی یە. زەڕ: زێڕ. سلسلە: خشڵی بەر شەدە. بانی سەر: پێنج لیرەیی. بەنزرێ، (ف): بەندەرزی ، هۆنراوەیەکە شەدە ئەبەستێتەوە. لاگیر: لاگیرە.

[4] لە دیوانە دەستنووسەکاندا ئەم بەیتەو بەیتی حەوتەم بەچەند جۆرێ نووسراون، سەیری (م) بەکە.

[5] بۆگوڵاو، (ف) : بۆی گوڵاو. فەرق: تەوقەسەر.

نەمای مەلالان، نمای وەش حالان [٦]
چفەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش واچ؟
خایین وەخەفەت، نەزان جگەر پاچ [٧]
لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە و شاران
شاخەی شریخەی خشل نیمە ڕەنگ
فرەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گولەنگ چەنگ
خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوەو نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش
وەلیمۆی ئالای کالای بالای شەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ
خەمیاو چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ ( هەی شاباش ) نەوجوان واچان
شاباش شادیی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاشخاشان

نەمانی خەمان، نمای خۆش حالان
چپەی گەردن کەچ، چی وت؟ مەرگی من؟
ناحەز خەمبارو نەزان جیگەر کون
لاری پۆلی لاو کۆی شەدەلاران
کەم کەم ئیشارەی پەنجە گوشاوان
دەنگ و شریخەی زێڕ و خشلی کاڵ
فرەی لەچکی شۆڕ، ڕیشووی مشکیی ئاڵ
خشەو خشپەی خاس ترپە پاژنەی کەوش
عیشوەو نەزاکەت، تیلەی دوور لە خەوش
بە لیمۆی ئالای کالای بالای شەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ بە خەمان تەنگ
بەناز چەماوەی نیمچە نەوڕەسان
دەنگی ( هەی شاباش ) واتەی جوان خاسان
شاباشی شایی شەیدای شاباشان
کزەی بە سۆزی دڵی دڵ ڕێشان

**هەورامی ( ٦٠ )**

یاران ! یاوەران! های دەردەداران!
بەیدێ بکردێ من سەنگە باران
جەنەحسی تالەو جەبەد ئیقبالیم
هەر کۆ فرسەتەن من یاگە خالیم
ڕوو ئەو شێوەنان دەی ئەجەل، بۆرێ
ئەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆرێ
تاوەی ڕەنگ زەرد چون خەزانەوە

**سۆرانی( ٦٠ )**

یاران دۆستان! هەی دەردەداران!
بێن بیکەن باش باش من بەردەباران
لەنەحسیی چارەو لەبەد ئیقبالیم
لە کوێ بەزمێکە من جێگە خالیم
ڕووم لە شیوەنە ئەجەل! مەتۆرێ
لەم بەزمەی شیرین مایەی هەر شۆرێ
تابەم ڕەنگ زەردیی وەك خەزانەوە

---

[٦] دەسمالان: کۆی دەسماڵ واتە: دەستەسڕ. ڕەما: ڕەوت. نەما: نەمان. نما: خۆنواندن.

[٧] کچان و کوڕان لە ڕیزی هەڵپەڕکێ کەدا چپە بۆ یەکتری دەکەن، ئەوەی دوورە لە چپەکەوە ئەپرسێ لەوەی کە لێیانەوە نزیکە تۆ مەرگە من چی یان وت؟ ناپاکان بەم چپەیە خەمبارئەبن، وە ئەوانەش کە تێی ناگەن لەداخانا جگەریان لەت لەت و کون کون ئەبێ . ئای لەم تەعبیرەناسك و دڵڕفێنە.

سیم ساف هەرس کەس نەزانەوە
هەر لایێ بادەی شەوقێومم بەردا
یەکسەر سەر چون گیان شاباشم کەردا
خالۆ گیان! ئامان پەی ئەو نەمامان
گیان دان وە مۆبەت ، پەی مەعدووم ئامان [٧]

زیوی ئەشکی ساف کەس نەزانەوە
هەڵمدایێ زۆر بادەی شەوقم باش
ئەم کرد وەکو گیان سەرم بەشاباش
خالۆ گیان! ئاسان نی یە بۆ هەرکەس
گیان دان بە مەعشووق بۆ مەعدوومە بەس

هەورامی ( ٦١ ) [١]

دڵە ! پڕ چینەن پێشانیی شەوقت
پۆس مەردەن وە بان ڕوخسار زەوقت
شادیت مواچی ئازیزش مەردەن
کەیفەکەت ماچی لەیلەش گوم کەردەن [٢]
گومانم وەی ڕەنگ زامت نەسرەوتەن
کۆچ خێڵخانەی ( خالۆ ) دوورکەوتەن [٣]
ئەواتم دەخیل ئامان سەد ئامان؟
وێت مەدەر وە مەیل ئەوتووڵ نەمامان
وەس وەتەمای وەسڵ مەزاقت شاد بۆ
ژارمار دەرد دووریت وەیادبۆ

سۆرانی( ٦١ )

دڵە ! لۆچ کەوتە ناوچاوی شەوقت
مردووە پێستی، ڕووخساری زەوقت
شادیت ئازیزی ئەڵێی‌مردووە
یاکەیفت لەیلای خۆی گوم کردووە
لام وایە زامت نەسرەوتۆتەوە
خالۆ کۆچەکەی دوور کەوتۆتەوە
ئەموت تکایە ، ئامان سەد ئامان:
لادە لەمیلی تازە نەمامان
زەوقت بەوەصلی بابەس دڵشاد بێ
ژاری ماری سوێی دووریت لە یاد بێ

---

[٧] (خالۆ) لەنامەکەیدا بۆ مەولەوی نووسیوە:
ئەگەر بهاتایە بۆ سەر ئەم شایی یە، ئەوجوانان گەلێکیان خۆیان دەکرد بە شاباش و بە قوربانیت)
مەولەویش بەم بەیتە وەڵامی دەداتەوە.
ئەڵێ خالۆ گیان! گیان بەخشین لە ڕێی وەفاداریدا کاری ئەونەمامان نیە بەڵکو ئەم کارەو شاباش کردنی گیان هەر بۆ مەعدوومەو بەس . لەهەندێ نووسخەدا نیوەی ئەم بەیتە ئاوایە:
گیان دادەن پەی تۆو پەی مەعدووم ئامان

[١] (م): بۆ ئەحمەد بەگی برای حەمە پاشای جاف نووسراوە. ڕاستەکەی بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی یە، چونکە حەمەپاشا بەو ناوەوە برای نەبووە. وەدارشتنەکەشی زۆر دوورە لەوەوە کە بۆ حەمە پاشای نووسیبێ.
[٢] گوم: (ف) : کۆچ.
[٣] خالۆ: (م) : ئەحمەد.

ئەژنەفتی چەنەم سەد جاردادم کەرد
ئیسە های گەردش گەردوون چە پگەرد

گوێت لێ نەگرتم چەندە دادم بوو
ئێستا های چەرخی گەردوونی بەد خوو

**هەورامی (٦٢)**

وەتای قەڵماسك تنیای سەردیی مەیل
ئەو هۆر دا پەی (حەی) تۆ پەی کۆی دوجەیل [٤]
ساخاسەن ئەمجار شووم سیا بەخت!
تۆ ئالوودەی دەرد من زامان سەخت
ساقی! گەرد کۆچ یاران دیارەن
هاو ماڵان پەرێم ئە ئینتیزارەن
من خۆ تەنیا ماڵ وا مەندی دڵ تەنگ
بێ کەس بارسەنگی، پای بارە بەر لەنگ
مەر تۆ وە هەی هەی ئەشئەی جام مەی
ئەی ڕای پلەی سەخت فەریاد ڕەسیم کەی
سا پێم دەر جامێ منیچ چون یاران
هەی کەروون ئەو کۆچ تا سەر هەواران

**سۆرانی (٦٢)**

بە قۆچەقانی ڕێسی سەردی مەیل
ئەو هەڵدا بۆ (حەی) تۆ بۆ کوێ دوجەیل
ئێستا باشت کرد شوومی سیا سەخت!
تۆ گیرۆدەی خەم، من زامانی سەخت [٥]
ها گەردی کۆچی دەستەی یارانمن
ساقی! هاوماڵان چاوەڕوانمن
من خۆ تەنیا ماڵ ، واکەوتوو، دڵ تەنگ
بار قوورس و بێ کەس ، بارە بەرپێ لەنگ
مەگەر بەهەی هەی ئەشئەی جامی کەی
لە پلەی سەختی ڕێ ڕستگارم کەی
پێم دەسا جامێ منیش وەك یاران
هەی کەم لە کۆچم تا سەر هەواران

---

[٤] قەڵماس: قۆچەقانی. تنیا: تەنراو. هۆنراوە.
سەردیی مەیل: (پ) : دووری لەیل. هۆردا (ف): هۆردان.
تۆ، (ع) و(ف) : من واتە گەردوون بەو قۆچەقانی یەی کەبەتان و پۆکەی ساردیی مەیل چنرا بوو. ئەوی هەڵدا بۆ ناو خێڵەکەی لەیل و. منیشی یا تۆی هەڵدا بۆ هەردی چۆڵی دوجەیل کە شوێنی مەجنونە. واتە لەیەکتری بڕاین و دوورکەوتنینەوە

[٥] لای (ع) لەم بەیتەدا قەصیدەکە تەواو دەبێ و. لێرە بەدواوە قەصیدەیەکی کەیە.

| هەورامی ( ٦٣ ) [١] | سۆرانی( ٦٣ ) |
|---|---|
| ها ! یاران بەر شێن جە زێد وە زامن | یاران ها ! دەرچوون لە ( زێد ) من زامن |
| گرد تەفرەقە بێن چون خەیاڵ من [٢] | بڵاوبوونەوە وەك خەیاڵی من |
| گەرد کۆچشان ئانا دیارمن | ئەوەتا گەردی کۆچیان دیارە |
| دەك لێلاویت بۆ چۆنت قەرارمن؟ | کوێراییت داییّ چونت برپارە؟ |
| سەنگی بار هۆش پێشبار فامت | باری قورسی هۆش پێشباری فامت |
| دەوار شادی، چیخ ئارامت [٣] | دەواری شادی ، چیخیئارامت |
| لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هام فەرد | چوون لە تەك کۆچی خاڵۆی هاوفەردا |
| ئیسە بار وەستەن نە هەوارگەی هەرد ( ٤ ) | ئێستا ئارامن لە هۆبەی هەردا |
| تۆ چێش مەکەردی؟ کەم هۆش و کەم فام! | تۆ خەریکی چیت ؟ کەم هۆش و کەم فام! |
| پەریٚ عەیب و عار مەندەنی جەلام | بۆ نەنگ و تەشەر مایتەوە لەلام |
| سا چەنی ئەرواح یاوە وە یاران | سالەتەك گیانا بگە بەیاران |
| با تەن بۆ وە سەنگ مەندەی هەواران | باتەن بەردیٚ بیٚ ماوەی هەواران |

[١] (پاش مردنی ئەحمەد بەگی کۆماسی وتراوە ...(م) ئەحمەد بەگی کۆماسی لەساڵی (١٢١٣ك) لەدێی (بەدەسپی) لەناوچەی کۆماسیدا لەدایك بووە، بابەتەکانی ئەو سەردەمەی تەواوکردووەو، لەشاری سنە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. لەساڵی (١٢٨٦ك) لەدونیا دەرچووە.

[٢] زێد: جێگای لە دایك بوون. مەبەست دنیایە. واتە یاران گشتیان دنیایان بەجێ هێشت و گوڕ بوو بە زامنیان و گرتنیە باوەش و هەموویان وەکو خەیاڵەکانی من بڵاو بوونەوە.

(٣-٤) سەنگیی یار: (باری قورس کەکاروانچی لە کارواندا دەیخەنە دواوە.پێشبار : شت و مەکی سووك.. کەئەیخەنە پێشی کاروانەوە. (م) .) واتە: تۆ باری قورسی هۆش و هەستت و پێشباری فامت واتە دەواری شادی و چیخی ئارامت لەگەڵ کاروانەکەی خاڵۆمدا ڕۆیشتووە و ئیستا لەهەوارگەی هەردا هەردا باریان خستووە. تۆجی دەکەی ..؟ هتد.

لێرەدا باسی (خاڵۆ) تەواو بوو. ئاخۆکەی ئێمەش وەکو مەولەوی و خاڵۆی. کاروان ئەپێچێنەوەو ئەڕۆین؟ .

**هەورامی ( ٦٤ )** [(١)]

دیدەم! ئەونەمام ! ئەوتووڵ ساوا!
نامەت پەی خەرجی وەلا من یاوا ! [(٢)]
ئەمرت دڵگیرەن، فەرموودەت خاسەن
بێ شك ماهەنی، ماهانەت ڕاسەن [(٣)]
بەڵام جە دووریت هۆشم ڕەم کەردەن
ئاگاهیم نی یەن چەن ڕۆ و پەردەن
هەر ئێد مزانوون ئازیز ! گیان تۆ
ئەدینم وەچەم هەڵای ماه نۆ
شیرین ڕایەتم [(٤)]، خاسەی سەرکارم
بێ وادە زوڵمەن بدەی ئازارم
هەر گادیم هیلاك ئەو ئەبرۆی سیوەنگ
یەسیم ئەسیرن، یەئەشرەفی ڕەنگ

**سۆرانی ( ٦٤ )**

دیدەم ! ئەونەمام ! ئەوتووڵی ساوا !
نامەی خەرجیتم هێنا بەچاوا
ئەمرت دڵگیرە فەرموودەت بەرزە
بێشك تۆ مانگی ، مانگانەت فەرزە
بەڵام لە دوویت هۆش نەما لەلام
چەن ڕۆژ تێ پەڕی؟ من لێی بێ ئاگام
هەر ئەوەم زانی، من بەمەرگی تۆ
ئەمدیوە بە چاو: هێشتا مانگی نۆ
حەلقە لە گوێم من ، بەندەی سەرکارم
بێ وادە زوڵمە بدەی ئازارم
کەدیم هیلالی ئەو برۆی بێ ئەنگ
ئەمە ئەشکی زیو، ئەمەش لیرە ڕەنگ

**هەورامی( ٦٥ )**

ئەسیم ! مەحرەم ما بەین یاران
ماچان: وەهارەن، سەوزەن، دیاران [١]
گیان وەبی تاقەت موینوون ئارۆ

**سۆرانی( ٦٥ )**

ئەسیم ! مەحرەمی! نێوانی یاران
ئەڵێن: بەهارە، سەوزە:دیاران
ئەبینم ئەمڕۆ گیانم بەزیزی

---

(١) نۆ پارچەی شیعری نووسیوە بۆ (ئازین) ی هاوفەقێی. لەم دیوانەدا بڵاو ئەکرێتەوە. شێخ عەزیزی جانەوەری نامەیەك ب مەولەوی و تیایدا داوای پارەی لێ دەکا. مەولەویش بەم پارچەیە وەڵامی ئەداتەوە.

(٢) وەڵا من: ف، ك: ماهانە: نوسخەی (ف)و(ك) حوان ترە چونکە لەگەڵ بەیتی دواییدا باشتر دەگونجێ.

(٣) دڵگیرەن ؛ ك: موطاعەن. ماهەنی ، ف: ماهەنی و.

(٤) ڕایەت لە (رعیە)ی عەرەبییەوە هاتووە، بەمانا مسکێنە، سەکار: ئاغا، بەگ، سەرۆك، یا وەکیلی یەکێك لەمانە. واتە مسـ ـکێنی گوێ ڕایەڵ و بەندەی تایبەتی تۆم، تۆش ستەم و زۆرم لێ مەکەو بێ وادە ئازارم مەدە، واتە تۆ خۆت لەبەرئەوە مانگی مانگانەت فەرزە، بەڵام هێشتا سەری مانگ نەهاتووە، ئەگەر هیلالی برۆی ڕەش و پڕی تۆم دی ئەوکاتە ئەمە ئەشکی وەك زیوو ئەمەش لیرەی زەردی ڕوخسارم.

١ ڕوو دوکاتە ئەسیم کەهەمیشە ئاشنای میانەی یارانە، پێی دەڵێ: ئەڵێن بەهارەو هەموو دیاران سەوزە، بەڵام لەبەر ئەوە دوورە لە ئازیزەوە ئاگای لەبەهاران نی یە.

| | |
|---|---|
| ( ظاهرا ) هەوای لای ئازیز دارۆ [٢] | دەیەوێ بڕوا بۆ لای ئازیزی |
| ئامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسەندەن | ئالاّ بە یادی ئەو دڵ پەسەندە |
| ئێلاّخیچ هەلاّی کەمێ یەخ بەندەن ( ٣ ) | کوێستانیش هێشتا هەر سەهۆڵ بەندە |
| زەحمەت وە خەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر | خەیاڵی ئازیز جەفای مەنێ بەر |
| ومر نە گیان، هیچ ، بەوێت تەشریف بەر ( ٤ ) | بڕۆ خۆت تەنیا، ئەیێ گیان ئەگەر |
| چون یاوای پرساش ، بەنالە عەرز کەر | بەناڵینەوە بێژە-گەر پرسی-: |
| دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر [٥] | دیم تەن سووتاو و زامی مەترسی |
| دڵ ، دەروون، هەر یەك وە دەس خامەێی | دڵ دەروون ، هەریەك دەس بەخامەێی |
| ئینشا کەردە بێ توغرا نامەێی ( ٦ ) | دایان ڕشتبوو توغرا نامەیێ |

| هەورامی ( ٦٦ ) | سۆرانی( ٦٦ ) |
|---|---|
| دلش کەردە بێ وە دوو ( هو ) مەر قووم | دڵ ( هو ) ی بە دووکەڵ کردبوو ( مرقوم ) |
| دەروونش وەهوون ( محبك: معدوم ) ( ٧ ) | دەروونی بەخوێن ( محبك: معدوم ) |
| ئەر تە سدیع نە بۆ وە جان فیدای وێت | بێ زەحمەت شل کە گوێ لەبەندەی خۆت |
| گۆش دەر سەوادش بوانوون پەرێت: [٨] | با ئەم نامەیەی بخوێنمەوە بۆت: |
| وەنام دەرمان زامان موشکوڵ | بەناوی دەوای زامانی موشکوڵ |
| جە ئەوای بوڵبوڵ جە ئیستیغنای گوڵ [٩] | لە ئەوای بولبول لە بێباکی گوڵ |

---

(٢-٤) ئەسیم ! گیان بەبێ تاقەت دەبینم، وادەردەکەوێ دەیەوێ بچێ بۆلای ئازیز، بەلاّم لەبەر ئەوە گیانم بە خەیاڵی ئازیزەوە تێکەڵەو، کوێستانیش هێشتا ساردو ڕێگا سەهۆڵ بەندانە، لەبەر ئەوە ئەسیم تۆ بەتەنیا بڕۆو گیان بە جێ بێڵە، باخەیاڵی ئازیز ئازاری پێ نەگا.

(٥-٧) واتە: ئەی شەماڵ ! کەیار لێی پرسیت تۆش بڵێ: دۆستەکەم بەزامانی کاریگەرو بە دڵی سووتاوەوە دی، دڵ و دەروونی هەریەکەیان خەمەیەکیان بەدەستەوە گرتبوو، یەکی نامەیەکی توغرایی یان داڕشتبوو، دڵ بەدزکەڵەکەی خۆی لەسەروی نامەیەکەوەشەی (هو) ی نووسیبوو، (کۆن لەسەرووی نامەوە وشەی (هو) دەنووسرا )،کەمەبەستی خوای گەورەیە، وەلەدامێنی نامەکەوە دەروونیش بەخوێن نووسیبووی : (محبك معدووم) .

توغرا (ف) ، (ك) ، (پ): سۆزش . واتە نامەیەکی بە سۆز.

[٨] وتەی شەماڵەو ئازیز دەدوێنێ.

[٩] ئوم بەیتە لە شوێنی (بسم الله الرحمن الرحيم) دا بەکار هاتووە، واتە بەناوی ئەو کەسەوە کە دەرمان کەری ئەو گیرو گرفتانەیە کەلە دەنگ و ئاوازی بولبولان ولە بێباکیی گوڵان پەیدا دەبن.

( بُعدُ ) وەدیدەت شای نەو نەمامان!
هەر ئێد مەژنەوو وەهاریٚ ئامان [10]
ناستەنش ، هەوای نەو وەهاران پێم
تەماشای وەهار حاڵەتەکەی وێم ، [11]
شەتاو هووناو دیدەی پڕ دەردەن
نەسیم شنۆی هەناسەی سەردەن
خونچەی نەشکوفتەم زام کاری یەن
بولبولم ناڵەی دڵ ئەو گاری یەن

( بعدُ ) بەدیدەت شای خۆش نیگاران!
هەر ئەمە ئەبیەم ( هاتووە بەهاران )
سەیری بەهاری حاڵی بەختی خۆم
ئەی هێلاّ سەیری نەوبەهاران بۆم
تاڤگەم خوێناوی دڵەی پڕ دەردە
نەسیمم شنەی هەناسەی سەردە
خونچەی نەشگوفتەم زامی کاریمە
بولبولم ناڵەی دڵ ئەو گاریمە

هەورامی( ٦٧ )

( والحاصل ) سەمووم بای تاڵەی سستیم
پەژ مردە کەردەن وەهار هەستیم
تاواچی خەرمان خەم وەکۆ نانێ
وە کەیف دەماخ  دووریی تۆ نانێ
( خصوص ) چون خەبەر میاو نانێ
گوڵان بولبولان ملاونانێ
من وێم موینوون خاتر زیزە نان
مەحرووم بۆی گوڵ ڕووی ئازیزە نان
مەکیانۆ زەحمەت حەسرەتان وە کۆ
ڕەحمەت پەی جەناب دەرد دووری تۆ [12]
کوورەی ئارەزوو جۆش سەختشەن
ئای بێ مەیل ! ئاوێ دەخیل وەختشەن

سۆرانی( ٦٧ )

بەکورتی گڕەی بای چارەی سستیم
ژاکاندوویەتی بەهاری هەستیم
خەرمانی خەمان تا بڵێی کۆیە
بە کەیفی زەوقی دووریەکەی تۆیە
( خصوص ) ئەو دەمەی خەبەر دێننەوە:
گوڵان بولبولان دەلاوێننەوە
من خۆم ئەبینم وەها دڵ زیزم:
بێ بۆنی گوڵی چیهرەی ئازیزم
زەحمەت دەنێرێ حەسرەتان بە کۆ
ڕەحمەت بۆ جەناب دەردی دووریی تۆ
کوورەی ئارەزوو جۆشی سەختێتی
بێ مەیل ! هەی دەخیل ئاوێ، وەختێتی

---

[10] وشەی (بعدُ) لەکۆندا لە دوای (بسم اللە...) و صەلات و سەلام دەنووسرا، واتە دوای ئەوانە (ئێستا دەست دەکا بەنامەکەی کەئەمەیە) : ئەی شای نەو نەمامان ! من بەهۆی دووری تۆوە لە خۆشی و بەزم و ئاهەنگی ئەم بەهارەدا بێ بەشم بە بیستنی ڕووت ئەبێ نازانم بەهار هاتووە یانا؟ وەڵامی سوێندەکەی لەبەیتی دواییدا دێ.

[11] (تەماشای وەهار) فاعیلە بۆ (ناستەنش) ، لەبەیتەکانی دواوە دا باسی بەهارەکەی خۆی دەکا.

[12] وشەی (ڕەحمەت) ئەبێ بەفاعیل بۆ (مکیانۆ) ، (ڕەحمەت) (مفعول بە) یە بۆ (مکیانۆ) ڕەحمەت (م) : مکیانۆ زەحمەت . دیارە هەڵەیە.

ئاخر نەك ئیمەیچ داخ نەدڵێنمێ      ئاخر خۆ ئێمەش داخ لە دڵێکین
سۆچیای ئایر چون تۆ کلێنمێ (١٢)      دامردووی ئاگر وەك توێکڵێکین
تۆ پەی نیشتمان، من پەی سەودای تۆ      تۆ بۆ نیشتمان ، من بۆ سەودای تۆ
هەر دوور بنالین وە گریەو ڕۆ ڕۆ (١٤)      هەر دوو بنالین بە گریەو ڕۆ ڕۆ

---

(١٣) واتە: ئاخر خۆ ئێمەش هەڵبەت داخ لەدڵین و، وەکو توێکڵی داری وشك شایانی سووتاندنین.

(١٤) ئەم بەیتە لە (ف) دا لەم شوێنەدا نی یە. نیشتمان: دڵی مەولەوی یە.

**هەورامی ( ٦٨ )** [١]

نامەکەت یاوا کۆسم کەوتەوە
دڵەی ئاهیرین داوە نەوتەوە
تا کەی تۆ بەو زام، من وەی دەردەوە؟
تۆ بەو کاوەوە، من بەی هەردەوە!
تەشریف باوەرە، جەرگەمان جەم بۆ
بەڵ وەی جەم خەمێ جە لامان کۆ بۆ
( بێسارانی ) یەن نەتۆی فەرد من :
( خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن ) [٢]

**سۆرانی ( ٦٨ )**

نامەکەت گەیی کۆستم کەوتەوە
دڵەی ئاگرینمی دا بەنەوتەوە
تاکەی تۆ بەو زام، من بەم دەردەوە؟
تۆ بەو کاوەوە، من بەم هەردەوە!
فەرموو : بێرەوە، کۆڕمان با جەم بێ
بەو کۆڕە بەڵکو خەمێکمان کەم بێ
( بێسارانی ) یە لە تویی وشەمدا
( زوو دادەمرکێ خەم لەگەڵ خەمدا )

**هەورامی( ٦٩ )**

هەناسەی سەردم نەدڵ خێزاوە
خێڵخانەی کەیفم هەوار بێزاوە
وەیشوومەی مەینەت تەم نەنگێزاوە
وەڵگەکەی شادی سەر تەڵ ڕێزاوە
جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە
مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە [٣]
نەشئەی وەخت سەخت ئامای پاییزەن؟
یا شنۆی دووریی بالای ئازیزەن؟ [٤]

**سۆرانی( ٦٩ )**

هەناسەی ساردم لە دڵدا هەڵچوو
وارگەی لێ بیزا خێڵی کەیفم زوو
تەمی مەینەتی بای ئامورادی
وەراندی گەڵای سەر تەڵی شادی
جۆی چاوەی شەوقم هەم سەر ما بەستی
شەڵتەو شەرا دای لە کشتی هەستی
نەشئەی سەردەمی سەختی پاییزە؟
یا شنەی دووریی بالای ئازیزە؟

---

[١] ع.م: مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لەوەڵامی نامەی شێخ عەزیزی جانەوەریی برادەریا نوسیوە کەلەکوێستان بووە، داوای گەڕانەوەی لێ ئەکا بۆ گەرمیان.

[٢] واتە لای ئەمان بەیتی (هەناسەی سەردم...) و دوا بەیتەکانی دواوەی بەشێکن لە قەصیدەیکی تر. بەم بەیتە هەردوو پارچەکە ناتەواون و لێیان قرتاوە.
ئەم قەصیدەیە لای (پ) و(م) وەکو یەکن و لەهەشت بەیت پێکهاتوون، ( سەیری دیوانی (م) (ل:٤٣٦) و دیوانی (پ) (ل: ٢٠٦) بکە ) بەڵام (پ) لەلاپەڕەی (٣٠٤) دا ئەم چوار بەیتەی پێشەوەی ئێرەی دووبارە کردۆتەوەو، کردوونی بەسەرەتای قەصیدەی (ساقی ! ئاوەردەو گرد کیاستێنین) .

[٣] شەڵتە: شەرا. دۆکە، خەڵووزە. لەماناد‌ا یەکسانن، ئەو دەردەیە دەدا لە کشت و کاڵ و زەردو لاوازی دەکا.

[٤] نازانم ئەم حاڵە منی تێدا دەژیم هۆیەکەی نەشئەی هاتنی پاییزە؟ وەیا شنەی باڵای تۆیە؟

**هەورامی ( ٧٠ )**[١]

شەمال ! چەند جاران ڕاتەی کەردەنی
چەند تەشریف وەلای یاران بەردەنی
نەئەم جارەی من چون ئەو جارانەن
نە ئازیز وێنەی دیگەر یارانەن [٢]
دەی شا بویەر ئەو سوب سەحەردا
چوون دووی هەناسەم وە ( ئاوێدر ) دا [٣]
ساتێ تا مڵ کەر بدیە درەنگێ
ئانا موینی ئاسمان ڕەنگێ
بووڵ کەردەن وەسەر هەر هەفت تارمدا
( خصوص ) وەسەر بەخت چەرخ چارمدا [٤]

**سۆرانی( ٧٠ )**

شەماڵ ! های چەند جار ڕێت تەی کردووە
چەن تەشریفت لای یاران بردووە
نە ئەم جارەم وەك جارانی ترمە
نە ئازیز وێنەی یارانی ترمە
بڕۆ تۆ سادەی زوو لەسەحەردا
وە ك دووی هەناسەم بە ( ئاوێدەر ) دا
ساتێ تا مڵ کەسەیرێ درەنگێ
لە پڕ ئەبینی ئاسمان ڕەنگێ
بێژای خۆڵ بەسەر هەر حەوت تارمدا
( خاص ) بەسەر بەختی چەرخی چوارەمدا

**هەورامی ( ٧١ )**

بورجیش یەند بەرزەن ( سعد اکبر ) من
جە گردین بورجان شەرەفناك تەرەن [٥]

**سۆرانی( ٧١ )**

بورجی هێن بەرزە( سەعد ) ی ( ئەکبەر )ە
پیرۆزترینی بورجی ( ئەخزەرە )

---

بە بۆچوونی من ئەم قەصیدەیە وەکو لە پێشەوە باسکرا ناتەواوە.

[١] لەکاتی ناردنی ئەم امەیەدا: وەك لە قەصیدەکەیەوە دەردەکەوێ – مەولەوی خۆی بە فەقێتی لە شاری (بانە) و ئازیزیشی لە شاری (سنە) و لە مزگەوتی (دار الاحسان) دا بووە. شەماڵ ! چەند جاران،(م) ك های شەماڵ ! چەند جار.

[٢] دیگەر، (م) و( پ) : ئیفتەر. ئیفتەرو دیگەر هەردوکیان بەمانای (تر) ە کوردی بەکار دەهێنرێن. واتە نەئەمجارە م وەك جارانی ترە؟ وەنەئئازیزیش وەك یارانی ترە.

[٣] وشەی (شنۆ) بەمانا ( بڕۆ) یە. نەك بەمانا (شەو) وەکو (پ) نووسیوێتی. (ئاویدەر) شاخێکی بەرزە، کەوتۆتە ڕۆژئاوایشاری (سنە)وە، ئەڕوانێ بەسەر شارەکەدا.

[٤] تارەم: کۆشك. سیاج، ئاسمان، چارەم: چوارەم. بووڵ: خۆڵەمێش. وەصفی مزگەوتی (دارالاحسان) دەکا کەئازیزی تیایدا نەخۆش کەوتووە. ئەم ناونیشانەش بۆ ئەوەیە شەماڵ شوێنەکەی ئازیزی لێ تێك نەچێ و بەئاسانی بیدۆزێتەوە. واتە: شەماڵ ! مزگەوتەکە ئەوەندە بەرزو جوانە. دتوانم بڵێم لە جوانیدا خۆڵی کردووە بە سەر ئاسمانەکاندا، بەتایبەت بەسەر چەرخی چوارەم وە یا چوارەمیندا.

[٥] بورج: قوللە. قەڵا. لای گەردوون ناسانی کۆن بەشێکە لەدوازدە بەشی دایەرەی فەڵەك.هەر بورجێکی سێ بەشەو هەر بەشێکی دەرەجەیەکە.

| هەورامی | سۆرانی |
| --- | --- |
| ستارەی تاڵەی مەینەت گازەکەم | ئەستێرەی بەختی مەینەت گازەکەم |
| خورشیدەکەی ئەوج بورج نازەکەم [٦] | گۆی خۆری ( اوج ) ی بورجی نازەکەم |
| هانە گۆشەی ئەوج خانەی ( شەرەف ) دا | لە گۆشەی ئەوجی خانەی شەرەف دا |
| نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا ( ٧ ) | نووری پەخش ئەکا بەهەر تەرەف دا |
| ( طلوع ) و ( غروب ) : سوب ئێوارانەن | ( گلوع ) ی سوبحە، ئاوای : ئێواران |
| مەعاش و سەبات دەردەدارانەن [٨] | ( عیش ) و ( سبات ) ە بۆ دەردەداران |
| بەڵام من جەستەم خەیلێ بەد حاڵەن | بەڵام من جەستەم گولێ بەد حاڵە |
| لاڵ بوون مالوومەن ئەو نە وە باڵەن [٩] | لاڵ بم دیارە ئەو لە ( وەباڵ ) ە |
| **هەورامی( ٧٢ )** | **سۆرانی ( ٧٢ )** |
| یانێ ئەو باڵای تووڵ عەر عەر تەرز | یەعنی ئەو باڵای تووڵی عەرعەری |
| مەشینۆ وە باد سوب سەحەر ی لەرز | ئەلەرزێ و ئەشنێ بە بای سەحەری |
| چین کەفتەن نە ڕووی پیشانیش چون سیم | چین کەوتۆتە ڕووی گۆنای وەکو سیم |

سەعدی ئەکبەر: گەورەترین بەختەوەری و بەختیاری ، لای گەردوو ن ناسان بریتی یە ئەستێرەی موشتەری. واتە بۆیە ئەو بورجە یا ئەو قەڵایە پیرۆزترین شوێنە ن چونکە ئازیزی تێدایە. وشەی (هێن) لەگۆڕینەکەدا سووك کراوەی وشەی (هێند) ە.

(٦–٧) ئەوج: لای سەرو شوێنی بەرز. لای گەردوون ناسان بریتی یە لەبەیەك گەیشتنی بانی سەروی فەلەکی هەڵگری ڕۆژ بە بانی سەرووی فەلەکی هاو وێنەی فەلەکی هەشتەم کە پێی دەوترێ (ممثل).

خانەی شەرەف : واتە: مزگەوتی دارالاحسان کەوتۆتە لای گۆشەی بەرزی خانوی پڕ شەرەف و پیرۆزی یەوە. وەبەمانایەکی دوور مەبەست پێی خانووەکەی ( شرف الملك ) ە کەیەکێکە لە بەگزادەکانی ئەردەڵان و دوجار بووە بە حوکمڕانی ( سنە ) ، ( دار الاحسان ) وەکو ووترا کەوتۆتە تەنیشتی خانووەکەیەوە. لای گەردوون ناسان بریتی یە : پلەی ( ١٩ ) ی بورجی ( حەمەل ) هەرکاتێك ڕۆژ بگاتە پلەی ( ١٩ ) ی بورجی حەمەل بە پیرۆزترین کاتی هەڵهاتنی ڕۆژ دادەنرێت. مزگەوتەکەی چوواندوە بە ئاسمانەوە ، ئازیزی بە ڕۆژەوە، حوجرەکان کە ژمارەیان ( ١٨ ) یە دایناون بە بورج. حوجرەی ( ١٩ ) هەمین کە حوجرەی ئازیزە بریتی یە لە نوختەی ئەوج و، خانەی شەرەف ، کە بۆ سەرخۆشی کەرەکانی داناوە بە ئەستێرەی موشتەری. وای داناوە کە ئازیزی لە پلەی سەعدی ئەکبەردایە. ( بەوردی سەیری نووسینەکەی ( م ) بکە. ) .

[٨] ڕووی ئازیزی چوواندوە بە ڕۆژەوە؛ دەیەویت بڵێ هەڵهاتنی ڕۆژی ڕووی ئازیز ە ئاوا بوونی: بەیانیان و ئێوارانە. وەهەروەها هۆی ژیان و حەسانەوەو ئارام گرتنی دەردەدارانە.

[٩] (وەباڵ –ویاڵ) : دەردو پەتا. لای گەردوون ناسان بریتی یە لە (ف): ناوی ئەو شوێنەیەکە خۆری تێدا دەگیرێت.

چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم
نیم نیگاش هەوەس دڵ دۆزیش نی یەن
نازش دڵبەریش جە خاتر شی یەن [10]
ئاوڵەش هۆر دان لاڵ یەمانی
وێنەی گۆی ( حوباب ) ئاوی حەیوانی [11]
باغ مەحبووبیش جەسەر تا دامان
جە وەیشوومەی دەرد خەزانش ئامان
دەخیلم شەماڵ ! وەی گشت دەردەوە
شۆ وە خزمەتش وە دووی سەردەوە
دڵ جە ( دەماوەند ) گرەو بەردە بێ
دیدە دانە ی ( ڕوب ڕێوەند ) وەرد بێ [12]
واچە : کەفارەت بەژن بالات بۆ
نەسیب ڕەقیب خاڵ ئالات بۆ

وەك زنجیرەی ئاو بە شنەی نەسیم
نێو نیگای مەیلی دڵ دۆزی نی یە
دلبەری نازی برووزی نی یە
ئاوڵەی دەرداوە لە علی یەمانی
وەکو گۆی بلقی ئاوی حەیوانی
باخی جوانی یەکەی ئەو بەژن و بالآی
وەیشوومەی مەینەت وەرانی گەلآی
هانامە شەماڵ ! بەم گشت دەردەوە
بڕۆ خزمەتی بە دووی سەردەوە
دڵ لە دەماوەن گرەوی بردەوە
چاو( ڕوب ڕێوەن ) ی زۆری خواردەوە
بڵێ کەفارەی بەژن و بالآت بێ
بەشی ڕەقیبی خاڵی ئالآت بێ

**هەورامی ( ٧٣ )**

بدیە نەرگسان جە شەونم بێن کەیل
پرسا : کۆن؟ عەرز کەر قەیسەکەی دوجەیل [13]
هانە ( بانە ) دا بێ کەس کەفتە بێ
دیار بێ ئازار تۆ شنەفتە بێ
ئایر سەندە بێ جە گردین لاوە
پووشەکەی جەستەی وە ( ئاربە باوە ) [14]

**سۆرانی ( ٧٣ )**

سەیرکە لە شەونم نێرگسانی کەیل
پرسی : کوا بێژە : قەیسەکەی دوجەیل
دیم لە ( بانە ) دا بێ کەس کەوتبوو
دیارە ئازاری نێوەی بیستبووو
گڕی گرتبوو لە هەموو لاوە
پووشەکەی جەستەی بە ( ئاربەبا ) وە

---

[10] نێونیگاکەی هەوەسی دڵدانەوەی نەماوە. وەك چۆن نازیشی شێوەی دولبەریی و دڵبردنی لە بیر چۆتەوە.

[11] لاڵ : لە عل. (حوباب–حباب) : وردەبلقی سەر ئاو، ئاوی حەیوانی: ئاوی حەیات، ئاوی ژیان.
ئەی هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت هەی خاوەنی بیری ناسك و خەیاڵی ئاسۆ فراوان.

[12] (ف): (ڕوب ڕێوەن) ك دەرمانی سکچوون، وەلە لایەکی کەوە کە بکرێتە چاو بە خوور فرمێسکی لێ دەڕژێ.

[13] لەگەڵ شەماڵیەتی و واتە شەماڵ ! : بەوردی سەیری چاوە نێرگسی یەکانی بکە کە چۆن لەبەر ئازار پڕ بوون لە شەونم.

مدیای گا پێچ وەرد، گا منا میاوە
جار جار جە ناڵەش مەفامیاوە:
فەڵەك داخ وە دڵ خەستەمدا بەردی
ژار دووریی گیان ئازیز پێم وەردی
واتم سا ئەڵبەت تەمامت کەردەن
گیان ڕستگارم جە دمای مەردەن
چێش دمای مەرگیش یەند بەد بەختەنان
گیان هەر نە ئازار دەرد سەختە نان

ئەمدی پێچ ئەخواو ئەچەمایەوە
جار جار لە ناڵەی ئەوەشایەوە:
گەردوون داخی خۆی بە دڵ پێ ڕێژا
ژاری حەسرەتی دووریی پێ چێژا
وتم سا هەڵبەت لێ ئەبێتەوە
دوای مردن گیانم ئەحەسێتەوە
پاش مەرگیش کەچی بەختەکەم وایە
گیان هەر لە ئێشی دەردی سەختایە

هەورامی ( ٧٤ )

بە سفتەی وە باد هەرد ئەو هەردمەن
یەگیان ئازیز زیز دەردەن [١٥]
سەر وەخت بەندیی ڕای فەریادمەن
ئینسافەن، وەسەن، فەڵەك! وادەمەن
تەنسیرش نی یەن، فەریاد جە لای تۆ
تا دەست قودرەت چەرخت نەشکنۆ [١٦]

سۆرانی ( ٧٤ )

ئەمە باو بۆسۆی هەرداو هەردمکەم
ئەمە ئازیزی گیان پڕ دەردمکەم
وادەی بەستنی ڕێی فەریادمە
بەسە ویژدانێ، گەردوون ! دادمە
هاوار لە لای تۆ پوولێ ناهێنێ
تا دەستی قودرەت چەرخت نەشکێنێ

---

(١٤) (ئاربەبا) : شاخێکە لە نزیکی شاری سنە. (ف) : (ئاروەبا) وە . واتە شاخی (ئەربەبا) وەیان ئاگرو با.

(١٥) لای (ع.م) زیز، واتە عاجز. لای (ع): زیز واتە ژێر وشەکە فارسییە، بەڵام زیز بەمەعنا ژێر تەواو نیە.

(١٦) واتە هاوار و دادو ڕۆ لای تۆ ئەی گەردوون! هیچ دادو سووتێ نادا مەگەر ئەو دەمە کە خوای گەورە بە دەستی پڕ لە تەوانایی خۆت چەرخ و دەورانت تێك بداو پشتی هێزت بشکێنێ. ئەم قەصیدەیە بە ووردی بخو ێنەرەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە مەفهومەکەیلاتیە بە عیلمی فەلەکەوە وەبەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئازیزی لەو عیلمەدا شارەزا بووە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکت بۆ ووردیی بیرو خەیاڵی ئاسکت بەڕاستی شایانی وتنە ئەگەر مامۆستا عبدالکریم ڕاڤەی ئەم قەصیدەیەی ئەکردایە کەسی تر ئەیئەزانی ئەم شەرحەی بۆ بکات، چون مامۆستای گەورەمان لەعیلمی فەلەکدا واتە لەگەردوون ناسیدا زۆر بلیمەت بووە، ماوەی سی ساڵ لەبیارە خەریکی وتنەوەی ئەم بابەتە بووە.

**هەورامی ( ٧٥ )** [١]

هام سەران ! ئامان ئەر مەندەن هۆشم
سەدایێ وەشەن مەیۆ نەگۆشم
چمان زیڵەی زەنگ زەواری مەیۆ
دەنگی قافڵەکەی وەهاری مەیۆ [٢]
هانا قافڵەچی ! دادەن دەخیلم
بنەك دارخەم ، خەیلێ زەلیلم [٣]
ئەرای تیجارەت ئەمیر وەلی
تۆمایەی ڕەواج عەبباس و عەلی [٤]
وەرای ئال و بەیت خەستەی موبتەلا
بەشقی شەهیدان دەشت ( کەربەلا ) [٥]
ساتێ قافڵەکەت ساکن ئەسەیر بۆ
یەك عەرزێ دێرەم ، نوغرەت خەیر بۆ
گێج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ کەردەن [٦]

**سۆرانی ( ٧٥ )** [١]

یاران ! ئەگەر من هۆشێ مابێ پێم
ئاوازی خۆشە کەدێتە بەر گوێم
ئەڵێی دێ زیڵەی زەنگی زەواری زەواری
دەنگی بەزمگەی قافڵەی بەهاری
هانام قافڵەچی !دادە دەخیلم
بنکەی داری خەم گەلێ زەلیلم [٢]
لەرێی تیجارەت ئەمیری وەلی
تۆمایەی ڕەواج عەبباس و عەلی
بەئال و بەیتی خەستەی موبتەلا
بەشقی شەهیدی دەشتی ( کەربەلا )
تۆزێ ڕابگرە قافڵەت ، با دێربێ
هەمە یەك عەرزێ، نۆغرت خێربێ
گێژی زرێباری فرمێسکم جۆشا
ڕووی مەریوانی بەقوڕ دا پۆشا [٦]

---

[١] لەکۆتایی ئەم چاپەیەدا مەولەوی خۆی نامەیەکی نووسیوە بۆ ئازیزی وە ئەمەش دەقەکەیەتی بەبێدەستکاری کردنی: قافڵەی بەهارییە ، هاخاسی بخوێنە ، ئامان هەی داد.)). سەیری شارۆیەك لەباغچەی مەولەوی بەکە، لەنوسینی محمد عەلی قەرەداغی)

[٢] چمان: ئەڵێی. زیڵە: زڕە . (م) قافڵەکەی .(ك) قافڵەی.

[٣،٤] (م) قافڵەچی چامان.(ك): هانا قافڵەچی .ڕوو دەکاتە سەرۆکی قافڵەکەو پێی ئەڵێ: من گیرۆدەو پابەندی بنکەی پەژارەی خەمانم و ، زۆر کزو داماوم، بمکە بەخاتری ئیمامی عەلی تۆزێ قافڵەکەت ڕابگرەو، سکاڵایەکم هەیە پێتی ڕادەگەیەنم و جا بڕۆ نۆغرت خێر بێ.

[٥] ئەم بەیتە بەتەنیا لە(ع)دا هەیە لەدەستنووسەکانی تردا نییە. بنەك دار، (ع،م) ئەو کەسەیە کەپێش کۆچکردنی هۆز دەچێتە هەوارگە بۆ جێ خۆشکردن و ئامادەکردنی نان و خۆراك).

**هەورامی( ٧٦ )**

بازش هەناسەم سوب وەنەش دەرۆ
یەخ کەرۆ قەتار ناسان بویە رۆ [٧]
نە مجار وەسوورن مژەی جۆش وەردەم
سەرنووك قەڵەم ناخ سۆراخ کەردەم [٨]
وەبەند دووپاد مەینەت جگەر
بوورازە تاتای جەوالآن یەك سەر [٩]
قەیاسی قاییش پۆسەکەی جەستەم
حەڵقەی چەڵەمەی پێشەی شکستەم [١٠]
ڕەگ تەن تاڵی تاڵ وەردەی سێوەنگ
بفەرمان یاران باران بدان تەنگ [١١]

**سۆرانی( ٧٦ )**

بێڵە هەناسەم سوب پیا هەڵگەڕێ
ببیەستێ ، کاروان سەهل تێپەڕێ [٧]
جا بەسووژنی موژەی جۆش خواردووم
بەنووکی شیشی خەمان کون کردووم [٨]
بەبەنی دوولۆی مەینەتی جگەر
یەك یەك بدروو پێی جەوالآن یەکسەر [٩]
قەیاسەی : قایش پێستەکەی جەستەم
حەڵقەی چەڵەمەی : نێسکی شکستەم [١٠]
بەتای تاڵ خواردووی دەماری بەدەن
بفەرموو: یاران باران تەنگ بدەن [١١]

---

[٦، ٧] ڕوخساری خۆی چواندووە بەدەشتی مەریوانەو ورەو، چاویشی بەگۆمی (زرێبار)ەوە کەلەباریني فرمێسکەکەیەوە پەیدابووە، دەیەوێ ئەو کاروانە بەسەر گۆمی ئەشکی چاویدا بپەڕێتەوە ، بەلاّم بۆئەوەی کاروانەکە نوقم نەبێ‌و نەچەقێ‌و ڕێگاکەی دوور نەکەوێتەوە ؛ تکا لەسەرۆکی قافڵەکە دەکا کەکاروانەگە ڕاگرێ ، بۆئەوەی هەناسەی ساردی بەیانیانی لێ‌بداو بیکا بەسەهۆڵ‌و جا بەسەریا بپەڕێتەوە، (زرێباری مەریوان ، وەکو خۆم دیومە بەچاو . کەسەرمای سەختی زستان لێی بدا ئاوەکەی دەیبەستێ‌و کاروان بەسەریدا ئەمبەرو ئەوبەر دەکاو کارەساتی نوقم ڕوو نادا).

[٧] [٨، ٩] سوورن (ك)، (م): سۆزەن ، واتە ئنجا بەسوژنی برژانگی جۆش خواردووم کەبەنەشتەری تیژ کونکراوەو بەبەنی دووپاتی مەینەتانی جگەرم یەکەیەکەو تاکەتاکەی جەوالەکان بەو بەن‌و سوژنە بدروو.

[١٠] قەیاسەی قایشی تەنگەی ولآخەکان ، بریتییە لەپێستی جەستەی خۆشەکراوی ، هەروەك حەڵقەی چەڵەمەکانیان بریتین لەئێسکی شکاوی.

[١١] (م): ((واتە بفەرموو دۆستان دەمارەکانی لەشم کەبەدەرمانی تاڵ تاڵ دراون‌و ڕەش بوونەتەوەو پێچراون بەیەکا ، بکەن بەگوریس‌و ، بارو بارگەی پێ شەتەك بدەن )).

**زەنگ دڵەی تەنگ زایەڵەی سەد ڕەنگ**
**هۆنیای تای دەرد، ڕیشەی خەم گوڵەنگ [(١٢)]**

**هەورامی( ٧٦ )**

**وزان نە گەردەن بەرزی پێش ئاهەنگ**
**بشۆ بدۆ دەنگ فرسەنگ وەفرسەنگ**
**مەدەد یا عەلی! پەی سەفەر کەر مەیل**
**مەنزل وە مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل**
**بەلاَم هەر خاکی جەو ئاسانەکەن**
**گەرد سفتەی گیان هەراسانەکەن**
**ڕەحمت بۆ وادەی وستەی بارەکەت**
**نەبۆ وەپاشیل پای قەتارەکەت**
**جەزیلەی ئەو زەنگ چون خەبەردارەن**
**مەیۆ مشناسۆش ، ئاخر دیارەن**
**مە پرسۆ ئازیز پڕ وەفاو بەینەت :**
**کون تیجار باشی سەرقافلەی مەینەت؟**
**واچە : مەر نەدیەت نەونەمام بیَگەرد!**
**چێگە پارچەی گیان پایەندازەت کەرد١٢**
**یاد پایەندازە سەودای سەرش بی**
**مامەڵەی پارچەی گیانێو تەرش بی١٤**

**هەورامی ( ٧٧ )**

**بەلاَم جە تەئیسیر جۆش بۆتەی دڵ**

**زەنگی دڵەی تەنگ ، زایەڵەی سەد ڕەنگ**
**تان و پۆی : دەردان ، ڕیشەی خەم : گوڵەنگ**

**سۆرانی( ٧٦ )**

**بی کەنە ملی بەرزی پێش ئاهەنگ**
**بڕوا دەنگیَ بیَ فرسەنگ بەفرسەنگ**
**مەدەد یا عەلی! ریَ تەی کەن بەدڵ**
**تا بارەگای لەیل مەنزڵ بەمەنزڵ**
**بەلاَم ئەو خاکەی وا لەو ئاسانە**
**گەردی سووتاوی دڵ هەراسانە**
**ڕەحم کەدەمی خستنی بارەکەت**
**نەبێتە پیَ شێل پێی قەتارەکەت**
**لەزیلەی ئەو زەنگ ئەو ئاگادارە**
**دێت و دەیناسیَ ، ئاخر دیارە**
**ئە پرسیَ ئازیز پڕ وەفاو بەینەت!**
**کوانیَ سەرکردەی کاروانی مەینەت؟**
**بلیَ: بۆ نەتدی ؟ نەونەمامی نۆ!**
**لێرە هەڵیدا گیانی خۆی بۆ تۆ [(١٣)]**
**ئەشئەی گیان بازی سەودای سەری بوو**
**نیازی مامەڵەی گیانی تری بوو [(١٤)]**

**سۆرانی ( ٧٧ )**

**بەلاَم بەتینی جۆشی بۆتەی دڵ**

---

[(١٢)] واتە زەنگی دڵە تەنگەکەم کەزرەو زایەڵەکەی بەسەد جۆر دەنگ ئەداتەوە ، وەبەتاڵی دەردی رەگ و ریشەی خەفەت گوڵنگی بۆ هۆنراوەتەوە.

[(١٤)] زۆر بەوە شادمان بوو کەگیانی خۆیکرد بەقوربانت ، وەئێستە دەیەویَ مامەڵەی پارچە گیانێکی تر بکاو ، ئەویش دووبارە بکاتەوە بەقوربانت.

دەمەی هەناسەی دەروون پڕ چڵ[15]
سیم قاڵ هەرس شەوان بێداریش
ئەشرەفیی پاکتاو ڕەنگ ڕوخساریش[16]
ڕووکەش بێ وەکفت هوون گوڵناری
وەمس منمانا جەلای بازاری[17]
بازاڕش کەساس ، ڕای بەندەرش بەند
کەس نمە واچۆ ((سەرمایەش وەچەند))؟
وەبازاڕەدا وەبانگ بێشەرم
مەگێلاو مەرات وە زایەڵەی گەرم:
مایەم ناڕەواج ، دەروونم تەنگەن
قافڵەم تا (قام قیامەت) لەنگەن[18]

گەرمی هەناسەی دەروونی پڕ چڵ
زیوی قاڵی ئەشك شەوی بێداری
لیرەی پاکتاوی ڕەنگ و ڕوخساری
ڕووکەش بەکەفتی خوێنی گوڵناری
وەك مس ئەی نوان لەلای بازاڕی
بازاڕی کەساس، ڕێی دەربەنی بەند
کەس نەبوو بێژێ : سەرمای بەچەند
لەوبازاڕەدا بەبانگی بێشەرم
ئەگەڕا ، ئەیوت بەزایەڵەی گەرم
مایەم ناڕەواج ، دەروونم تەنگە
قافڵەم تا کاتی قیامەت لەنگە

**هەورامی ( ٧٨ )**[1]

هەوای زمستان خەمان بەتاڵەن
بەور هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن[2]

**سۆرانی ( ٧٨ )**[1]

هەوای زستانی خەمان بەتاڵە
هەردی دەردی دڵ بەفری خاڵ خاڵە[2]

---

(١٥، ١٦) بەڵام بەتەئیسرو کارتی کردنی جۆشی بۆتەی دڵ و، بەدەماندنی دەمەی هەناسەی دەروونی پڕ چڵی زیوی قاڵی فرمێسکی شەوانی بێداری و شەونخوونیی و ، زێڕی پاکتاو پاڵێوراوی ڕەنگی ڕوخساری بەخوێنی گوڵناری ڕووکەش بووبوون و، لەلای بازاڕی یەکان وەکو مس دەکەوتە بەرچاو گەس لێی نەدەپرسی.

(١٨) لەبەرئەوە بۆ کڕینی گیانێکیتر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کەبیکا بەشاباشی ، لەبازاڕەکەدا بەبانگی بێ شەرم ئەم بەیتەی دواوەی ئەخوێندەوە.

(١) ئازیزی لەوەرزێکی بەهاریدا نامەیەکی بۆ دەنووسێ ، مەولەویش بەم هەڵبەستە ناسکەی وەڵامی دەداتەوە.

(٢،٤) م: وەرو ، (ك) : بەور .

واتە: هەوای زستانی خەفەت و خەمان تازە بەسەرچوو ، گۆڕی سەرمای زستان ئەما بەفری هەردی دەردی دەروون بەنامەی بەهاریی ئازیز خاڵ خاڵ و پەڵە پەڵەبوو ، هاژەی تاڤگەی شەتاوانی شادی و

هاژەی تاف ساف شەتاوگەی شادی
سوب مەیۆنە گۆش هۆش ئازادی [٣]
بۆی شنۆی شنیای تای چنوور شەوق
مدۆ نەدەماخ پڕ پەرداخ زەوق [٤]
کەیفم دا وەش وەش دەستەی وەستەی گوڵ
نەگۆشەی کلاو نە پای دەشتی دڵ [٥]
نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن ؟
یا نەشنەی ئامای نامەی نیگارەن ؟[٦]
یانێ : ئازیزم! یەنامەی تۆیۆ ؟
یەڕەشحەی حەیات سەرخامەی تۆ بۆ
ئەی ئەسرین گەرم تاو تاوە ڕاسەن ؟
ئەی دڵەی پەی من هووناوە ڕاسەن ؟[٧]

هاژەی تافی ساف شەتاوگەی شادی
شەبەق دای لەگوێی هۆشی ئازادی [٣]
بۆی شنەی لەرەی تای چنووری شەوق
دای لەدەماخی پڕ پەرداخی شەوق[٤]
کەیفی بزواندم ـ خۆش خۆ ـ دەستەی گوڵ
لەگۆشەی لوتکەو لە پێی دەشتی دڵ [٥]
هێمای نەورۆزی کاتی بەهارە ؟
شانەشنەی سۆزی نامەی نیگارە ؟[٦]
ئازیز! ئەمە هۆی نامەکەی تۆبوو؟
پرژەی حەیاتی خامەکەی تۆ بوو؟
ئەم ئەشکە گەرمەی تاو تاوە ڕاستە؟
ئەم دڵەی بۆ من خوێناوە ، ڕاستە ؟[٧]

<u>هەورامی ( ٧٩ )</u>

بییەن ئەی وەفا ، وەی نیستغناییت
ئەی گەرمی مۆبەت ، وەی ئاشناییت

<u>سۆرانی ( ٧٩ )</u>

بووە ئەم وەفا ، بەم یستغنایی ؟
ئەم مەیلە گەرمە ئەم ئاشنایی!

---

ئاهەنگی خۆشی بەیانیان دەدا لەگوێی ئازادیو ڕزگاربوون لەسەرمای زستان، بۆنی عەتری نەسیم کە پەلو پۆی چونووری شەوق دەشنێنێ ، دەدا لەدەماخی پڕ پەرداخی زەوق.

[٥] م: کەیفم .(ف): کەیف دا ، واتە: دەستە دەستەو کۆمەڵ کۆمەڵی گوڵان کەلەچیاکانداو لەبنارەکانی دەشتی دڵدا ڕواون، کەیفو شادمانییان بزواندم.

[٦] نازانم هۆی ئەم شادمانی و خۆشیانەم نەورۆزە؟ یا نەشنەی هاتنی نامەکە؟

| | |
|---|---|
| تاقی یەن ؟ یاران! یا خاوم دییەن ؟ | من خەوە دیومە؟ یاخۆ تاقی یە |
| جە بەد بەختی ویم باوەڕم نیەیەن | لەبەدبەختیی خۆم باوەڕم نییە ! |
| ڕوخساری وەختی مەسقەڵ مدا ویش | ڕوخساری بکا ئارایش بەحاڵ |
| وەشنۆی پاریز خەیاڵ مەبی ڕیش [٨] | ئەڕووشێ بەشنەی پاریزی خەیاڵ [٨] |
| ئەسرین ، جەرگش دەن وە سەرنیشەدا | ئەسرین بەئاگر جەرگی ببرژێ |
| چەنیش دڵ ئامان ! ئامان پیشەدا | چۆن دڵی هانی بەسەریا برژێ ؟ |
| ئەو دڵەی وینەی پەڕەی گوڵ بیگەرد | ئەو دڵەی وینەی پەڕەی گوڵ بێگەرد |
| هەی خەم! هەی نامەرد! چەنیت مەلول کەرد [٩] | چۆنت مەلوول کرد ؟ هەی خەم ! هەی نامەرد ! [٩] |
| ئەوسا ئیستغناو قین وەهەم ماوەرد | ئیستغناو قینی کەتیک وەردایێ |
| ئینسان بێپەروا گیان تەسلیم مەکەرد | مرۆ بێ پەروا گیانی ئەدایێ |
| ئیسە بۆئەی تاو هەرس چون سەیلە ؟ | تاوی ئەشکی بۆ ئیستە چۆن سەیلە ؟! |
| ئەی ئیلتیفاتەو ئەی وەفاو مەیلە!! | ئای لەم ئاوڕە، لەم وەفاو مەیلە! |
| ئەی دڵەی نازك خەستەی خەمانە !! | ئەم دڵە ناسکەی لەخەمدا غەورە ! |
| گۆش دەرۆ بژنەو ، ئەمجار بمانە!! | گوێ گرەو ببیستە، ئنجا تۆ مەمرە ! |
| هەورامی ( ٨٠ ) [١] | سۆرانی ( ٨٠ ) [١] |
| ئازیز!دیارەن وادەی لوامەن | ئازیز ! دیارە دوایی کاتمە |
| ئەلوەدای ئاخر ئاماو ئامامەن [٢] | دەمی مالآوای هاتو ئەهاتمە [٢] |

---

[٨] واتە ڕوخساری بەتایبەت کاتی ئارایش کردنی هێندە ناسك بێ و بەشنەی پاریزی خەیاڵ بڕووشێ ، نازانم چۆن فرمێسك دڵی هات بەو گەرمی و سوێرییەی بەسەر رووومەتیدا بڕژێ؟

[٩] هەی خەم! هەی نامەرد ! ئەو دڵە ناسکەی کەوەکو پەڕەی گوڵ بێ گەرد بوو چۆن دڵت هات خەمباری بکەیت ؟

[١] مەولەوی لە(سنە)وە شێخ عەزیزی هاوڕێی بە جێدەهێڵێ و دەچێ بۆ شاری (بانە) ، جا بەم قەصیدەیە ماڵ ئاوایی لێدەکات.

[٢] ئەوە ئەو نامامەن (م)، (ف) ، (ك) : ئاماو نامامەن ، واتە لەوانەیە ماڵئاوایی دوایی‌یم بێ دێمەوە یان نایەمەوە هەر خوا ئەزانێ.

| | |
|---|---|
| دەوڵەتەکەی وەسڵ پا نەزەواڵەن | دەوڵەتی وەصڵ رووی لەزەواڵە |
| جاریۆتەر دیدەن بالآت مەحاڵەن | جایێتر سەیری بالآت مەحاڵە |
| سا دڵم وەش کەر وەئیلتیفاتێ | سا دڵم خۆشکە بەئیلتیفاتێ |
| بدیەوە لاوە بوینوون ساتێ | لایێ کەرەوە بتبینم ساتێ |
| بابە یۆ وەش وەش شنۆی رازەکەت | با هەر بێخۆش خۆش شنەی رازەکەت |
| گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت (٣) | گوێی لێبێ تاوی مەینەت گازەکەت (٣) |
| ئاخر سەفەرەن را خەیلێ دوورەن | ئاخر سەفەرە گەلێ رێم دوورە |
| مەنزڵ بێپایان تۆشە زەروورەن | مەنزڵ بێپایان توێشوو زەرروورە |
| دینت تۆشەی چەم مەیلت تۆشەی دڵ | بینین و مەیلت توێشووی چاوو دڵ |
| رازت تۆشەی گۆش مەنزڵ وەمەنزڵ | رازت توێشووی گوێ مەنزڵ بەمەنزڵ |
| کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای بادی ؟ | کێ زانی چۆنە ئەم دنیای بادی ؟ |
| بابە یۆ نەبەین گەردەن ئازادی (٤) | با لەبەینا بێ گەردن ئازادی (٤) |
| هەورامی (٨١) | سۆرانی (٨١) |
| من شەوی ئاڵەم جۆش ئاوەردە بۆ | ئەك شەوێ ئاڵەم جۆشی خواردبێ |
| سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ (٥) | سەگی دەرگاتی بێدار کردبێ (٥) |
| یا ئاستە بۆ سەیل دیدەم نەفسێ | یانەی هێشتبێ ئەشکم نەفەسێ |
| نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ (٦) | نەسیم گەردی پێت بەرێ بۆ کەسێ |
| جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ | یا رووت ئازاری نیگام کێشابێ |

(٣)

(٣) دەست پێکردن بەپێشەکی بۆ مافەکانی ئازیزی ، نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لای (م)و (پ) ئاوایە : با بەبۆ شنۆی شیرین رازەکەت .

وشەی (لادێ) مەفعووله بۆ (گۆش دەرۆ) ، مەینەت ..فاعیله .

(٤) وشەی (بادی) : شەپۆلی هەوا ، بای توندو تیژ ، لەخۆبایی بوون ، ئاهو ئاڵە.

(٥) دێتە سەر ژماردنی زنجیرەی تاوانەکانی خۆی و دەپارێتەوە لەئازیزی گەردنی لەو تاوانانەی ئازاد بکات ، ئەمەش لەم بەیتوەیە تابەیتی (١٢).

(٦) گەرد پات ، (پ) (ك) : گەرد رات.

| | |
|---|---|
| کەف پات وەخار دیدەم ئێشا بۆ | بن پێت بەدڕکی چاوم ئێشابێ |
| یەکەردە بۆت دڵ دێوانەی دڵ تەنگ | یاخۆ کردی دڵ دێوانەی دلگیر |
| وەخت نیشانەی دلآن پەی خەدەنگ | کاتێ دلآن بوون بەنیشانەی تیر |
| پەلە پەل پەی زەوق زامێ وەتیرەت | پەلە بۆ چێژی زامانی تیرت |
| ئازاد دا بۆ تای زولف زنجیرت | داییێ تازاری زولفی زنجیرت |
| یاخۆ تۆ دابۆت وەدڵ مەزەی مەرگ | یادابێتت تۆ بەدڵ مەزەی مەرگ |
| تیر خەدەنگتدا بۆ نە تۆی جەرگ [٧] | تیرت لەباتی دڵ دابێ لەجەرگ [٧] |
| یا مەڕدە بۆت دڵ دێوانەی دلگیر | یا شێتەی دلمت کردبێت دلگیر |
| جەتیر ئەندازی کەردە بۆت تەقسیر | لەتیر ئەندازی بووبێتت تەفسیر |
| یانەدابۆت تۆز گەرد پالآکەت | یا نەتدابێتێ گەردی پێلآکەت |
| پەرێ سورمەی چەم سفتەی بالآکەت | بۆ سورمەی چاوی سووتووی بالآکەت |
| <u>هەورامی ( ٨٢ )</u> | <u>سۆرانی ( ٨٢ )</u> |
| تۆ بویەر جەمن ، من زوو ویەردەم | من زوو بوراوم، تۆش لێم ببوری |
| هیمەت بۆ ، هاژار مەحروومیت وەردەم [٨] | مالآوا، چێژم ژاری سوێی دووری |
| چە پگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد | زاری دووریتی هەڵدا زەمانە |
| وە( ظاهر )( بانە )ش وەبەهانەکەرد | بە( ظاهر ) ( بانە )ی کردوە بەهانە |
| تا فەڵەك پەیمان نەبەهانە بۆ | گەردون تالێمان بەبەهانە بێ |

[٧] دەست دەکا بەتاوانەکانی ئازیزی کەبەرامبەر بەمەولەوی کردوونی و پێویستە گەردنی ئازاد بکات ، وەژمارەی زنجیرەی ئەم تاوانەش لەم بەیتەوە یە تا بەیتی (١٥)..

[٨] واتە: ئازیز !تۆ لەمن ببورە ، من زوو لەتۆ خۆش بووم و بووڕام ، ئیتر ئازیز ! خوا حافیز دانیشی بەخێر.

لەیادی مەردان) بەرگی دووەمدا چەردەیێ لەژیانی ئەم (ئازیز)ەی مەولەوی نووسراوە ، سەیری بکە ئازیز: شێخ عەزیزی جانەوەرییە، جانەوەرە گوندێکە لەناوچەی ((کەلآ تەرزان)) نزیك بە هەرێمی ((کۆماسی))بابەتەکانی ئەو سەردەمی تەواو کردووەو ئیجازەی وەرگرتووە ، دەست و خەتی زۆر خۆشبووە، جوان خاس و شۆخ و شەنگبووە

ئەرسەد (بانە) بۆ ، باز شوکرانە بۆ
ئەرفرسەتش دا پەی دڵ خەمینت
عومرێ دووبارەن جار یۆ تەر دینت
وەرناستش ، ئازیز ! تۆ وە سلامەت
دیدەن دیدار کەوت ئەو قیامەت

**هەورامی (٨٣)**[١]

(جیلوە)ی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد
فەرمات پەی تەزبیح هارەوانەم کەرد [٢]
پەرێ تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر
هەر ژمارەی وەسڵ باڵای دلبەر کەر
ئەك چوون من (وضو) وە هووناو ئەستە
خەم سیواك نمای مەینەتان بەستە [٣]
نیشتەی گۆشەی تار نماخانەی دەرد
روو ئە پای میحراو هەناسان سەرد
وەی (وضو)و نماو وەی سیواکەوە
جەی گۆشەی میحراو مزگێی پاکەوە [٤]

گەر هەر (بانە)بێ، هەر شوکرانەبێ
گەردای دەرفەتی دڵەی خوێنینم
تازە عومرێکە بێت و بت بینم
گەر نەبو ئازیزا تۆ بەسەلامەت
دیدەنی دیدار کەوتە قیامەت

**سۆرانی (٨٣)**[١]

(جیلوە)ی ئاوێنەی دڵەی پڕ گەردم
داوای تەزبێحت فەرموو، وا ئاردم [٢]
شایانی تۆیە هەر شەو تا سەحەر
بژمێری وەصڵی کۆی باڵای دولبەر
ئەك وەك من دەسنوێژ بەخوێناو ششتوو
خەم: سیواك ، نوێژی مەینەت دابەستوو [٣]
نیشتەجێی گۆشەی تاری نوێژگەی دەرد
بەرەو میحرابی هەناسانی سەرد
بەم دەستنوێژو نوێژ بەم سیواکەوە
لەتونی میحرابی نوێژگەی پاکەوە [٤]

---

[١] لەگەڵ مەولەویدا رۆحێك بوون لەدوو جیسمدا . شاعیربووەو ئەڵێن دیوانی هەیە بەلآم بەداخەوە لەچاپ نەدراوە، وەیان لەوانەیە گوم بوبێ. مەولەوی نامەی هەڵبەست و هۆنراوەی زۆری بۆ نوسیوە.لەگەڵ چەند نامەیەکی دواوەدا بۆ شێخی (سراج الدین) نوسراوە.

[٢] جیلوە : تیشك ، رووناکی ، خۆ دەرخستن .

(٣-٤) ئەستە: سەندووە، گرتووە. بەستە: دابەستوو واتە ئەك وەك من کەدەسنوێژم بەخوێناو گرتووە و خەم و مەینەت سیواکمەو نوێژی مەینەتم دابەستووەو لەسوچی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم و رووم کردوەتە میحرابی هەناسەی سەرد.

| | |
|---|---|
| دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری | دانەی مەرجانی ئەشکی مەهجووری |
| هۆنیای تای کرژ ڕشتەکەی دووری [٥] | هۆنراوەی ڕشتەی تای کرژی دووری [٥] |
| پەی ژمارەی زیکر کزەی ئێش و نێش | بۆ ( عەددی ) یادی کزەی ئێش‌و خەم |
| کافی یەن دیدەم! ئەزبێحم پەی چێش ؟[٦] | تەزبێحم ناوێ کافی یە دیدەم [٦] |
| هەورامی ( ٨٤ )[١] | سۆرانی ( ٨٤ )[١] |
| شێخ !دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی | شێخی دەوڵەمەن بەهرەی سەرمەدی |
| یاگەی ( حەقیقەت ) جیلوەی ( ئەحمەدی ) [٢] | جێی ڕاستەقینەی ( جیلوە )ی ئەحمەدی [٢] |
| جەشەو هەوارگەی (( فەنا ))ویەردە | لەشەو هەواری فەنا ڕابووردوو |
| پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە [٣] | لەهەردی بەقا جێگە خۆش کردوو [٣] |
| ( متصف ) بە ( وصف ) ( شانی ) وسیفاتی | مەوصووف بەوەصفی ( شانی ) و ( صفاتی ) |
| ( مشرف ) بەفەیز ( تەجلا )ی زاتی [٤] | نائیل بەفەیزی تەجەللای زاتی [٤] |

---

[٥، ٦] واتە : نەك وەکو من کە دانە دانەی فرمێسکی مەهجووری وەك مەرجانی فرمێسکی سوورم کەیەك بەدزای یەکدا دەڕژێ‌و، بەتاڵی دووپاتی رشتەی دووری هۆنراوەتەوە، ئەو فرمێسکەم کە بەوشێوەیە بێ، بەسە بۆ ژماردنی کزەی ئێش‌و نێش‌و ، تەزبێحم بۆچییە ؟ وشەی (دیدەم) ؟ یا فاعیلە بۆ (کافی یەن) وەیا مونادایە.

[١] وەڵامی گلەیی نامەیەکی شێخی (سراج الدینە) ، وەك لەدووبەیتی (١٣)و (١٤)ی ئەم قەصیدەو دەردەکەوێ ، بۆ مەولەویی نوسیوە.

[٢] سەرمەدی: هەمیشەیی ، ئەحمەدی: مەبەست پێی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) واتە: ئەی شێخی کەلە بەهرەی هەمیشەیی خوای گەورەدا بەشداری‌و ، بووی بەشوێنی دەرکەوتنی نووری پێغەمبەر.

[٣] واتە لەشەوی هەوارگەی ((فنافی الله))دا تێپەڕیویت‌و ، لەلوتکەی بەرزی هەردی مانەوەدا بەدڵنیایی ئارامت گرتووە.

خەلیفەی سەدان ( ادن ) و شنەفتە
بەڵەد نەسارای ئەتوار هەفتە
واسیتەی ڕاگەی بەین (( عیلم )) و (( عەین ))
ساحیب جەناحەین یەعنی : (( ذي النورين ))[٦]

هەورامی ( ٨٥ )

پیر ! پاك جەگەرد خاك ناسووتی
مەنزڵگەی سەربەرز سەر مەلەکووتی [٧-٩]
دڵ وەنەوای بەزم ( جەبەڕووت ) ئاوا
سێراو سەراو ( لاهووتی ) ماوا [٨]
( جسما لدينا ، روحا لديه )

خەلیفەی ئەو کەس ( ادن ) و دەسمایەی
شارەزای دەشتی حەوپلەو پایەی [٥]
واسیطە ڕێگەی بەینی حاڵ و قاڵ
دارای دوو نوورو ، خاوەنی دووباڵ [٦]

سۆرانی ( ٨٥ )

پیری بێگەردی خاکی ناسووتی!
وارگەی سەربەرزی سەرمەلەکووتی ![٧]
بەنەوای بەزمی خوایی دڵئاوا !
پاراوی چاوگەی لاهووتی ماوا! [٨]
( باطن ) لای خودا ، لای ئێمەی بەناوا!

---

[٤] بەوشێوەیەی کەلەگەڵ ڕۆحی (تصوف)دا بگونجێ صیفاتەکانی خودای گەورەت تیادا هاتۆتە دی ، وەگەیشتوویتە فەڕی نووری خوایی.

[٥] مەبەستی ئەوەیە بڵێ تۆ جێنشینی راستەقینەی پێغەمبەری (د.خ) ، وشەی (ادن منی) فەرموودەی خوایە کەلەشەوی میعراجدا بەپێغەمبەری وت: لێم نزیك بەرەوە، واتە: تۆ جێنشینی ئەو کەسەی کەلەشەوی میعراجدا گوێی لەدەنگو صەدای ادن منی) یەوەبوو ، وە تۆ شارەزای دەشتی (ئەگوا ری هەفتە) ی کەپلەکانی (تصوف) دەگرێتەوە.

[٦] عیلم : عیلمی ظاهیر ، عەین : چاو ، مەبەست پێی هەر کەس بگاتە پلەی نهێنی چاوی دەبینێ ، بۆیە دەڵێ: (ذي النورين) واتە: تۆ شارەزای ڕێگای نێوانی زانستیی ئاشکرایی و زانستیی نهێنیت ، کەواتە خاوەنی دووباڵ و دوو نووری ، وشەی (ذي النورين) لە گافەتی تێدایە ، ئەمیش وەکو خەلیفەی سێیەم ناوی (عیمان)ە.

[٧ - ٩] ناسووت: جیهانی مادە ، مەلەکووت : جیهانی ڕۆح و فریشتە . جەبەرووت : جیهانی تواناو هێزو دەستەڵات ، لاهووت: جیهانی خوایی ، واتە: شێخ جیهانی مادەی بەجێ هێشتووەو ، گەیشتۆتە هەوارگەی بەرزی مەلەکووت و ، دڵی بەنەواو دەنگی جەبەرووتی ئاوایەو ، لەسەرچاوەی لاهووتی دڵی پاراوبووە، بەئاشکرا لای ئێمەیەوز بەنهێنی و بەڕۆح لەجیهانی بەرزی نهێنی و بەڕۆح لەجیهانی بەرزی نهێنیدایە.

| | |
|---|---|
| دانیرەی تەمام ( منه الیه ) [٩] | ( بدأ )و ( انتها )ی دانیرەی تەواو [٩] |
| بیٚ ( تەلوین ) ئەسای ( تەمکین )دا ( مەکین ) | ( ثابت ) لەلوتکەی ئارامگەی ( تمکین ) ؛ |
| ( روح الله روحه آمین ) [١٠] | رۆحی پاراوکەی خوایە ئامین [١٠] |
| نامەی رۆح ئەفزای شیرینت یاوا | نامەی گیان بەخشی شیرینی تۆ زوو |
| دڵ وە مەرجومەك دوو دیدەش ساوا | دڵ لەگلێنەی دوو دیدەی هەڵسوو |
| تۆی دەروون وەنوور سەفا دا پەرداخ | نووری سەفاکەی دڵی پەرداخ دا |
| بۆی ئاشناییم دا ئەرووی دەماخ | بۆی ئاشناییم لەڕووی دەماخ دا |
| دەرگای حوقەی لاڵ دانەت شکاوان | شکاندت دانەی حوققەی مرواری |
| جەڕووی لوتفەوە ئینەت فەرماوان : [١١] | لەڕووی لوتفەوە ئەمەی لێباری : [١١] |
| (( یا کاغەز بڕیان ، یا مەلاّ مەردەن | ( یا کاغەز نەما ، یا مەلا بەرباد |
| یاخۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن ، | یا خۆ پێت عارە یاران بکەی یاد |
| هەورامی ( ٨٦ ) | سۆرانی ( ٨٦ ) |
| غەمگین مەنیشە غەم بدەر وە باد | خەفەت بەبادە خەم مەدە بە لەش |
| فەلەك نمازۆ کەس وەخاتر شاد )) | گەردوون ناهێڵێ هیچ کەس بەدڵ گەش )) |
| ئەوەڵ، من کێنان ، وجوودم جە کۆن | یەکەم" من لەکوێ ڕایەم دەکەوێ |
| واچوون دۆسەنان شەرت قەبووڵ تۆن | بڵێم من دۆستم ، ڕەزای تۆی دەوێ |
| ئەر وەبێگانە وەر خوێشم زانی | بەخوێشم دانێی یا خۆ بێگانە |
| تۆ حەساوەنی وە هەرچیم وانی | خاوەن ڕا هەر تۆی ئەم یا ئەویانە |
| دووەم ، چوون کەسێ گەدایی کێش بۆ | دوو" کێ گەدایی تان و پۆیەتی ؟ |
| یاد ( تواضع ) خەسڵەت وێش بۆ | یادی ( تواضع ) پیشەی خۆیەتی |

[١٠] ((تەلوین)) و ((تەمکین)) : دووپلەی بەرزی (تصوف)ن ، واتە: شێخی ئێمە ئەم دوو پلەیەی بڕیوە.

[١١] حوقفە: قوتوی بچووكو خنجیلانە ، لاڵ: بەردی خاوەن بەها ، لە(لعل)ی عەرەبی یەوە هاتووە.
دانە: تاك لەجوانیدا ، مەبەست پێ ی دەمی شێخە کە پڕە لەقسەی جوانو بەبەهای وەك لەعلو مرواری ،
واتە: دەمت بەقسەی وەك گەوهەرو مرواری کردەوەو، ئەم دوو بەیتەی دواوەوەت فەرموو

ئەویارۆ ئەدڵ ( تواضع ) کەردەن
هەر ( عادەت ) وێش وەجا ئاوەردەن
بەڵام هەرکەسێ شێخی میسالەن
( عادەت ) ( ئیستیغنا )و شێوەش جەلالەن
ئەر جار جارێ ئام چون منێ بەرۆ
( خرق العادە ) تێ زاهیر مەکەرۆ
ئەر ڕازیت وەیاد خەستەی دڵگیری
یا شێخ ! تۆ دایم ئەقش ( ضمیر )ی
چ حاجەتەن دەس پەی قەڵەم بەروون
یادم ئمەشی چەنیت یاد کەروون ![12]

گەر ویستی بەدڵ ( تواضع ) بێنێ
ئەوە خووی خۆیە بەجێی دەهێنێ
بەڵام کێ وەك تۆ خاوەن کەماڵە
پیشەی بێباکی و شێوەی ( جلال )ە
گە یاد کایەکێ وەکو من جار جار
خەرقی عادەتەو دەیکا ئاشکار
گەر ڕازیت بەیاد خەستەی دڵگیری
یاشێخ! تۆدایم ئەقشی زەمیری
چ پێویست ئەکا دەست بەمە قەڵەم
لەیادم ناچی چ لۆن یادت کەم
لەیادم ناچی ، چۆنت یاد کەم ؟[12]

هەورامی ( ٨٧ )

پەی کەسێ خاسەن نامەی جەحوب کەیل
تازە بسانۆ ( وضو )جەجۆی مەیل
خۆ من هەر جە زوو وە مەیلت مەستم
هەرجان فیداکەی ڕۆکەی( ئەلست )م [13]
سێیەم ، خەمگینیم جە دەس خەجڵەتەن
خەجڵەتم جە دەس سەختیی ! غەفڵەتەن
یاران وێنەی ساف مەی وە کامەوە
ویەردەن ، چون دورد هەر من مامەوە
گیای پەژموودەی تەژنەکەی بێشۆم
چەمەڕای وارای هەور لوتف تۆم
تۆ دەس وەرەشحەی ڕەحمت پەیا پەی

سۆرانی ( ٨٧ )

بۆ کەسێ باشە نامەی لەحوب کەیل
تازە هەڵگری دەسنوێژ لەجۆی مەیل
خۆ من هەر لەکۆن بەمەیلت مەستم
هەرگیان فیداکەی ڕۆژی ( الست )م
سێهەم ، خەمینیم لەبەر خەجڵەتە
خەجڵەتم لەبەر سەختی غەفڵەتە
یاران! وەك سافی مەی بە کامەوە
ڕۆشتن ، وەك خڵتەی هەر من مامەوە
سەوزەی ژاکاوی لێو وشکی بێ( شۆ )م
چاو لەبارانی هەوری لوتفی تۆم
تۆ دەس بە پرژەی ڕەحمت پەیا پەی

---

(12) واتە هەرگیزاو هەرگیز لەبیرو یادم ناچێ ، ئیتر چۆنت یادبکەم ؟

(13) بەشێکە لەئایەتی (الست بربکم ؟ قالوا بلی) واتە: لەڕۆژی ئەرواحدا یا لەڕۆژی ئەزەلدا خوا فەرموویەتی: ئایا من خوای ئێوە نیم ؟ وتیان: بەڵێ خوای ئێمەی واتە موسڵمانان پەیمانیان داوە بەخوا ، بەخوا ، بەمەبەستی ئەمە کەمەولەوی لەو ڕۆژدا پەیمانی داوە بەشێخ کەگیان فیداو موخلیسیەتی.

من وەی پڕ خاوی حەیفەن یە تاکەی ؟
تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ
من و تۆ جە دەس من و تۆ سانۆ
تۆ بێ تۆ لوتفت پەی من زیاد بۆ
من بێ من ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ

حەیفە من پڕ خەو ، ئەمە هەتا کەی؟!
تەنیای حەقیقی بهاوێ زارێ
من و تۆییمان بڕوا بەجارێ
تۆ بێ تۆ لوتفت بۆ من زیادبێ
من بێ من ڕۆحم بەخزمەت شادبێ

<u>هەورامی ( ٨٨ )</u> [1]

وەخیلافەوەن یاران سەرمەس !
(( تقاضا ))ی (( ذاتی ))ی تەبعم هەرچی هەس [2]
دەماخ بەجەزبی ئاسن بەشووشە
میغناتیز تۆی جام کەردەن وە یاتاخ [3]
کارەبا نەدەور کام مدەرۆ دەور
نە دەورەی موورەی کارەبا کا تەور
ئەر گێروو وەکام کافوورم کەم کەم
ئاو قەفاڵ وێش مە پێکۆ دەردەم

<u>سۆرانی ( ٨٨ )</u>

پێچەوانەیە یاری سەرمەستم !
هەموو ئارەزووی زاتیی سروشتم
جەزبی ئاسنم دڵ پێی بەشووشە
میغناتیزیش خۆی خستە ناو شووشە [3]
موورووی کارەبا بەدەوری ( کا )مدا
وەك کا خول ئەخوا بەهەموو لامدا [4]
گەر تۆزێ کافوور بنێمە زارم
بەر ئەێ خێرا خوێنی دەمارم [5]

---

(١)دەربارەی ئەم چامەیە واتە واتەیەك هەیە لە((یادی مەردان)) بەرگی دووەمیدا (ل: ٣٧٢) مامۆستا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە جا نازانم مەدای ڕاستی تا چ ڕادەیەکە؟

[2] لە(ف) و (ع) دانیوەی دووەمی ئەم بەیتە ئاوایە:
تەقاضای زاتیی طە بع هەرچیم هەس
هەس: هەیە. واتە هەرچی خواست و ئارەزووەکانی طە بع و سروشتمە پێچەوانەیە .

[3] ئاهینم ، (ع) و (ف) : ئاسنم . یەك مانایان هەیە. لەم بەتەو بەیتەکانی دواوەیدا سروشتە پێچەوانەکانی باس دەکا ،واتە: لەشی وەك ئاسنم پەرداخیی دا بەبەدەماخم و سەرگەرمی ڕاکێشانی میغناتیسەو ، ئەمیش لەبەر ئەوە لەشووشەدایە ڕاکێشانی دەست نادا ، دیارە ئەم کارەش کەئاسن میغناتیس ڕایکێشێ پێچەوانیەو کارێکی سروشتی نییە.

[4] جۆرە تەزبیحێك هەبوو (ئێستاش هەیە) پێیان دەوت تەزبیحی کارەبا ، واتە کاڕفێن ، وشەکە لە(کاربا)ی فارسییەوە هاتووە، بەمانا کاڕاکێشەر ، واتە: کارەبا بەدەوری کای لەلەشمدا دەسووڕێتەوە ، وەك سووڕاندنەوەی کا بەدەوری مورووی کارەباییدا ، دیارە ئەمەش پێچەوانەی سورشتە.

| هەورامی (٨٩) | سۆرانی (٨٩) |
| --- | --- |
| ئەنفیەکەی گەرد ڕای دەردم هەوا | بڕنووتی گەردی ڕێی دەردم ، هەوا |
| مەکەرۆ دەماخ ئەفلاتوون دەوا [٦] | ئەکا دەماخی ئەفلاتوون دەوا [٦] |
| گەرمیم تاف ساف وە سەر ئەندمردا | گەرمیم تافی ساف هەڵدا لەسەردا |
| بەستەن وە ڕووی تاش نیمە کەمەردا [٧] | مەیی لەتاشی نیوە کەمەردا [٧] |
| ئازیز! یەقین عەکس وەش نامەکەی تۆن | لێم ڕوونەعەکسی نامەکەی تۆیە |
| سایەکەی سیفەت کەلامەکەی تۆن [٨] | سێبەری شێوەی خامەکەی تۆیە [٨] |

---

[٥] کەم کەم ، لە(ف)و (ع)و (پ)دا : وەکەم ، کام: دەم. کافوور: (م) : ((مادەیەکی سارده کەسێك خوێنی لووتی بەر ببێ ئەی خەنە سەر تەوێڵی بۆئەوەی خوێنەکەی بوەستێتەوە)). قەفاڵ: شا دەماری پشت مل ، واتە ئەگەر تۆزێ کافوور بەدەم بگرم لەجیاتی ئەوە ساردم بکاتەوەو خوێنی

دەمارم بوەستێنێ: کەچی گەرم ئەبمو خێرا خوێنی شادەماری پشت ملم بەر ئەبێ و هاژە ئەکا ، دیارە ئەمەش پێچەوانەی سرووشتە.

[٦] ئەنفیە: بڕنووتی، ئەو تۆزەیە کەدەدرێ بەلووتدا بۆئەوەی پژمە بەئینسان پەیدابکا ، واتە تۆزی ڕێگای دەردو ئازارم ئەگەر یەکێك بیدا بەلووتیدا بەپێی سورشت دەبێ بیکوژێ ، وەیا هیچ نەبێ دەردی گران بکا . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەگەر هەوای ئەو گەردەم بەرێ ار بەشار ، ئەفلاتوونی حەکیم دەرمانی ئەخۆشی پێ ئەکاو لەدەردو ئەخۆشی ڕزگاری دەکات.

[٧] سەرئەندەر: سەربەرەو خوار، تاش: تاشە بەرد . نیمە کەمەر : ناو قەد ، واتە: جۆشی گەرمای دڵم دەبوو بمسووتێنێ، کەچی لەچاوەکانمەوە تاڤگەی ئاوی ساف هەڵدەقوڵێنێ‌و، بەسەر تاشە بەردەکانی قەدپاڵمەوە دەی مەیێنێ‌و دەیکا بەسەهۆڵ.

لەهەندێ نوسخەدا لەم شوێنەدا سێ‌بەیت هەیە سەرەتاکەی ئەمەیە:

چون هەرس دیدەم وە ناکامەوە

بەلاّم هیچ پەیوەندی یان بەم شوێنەوە نییە ، ئەمە بیرو بۆچوونی (م)ە و ڕاستە .شوێنی ئەم سێ بەیتە لەچامەکانی شێخی (بهاء الدین)دا ژمارە (٤٩)دا هەیە، هۆی وتنەکەشی لەوێدا دیاری کراوە.

[٨] ئازیزم! دیارە ئەم چۆنێتی یە ڕەنگدانەوەی نامە خۆشەکەت‌و سایەی صیفاتی کەلامەکەی تۆیە .

ئازوون وەی ( مظهر ) ، های های یە چێشەن !
ئەشئەی ئەو سیفەت زاتیی تۆ پێشەن [٩]
جەنامای جاو جەبێ وەفاییم
هەرچیت فەرماوان ڕاسەن بینابیم !
گەر وەفام مەبی پەی تۆ مەمەردم
خەیر مەبڕیابێ پەنجەی پای فەردم [١٠]

هەورامی ( ٩٠ )

ئازیزم !ئامە پێنج مدۆ چون مار
خامەی چەم یەکێ، ئەسرینان هەزار [١١]
وێش دان ئەسەر کەف کووپەی سیایی
پەی شەکوای عەرضەی دەرد جیایی [١٢]
وەخوا ئەدووریت کۆتایش ئاوەرد
ئەگیان ئیختیار ماوای بەدەن کەرد

ئای لەم دیمەنە ! ، های های بەجێیە !
ئەشئەی سیفاتی زاتیی تۆی پێیە ![٩]
لەبێ وەلامی و لەبێ وەفاییم
ئەوەی فەرمووتە ڕاستە بینابیم !
گەر وەفام دەبوو بۆ تۆ ئەمردم
خۆ هانە ئەشکا پەنجەی پێی فەردم [١٠]

سۆرانی ( ٩٠ )

ئازیزم! ئامە پێنج ئەخوا وەك مار
خامەی چەم یەکێ، ئەسرینان هەزار
هەڵچوو تا لێوار کووپەی سیایی
بۆ شەکوا لەدەس دەردی جیایی [١٢]
بەخوا ئەدووریت ئەبڕێتەوە!
ئەگیانیش بۆ لەش دەگەڕێتەوە ![١٣]

---

[٩] پێشەن ، (ف) : تێشەن .واتە: بنازم بەم دیمەنەو بەم دەرکەوتنە کەنەشئەی صیفاتی زاتیی تۆی تیادایە.

[١٠] واتە ئەگەر وەفام دەبوو بەو ئەنووسینەم دەمردم ، ئەگینا خۆ پەنجەی پێی فەردم نەبڕابووەوە تا نەتوانێ بچووکیی خۆی بەجێ بێنێ.

[١١] واتە: نامەچونکە دێ بۆ خزمەتت لەخۆشیدا وەکو مارپێچ پیادێ لوول ئەخوا ، خامەش (قەڵەمی قامیشی چەم) ئەگەر یەکێ بێت خۆ ئەسرینان هەزارە ، مەبەست ئەوەیە فرمێسکە دانە دانە راست ، بەبێ بچڕانەوە، وەکو قەڵەم دەڕژێ‌وبەقەدەر هەزار قەڵەم درێژە

(١٢) ع.م.. واتە کووپەی خوێنی جەرگیشم وەك شووشە مەرەکەبی رەش هەڵچوو گەیشتوەتە لێوار، بۆ ئەوەی عەرزوحاڵی شکاتی دووریتی پێ بنوسرێ.

(١٣) بەکورتی مانای بەیتەکانی (١٣و ١٤و ١٥و ١٦و ١٧) : واتە ئەدووریت دێتە کۆتایی ، وەئەگیانیش لەلەشدا ئارام دەگرێ ، بەڵام (یادە)کەت خۆمی دەرکردو خۆی لەشوێنەکەی مندا

بەلآم یادەکەت ناستەنش وێم پێم
وێم بەر کەرد، نیشتەن وێش جەیاگەی وێم
ئەجزای تەن یەکسەر جەشادمانی
نمەیۆش وەخاو سەد زیندەگانی
هەر جزوێم پەی وێش یەند سەرشار بی یەن
ئەی جزوم جەی جزو خەبەردار نی یەن
ئەدڵ یاد ڕاز سەفحەی نامەشەن
ئەسەر پە نجەی هۆش گرتەی خامەشەن

بەلآم ( یاد )ەکەت ئەی هێلاَ خۆم بێم
خۆمی دەرکردو خۆی دانا لەجێم
ئەجزای تەن یەکسەر لەشادمانی
نایی بەخەویا سەد زیندەگانی
پارچەکانی تەن هێندە سەرخۆشن
یەکتر لەیەکتر بیْ ئاگاو هۆشن
ئەدڵ خووی ڕازی سەفحەی نامەیە
ئەسەر پە نجەی هۆش هێزی خامەیە

**هەورامی ( ٩١ )**

یەند نە تۆی زلکاو دەوات پڕ وەی
مدرات مونتەزیر ، وەڵگ ئاوەردەن ئەی [١٨]
ئەی مدۆ سەدای دلآن پیْ خەستە
وەڵگ مارۆشەوە بەستە وەبەستە [١٩]
ئیسە ( یاد ) تەن سزای خیتابەن
ئەر سزا وەناز ، وەر وەعیتابەن [٢٠]

**سۆرانی ( ٩١ )**

هێندە لەدوێنی زەلکاوی پڕ وەی
وەستا چاوەڕیْ، گەلآی دەرکرد ئەی
سەد دڵ بەسەدای ئەی دەبیْ خەستە
پەلك ئەیلێتەوە بەستە بەبەستە
ئێستا ( یادی ) تۆ سزای خیتابە
گەر سزای بەناز ، یا بەعیتابە [٢٠]

---

جێگیربوو ، بۆیە پارچەکانی لەشم لەشادمانی و خۆشیدا ژیانیان بەخەیاڵدا نایەو ، لەبەر سەرخۆشی یان ئاگایان لەیەکتری نییە، کەواتە ئە(دڵ) ئەوەی لەیادە نامەت بۆ بنووسیْ ، وە ئە(هۆش)یش توانای گرتنی خامەی هەیە!! ، ئیتر نازانم چۆن نامەت پێشکەش بکەم ؟

[١٨] واتە قەڵەمی قامیشەکەم هێندە لەناو زەلکاوی مەرەکەبی ئاخ و وەیدا چاوەڕێیکردو مایەوە ، ڕواو پەل و پۆی پەیداکرد. ئێستا لەو قەڵەمە وەك خەستە دلآن دەنگی لێپەیدا دەبیْ و گەلآکانیشی بەستە بەستە دەیلێنەوە.

١٩ ، ٢٠. واتە بەو هۆیەوە گیان لەلەشمدا نەماوەو لەشوێنەکەیدا یادەکەت جێگیر بووە، کەوابیْ ئێستا یادەکەی خۆت شایانی ئەوەیە کەبیدوێنی ، جائیتر ئەو دواندنەت لەڕووی ناەزەوەبیْ یا لەڕووی لۆمەو سزادانیەوە بیْ.

ئەء ، ئە ء ، سفتەی هیجر خاڵ ئالآتم
دۆزەخیی دۆزەخ دووریی بالآتم
بویەر جە مەنیەم شای ئەو ئەمامان !
مەردەن پەی گرۆی دۆزەخی ئامان

ئەء ، سووتووی دووریی خاڵی ئالآتم
سوکنای دۆزەخی دووریی بالآتم [21]
شای ئەونەمامان! لەمانم بووره
مردن کە گرۆی دۆزەخی دووره [22]

هەورامی ( ۹۲ )[1]

وێش نمە وینۆ ئازیز ! خەمینت
دیارە لێڵەن جام جەمینت [2]
تاڵەن کام دڵ مەینەت گازەکەت
تام دووریشەن رێزەی رازەکەت
بەد بەختیی منەن وە یانەم هەرەس
ئازیزی چون تۆ نمەگنۆم وە دەس
وەرنە شەم هەزار پەروانە دارۆ
ئەر یۆشا کەم بۆ پەروا نەدارۆ

سۆرانی ( ۹۲ )[1]

خۆی بەدی ناکا ئازیز ! خەمینت
وادیارە لێڵە جامی جەمینت
تاڵە دەمی دڵ مەینەت گازەکەت
تامی دورییە شەکری رازەکەت [3]
من بەد بەختیمە بەماڵم هەرەس
ئازیزی وەك تۆم ناکەوێتە دەس
ئەینا پەروانەی چرا هەزارە
یەکیان گەر کەم بێ بێ باکە دیارە [4]

---

(۲۰،۲۱،۲۲)لەعوزرخوایی یەکانی پێشووی پاشگەز دەبێتەوە دەڵێ: من کەنامەم بۆ نەنووسیوی لەبەر ئەو بەڵگانەی پێشووم نییە من دانیشتووی دۆزەخی دووریی تۆم ، دیارە مردنیش بۆ دۆزەخییان نییە.

[1] (م): ((ئەم پارچە هەڵبەستەی لەدێی تەوێڵەدا وتووە، لەکاتێکدا کەشێخ (کام شێخ ((بهاء الدین ))یا (سراج الدین)) ؟ وەرگێڕ ) لەسەر سەفەر بووەو ، ئەمیش ویستوویەتی چاوی پێی بکەوێ‌و ماڵئاوایی لێکاو بگەڕێتەوە ، بەڵام بۆی ڕێنەکەوتووە )).

[2] خەمینت: خەفەتبارەکەت. جەبینت: ناوچەوانت، واتە: ئازیزەکەم من لەئاوێنەی ناوچەوانتدا خۆم نابینم ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئاوێنەکە بەهەر هۆیەك بێت لێڵە.

[3] ڕێزە : وردە، وردە شەکر ، مەبەست فەرموودەی شێخە کەوەك وردە شەکر شیرینە واتە: دەمی دڵی دۆستە مەینەت گازی لێ گرتوەکەت تاڵەو. وردە شەکری قسە خۆشەکانت تامی دورکەوتنەوە ئەدا.

[4] شەم بە شەمع، چرا. پەروانە دارۆ: پەروانەی هەیە و لەدەوری کۆدەبنەوە.
ئەر: ئەگەر. یۆشا: یەکێکیان.
کە بۆ: کەم بێ. پەروا نەدارۆ: پەروای نییە واتە بێ بکاەو مەبەستی نییە.

**هەورامی (٩٣)**

ساقی ! دەس چەرخ هەر هانە کاردا
تا تانتەی دووریش بەستەن وە داردا [٥]
سەر وەخت هەستی جە دەس وەردامەن
تەدارەك خەیر ئارۆو فەردامەن
تەمامەن بەرات قەبزو حەوالەم
دێرەن کەرەم کەر بدەر پیالەم [٦]
تا هممەت وازوو وە یەك پە یمانە
خالی بۆ چیمەیچ گۆشەی مە یخانە

**سۆرانی (٩٣)**

ساقی! دەستی چەرخ هەر وا لەکاردا
بەستی تان و پۆی دووری بەداردا [٥]
وەختی لەدەس چووی دنیا دۆزیمە
ئامادەی چوونی ئەم ڕۆو سوزیمە
بەشی بەراتی قەبزو حەوالەم
تەواوە ، دێرە پڕ کە پیالەم [٦]
تا ئەلوەدا کەم بەیەك پە یمانە
چوڵ بێ لەئێمەش گۆشەی مە یخانە

**هەورامی (٩٤)**

ئایینەی کامڵ ! ئازیزەکەی فەرد!
فیدای ئامات بم ، سەفاییت ئاوەرد (١)
خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوورەن
یانەی چەم وێران تەمام خاپورەن
خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە
گەرد پات وەتەن ئاوا کەردەوە(٢)
ساقی! ، ئینە بەزم وەصڵ یارانەن
چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن

**سۆرانی (٩٤)**

ئایزەکەی تاك! ئاوێنەی کەماڵ!
فیدای هاتنەوەت ، فرت خستەماڵ (١)
لەچاو گەردی پێت دەمێکە دوورە
وێرانە ماڵی چاوم خاپوورە
چابوو تەشریفت هەم هاوردەوە
گەردی پێت وەتەن ئاوا کردەوە
ساقی ! ها بەزمی وەصڵی یارانە
چەرخیش چەرخەکەی جاری جارانە

---

(٥) واتە ساقی! دەستی گەردوون تەونی قوماشی دووریی بەدارەوەیەو ، دەیەوێ بیپێچێ و بیبڕێ بەباڵام و لەبەرمی بکا.

(٦) لەلایەن خودای گەورەوە بەش و بەراتی خۆمم بەتەواوی وەرگرتووەو کارم بەدنیاوە نەماوە. دەسا دەخیلت بم ساقی ! خێرا کە درەنگە .

(١) بە((ئاوێنەی کامڵ)) ناوی دەهێنێ ، بەو مەبەستەی کە (بهاء الدین) ئاوێنەی باڵانمای باوکیەتی و هەموو ڕەوشت و خووەکانی ئەوی تێدایە ، واتە ڕەنگدانەوەی تەواوی شێخی باوکیەتی (قدس الله سرهما)) تا پارچەی (٥٧) بۆ شێخی بەهادینە.

()

(٢) وەتەن: لێرەدا بریتیە لەچاوی مەولەوی چونکە نشینگەی (بهاالدین)ە.

دوریٚ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە زاخ مەی بماڵەوە
جامیٚمان جە دەس تۆ هەم سەندە بۆ
فرسەتەن ، نسیو نەك نەماندە بۆ (٣)
پەریٚ تۆ ڕاحەت ، پەریٚ من زامەت
دوریٚ دیم هەر دوو تا ڕۆی قیامەت
هەورامی ( ٩٥ ) [١]

بەو پیاڵە بەزمیٚ سازکە کەپەیا پەی
ژەنگی دڵ لابە تۆ بەزاخی مەی
جامیٚکمان لەدەس تۆوە هەڵدابیٚ
هەڵە ، نەك لە پڕ مردن پەیدابیٚ [٢]
بۆ تۆ ئارامی ، بۆ من دەردی سەر
بگێڕین دوریٚ تا ڕۆژی مەحشەر
سۆرانی( ٩٥ )

یاوا پێم نامەی شیرین ( ختام )ەت
دەك دەك نەڕیٚزۆ سەرپە نجەی خامەت [٢]
سیای سورمەی خەت نەدیدەم شانا
نادرەوشەی وەرمق خەمان ڕفانا
مەرهەم بی پەی زام ( نەفعی ) یان گەستەم
دەوا بی پەی دەرد جەستەکەی خەستەم
تەسکین دا وەنێش نێشەکەی دووری
وەدڵەی سۆچیای نار مەهجووری
مەگەر خوداوەند کەرەم کەردەوە
تەفرەقەی یاران جەم ئاوەردەوە
هەورامی ( ٩٦ ) [١]

وەرگیرا مسکی ( خیتامە )ی نامەت
دەك یاخوا نەڕزیٚ سەرپە نجەی خامەت [٢]
سورمەی سەوادی لەچاوی چاندم
میروەحەی پەڕەی خەمی ڕفاندم
بوو بە مەلهەمی زامی مارگەستەم
دەوای کرد دەردیٚ جەستەکەی خەستەم
دای مرکان ئێشی زامانی دووری
بەدڵەی کوڵووی گڕەی مەهجووری
ئۆخەی خوای گەورە کەرەمی باران
یەکی خستەوە جیایی یاران
سۆرانی ( ٩٦ ) [١]

---

[٣]) واتە وەك چۆن پیاڵەی (مەی) مان لەلایەن شێخی باوکتەوە هەڵدا بەڵکو هەرواش لەلایەن تۆوە جامیٚکمان دەس کەویٚ نەك لەپڕ مردن یەخەگیرمان بیٚو هەلمان لەکیس بچیٚ.

[٢] واتە وەك چۆن پیاڵەی (مەی) مان لەلایەن شێخی باوکتەوە هەڵدا بەڵکو هەرواش لەلایەن تۆوە جامیٚکمان دەس کەویٚ نەك لەپڕ مردن یەخەگیرمان بیٚو هەلمان لەکیس بچیٚ.

[١] جارێکی کەبەهۆی ئاشت بوونەوەکەیەوە شێخ (بهاء الدین و ضیاءالدین) بەنامەیەك مەولەوی لەم ئاشتتیە ئاگادار ئەکا ، ئەمیش بەم چەند بەیتە هەستی خۆی بۆ دەردەبڕێت.

[٢] بەوشەی (شیرین ((ختام))ت ) پەنجە ڕادەکێشیٚ بۆ ئایەتی ﴿ ختامه مسك وفي ذلك فليتنافس المتنافسون﴾

[١] مەولەوی لەتەوێڵە ئەبیٚ ، (بهاء الدین) بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانیٚ مەولەوی ببینیٚ ، بەنامەیەك عوزرخواهیی بۆ دێنێتەوە ، لەلایەن مەولەوییەوە ئەمەش وەڵامەکەی ، سەیری (م)بکە.

چەرخە !یەتۆنی؟ ئەی مەیلە کەردی!
بەختە ! بە تۆنی ؟ شادی ئاوەردی ![٢]
خەمە! فرسەتیٚ ، ئامانەن زامان!
دەردە ! مۆڵەتیٚ، ئامەی لەیل ئامان
تەحریر خوردەی ڕیٚحان بیٚزەکەت
تەقریر شیرین شەکەر ڕیٚزەکەت [٣]
یا وا وە سەروەخت خەستەی دەردەکەت
مەڵهەم دا ئەزام دووریی گەردەکەت
من کیٚنان ؟ خامەت وە یادم کەردەن
حوسنت زیاد بۆ پەی دڵان بەردەن
حوسنت نە هەر سات ئەجەلاّیی بۆ
هەر جەلا پەی من وە بەلاّیی بۆ

گەردوون! ئەمە تۆی کردت ئەم مەیلە ؟
بەختە! تۆی کەدڵ لەشادی کەیلە؟
دەخیلمە زامان! ، خەمە ! فرسەتیٚ
ئامەی لەیلایە ، دەردە ! دەرفەتیٚ
داڕشتووی وردی ڕیٚحان بیٚزەکەت
واتەی شیرینی شەکرا میٚزەکەت
گەیشتە هانای خەستەی دەردەکەت
دای شیفای زامی دووریی گەردەکەت [٤]
من کیٚم ؟ تا خامەت منی لەیادبیٚ
بۆ دڵان بردن حوسنت زیادبیٚ
جوانیت هەر دەمیٚ بەکالاّیی بیٚ
هەر کالاّی بۆ من بەبەلاّیی بیٚ

**هەورامی ( ٩٧ )**

نیم نیگات ڕەفیق تیر ئەندازی بۆ
دڵەی من نیشان ئەجان بازی بۆ
واتم مەیل دڵ، پەی کەسیٚ کەسەن
جە تەن خوای سوحبەت زاهیری وەسەن
خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن
چ حاجەت زاهیر ئاماو ئامشۆن ؟

**سۆرانی ( ٩٧ )**

شیٚوەی نیٚو نیگات تیر ئەندازی بیٚ
دڵ بۆ نیشانەی لەگیانبازی بیٚ
وتم : مەیلی دڵ بۆ کەسیٚ کەسە
لەجیٚی هاتنی زاهیری بەسە
خەیاڵم کەوتووی ئاسانەی تۆیە
ئیتر چ پیٚویست بەهاتو چۆیە ؟

---

[٢] لەهەردوو نیوە بەیتەکەدا (م): تۆنی؟ (ع)و (ف) : تۆ بی ؟ رووددەکاتە (چەرخ و ) (بەخت) ، وەك لەبەیتی دووەمدا ڕوودەکاتە (خەم)و (زامان)و (دەرد) ئەیان دوێنیٚ . واتە: ئەی چەرخ! ئەمە تۆی ئەم میەلەت کرد؟ دەشگونجیٚ بووتریٚ : ئەمە تۆ نیت کە بەم مەیلە هەستای ، وە تۆنیت بەشادی خۆش کردم ، واتە لەنێوەوە دوورە کەبەم کردارەتان بەرامبەر بە من هەستن.

[٣] تەحریر: نوسین، خوردەی: وردەی،ڕیٚحان: ڕەشە ڕیٚحان/ بیٚز، بیٚزارو، تەقریر: دەربڕینی ڕاز، شەکرڕیٚز: وردە شەکر، واتە نوسینە ڕەشەکەت کەڕەشە ڕەیحانەی ئەبینرا، وەبەیانکردنی رازی شەکرە وردەکەت گەیشتن و فریام کەوتن.

[٤] (م) کەردەکەت.(ف) : گەردەکەت.

دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن
ئامانێ بەلکم ئینە چەپ گەردەن
هەر پاسە شادیش نی یەن بەینەتش
بەڵ بێ بەقا بۆ سزاو مەینەتش
سێر ساوون وەچەم ئەو پالای بێگەرد
چێش هەر زیاد کەرد دەرد وە بان دەرد!
وەشڵە وە مەینەت وەخت مەهجووری
سەد ڕەحمەت ئەو قەبر دووریو ڕەنجووری
ئەرسەد توی دەروون پەڕێت قەقنەس بی
یانەی دڵ وە یاد ئاوا بی بەس بی
ئیسە حەسرەتان ، بیم بەد ئەندێش
هەر یەك جەلایی مەکێشۆم پەی وێش

**هەورامی( ٩٨ )**

( خصوص ) تۆ وەی ڕەنگ مەوینوون دلگێر
چمان دەروونم مە پێکان وەتیر
دڵ خەریك مەوج کێجاو دەردەن
زوانم دایم وێردش ئەی فەردەن :
من ئەبوون ئازیز ! گەردە بلووری!
کێن ڕەحمەت کەرۆ وەسڵش ئەدووری ؟
خاس بی ئەرسەد جار شادی وەباد بیم
دووڕاو دوور وەدین ئاسانەش شادبیم
ئیسە ها فەڵەك کەڵەك بەستەوە
تۆرداو دووریش ها وەدەستەوە
خەفەت! واوەتەن ، مەینەتان ! سادەی
وەخت بارانەن ئەسرین! دەی پەی کەی؟
ئازیزت ئاستەن ها وەدەماوە
تەنە! بۆبێ گیان سا شۆ وەراوە
شنەفتم . گیانم بالاتووڵ ئەی!

بەلام دیم: دووریت ئالۆز دیارە
هاتم بەڵکێکم ئەمە ڕۆژگارە
وەك بێ بەقایە بەختەوەریەکەی
بەڵکو هەر وابێ کوێرەوەریەکەی
تێر لەچاو هەڵسووم سۆلی بێگەردی
کەچی زیاتر بوو حەسرەت و دەردی
خۆزگە بەدەردی دەمی مەهجووری
سەد کەرەت ڕەحمەت لەگۆڕی دووری
هەر چەن تویی دەروون بۆ تۆ قەقنەس بوو
دڵم بە یادی ئاوابوو بەس بوو
ئێستا حەسرەت و ئازارو ستەم
هەریەك بەتەرزێ کێش ئەکا جەستەم

**سۆرانی( ٩٨ )**

( مخصوص ) بەم ڕەنگە ئەتبینم دلگیر
ئەڵێی دەروونم کون ئەکەن بەتیر
دڵ نوقمی مەوجی گێژاوی دەردە
ویردی زبانمە دایم ئەم فەردە :
من ئەبم ئازیز! گەردن بلووری!
کێ وەصلی ڕەحمەت ئەکا لەدووری؟
باش بوو هەرچەندە شادی بەبادم
دووراو دوور بەدین ئاسانەت شادم
ئێستا ها ، گەردوون کەڵەك بەستەوە
داوی دووریی تۆی وا بەدەستەوە
خەفەت !وادەتە ، مەینەتان ! سادەی
وەختی بارانە ئەسرین! دەی بۆ کەی؟
ئازیزت لەوێ ماوە لەجێوە
تەنە! بێ بێگیان بچۆ بەرێوە
گیانە!! بیستوومە ! بالا تووڵی ئەی

ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی
مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ
گیان هەوای سوحبەت جەستەکەم پێش بۆ
وەرنە شێتە وێم ، دڵ وەشیی دڵەن
گیان جە تەن بەرشی ئاماش موشکوڵەن

لەگەڵ ئەم خەستەت نیازە سەفەرکەی
بشکێ مەگەر پێی ڕاوێژی بەختم
گیان بێ بەهاو ڕێی جەستەی سەر سەختم
شێتەکەم ! ئەینا دڵ خۆشیی دڵە
گەرانەوەی گیان بۆ تەن موشکوڵە

**هەورامی ( ٩٩ )** [١]

دلیل وادەی سەر سەراوەکەم!
بینایی‌دیدەی شەو بێ خاوەکەم !
ڕەفیق سەرحەد ئەقلیم دەوران!
ناخودای کەشتیی بەحرەکەی هیجران
ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم !
دەس گیر ڕاگەی سەختی‌و زەبوونیم!
شەمع بەزمگەی مەهجووری‌و دووری!
میعمار ئەساس پایەی سەبووری !
مەسقەڵچی سەواد ئاینەکەی دڵ!
غەوواس دانەی دەریامەی موشکوڵ!

**سۆرانی ( ٩٩ )** [١]

ڕابەری وادەی سەر سەراوەکەم!
بینایی چاوی شەو بێخاوەکەم ![٢]
هاوڕێی سنووری ئەقلیمی پڕ وەی !
ناخودای دەریای هیجرانی بێپەی [٣]
وەستای فێرکەری دەرسی مەجنوونیم !
دەسگیری ڕێگەی سەختیی و زەبوونیم !
مۆمی بەزمگەی شەوگاری دووری!
ڕەنگ ڕێژی بنکەی پایەی سەبووری!
لابەری پەڵەی ئاوێنەکەی دڵ!
غەوواصی دانەی دەریاکەی موشکوڵ!

**هەورامی ( ١٠٠ )**

خەم ئەوەخت بەزم فەرمان فەرماشەن
شادیم ئەلوەدای جەلەیل جیاشەن
من خۆ پای خەمان سامان سام کەردەن
دەك بمرم هانات بەمن ئاوەردەن [٤]

**سۆرانی ( ١٠٠ )**

خەم فەرمانڕەوا، زۆر دڵنیاییە
شادیم ماڵاوای لەلەیل جیایە
خۆ من کردوومی پێی خەم سەرو بن
دەك بمرم هانات هێناوە بۆ من [٤]

---

[١] (م): ((جاریٚ شێخی (بهاء الدین) ئەنێرێ بەدوای مەولەویدا بۆئەوەی بەسەفەر بینێرێ بۆ شوێنێك . مەولەویش پێی ناکرێ بڕوا ، لەوەرامدا ئەم پارچە هەڵبەستە بۆ شێخ دەنێرێ‌و تیایدا هەستی خۆی بەرامبەری دەردەبڕێ

[٢] سەرسەراوەکەم : سەرچاوەی بەزم‌و ئاهەنگی خواناسینم.

[٣] ناخودا: کەشتیوان.

| | |
|---|---|
| وه مەرگت دایم زامم هەر بەسۆن | بەمەرگت دایم زامم بەسۆیە |
| دەرد وێم کەمەن ئە مجار نۆبەی تۆن | دەردی خۆم کەمە ، جا نۆبەی تۆیە |
| پێسە مزانی هیچم کەم نییەن | تۆ وا ئەزانی هیچم کەم نییە |
| وێران یانەکەم وێت وە چەم دی یەن | خۆ دیت ماڵەکەم بەو وێرانییە |

| | |
|---|---|
| هەورامی ( ١٠١ ) [١] | سۆرانی ( ١٠١ ) [١] |
| نمانای بەهەشت پێشانیی نووری | ئازیز ڕوخساری بەهەشتی نووری |
| ئازیز وەی سفتەی دۆزەخ دووری [٢] | کردە ئەم خەستەی دۆزەخی دووری |
| دووریت عەزابێ سازدا بێ پەرێم | دووریت ئازارێ وای بۆ سازاندم |
| عەزابێو تەردا ئاماو لوات پێم | زیاتر هاتوو چۆت پشتی چەماندم |
| ئای هەنی جەی دەرد کێ دەرمان سازۆ ؟ | ئای ئەم دەردەم کێ دەوای بسازێ؟ |
| وە هەمسایە سەگ کام دەرماڵ نازۆ ؟ | سەگ بە هاوسایەی کام ماڵ بنازێ ؟ [٣] |
| چەم وە گەرد رای کێ ڕۆشنا بۆ؟ | بەگەردی ڕێی کێ چاو ڕۆشنابێ ؟ |
| لەب وەیاگە پای کێ ئاشنا بۆ ؟ | بەجێگە پێی کێ لێو ئاشنابێ؟ |
| ڕۆی وەصڵت ئەر سەد زەروور نەفامەن | ڕۆژی وەصڵی تۆ زەروور نەفام بوو |
| مزانام فەلەك چە پگەردش نامەن | زانیم خۆ گەردوون کەچ و بەد نام بوو [٤] |

---

[٤] سامان سا: سامان ئاسا ، بەمانا پێشێلکراو ، لەناوچوو ، سامان ، وەك لەکتێبی مێژوودا دیومە لەڕۆژگارانی دێرینەدا ناوی هۆزێك بووە ، هێزێکیتری بەهێزتر پەلاماریانداون و ، بەبێ بەزەییانە لەڕەگ و ڕەچەڵەك دەریان هێناون ، لەمەوەبووە بەپەند.
واتە لەم سەردەمەدا کەخەم فەرمانڕەوایە بەهەموو هێزێکی پێشێل کردووم ، بمرم تۆش لەم کاتەدا پەنات بۆ هێناوم.

[١] ئەم هەڵبەستەی لەتەوێڵە نووسیوەو ناردوویەتی بۆ شێخی (بهاء الدين) کەتازە لەسەفەر دێتەوە، لای (پ) ئەم پارچەیەو پارچەی پێشوو یەك پارچەن ، بەڵام ڕاست نییە.

[٢] واتە: خوای گەورە ئەمشێخەم بۆ بهێڵێ چونکە بەمیهرەبانی ناوچاوی بەهەشتی نورانی خۆی پیشان دا بەم سوتاوەی دۆزەخی دووری.
[٣] پەندێکی فۆلکلۆرییە ، مەولەوی بەهۆی بێفیزییەوە دەربارەی هەموو کەس خۆی زۆر بەنزم پیشان دەدا.

**هەورامی ( ١٠٢ )**

فەڵەك !داد! جەدمرد بێدمواکەی تۆ
( مغنی )! فەریاد ئەو نەواکەی تۆ
بۆڵەند کەر مەقام ( دڵسۆز )وە ڕاسی
تەنزیلەش فەرد گەل خاڵۆی کۆماسی: [٥]
(( ڕۆی وەصڵت هەر بیم ئەی ڕۆوە پێم بێ
جەو بۆنە هەر ڕۆ ڕۆ ڕۆ خدێم بێ
ئیسە ها فەڵەك نیشان دادەن پێم
ئاخ ترسیاگەکەی گیر ئاوەردە وێم [٦]
ئە مجار کێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ ؟
دەك بەرق غەزەب وە جەسەم وارۆ ))

**سۆرانی ( ١٠٢ )**

گەردوون! ئای لەسوێی بێ دمواکەی تۆ
( مطرب )! چاوەڕێم بۆ نەواکەی تۆ
بەرز بکە پەردەی ( دڵسۆز ) بەڕاسی
تەنزیلەی بەیتی خاڵۆی کۆماسی : [٥]
ئەو ڕۆژەی وەصڵت ترسی ئەم ڕۆم بوو
بۆیە هەمیشە پیشەی ڕۆم ڕۆم بوو
وونی کردەوە ئێستە گەردوون بۆم
ئاخ ترساوەکەی گرفتارە ، خۆم [٦]
ئنجا کێ بەرگەی دووریی تۆ ئەگرێ ؟
دەك بەرقی غەزەب لەشم دابگرێ

**هەورامی ( ١٠٣ )** [١]

جە من تا دووری ئەر سەد فرسەنگ بۆ
ئەر بۆ ڕازیبوو زوانم لەنگ بۆ [٢]
بەلام چێش کەروون؟ بەلام هەم ڕازەن
فەڵەك کەڵەك چین چەنیم کەچ بازەن

**سۆرانی ( ١٠٣ )** [١]

لەمن تا دووری گەر سەد فرسەنگ بێ
گەربێ ڕازی بم زمانم لەنگ بێ [٢]
بەلام چیبکەم من بەلام هاوڕازە
فەڵەك کەڵەك چی بۆ من فێڵبازە

---

[٤] ڕۆژی وەصڵت بیرت لەپاشەڕۆش نەکردەوە ، بەلام من هەر ئەمزانی گەردوونی کەچ ڕەفتار دۆزەخی دووریت دەکا بەبەشم.

[٥] دڵسۆز: (م) ((ئاوازێکی کۆنی کوردییە)).

تەنزیلە: ئەو بەیتەیە کەدوای خوێندنەوەی یەکەیەکەی شیعرەکان دووبارە دەبێتەوە ، سێبەیتی دواوە دانراوی خاڵۆیەتی و تێهەڵکێشی کردووە.

[٦] من لەچی دەترسام گەردوون بێبەزییانە هێنایە ڕ      ێووی گیرۆدەبووم.

[١] ئەم قەصیدەیەو چەند قەصیدەی دوایی بۆ شێخ عومەری (ضیاء الدین) ە (قدس سرە).

[٢] ئەگەر حەز بکەم لەنێوان و من و دووریتدا سەد قۆناخ بێ و زیاتر نەبێ زبانم لال بێ واتە حەز ئەکەم نزیکت بم.

کارد مەینەتش ئیستخوان کاوان
(ضیا)ی ! دیدەو دڵ! مەگێرەم تاوان
قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردەبێ[3]
بورج ئاگاییم وێران کەردەبێ
کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندەبێ
دووکانچەی بەدەن بێکەس مەندەبێ[4]
فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ
یەکسەر بەردەبێ کاڵای گیان و دڵ[5]

دەردو مەینەتی ئێسکی پروانم
(ضیا)ی ! دیدەو دڵ مەگرە تاوانم
سەیلی خوێن قەڵای بیرمی بردبوو
بورجی ئاگامی وێران کردبوو[3]
خەم فامی ئێشکی خەیاڵ بردە بەس
دووکانی بەدەن مایەوە بێکەس[4]
زانی هەلیەتی جەردەکەی قاتڵ
بردبووی یەکسەر کاڵای گیان و دڵ[5]

**هەورامی (١٠٤)**

خەبەر بیم هۆشم ئاما وە بەردا
ئەم لاگیان ، ئەولا دڵ ، دام بەسەردا
لادێ ئێش سەخت ساتێ وەی ڕۆ وەی
واتم چار نیەن ، مەر بشۆن وە پەی
دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جەهوون
شەقڵش هانە رووی گەرد ڕای دەروون[6]
ڕەوان تەر جەهەوس وە سەد قەترەو دەو

**سۆرانی (١٠٤)**

بەخەبەر هاتم ، هۆش هات بەبەرما
ئەم لا گیان ئەولا دڵ ، دام بە سەرما
دەمێ ئای سەخت و ساتێ وەی ڕۆ وەی
وتم ناچارم شوێن پێی تەی کەم تەی
دیم ناڵی داخی دڵەی لازەبوون
شەقڵی وا لەسەر گەردی ڕێی دەروون[6]
تیژ تر لە ئەشك بەسەد پەلەو دەو

---

(٣،٤،٥) دز: یا جەردە ، کەزانی قەڵای بیرم و بورجی ئاگاداریم لافاوی خوێن وێرانی کردبوون ، وەلەلایەکی کەوە خەم و خەفەت عەقڵ و هۆشی ئێشکچیی خەیاڵمیان نەهێشتبوو ئەو جەردە بێ بەزەییە لە دووکانە کچکەکەی جەستەمدا کاڵای گیان و دڵی دزیم.

(٦) (م): ((واتە سەیرم کرد داخ و خەفەتی دڵەی خوێناویم کەوەك ناڵ بەقاچیا داکوتراوە نیشانەی بەجێهێشتووە بەتۆزی ڕێگای دەروونە)). بەم پێیە بێدڵەکەی چواندوە بە ئاژەڵەوە ، لەپێشەوە (دڵ) ی چواند بەکاڵاو قوماشەوە ، ئەی بۆ ناڵچەکە بۆ دزەکە نەبێ کەلەکاتی بردنی دڵیدا شەقڵی بەسەر تۆزی دەروونیەوە دیار بێ.

تاوە مەكۆگەی ئاسانەكەی ئەو [٧]
لالآمو نالآم : ( حاشات ) موشكولەن
گیان فیدای تۆ بۆ ، یە بەلگەی دلەن [٨]
( سیوا )ی تۆ ئازیز! ئەی زەمانەدا
كێن گوزەر كەرۆ بەی وێرانەدا ؟
ئەنیم نیگایێ نەكەرد تەماشا!!
چێدیش وێنەی ماڵ یاران كەرد( حاشا ) [٩]

هەورامی ( ١٠٥ ) [١]

ها ! تەن ئەلوەدای زیندەگانیش كەرد
قەدەم رەنجە كەر ، هام فەردەكەی فەرد !
لابەر تەختەی سەنگ ئەلحەد سەرای رێش
جەم كەر گەرد خاك جەستەی خەستەی وێش
ئامێتەن وەیاد بالآی تورك تەڕ
یانێ نمناكەن زوو مەبۆ وەهەڕ [٢]

تا لای مەكۆ گای ئاسانەكەی ئەو [٧]
لێی پاڕامەوە " مەیكە بەموشكوڵ
گیانم فیدای تۆ ، ئەمەش بەلگەی دڵ [٨]
تۆ نەبێ ئازیز! لەم زەمانەدا
كێ گوزەر ئەكا بەم وێرانەدا ؟
ئەنیو نیگایێ ، نەتەماشای كرد!!
وەك ماڵی یاران لەمیش ( حاشا )ی كرد [٩]

سۆرانی ( ١٠٥ ) [١]

ها ! تەن ماڵ ئاوای كرد لەژیانی
زەحمەت بكێشە ئەی گیانی! گیانی
لادە بەردەكەی گۆڕیچەی پڕ ئێش
كۆ كۆ كەگەردی جەستەی خەستەی ڕێش
تێكەڵ بەیادی بالآی توولی تەڕ
یانی: نمناكە زوو ئەبێ بە( هەڕ )[٢]

---

[٧، ٨] مەكۆگا / شوێنی دز. بەپەلەو بەڕاكردن تامە كۆگاكەی رۆیشتم،لەوێدا بەگریانو لالآندنەوەو ، بەرۆكیم گرت وپێم وت: بەلگەم هەیەو ناتوانی حاشا بكەیت ، گیانم با بۆ تۆ بێ ، بەلآم دڵەكەم بدەرەوە.

[٩] لێرەدا ئەوە دەگەیەنێ وەك دزیی لەم كردووە ، هەروەاش چۆتە سەر ماڵی یارانی ترو دزیشی لەوان كردووە. بەلآم لەماڵی مەولەویدا گیانو دڵی دیزوەو ، لەماڵی یارانیدا شتی تر، بەم بەیتە لای (م) قەصیدەكە تەواوبوو . لای (ك) پارچەی دواوەشی لەسەرە.

[١] لای (م) ئەم قەصیدەیە سەربەخۆیەو ، نەینوسیوە بۆ كێیە، بەلآم لای (ك) وەك وترا بەشێكە لەپارچەی پێشوو ، وەهەروەها ئەمیش نەینووسیوە بۆ كێیە ، بەلآم لای (م) پارچەی پێشوو بۆ شێخی (ضیاء الدین)ە.

[٢] ((تورك تەڕ)) : مەبەس توولی تەڕە ، واتە خەلقی تازەپێگەیشتوو.

درووس کەر ئەو هەر شێوەی بوڵبوڵێ
بنیەش نە سەر شاخ چڵێ یا گوڵێ[٣]

لەقوڕەی ساز کەشێوەی بولبولێ
بیخە سەر لقی چڵێ، یا گوڵێ[٣]

**هەورامی ( ١٠٦ )**

بەڵکم ئەو صەییاد جە ناکاو جارێ
بویەرۆ پەی گشت سەیر شکاوێ
نەچیر گای وێشەن وەپارێز کەم کەم
بەئەدەن مدیۆ مەکەرۆش وەچەم
خەدەنگی هەنی هەوا دەرۆ وە
پەرێ مەرگێو تەر ئیحیام کەرۆ وە
هەر ساتێ سەد جار بەو تیر ئەوتەرکەش
زیندەگیو مەردەن ئامان وەشەن وەش

**سۆرانی ( ١٠٦ )**

بەڵکو ئەو ڕاوکەر کتوپڕ جارێ
بڕوا بۆ گەشتێ، سەیرێ ، شکارێ
نێچیرگەی خۆیە ، بە پارێز کەم کەم
دەڕوا ، بەئەدە دەیبینی بێخەم
بەڵکو تیرێ تر زوو هەڵداتەوە
بۆ مەرگێکی تر زیندووم کاتەوە
خۆشە هەردەم تەن بە تیر کون کون کەی
ئاوا تمە ژین و مەرگی پەیا پەی

**هەورامی ( ١٠٧ )[١]**

ئاوەری وەدڵ: ماوەروو ئەدڵ:
من جە مەیل تۆ لادێ بوو غافڵ
وە دیدەی مەخموور شیرین تەرز تۆ
وە ئەشئەی شێوەی بالآی بەرز تۆ
نەشێخ ، نەمەڵلآ نەقازیی ڕووی شەرع
نەسۆفی و عابید ئەهل تەقواو وەرع
نیەیەن داخ تۆش نە بۆ ئەتۆی دڵ
موشکوڵەن ئازیز! جەمین پەڕەی گوڵ
وەتیر تانەی ڕەقیب دڵ سەنگ

**سۆرانی( ١٠٧ )[١]**

ئەی هێنێتە دڵ: چیم هێنایە دڵ:
من لەمەیلی تۆ ساتی بم غافڵ
بەدیدەی مەستی شیرین تەرزی تۆ
بەئەشئەی شێوەی بالآی بەرزی تۆ
نەشێخ ، نەمەلا ، نەقازیی ڕووی شەرع
نەصۆفی و عابی ، دەستەی تەقواو وەرع
نییە داخی تۆی نەچووبێتە دڵ
زەحمەتە ئازیز! ڕوومەت پەڕەی گوڵ!
بەتیری تانەی بەدکاری دڵ سەنگ

---

(٣)

[١] ((وادیارە مەولەوی لەگەڵ شێخی (ضیاء الدین) یەتی کەگوایە مەولەوی ساردە بەرامبەری ...م)).
بەم چەند قەصیدەیە ماوەیەك لەگەڵ (سراج الدین) و دوو کوڕەکەیدا بهاءالدین (١٢٥٨ ـ ١٢٩٨، ك) و (ضیاء الدین) (١٢٥٥ـ ١٣١٨ ك ) کاتمان بردە سەر خوای گەورە بەگەورەترین پاداش پاداشیان بداتەوە( قدس الله اسرارهم العلیه).

بینایی دیدەم! خاتر مەکەر تەنگ
ئاریٚ واجبەن ئانەی بەجکاران
پەی گەرمیی بازارِ عەشق دڵداران
نسیو هەر کەس موبتەلای یارەن
زۆرلانەی زنجیر ، قەتلٚ سیٚدارەن

بینایی دیدەم خاتر مەکە تەنگ
بەلٚیٚ پیٚویستە ئانەی بەدکاران
بۆ سەودای گەرمیی عەشقی دڵداران
هەرکەسیٚ بەشی : گیرۆدەی یارە
هەلٚقەی زنجیرەو قەتلی سیٚدارە

هەورامی ( ۱۰۸ )[۱]

پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە
( صنم ) پەرست نیم ( صمد ) ئاسەنان
دووی کوورەی دەروون شیوەن ڕاسەنان [۲]
ساقی ! ، مەی ، هەیداد، ( مغنی ) !، چەنگیٚ
نەی چی !، های فەریاد، ( مطرب ) !، ئاهەنگیٚ
گەرمی مەی ، نەواو کزەی دەفو نەی
تیٚکەلٚ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی
واچدیٚ: چ وادەی نیشنگەی تەنگەن ؟
یاران چەمەڕا برا! درەنگەن
گردین ئەدارەك بەغداشان جەمەن
وادەی زیارەت ( غوث الأعظم )ەن[۲]

سۆرانی ( ۱۰۸ )[۱]

مار پێی شادیمی دیسان گەستەوە
ژاری کاسەی چاو پەترۆی بەستەوە
( صنم ) ناپەرسم ( صمد ) ناسم من
دلٚ پڕ دووکەلٚو شیوەن ڕاسم من [۲]
ساقی !مەی ، هەی داد ( مغنی ) ! چەنگیٚ
نەیچی ! هاوارم ( مطرب ) !ئاهەنگی
گەرمی مەی ، نەواو کزەی دەفو نەی
تیٚکەلٚ بن لەگەلٚ شیوەنی وەی وەی
بیٚژن : چ وادەی نیشنگەی تەنگە ؟
یاران چاوەڕیٚن برا " درەنگە
هەموو بۆ بەغدا ئامادەو جەمە
وادەی سەردانی غەوسول ئەعزەمە [۲]

---

[۱] بۆ شێخ ڕەسوولی سۆلٚ یی نووسراوە کەباپیرە گەورەی بەڕێز سەیید تاهیری هاشیمی کوڕی پایە بەرزو هەڵکەوتووی ڕۆژگار سەیید دەولەتی (دەولەت ئاوا) یە کەبەنەژاد لەشێخانی سۆڵەی قەرەداغە. (شێخ عبدالصمد)ی کوڕی ناوبراو لەکاتێکدا خەریکی ژن هێنان دەبیٚ مار ئەیگەزیٚو لەدنیا دەر دەچیٚو بەئاوات ناگات.

[۲] ئەم بەیتە لە(پ) دا نییە ، واتە: من بتپەرست نیم و خواپەرستم (صمد): خوای گەورە، (عبدالصمد)، واتە: هەر لەبەر ئەو خوایەیە کەدووکەڵی کوورەی دەروونمو شیوەنم ڕاستە ، چونکە ئەم (عبدالصمد)ە سێبەری خوای گەورەبوو، سەنەدو پاڵپشتی ئایین بوو.

[۳] دەروێش و صۆفی کۆمەلٚ کۆمەلٚ دەچوون بۆ زیارەتی عبدالقادری گەیلانی لەشاری بەغدا.

**هەورامی ( ١٠٩ )**

بێ تۆ بەو خشووع دەس وەدۆعاوە
کێ گەردەن کەچ بۆ ئەو بارەگاوە ؟
دەخیل جەماعەت بێئیمامەتەن
ئیمامەت ماتەم وەبێ قامەتەن
گۆشەی تای هیندی مەندیل بێگەرد
مایل کەر ئەولای سای گەردەن زەرد [٤]
قیام دەر وە بەژن ئەو قەدو قامەت
( قیامەت ) ( قام ) دەر پەرێ ( قد قامت ) [٥]
هام دەردان پەی بەزم شادی جەم بیەن
چ خەیرەن؟ سەدای کار خەیر نییەن !؟
مەیلت چەنیمان یەکجاری سەردەن ،
یا دووربا زامان مار کار لێت کەردەن؟
ڕۆ پەرێ ئەو مەیل ڕای خوداییت ، ڕۆ!
ڕۆ پەی وەفاو شەرت ئاشناییت ، ڕۆ!
ڕۆ پەی ئیش سەخت مار گەستەی کاریت !
ڕۆ پەی دەرد سەر کەس نادیاریت [٦]

**هەورامی ( ١١٠ )**

ئەی تۆ کام ئەدیت جە عەرووس نۆ
تا عەرووس خاك پەشتان بی وەتۆ
جەی خار دندان ژار ئاوردەی مار
خاتر ئازك وێت مەدەر ئازار
تۆ ئەو گوڵ باغ ( مصطفوی ) بی

**سۆرانی ( ١٠٩ )**

بێ تۆ بەو ترسە دەس بە دۆعاوە
کێ گەردن کەچ کا لەو بارەگاوە ؟
دەخیل جەماعەت بێ ئیمامەتە
ئیمامەت ماتەم بەبێ قامەتە
گۆشەی تای هیندی مەندیلی بێگەرد
خوار کەبەرەو لای سای گەردنی زەرد [٤]
بەهێز کەبەژنی ئەو قەدو قامەت
قیامەت ساز کە لەگەڵ ( قد قامت ) [٥]
جەمن بۆ شایی هاودەردانی دێر
چ خێرە نییە سەدای کاری خێر ؟
مەیلت لەگەڵمان ساردە دیارە
یادوور بێجەستەت زاماری مارە؟
ڕۆ بۆ مەیلەکەی ڕێی خوداییت ڕۆ
ڕۆ بۆ ئەو وەفای ڕێی ئاشناییت ڕۆ
ڕۆ بۆ سوێی زامی مار گەستەی کاریت
ڕۆ بۆ دەردەکەی کەس نادیاریت

**سۆرانی ( ١١٠ )**

ئەی تۆی خێر ئەدیو ! لە ئەویووکی نۆ
تاکو بووکی خاك شادمان بە تۆ
بەدرکی دانی ژاری گەستەی مار
دڵە ئاسکەکەت هیچ مەدە ئازار
تۆ گوڵی تازەی باخی ئەبی بووی

---

[٤] تا : تاڵ ، ڕیشووی مێزەر ، هیندی: : قوماشێکی تەنکی ئاسکبوو لەهیندستانەوە دەهات.

[٥] واتە: لەگەڵ (قد قامت الصلاە) دا ڕۆژی قیامەت بسازێنە.

[٦] بەبۆچوونی من وشەی (دەردەسەر) (دەردسر) بێ جوان و ترو گەڵ گونجاوترە.

گەنج خەزانەی ( مرتضوی )بی
گوڵ عادەتشەن بێ خار نمە بۆ
گەنج رمویەشەن بێمار نمە بۆ (٧)
غەریبیت زیاد نەشەهادەت بی
شەهادەت هەم دەم وەسەیادەت بی
ئەی ( ڕەسوول ) نارۆ شەوقش پەروازدا
وەنازو ئیعزاز کار تۆ سازدا (٨)
ڕجام هەن فەردا ئەو گەردەلوول دا
بویەری نە ژێر سایەی ئەو (( ڕەسووڵ )) دا(٩)

گە نجی خەزێنەی عەلی وەلی بووی
شێوەی گوڵ وایە بەبێخار نابێ
ڕەویەی گە نجیشە بەبێمار نابێ (٧)
غەریبیت هاتە پاڵی شەهادەت
شەهیدیت جووتی بەرزیی سیادەت
ئەم ڕەسووڵ ئەم ڕۆ بەخۆشەویستی
بەنازو بەرێزکاری ڕێ خستی (٨)
تکایە سبەی لەو گەردەلوولدا
تێپەڕکەی لەژێر سای ئەو ڕەسووڵدا (٩)

**هەورامی ( ١١١ )(١)**

ڕۆشنیی دیدەم! ، سەرمایەی ژینم!
مەزەی! بەزم کەیف دڵەی خەمینم !(٢)
سا کە من بێ تۆ ئەسپەردەم ئەروا
سەر ئەنیام ئەسای ئەڵحەد بێ پەروا
چۆن وا چوون وەفام ها نە تۆی دڵدا ؟

**سۆرانی ( ١١١ )(١)**

ڕۆشنایی دیدەم! ، سەرمایەی ژینم !
مەزەی ! ئاهەنگی دڵەی خەمینم (٢)
کەمن بەبێ تۆ کپم نەکرد دەنگ
سەرم ئەنایە ژێر گۆڕیچەی تەنگ
چۆن بڵێم وەفام وا لەتۆیی دڵدا ؟

---

(٧) (م): گوڵ عادتشەن .(ف) : رەویەی گەنج ئێدەن.
(ف) : ئەحمەد پریسی کەئەم بەیتەی بەر گوێ دەکەوێ. خێرا بەیتەکە بەم شێوەیە دەگۆڕێ:
ئەو نە و ئەو مارە هەر مار غار بی
پەی پا بۆس پاش نە ئینتیزار بی

(٧،٨) ڕەسووڵی یەکەم : باوکی (شێخ عبدالصمد)ی ناوبراو ، ڕەسووڵی دووەم ، پێغەمبەر(ع).

(١) بەبۆنەی مردنی منداڵێکی محەمەد ناوەوە وتراوە، لەوانەیە کوڕی خۆی بووبێ.

(٢) واتە: ئەی ڕۆشنایی دیدەم ، سەرمایەی ژینم ! ، ئەی مەزەی بەزمی بادەی کەیف ئاهەنگی دڵەی خەفەتبارم !

وەفام هەم جەرگم بدەن وەچڵدا
تاقیق من جە سەنگ سەرسەختیم بالاَن
مەزرەعەی خاریج ئینسانیم کالاَن [2]
وەرنە من وەی تەور کێشام سزاو دەرد
ئەگەر سەنگ بیا مەکەردش وەگەرد
دەك ئەجەل وە دام هیجران بەستە بۆ
سەرتا پاش وە ئێش زامان خەستە بۆ
پێم نەنۆشا مەی پیاڵەی مەردەن
ئیسە من سەرژان ، دڵ سەردان کەردن

وەفاو هەم جەرگم بدەن بە چڵدا
دڵ ڕەقتر لەبەرد منم لەخێڵا
کێڵگەی ئەودیوی ئینسانیم کێڵا[2]
ئەینا من ئاوا کێشام سزاو دەرد
بەردیش بوومایە دەیکردم بەگەرد
بەداوی دووری ئەجەل بەستەبێ
بەدەردی زامان هەر لەش خەستەبێ
پێمی نەنۆشا پیاڵەی مەرگی مەی
من و دڵ ساردیو ژانەسەر تاکەی ؟

**هەورامی (١١٢)**[1]

سەردار زومرەی مصیبەت کێشان !
فەرمان فەرمای موڵك دەروون پڕ ئێشان[2]
بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان !
زام ناسۆر کەفتەی دەروون پڕ زامان ![3]
پەردەی دڵ وەنێش مەودای خەم پارە !
چار نەبردەی دەرد دڵەی بێچارە !
وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوەست چون تاو ئەوەڵ بەهاران

**سۆرانی (١١٢)**[1]

سەرداری دەستەی موسیبەت کێشان !
فەرماندەی موڵکی دەروون پڕ ئێشان !
بادەی خەم نۆشی مەرگی ناکامان !
زەردەی ناسۆری دەروون پڕ زامان !
پەردەی دڵ بەسوێی تیغی خەم پارە !
بێ دەوای دەردی! دڵەی بێچارە ![4]
کەسەیلی چاوی دەروون پڕ خاران
جۆشا وەك تاوی دەمی بەهاران[5]

---

(٢) ئەگەر لەبەرد دڵ ڕەقتر نەبوومایە . وە یا کێڵگەی ئەودیوی مرۆڤایەتیم نەکێلاێی چۆن دوای تۆ ساتێ دەژیام ؟.

[1] ((بۆ زانایەك کەکوڕێکی زانای بەگەنجی دەمرێ )).

[2] (م): مصیبەت.(پ) فەلاکەت . فەرمان فەرما: حوکمڕان.

[3] واتە: ئەی کەسێ کەبادەی خەمی مەرگی کوڕی بەئاوات نەگەیشتووت هەڵداوەو ، تۆش وەك کۆمەڵی دەروون زامداران زام بەناسۆر کەوتوو!.

[4] مەودا: مەبەست پێی دەمی تیغی تیژە .(م) : چار نەبردەی .(ف) عیلاج نەکەردە.(م) بێچارە (پ) : سەد پارە.

[5,6] (م): مەوەست .(ف) : مەوەرد.(هەم) بەمانا: خەم . یا دیسان .وەی: ئاخ و ئۆف.

بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران
هەم ، وەی ، تەم مەوست ئەو رووی ستاران
بۆ پرووز جەرگ قرچەی پارچەی دڵ
بۆی هوون جۆیشیای دەروون پڕ چڵ

کەبابی جەرگم کزەی وەك جاران
لەگەڵ وەی ، تەمی کەوتە کۆساران
بۆ پرووزی جەرگ قرچەی پارچەی دڵ
بۆی جۆشی خوێنی دمروونی پڕچڵ

**هەورامی ( ١١٣ )**

ئێد چون تۆف سەخت تەم وست ئەو کووان
ئەو وێنەی لافاو بالأی تۆ رەوان [٧]
هەناسەی سیای سەرد دڵسۆزی
بەرد مدا وەبەرد ( برد العجوز)ی [٨]
یانێ: نامەکەی خەم ئیشا کەردە
مەرقووم قەڵەم وە خەم شەق وەردە
شۆڵەدا وەگر شەرارەی نارم
دەمیاو جۆش دا دڵەی خەمبارم
من وەر جە ئامای نامەی زگاریت
زورتەر جە خەبەر کۆس دیاریت
خاترم چەند ڕۆ خەستەی خەمان بی
چەمانم چون تاف ساف چەمان بی
جە ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی
شادیم شێویا ، شینم سەد تەرز بی
شەمع شام شووم ماتەم هۆر گرِیا

**سۆرانی ( ١١٣ )**

ئەم وەك سەختی تۆف دای لەسەر کاوان
ئەو وێنەی سەیلی بالأی تۆرەوان [٧]
هەناسەی ڕەشی ساردی دڵسۆزی
بورجی ( پیرێژن ) شکا پێی پۆزی [٨]
یەعنی : نامەکەی خەم ئنشا کردوو
نووسراوی خامەی ، بەخەم شەق بردوو
جۆشانی گڕەی شەرارەی نارم
دەماندی‌و، جۆشا دڵەی خەمبارم
من لە پێش هانای نامەی ئەوگاریت
بەر لەهەواڵی کۆستی دیاریت
دەمێ بوو دڵم خەستەی خەمان بوو
چاوك وەك تافی سافی چەمان بوو
بەنامەکەت من زایەڵم بەرزبوو
شێوا شادیم‌و شینم سەد تەرز بوو
شەمی شەوی شووم ماتەم هەڵگرِا

---

[٧] دوو وشەی (ئێد ـ ئەم)و (ئەو) بەبۆچوونی من ئیشارەتن بۆ دوو بەیتی چوارەم‌و پێنجەم ، نەك بۆ بەیتی شەشەم ، بەوردی سەیری بکەو بەسەرپێیی بەسەریاندا مەڕۆ ، لەگۆڕینەکەدا ئەم دوو وشەیە ئاڵوگۆڕیان پێکراوەو خراونەتە شوێنی یەکتری، واتە: ئیشارەتن بۆ دوو نیوەی بەیتی شەشەم " (ئەو) بۆیەکەم‌و (ئەم) بۆ دووەم ، بەلأم ڕای یەکەمیان گونجاوترە

(

[٨] (ف) سەردی. (م) : سەرد .دڵسۆزی: دڵی سووتاو .(بەرد) یەکەم: سەنگ‌و بەرد. (بەرد)ی دووەم : سەرما ، وشەکە عەرەبییە .(برد العجوز): سەرمای پیرێ ژن ، کە حەوت ڕۆژی دوایی وەرزی زستانە.

تای تەل سەمتوور شادیو زەوق بڕیا [٩]

**هەورامی ( ١١٤ )**

شای شادیم شکیا ، سوپای خەم جەم بی
بەیداخ دەماخ شێوەی ماتەم بی
دەخیل بیم وە نوتق خەمان لاڵ کەردەم
لالاًم جە خەیاڵ خەم غارەت بەردەم [١٠]
نامەرد!، یەوادەی شێن بێ شۆمەن
هیچ کۆسم نیەن ، یەکۆس نۆمەن
سادەی هەی پەی کەی ؟ هەر یەك جەلاێ
باوەرین ئەو ساز شیوەن سەداێ
خەیاڵ: غەمگین بی ، نوتق ئاما وە دەنگ
نێد موات وە سۆز زایەڵەی سەد ڕەنگ :
ناکام ئەییام کامەرانیم ڕۆ
شاب ئەومردەی باغ ئەوجوانیم ڕۆ
شاب شێخ عەشق یەکتای فەردم ڕۆ
وەناکام مەردەی دڵ پڕ دەردم ڕۆ

**هەورامی ( ١١٥ )**

کەنگەرەی ئەیوان کاخ دینم ڕۆ
تورەی لای تەلاًی ڕای یەقینم ڕۆ [١٤]

تەلی سەمتووری شادیو زەوق بڕا [٩]

**سۆرانی ( ١١٤ )**

شکا شای شادیم سوپای خەم جەم بوو
بەیداخی دەماخ شێوەی: ماتەم بوو
ڕووم نا لە ( نطق ) ی خەمان لاڵ کردوو
هانام بۆ ( خەیاڵ ) خەم تالاًن بردوو
نامەرد! ئیستە من کاتی ڕۆ ڕۆمە
هیچ کۆسم نییە ، وا کۆستی ئۆمە [١١]
سادەی هەی! بۆکەی؟ هەریەك لەلاێ
بسازێنین با : شیوەن سەداێ
( خەیاڵ ) خەم گرتی ، ( نطق ) م هاتە دەنگ
دەیگوت بەسۆزی زایەڵەی سەد ڕەنگ :[١٢]
ناکامی ژینی کامەرانیم ڕۆ
نەخواردووی بەری باخی جوانیم ڕۆ
لاو پیری عەشقی تەنیای فەردم ڕۆ
بەناکام مردووی دڵ پڕ دەردم ڕۆ [١٣]

**سۆرانی ( ١١٥ )**

تاقی هەیوانی کۆشکی دینم ڕۆ
تورەی سەرلیرەی ڕێی یەقینم ڕۆ [١٤]

---

[٩] لەشوێنی شتنی مردوودا بۆ ماوەی سێ شەو چرایەك دەسووتا.

[١٠] لەئەنجامی ئەم هەواڵە دڵ تەزێنەدا هانام بردە بەر نوگق لێی پاڕامەوە ، وەزۆر دەستە دامێنی خەیاڵبووم ، هیچیان بەدەنگمەوە نەهاتن ، چونکە لەلایەن سوپای خەمەوە کپو لاڵ بووبوو ، دووەمیان بەتالاًن برابوو.

[١١] ڕوودەکاتە نوطق و خەیاڵ.

[١٢] خەیاڵ خەم گرتیو بێدەنگبوو ، بەلاًم نوطق بەسوزەوە ئەم بەیتانەی خوارەوەی دەوت.

[١٣] ((شاب . شێخ)) : (لاو . پیر) واتا بەتەمەن گەنجو بەعەقڵ پیر.

[١٤] کەنگەرە: لای سەروو ، (طرە . تورە) : مۆری سولتانی.

حەللال عوقدەی ڕاگەی شەرعم ڕۆ
ڕەهنومای تەریق جادەی وەرعم ڕۆ
کێ نە تەفاسیر قورئان بدۆ دەم
کێ بۆ ئەحادیس ڕەسوول کەرۆ جەم ؟
کێ وە( صرف )و ( نحو ) خاتر کەرۆ مەحو ؟
کێ وادەی تاعەت دەم بدۆ نە( صحو )[*]
هەنی کێ ( ئاداب ) وە ئاداب وانۆ؟
کێعیلم ( منطق ) جە ( منطق ) زانۆ؟ [15]
( مطول ) پەی کێ تووڵ دۆ عیبارەت
یا ( مختصر ) بۆ وەی بێئیشارەت [16]
کێ وە قووەی عیلم زەکای حەق بینی
دەم بدۆ نە( کونە ) عیلم ( چەقمینی )؟
**هەورامی ( ١١٦ )**
فەقێ بێ تەدریس ، مەدرەسە بێ زەوق
مزگی بێ ئیمان ، جەماعەت بێ شەوق

گرێ کەرەوەی ڕێگەی شەرعم ڕۆ
ڕا نمای ڕێگەی دەشتی وەرعم ڕۆ
کێ لەتەفسیری قورئان بدا دەم ؟
کێ بێ فەرموودەی ڕەسوول بکا جەم ؟
کێمانای سەرف و نەحو کا حاصڵ ؟
کێوادەی تاعەت هوشیار بێ بەدڵ ؟
ئەدەب بە ( اداب ) کێ بی ڕەنگینێ؟
( مطول ) بۆ کێ ؟ تووڵ دا عیبارەت
با ( مختصر ) بێ بەبێ ئیشارەت [16]
کێ بێ؟ بەهێزی زەکای حەق بینی
بدوێ لەکونەی عیلمی ( چەقمینی )
**سۆرانی ( ١١٦ )**
فەقێ بێ دەرزە ، مەدرەسە بێ زەوق
میحراب بێ ئیمام جەماعەت بێ شەوق

---

[*] ئەم بەیتە لەنگییەکی تیا بەدی دەکرێت ، وەك ناتەواو بێ وایە ، هەموو دەست نووسەکانیش هەر بەم شێوەیە نووسراونەتەوە ، لەوانەیە ئاوابێ:
کێ بە(صرف)، (نحو) خاتر کا مەحو
کێ وادەی تاعەت دەم دۆنە (صحو)

[16] ((مطول) و(مختصر) لەعیلمی بەیان ..دەدوێن ، یەکەمیان درێژودوومیان کورت ، دانراوی مەلا سەعدی . تەفتا زانین (١٣١٢ . ١٣٨٩ز) لەخۆراسان لەدایکبووەو لە)سەمەرقەند) کۆچی دوایی کردووە ، هەڵکەوتووی ڕۆژگارانی سەردەمی خۆی بووە ، لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا کتێبیی داناوەو ، سەدان ساڵە لەحوجرەکاندا وەکو بەرنامە بەدەرس خوێندراوە ، ئەڵێن ڕۆژێ منداڵێکی لەلایەن دایکیەوە دێ بۆ حوجرە بۆ لای مەلا سەعدی باوکی پێی ئەڵێ: ((بابا ، ئارد نیست)) ، واتە: باوکە! ئاردمان نییە بیکەین بەنان ، ئەویش هەر لەوکاتەدا ئەڵێ: انسانی العلم ، بابا ئەرد نیست ، واتە (بابا ئارد نیست عیلمی لەبیربردمەوە هەزاران ڕەحمەت لەگۆڕی بێگەردی.

عالمان بێ فکر ، شاعیران ماتەم
ئازك خەیاڵان غەرق دەریای خەم
میرزام ! چون بێ وەخت وەناکام دڵ
وەرجە من تەشریف بەردی وە تۆی گڵ
شاد بی وە حووران خاسەی جینانی
ئەمەننای ویت بی لەقای سوبحانی
مەنزڵ موبارەك ، بێ هەمتات یار بۆ
شەفا خوات ڕەسووڵ خاسەی موختار بۆ
بێ زەحمەت جەهەوڵ مەحشەر ئازاد بی
وە لوتف ئیزەد ڕەحمانی شاد بی [17]
**هەورامی ( ۱۱۷ )** [1]

زانایان بێ بیر، شاعیران ماتەم
ئاسك خەیاڵان نوقمی دەریای خەم
میرزام! بێ وادە بەناکامی دڵ
بەر لەمن مردن بردیتیە توێی گڵ
شاد بی بەوەسڵی حۆری جینانی
هەر ئاواتت بوو لەقای سوبحانی
وارگەت پیرۆزو یەزدانت یاربێ
تکا خوات ڕەسووڵ ( خاصە )ی موختار بێ
بێخەم لەترسی مەحشەر ئازادبی
بەلوتف و لەقای یەزدانی شادبی [17]
**سۆرانی ( ۱۱۷ )** [1]

---

[17] کەس نازانێ کسە       پەو ئێشیوکوڕ مردن چۆنەو چ ئاگرێك لەدڵو دەرووندا بەرپا ئەکا ؟ مەگەر ئەو کەسە بەچاو بی بینێو کزەی هەنسکی بەدەمی گیانەڵایەوە بچێ بەگوزێیدا ، چونکە من خۆم کوڕ مردنم بەخۆمەوە دیوە ، ئەزانم ئەو گڕو دووکەڵە چۆن پەدائەبێو قەفی شاڵاوو بڵێسەی تا کوێ ئەکشێ و بۆ کوێ سەر ئەکەوێ .

لەڕۆژی ۹/۸/۱۹۸۰ ز دا شۆڕشی کوڕی جوانەمەرگم بە گوللەی وێڵو بەناکامی دڵ تێی تەقان و ڕێگای عەدەمی گرتەبەر.

خوایە ! بەبەهەشتی بەرینت شادمانی بکەیت.

[1] بەبۆنەی کوشتنی ((قادر)) بەگی ((کەیخسرەوە))بەگی جافەوە ، هۆی کوشتنەکەی : قادر بەگ لەودەمەدا سەرۆکی هۆزی گەورەی عیلی جاف و ماڵەکەشی لەدێی (بیاوێ)ی نزیك بە (شەك مەیدان) بووە کەئێستا گۆمی دەربەندیخان دایپۆشیوە ، بەڕێکەوت لەم سەردەمەدا دووتیرەی سەرەکیی عێلی جاف (قادر میر وەیسی تاییشەیی) لەیەکتری ئاڵۆز دەبن و ، تەق و تۆق لەنێوانیاندا پەیدادەبێ ، قادر بەگیش کەحەزی لەئاساییش و ئارامی کردووە بۆ کوژاندنەوەی ئەو هەرایەو خوێن ئەڕشتن لەگەڵ چەند سوارێکدا بەبێ ئەوەی دوو تیرەکە ئاگاداربکا، هەر بەو ئومێدەوە کەشەرم بیانگرێو جەنگە خوێناوی یەکە بوەستێنن ، دەچێ لەناوەڕاستی هەردوو لایاندا دەوەستێ ، لەهەردوو تیرەکەش وایە ئەمانە سەر بەدوژمنن ، لەهەردوولاوە دەست ڕێژیان لێدەکەن و، لەئەنجامدا قادر بەگ شەهید دەبێ ، بەم ڕووداوە هەراکە نامێنێ ، پێش ئەوەی گیانی پاکی لەلەشی دەربچێت پێیان دەڵێ: تکاتان لێدەکەم لێرە مەمێننەوە، بەپەلە بڕۆن بۆ ئێران ، ئەوەك هۆزی گەورەی جاف بەناوی تۆڵە ساندنەوە بدەن بەسەرتاندا و

لوای بینایی دیدەی درویشان
ئاسان کەرد جەلام موسیبەت کێشان [٢]
خەم خەفەت ، مەینەت ، هەناسان سەرد
هەرکام مەیۆ ، بۆ ، سەفاییش ئاوەرد
ئەر کەفتەو مەحشەر دین جەماڵت
وەر نمە دۆ دڵ دا منەی خەیاڵت [٣]
تا پەیدایی تۆن دەور بی سەفەرەن
سەفەر بێ لەشکر ، لەشکر بێسەرەن [٤]

کۆچی بینایی دیدەی هەژاران
لای ئاسان کردم خەم و پەژاران [٢]
خەم ، خەفەت ، مەینەت ، ئازارو ئالام
کامیان دێن ؟ بابێن صەفا بەخشن لام
گەر کەوتە مەحشەر بینینی جەماڵ
دڵ هەر بەرنادا داوێنی خەیاڵ [٣]
نادیاریی تۆیە دەور بێ سەفەرە
سەفەر بێ لەشکر لەشکر بێسەرە [٤]

**هەورامی ( ١١٨ )**

مەیدان نەدیدەی سوپایی تارەن
شۆڵەی تاس کەلاو تۆ نە پێوارەن
تا فەڵەك مەودای نەی تۆ شاردەوە
داوودی ڕەواج پەیدا کەردەوە [٥]

**سۆرانی ( ١١٨ )**

مەیدان لەدیدەی سوپاکەت تارە
( تاس کلاو ) مکەت تیشکی نەدیارە
تاگەردوون مەودای ڕمی تۆی لابرد
زرێی داوودی باوکی پەیداکرد

---

قەلاچۆتان بکەن ، دوای ئەم ئامۆژگارە مرۆڤایەتیەی ، ڕۆحی پاکی بەهەشت شاد دەبێ ، ئەم ڕووداوە لەبەڕێز عەلی بەگی حسەین بەگی جاف وەرگیرا.

[٢] واتە: کۆچ کردن و مردنی بینایی چاوی هەژاران هەموو خەم و پەژارەیەکی ترمی لەبیر بردەوە .

[٣] (ك) و (ف) : ئەم بەیتە لەزۆربەی دەستنووسەکانی نییە(ف) : (لەڕووی ماناوە ئەم بەیتە بۆ ئەم شوێنە دەست نادا) بەبۆچوونی من بۆ ئەم شوێنە دەگونجێ.

لای (ف) و (ك) نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ئاوایە :
تا پەیدایی تۆن دەور بێ سەفەرەن .
وە لە(م)دا: ئاوا نووسراوە:
تا پەیدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن
دوو وشەی (تۆن ـ دەور)و (تەوەن ـ دوور) بەئیملای کۆن بەم شێوەیە نووسراون: (تون ـ دور) لێرەدا بەتەنیا سەلیقە دەور دەبینێ.

تا( شێر بەیداخ ) تۆ ئاما وە بەر
ئەگۆشەی بێشەی ئەی فەوج لەشکەر
دلێران ( یا شێر ئامان ) موانان.
شێران وێنەی شێر بەیداخ منمانان
ئیسە عام کەردەن مەرگت دلێری
( شێر بەیداخان ) منمانان شێری
وەهار ئەوگولان ئەتۆی خاك بەر كەرد
جە بەدبەخیی من تۆ وەتۆی خاك بەرد
وادەی خاو نیەن ، وادەی شکارەن
دەشتەکەی پای هەرد( شاکەل ) دیارەن

کە( شێر ئالآی ) تۆ ئەهاتە دەر
لەبێشەی ڕمی تیپی جەنگاوەر (٦)
دلێران ( یاشێر ! ئامان ) ئەخوێنن
شێران وەك ( شێری ئالا ) ئەنوێنن
بەمەرگت ئێستا دنیا دلێرە
( شێری ئالا ) یان لەلا وەك شێرە
بەهار گوڵاڵەی لەخاکا دەرکرد
لەبەدبەختیی من تۆی بەخاکا برد
وەختی خەو نییە وادەی شکارە
دەشتی پێی هەردی ( شاکەل ) دیارە

هەورامی ( ١١٩ )

بەو هیلال ئاڵ کومەیت خۆش دەو

سۆرانی ( ١١٩ )

هیلالی ئاڵی ئەسپت ئەسرەوێ

---

(٥) ئەی: قامیش ، مەبەست پێی ڕمی جەنگاوەرەکانە، زرێی داوودی : زرێی داووی پێغەمبەر(د.خ) کەلەجەنگدا بەکار دەهێنرا ، شیرو تیرکاری لەلەش نەدەکرد، واتە : ئەم زرییە ، هەرچەند قایم و پتەوبوو، بەرامبەر بەشیرو تیری قادر بەگ بایەخی نەبوو، بەلآم بەنەمانی ئەم زرێی داوودی ڕەواجی پەیداکردەوە .

(٦-١٠) بۆ ئەوەی لەمەعنای ئەم بەیتانە بگەین دەبێ ئەم دووخاڵە بزانین : (١) جافەکان ئالآی جەنگییان شێرێکی پێوەبووە.(٢) شاعیر لەشکەرەکەی ، لەزۆریی ژمارەیاندا چواندوونی بە قامیشستانەوە ، کەشێر تیایدا لانەدەگرێ ، وەقادر بەگ لەناویاندا شێرەکەیە.

واتە: قادر بەگ کەلەناو پریی لەشکرەکەیدا دەرکەوت ، دلێران و جەنگاوەرانی دوژمنی لەترساندا دیان وت: ((یا شێر ئامان)) ، شێران لای قادر بەگ وەك شێری بێ ڕۆحی سەر

ئالآکەی دەکەوتە بەرچاو ، وەشێری بێگیانی سەر بەیداخەکەی وەکو شێری ڕاستەقینەی گیان لەبەر لای دوژمن دەینواند.

مانگ شادیو زەوق هەردان بکەر نەو [11]
حەلق جەیرانان تەشنەگیی بێشۆن
ئینتیزار ئاو ساف تیغ تۆن
تاریك بی شەوگار شەو زیندەداران
گیریا تەمامی بەدر ڕۆخساران [12]
شێویا یانەی دەروون پڕ خاران
کنیا دەستەی زولف شیرین نیگاران
سیامالْ ماتەم ، سەرکۆمار دڵتەنگ
عەمەلە پەشێو ، مەدرەسە بێدەنگ
هیچ دیار نییەن کەست جەویر بۆ
مشیۆ گەرمیان خاکش دڵگیر بۆ
هەر ساڵێ چەند وەخت سەر هەرد لەیلاخ
وەبۆی هام دەمیت دەماخ مەکەرد چاخ
دڵەی گەرمیان نەو چەند وەختەدا
مەسۆچیا وەجۆش دووریی سەختەدا

مانگی شادمانیی هەردان دەرکەوێ
گەرووی غەزالان زۆر تینوویانە
چاوەڕێی ئاوی تیغی تۆیانە
تار بوو شەوگاری شەوی بێداران
گیراوە تەواو بەدری ڕوخساران [12]
تێکشکا لانەی دەروون پڕ خاران
بنکەن بوو زوڵفی شیرین نیگاران
ڕەشماڵان ماتەم سەرکۆمار دڵتەنگ
ڕەش و رووت پەشێو مەدرەسە بێدەنگ [13]
هیچ دەرناکەوێ کەست لەبیر بێ
ئەشێ گەرمیان خاکی دڵگیر بێ [14]
ساڵی چەند جارێ سەر هەردی ئێلاخ
بۆی هاودەمیی تۆی ئەدا لەدەماخ
دڵەی گەرمیان لەو چەن وەختدا
دەسووتا بەحاڵ دووریی سەختدا

**هەورامی ( ١٢٠ )**

ئاخر گەرمیان سارێش کەرد زامت
بی وەهام دەمت تا ڕۆی قیامەت
دەرد گەرمیان وە ئێلاخ یاوا
گەرمیان وەحاڵ ئێلاخ دڵ تاوا
مەرگ بێوادەت عەجەب ڕەنگێ ڕەشت

**سۆرانی ( ١٢٠ )**

گەرمیان ئاخر ئەما هیچ خەمی
تارۆژی دوایی بووی بەهاودەمی
گەرمێن بێ خەم بوو لێی حەسایەوە
بۆ ئێلاخ دڵی باش تواییەوە
مەرگی بێ وادەت ڕەنگی وەهای ڕشت

---

(11) نالی ئەسپەکەی چواندووە بەمانگی یەك شەوە وە ، واتە: بەمانگی ئەسپە کوێتەکەتەوە مانگی شادیو زەوقی هەردان تازە بکەرەوە.

(12) لەبەر ئەوە تۆ دیار نیت شەوی بێداران تاریكو نووتەکە.

(13) (م) : تەلەبە ، (ف)و (ك) : عەمەلە . ئەم بەیتە ئەوە ئەگەیەنێ کەقادر بەگ پشتیوانی هەژارانو فەقێ مەلابووە.

(14) گەرمیان: مەبەست لێرەدا (گۆڕە)

شین و ست ئەو دنیا ، شادی ئەو بەهەشت
دنیا شینشەن نی یەنی تێشدا
بەهەشت شادیشەن مەگێلی پێشدا
نازاران پڕ داخ تۆ تەشریفت بەرد
حووران وە پەرداخ تۆ تەشریفت بەرد
هەر بەند ڕۆ ڕۆم کەرد ڕۆم نەبڕیاوە
ئای ڕۆم بڕیارە ، ڕۆم نەبڕیاوە [١٥]
تاکەی چەنی شین ڕۆ وە سەر بەڕوون ؟
با وە سۆز دڵ دوعابێ کەروون :
ئەر ئێمە مەحرووم دینت بیم یەکسەر
تۆ شاد بی وە دین خوداو پێغەمبەر [١٦]

دنیا پڕ گریەو شادمانە بەهەشت
دنیا شینیەتی تۆ نیت تیادا
دڵشادە بەهەشت ئەگەڕێی پیادا
نازاران پڕ داخ کەتەشریفت برد
حۆرییان پەرداخ کەتەشریفت برد
هێندە ڕۆ ڕۆم کرد ، ڕۆ نەبڕایەوە
ڕۆم ڕۆیی ، ڕۆم ڕۆم نەکۆژایەوە
لەگەڵ شین و ڕۆ ژیان هەتاکەی ؟
بابە سۆزی دڵ بکەم دۆعا دەی :
ئێمە لەبینین بێبەش بووین ئەگەر
تۆ شاد بەوەصلی خوداو پێغەمبەر

<u>هەورامی ( ١٢١ )</u>[١]

ماتەمی و وەهار ؟ بێشەوقی و ئەو گوڵ ؟
مەلوولی و گوڵزار ؟ بێ زەوقی و بولبول ؟ [٢]
سوب بۆی وەش ئەسیم چون هەردە جاران
نمە دۆ ئە کاخ دەروون یاران
داخۆ ئەی سەر وەخت فەزای وەهاردا
کام تەم ئە سەر هەرد قەزا دیاردا ؟
سەدای ( های دنیای خەمان هەرزان )ەن
سەلای واوەیلای ( بارام ) تەرزانەن [٣]

<u>سۆرانی ( ١٢١ )</u>

ماتەمی و بەهار ؟ بێ شەوقی و ئەوگول ؟
مەلوولی و گوڵزار ؟ بێشەوقی و بولبول ؟[٢]
بۆی خۆشی ئەسیم شەبەق وەك جاران
نادا لەکۆشکی دەروونی یاران
ئاخۆ لەم دەمەی فەزای بەهاردا
کام تەم لەهەردی قەزای دیاردا؟
دەنگی ( هەی کالآی خەمان هەرزان )ە
سەلای شین و ڕۆی ( بارام ) تەرزانە [٣]

---

[١٥] ئەم جۆرە بەیتە چ بەڕواڵەت و چ بەناوەڕۆك لای مەولەوی زۆر کەمە.

[١٦] دینت : بی نینت ، دین ، بینین.

[٢] واتە: کێ دیویەتی : (ماتەمی)و (بەهار) و (بێ شەوقی) و (گوڵ) پێکەوەبن ؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەمردنەکەی ڕێکەوتی وەرزی بەهاری کردووە

[٣] واتە دەنگی (هەی پارچەی خەمان هەرزانە) ، دێتە بەر گوێم ، مەبەستی ئەوەیە پێویستە هەموو کەس خۆی ڕەشپۆش بکا ، چونکە گریەو شیوەنی (بارام تەرزانە) ئەوانەی کەلەجوانیدا وەکو

| | |
|---|---|
| **مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان** | **تەمز گوڵشەنی شای شیرین ڕازان** |
| **جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان** [٤] | **وەیشوومەی مەرگ لێی بوو بەخەزان** [٤] |
| **هەورامی ( ١٢٢ )** | **سۆرانی ( ١٢٢ )** |
| **ئەو باڵای ئاڵای تەرز سەهی سەروو** | **ئەو باڵای ئاڵای ڕاستی وەك سەروو** |
| **پێوە هێلانەی دڵ چون تەزەروو** [٥] | **پێوە هێلانەی دڵ چوون تەزەروو** |
| **کنیاو خەمیاوە وە دم ڕێشەوە** | **چەماوە بەدەم ئێشی نۆیەوە** |
| **تەزەر واسا نیشت وەسای وێشەوە** [٦] | **وەك تەزەروو نیشت بەسای خۆیەوە** |
| **تای بەڕەزای شەنگ عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ** | **بەڕەزای شەنگی ڕەشی بۆن خۆشی** |
| **پەخش بی نە ڕووی تاش ئەلحەد سەرای سەنگ** [٧] | **ڕووی تاشی بەردی گۆڕی دا پۆشی** |
| **ئەو کۆی ئەزاکەت وە ناز پەردەوە** | **ئەو کۆی ئەزاکەت بەناز پەردەوە** |
| **لەتافەت جە بەرگ حەریر ڕەم کەردە** | **لەتاو ئاسکیی حەریر پڕ دەردە** |
| **ئەتۆی پەردەی خاك حاڵاتش چۆن بێ ؟** | **لەتوێی پەردەی خاك ئەحواڵی چۆن بێ ؟** |

---

ئەستێرەی ئاسمان دەدرەوشێنەوە، وشەی (ارام تەرزان) لەفەرهەنگە فارسی یەکاندا کینایەیە لەئەستێرە.

لای (م): (بادام . تەرزان ) ە ، واتە: ئەوانەی کەوەکو خەڵقی تازەی داری بادام ناسكو تەڕن ؛ مانای پێشوو جگە لەماناکەی خۆی ئەوەش دەگەیەنێ کەژنی بارام بەگ بووە.

[٤] تەمز ئەنجامی ئەم ڕووداوانە دڵتەزێنانەی وەیە کەگوڵشەنیی جوانیی شای گوڵ ئەندامان بای شوومی مەرگبووە بەخەزانیو ژاکاندوویەتیو پەڵو گەڵای باخچەکەی هەڵوەراندووە.

[٥ . ٦] واتە: ئەو باڵا ئاڵایەی کەبەتەرزی داری سەروو ڕاست هەڵچوو بوو . وەکو باڵندەی تەزەروو دڵان هێلانەیان تیادا کردبوو ؛ ئەو باڵایە لەپڕ بەبای وەیشوومەی مەرگ بنکەن بوو ، بەدەم ئێەوە وردە وردە چەمایەوەو . تەرزوو ئاسا لەسەر سێبەرەکەی خۆی نیشتەوە ؛ تەەروو: مەلێکی جوانە ، دەڵێن عاشق بەداری سەروو . وەئەڵێن کەبیەوێ بنیشێتەوە یەکسەر لەسەر سێبەرەکەی خۆی دەنیشێتەوە.
ئای ئای لەم خەیاڵە ناسكو بێگەردە ! ، سەیری کەلەکوێوە دەستی پێ دەکاو لەکوێدا دەوەستێتەوە، هەر ئەوەندە ئەڵێم هەزاران ڕەحمەت لەگۆڕت ئەی مەولای شاعیران !

[٧] وشەی (پەخش بی) ئەبێ بەزەنەی (خ)و (ش)و زۆر بەپەلە بخوێنرێتەوە ، ئەگینا وەزنەکەی لەنگ ئەبێ ، بەڵام بەبێ (بی) وەك ماناکەی ناگۆڕێ وەزنەکەشی ڕێك ڕەوانە.

دەك چەرخە ! بەختت هەر نیلە گۆن بێ

هەورامی ( ١٢٣ )

باڵ چەم هۆردا نەرگس نەی دەمدا
چ خێر بی تۆ چەم نیای وە هەمدا ؟[٨]
چێش بی خێڵخانەی وێت جە یاد بەردی ؟
رووی تەڵمیت ئەو خێڵ حۆری یان کەردی
راسەن هەمرازیی حۆری یان وەشەن
پەی عەشرەت دووریت دەردێ سەرکەشەن
باریٚ تۆو سەفاو سەیران و گوڵ گەشت
هەمسایەی حۆری و سەردەشت بەهەشت
عەشرەت وە پێچش وەزامەتەوە
وەو زام تا ( قام ) ( قیامە )تەوە

هەورامی ( ١٢٤ )[١]

هانا هاویەرد هانا هاویەرد
خاڵۆکەم ! زمسان هانا هاویەرد
وەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین بەرد
تۆمەی گوڵاڵان وە چێو بەراوەرد[٢]

دەك چەرخە! بەختت هەر نیلە گۆن بێ[٧]

سۆرانی ( ١٢٣ )

باڵی چاو هەڵدا نێرگس لەم دەمدا
چ خێر بوو چاوت لیکێنا بەهەمدا ؟[٨]
چی بوو خێڵەکەت وا زوو لەبیرچوو ؟
رووی بارگەت کردە لای حۆری یان زوو
هاورازیی حۆری راستە دڵکێشە ،
بۆ هۆزت دووریت سەختو پڕ ئێشە
ئیتر تۆ و سەفاو سەیران و گوڵ گەشت
هاو بەزمی حۆری و سەردەشتی بەهەشت
هۆزیش بەو پێچەی دەردی جیایی
بەو زامەی تاکو رۆژی دوایی

سۆرانی ( ١٢٤ )[١]

هاوار بەسەرچوو ..هانا بەسەرچوو
خاڵۆکەم! زستان ...هانا بەسەرچوو
بەهار بای سەردی سەرزەمینی برد
لەخاکا تۆوی گوڵاڵەی دەرکرد[٢]

---

(٧) ئەو نازدارە لەتوێی کراسی خاکدا دەبێ حاڵی چۆن بێ ؟ دەك ئەی چەرخ! هەمیشە بەختت نیل ئا! هەر لەخومی شیندا بێ.

(٨) گوڵی نێرگس لەم بەهارەدا بۆ رازاندنەوەی دەشتو چیاکان و بۆ بلاوکردنەوەی بۆنی خۆشی باڵی چاوی خۆی هەڵداو دەرکەوت . ئەی هۆی چی‌بوو تو باڵی چاوە نێرگسی یەکانت نا بەیەکداو تاریکاییت کرد بەجێی ئارامگایی خۆت؟

(١) ((لەشاری (سنە)وە ئەم نامەیەی نوسیوە بۆ شێخ یوسفی نوسمەیی، کەئەمیش وەك کۆماسی بەخاڵۆی ناو ئەبات .

(٢.٢) واتە بەهار هەوای ساردی سەر زەمینی لابرد ، وە تۆوی گوڵاڵەکانی کرد بەلاسکو ، تاجی تۆیی گوڵی نایە سەریان وەسوزەو شنەی نەسیمیدا بەپۆل و ریزی نەنەمامان ، وە بەم دیمەنە نیگارینە قەشەنگەوە سەلاو زایلەیدا بەحاڵی دڵ مەلالان و خستنیە سەر بەزمی ئاهەنگ و ئەوین و شۆر.

| | |
|---|---|
| سۆزەی با وەخەت نەو نیهالاندا | سۆزەی با بەخەت نەو نیهالان دا |
| سەلای بەلای هالْ دلْ مەلالاندا [٣] | زایەلەی بەلای دلْ مەلالان دا [٣] |
| سوب شنۆی نەسیم دەس جەویْ ومردا | شنەی بای سەحەر دەس لە خۆی بەردا |
| بۆی ومرکەمەر شەند وە ومرکەمەردا [٤] | چاندی بەرکەمەر بەبەرکەمەردا [٤] |
| چون دوو نەڕووی دلْ پەریْ خاوێران | وەك دوو کەلْ لەڕووی دڵی ( خاوێران ) |
| تەم جەم بی نە ڕووی ئاوان تاوێران [٥] | تەم جەم بوو لەڕووی ئاوان تاوێران [٥] |
| هەورامی ( ١٢٥ ) | سۆرانی( ١٢٥ ) |
| سەفای سەیرانگای ساراو سەرهەردان | سەفای سەیرانگەی ملەو سەر هەردان |
| منالۆ پەی بەزم جەرگەی هام فەردان [٦] | ئەگرین بۆ بەزمی جەرگەی هاوفەردان |
| نەك چون فەزای کەیف بەرگ سیاوان | نەك وەك بەزمگای کەیفی ڕەش چاوان |

(م): ((وەچێو بەراوەرد)) مەیوانی: وەجۆی وەرد ئاوەرد . واتە: بەهار تۆوی گوڵاڵەکان لەقەراغی جۆگای زەویــی وەرددا ڕوانــدو هێنانیــە دەر ، وشــەی (وەرد) لەنوســخەکەی مەریوانیــدا ، بەپێــچەوانەی بۆچوونی(م). وەردی کوردییە واتە زەوی دووجار ..کێڵرو ) ..نەك (ورد)ی عەرەبی کەبەمانا گوڵە ، وشەی (دا) لەبەیتی سێیەمدا کرداره ، نەك پاشگر وەك (م) بۆی چووە.
لەنوسخەکانی (ف)و (ك)و (پ)دا لەجیاتیی (سۆزەی باوە) (سۆزەی یاد)ە واتە: وەرزی بەهار سۆزی یادی تەماشاکەرانی دا بەئەو نیهالان ، بەمانای ئەوە بەهار دیمەنێکی زۆر جوانی بەخشی بە نەمامان‌و ، سەرنجی بینەرەکانی رادەکێشاو بەسۆزەوە هەر لەیادی ئەو دیمەنانەدا بوون.
ئەوەش هەڵدەگریْ کە(خەت) بەمانا خەت‌و خاڵبیْ ، هەروەك ئەوە هەڵدەگریْ کەخەت تەصحیفی (خەد)ی بەمانا کوڵم بیْ.

[٤] (بەرکەمەر)ی یەکەم: گوڵێکی بۆن خۆشی جوانی کوێستانییە ، دووەم: قەدپالْ ، ناوقەدی چیا.

[٥] خاوێران: خەواڵوو ، ئاوان: کۆی ئاو ، تاوێران : کۆی تاوێر (تاشەبەرد) ، وە یا ئاوان: ئاوەدا ، وێران: چۆڵ‌و وێرانە ، واتە تەم بەهەموو شوێنێکی ئاوەدان‌و وێراندا بڵاوبووەوە.
[٦.٧] واتە: صەفاو ئاهەنگی دەشت‌و چیاکان دەناڵێنن بۆ ئەو ئاهەنگانەی کەیاران لەوێدا دەیان گێڕا . بەڵام ئەم ناڵەو گریانەی ئەوان لەصەفاو گەرمیی ئاهەنگدا ناگەنە ناڵەو گریانی ئەو شوێنانەی کەبزنە کێوییەکان لەسەر زبرایی‌و شوێنە زیخاوییەکانی سمکۆڵانیان دەکرد.

سمكۆی سەر زاخرِ نە پای وەفراوان [٧]
من خۆ دوور جە تۆ چون مەردە مەردە
هەر هام نە خەیاڵ ساڵ و یەردە
ئەساسەی نەچیر ماوەردەم پەرێت
وێت تەیار مەکەرد ، چون کێ ؟ هەر چون وێت
مەویناى رەزەن مادەنیی ( کان )ی
مانی وە سەنعەت سەلیقەی ( مانی )[٨]
سوب نە جاسووسگەی ملان سەر بەرزان
چون سۆمای خورشید شوڵە کەرد هەرزان
مشانای وە پێڵ لوولەی دوور مەنزڵ
مووسەوی سەر تەڵ کارخانەی مووسڵ

هەورامی ( ١٢٦ )

خارای خانان تاق قووڵ لوول وەردە
چون نیگای دڵبەر هەزارە کەردە [١١]
دروستی و هەڵمەت قەزاو خەیاڵ تەور
ناڵە و نارو دوود رەعدو بەرق و هەور [١٢]

سمكۆڵ لەزاخرِ ، لە پێی بەفراوان
من خۆ دوور لەتۆ وەك مردوو مردووم
هەر لەخەیاڵی ساڵی رابوردووم
کەرەستەی راویم کە ئەم هێنا بۆت
ئامادە دەبووی، چون کێ؟ وەکو خۆت
ئەت بەست خەریتە و مەعدەنی ( کان )ی
وەکو نیگاری سەلیقەی ( مانی )
شەبەق لەئاسۆی ملان ، سەربەرزان
وەك روناکیی رۆژ تیشکت کرد هەرزان [٩]
ئەتکردە شانت لوولەی دوور مەنزڵ
مووسا خانیی تاك کارخانەی مووسڵ[١٠]

سۆرانی ( ١٢٦ )

ئاسن هیلال تاق قووڵ و لوول خواردوو
وەك نیگای دولبەر هەزارە کردوو [١١]
دەس راستی و هەڵمەت قەزاو خەیاڵ تەور
ناڵە ، گرِ، دووکەڵ ، رەعدو بەرق و هەور [١٢]

---

[٨] کانی : کانگا ، کان ، کانزا ، مانی: نیگار کێشێکی بەناوبانگی کۆنی ئێرانییە.

[٩] سەربەرزان، (ف) ، (ك) (پ) ، (م): سەرهەردان ، بەڵام لەرووی هاوکێشەوە تەواو نییە .

[١٠] پێڵ : قۆڵ .لای (ف)و (گ) : کۆڵ ، واتە: تفەنگی مووسا خانیت . کەلە کارخانەی بەناوبانگی مووسە ڵ دەردەچوو ێلوویوو . دەت خستە سەر شان و قۆڵت.

[١١] وەصفی تفەنگەکەیەتی، واتە لەبەردی خارا بەهارداو بەنرخ خان خان تاقی هیلالیی بۆ کرابوو ، وەلوولەکەی خرِو لەولەبی بوو واتە(( تا ئەگەیشتە کونەکەی تەسك تر ئەبووەوە(م)) تۆش جار جار بەو تفەنگەوە وەکو نیگای دولبەر دەتوانی و هەزارەت دەکردو ئەرۆیشی ؛ (هەزارە) بەمانا ژمارە نییە ، وەکو (م) دەیفەرموێ: بەڵکو بەمانا گەران و هات و چۆیە.

وەش دەماخ دڵشاد بەو شکڵ‌و شێوە
پێوە وەو جەستەی سەد سەودا پێوە
خاو خاو پەی نەچیر چەم وە نیگاوە
تەك مەداین وەلای کۆی ئاتەشگاوە
من مت و بێدەنگ بێ‌سەداو ناڵە
یەکێ بیم چون سەنگ قوللەی قەزاڵە
تۆ کەڵ گەل ، گەل گەل وەچەم مەکەردی
پارێز وەپای ڕێز ئەستەم مەبەردی
مەگرتی شنۆی هەناسەت بێدەنگ
دووهاچەی چەتاڵ مەنیای ئەرووی سەنگ [١٣]

پێکەوە دڵشاد بەو شکڵ‌و شێوە
منیش بەو جەستەی سەد سەودا پێوە
ورد ورد بۆ نێچیر چاو بەنیگاوە
تەکمان دا بەلای کۆی (ئاتەشگا)وە
من مات‌و بێدەنگ بێ سەداو ناڵە
هەر وەك بەردێکی قوللەی (قەزاڵە)
ئەتبینی کەڵان گەل گەل بەوردی
پارێز لەسەر زیخ ئەستەم ئەبوردی
شنەی هەناسەت وا ئەکرد بێدەنگ
دوو پێی چەتاڵت ئەخستە سەر سەنگ [١٣]

هەورامی (١٢٧)

مشت گرتەو دیاو ئیشارەت ماشەك
تەقیاو پێکیاو کلافەی کەڵ، یەك [١٤]
هەر لا هۆش مدای گۆش وەسەداوە
هەر سەنگێ پەی وێش دەنگێ مداوە
بازرە پڕتاو ، کۆچوون تل مەوەرد
هەر بەرد بی ئەو هەرد مەهەڕد وێنەی گەرد [١٥]

سۆرانی (١٢٧)

بینین‌و مشت‌و ئیشارەی ماشەك
تەقەو لێدان‌و گلۆڵەی کەڵ ، یەك [١٤]
بۆ کوێت ئەڕوانی گوێت بەسەداوە
هەر بەرد بوو بۆ خۆی دەنگی ئەداوە
بازرەقەی پڕتاو فڕەی بەردی هەرد
ئەیدا لەکام بەرد زوو ئەبوو بەگەرد [١٥]

---

[١٢] تەور: وەك ، وێنە ، ڕاستی : دەست ڕاستی ، پێکان واتە: پێکاندت وەکو تیری قەزاو هەڵمەتت بەوێنەی خەیاڵ تیژبوو ، ناڵەی ڕەعدو ، ئاری بەرق‌و دووی (دووکەڵی) وەك هەور هەیتەکە لەقف‌و ئەشری موریەتتەبە.

[١٣] چەتاڵ: سێپێای تفەنگ ، داوێکی دوو پەلە ئەچەقێنرێ‌و لوولەی تفەنگی ئەخرێتە سەر ، بۆئەوەی لەکاتی تەقانیدا نەجوولێ (فەرهەنگی خاڵ).

[١٤] ماشەك: زامنەی تفەنگ ، واتە مشت گرتن‌و ڕوانینت‌و پەنجە بردنت بۆ زامنەو ، تەقین‌و لێدانی‌و ، گولۆڵەی کەڵ لەیەکاتدا ڕووی دەدا.

[١٥] (ف) یا (ك) لەجیاتیی (بازرە)بازرەقە ، (م): ((ئەو حەیوانەی بەشوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە ))، فەرهەنگی خاڵ : ((گەڕانەوەی گوللە لەپاش ئەوەی لەنیشان بدا)).

دمای نێد دڵ کەرد جە نەچیر حاشا
هەر سات مەکەردم نەوعێ تماشا [١٦]
لەرزەی سەد تەرزەی سەوزەی دیاران
خەندەی شکۆفەی نەمامان داران [١٧]
شنیای هەلاڵان نەگۆشەی ((نوور))دا
پەخش بی چین چین وە رووی چنووردا
شادیو وەشیو عەیشو چەمو خەم جەم بی
چێوەی جە لامان کەم بی هەر خەم بی
هەورامی (١٢٨)

که کردی دوایی دڵ لەڕاو حاشا
هەر ساتێ ئەمکرد جۆرێ تەماشا [١٦]
بەرزەی سەد تەرزەی سەوزەی دیاران
خەندەی شکۆفەی نەمامان ، داران [١٧]
شنەی گولاڵان لەگۆشەی (نوور)دا
پەخش بوو چین چین بەڕووی چنووردا
(خۆشی) پێکەنی لەرەی گوڵ جەم بوو
چێشتی لەلامان کەم بوو هەر خەم بوو
سۆرانی (١٢٨)

نیسە وە ئەڵماس دووری دڵ کاوام
مەلاڵ بەد حاڵ (ئەردەڵان) ماوام
تۆ مەست بادەی دەرد ئەفگەن مەیل
من حەیران دەس نیگای بالای لەیل [١٨]
نە ئەو سەیرانەو نەتۆ دیاری
سا بۆ بمانەو زام نەبۆ کاری [١٩]
هەورامی (١٢٩) [١]

ئەڵماسی دووریت بڕی ئێستا دڵ
کزو پەرێشان (ئەردەڵان) مەنزڵ
تۆ مەستی بادەی خەم ڕەوێنی مەیل
منیش سەرسامی نیگای بالای لەیل [١٨]
نە ئەو سەیرانە و نەتۆ دیاری
سابێ بمێنەو زام نەبێ کاری [١٩]
سۆرانی (١٢٩)

---

[١٦.١٧] دوای کۆتایی ڕاوەکە من سەرم سوڕمابوو ، هەر جارەی بەتەرزێ بەم لاو لادا دەمڕوانی.

[١٨] تۆ ئەو کاتە مەستو سەرخۆشی بادەی خەم ڕەوێن بوویو ، منیش سەر سوڕماوی نیگای بەژنو بالای لەیل بووم ، لەیل: شێخ یوسف.

[١٨] لەم شا قەصیدەیەیدا بەجوانترین شێوەو ، بەتەرزی کەس نەدیو . وەکو دیت . باسی ئەو ڕاوەی کرد کەلەگەڵ شێخ یوسف دا ڕایان بواردووە ئافەرین هی داهێنەری تاقانە!!

(

[١] (ف) مەعدووم لە بەغدادەوە بۆ کاك ئەحمەدی (مجلوب)ی نووسیوە )) مەبەست ئەحمەد پریسییە.

(م): ((مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لەوەڵامی دۆستێکیا نووسیوە کەعابایەکی بۆ ناردووە )) .

| | |
|---|---|
| **بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی** | **عەبای کارخانەی وەستای بەغدایی** |
| **دروومان وە تای نەی ئاشنایی [٢]** | **دروونی : تاڵی دەزووی ئاشنایی [٢]** |
| **سفید تەرجە جەرگ مەینەت گازەکەم** | **سپی تر لەجەرگ مەینەت گازەکەم** |
| **نازك تەرجە ناز جای نیازەکەم [٣]** | **ناسك تر لەناز جێی نیازەکەم [٣]** |
| **چون لونگ مەجنوون بدەوش وەکۆڵدا** | **وەك لۆنگی مەجنوون بیدەم بە کۆڵدا** |
| **بگێلۆ وە دەشت پای سارای چۆڵدا [٤]** | **پێوەی بگەڕێم لەدەشتی چۆڵدا [٤]** |
| **جار جار بەو گشت دەرد نەدامەتەوە** | **جار جار ـ بەو دەردەو نەدامەتەوە** |
| **بەو قامەت وشك پڕ زامەتەوە** | **بەو بالاً وشکەی پڕ زەحمەتەوە** |
| **شنۆی هەناسان نەسەر دیاران** | **شنەی هەناسان نەسەر دیاران** |
| **شانۆش چون بەیداخ نەسەر مەزاران [٥]** | **بیشەکێنی چون ئالآی مەزاران [٥]** |

---

(پ) : ((بۆ جەنابی شێخی (ضیاء الدین) ی نووسیوە )).

بەلای منەوە : یەکەم بەپێی ناوەڕۆکی چامەکەو دووەم بەبەڵگەی مەفهوومی ئەو پەخشانەی کەمەولەوی خۆی لەگەڵ ئەم چامەیەدا ناردوویەتی ئەم پارچە شیعرەو پارچەی دوایی بۆ ئەحمەد پریسییە وەئەمەش دەقی نامەکەی مەولی خۆی:

(ئەوەی لەنێوان دوو کەوانی بووچکدایە دەقی نووسینی مەولەوی خۆیەتی) .

(دەست ماچ کردنم بەشێخی گەورەو، هەروەها کاکەمین و کاکە مەولان بگەیەنە ((کەوشە زەردەکە بنێرە بۆ خوشکی ئازیزم)) لەجیاتیی من پێی بڵێ: ((زۆر زەردە لەپێی بکا))و ببووریٚ).

هەر چۆنیٚ بیٚو بۆ کیٚ بیٚتەو کەسە بەدیاری عەبایەکی ناردووە بۆ مەولی.

،

[٢] بەتیە : عەبا ، لە(بتی) عەرەبییەوە هاتووە ، تا: تاڵ ، نەی: دەزوو .

[٣] لەجیاتی جەرگە لای (م) مەرگ نووسراوە بەلاًم هەڵەی چاپە ، عەباکەت سپی تر بوو لەو جەرگم کەمەینەت کازی لێگرتبوو ، وەناسك تر بوو لە نازی ئەو کەسەی جێی ئاوات و نیازمە.

[٤] لۆنگ: جلی شڕی سەرشانی هەژار .(م) ((واتە وەك جلە پەڕپووتەکەی مەجنوون ئەیدەم بە کۆڵداو دەشتۆ بیابانی چۆڵی پێوە دەگەڕێم .

[٥] بەم بەیتە لای (م) (پ) پارچە هەڵبەستەکە تەواوبوو، بەلاًم لای (ف) و(ك) و (ع) لەگەڵ (٩) بەیتی دواوەدا پارچەیەك پێکدەهێنن ، وە من لەسەر نوسخەی (ف)و (ك)و (ع) دەڕۆم

**هەورامی ( ١٣٠ )**

شی ئەو صەفاو سەیر دیدەنیی یاران
لوا ئەو دووریو ئەو وەسڵ جاران [٦]
ئێد نە ئەو دەورەن هەر ماماو مەویەرد
ئەو جار وەڕاستی چە پگەرد شانا ئەرد
وەخت تەماشای سەوزەی شەتاوان
سەیر شکۆفەی لارە کلاوان [٧]
مەدارە ئەو بەزم شکۆفان جەم جەم
هەنی شکۆفەو دیدەنی وەچەم ؟
مەوج دەجلەی چەم توغیان کەردەوە
گێج هوون دڵ جۆش ئاوەردەوە
ئەو سارای بەغداش ئاوەردەن وەتەنگ
ئێد کەردەن سارای (( کەربەلا )) ڕەنگ ڕەنگ

**هەورامی ( ١٣١ )**

ئەو جە ئەندازەی کەشتی بەر شی یەن
ئێد بۆی هوون مدۆ ، ڕای گوزەر نییەن
ئەرنامە نامان ، قاسید نەیاوان ،
بینایی دیدەم!مەگێرە تاوان
ڕاویار ماتەم گرد دەروون تەنگەن
قافڵەم تا ( قام ) ( قیامەت ) لەنگەن [٨]

**سۆرانی ( ١٣٠ )**

بەسەرچوو سەیرو سەفاکەی جاران
نەما ئەدووری ، ئەوەصڵی یاران [٦]
ئەما ئەو دەورە ئەهاتن و ئەچوون
زاری خۆی هەڵدا بەڕاستی گەردوون
کاتی تەماشای سەوزەی شەتاوان
سەیری شکۆفەی لارە کلاوان [٧]
مەڕوانە کۆ کۆی گۆپکەی سەر سەراو
تازە تۆو خونچەو بینینی بەچاو ؟
مەوجی دیجلەی چاو ئێقی کردەوە
گێژی خوێنی دڵ جۆشی خواردەوە
ئەو ماڵی سارای لای شاری بەغدا
ئەمیش سووری کرد دەشتی کەربەلا

**سۆرانی ( ١٣١ )**

ئەو لەسنووری کەشتی چۆتە دەر
ئەم بۆی خوێن ئەدا ، نییە ڕێی گوزەر
بۆ نامەو تەتەر نەبوو گەر ( ڕاهێ ) ؟
بینایی دیدەم! نیمە گوناهێ
ڕێبواران ماتەم دلأن پڕ مەینەت
لەنگە قافڵەکەم تاکو ( قیامەت ) [٨]

---

[٦] دیدەن ، (ع): دیدەنیی ، جاران (م) : یاران ، هەڵەی چاپە .

[٧] لارە کلاوان: (م) : پای لارە کاوان. کلاو: لوتکەی بەرزی چیاکان کەتۆزێك بەلاری خواری بەرچاو دەکەون.

[٨] ماتەم ، گ : ماتڵ.

مەولەوی ئەم قەصیدیەی لەبەغداوە بۆ (ئەحمەد پریسی) نوسیوە کەلەشارەزوور بووە، ئەحمەد پریسی و مەولەوی هەردوکیان موریدی شێخی (سراج الدین) بوون، سەرەڕای ئەم قەصیدەیە مەلەوی

**هەورامی ( ١٣٢ )** [1]

نەتیجەی! پاکان ، نەتیجەی پاکان!
شێخ! خاس خەیاڵ ! ، نەتیجەی پاکان! [2]
فەرەح بەخش حاڵ خاتر غەمناکان !
دەرمان زامان خەڵتان نەخاکان !
مەعدووم ئاناها جەگیان هەراسان
کەیلەن جە خەیاڵ خاڵ خاڵ خاسان [3]
گرمەی کورەی دڵ سەد هەزار تەرزەن
کلپەی بلیسەش نەعالەم بەرزەن
تۆ پەی چێش ئامان ئیمانت هەردەن
ئەسپاب فەوتت ئامادە کەردەن ؟

**سۆرانی ( ١٣٢ )**

نەتیجەی پاکان! ..نەتیجەی پاکان!
شێخی خۆش خەیاڵ !....نەتیجەی پاکان ! [2]
فەر بەخشی حاڵی ! دڵەی خەمناکان!
هەتوانی زامی خەڵتانی خاکان
ها ، ئەوا مەعدووم لەگیان هەراسان
پڕ لەخەیاڵی خاڵی خاڵ خاسان [3]
گڕمەی کوورەی دڵ سەد هەزار تەرزە
کلپەی بڵێسەی لەدنیا بەرزە [4]
دەخیل دڵ ڕەقیو بێ ڕەحمی تاکەی ؟
ئەدەی سزامو ، هیچ چارەی ناکەی !

**هەورامی ( ١٣٣ )**

وەی دەمەی ئەفەس بەدحاڵی یەوە
وەی دڵەی پارەی زوخاڵی یەوە
کوورەی دەروونت وە جۆش ئاوەردەن
دووکەڵ جە گۆشەی فەڵەك سەر کەردەن
پەی کێ ئەی جەستەی وێت مەتاونی ؟
زامەکەی مەعدووم هەم مەکاونی

**سۆرانی ( ١٣٣ )**

بەم ئاهە سەردەی بەد حاڵیمەوە
بەم دڵەی خەستەی زووخاڵیمەوە
هێناتەوە جۆش تۆ کوورەی دەروون
سەر ئەکا دووکەڵ لەگۆشەی گەردوون
بۆ کێ جەستەکەت ئەتوێنیتەوە
هەم زامی مەعدووم ئەکولێنیتەوە

---

لەشوێنێکی تردا سەبارەت بەئەحمەد پریسی ئەڵێ( بڕیاوە باڵای کاڵای رەیسی (رجال الغیب)ەن ئەحمە پریسی

(٨)

[1] بۆ شێخ حەسەنی سازانییە ..

[2] لەم بەیتەوە ئەوە دەردەکەوێ کەناوبراو لەزنجیرەیەکی نەژاد پاكو بێگەردە ، وەدیسان خاوەنی خەیاڵی ناسكو شاعیر بووە.

[3] واتە: مەعدووم ئەوەتا لەگیانی خۆی بێزراوەو ، لەئەندێشەی خەیاڵی خاڵی خاڵ خاساندا نوقمە.

من ئێش پڕ ئێش دروونم وەسەن
بۆ خەلاسم کەر حەسەن ! هەی حەسەن ![٥]

هەورامی ( ١٣٤ )[١]

ڕوێ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد :
پەی چێش هەر پەستی پەری من ئاوەرد؟[٢]
یاران گشت کەیف وەش ، سەفا فراوان
یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان
گرد سەر شار مەی لەقا نماوە
هەر من بەستەی خاك چەم ئەو دماوە
جەو فکرەدا بیم یەك هام دەرد وێم
ڕێزە بلووریٚ قەدیمش دا پێم
ئاما وەجواو ڕێزەی قەدیم ساڵ
بەزبان حاڵ فەسیح تەر جە قاڵ[٣]
وات : من سەنگیٚ بیم کەفتەی هەواران
بێ قەدرو قیمەت ناڕەوای شاران[٤]

من بەسمە ئێشی زامی دەروونم
هانام بەتۆیە حەسەن! زەبوونم

سۆرانی ( ١٣٤ )[١]

ڕۆژیٚ تیٚ فکریم لەبەختی سیام
بۆچی هەر پەستیو خەمی بۆ هێنام ؟[٢]
یاران بەبەزمی صەفای صەد تەرزی
یەك یەك گەیشتنە سەر لوتکەی بەرزی
گشت مەستی بادەی لەقای خواوە
من پیٚ بەستەی خاك چاو لەدواوە
لەو فیکرەدا بووم یەك هاومەقامیٚ
وردەی بلووره کۆنێکی دامیٚ
هاتە گۆ وردەی شووشەی کۆنە ساڵ
ڕەوان تر لەقاڵ بەزبانی حاڵ[٣]
وتی بەردیٚ بووم کەوتووی هەواران
بێ نرخ و بێ ڕێز ناڕەوای شاران[٤]

---

[٥] ((سازان)) وەك لەسەرەتای قەصیدەکەوە هاتووە، ناوی دێیەکە لەسەر لای ڕاستی قەراغی رووباری ((سیروان)) لەپشتی هەڵەبجەوە خوێنەوارو شاعیری زۆریان لێهەڵکەوتووە. پەیوەندی یان بەمەولەوییەوە زۆر پتەو بووە.

[١] (ف) ((جارێکی تر لەسەر خواستی شێخی سازانی خاوەن حاڵ ، مەولەوی بەزبانی حاڵ لەگەڵ شووشە شکاوێکدا دەدوێ)).

[٢] واتە: لەوبیرو ئەندێشەیەدا بووم هاودەردێکی خۆم وردە شووشە بلوورێکی دامیٚ.

[٣] واتە: من کەوتمە پرسیارکردن لەپارچەی شووشە شکاوەکە ، ئەویش بەزبانی حاڵ کە گەلیٚ لەزبانی قاڵ ڕۆشن تر بوو هاتە جواب..

[٤] سەنگی هەواران : ئەو بەردە سـ یٚ کوچکەیەیە کەنازیناوی چەسەر لێدەنێن و لەدواییدا بەجێی دێڵن.

گرتم ئەگەردەن بێ باك و شادان
بەلای پیك سەخت کوورەی ئوستادان [٥]

**هەورامی ( ١٣٥ )**

ورد بیم جۆشم وەرد تاویامەوە
تاوە ڕوتبەی بەرز سەر نیامەوە
عالەمی تازە دیم هوەیدا بی
شەخسێ غەریب تەر جە من پەیدابی
بیم وە بلووریێ پڕ جە سەفاو نوور [٦]
لایق وە سوحبەت بەزم سەلم و توور
گا جای ( ماء الورد ) عەتر عەبیر بیم
بۆ بەخش دەماخ شا تا وەزیر بیم
گا ماوای سەهبای کۆنەی پڕ تەئسیر
نەشئە بەخش حاڵ پەی بوڕناو پەی پیر
نەجەرگەی یاران شۆخ دیدە مەس
مەکەردەم گەردش مەشیم دەس وە دەس
جەو بێ قیمەتی وە قیمەت یاوام
وەپایەی ڕوتبەی عالی سەر ساوام
دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەر کەس دیش
بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ ئەبینیش
جەو بۆ نۆ ئەو نوور هەلای تاقی یەن
ئەڕێزەی من دا بەرقش باقی یەن [٧]

گرتمە ئەستۆی خۆم بێباك و شادان
بەلای سەختی پیك کوورەی ئوستادان [٥]

**سۆرانی ( ١٣٥ )**

ورد بووم و جۆشام تەن توایەوە
تا بە پایەی بەرز سەرم نایەوە
دنیایێ تازە دیم لە پڕ ڕوویدا
لەمن عەجیب تر کەسێتر پەیدا
بوومە بلووریێ پڕ لەصەفاو نوور
شایستەی بەزمی کۆڕی ( سەلم )و ( توور ) [٦]
گا جێی گوڵاوی عەتری عەبیر بووم
بۆنی دەماخی شا تا وەزیر بووم
گا جێگای بادەی کۆنەی پڕ تەئسیر
ئەشئەی ئاهەنگی جوانان و پیر
لەجەرگەی کۆڕی شۆخانی چاو مەس
ئەگەڕام ئەچووم ئەم دەس بۆ ئەو دەس
لەوبێ نرخییە بۆ بایەخ داری
گەیشتمە پایەی بەرزی وەسەلاری
کێ ڕێی دووبارەی ڕێگای حەقی دی؟
لووتی پڕ بەبۆی باخچەی ئەبەدی
ئەو نوورە بۆیە هێشتا تاقییە
لەوردەی لەشما تیشکی باقییە [٧]

---

[٥] شادان : شادمان

[٦] سەلم و توور: دوو برا بوون هەردووکیان کوڕشی فەرەیدوون شای پێشدادی بوون .

[٧] جەو بۆ نۆ : بەو هۆیەوە ، وە یا بەو بۆن و عەترەوە. واتە: ئەو نورە لەهەموو پارچەکانی لەشمدا تیشکی باقییە

**هەورامی ( ١٣٦ )**

مەعدوومی سەر شار بەزم دڵ ڕێشی !
تا تۆیچ چون یاران تەسدیع نەکێشی
نەگری وە گەردەن چی هانە ڕێت دا ؟
پا نەنیەی وە سەر ووجوود وێت دا
کەی مەشی نەسیلك یاران هەم دەم ؟
کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وەچەم ؟
هەر کەس ( تولد ) دووبارەش نیەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن [٨]
هانە ئەشکە نجەی پەستیی تەنگ دا
تا مەنزڵ گیرۆ ئەسای سەنگ دا [٩]

**سۆرانی ( ١٣٦ )**

مەعدوومی مەستی بەزمی دڵ ڕێشی !
تا تۆش وەك یاران ئازار نەکێشی
جێ بەجێ نەکەی چی لەئەستۆتا
پێ نەنێی بەسەر وجوودی خۆتا
کەی دەچیە سەر ڕێی یارانی بەناو ؟
کەی پلەی بەرزی دەبینی بەچاو ؟
هەرکەس ( ولادە ) ی دووبارەی نییە
هەڵبەت بەختەکەی ئەستێرەی نییە [٨]
وا لەئەشکە نجەی پەستیی تەنگدا
تا جێگا دەگرێ لەسای سەنگدا [٩]

**هەورامی ( ١٣٧ )** [١]

ئەتیجەی ! پاك دین شێخ سازانی!
خاس وەتەن ئە دڵ مەعدووم سازانی [٢]
پرسام ( حسب الامر ) گوزەشتەی ئەحواڵ

**سۆرانی ( ١٣٧ )**

ئەتیجەی پاك دین شێخی سازانی!
باش جێ لەدڵی مەعدووم سازانی [٢]
پرسیم وەك فەرمووت ڕابووردووی ئەحواڵ

---

(٨) ئەم بەیتە لە (ف)دا نییە. واتە: هەرکەسێك (تولد) لەدایك بوونەوەی دووبارە بەخۆوە نەبینی، ئەوە ئاشکرایە ئەستێرەی بەختەوەری نیە.

(٩) سای سەنگ: گۆڕ

(١) م: بۆ شێخ نۆمنی سازانییە . (ف) لەلاپەڕەی (٤٨٦) داو (ك) لەلاپەڕەی (٥٤٨)دا : بۆ شێخ حەسەنی کوڕی شێخ مۆمنی سازانییە .
(م) لە(بنەماڵەی زانیاران)دا : بۆ شێخ حەسەنی سازانییەو بەمار پێوەدانی لەساڵی (١٣٧٥ . ك) دا لەدنیا دەرچووە ، لەیەکێ لەکتێبەکانی (م) دا دیومە دەڵێ: ئەم (سازانی) یە شاعیر بووەو نازناوی (بولبول)بوە. لەوانەیە . ئەگەر وابێ . ئەو (بولبول)ە یە کەحەزی لەکچەکەی مەولەوی کردووە بیهێنێ و بەڵام ڕێ نەکەوتووە.

(٢) (سازانی) ی یەکەم " دێی سازان. (سازانی) ی دووەم: کردارە بەمانا سازکەرو دروستکەرە واتە وەتەنی خۆت لەدڵی مەعدوومدا سازکردووە.

جواو دا ڕێزەی شیشەی قەدیم ساڵ:
زەرفی بیم نەتۆی وەخت شامەوە
چون ستارەی سوبح مەدرەوشامەوە [٣]
پەی گوڵاو پاشی و نەشئەی بەزم کەی
گا پڕ گوڵاو بیم ، گا مەملوو نە مەی [٤]
گا وە سەر ڕەفەی زەڕین تاقەوە
گاوە دەس ساقیی سیمین ساقەوە [٥]

**هەورامی ( ١٣٨ )**

گا نەسەر پەنجەی بانووی بێ نیقاب
چون سوەیل ڕەونەق پەنجەی ئافتاب [٦]
نەبەزم شیرین خوسرەوان دەور
مامام نەگەردش هەر ساتێ سەد تەور
گوڵاو مە پاشام وە ڕووی یاراندا
بادە مەبەخشام وە مەی خواراندا
گا گەردەن نەدەس نازك ئەندامان
گا دەس نەگەردەن ژەرەژ خەرامان [٧]
گاهێ ڕوو وە ڕووی لەیلێ ئەندازان
گاهێ لەب وە لەب شای شیرین ڕازان

هاتە گۆ وردەی شووشەی کۆنە ساڵ:
زەرفێ بووم لەتوێی ڕەشیی شامەوە
وەك ئەستێرەی صوبح ئەدرەوشامەوە [٣]
بۆ گوڵاو ڕێژیو نەشئەی بەزمی کەی
گا پڕ گوڵاوو گا سەرڕێژی مەی [٤]
گا بەسەر ڕەفەی زێڕین تاقەوە
گا بەدەس ساقیی زیوین ساقەوە [٥]

**سۆرانی ( ١٣٨ )**

گا لەسەر پەنجەی بانووی بێ نیقاب
وەك سیوەیل جیلوەی پەنجەی ئافتاب
لەبەزمی شیرین خەسرەوانی شۆر
ئەهاتمە گەردش هەر ساتێ سەد جۆر
ئەم ڕێژا گوڵاو بەڕووی یاراندا
بادەم ئەبەخشی بەمەی خواراندا
گا گەردن لەدەس ناسك ئەندامان
گا دەس لەگەردن کەبك خەرامان
جار جار ڕوو بەڕووی فرۆشان نازان
یا لێو بەلێوی شای شیرین ڕازان [٨]

---

(٣) شام : شەو ، ستارە: هەسارە ، ئەستێرە ، واتە وەکو ئەستێرەی پرشنگدار لەتاریکی شەودا ئەدرەوشامەوە.

(٤) سەر شار ، (م) ، (ك) / مەملوو ، هەردووکیان بەمانا پڕە ، (کەی) : لەقەبی پاشایانی میدییە.

(٥) سیمین ساق: پووزی سپی وەك زیو.

(٦) بانووی بێ نیقاب: خاتوونی بێ پەچە ، سیوەیل: ئەستێرەی سیوەیل کەلەپایزدا هەڵدێ ، ڕەونەق ، (ف) : نەزدیك . پەنجەی ئافتاب : پەنجەی خۆر ، مەبەست پێی جوانی زێبایی یە.

(٧) ژەژە هەرامان: کەوی خۆش ڕەوت و لەنجە کەر.

هەستیم بێشومار مەستیم وەکۆیی
توغیانم چون تاف جوانیی تۆیی

هەورامی ( ١٣٩ )

جەرووی نادانی ئەو بەزمو ئەو جەم
وەجاویدانم منمانا وەچەم [٩]
فەڵەك شی وەقین جەورو ستەم دا
ئەو بەزمو ئەو زەوق گشت دا وەهەم دا
منیچ وەی تەرزە وە سەد پارە کەرد
هەر پارە پەرێم سەد پەژارە کەرد
مەعدوومی! عامەن بەڵاو دەردو بیم
ئەوەڵ قارووەی شکستە من نیم
هوشیار بەر میوەی مەستی غەفڵەتەن
غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتەن
هاکا دەست چەرخ هەم ستێزە کەرد
چون من شیشەی تۆیچ ڕێزە ڕێزە کەرد

هەورامی ( ١٤٠ ) [١]

لوقمەکەی ماساو قووڵ دەریای مەیل!
لوخت سای کۆڵەی سارای دەرد لەیل !

هەستیم بێسنوور ، مەستیم جەمو کۆ
توغیانم وێنەی تافی جوانیی تۆ

سۆرانی ( ١٣٩ )

ئەو بەزمو ئەو جەم لەرووی نادانی
ئەهاتە بەرچاو بەجاویدانی
گەردوونی دڵ ڕەق لێم چوو بەقینا
ئەو بەزمو زەوقەی دوایی پێهێنا
منی بەو تەرزە کردە سەد پارە
هەر یەك گیرۆدە بەسەد پەژارە
مەعدووم : بۆ گشتە بەڵاو دەردو بیم
من یەکەم شووشەی شکێنراوە نیم [١٠]
وریابە میوەی مەستی غەفڵەتە
غەفڵەت سەرمایەی هەزار خەجڵەتە
هاکا ها گەردوون ڕقی هاتە جۆش
لە پڕ شکاندنی وەك من شووشەی تۆش

سۆرانی ( ١٤٠ )

لوقمەی ماسیەکەی قووڵی دەریای مەیل!
ڕووتی سای ( کۆڵە )ی سارای دەردی لەیل ! [٢]

---

[٨] لەیلێ ئەندازان / ئەو شۆخ و شەنگانەن ، لەبەر جوانیی لەسنوور بەدەریان حساب بۆ جوانیی لەیلا ناکرێ و جوانی یەکەی لەچاو ئەواندا بێنرخە.

[٩] جاویدانی : هەمیشەیی .

[١٠] پەنجە رادەکێشێ بۆ پەندێکی عەرەبی کەدەڵێ: ((هذه لیست اول قارورة کسرت في الاسلام) وە ئەڵێ: من یەکەمین شووشەیەك نیم شکابم.

[١] لەدەستنووسێکی مەلا محەمەدی باموکیدا کەلەلایەن خواناسی بەناوبانگ مامۆستا شێخ عەزیزی پارەزانییەوە کەوتە دەستم ، تیایدا لەسەر ئەم چامەیە نووسرابوو: ((وەڵامی مەولەوی یە بۆ مەلا یونسی دانیشتووی دێی ((لوقمە ماسی)).ماساو: ماسی

یاوا پێم نامەی وەش تەحریرەکەت
ئینشای دەروون سۆز پڕ تەئسیرەکەت
حاسڵش : نە بۆ فەرامۆشیمان
وادەی بەزم گەرم بادە نۆشیمان
چەنی هام فەرد گەرد جیایی شی یەن
من و تۆ جە بەین من و تۆ نییەن
ساقی جام وە دەم ئەی یەك مەڕێزۆ
ئەشئەی مەی ئەدڵ ئەو یەك مەخێزۆ

وەرگیرا نامەی خۆش تەحریرەکەت
ئینشای پڕ سۆزو پڕ تەئسیرەکەت
کورتەکەی : نەبێ فەرامۆشیمان
وادەی بەزمەکەی بادە نۆشیمان
لەگەڵ تۆ نەما گەردی جیایی
من و تۆییمان هاتە کۆتایی :
ساقی جام لەدەم کێمان بڕێژێ
ئەوی تر بەدڵ ئەشئەی ئەچێژێ

**هەورامی ( ١٤١ )**

بەڵ ئەی تەن ئەی گیان تۆنی کەری عەزم
مەی نۆشی و جەستەی من زەمین بەزم [3]
چون کەوت ئەو دەورە پیاڵەی بێگەرد
ئەڕووی ئەی زەمین ، ئەقش ئەی چەند فەرد :
بەزمەن ، یاران مەست بادەی باقی یەن
مەعدووم ئەرزەکەی بەزم ساقی یەن
یابالآی ساقی! وەی لادا خەمێ
یاجام ! جەو باقی پەی زەمین نەمێ [4]

**سۆرانی ( ١٤١ )**

بۆتەن بەڵکو تۆ عەزم جەزم کەی
جەستەی من بکەی تۆ بە بەزمی مەی [3]
کە ئەو دەورەی دی ئەو پیاڵەی بێگەرد
ئەقش ئەبێ لەڕووی زەویما چەن فەرد :
بەزمە ، کۆڕ مەستی بادەی باقییە
کێڵگەی مەعدووم بەزمی ساقییە
ئەی بالآی ! ساقی بەم لادا خەمێ
ئەی جام! لەوباقی بۆ زەویم ( نمێ ) [4]

---

[2] بەڕێز و هێژا (کاك حەکیم مەلا صاڵح) لەم بەیتەدا لەلاپەڕە (٢٥)دا وردەکاریەکی جوانی بەکارهێناوە کەدەڵێت: (لوقمەکەی ماساو) و (کۆڵەی سارا) جگە لەوەی مانای تریان وەرگرتووە ئاماژەشن بۆ هەردوو گوندی (لوقمەی ماسی) و (کۆڵە سارە) کەیەکەمیان زێدی ئەو مەلا یونسەیە کەشێوەکەی بۆ نوسراوەو دووەمیان ئەو دێیەیە کە بەمەلایەتی تیایدا گیرساوەتەوە، واتە ئەی لوقمەکەی ماسیی قووڵی دەریای مەیل ! ئەی ڕووت و عوریانی سێبەری کوولەکەی سارای دەردی لەسل! ، بۆ جواندنەکە لەوپەڕی جوانیدایە ، نەبی یونس و مەلا یونس هەردووکیان بوونەتە لوقمەی ماسی و بەڕووتی لەدەشتی دەردی لەیلدا لەسێبەری کوولەکەدا ئارام گیرن.

[3] (م): نمێ بەمانا نمێك ، بەڵام ڕاستەکەی (نەمێ) یە ، وشەکە فارسییە ، واتە: لەو هیوایەدا دژیم کەلەشی من بکەی بەزەویی و بەزمی بادە خواردنەوەت.

**هەورامی ( ١٤٢ ) ( ١ )**

**بولبولْ گولْشەن بیْ نامو نەنگی!**
**تەرزمو سەر سەرو باغچەی بیْ ڕەنگی ![٢]**
**نوختەی ئینتیهای دائیرەی تەمام!**
**نەی دەس نەیچی تووتیی دیای جام![٣]**
**یانەی دلْ وە فەیز ڕای مەولاناوا!**
**تەوار تەڕلان: (( مەولاناوا ))؟![٤]**
**پایەت بولەند بۆ ، سایەت فراوان**
**پەی پەی کەردەی ڕمم دیدە سیاوان [٥]**

**سۆرانی ( ١٤٢ )**

**بوبولی باخچەی بیْ نا و و نەنگی!**
**تەزەروی سەروی باخی بیْ ڕەنگی!**
**دوایین زنجیرەی بازنەی بیْ وێنەیی!**
**نەی دەستی!، تووتیی دوای ئاوێنەی!**
**یانەی دلْ بەفەیض ڕێی مەولا ( ئاوا ) )**
**شاباز تەڕلان لان مەولاناوا**
**پایەت بەرز بیْ و سایەت فراوان**
**بۆ ڕموتی گەلەی دیدە سیاوان**

---

[٤] ڕوو دەکاتە بالاّی ساقی و جامەکەی و داوایان لێدەکاو دەڵیْ: ئەی بالاّی ساقی تکایە چەمینەوەیەك واتە : ئاوڕێك بەلای مندا ، ئەی جامی پڕ لەبادە " بۆ ئەم زەوییە وشکەم نمیْ لەو بادەیەت .
هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی پاکت ئەی میری شاعیران ! ئەی مەولای ئاسك هەستان!.

[١] بەم چامەیە گیانی بێگەردی شێخ حەسەنی مەولاناوایی دەدوێنیْ کەلە(١١٣٦. ك) لەدنیا دەرچووەو ، لەدێی ناوبراو لەناوچەی (خوڕ خوڕە) لەشی پاکی نێژراوە.
هۆی دانانی قەصیدەکە ئەمەیە: کچێکی شیریی مەولەوی لەجافەکان دەچیْ بۆ کوێستانی (خوڕ خوڕە)و دەپارێتەوە لەڕۆحانێتی شێخی ناوبراو کەبەچاوی تیژی نەتووستووی لەپشتی پەردەی غەیبییەوە ئاگاداریی ئەو کیژە بکات .بڕوانە(م).

[٢] گوڵشەن: باخ و بێستان ، گوڵزار: بیْنام و نەنگی صیفەتی ((گوڵشەنە)) کەیە ، بیْڕەنگی خواکرد واتە کەس ڕەنگی نەڕشتووە خوای گەورە نەبیْ ، مەبەست بەهەشتە.

[٣] دیای جام ، (ع) ، (ف) ، (پ) : دمای جام : نوختەی ئینتیها : دوا حەلقەی کۆڕی بازنەیی نەی: شمشالْ، نەیچی : مەبەست خودایە ، دیای جام: سەیر کەری ئاوێنە .دمای: دوای واتە تۆ شمشاڵی دەستی شمشالْ ژەنی ، بەمانا ئیلهام لەخوداوە وەردەگریْو ، تووتیی پێش یا پاش ئاوێنەی ، بۆ فێرکردنی توونی زەلامێك لەپشتی ئاوێنەیەکەوە دەوەستیْ ، هەرچی بڵیْ تووتییەکە دەیڵێتەوە )واتە تۆش هەرچی خوای گەورە پێت بڵیْ هەر ئەوە دەڵێیتەوە .سەیری(م) بکە

[٤] یانەی دلْ: مەنزڵگەی دلْ. فەیض: فەڕو بەرەکەت. ڕای : ڕێگە. مەولانا: خوای گەورە. (ئاوا): سواغت داوە. مەولاناوای دووەم: گوندەکەی شێخ حەسەنە.وشەی (شاباز) (تەوار)ی بەکارهێناوە کەبەمەعنا کۆترە باریکەیە. بەلاّم (شاباز) گەلیْ جوانترو پڕ مەعناترە. تەڕلان: چوست و چالاك و زۆر بەهەڵمەت. لان: هێلانە. واتە ئەی کەسیْ کەیانەی دڵت بەفەیض و فەڕو بەرەکەتی خواناسی سواغ داوە. وشەی (ئاوا) لەگۆڕینەکەدا وەکو خۆی نوسرایەوە.

**هەورامی ( ١٤٣ )** [١]

سەرشار ! سەهبای بەزم ( مناجات )
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب ( حاجات )
جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارەگاو پەنا پەی بێگانەو خوێش!
ئاهووی خوتەنیی فەیز ئیسلاهی!
نافەی ناف راهی جە مەهـ تا ماهی ! [٢]
شکۆفەی وەش بۆی رەیحانەی رەسووڵ !
ئەو باوەی ئەمام ( طیبه )ی ( بەتوول )٣!
سەرو سایەدار ئیشاندەی وەلی!
یەعنی یادگار ( مرتضی )عەلی٤!
وە رەوزە تانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع زوڵمەت دیدەی یاران بۆ
هەوای سایەتان هەر مەمدوود مانۆ
سەبوون بوردەی جورم ئەك زەرمر سانۆ

**سۆرانی ( ١٤٣ )**

سەر مەستی بادەی بەزمی موناجات!
پەناگای پەنای ئەربابی حاجات!
جێی تکای جەرگەی پادشاو دەروێش !
بارەگاو پەنا بۆ بێگانەو خوێش!
ئاسکی خوتەنیی فەیزی ئیلاهی!
ناوبانگی بۆنت لەمەه تا ماهی ! [٢]
شکۆفەی خۆش بۆی رێحانەی رەسووڵ!
تازە ئەمامی پاکیزەی ( بەتوول )!
سەرووی پڕ سایەی دەس ئێژی وەلی!
واتە( یادگار ) ی پڕ شکۆی عەلی! [٣]
بەسەر مەزارتا هەر نوور باران بێ
زوڵمەت رەوێنی دیدەی یاران بێ
شنەی سێبەرتان مەودای بمێنی
گڕ بردووی تاوان ئەك زیان بێنێ

---

[٥] ع.م لەمەعنای (پەی پەی کەردەم لاەم) ئەفەرموێ: ( پەی: بۆ. پەی کەردە: قاچ بڕین بریندارکردن. وەئەفەرموێ: یاخوا هەمیشە پایەت بڵندبێ و سێبەرت فراوان بێ بۆ بریندارکردنی گەلەی ئاسکان، لێرەدا مەبەست ئەو کەسانەیە کەداواکارو خوازیاری فەیچ و بەرەکەتی ئەولیای خوای گەورەن. لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی (پەی کەردەی) نوسراوە (یا تاخگە) واتە سایەت بڵندو سێبەرت چڕو پڕ بێ: تا ببێ بەجێگای کۆمەڵی چاو رەشان

[١] لەسەر گۆڕی باوە یادگار وتراوە: وەیا دوور بەدوور لەگەڵ رۆحانێتی پاکیدا دەدوێ، ئەم ((باوە یادگارە)) وا ئەزانم گۆڕی پیرۆزی لەدێی ((هەوارە)) لەنزیك دێی تەوێڵە ، وەیا لەناوچەی (باوەجانی)یە ، وەیەکێکە لەئیمام زادەکان زۆر هەوڵمدا سەرچاوەیەکم نەبینی باسی ژیانی بکا.

[٢] خوتەن: ناوچەیەکە لە((ترکستان سارا) بەئاسکی هەڵگری میسكو عەنبەر بەناوبانگە.

[٣] یادگار: لەطافەتی تێدایەو دارای دوو مەعنایە.

**هەورامی ( ١٤٤ )**

نا پوختە کاریو شەرمەساریی من
خەجلەتم غەفلەت گوناە کاریی من
کەفتەن وە هەمدا یەند زۆر ئاوەردەن
ڕووی ڕجام وە پای بارەگات کەردەن [٤]
تۆ چۆن جە ئەولاد ئەمجاد مەولای
پەی ڕجا وەجا ، پەی هیممەت ئەولای
زاریو زگاری زویری کەردم
وەبارگەی پاکت پەنا ئاوەردم [٥]
ئامام سەر نیام وەو بارەگاوە
غەریو مووسفید وەڕووی سیاوە [٦]
تەن مەعسیەت بار ، دەروون پڕ جە دەرد
دیدە تەڕ، لەب خوشك ، دڵ گەرم ، نەفەس سەرد
های چەند پلەی سەخت هانە ڕێمەدا
جەڕووی ئیلتیفات بدیە پێمەدا

**هەورامی( ١٤٥ )**

بەڵکم جە ڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە
مەولام حازر بۆ وە نەجاتەوە
دەس شای مەردان مەدەد کارم بۆ
پلە ئەو پلە ئەو دەس وارم بۆ
مەعسیەت نیەن چون هیچ سەد مەتێ

**سۆرانی ( ١٤٤ )**

نا پوختەکاریو شەرمەزاری من
ڕوو زەردی غەفلەت گوناهباریی من
کەوتۆتە سەر یەك نیمە دەرەتان
ڕووی تکام هێنا بۆ بارەگاتان [٤]
تۆ چون لەنەوەی شێری یەزدانی
بۆ تکا و هیمەت بەجێ و شایانی
زاری و زەبونی شێلای حەیاتم
بەرەو ڕووی پاکی بارەگات هاتم [٥]
هاتمو سەرم نا بەو بارگاوە
موو سپی غەریب بە ڕووی سیاوە [٦]
تەن پڕ گوناهو دەروون پڕ لەدەرد
دڵگەرم ، تینوو، چاو تەڕ ، نەفەس سەرد
های چەن پلەی سەخت وا لەسەر ڕێما
لەڕووی ئیلتیفات بڕوانە پێما

**سۆرانی ( ١٤٥ )**

بەڵکو لەڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە
مەولام حازر بێ بە نەجاتەوە
دەستی شای مەردان مەدەد کارم بێ
پلە بە پلە ئەو دەسبارم بێ
گوناە قەد نیە وەك هیچ صەد مەتێ

---

[٤] نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە(ف) دا ئاوایە:
جە دەس شەفیعان ڕجام ویەردەن

[٥] زگاری (م) : واتە: زەبوونیو ئەوگاری .

[٦] وەو بارەگاوە، (م) : وە بارەگاوە.

خەیلێ مەلولم ، یا پیر ! هیممەتێ
هیممەتت باعیس ڕستگاری بۆ
یار بۆ ، دیار بۆ ، یادگاری بۆ [٧]

هەورامی ( ١٤٦ ) [١]

کام سارا سەد سەنگ نوور پێدا وەشتەن؟
کشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن
فەزای سایەی عەرش دانای جەلیلەن؟
یا بارەگای پاك ( سید خلیل ) من؟
ئەسرار پەردەی غەیب مەحروم پەیك!
سایەی خودایی ! ( سلام علیك ) [٢]
کردەم نالایەق ئەو وەسڵاوەن
ڕوو زەردیم موحتاج وە یەك جواوەن [٣]
هەر یەك شەفیعێش پەی وێش ئاوەردەن
من خەجاڵەتیی وێم شەفیع کەردەن [٤]

هەورامی ( ١٤٧ )

یەکێ جە دۆسان بەو زام نۆوە

گەلێ زەبوونم با پیر ! هیممەتێ
هیممەتت باهۆی ڕستگاری بێ
یاربێ ، دیاربێ ، ( یادگار )ی بێ [٧]

سۆرانی ( ١٤٦ )

نووری سەد ڕەنگە ، ئەوە کام دەشتە؟
سەوزەی وەك سەوزەی هەر هەشت بەهەشتە
فەزای سای عەرشی دانای ( جلیل ) ە؟
یا بارگای پاکی ( سەیید خەلیلە )؟
پەیکی مەحرەمی پەردەی نیهانی!
( سلام علیك ) سایەی یەزدانی!
گە ربە کردەم بێ سڵاو حەرامە
ڕوو زەردیم : هانای بەیەك وەرامە
هەر یەك هێنای یەك بۆ تکاکاری
منیش هێناومە : ڕووی شەرمەزاری

سۆرانی ( ١٤٧ )

یەکێ لەدۆستان بە زامی نۆوە

---

[٧] یادگاری بۆ ، (م) ((بۆ یادگار بشێت . وەلەوانە بێ کە لەپیاوێکی گەورەی وەك (باوە بادگار) بوەشێتەوە )) مەولەوی وەك لەجیهانی مادەو ناسووتدا ژیاوەو لەگەڵ زیندوان دواوە ، هەرواش لەجیهانی گیانو مەلەکووتیدا ژیاوە ، بۆیە لەگەڵ مردووداندا ئەدوێو ئەکەوێتە گفتو گۆوە.

[١] وەکو لە پیشەوە باسمان کرد–قادربەگی کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف بەگوللەی وێڵ شەهید دەبێ و تەرمەکەی دەبەن بۆ گۆڕستانی سەیید خەلیل نزیکی قەڵای شێروانە. مەولەویش ئەم قەصیدەیەو بەو هۆیەوە دەنوسێ بۆ سەییدخەلیل کەیەکێکە لە ئیمام زادەکان،

[٢] غەیب، (م): (مەریوانی) : غەیبی. قسە لەگەڵ سەیید خەلیل دەکاو پێی دەڵێ: ئەی پەیکی مەحرەمی نهێنی یەکانی پەردەی پشتی جیهانی غەیبی ! ئەی سایەی خودایی ! (سلام علیك).

[٣] ئەم بەیتە لە (ف) دا نی یە. واتە ئەگەر کردارەکانم لەبەر ناپوختەیی یان شایستەی ئەوەیان نی یە سڵاوت پێشکەش بکەم. خۆ ڕو زەردیم هیچ نەبێ پێویستی بەیەك وەڵامە.

[٤] هەموو کەس تکا کارێکی بۆ خۆی هێناوە، منیش خەجاڵەتی و شەرمەزاریم کردووە بە تکاکاری خۆم و ڕووم بەرەو ئاستانەت ناوە.

سەر نی یان وە خاك ئاسانەی تۆوە [٥]
میهمان غەریو کەرەم سەرای تۆن
موحتاج وە رێزەی سفرەی رجای تۆن
درێغی مەکەر ئامان سەد ئامان
مەفەرما میهمان بێ تۆشە ئامان
یا خەلیل، دەخیل کێ عادەت کەردەن؟
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن [٦]

سەری نا بەخاك ئاسانەی تۆوە
میوانی ئامۆی کەرەم سەراتە
چاوەڕێی وردەی سفرەی ڕجاتە
لێی درێغ مەکە : کەرەمتان چی یە؟
مەفەرموو: میوان توێشووی پێ نی یە
کێ کردی بەخوو؟ یا خەلیل ئامان!
توێشوو بەرێ بۆ دەرگای کەریمان!!

هەورامی ( ١٤٨ ) [١]

پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسەکەی فیکر بیکر شیرینت [٢]
چون ئارەزوی وەسڵ نەتۆی مەحروومی [٣]
تەندە بێت وەتان فەرد مەعدوومی [٣]
چون ( شەبەندە رۆژ ) سەد تەرزە ڕەنگ دا
تەوەن دان وە تاڵ دنیای فەرەنگ دا [٤]

سۆرانی ( ١٤٨ )

پۆی تونی فەردی بۆ عەنبەرینت
دەسرێسی فیکری بیکری شیرینت
وەك نیازی وەصڵی ناو تونێی مەحروومی
تەنێن بە تانی فەردی مەعدوومی
وەك ( شەبەندە رۆژ ) سەد جۆر ڕەنگ دا
بەردی بە تاڵی پارچەی فەرەنگ دا

---

[٥] ئەم دۆستە قادر بەگی جافە کە تازە بە گولەی وێڵ شەهید بووە.

[٦] ئەم بەیتە زۆر بە هێزو کاریگەرە.

[١] ئەم هەڵبەستەلەلای مەولەوی یەوە وەڵامە بۆ شێخ (عبدلله) ی داخی، کەقەصیدەیەکی پەنجاو یەك شیعری دەنێرێ بۆ مەولەوی، لەم قەصیدەیەدا(١٥) بەیتی مەولەویی نا بە ناو تێ هەڵکێش بە شیعرەکانی خۆی دەکا. من ئەو قەصیدەیەم لایە. لەبەر تەسکیی ماوە لێرەدا بڵاوم نەکردەوە.

[٢] (پۆ) لەم بەیتەداو (تان) لەبەیتی دوومدا: تان و پۆی تەونە، تان و ڕایەڵ: تاڵی ستوونی، پۆ: ئاسۆیی(افقی)، تانەکە بریتی یە لەفەردەکانی مەعدووم، پۆکەی بریتی یە لە بەیتەکانی داخی، شیعرە تێ هەڵکێشراوەکانی مەولەوی باسی دووری و مەحرووم بوون لە وەصڵ دەکا ، فەردەکانی داخی لە ئارەزووی وەصڵ دەدوێ. ئەم دەست ڕێسەی داخی بەلای مەولەوییەوە. بیرو فکرێکی ئیبداع و تازە بووە، لەو سەردەمەشدا هەرشتێك تازە بووبێت بە(فیکری بیر) تەعبیریان لێ کردووە. واتە ئەم فکرە وەك کچێك وایە کەهێشتا شوی نەکردووە.

[٣] واتە ئەم تێ هەڵکێشە: وەك ئارەزووی وەصڵە- بەو جوانییە_ کە بخرێتە ناو خەیاڵی دووری و فیراق. (م): (لێرەدا مەولەوی بەنەزاکەت خۆی ئەشکێنێ کە شیعری داخی بە ئارەزووی بە یار گەیشتن، وەشیعری خۆی بە خەیاڵی نائومێدی دادەنێ.)

[٣]

پەی دەفع سەودای دەرد نەمامان
بەرگێ بێ پەی دڵ سەر تاوە دامان [٥]
دڵ ئەو بەرگ و بۆی جارانش نەبی
رووی لوای مەجلیس یاراش نەبی

بۆ چارەی عەشقی دەرد نەمامان
بۆ دڵ بەرگی بوو سەرتا بە دامان
دڵ بەرگ و بۆکەی جارانی نەبوو
رووی ناو مەجلیسی یارانی نەبوو

هەورامی ( ١٤٩ )

پۆشتەت کەردەوە ئیحسانت یاوا
دەك هەی دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا
بێ باکیم عیللەت دڵ سەردی نی یەن
بێ میلیم جە تەرك هام فەردی نی یەن
بەڵام مەسئەلەی فتوای قەزای حەق
ئەمەحکەمەی شەرع حاکم ( مطلق )
ئەو عەرووس ( سۆز ) وە دڵ پەروەردە
خەرج گیان وە گیان وە کابێن کەردە [٦]
وە هەرسێ تەڵاق باینە کەردەن
یاد رەجعەتش وە دڵ ناوەردەن [٧]

سۆرانی ( ١٤٩ )

پۆشتەت کردەوە ئیحسانت رەوا
دەك هەی دەوڵەمەند ! ماڵت هەر ئاوا
بێباکیم بە لگەی دڵ سەردی نی یە
بێ مەیلیم تەرکی هاو فەردی نی یە
بەڵام مەسئەلەی فتوای قەزای حەق
لە دادگەی شەرعی حاکمی موتڵەق
ئۆ بووکی ( سۆزی ) ی بە دڵ پەروەردەم
کردمە مارەیی گیانی خەم زەدەم
دای سێ تەڵاقی بە ( بەینوونەتی )
ئەی هێنا بە دڵ : یادی ڕیجعەتی

هەورامی ( ١٥٠ )

کەم بی شنۆی وەش ئاه سوب دەمی
وشکاوش ئاما جۆی چەمەی چەمی [٨]

سۆرانی ( ١٥٠ )

ها ! شنەی خۆشی ئاهی سوب دەمی
ئەما، وشك بوو جۆی چاوەی چەمی

---

[٤] شەبەندە ڕۆژ: قوماشێکی جوانی ڕەنگاو ڕەنگە بەچەند تەرزێ ئەنوێنێ . واتە : بەم قوماشەت بازاڕی قوماشی فەرەنگت شکاند.

[٥] واتە ئەو قوماشەت کە بۆچارەی دەردی سەودای نەمامان بوو، بۆ دڵ بەرگێکی سەرتا بە دامان و ڕەسا بوو.

[٦] لێرەدا (سۆز) ی خۆشەویستیی چواندووە بە تازە بووکەوە، کەئەو بووکەی بەنەقدی گیان پەروەردە کردووەو، گیانیشی کردووە بە مارەیی، بەڵام قەزاو قەردەر بە یاسای شەریعەت ئەو بووکەی بە من ڕەوا نەبینی و سێ بە سێ پێی تەڵاق دام، ئێستا لە شوێنی بووکی (سۆز) دا (بێ سۆزی) دڵی کردووم بە نشینەو هەوارگەی خۆی، بەم بۆنەیەوە ئەم بۆنەیەوە ئەو هەستەم نی یە یاد دۆستانی پێ بکەم. ماکی (مطلق) : خوای گەورەیە

[٧] طه لاقی بایینە: جوێ بوونەوەی ژن لە مێرد بە تەواوی . طه لاقی ڕجعی: پیاو دەتوانێ بیگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

| | |
|---|---|
| ( بێ سۆزی ) مەنزڵ دڵ کەرد وە یاتاخ | دڵ بۆ ( بێ سۆزی ) بوو بە مەنزڵ بۆی |
| پەی ئاو و هەواش ئەو ئاه و ئەو داخ [9] | بۆ ئاوو هەوای: ئاه و ئاخ وئۆی |
| وەبێ من تۆ ویٚت زیهنت پێ یاوان | بە بێ من تۆ خۆت زیهنت خستە سەر |
| خاست فەرماوان دانەت شکاوان [10] | فەرموودەت تەواو ئەشکێنی گەوهەر |
| بێ بەدەڵەن عومر خاسش هەر پاسەن | عومری بێ بە دەڵ شایستەی وایە |
| باختش پەی مەعشووق بێ بەدەڵ خاسەن [11] | بەلاش بۆ مەعشووق سەرفی ڕەوایە |
| <u>هەورامی ( ١٥١ )</u> [1] | <u>سۆرانی ( ١٥١ )</u> |
| ئەیاز هومڕاز ناڵەو ئاخ و دوود | ئەیازی هاوڕێی ناڵەو ئاخ و دوو |
| عەرزش هەن وە خاك ئاسانەی مەحموود | عەرزی بچووکیی هەیە بۆ مەحوو |
| یاوا ، وات، نامەی شیرین ( انشادت ): | هات و تی نامەی پڕ ئاوازی خۆش: |
| ئەی ڕەمەزاندا نەشوون جە یادت [2] | ماوەی ڕەمەزان ئەمکەی فەرامۆش |
| نەکەردەن ئیفتار- دۆسەکەی کامڵ !- | ڕۆژوو ناشکێنی-دۆسەکەی کامڵ!- |
| سیوای وەی مەی کووس خەیاڵەکەت دڵ [3] | جگەلە بادەی خەیاڵەکەت، دڵ |
| فاتحەی کتاب دۆعام، شەو ئەر ڕۆن | فاتیحەی دۆعام شەوە یا ( ڕۆ ) یە |
| ئیلتیماس حوسن خاتمەکەی تۆن [4] | داوام هە رحوسنی خاتیمەی تۆیە |

---

[8] واتە : بەهۆی نەمانی سۆزەوە شنەی نەسیمی بەیانیانم کە بۆتەوەو، جۆگەی سەرچاوەی چەم و ڕووباری وشك بووە.

[9] (بێ سۆزی) کەدڵی کردووم بەنشینگەی ، لە جیاتی ئاو و هەوای خۆش وسازگار ئاه و داخە (لف و نشر) ی مورەتەبیە واتە: ئاو: ئاه و ، هەوا:داخ. نیوەی دووەمی ئەم بەیتە لای (ف)و(ك) ئاوایە:

پەی ئاوو هەوای ئەو ئاه و ئەو داخ

[10] دانەت شکاوان: دانە: گەوهەری بەردی بەبەها، لێرەدا مەبەست قسە ی جوانە، دەم: چوێنراوە بە سندووقێ کەبەردی بەنرخی تیادا بێ واتە: سندوقی دەمت کردەوە قسەی وەك گەوهەرت هەڵدا.

[11] ئەم بەیتە بەیتی مەولەوی یەو تێ هەڵکێشی بە یتەکانی داخی یە.

[1] وەڵامی نامەیەکی مەحموود پاشای جافەو لە مانگی ڕەمەزاندا بووەو داوای دۆعای خێری لێ کردووە.

[2] وات، (ك) و (پ) : پێم. (یاوا) و (وات) دوو کردارن و نامەی شیرین .. دەبێ بە فاعیل بۆ هەردووکیان. (ئەی ڕەمەزاندا .. وراوی (وات) ەکەیە.

[3] وشەی (دڵ) فاعیلە بۆ (نەکەردەن).

حەق وەلوتف وێش باوەرۆ ئەو ڕێت
سوود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت

**هەورامی ( ١٥٢ )**

وەرنە من لافاو تاوانان بەردەن
دۆعام ڕای دەرگای قەبووڵ گوم کەردەن
ئەیچی ! من پەنجەی پای ناڵەم سفتەن
تۆ دەی چون تەئسیر وە ناڵەت جفتەن [٥]
چەند فەرد مەعدووم دەروون ئەوەیدا
باوەر جە تەنە نخوای ناڵە وە ئەیدا [٦]
من وێم مزانوو کام تۆمم کاڵان
یاران پەی هیممەت وە ئەم مەلاڵان [٧]
کەرەم دەر ئە دەس ڕجای ئەوگاران
بۆ بەخشەم وە عەشق، ( مظنه ) ی یاران [٨]
وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم
ئەبوون وە تەصدیع هامسایان وێم

خوا بە لووتفی خۆی جووتی بکا بۆت
سوودی سەرمایەی عەقیدەکەی خۆت

**سۆرانی( ١٥٢ )**

ئەینا خۆ سەیلی گونا منی برد
دۆعام ڕێی دەرگای قەبوولی گوم کرد
ئەیچی ! پێی ناڵەم قەرە برووتە
تۆ چون سۆز لەگەڵ ناڵەتدا جووتە
چەن بەیتی مەعدووم دەروون لە وەیدا
لەجێی ئەو وێنە ناڵە بەئەیدا
من خۆم ئەزانم کام تۆوم وەشان
یاران بۆ هیممەت ئەم کەن دەس نیشان
کەرەمت چاکی دەستی ئەوگاران
بم بەخشە بەشقی گومانی یاران
شاری خامۆشان کاتێ بوو بە جێم
ئە بمە سەرێشەی دەرو دراوسێم

---

[٤] نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (ف) و (ك) دا :

فاتیحەی دۆعام ئەر شەوەن ئەر ڕۆن

(ڕۆ) وشەیەکی هەورامی یەو بە مانا ڕۆژە. خرایە نێوان دوو کەوانەوە.

[٥] ناڵەم، (ك) : تاڵەم.

[٦] ناڵە وەنەیدا: (ك) : ناڵەو ئەیدا.

[٧] تۆمم، (ف) : تۆمێم. واتە تۆو ێکم

[٨] دەر، (ف): دام، لە (ك) دا نیوەی یەکەمی بەیتەکە وایە:

کەرەم دامنەی دەس ڕجای ئەوگاران.

**هەورامی ( ١٥٣ )** [١]

چێش وا چۆ مەعدووم خەستەی مەهجوویت ؟
حاڵ دیدە و دڵ جە دەرد دووریت[٢]
بدیە بەو دەجلەی بێ کەنارە دا
ڕەوانەن وەبەین بەغدا شارەدا
سەیر کەر ئەو گەرماو شەرارەو تاوە
هوەیدا : هامن جە لای بەغداوە [٣]
ئەو ئاخر وشکاو ئەسرین دیدەم
ئێد دما نەفەس دڵەی خەمیدەم [٤]
جەو گەرماو جەو ئاو بەر گوزیدەکەم !
تەفتیش کەر حالات دڵەو دیدەکەم [٥]

**سۆرانی ( ١٥٣ )**

بڵێ چی مەعدووم خەستەی مەهجووریت ؟!
حاڵی دیدەو دڵ لە دەردی دووریت
سەیری ئەو دیجلە بێ کەنارەکە
ڕەوان لەبەینی ئەو بەغدادەکە
سەیری ئەو گەرماو ئەو گڕو تاوە
هاوین دیارە لەلای بەغداوە
ئەو دوا وشکاوی فرمێسکی دیدەم
ئەم دوا هەناسەی دڵەی خەمیدەم
لەو گڕو گەرمای بە ر گوزیدەکەم
بزانە حاڵی دڵ و دیدەکەم

**هەورامی ( ١٥٤ )** [١]

جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون
مدۆ وە چەمدا ، بەڵام چێش کەروون؟[٢]
پا تەخت مەحموود ( دار السلام ) من
منیچ کەمێ فام ئەیاز جەلامەن [٢]

**سۆرانی ( ١٥٤ )**

خوێناو لەدەرون وەك دەریای بێ بن
لەچاو سەر ئەکا، بەڵام چی بکەم من
پای تەختی ( مەحموود ) ( دارالسلام ) ە
فامی ( ئەیاز ) یش کەمێکی لامە

---

[١] مەولەوی لە ساڵی (١٢٩٢) دا بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیووە کە لەو سەردەمەدا ماڵی لەبەغدا بووە لەوەڵامی نامەیەکدا کە بۆ هەواڵ پرسینی مەولەوی ناردبوو. .

[٣] شەرارەی ، (ك) : شەرارەو.

[٤] خەمیدەم: (ف) (م) : خەم دیدەم.

[٥] بەرگوزیدەکەم: هوڵبژاردەکەم!، واتە : سەیرێکی ئەو دیجلە پان و بەرینە بکە کەبەناوەڕاستی بەغدا تێدەپەڕێت وەسەرنجێ بدەرە تینی گەرمای هاوینی بەغدا، ئەویان دواتکی فرمێسکی چاوەکانمەو ئیتر وشکاویان هاتوەو ئەمیشیان دوا هەناسەی دڵە خەفەتبارەکەمە جا بەو گەرمای بەغداو ئاوی دیجلەدا بزانە حاڵی دڵ و چاوم چۆنەو لەچیدا دەژیم.

[١] دیسانەوە لە ساڵی (١٢٩١-ز) دا ئەم نامەیەی نووسیوە بۆ مەحموود پاشا کە لەو کاتەدا ماڵی لەبەغدادا بووە.

[٢] واتە: بڵێ یێ چی مەعدووم کەنەخۆش و غصتەی دەردەی دووریتە ئایا حاڵی دیدەو دڵی چۆن بەهۆی دوریتەوە؟ حاڵیشی لەبەیتەکانی دواوەدا دیاری ئەکات.

ئەیازت فاماش تەفائول کەردەن
سلأمەتیی تۆش وەیاد ئاوردەن[٤]
وەخارو خاشاك موژەی چەسپیدە
سەد بەستەن ئەدەور سەر چەمەی دیدە
وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردە بێ
تا ئیسە چەند جار بەغداش بەردە بێ

ئەیازت فامی فاڵی کردە هۆ
بەدیی کرد تیایدا سەلامەتیی تۆ
بە دڕکی مۆژەی پێکەوە نووساو
کردم بەربەستی سەرچاوەکەی چاو
ئەینا دەجلەی خەم ئێقی کردبوو
چەند جار تا ئێستا بەغدای برد بوو

هەورامی ( ١٥٥ )[١]

موبارەکت بۆ بەزم نەو وەخێر
توخوا تە نخوای من خاس بکەر سەیر
سێرکەر تەماشای ئەو جەمین جامان
وە ( خصوص ) ئازیز شای نەونەمامان[٢]
وەخت ئامۆشۆی ئاماو لواشەن
تەرزەکەی وەبەرز دەورەی سەماشەن
گرمەی نەققارەو، لرفەی شەرواڵان
خشپەی پاموورەو زرنگەی خرخاڵان
چریکەی سورناو پریکەی خەندە
پەشێویی زوڵفان ڕیشەی دڵ کەندە
ئیشارەی وە ناز لەب خەندەی وە نەرم

سۆرانی ( ١٥٥ )

موبارەکت بێ بەزمی نەو بەخێر
توخوا لەجێی من سەیری کە تێر تێر
تێر بکە سەیری ناسك ئەندامان
بەتایبەت لە نجەی شای نەو نەمامان
کەلەهاتوو چۆی گەرمی بەزمایە
تەرزەکەی باڵای دەورەی سەرمایە
دەنگی کەرەنا، ورشەی شەرواڵان
خشپەی مووورووی پێ زرنگەی خرخاڵان
چریکەی زورنا، خەندەی دوور ئەندێش
پەشێویی زوڵفی ڕیشەی دڵ هەڵکێش
ئیشارە بەناز لێو خەندە بەزم

---

[٣] کەمێ ، (ك) : کەم کەم.

[٤]

[١] بەهۆی ژن هێنانی مەحموود پاشاوە (م): (...وەك لە حسیەن بەگی جافم بیستووە ئەم زەماوەندە بۆ یەکەم ژن هێنانی بووە کەئەمنە خانی کچی قادر بەگی ڕۆستەم بەگی (وەلەد بەگی) ی هێناوە، وەلەم شایی یەدا ئافرەتێکی گۆرانی بێژ خەڵکی (کەرەند) کەناوی (تاوس) بووە، گۆرانی بۆ ژنان وتووە).
وەهەروەها ئەم (تاوس )ە برایەکی (فەرەج) ناوی لەگەڵدا بووەو گۆرانی بۆ دەستەی پیاوان وتووە.
وەهەروەها لەم بارەیەوە بە فارسی و بە شیعر نامەیەکی بۆ نووسیووە ، پشت بەخوا لەم دیوانەدا بەرچا و دەکەوێ.

[٢] جەمین جامان: ڕوخسارو ڕویان وەك جامی جەم ، مەبەست ئەو ژنانەن کەهەڵپەڕن، شای نەونەمامان مەبەست پێی : بووکەکەیە.

| | |
|---|---|
| **نمانای خالان نەتۆی پەردەی شەرم** | **خالان نیشان دان لە توێی پەردەی شەرم** |
| **هەورامی ( ١٥٦ )** | **سۆرانی ( ١٥٦ )** |
| **سەرچۆپی وەناز قۆڵ هۆردای دەسماڵ** | **سەرچۆپی بەناز سووڕانی دەسماڵ** |
| **بریقەی شیشەو لەرەی لیمۆی کاڵ** (٣) | **بریقەی خشڵ، لەرەی لیمۆی کاڵ** |
| **ورشەی ستارە، ئەو زوڵف بووم زەڕ** | **پرشەی ئەستێرەی سەر زوڵفی زێڕین** |
| **چون ( قەوس ) و ( قەزەح ) گرتەن دەور وەر** (٤) | **چون ئاوێزەی دەور ئەو خۆرەی زێڕین** |
| **جەو بەزم شیرین منیش کەر وەیاد** | **لەو شیرین بەزم منیش یادکە یاد** |
| **بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد** | **بەزمت هەر چەم بێ، هەمیشە دڵشاد** |
| **من وێم زوو زانان تاڵەم پەشێوەن** | **من خۆم زوو زانیم بەختم پەشێوە** |
| **ڕەفیقم مەینەت ، ئەسیمم دێوەن** | **مەینەت هاو دەم هاو ژینم دێوە** |
| **خودا وە تۆش دان سەیر ئەمامان** | **خودا بە تۆی دا سەیری ئەمامان** |
| **وە من ڕەنگ زەردی و ناڵەی بێ سامان** | **بە من ڕەنگ زەردی و ناڵەی بێ سامان** |
| **هەورامی ( ١٥٧ )** (١) | **سۆرانی ( ١٥٧ )** |
| **چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش** | **وەك ڕووی خەیاڵی ڕوخسارەکەی خۆی** |
| **نە تۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش** (٢) | **لە دڵەیمەعدوومی دڵ پڕ ئێش و ئۆی** |
| **نمانا جەمین شای سۆسەن خالان** | **ڕووی خۆی پێشاندا سۆسەن خالان** |

(٣) قۆڵ هۆردای دەسماڵ: لەکاتی هەڵپەڕیندا دەستە سڕەکەی ڕادەوشێنێ و هەوڵی دەتەکێنێ.

بریقەی شیشەی : پرشنگی زێڕو زیوی مل و یەخەیان.

لیمۆی کاڵ: مەبەست مەمکیانە.

(٤) ئەم بەیتە بۆ گۆڕینەکەی زۆر ئازاری دام.

(١) باسی جوانی وناسکیی شۆخێك دەکا کەلەتوێی دەوارێکی ڕەشەوە کەم کەم وەکو مانگ گۆشە دەکێشێ (م) دەفەرموێ: ئەو شۆخە کچە جافێك بووە.

(٢) نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لای (ك) و( پ) ئاوایە:

نەپەردەی دڵەی مەعدوومی دڵ ڕێش

وشەی (چیهرە) (مشبە بە) ی یە ، (جەمین) لەبەیتی دووەمدا (مشبە)ە. واتە ئەم کچە شۆخە دوو ڕوخساری هەیە، ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی. وە ئەو ڕوخسارەی کەمەولەوی لە توێی پەردەی دڵی خۆیدا بەخەیاڵ کێشاوێتی . واتە : شای سۆسەن خالان وورده وورده لە گۆشەی دەوارە ڕەشەکەوە چیهرەی خۆی پێشاندا، ئەم چیهرەیشی هەر وەك هەمان چیهرەی بوو کەمەعدووم لە دڵی ڕێشی خۆیدا بە خەیاڵ کێشابووی.

کەم کەم نەگۆشەی لای سیا مالآن
زەمین منەت بار پا مەنیاو مەویەرد
جار جار وە رووی ناز باوەشێن مەکەرد [٣]
باوەشێن مەکەرد وەسەفحەی بێ گەرد
نازکیش جە باد ئیحتیات مەکەرد
نەتۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لە گافەت چون ئاو حەیات مەوج مەومرد [٤]

کەم کەم لە گۆشەی لای سیا مالآن
وورد وورد ئەڕۆیی زەوی منەت بار
ئەی کرد باوەشێن لەروی ناز جارجار
ئەی کرد باوەشێن صەفحەی بێ گەردی
پارێزی ئەکرد لە بای بە وردی
لە توێی تاریکی شەدەی بێ خەوشا
وەك ئاوی حەیات جوانیی ئەدرەوشا

<u>**هەورامی ( ١٥٨ )**</u>

غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا:
وەسەفات پەرێم خەدەنگی شانا [٥]
ئەو سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردەم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردەم [٦]

<u>**سۆرانی ( ١٥٨ )**</u>

لەبەر غەریبیم کەرەمی باری
هاوێشتی تیرێ بۆ من بە دیاری
هەرچەن وەك یاران گیانی خۆم پێدا
باش بوو بە دیاری تیرێکی لێدا

<u>**هەورامی ( ١٥٩ )**</u> [١]

دەرد وەبان دەرد زامان کاری
گرد جەلام جەم بی، یە تەشریف ماری
ئای یە چیشت کەرد تەشریفت ناوەرد؟
دەردت دا وەدەرد ، مەینەت ماتەم کەرد [٢]

<u>**سۆرانی ( ١٥٩ )**</u>

دەردی دوای دەردی دەردی نهێنی
گشتی کۆ بووم لام تۆ تەشریف دێنی
چیت کرد ئەمە تۆ ؟ ئای بۆ نەهاتی
دەردت دا بەدەرد، خەم بەمەینەتی

---

[٣] ئەم بەیتە لێرەدا (ك) و لە (پ) دا نی یە ئەم بەیتە دیسان لەپارچەی (خەرامان ئاما نەتۆی پەردەوە) دووبارە بۆتەوە.

[٤] کچەکە لەناسکیدا ئاوی حەیاتەو لە توێی تاریکایی دەواری رەشدا ئەبریسکێتەوە، (ئاوی حەیات لە تاریکایی دایە).

[٥] جوانی یەکەی بەجۆرێکی کوشندە وا کاری تێ ئەکا وەکو یاران گیان دەدا بەدەستەوە، بەڵام لەناو یاراندا تیرێك بە تایبەت بۆ یادگار دەگرێتە مەولەوی.

[٦] ئەم قەصیدەیە یەکێکەلە قەصیدە شاکارەکانی.

[١] لەسەر فەرموودەی (م) بۆ کچە بەگزادەیەکی جافی (ئامینە) ناوناسراوە، کچی شیریی مەولەوی بووە، گفتی داوە بە دیدەنی بچێ بۆ لای مەولەوی و لە دواییدا نەچووە، کچەکە بەنامەیەك عوزرخواهیی نەهاتنەکەی بۆ دەنوسێ و داوای چاوەزارێکیشی لێ دەکا، لە دەستنوسەکەی نەجمەدین مەلا دا بۆ ئامینە خانی ژنی بارام بەگە. وەلەنوسخکەی مەریوانیدا بۆ پەریز خانمە.

ئیسەیچە دیدەم ؛ چەم هاوە ڕاوە
هەڵای سەر وەشم بەو تەمەنناوە
ئەمرت موتاعەن ( اطعنا ) وەندم
دوعای چەمە زەخم جە پیران سەندم [٣]
تەعویز بەند ڕیشەی دڵەی سەد پارەم
بەرگش : پەڕەی جەرگ وەدەرد ئاوارەم [٤]

هەورامی (١٦٠)

( حافظ ) بۆ وەعشق مەستان ( یاهو ) و
بپێچەش نەدەور باهووی بێ ئاهوو [٥]
ئینە عادەتێن وەزاهیر ئامان
وەرنە هەی سەر خێڵ ؛ نازك ئەندامان؛
تۆ ئیند نازکیت جەحەد و یەردەن
بینایی خەیاڵ ڕاگەش گوم کەردەن
سەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وەچەم
دیدەی بەد دەردش نادیاری بۆ
جەکۆ موینۆت؟ تا لێت کاری بۆ

ئێستاش دیدەکەم ؛ چاو بەڕاتەوە
هێشتا سەرخۆشم بەو ئاواتەوە
ئەمرت لەسەر سەر ( اطعنا ) خوێندم
نزای چاوەزار لە پیران سەندم
قەیتانی: ڕیشەی دڵەی سەد پارەم
بەرگی : پەڕەی جەرگ بەدەرد ئاوارەم

سۆرانی (١٦٠)

مەحرووس بە عەشقی مەستانی ( یاهو ) و
بیدە لە دەوری قۆڵی بێ ئاهوو
ئەمە خوویێکە باوە لە لامان
ئەینا سەر خێڵی ناسك ئەندامان ؛
تۆ هێند ناسکیت لەحەد دەرچووە
بینایی خەیاڵ ڕێی لێ گوم بووە
بە جوانیت سەفای جامی جەم شکا
مەگەر دیدەی بەد خۆی تیا بەدی کا
دیدەی بەد دەردی نادیاری بێ
لە کوێ ئەتبینێ؟ تا لێت کاری بێ

---

[٢] واتە: بەم نەهاتنەت دەرد دا بە سەر دەرداو مەینەتت خەمبار کرد. لە (م) دا لە جیاتیی (مەینەت) نووسراوە. (منت) بەڵام زۆر دوورە.

[٣] خۆی بەشایانی ئەوە نەزانیوە چاوەزاریکەی بۆ بنوسرێت، بەخەیاڵ چووە بۆ لای پیری کە چاوەزاری بۆ بنوسێ.

[٤] دەزووی بەستنی چاوەزارەکەی ڕیشەو ڕەگی دڵی پارچە پارچە کراوی مەعدوومەو بەرگەکەشی پەڕەی ئەو جەرگەیەتی کەبە دەرد ئاوارەیە.

[٥] (مەستان یاهوو): ئەوانەن کەمەست و سەرخۆشی زیکرو فیکری خوای گەورەن بە (یاهوو-یا الله) هەمیشە یادی دەکەن. (باهو) : مەچەك، بازو، قوڵ. بێ ئاهو: بێ عەیب
لەهەموو دەستنووسەکاندا ئەم پارچە هەڵبەستە هۆنراوەی مەولەوی یە ، بەڵام لە تاقە نوسخەیەکدا کە مامۆستا محەممەد عەلی قەراداغی لە (شارۆی باخچەی مەولەوی) دا نووسیوویەتی دەڵێ: ئەم پارچەیەو پێنج بەیتی تر -لەو تاقە نووسخەیەدا- بۆخاڵۆی کۆماسی تۆمار کراوە، ئەمەش وانی یەو ناڕاستە.

**هەورامی ( ١٦١ )** [١]

پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا
پەروین دائیرەی خورشید تەزین دا [٢]
جای ناخوون وەخوون ئەو گۆنای بێ گەرد
نیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ کەرد [٣]
شیرینیی قامەت قیامەت نەومرد
سەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد [٤]

**سۆرانی ( ١٦١ )**

رشتەی لۆ لۆی ئەشك ئاڵۆزانەوە
پەروین گۆی ڕۆژی ڕووی ڕازانەوە
خوێنی جێ نینۆك لە ڕووی وەكو گوڵ
نیشانەی مانگی خەم و دەردی دڵ
حەشر ئەنگێزێ جوانیی قامەتی
فەرزی كرد سەڵای بە رگی ئازیەتی

**هەورامی ( ١٦٢ )**

هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ
حەڵاڵیی كاڵای ماتەم پۆشان بۆ [٥]

**سۆرانی ( ١٦٢ )**

سا فتوای شەرعی بادە نۆشانە
حەڵاڵی كاڵای ماتەم پۆشانە

---

[١] بەهۆی مردنی ئافرەتێكی جافەوە وتراوە كە ناوی پەریزاد بووە.

( ٢ ) پەشێوی : ئاڵۆزی ، ئاڕێكی، تێكچوو. نەزم : هۆنراوە، ڕێك و پێك. لە (نظم ) ی عەرەبی یەوە هاتووە. لۆ لۆ-یا لوو لوو-: مرواری ، پەروین : ئەستێرەی كۆ ( كوكب الثریا ) . دائیرەی خورشید: بازنەیی خۆر. واتە : مردنی ( پەریزاد ) شێواوی و ئاڵۆزی دا بە ڕشتەوە بە هۆنراوەی مرواریی فرمێسكی ئافرەتەكان. وە لەهەمانكاتدا دەنككە دەنكەی فرمێسكەكان. وەكو ئەستێرەی كۆ (ثریا ) بوون بە هۆی ئەخشاندن و ، ڕازاندنەوەی گۆی خۆری ڕووخساریان.

بە بۆ چوونی من وشەی ( خورشید ) لەبەیتەكا بە مانا ئاسمانە ( ئەگەر ئەم مانایە لە زباندا ڕەوان بێ ) دیارە هەموو ئاسمانێك دائیرەیەو خڕە .واتە: پەروین گۆی ئاسمانی ڕوویانی ڕازاندنەوە، بەم مانایە بەیتی دواوەوە بە جوانی مەعناكەی دەردەكەوێ.

[٣] ئەو : ( ف ) : ئەو . واتە : نازداران لەم شیوەنەیاندا نینۆكی شێوە هیلالی یان گێرد دەكرد لە ئاسمانی ڕوومەتیان و یەكسەر خوێنی تێ دەزا. ئەم خوێنە سوورە كەلەو شوێنە هیلالی یەدا پەیدا دەبوو، نیشارەی دەكرد بۆ مانگی یەكشەوەی مەینەت و خەمی دڵان. ( م ) : ( ئەمە نیشارەتە بەوە كە ئەستێرە ژمێرەكان ئەڵێن ( هەر مانگێكی یەك شەوە ڕەنگی سوور بنوێنێ نیشانەی شەڕو شۆڕە ) ).

[٤] (قامەت) : دوو مانای هەیە: مانای نزیكی: بەژن و باڵا. مانای دووری: قامەتی نوێژی فەرز ، كەئیمام لە پێش دابەستنی نوێژدا دەیخوێنێ وە هەروەها (صەڵا) مانای نزیكی گریان و زایەڵەیە ، مانای دووری نوێژە. واتە: (م) : (وەك چۆن بەدوای (قامەت) كردنا نوێژی فەرز دێ . بە دوای قامەتی ئەو نازدارە كۆچ كردووشا پۆشینی بەرگی ماتەم فەرز بووە) ماناكەی كەیان ئەمەیە: شیرینی و جوانیی بەژن و باڵاكەی كە قیامەتی هێنایە بەرچاومان بانگ و سەڵای بە شیوەن كەرەكان بەرز كردووەو جاڕیان دا: فەرزە لە سەرتان بەرگی ڕەشی ماتەمینی لەبەركەن.

| | |
|---|---|
| وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە | شەنگ ئەو باڵا ئا بەو کاڵاوە |
| بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە | وازبێنە تۆ لەو کاڵا و باڵاوە |
| حەیات جە ( ظلمات ) جیا نمە بۆ | حەیات لە زوڵمەت جیا قەد نابێ |
| کاوە وەبێ بەرگ سیا نمە بۆ [٦] | کەعبەش بێ بەرگی سیا قەد نابێ |
| <u>هەورامی ( ١٦٣ )</u> [١] | <u>سۆرانی ( ١٦٣ )</u> |
| خاڵۆی سەر دەفتەر ؛ نازك خەیاڵان؛ | خاڵۆی سەر داری ناسك خەیاڵان |
| دێباچەی کتاو ؛ ساحیب کەماڵان؛ [٢] | دێباچەی ڕەشتەی خاوەن کەماڵان |
| پاك نەخەوش و خار شێوەی نەفسانی؛ | دوور لەڕەوشتی شێوەی نەفسانی؛ |
| پانە ڕای سلووك غەوسی گەیلانی؛ | پێ لەڕێی ڕەویەی غەوسی گەیلانی؛ |
| سەواد نامەی سووورمە سات یاوا | گەیی نامەکەی وەکو سوورمەت زوو |
| دڵ وەمەیل مەیل وەدیدەی ساوا [٣] | دڵ بە میلی مەیل لە دیدەی هەڵسوو |
| بینیایم وەچەم باز ئاوەردەوە | بینایی چاوی بۆ گێڕامەوە |

---

[٥] بە پێی یاسای (جلب المصلحة اقوی من دری المفسدة ) پێویستە فتوای شەرعی دەرکرێ بۆ حەڵاڵ بوونی بادەو جلی ڕەش لەبەر کردن، چونکە بەم دوو شتە خەڵکەکە لە مردن ڕزگار دەبن.

[٦] ئاوی حەیات ئا ئاوی ژیان لە تاریکایی جیا نابێتەوە ، وەك چۆن کەعبەی بەبێ بەرگی ڕەش قەد نابێ.

دەك ماڵی خەیاڵی سیحرت ئاوا بێ مەولەوی !!!.

(١) ئەم قەصیدەیە لەلایەن مەولەوی یەوە وەڵام بۆ نامەیەکی خەلیفە کەیخەسرەوی ئیمامی، (ئیمامی: هۆزێکە لەسەر قەراغی لایچەپی ڕووباری سیروان، پاڵی داوە بە ناوچەی تاوەگۆزە یەوە، داخی گرانم نامەکەی خەلیفەمان چنگ نەکەوت ، وەکو لە شیعرەکانی مەولەوی یەوە دەردەکەوێ خەلیفە باسی چۆنێتیی ژیانی خۆی و داوای دۆعای خێری لێ ئەکا، خەلیفەی ناو براو لای شێخ (عبدالرحمان) ی طالەبانی تەریقەتی وەرگرتووە، لە ناوچەی ئیمامدا بە ڕەنجەشانی خۆی ژیاوە، پیاوێکی ژیرو وریابووە، شیعری تەڕو بەتامی زۆرەو بە داخەوە بوون بە خۆراکی مشك و مۆرانە.

لەساڵانی شەستەکاندا جەنابی مامۆستا مەلا سەعیدی زمناکۆیی لە ڕۆژنامەی (ژین) ی کاکەی فەلاحدا ئەم قەصیدەی داهاتووی تیادا بڵاو کردەوە.

[٢] واتە: خەلیفەی لای مەولەوی سەرتای زنجیرەی ناسك خەیاڵان و دێباچەی کتێبی خاوەن کەماڵانە.

(٣-٤) واتە: ڕەشی سوورمەی نامەکەتم بە کلچێوك و میلی مەیل و خۆشەویستیت هێنام بە چاومداو ، بینایی یەکەی سەر لەنوێ بۆ گێڕامەوە. (مەبەستی بینایی چاوی دڵ نەك چاوی سەر چونکە مەولەوی لە کاتی نووسینی ئەم چامەیەدا نابینا بووە) . وەهەروەها زیندووشی کردەوە.

مەردەبیم دییسان ئیحیام کەردەوە (٤)
نازك خەیاڵ و فیکرو زیکرو هۆش
ئەو شەوق و ، ئەو زەوق و، ئەو جۆش، ئەو خرۆش

مردبووم لەنوێ زیندوو ی کردمەوە
ناسك خەیاڵ و زیکو فیکرو هۆش
پڕ شەوق و زەوق و پڕ جۆش و خرۆش

**هەورامی (١٦٤)**

تەقریرو تەحریر-هام فەردەکەی فەرد!-
جوانیم و یەرد گرد چەنیی ویش بەرد [٥]
ئیسە پا بەستەی زنجیر پیریم
سەرگەردان گێج دەریای دڵگیریم
ئیستیدعا پەرێ دۆعای خێر کەردەن
منت نەجەرگەی خاسان شومەردەن
من وێم مزانوو کام تۆمێم کالان
یاران پەی هیممەت وەنەم مەلالان
بارێ (باری حەق) باوەرۆن نەرێت
سۆز سەرمایەی عەقیدەکەی وێت
بەرۆت وە (حضور) بێ خەم وە بێ باك
بە گفتار چاك بە کردار پاك
خالۆ! من لافاو تاوانان بەردەن
دۆعام ڕای دەرگای قەبووڵ گوم کەردەن
چ یارای نەفس بەر ئاوەردەمەن؟
یا ڕوو وە قیبلەی دۆعا کەردەمەن

**سۆرانی (١٦٤)**

واتە و نووسینم-هاوڕێی گیانیم!-
گشتی بەسەر چوو لەگەڵ جوانیم
ئێستا پێ بەستەی زنجیری پیریم
سەرگەرمی گێژی دەریای دڵگیریم
دۆعای خێرت لێ داوا کردبووم
لەگەڵ چاکانا ناوت بردبووم
من خۆم نەزانم کام تۆوم وەشان
یاران بۆ هیممەت ئەمکەن دەستنیشان
خوا بە لوتفی خۆی جووتی بکا بۆت
سۆزی سەرمایەی عەقیدەکەی خۆت
بت باتە (حضور) بێ خەم و بێ باك
بە وتەی چاك و بەکرداری چاك
سەیلی گوناهان-خالۆ!- منی برد
دۆعام ڕێی دەرگای قبووڵی گوم کرد
کەی ڕێی هەناسەی دەر هاورد نمە؟
یا ڕوو لە قیبلەی دۆعا کرد نمە [٦]

**هەورامی (١٦٥)**

تەن زەلیل، دڵ دیل، بەدەن عەلیلەن

**سۆرانی (١٦٥)**

تەن پەستە ، دڵ دیل، جەستەم زەلیلە

---

[٥] واتە: هاو فەردی تاقانەم! هەموو تەقریرو تەحریر و تەحریم لەگەڵ جوانیی و گەنجیمدا ڕۆیی و نەما

تەقریر: دەرس وتنەوە بە فەقێ. تەحریر: نوسینی ئەدەب و زانست...

[٦] ئەم بەیتەو پێنج بەیتی پێش ئەم بەیتەوە لەو نامەیەدا کە بۆ مەحمود پاشای جافی نوسیووە (تەقریبا) بەم دەقەوە بڵاوبۆتەوە

چەمە ڕای ڕاگەی ڕای ئیزرائیلەن [٧]
ڕا دوور تاریك، مەنزڵ خارو سەنگ
بێ تۆ شەو چرا، بێ ڕەفیق دڵ تەنگ
مەر وە بۆ وەی نەفەس خاڵۆی گیانیوە
یا وە سۆز پیر (تاڵەبانی) وە
بو یوورن، وەرنە ڕای گوزەر تەنگەن
قافلەکەم تا (قام) (قیامەت) لەنگەن [٨]

چاوەڕێی چر پەی پێی عزرائیلە
ڕێ دوور تاریك ، مەنزڵ خارو سەنگ
بێ چرا، تویشوو، بێ یارو، دڵ تەنگ
مەگەر بەفەڕی خاڵۆی گیانیوە
یا سۆزی پیری تاڵەبانیوە
تێپەڕکەم ئەینا ڕێی گوزەر تەنگە
قافلەم تاڕۆژی (قیامەت) لەنگە

<u>هەورامی (١٦٦)</u> [١]

خاڵۆکەی گیانی!... خاڵۆکەی گیانی!
نازك خووی خەیاڵ خاڵۆکەی گیانی !
بێ ڕیاو ڕەیب دوور جەنەفسانی!
عیسەوی ئینساف بەحر مەعانی!
شوورای سینە ساف گە نجینەی ئەبیات!
جواهیر فرۆش، بەخشنەی نەجات!
سەرمەست بادەی ڕۆی (یوم الست)!
دوور جەواتەی نەفس پەلید سەرمەست
پەی نێکی هوشیار پەی بەدی خامۆش
مەی نۆش ! مەی فرۆش ! دەروون پڕ جۆش!
سەر حەلقەی جەرگەی تاعەت گوزاران!
ئوستاد سەرمەشق دەروون ئەوگاران!
نامەی پڕ سەفات وە لام کیاسەن

<u>سۆرانی (١٦٦)</u>

خاڵۆکەی گیانی !... خاڵۆکەی گیانی!
ناسك خوی خەیاڵ ، خاڵۆکەی گیانی!
بێ ڕیا و دوو دڵ، دوور لە نەفسانی!
عیسەوی ئەنفاس!، دەریای مەعانی!
شوورای سینە ساف! ، گە نجینەی ئەبیات!
جەواهیر فرۆش! ، بەخشندەی نەجات!
سەرخۆشی بادەی ڕۆژکەی (الس) !
دوور لەهەوەسی خووی ئەفسی سەر مەست!
بۆ چاکە بە هۆش، بۆ بەدی خامۆش
مەی نۆش ! مەی فرۆش ! دەروون پڕ لەجۆش!
سەر حەلقەی جەرگەی تاعەت گوزاران!
سەرمەشقی عەشقی دەروون ئەوگاران!
نامەی پڕ مەیلت گەیشتە دەستم

---

[٧] چاوەڕێ کردنەکەی لەمەستێکی پاکی بێ خەوشەوە بوو، چونکە بەچەند ڕۆژێك دوای نوسینی ئەم نامەیە لە (١٣٠٠) ی کۆچیدا ئەدەب و شیعرو زانینی بەجێ هێشت.

[٨] مەولەوی بەم بەیتە لە کۆتایی زۆر قەصیدەیەوە دووبارەی ئەکاتەوە.

(١) ئەم چامەیەش لەلایەن خەلیفە کەی خەسرەوەوە وەڵامە بۆ نامەیەکی مەولەوی، وەیا وەڵامە بۆ ئەم نامەیەی مەولەوی کە تائێستا نووسرایەوە، واتە: وەڵامی وەڵامە.

گۆڕینەوەی ئەم نامانە لە نێوان مەولەوی و خەلیفەدا ڕێکەوتی ساڵی (١٣٠٠–ك) کردووە، کەلەم ساڵەدا مەولەوی لە دنیا دەرچووە، لەوانەیە ئەم نامەیەی دوا نامەی نووسینی بووبێ.

سەد شوکر ( الله ) ئاواتم واستەن

زیندووی کردەوە ئاوات و هەستم

**هەورامی ( ١٦٧ )**

( ماشەڵڵا ) جەبەزم نەزم نەبیاتت !!
جە سۆز نامەی پڕ فتوحاتت!!
دووریت دیارەن مدۆ ئازارم
خاڵۆ ! وەگیانت جە گیان بێزارم
تەماشای باڵای شۆخ شیرینت
سکەی سەفا بەخش شەیب نوورینت
دیك دەروونم ئاوەردەن وە جۆش
گا مات، گا مەجنووب، گا جۆش ، گا خرۆش
گا فەوت ، گا فانی، گا سۆز، گا نەجات
هام نەخۆف و بیم حەیاتا و مەمات
( لیلە ) وە هەر حاڵ، ( سیروان ) ئادا پەی
هاوار وەماڵم وەی وە یانەم وەی [٢]
من نە گەردەلوول گێج ( ولۆمر ) دا
دوو دەست حەسرەت مدوو وەسەردا [٣]
هام نەکەف و کوڵ قەڵەمزەی ( سیروان )
توتیای فەرقم بەحر بێ سامان

**سۆرانی ( ١٦٧ )**

ئای ئای لەبەزمی نەزمی نەبیاتت
لەسۆزی نامەی پڕ لە حەیاتت
دووریت دەردێکە ئەدا ئازارم
خاڵۆ ! بە مەیلت لە گیان بێزارم
تەماشای باڵای شۆخی شیرینت
شێوەی فەڕ بەخشی سەفحەی نوورینت
دیزەی دەروونی وا هێنامە جۆش
گامات و، مەجزووب ، گا جۆش، گا خرۆش
گا فەوت و فانی، گا سۆز، گا نەجات
من وام لە ترسی حەیات و مەمات
( لیل ) ە بەهەر حاڵ، سیروان ئادا پەی
هاوار بە ماڵم وەی بەماڵم وەی
من لەگێژاوی گێژی ( ولۆمر ) دا
دوو دەستی حەسرەت ئەدەم بەسەر دا
لە کەف و کوڵی قەڵەبەزەی سیروان
کزو ئەسیری دەریای بێ سامان

**هەورامی ( ١٦٨ )**

ئاخم پەی فەردت، داخم پەی دەردت
ئاهم پەی حەسرەت هەناسەی سەردت
بەسەندن نی یەن تا وێم وە دڵ تەڕ
جەوانیت جە نۆ بسانوو وە زەڕ
وەجەستەم هاوار دەسەڵات چیشەن؟

**سۆرانی ( ١٦٨ )**

ئاخم بۆ فەردت، داخم بۆ دەردت
هاوار لە کزەی هەناسەی سەردت
بەسەندن نی یە تاخۆم بەدڵ تەڕ
بگێڕمەوە بۆت جوانیت بە زەڕ
بەجەستەم هاوار کێ؟ چارەی پێ یە

---

[٢] لیلە: ئاوێکە لەسەرووی (سەرشاتە) وە بە خوڕی دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە.

[٣] گێژی (ولۆمر): سیروان کەدەگاتە ئاستی شەمێران لەبەردەمی دێی ئاوبراودا تەنوورێك دروست دەکا پێی دەڵێن : (گێژی ولۆمر).

| | |
|---|---|
| مەۆش ببەرۆش پەرواش جە کێشەن؟ [٤] | دەبێ هەر بیبا ، پەروای لە کێ یە؟ |
| سەد ڕەحمەت وە رۆح ساف بێ عەییت | ڕەحمەت لە ڕۆحی سافی بێ عەییت |
| وە باقی ئەو ساف نە پەردەی غەییت | لە گشت ئەوصافی تونێی پەردەی غەییت [٥] |
| چ وەسوەسەی خۆف ئیمان وێشەن | بۆ بیرو بڕوام دوور لە ئەندێشە |
| بەو دڵە قایم پیرم دەروێشەن | بەوە دڵخۆشم پیرم دەروێشە |
| هەورامی ( ١٦٩ ) | سۆرانی ( ١٦٩ ) |
| ( کە یخەسرەو ) ( غەرقاب ) عصیان وێشەن | کە یخەسرەو ( غەرقاب ) تاوانەکەیدا |
| ئەگەرداب گێج بێ حەد ئەندێشەن [٤] | لە ناو گەرداوی گێژی بێ پەیدا |

[٤] لەم بەیتەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مەولەوی لەنامەکەیدا - کەبەداخەوە دەسمان نەکەوت – ئەڵێ: میوانم هەیە، وە دیار میوانەکەیشی عیزرائیلە

[٥] ئەم بەیتە لە شوێنی (فاتیحە) دا یە ؛ وەك وتبێتیان مەولەوی مرد، ئەویش بلێ ڕەحمەت لە ڕۆحی ..(الفاتحە).

[٤] ((غەرقاب). غەرق ئاب ، غەرقی ئاو) ؛ خەلیفەی خوالێخۆشبوو بە سێ ساڵ پێش مردنی بە ئیلهامی دڵ ی خاوێنی و وشەی (غەرقاب–اب) دەکا بە مێژووی ساڵی مردنی کە بە پێی پیتی ئەبجەدی دەکاتە (١٣٠٣–ك) واتە بە سێ ساڵ دای مردنی مەولەوی ماڵ ئاوایی لە ژیان دەکا. هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی پڕ لە نووریان.

خەلیفە ڕۆژێ لەگەڵ چەند کەسێکا، بۆ جێ بە جێ کردنی کارێکی تایبەتی خۆی –بەسەر ئاوی (لێڵە)وە دەپەڕێتەوە، دەبینێ پردەکە لە گۆشەیەکیەوە کونێکی گەورەی تیادا پەیدا بووە، فەرمان ئەدا کەبەردێك بێنن کونەکەی پێ بگرن نەك پێی زەلامێ یا وڵاخێکی پیادا بچێت یەکێك لە زەلامەکانی تەکی دوور بە دوور لەبەرزایی یەکەوە بەردێك هەڵئەدا، یەك دوو داری پردەکە دەشکێ و، خەلیفە دەکەوێتە ئاوەکەوە و دەیبا، چاویان لێ ئەبێ دەکەوێتە ئاوی سیروانەوە، ئەمانیش بەهەڵە داوان هەواڵەکە دەگەیەنن، لە پێشدا بە ئیمامی یەکان ودوایی بە تاوەگۆزی و جا بە هۆزی ئەوڕۆڵی، گەورەو بچوکی پیاوانی ئەم سێ هۆزە بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی لەهەردوو بەری ئاوی سیروانەو بەدرێژایی دەیان کیلۆ مەتر بڵاو دەبنەوە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژی تەواو بەگەرم بۆی دەگەڕێن و نایدۆزنەوە، نائومێدی بەسەر دڵیاندا خێمە هەڵئەداو دۆش دا ئەمێنن، سیروان ئاڵۆزەو تەوژمی شەپۆلەکانی بەتوڕەیی یەوە بای مەئیوسی دەدا بە ئەژنۆیاندا و چارەیان نامێنێ، وەئەمەش ئاشکرایە نابێ دەست لەگەڕان هەڵبگرن و لیّ ی بکشێنەوە و کۆڵ بدەن.

لەگەرمەی ئەم بیرو ئەندێشەیەدا دەبن، لە پڕ موژدەی خۆشی بە ڕوویاندا پێ دەکەنێ و خوای خاوەن بەزەیی لایان لێ دەکاتەوە، خزمێکی مەولەوی کەلەم ڕووداوە بێ ئاگا ئەبێ پەیدا ئەبێ و تێ دەگا مەسەلەکە چێ یە، ئەڵێ دوام کەون من شوێنەکەی ئەزانم ، کەدەگەنە گێژەکەی بەر دێی (وڵوەر) هەڵوێستێك دەکا دەڵێ لەم گۆمەدایە، مەلەوانەکان پەت بە خۆیانەوە دەبەستن و بە کارامەیی خۆیان

بەرزیی خاڵ و میل بەگوڵان ڕەشتە[1]
خاکی بەڕەنگێ لا لە ئاغوشتە
شەونم کەبادەی شەو بێدارانە
فرمێسکی دەیدەی دەردەدارانە
پرشەی تافی ساف سەراوانەکەی
بووکی گوڵاڵەی بێ باوانەکەی
چەن جۆی خاوەن جۆی گرۆی ڕەنجەڕۆی
ڕوو لە پای ( دەجلە ) ی بێ بەینەت و شۆی
وەك دیوانەی شۆر ئازیز لەسەردا
سەری خۆی ئەدا بە دارو بەردا
هیچ کەس پێی ئاڵێ چەشمەت ئاوا بێ
توخوا لێی گەڕێن جارێ با وابێ

---

هەڵئەدەن بۆ ناو قوڵایی ئاوەکە، دەبینن خەلیفە بە پێوە ترنجاوەتە نێوان دوو تاشە بەردەوە، وەهەردوو دەستی نووساندووە بەسەر یەوە، دەنگی (الله اکبر) و (لااله الاالله) و سەڵەوات دان لەگەڵ دەنگی تەپڵی چەمەریدا گوێی ئاسمانی ئەو ناوە کپ و کەڕدەکا ، ئنجا پۆل پۆل خەڵکەکە لەتەرمەکە کۆ دەبنەوە ، لە دواییدا چەندین جار لە خزمەکەی مەولەوی دەپرسن، تۆ چۆنت زانی تەرمەکەی خەلیفە کەیخسرەوی خوا لێ خۆشبوو لەو گۆمەدایە؟ ئەویش دەڵێ سێ ساڵ پێش ئەم ڕۆژە خەلیفە خۆی لە نامەیەکدا کە بۆ مەولەوی نووسیووە دەڵێ:
لێڵە بە هەرحاڵ، سیروان نادا پەی
هاوار بە ماڵم وەی بەیانەم وەی !!
من لە تەنوورەی گێژی (وڵوەر) دا
دوو دەست حەسرەت ئەدەم بەسەردا
جانازنم ! تۆ چۆن لەم کارە دەگەیت و چ تەفسیرێك بۆ ئەم پەی بردن بە غەیبەی خەلیفە دا دەنێیت؟ .
خۆ نابێ به کاری جادووگەرێتیی بدەی لەقەڵەم ، وەیا بە ڕێکەوتی بزانی.
[1] ئەم پارچەیەو پارچەی (١٠٧) ی دواوە لەدەستنووسێکی دیوانی مەولەوی دا بوو، کەلە لایەن نەناسێکەوە لەهەورامی یەوە لەدەوروبەری ساڵانی (٢٩) و(٣٠) ی (١٩٣٠) دا کرابوو بە سۆرانی، هەورامییەکەی تیادا نەنووسرابۆوە، ئەم نوسخەیەم لەلایەن شاعیری خۆشەویست و نیشتمان پەروەر (ع،ع، شەونم) ەوە دەست کەوت، ماوەیەکی زۆر لام مایەوە.

ئای بۆ دڵسۆزێ وەك من بسۆزێ [1]
كوشتەی نەورۆزێ خەم خواری هۆزێ
لەم بەهارەدا لە ( شیروانە ) وە
رووبكاتە ( سوورکێو ) بەرووی ( بانەوە )
( سیروان ) ئەملای وهەردوو ( زێ ) ئەولای
ئنجا ببینیٚ كردەوەی خوای

مەلا حامیدی كاتب [1]
آسمان گر خون ببارد بر وفات ( مولوی )
زیبد ار برگ سیه پوشند اهل دنیوی
مجمع علم و عبادت مخزن صدق و صفا
مظهر عقل ودرایت میر ملك معنوی
پیر و شرع محمد شیخ اولاد حسین
سالك راه گریقت در گریق اخروی
فارس نظم و قصائد در حقیقت در مجاز
ریزه و چین خوان جودش صد امی دهلوی
بهر تاریخ وفاتش انقدر كردیم فكر
كاسمان ( غش ) كرد بر مرگ جناب مولوی [2]

مەحویی نەمر [1]
دەوری هەر چاوێكی ئەمڕۆ داوە سەد فەوجی بەلا
دین و دڵ یەغما دەكەن، چاری بكەن، شێخ و مەلا
وەسیەتی مەجنوونە : هەركەس دەردی دنیا عارە بۆی

---

(١) بە داخەوە مناسبەی شیعرەكە نەزانرا.

[1] ئەم قەصیدەیە لەلایەن خوالێخۆشبوو مەلا حامیدی كاتبی شێخی (سراج الدین) (قدس سره) بی بۆنەی لەدنیا دەرچوونە مەولەوی یەوە ووتوویەتی.

[2] وشەی (غش) كە بریتی یە ئەبجدی ئەكاتە (١٣٠٠) ی كۆچی مێژووی مردنی جەنابی مەولەوی یە (قدس الله روحه العلیه).

[1] بەبۆنەی مردنی مەعدوومەوە مەحویی نەمر بەم هەڵبەستە دەی لاوێنێتەوە.

خۆ بکا وەك من بە دەردی عەشقی یارێ موبتەلا
کۆتری دڵ ، چەنگولی بازی قەچا یەعنی موژەی
دی ، بەزولفی چوو پەنا با، کەوتە نێو داوی بەلا
وەقتێ نوێژی سەر جەنازەی بۆ شەهیدی عەشق دۆست
مەوج ئەدا ئەم ئاسمانانە لە دەنگی ( الصلا )
تا نەبووری تۆ لەسەر ، ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لە پێشی پێ دەبێ لەم ڕێگە دانێی ( اولا )
تورکی من کوشتار خانەی عاشقانی دی ، وتی:
( من بر نجی بریزید ) نێرە ( ایکنجی کربلا )
( مەحوی ) ئەمشەو ئەوپەڕی شێوەی لەخەو دیبێ دەبێ
بۆیە ( ئەمڕۆ مەولەوی کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا ) [٢]

---

[٢] نیوە ی بەیتی دوایی (امرۆ مولوی کەوتۆتە حاڵی حەلوەلا) بە ئیملای کۆن بە پێی پیتی ئەبجەدی دەکاتە (١٣٠٠) ی کۆچی ، بەرامبەر بە (١٨٨٢-١٨٨٣) ز . کە مێژوی لە دنیا دەرچونیەتی.

**هەورامی ( ١٧٠ )**

هامن هامن وار گەرمیش جۆش ئاوەرد
فەزای نەزم بەزم ئەو گولاڵان بەرد[١]
بووڵ وەیانەی جەم ئەو گولاڵان شەند
چەمەن بێ نەوای ناڵەی بولبول مەند[٢]
تای بەڕەزای شەنگ نەسای موغاران
شێونا چون زوڵف تەعزیە داران
ها، کاوان کاوان دڵ چون دڵڕێشان
هەڕ دان وەسەردا هەردان پەی وێشان[٣]
دووریت ئایر وست وەیانەکەی من
یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من

**هەورامی ( ١٧١ )**

هەوا ئایرین سەر وەخت ئایرین
دڵە ئایرین ، بەدبەخت ئایرین[٤]
وەی گشت ئایرەووەخەیاڵم خامەن
بەختم ئا پوختەن فامم نەفامەن
وەی بڵێسەوە گەردێم باقییەن
وادەی ئایرین بادەی ساقییەن[٥]

**سۆرانی ( ١٧٠ )**

وەك من ها، هاوین جۆشی هاتە کوڵ
شێوانی فەزای نەزمی بەزمی گوڵ
یانەی گولاڵان وا پڕ بوو لە خۆڵ
بێ نەوای بولبول چیمەن چۆڵ و هۆڵ
تای بەڕەزای شەنگ لە پێی موغاران
شێوا وەك زوڵفی تازییە داران
دڵی کەژ لەت وەك دڵی پڕ دەردان
قوڕیان دابەسەر خۆیانا هەردان
دووریت ئاگری خستە ماڵەکەم
واتە ماڵەکەی دڵ وێرانەکەم

**سۆرانی ( ١٧١ )**

هەوا ئاگرو سەرووەختیش ئاگر
دڵ هەر ئاگروبەدبەختیش ئاگر
بەم گشت ئارەوە خەیاڵم خامە
بەختم نا پوختەو ،فامم نەفامە
بەم بڵێسەوەیەك تۆز باقییە
ساسەرەی ئاگری بادەی ساقییە

---

[١] جۆش ، پ.م: زۆر. ئەو گولاڵان،(ف) و(پ.م) ئەو وەهاران.

[٢] بووڵ: خۆڵەمێش، جەم: جەمع، پ.م: خەم. بەڵام هەڵەیە. ئەوەش هەڵنەگرێ کەوشەی(جەم) (چەم) بێ. واتە بای گڕەی هاوین خۆڵی کردە چاوی گولاڵەکان و ژیانیان نەما.

[٣] ها: وتەی بێدار کردنەوەیە، (کاوان) ی یەکەم: بەرزایی یەکان. (کاوان) ی دووەم : قڵەشاوەتەوە، (دڵ) فاعیلەبۆ کاوان ی دووەم ، ئەم ڕستەیەش خەبەرەبۆ کاوانی یەکەم کە موبتەدایە. لەنێوان ( هەڕدان) و (هەردان) دا بە ئیملای کۆن( هردان–هردان) جیناسی تەواو هەیە.

[٤] کەش و هەوا: ئاگر، ئەم وەرزەش: هەر ئاگر، دڵیش هەر ئاگر، بەختی بەدیشم هەر ئاگر کەوتە لەناو ئەم چوار ئاگرەدا خوایە چۆن ژیان بەرمەسەر.

سابەعەشق پیاڵەی مەست چاوەکەت
بەو پەشێویی چین پای کڵاوەکەت
بابەی مەی بەڵکم ئایر مەستی
سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی

بەعەشقی مەستی پیاڵەی چاوەکەت
بەو تێکچوی چینی پای کڵاوەکەت
بابێ مەی بەڵکو ئاگری مەستی
بسووتێنێ باش خاشاکی هەستی

هەورامی ( ۱۷۲ )

من خەریك ئێش زام جیایی
نیشتەی گۆشەی تار مزگیی تەنیایی[٦]
گا مەشغوڵ زام، گا خەریك دەرد
گا رەفیق خەم، گا هەناسەی سەرد
گاسەر مەکەرۆ هوون نەچەمەی چەم
گاگا مەویەرۆ سێڵاونە دیدەم
گا زام ئاسۆر هیجران مدۆ چڵ
گا یاوۆ وەعەرش ئاه و ناڵەی دڵ
گائێش دووری مدۆم ژارمار
گاتیو فیراق مەکە رۆم لەتار

سۆرانی ( ۱۷۲ )

من خەریکی سوێی زامی جیایی
لەگۆشەی تاری نوێژگەی تەنیایی
گا خەریکی زام،گا خەریکی دەرد
گا هاودەمی خەم، گا هەناسەی سەرد
گا خوێن سەر ئەکا لە دووچاوەی چاو
گا گا لەدیدەم سەر ئەکا لافاو
گا زام ئاسۆری دووری دەدا چڵ
گا گەشتە لای عەرش، ئاه و ناڵەی دڵ
گا دووریت ئەیدا ئێشی ژاری مار
گا تیری جیایی دڵ ئەکا بیمار

---

[٥] واتە: بەژن و باڵای لەشم بەم هەموو بڵێسەوە خەریکە نەمێنێ و یەکتۆزم ماوە لەژیان ماڵئاوایی بکەم وە ئێستا سەرەی بڵێسەو کڵپەی ئاگری جەنابی(ساقی)یە، کەواتەئەی ساقی! ساتۆش بەعەشقی پیاڵەی مەستی تاد وەرە ڕزگارم کە.

(ع.م) ئەفەرمێ( ئازیز سوێندت ئەدەم بەعەشقی پیاڵەی شەرابی چاوەمەستەکانت و بە تێکچووی زوڵفەکانت لە داوێنی سەروپێچەکەتەوە، پیاڵەیەك شەرابم بدەرێ، بەڵکو ئاگری سەرخۆشی پڵ وپووشی بوونم بەیەکجری بسووتێنێ و رزگارم بکا..)

[٦] بەپێی هێنانی وشەی (مزگی-مزگەوت) بابەتی قەصیدەکەدینییەولەڕوانگەی(تصوف) ەوەباسی پەرێشانی حاڵی خۆی ئەکا. وەك بڵێ من ئەوهەموو زوهدوئیعتیکاف وشەونخونیانە..ئەکێشم کەچی کەس نایە بەلاکمداوکەس رووم تێ ناکات. بۆیە پەنائەبا بۆ ساقی. لەوانەیە مەبەستی لەساقی خوای گەورەبێ. چونکە لەبەیتێکی دواوەدا. ئەڵێ: (جەماسیوای تۆ فاریغ بۆ حاڵم) دیارە وشەی(گاسیوا) هەر بۆ خوایە بەتەنیا. واتە: من ئەناڵێنم وبەو ئێش وئازارانەوە ئەتلێمەوەکەزامی جیایی کاری تێکردووم و، نیشتەجێی گۆشەی تاریکی مزگەوتی تەنیاییم.

**هەورامی ( ۱۷۳ )**

ئەهاو زوانێ دڵداریم کەرۆ
ئەهاو قەتارێ دەسباریم دەرۆ
ئە حەکیمێوەن کەرو دەوای دەرد
ئە طە بیبێوەن جەدڵ لادۆ گەرد[٧]
سا ئیسە ساقی ! جەمین جام جەم!
وادەی ئاماتەن وەبان دیدەم
دەورێ دەر وە جام بادەی پڕ جەمەیل
بەڵ دەروون جەمەیل باڵات ببۆ کەیل
جە( ماسیوا ) ی تۆ فاریغ بۆ حاڵم
بەڵ ئەدۆم ئازار شووم خەیاڵم
مەکدڵ بۆ چەنی عەشق دیدارت
گیان کەروو فیدای دیدەی خومارت

**سۆرانی ( ۱۷۳ )**

ئەهاو زبانێ دڵداریم ئەکا
ئەهاو قەتارێ هاو باریم ئەکا
بۆ دەوای دەردم ئە پزیشکێکە
بۆ خەم رەوێنیم ها، ئەکەسێکە
سائێستا ساقی رووەمەت جامی جەم!
وادەی هاتنتە بۆ دیدەم بێ خەم[٨]
دەورێ بەجامی بادەی مەیلی تۆ
تا مەیلی باڵات دڵ پڕکا لەنۆ
لە( ماسیوا ) ی تۆ خاڵی بێ حاڵم
ئازارم ئەدا شوومی خەیاڵم
یەکدڵ بم لەگەڵ عەشقی دیدارت
گیان بکەم فیدای دیدەی خومارت

**هەورامی ( ۱۷٤ )**

ئەی گەهوارە دەور تای دەسرازەی خەم[١]
تاکەیسەر ئەنگوشت غەفڵەت ئەتۆی دەم ؟[٢]
بازیت پێ وەردەن هەریەك جەلایێ

**سۆرانی ( ۱۷٤ )**

لەلانکەی دەوری دەسرازەی خەمدا
سەر پە نجەی غەفڵەت تاکەی لەدەمدا ؟
ئەت خەڵەتێنن هەریەك لەلایە

---

[٧] (ع.م) لەکۆتایی هەردوو نیوەبەیتەکەدا(دەرد) نووسیوە، (ف): (گەرد) ی نوسیوە، دیارە ئەمەش ڕاستە. ئەگەر (حەکیم)و( گە بیب) خاوەنی یەك مەعناو هاو واژەبن ئەو نیوەی دووەمی بەیتەکە عە طفە تەفسیرەبۆنیوەی یەکەمی

[٨] جامی جەم واتە ئاوێنەکەی شای جەمشید( یەکێکە لەپاشاکانی ئێران) . ئەو جامە یا ئەو ئاوێنەیە لە دوورەوە هێزی دوژمنی بەدی کردووە.

[١] شاعیری خوا پەرست لەم پارچە هەڵبەستەیدا ڕوونەکاتە خۆی و ئەوانەی کە بیر پاشە ڕۆژی ئایندەی دواییان نییە.

[٢] گەهوارە:بێشکە ،لانکە. دەسترازە : فەرهەنگی خاڵ:
پەتێك یاپەتێکی هۆنراوەیە منالێ لەبێشکەدا پێی دائەپێچرێ. سەرئەنگوشت : سەرپەنجە. واتە(ع .م) (( تاکەی لەبێشکەی زەمانەدا کەتاڵی دەسرازەکەی لەخەم وخەفەت هۆنراوەتەوە، سەرپەنجەی بێ ئاگای وەك منداڵ ئەبەی بەدەمتا))

| | |
|---|---|
| سەدای دایەنان وەلایەلایی[3] | دەنگی دایە نان بەلایەلایە |
| های نەفەرقش هەن ئەوصەداو تەء سیر | های، لەسەریایە :( ئەو صەداو تەئسیر |
| تانەولاوناو ئەو مەزمو ئەوشیر | تالایەی ئەولا ئەو مەزمو ئەو شیر |
| هەر طیفلێ بێشك ئەی بێشك خەفتەن[4] | هەرطیفلێ بنوێ لەم بێشکە پووتە |
| جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن | لەم دایە بڕا ، بەو دایە جووتە |
| وەس خاکبازی کەر بێداربەر ئامان | بەسە خوڵبازی، بەسە سەر سەختی |
| بڕیانەوەی تویچ سەر وەختش ئامان | بڕانەوەی تۆش نزیکە وەختی |
| **هەورامی ( ١٧٥ )** | **سۆرانی ( ١٧٥ )** |
| هاوە قەفاوە یەند شی بەوێدا | واچووی بەیەکدا پشتت کۆم وخاو |
| چەم بێ بینایی مدیۆ وە ڕێدا[5] | ئەڕۆی بەڕێدا بێ بینایی چاو |
| قەزا وەقومار نە پای باختمەن | قەزا بە قومار تەمای دۆڕینمە |
| قامەت حەلقە بەست وەخت تاختمەن | تەن چەماو، سەری تالانی ژینمە |
| ( مطرب! ) سازەکەت ئۆف چ وەش تەرزبی | ئۆف( مطرب ) سازت باخۆش تەرزبێ |
| ئە مجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرزبی[6] | وەکو ڕابوردوو هەر وا بەرزبێ |
| تاکوورەی زاریم بلێسە سانۆ | تاکورەی گریەم شالاو بسێنێ |
| داخ لوای وێم جەدڵ نەمانۆ[7] | داخی کۆچی خۆم لەدڵ نەمێنێ |

---

[3] بازیت پێ وەردەن: گاڵتەت پێ ئەکەن، هەڵت ئەخەڵەتێنن دایە نان: کۆی دایەن واتە مذ دالْ یۆکفر ە لایەلایە: جۆرە ئاوازێکە دایکان ئەی لێن بۆئەوەی منالەکەی خەوی لێ بکەوێ.

[4] لە نێوان (بێشك و بێشك) دا بە ئیملای کۆن جیناسی تەواو هەیە. واتە خۆت بێ ئاگامەکە کە تۆ لەدایەی ئەم دنیایە بڕای یەکسەر لەگەڵ دایەی ئەو دونیا دا جووتی وە لەوێدا هەموو جۆرەحسابێکت بۆ ئەکەن، عەرەب واتەنی (ان شراً فشرُ وان خیرا فخیره).

[5] قەفاوە، مەریوانی: قەچاوە. شاعیر لێرەدا بەرانبەر بەخۆی ئەدوێ، واتە: وریابە ئەوەندە پشتت کۆماوەتەوە لەبەر پیری کەئەڕوانی بەملاولای خۆتدا هیچ چاوت نابینێ، ئەمەش ئەگەیەنێ کەمردنت نزیکە و خۆت ئامادە بکە.

([6] –٨ ) واتە : مگرب! ئۆف ئاوازی سازەکەت چەند دڵڕفێن بوو دەسا ئەمجاەش باوەکو جاران ئەو سازە پڕلە سۆزەت بەکاربێنە، بۆئەوەی کوورەی گریان وزاریم بلێسە بسێنێ و داخی مردنم نەمێنێ لەدڵدا، گرریان و شیوەن بۆمن هیچ دادێ نادا، لێم ڕوونە هیچ کەسێك دوای خۆم بۆمن وەکو خۆم بووم ناگری. ئەی هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕت. بۆخۆت و بۆ شیعرت.

| | |
|---|---|
| داد نمەدۆ دادشێن، مالوومەن لێم | شێن دادێ نادا وەکو روونە بۆم |
| دمای وێم پەرێم هیچ کەس وێنەی وێم[8] | کەس بۆم ناگری دواى خۆم وەکو خۆم |
| **هەورامی ( ١٧٦ )** | **سۆرانی ( ١٧٦ )** |
| بنچینەی شادیت جەدڵ بەر ئاوەرد[1] | رەگی شادیمت دەرهێنا لە بن |
| جەرای مۆڵەت دوور هەر چێوەت کەرد کەرد[2] | دوور لە بەزەیی! چیت نەکرد بەمن؟ |
| ئیسە ئەی تاڵی و قین گرتەت پەی چێش؟ | ئێستا ئەم تاڵی و قین گرتنەت بۆ؟ |
| ئەی تۆ بەستەی زام لابەردەت پەی چێش؟[3] | ئەم پەترۆیەی زام لابردنەت بۆ؟ |
| بار ئەی مەینەت گرد نەوۆ کافی؟ | ئەم گشت دەردانەت هەرنەبو کافی؟ |
| تەمای زیاد کەرد جەبێ ئینصافی[4] | تەمتای زیاتر بووی لە بێ ئینسافی |
| ترس بێ سامان زەحمەت جەلای من | ترسی پرسام و زەحمەت لەلای من |
| جەور دڵبەرەن مەنیەی ئەرای من | سزای دولبەرە ئەی خەیتە رای من[5] |

---

[1] دۆستێکی بەناڕەوا گلەیی لەمەولەوی ئەکا و ئەمیش بەنەرمی و بەشێوەیێك وەڵامی ئەداتەوەو دڵو دەروون ئەورووژێنێ.

[2] -٣ واتە تۆ ڕەگ وڕیشەی شادیمت لە بن دەرهێناو، ئەوەی کەکردت بەمن درێغیت نەکردو کردت، بەڵام ئازیزم! ئێستا ئەم قین و رقە بەرایەتییەت لەچی ولابردنی پەترۆ بەستووی سەر زامانمت لەچی وە بۆچی؟

[4] ع.م: بار. ف: بارێ، واتە: بەهەرحاڵ. ع.م تەمات، ف: زوڵمت. من وشەی(باریا بارێ) م لەگۆڕینەکەدانەنووسی. واتە بێ بەڵابی ئەم هەموو دەردوو خەم وخەفاتانە کە دات بەسەر شانمدا هێشتا بەلاتەوە کەم بوو، بەتەمای زیاتر بووی بەبێ ئینسافی.

([5] -٧) ئارریزم ! ئەوەی لەلای من سامدارو زۆر زەحمەتەو لێی ئەترسم سزاو جەفای دڵارەکەمە، تۆش ئەوەندە بێ بەزەییت و ئەوندە بێ ئینصافی ئەزانی لە چی ئەترسم و سڵئەکەم ئەوەئەخەیتە بەر پێم. لەئەصلەکەدا(رای من) واتە : ڕێگای من، (هەروەکو خۆی لە گۆڕینەکەدا نوسرایەوە) . لەگەڵ ئەم هەموو سزایانەدا کە بەمنی ڕەجوا ئەبینی هێشتا سەرەڕای ئەوانە ئەڵێی : نەگریت خواردووەو نەبۆنی ئێشی شەمامەی عەشقت کردووە.

ع. م لەم بەیتەدا لە ڕاڤەکەیدا – وەکو من– ئاماچەی نەکردووە بۆ ووشەی(ئێش) ئەم ووشەیە مەعنایەکی زۆر گرنگی هەیە، ئێرە شوێنی نییە.

هەڵای هەر ماچی گیرت نەوەردەن
بۆی شەمامەی ئێش عەشقت نەکەردەن
من دەردم بێ گاز ناز دڵگیرەن
دەوای زامانم زامداری تیرەن

پێم ئەڵێ ی هێشتا تۆگیر نەخواردووی
بۆنی شەمامەی عەشق نەکردووی[6]
دەردم بێ گازی نازی دڵگیرە
دەوای زامانم زامداری تیرە[7]

هەورامی (١٧٧)

بێ شەرتیش : دۆسی ، قارش :وەفامەن
مەزەی تین: لەزەت ، جەفاش : صەفامەن
ئەر هەر سات دەردێ دەردیۆ تەرچەنی
بەیۆ، ماچوون: ئاخ پەی دەردیۆ هەنی[8]
ئامانە ئەردیت بالاّ عەرعەر تەرز
عەرض کەرنەك جارێ وەسەد سۆز بەرز[9]
بەدڵ وەش کەرۆ مەینەت گازەکەش
زۆر دۆ وە بازووی غەمزو نازەکەش
پەیا پەی پەی پەی نەدڵەی تەنگدا
مەر خەندەگ بەرۆ وەجای خەدەنگدا

سۆرانی (١٧٧)

سزای : دۆستی، قەهری: وەفامە
مەزەی قین: لەزەت، جەفای: صەفامە
گەر دەرد لەدوای دەرد بێتە پێشوازم
من بۆ دەردێ تر خۆزگە ئەخوازم
گەردیت دەخیلم بالاّ عەرعەر تەرز
بڵێ-نەك جارێ- سەد سۆزی بەرز
بەڵکو دڵ خۆشبێ مەینەت گازەکەی
هێزدا بەبازووی خەمزو نازەکەی
پەیا پەی زوو زوو لە دڵەی تەنگدا
هەر باوێ خەدەنگ بەدوای خەدەنگدا

هەورامی (١٧٨)

ئێمشەودیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەنتوور کەڵەم وەگەرمەن[1]

سۆرانی (١٧٨)

ئەمشەو دیارەبانگم بێ شەرمە
سەمتووری کەلام زایەڵەی گەرمە

---

له بەیتی(٦)مدا مامۆستا ع.م (پەیکار) ی نووسیەوە، واتە جەنگ ونەبەرد. (ف) و(گێلاس:):((بێ گاز)) ی نووسیوە ، من ئەمەی (ف)و(گێلاس:)م لاڕاستە. واتە دەردەکەی من ئەوەیە گازی نازی دولبەر نییە گیر بێ لە جەرگ و دڵم ،من دەرمانی زامانم ئەوەیە تیری (ولبەر تیرم تێبگریت و زیاتر بریندارم بکات. هێشتا وەکو ئەڵێی نەگیرت خواردووە، وەنەبۆنی شەمامەی عەشقت کردووە. گیانەکەم ! ئێستاکە دەردەکە من ئەوەیە بێ گازی نازی دولبەرم و دەرمانی زامەکانم ئەویە بەتیرەکەی خۆی زامدارترم بکا.

[8] واتە یاربێ شەرتییەکەی لای من : دۆستییە، قارو فیتی: وەفایە، مەزەی قینی : لەزەتە، جەفای: صەفایە.

[9] ئەگەر هەرسات لەلایەن دۆستەوە دەردێ ڕووم تێکات

سەدای زەیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادییەن خەم دەماغ بەرزەن
هۆشم بیٚ هۆشەن فامم قامەت قاخ
بۆی دووری ئازیز مەیۆم نەدەماغ[2]
ئەیچی ! درەنگەن سامەکەردرنگ
فیدای پەنجەت بام ئەی باوەر وەدنگ
هەرتەرزێ پەی وێش بکەرۆ رازێ
گیرۆنەدەروون هەرسازێ گا زێ[3]

زیل وبەمی خەم دەنگی سەد تەرزە
خەفەت شادمان ، خەم دەماغ بەرزە
هۆشم بیٚ هۆش و فامم ناپەرداغ
بۆی دووری ئازیز ئەدا لەدەماغ
دەنەیچی، زووکەدرەنگە درەنگ
فیدای پەنجەتم ئەی بهێنەدەنگ
هەرتەرزێبۆخۆی بابکا رازێ
بابگرێ لەدڵ هەر سازێگازێ

## هەورامی (١٧٩)

بچۆشۆ هەرکەس وەقەد ئاڵەی وێش
بنۆشۆ هەرکەس وەپیاڵەی وێش
جەلای هەرگەردێ وەسەدا پێوەن
دەوای هەردەردێ وەنەوا پێوەن
هەرمەقامێوەت جگەرتاون بۆ
طیفلی بێچارەی دڵان لاون بۆ[4]
ئەوسەدای دەردە خەیلی دڵکەش بۆ
دڵ طیفلان ئاسا بەڵکم دڵ وەش بۆ[5]
هەی پەشێوی هۆش هەی شێویای فام!
هەی ئەقەڵ عەبەس! هەی خەیاڵ خام![6]

## سۆرانی (١٧٩)

بجۆشێ هەرکەس بەقەدئاڵەی خۆی
بنۆشێ هەرکەس بەپیاڵەی خۆی
مەحوی هەرگەردێ بەصەدائیەکە،
دەوای هەردەردێ بەنەوائێکە
هەرمەقامێکت جگەر تاوێن بێ
طیفلی بێچارەی دڵان لاوێن بێ
ئەوسەدای دەردەگەلێ دڵکەشبێ
دڵ ساوا ئاسا بەڵکو دڵگەش بێ
هەی شێرمز هۆش! هەی شێواوی فام!
هەی هەی عەقڵ پووچ! هەی خەیاڵی خام!

---

[1] زایەڵە: دەنگ و ئاواز. زیل و بەم: دوو ئامێری مۆسیقان.

[2] قامەت قاخ(ع): خەمیدە، واتە چەماوە.ع.م ئەفەرموێ:( وشەیەکی تورکییەواتە: هەستە..دەماخ: لووت. مەبەست ئەوەتەبالای تێگەیشتنم هەستەی لێ کراوەو ڕۆیشتووە.) فەرهەنگی خاڵ: (قاخ) د. شتی چەماوە.)

[3] ف: مەبەست کارتێکردن و تەئسیرە.

[4] تاون، لاون، (پ.م): تاوان، لاوان. واتە مەقامەکەت بەشێوەیێک بێت جگەرم بتوێنێتەوە، وەساوای بێچارە ی دڵان بلاوێنیتەوە. ف: دڵان (مشبە)، گفیل: (مشبە) و(بە).

[5] ئەو صەدای ئەردە . ف : ئەر سەد ئەی دەردە، دڵکەش بۆ ع: سەرکەش بۆ

[6] مەولەوی لێرەدا ڕووئەکاتە خۆی و تانە و تەشەر لەخۆی ئەدا.

**هەورامی( ١٨٠ )**

من ودڵ وەشی و صەفایی کەردەن
هوونیی یەکتەرین تـاوەرۆی مەردەن
سادەی صاحیب نەی ڕیشەی دڵ کەر پەی
تـالیم دە ر ئەی فەرد وەنەزمەکەی نەی:
ئیمشەو وەهەرحاڵ شەو ومرۆ بەروون
ئەی خوا : سامەرگێ سەحەر چێش کەروون؟

**سۆرانی( ١٨٠ )**

من ودڵخۆشی وصەفایی کردن
هەردوو خوێنە خۆر تـاوڕۆژی مردن
سادەی خاوەن نەی ڕیشەی دڵ کە پەی
فێرکە ئەم بەیتە بەبەزمەکەی نەی:
ئەمشەو بەهەرحاڵ شەو ئەبەمە سەر
خوایە : سامەرگێ چیبکەم من سەحەر

**هەورامی ( ١٨١ )**

خورشید سەمای شیرین جەمالان! [١]
دەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزالان ! [٢]
دانەی شەو چراغ خەزانەی هەستی!
مەزەی نەشئەی عەشق بادەپەرستی! [٣]
دەرگای مەدینەی حوسن مەحبووبی
نووری ئەفزای دیدەی جەرگەی یەعقووبی ! [٤]
خودا وە تۆش دان بـاڵای عەرعەری
هەر لایەق وەتۆن شێوەی دلبەری

**سۆرانی ( ١٨١ )**

خۆری ئـاسمانی شیرین جەمالان ! [١]
خەمدەری دەستەی دیدە غەزالان!
دانەی شەو چرای خەزێنەی هەستی!
مەزەی نەشئەکەی بادەپەرستی!
دەرگاکەی شاری شەنگ ومەحبووبی!
نوور بەخشی دیدەی جەرگەی یەعقووبی!
خودا بەتۆی دا بـاڵای عەرعەری
هەر ڕەوای تۆیە شێوەی دولبەر

**هەورامی( ١٨٢ )**

کاڵای شیرینی وەبـاڵات بڕیان

**سۆرانی ( ١٨٢ )**

کاڵای شیرینی بەبـاڵات بڕا

---

[١] خۆزگە ئەمزانی ئەم نامەیەی بۆکی نووسیوە؟ بۆ پیاو یا بۆ ئافرەت، بۆ پیاوی دیینی یا دنیایی

[١] وەلەهەمان کاتدا دەرگای شاری جوانی و خۆشەویستیت و نور بەخشی دیدەی کوێری ئەوانەیەت کەوەکو حوزرەتی یەعقوب توشی دەردی نابینایی بووبوون، وەلەدواییدا بە بۆن کراسەکەی حەزرەتی یوسفی کوڕی چاوی کرایەوە. وەکو ئاشکرایە بەم بەیتە ئاماژەئەکا بۆ ڕووداوەکەی یوسف و باوکی براکانی و کڕین و فرۆشتنی لە وڵاتی میسردا.

[٢] -٤) واتە ئەی کەسێ کە تۆ خۆری ئاسمانی شیرین ڕوخسارانی، وەبەهۆی جوانی و ئاسکیتەوە خەمدەری پێڕی دیدە غەزالانی. وەهەروەها لە خەزینەی هەستی و دنیاییدا دانەی شەوچراییت و هەمیشە ئەدرەوشێیتەوە ، وەتۆ مەزەی نەشئە بەخشی عەشقی پادەپەرستیت..

تاس وەمەحبوبیت ئەعالەم زڕیان
نیگای خوماریت خەمبارم کەردەن
ژار ماردەرد وەدڵدا بەردەن [٥]
بەوێنەی نەچیر زامان ئاوەردەم
نێش گولوولەی خەمباری وەردەم [٦]
پەلە پەل پەی گیان ئەدەس تۆ بەردەن
پەنام وەپەنای فیراقت کەردەن
ئیسە بێ ئامان خەستەی هیجرانم
سەرکەردەن هووناو ئەتۆی زامانم

تەپڵی مەحبووبیت لە دنیا زڕا
نیگای چاو مەستیت خەمباری کردم
ژاری ماری دەردسو یی بەدڵ بردم
زامم وەك نێچیر خوێناوی ڕێژا
ئازاری گوللەی خومی پێم چێژا
بۆرزگاری گیان پەلە پەلم کرد
پەنام بۆ پەنای فیراقی تۆبرد
ئێستا کەخەستەی دووری بێ ئامان
سەری کرد خوێناو لەدووتو یی زامان

**هەورامی( ١٨٣ )**

ئەسەبرم چەنی دووریت مەسازۆ
ئەووەصڵت وەمەیل دڵم ئەوازۆ
ئەیارای خەیاڵ ویصال تۆمەن
ئەتاب دووری خەیاڵ تۆمەن
دڵ مەندەن ئەبەین خۆف و رجادا
مەزانۆ راش کام یاوۆ ئەولادا
مەر تۆوەکەرەم تەشریف باوەری
یاوەلای وەصڵت رابەریش کەری
وەرنە، ئازیزم! قەسەم وەنامەت
سەر گەردان مەبۆ تارۆی قیامەت

**سۆرانی ( ١٨٣ )**

ئەسەبرم لەگەڵ دووریت ئەسازێ
ئەبە کامی دڵ وەصڵت ئەسازێ
ئەیارای یادی ویصالی تۆمە
ئەهێزی دووری خەیاڵی تۆمە
دڵ موڵەق لەبەین ترس و ئومێدا
ئازانێ ڕێگای، لەوێ و لەمێدا
مەگەر بەکەرەم تۆ تەشریف بێنی
ڕێی وەصلی خۆتی بۆ بنەخشێنی
ئەینا ئازیزم! سوێندم بەنامەت
سەرگەردان ئەبێ هەتا قیامەت

**هەورامی ( ١٨٤ )**

ئەنیس خەیاڵ! دەردان پڕ زام
مەرهەم جەستەی خەستەکەی ئاکام! [١]

**سۆرانی ( ١٨٤ )**

هاوڕێی خەیاڵی دەردانی زامم!
مەڵحەمی جەستەی خەستەی ئاکامم!

---

[٥] -٦) واتە ئازیزم! ئەوکاتانەی کەبەرامبەرم بووی و، بەگۆشەچاوەمەست و خوماری یەکەت سەیرت ئەکردم، ئەو شێوە ڕوانین و نیگایەت کاری تێکردم و ژاری ماری دەردو خەفەتی بردە دڵمەوە.
وەئێستا کەوەکو نێچیری پێکراوی گوللەی دەردم و گەڵ خەمبارو زەلیلم.

| | |
|---|---|
| خەیلێن نەگێجاو بەحر مەهجووری | دەمێکەنوقمی‌دەریای مەهجوریم |
| نەدەور دووەی تەنوورەی دووری [2] | لەناو دووکەڵی تەنوورەی دووریم |
| پووشەکەی جەسەم وەپەنا کەفتەن | پووشەکەی جەستەم زووکەوتە کەنار |
| سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن | نەچووەبەگوێمدا دەنگو باسی یار |
| ئینشەڵڵا چەنی خۆش حاڵی شادی | خواحەزکا لەگەڵخۆشحاڵی شادی |
| نەشاخەی‌شۆخیی گەردوون ئازادی [3] | لەتووڕەو گاڵتەی گەردوون ،ئازادی |
| چەنی خۆش بەختی دوور دەس نەگەردەن | دوودەس لەگەردن لەگەڵخۆش بەختیی |
| عومرتان وەعیش عوشرەت ویەردەن | عومرت بەخۆشی دووربی لەسەختی |
| هەورامی( ١٨٥ ) | سۆرانی ( ١٨٥ ) |
| نەکچون من جەدەس بێ مەیلی دڵبەر | نەوەك من لەدەس بێ مەیلی دولبەر |
| مەکێشوو هەرسات هەزار دەردی سەر | نەچێژم هەرسات هەزار دەردیسەر |
| دایم دڵ رەنجوور هیجران یارم | من دڵشکاوی‌سوێی دووری یارم |
| زنجیرجەفای زوڵف نیگارم | زنجیرەی سزای زوڵفی نیگارم |
| خصووص شەرارەی دووری زۆر کەردەن | شەرارەی دووری کردوومی زەبوون |
| مەرزەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن | کشتەکەی هەستیم چوو بەبای سەبوون |
| کەس بەوێنەی من پڕمەینەت نەبۆ | هیچ کەس وەکومن پڕمەینەت نەبێ |
| گرفتار ی دۆس بێ بەینەت نەبۆ | گیرۆدەی دەستی بێ بەینەت نەبێ |
| هیچ کەس موبتەلای دووری یارنەبۆ | هیچ کەس گیرۆدەی دووری یارنەبێ |
| چون من سەرگەردان بێ قەرار نەبۆ | وەك من شێرزەو بێ قەرار نەبێ |
| هەورامی ( ١٨٦ ) | سۆرانی( ١٨٦ ) |
| کەس نەبۆ چون من یاربەدکاران | کەس نەبێ وەك من هاوڕێی بەدکاران |

---

[1] واتە: ئەی هاودەم و هۆگری ئەو خەیاڵانەم کەلە دەردەکانی زامەکانی جەستەمەوە پەیدا ئەبن. ئەی مەڵحەمی جەستەی خەستەی بە ئاوات نەگەیشتووم!.

[2] واتە : دەمێکە ئازیزەکەم ! من نوقمی گێژاوی دەریایی دووریم و ، لەناو دووکوڵی‌تەنوورەی دووریتا ئەسوڕێمەوەو پوشەکەی جەستەم تاد

[3] پشت بەخوای گەورە ئازیزەکەم لەگەڵ کامەرانی و بەختەوەریدا هاو جووت وشادی و لە فڕوفێڵی گەردوون و دووری و ئازادی و سەربەستی ژیان ئەبەیتەسەر.

زامدار موژەی دیدە خوماران
جەهاژەی هووناو دەروون پڕدەرد
مەگەردش چەرخ گەردوون چە پگەرد
تاجە تۆ بڕیام وممەرگت قسەم
ساتێ ئاسایش نەدیە ئم وەچەم
ئە کە ر ی خەیاڵ گلەیی کە ردەن
ئەواچی بادەی بێ شەرتیش وە ردەن
ئە ر زە لیل دەس بێ شە رتان ئە بو و ن
کە ی مە بۆ مە یلت فە را مۆ ش کە روون ؟

زامداری موژەی دیدە خوماران
لەهاژەی خوێنی دڵەی پڕ لەدەرد
لە سووڕی چەرخی گەردوونی چە پگەرد
تا لەتۆ بڕام بەمەرگت تەواو
نەمدیوە ساتێ ئاسایش بەچاو
ڕازی گلەیی ئەکەی لە دڵدا
ئەڵێی ئەو بادەی بێ شەرتی هەڵدا
بێ شەرتان ئەگەر من ئەکەن بێهۆش
کەی ئەبێ مەیلت بکەم فەرامۆش؟

**هەورامی ( ۱۸۷ )**

منارە صەدای صەلاش سەد تەرزەن[1]
مزگی جەشادی دەماخش بەرزەن
مەی ئەخوم چون من ئەخەم ئەسیرەن
مە یخانە صەفاش خەیلێ دڵگیرەن
لوولەی تەراویح وەش وەش مدۆ دەنگ
بێ ئاهەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ

**سۆرانی ( ۱۸۷ )**

منارە دەنگی صەدای سەد تەرزە
نوێژ گەلەشادی دەماخی بەرزە
مەی لەخوم چون من لەخەم ئە سیرە
مە یخانە صەفا ی گەلێ دڵ گیرە
سازی تەراویح خۆش خۆش ئەدا دەنگ
بێ دنگە تارو سەمتووری ئاهەنگ

---

[1] بۆ ئەوەی لەناوەرۆکی ئەم پارچە هەڵبەستە بگەین، پێویستە ئەوە بزانرێت : کە(تصوف) (۷) قۆناغی هەیەو بە(أطواری هە فتە) ناوی ئەبەن، جالەیەکێك لەم قۆناخانەدا بە پێی یاساو بۆچوونی خۆیان ئەگەنە پلەو پایەیەکی زۆر گەورەو باڵا، زۆر زۆر لەخوای گەورە نزیك ئەبنەوە، لەم کاتەیاندا لایان وایە نوێژوو ڕۆژوو..هەرچەند بەدرێژایی تەمەن واجب و فەرزن و نەکردنیان بۆ نییە، بەڵام کەگەیشتە ئەو قۆناخە تایبەتی یەیان ئەو گرنگیەی بەو فەرزانەنادەن. بەم پێیە یا بەو بۆچونەیان ئامادەبووانی مزگەوتەکان و دەستەو کۆڕی تەراویح بەندایەتی و تاعەتیان کاڵوکرچەو لەوفەڕووبەرەکەتەوە دوورن، بەڵام ئەوانەی کەلە (تصوف) دا گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە تایبەتەلە تێگەیشتن و دەرك و ئیدراکدا زۆر جیاوازترن، جالەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەیاندا، ناوەڕۆکی قەصیدەکە ئەمەیە: منارەی مزگەوتەکان ئاوازو دەنگی شادییان بەرزو لەگەشەکردندایە، پێری ئێمەش (کۆڕی تصوف) ئەسیرو دیلی خەمین، مەیخانەکەشمان صەفا و گەشەو ڕابواردنی نەماوە، بەڵام لە لوولەیتەراویح لە مزگەوتەکاناد دەنگی شادمانی و ئاهەنگی تابلێی بەرزو بڵندە، تاعەتی گوزاران بەزەردەو مەرحەبای یەکتری دەکەن، بەڵام کاس لەسەر دەستان لانەیان شێواوەکاتی ئەلوەدایانە.

مەر حەبای لیباس تاعەت بۆ شانەن
ئەلوەدای کاس کاس بادە نۆشانەن
ساقی ! ساسەد جار وەنازت نازوو
هۆر دە ر وەگوڵبا نگ صەدی ( وامتازوا )و

مەرحەبای بەرگی تاعەت بۆ شانە
ئەلوەدای پیاڵەی بادە نۆ شانە
ساقی ! فیداتم سەد جار ، زووبە زوو
بەچەند جۆر هەڵکە بانگی ( وامتازوا )و

**ھەورامی ( ١٨٨ )**

طورەت ئەرووی خاڵ جەبین سەراوێز
پیاڵەت چون جام( کەچ دارو مەرێز )
ستارەت ئەشەوطورەی قەترانی
هوەیداو، پەنهان شەمس پێشانی
هیلال ئە پای شەو ئەسیم بۆی نافدا
بنمان ئە و شەفەق بادەکەی صا فدا
هەی هیلال ، هەی عید، خێزو جە یاران
وەرەغم گرۆی پەرهیز گاران
شادی دەرومدڵ لای مەی خوا راندا
خەفەت دمر وە جەرگ رۆزە داراندا

**سۆرانی ( ١٨٨ )**

لەسەرخاڵی رووطوورەت سەرمو لێژ
پیاڵەت وەك و جام خوار بگرمو مەیرێژ
بەشەو ئەستێرەی زوڵفی قەترانی
دەرخە، پەنهان بێ خۆری پێشانی
هیلال شەوی ئەسیمی بۆی ناف
بنوێنە لەناو سووری بادەی ساف
هەی ( جەژن و هیلا ل ) هەستێ لەیاران
بەکوێری چاوی کۆی پارێزگاران
شادی بە دڵ لای مە یخواراندا
خەفەتبەجەرگی رۆژو داراندا

**ھەورامی( ١٨٩ )**

دڵ دیارنییەن های ئەکەردەبۆ
وەخزمەت نازیز تەشریف بەردە بۆ
جەودمامن دادوەلای کێ بەروون
نابەڵەد تەنیا را چۆن دەرکەروون!
پای دڵ سفتەی دەرد سەرهەردان سەختەن
وێت یاو ئەوەی های ئەسیم ! وەختە
بکیان پەرێ من دڵ ئەو دماوە
وێت وێت ناسایی بشۆ وەراوە
سپارووت وەجۆش کزەی تاسەیوێم
وەدووی گێجە ڵووی سوب هەناسەی وێم

**سۆرانی ( ١٨٩ )**

دڵ دیارنییەهانەی کردبێ
تەشریفی بۆلای نازیز بردبێ
دوای ئەو داد لای کێ و من کێ بەسەرکەم؟
تەنیاو نابەڵەد رێگا چۆن دەرکەم؟
پێی دڵ سووتاوە، کەژو کێو سەختە
ئەسیم ! بمگەرێ دەخیلم وەختە
بنێرموە بۆم دڵ بەئازایی
برۆ بەرێوە چون خۆت ئاسایی
ئەتدەم بەجۆشی کزەی پڕ تاسەم
بەدووی گێژەڵووی سوبحی هەناسەم

هەورامی (١٩٠)

چون یاوای وەلای بالا عەرعەر تەرز
پرساش جواو دەر وەزایەلەی بەرز
گلاراوش و بی چەنی نێش چەم
مەوات و مەوەرد خەم وەگۆزەی خەم
چەم جەنێش دەرد مەحروومی پالات
نمە نما نۆ عەکس خەیاڵ بالات
پەردەی لێلاڵی گرتەن دوودیدە
خەڵوەتەن سابۆ هەی بەر گوزیدە!
دیدەم تاو سەیل هووناوان وەردا
هاناو بەدەردانامای جەسەردا

هەورامی (١٩١)

دڵ یەند جۆش گەرم خەمان دان پێدا
سەمەندەر لانەش مەگێرۆ تێدا
فیدات بوون نازیز جەمین پەرەی گوڵ!
دووریت کارێ کەرد نانەچەم نێردڵ
حاڵ چینە تەنگ تەر نییەن پێم نامان
قەدەم رەنجەکەر مروەتە نامان
چون جەستەی خەستەی مەینەتان مایە
بەڵکم دیدە ودڵ نەشان وەزایە
دیدە سورمەی تۆز پالاکەت ناسەن
دڵ جای دەردتەن مەندێشا خاسەن

هەورامی (١٩٢)

ساقی !ناوەردەو گرد کیا ستێنین*
وریا بەر دێن و کردە ناستێنین

سۆرانی (١٩٠)

کەگەشتیتە لای بالا عەرعەر تەرز
گەر پرسی بڵێ بەزایەلەی بەرز:
بەچاوێشەوو گلاراو دەمدەم
ئەیوت- ئەینۆشی خەم بەگۆزەی خەم:
چاوم بەدەردی بێ تۆزی پێلاَت
نانوێنێ وێنەی خەیاڵی بالات
پەردەی لێلایی گرتوویە دیدەم
خەڵوەتە وەرە هەی بەر گوزیدەم!
چاو بەتاو سەیلی خوێناوی بەردا.
رژا لەسەردا دەرچوو بەدەردا

سۆرانی (١٩١)

خەم بۆدڵ جۆرێ گەرمی هێنا بۆی
سەمەندەر دەیکا بەهێلانەی خۆی
فیداتم نازیز! روومەت پەڕی گوڵ!
دووریت چی نەکرد بەچاوو بەدڵ
حاڵ لەمە تەنگ تر نەمد یوە نامان
بڕە نجێنە پێت دەستم بەدامان
وەك جەستەی خەستەی مەینەتی مایە
بەڵکو دیدەو دڵ نەچن بەزایە
چاوم بەتۆزی پێتە دەرمانی
دڵ جێی خەمانتە باشترە مانی

سۆرانی (١٩٢)

ساقی ! وەك هاتین نەشمان نێرنەوە
کردە یاخواردوو، یاخۆ بۆنەوە

* بەم قەصیدەیە شاعیری نەمر تانە لەدنیا ئەداو لەبێ وەفایی ئەو ئەدوێ

| | |
|---|---|
| **حالْ ماضی ئاسا هانەگوزەردا** | **حالْ وەك رابردوو وان لەگوزەردا** |
| **مقیم مسافیر رەنگ نەسەفەردا** | **موقیم وەك رێبوار والەسەفەردا[2]** |
| **هەورامی (١٩٣)** | **سۆرانی(١٩٣)** |
| **كاروان سەرای كۆن دەوردنیای دوون** | **كاروان سەراكەی دنیایوەی بەكۆلْ** |
| **جەبارگەی یاران وەچۆلْ مەوینوون** | **لەبارگەی یاران ئەبینم بەچۆلْ** |
| **قافلە كۆچ كەردەن ،بەرزەن دەنگ زەنگ** | **قافلە رایی بوویەرزە دەنگی زەنگ** |
| **وران حوجرەی خان و جوود سەنگ وەسەنگ[1]** | **خانی بوون رووخا حوجرەی سەنگ بەسەنگ** |
| **هۆسای تای شاولْ ادانش وەمشتی** | **وەستای تای شاوولْ عەقلْ لەمشتی** |
| **بەناباشی بورج دیواران گشتی** | **باش وەستای بورجی دیواران گشتی** |

---

[1] ١ بۆ پەی بردن بەوشەو مەعناو بەسستی ئەم پارچە هەڵبەستە مامۆستاو رابەرمان ( عبدالكریم مدرس) بگرین و لێی بكۆڵینەوە: ((.. كیاستێن: رەوانەكراوە. وریا: خوراو. پەردێ: بردوو. ئاستێن: بەجێ هێلْ. واتە: كاكەی ساقی ئێمە بەزۆر هێنراوینە ئەم دنیا، وە لێیەوە رەوانە ئەكرێن، چیمان خواردبێ هەر ئەوەمان دەسكەوتووەو بردوومانە بۆ خۆمان، چیشمان دروسـ ـت كردبێ لەپمان بەجێ ئەمێنێ بۆ نەوەو میراتگر.))

مەلا فەتاحی كاگرنەلی كەرەمزی (ف)مان بۆ داناوە هەروەكو (ع.م) مەعنای بەیتەكەی لێكداوەتەوە، بەس جیاوازی نێوانیان تەنیا وشەی (وریا وە یا (دەریا)یە، مەلا (ع.م) وشەكە (وریا) یە بەمەعنا خوراوە، لای (ف) ئەم وشەیە (دەریا)یە، وە (ف) ئەڵێ: كردەو كێششمان دەریا قووتی داوە، وەخۆشمان بەبێ عەمەل و كار ماینەوە. سەیری دیوانی دەستنوسی (ف) لاپەرە ٣٧٩و دیوانی (ع.م) ل: ٢٩١ بكە.

(پ.م) ئەم بەیتەی بەم شێوەیە نوسیوە كوت و مەت وەكو خۆی ئەینوسمەوە:

ساقی ئاوردەو كردەی كیستا نین
دریا بردەنی كردەی ئیستا نین

وە ئاواش گۆڕیویەتە سەر سۆرانی:

ساقی وەك هاتوین هەموو رەفتەنین
دەریا بردەنین كاری ئیستانین

سەیری ت: ٣٠٦ و ٣٠٧ بكە لەئەصلْ و رۆحەكەیدا.

[2] زەمان كراوە بەسێ بەشەوە: ماچی، حالْ، ئیستیقبال، واتە: رابوردو،ئێستا، داهاتوو. موقیم: دانیشتوو یانیشتەجێ، مسافیر: رۆیشتوو، كۆچ كردوو. لەسۆرانیەكەدا (مسافیر)م بەرێبوار دەربڕیوە.

[1] دوون: نزم و پەست.وڕان: رما، رووخا.واتە كاروان سەرای دنیای پەست و نزم بارگەو بنەی یارانی تیا نەماوەو چۆڵ و هۆڵە. كاروان كۆچی كردو دەنگی زەنگی بەرزە. وە حوجرەكانی خانی بوون بەردی بەسەر بەردەوە نەما.

قەدەم رەنجە کەر وەلای کارەوە
بنچینەم وەتەرح مەی هۆر دارەوە[2]
عەمارە تێوەن بیناش باقی بۆ
ئاو: مەی، خاك: خڵتەی بەناش ساقی بۆ

بۆسەر کارەکەت پێ برەنجێنە
بنچینەی بینام بەمەی هەڵسێنە
کوشکێکی وابێ بینای باقی بێ
ئاو: مەی، خاك : خڵتەی وەستای ساقی بێ

هەورامی ( ١٩٤ )

دڵ تەم کەردەوە گرتەوە کاوان[3]
دیسا دووی نامەی تۆش وەلا یاوان[4]
مەضموون: هەوای مەرگ ،زامداری تیرت
پەنهانیی قاتیل، دەواو، تەدبیرت[5]
لاڵ بوون پەی مەینەت جەستەی خەستەکەت
بمروون پەرێ زام جێ نەڕەستەکەت
من وتۆ بەلاو زاممان ئاوەردەن
نەچەشمەی حەیات ئاوێمان وەردەن
خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن
پەی مانمە بۆجیایی وەمەردەن
ها چەند هەواتدا وەگێج بێ پەری
بمری و بناڵی ، گیان تەسایم نەکەی[6]

سۆرانی ( ١٩٤ )

دڵ تەم کردەوە گرتی یاڵ پاڵ
دیسان دووری نامەی تۆشی هاتە پاڵ
مە ضموون: هیوای مەرگ ، زامانی تیرت
قاتیل نادیار، دەواو تەدبیرت
لاڵ بم بۆ دەردی جەستەی بیمارت
بمرم بۆ زامی نارستگاریت
من وتۆ بەرگی بەڵاما پۆشی
لەچاوگەی حەیات ئاوێکمان نۆشی
خەیاڵت خاوە ناشێ بۆکردن
بۆ ئێمە نابێ جیایی بەمردن
ها، چەن هەڵت دابۆ گێژی بێ پەی
بمری و بناڵی، گیان تەسلیم نەکەی

---

[2] واتە: ئەی وەستای شاوڵ بەدەست! کەشاوڵی خواناسیت بەدەستەوەیەو عەقڵ و هۆشت بەدەستەوەیەو، باش وەستای هەمو دیواری بورجەکانی، زەحمەت بکێشەو بڕۆ بەلای کارەکەتەوەو بنچینەی بیناکەم بەمەی داڕێژەو کۆتایی پێنە.

[3] دۆستێکی مەولەوی بەنامەیەك سکاڵای حاڵی خۆی ئەکا، ئەویش بەم پارچە شیعرە وەڵامی ئەداتەوە.

[4] کاوان: شاخ و چیاکان. واتە: دڵم تەمی کردەوەو بەرزاییەکانی داپۆشی، چونکە دیسانەوە دووکەڵی نامەکەی تۆشی هاتە پاڵ.

[5] ع. م واتە: ناوەرۆکی ناکەمەت ئەوەیە: بەتیر گرفتاری و، نازانی کێ بریینداری کردوی و، دەرمانت کامەیەو ، چارت چییەو لەبەر ئەوە ئاواتی مەرگی خۆی ئەخوازی).

[6] جێ نەڕستە: لێ رزگار نەبوو. واتە: من و تۆ لەرۆژی ئەزەلدا دەردو بەلاّمان گرتۆتە خۆمان و بەمردن جیابوونەوەمان بۆ نییە، چونکە ئاوی (حەیات) مان خواردۆتەوە، کەواتە خەیاڵت خاوە کەهیوای مەرگت خواستووە، ئێمە بەمرجن رزگاریمان بۆ نییە، کەواتە نکایە هەرگیزاو هەرگیز گیان تەسلیم نەکەی، با

**هەورامی( ١٩٥ )**

تازەوارگەی عەشق مەنزڵ کەر دەڵی
هەوەسایی هاژەی باڵ دەردەنی
خصووص بەو جەستەی خەستەی مەهجووری
کەفتەنی نە پێچ رای دەورەی دووری[٧]
هۆشت نەتۆی کاخ دەماخ فێرارەت
وەرنە چ خێرەت قاتیل دیارەن
کێ بۆ چون خەدەنگ ناز هەوا دەرۆ؟
هەریەند بزانی جەو پڕ بویەرۆ
کێ بۆ بەو جەمین نەزاکە چون گوڵ
خە یمەش هۆربدا نە پای دەشت دڵ؟[١]
کێ بۆ پێکۆ دڵ زام نەسرەفتەش؟
یەکێو کوشتەش ، ئێر ئەوزەمین کەفتەش

**سۆرانی ( ١٩٥ )**

لە وارگەی عە شقا تا زە پا بە نری
ترساوی ها ژەی دوو باڵی دە ردی
مەخصوو ص بەو جەستەی خەستەی مەهجوو ری
کەوتوویتە پێچی رێی تەمی دوو ری
هۆشت لەکۆشکی دەماخاتارە
ئەیناچ خێرە ؟ قاتیل دیارە
نازهەڵدا وەك تیر ، ئەوەکێ بێ کێ؟
هەرهێندەت زانی دڵت بپێکێ
کێ بێ بەو جیهرەی نەزاکەت چون گوڵ
خێمەی هەڵدابێ لە پێ دەشتی دڵ؟
کێ بێ دڵ بەوزام وەهای تێلێنێ
یەکێ بێ سەر کار ، ئەویان بگلێنێ

**هەورامی( ١٩٦ )**

ئەو رستگاریت جەو دەرد نومێدەن
دەوای خەلاصی وتەدبیرت ئێدەن :
مەبۆ وەخت سەخت زامان ئاوەردەن
رەماو پەلە پەل هەردەوهەرد کەردەت[٢]
پەی چێش تائیسە لێت مەلووم نییەن
صە یاد جەواکوژ درێخش نییەن

**سۆرانی ( ١٩٦ )**

گەر ویستت دەرچی لەو دەردوخەمە
چارەو دەرمانت ئەمەیە ئەمە :
نابێ سەردەمی سەختیی زام ودەرد
پەلە پەل هەڵێی ئەم هەرد ئەو هەرد
بۆچ تاکو ئێستا نەت زانی بەدڵ
راوکەر لە( واکوژ ) هەرگیز ناکا سڵ[١]

---

هەڵشت دا بۆ ناو گێژەی بێ پەی. لە (ف)دا نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ئاوایە: ( های چەند هەوات دۆ ئەو گێچ بێ پەی). نیوەی دووەمی ئەم بەیتە بەسۆرانیە نەك هەورامی.

[٧] دەواوەی، (ف) دەوری

[١] هۆر بدا، (ف) هۆر دابۆ. واتە خێمەی هەڵدابێ.

[٢] مەبۆ ، (ف) نەبۆ، واتە: نابێ. واتە کاتێک کە تیرت تێ ئەگرێ و زامدارت دەکا تۆ لەو کاتەدا نابێ راکەیت و پەلە پەل هەر داو هەرد بگەڕێی.

[١] واکوژ: کوشتنی دووبارە.

بەلام یەرەو یەی ئیبتیدای مەشقەت
خیلاف شێوەی تاو یای عەشقەت
دەخیل سەر سەخت بەر هەر بکەر بازی
نازی دڵ سەرد بۆ جەتیر ئەندازەی
ئەدڵەی پڕ زەوق کۆنە ئەچیردا
های لەزەت دارۆ تیر وەشۆن تیردا

بەلام ئەمە خووی سەرەتای مەشقە
خیلافی شێوەی قاڵ بوونی عەشقە
تۆ بەسەر سەختی هەربکە بازی
بادڵ گەرم بێ لەتیر ئەندازی
لەدڵەی پڕ زەوقی کۆنە نێچیردا
ها، چەندە خۆشە تیر بەدوای تیردا

هەورامی( ١٩٧ )

ئەمجار سەخت تەرەن زامم جەجاران
چڵ مدۆ دایم چون گەستەی ماران
هەروە زۆرمەندەن رای ئامای نەفەس
تای ڕیشەی تاقەت شییەنم جەدەس
بڵێسەی فیراق سۆچنان جەستەم
ئاسۆرەی زامان گازخەم بەستەم[2]
دووی کەواودڵ پۆشان سەر هەردان
زەرد کەردەن روخسار پایز دەردان
سەرسامەن عالەم یەکسەر جەنالەم
فەلەك مۆرەی بەد شانا وەتالەم
مەینەت سەر بەرزەن،شادیم زگارەن
ساقی ! جامەکەت ئەم جار وەکارەن

سۆرانی( ١٩٧ )

ئەم جار سەخت ترەزامم لەجاران
چڵ ئەدا بەکوڵ وەك گەستەی ماران
هەر بەزۆر ماوە ڕێی جووڵەی نەفەس
تای ڕەگی تاقەت دەرچووە لەدەس
بڵێسەی دووری سووتانی جەستەم
ئاسۆرە زامی گازی خەم گەستەم
دووی کەبابی دڵ گرتی سەر هەردان
زەردی خستە رووم پایزی دەردان[1]
سەرسامە دونیا لەنالەی سەختم
گەردوون زاری سوێی هەڵدا بۆبەختم
مەینەت سەر بەرزە ، شادی ئەو گارە
ساقی ! جامەکەت ئێستا بەکارە

هەورامی( ١٩٨ )

بۆری وەمەجلیس لابەر پەردەی شەرم
وەدەوری دیسان بەزمێ کەرمێ گەرم
تا ( مطرب ) وەساز حەنجەرەی بێ گەرد
هوردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد
بەڵ ناکا ئەیچی بەیۆ جەلاوە

سۆرانی ( ١٩٨ )

وەرەوە کۆڕێ پشت لەشەرم کە
بەدەورێ دیسان بەزمێ گەرم کە
( مطرب )! بەسازی حەنجەرەی بێ گەرد
هەڵدە مەقامێ بکا دەوای دەرد
ناکاو بەڵکوێ ئەیچی لەلاوە

---

[2] گازخەم بەستەم، (ع،م) : واتە بەگازی مەینەت لێم پەیدابووەوە.

[1] واتە: پایزی دەردو ئازار روخساری زەرد کردم

| | |
|---|---|
| وەمەقامەکەی قەقنەس ئاساوە | بەمەقامەکەی قەقنەس ئاساوە |
| بەزمێمان جەم بۆ چون هەردە جاران | بەزمێ گەرم بێ وەك جاری جاران |
| بنۆشین جامێ وەیاد یاران | بنۆشین جامێ بەیادی یاران |
| هەر وەزۆر مەندەن نیم نەفەس باقی | هەر بەحاڵ ما وەنیو نەفەس باقی |
| پڕ کەر جامەکەت دەخیلم ساقی! | پڕ کە جامەکەت دەخیلم ساقی! |
| ئەو ئازیز وەی تەور لێم کەرۆ ستەم | بەم تەرزە ئازیز گەربکا ستەم |
| خەلاسیم نییەن ئەم جار خاترجەم | رزگاریم نابێ ئیتر خاتر جەم |
| **هەورامی (١٩٩) (١)** | **سۆرانی (١٩٩)** |
| عەرەق چون شەونم نیشتەن نەرووی گوڵ | عەرەق وەك شەونم نیشتۆ تەرووی گوڵ |
| تەڕ کەردەن تاتای توغراکەی سونبول | تەڕی کرد تاڵ تاڵ ئەو تەغرای سونبول |
| جەقازان خەم دڵ کەردەن وەئاو | لەریزەی خەمدا دڵی کردە ئاو |
| وەدرۆ ماچۆ مەگێروو گولاو | بەدرۆ ئەڵێ ئمن ئەگرم گولاو |
| ئازیزم! گولاو بۆی خوی کولم تۆن | ئازیزم گولاو بۆی کوڵمی تۆیە |
| ئەربۆی تۆنەبۆ بۆی گولاو جەکۆن | گەر بۆی تۆنەبێ گوڵ بۆی لەکوێ یە |
| زەڕەی بۆی زوڵفت کەفتەن نەبەرزان | تۆزێ بۆی زوڵفت کەوتە سەربەرزان |
| بۆی گولان کەردەن نەبەرزان هەرزان | کردی بۆی گولان لەبەرزان هەرزان |
| ئازیز وەمەرگت گەر ئینسافت بۆ | ئازیز! بەمەرگت گەر بەئینسا فی |
| هەنی کافییەن بۆی زوڵفت پەی تۆ | بۆی زوڵفت بۆتۆکافییە کافی |
| ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عەزاو | ئیتر کەی ڕاستە بکێشی تالاو؟ |
| قەبووڵ کەری جەور مەگێری گولاو | زەحمەت بچێژی تۆ بگری گولاو |

---

(١) لای (ع. م) ئەم پارچەیەو پارچەی پێشوو هەردووکیان بەیەك پارچە نوسراوە، ئەمەش بەلای منەوەی لەو باوەرشەدا نیم یەك پارچە بن ، لەدواییدا نوسخەیەکی مەلا سەعید ناوێکم دی کە لە ٢٩ دا نوسرابوو بەدو قەصیدە نوسرابوون، لەبەرئەوە جیام کردنەوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم قەصیدەیە (عەرەق چون شەونم..) لەوەناچێ هەڵبەستی مەولەوی بێ، چونکە زۆر لاوازو بێ کرۆکە.بابە عەلی مامۆستا شێخ عومەری قەرداغیش رای وایە

**هەورامی( ٢٠٠ ) ( ١ )**

سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك

ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزمن فەڵەك![٢]

مە پێکی ناکاو جەنیمە رادا

نیگای ئارمزوو وەتەمەننادا

کام سەرشام تەمای تاج کەیەت نەکەرد[١]

سو بحدەم وەتاج سەر نەیت نەکەرد؟

کێ بی کێ مەجلیس شادی نیاوە

پۆس کەللەش وەدەف تۆ دەنگ نەداوە؟[٢]

مەعدووم ! ئەرزەرەی شێوەی فاماتەن

بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن

**سۆرانی ( ٢٠٠ )**

هەرچەن خەم بۆمن بەستوویە کەڵەك

ئاخ گەلێ داخی تۆ سەوزە فەلەك!

تۆ ئەدرووی ناکاو لەنیوەی رادا

نیگای ئارمزوو بەتەمەننادا

کام سەر شەونەت کرد تەمای تاجی کەی

سبەی نەت کردە تاجی سەری نەی

کەی بوو کێ بەزمی شادیی نایەوە

بەدەفت کەللەی دەنگی دایەوە

مەعدووم ! گەرتۆزێ فەهم میوانتە

بەفام قەرینەو بەڵگەی نەمانتە

**هەورامی ( ٢٠١ )**

ئەی رارای خەتەر راو یارانەن

سفید یش غوبار کەللەی یارانەن

بورکەش : چای دیدەی پڕ هووناو دڵ

میل: بالآی بێ گیان وامەندەی خجل[٢]

**سۆرانی( ٢٠١ )**

ئەم رێ رێی ترسی رێبوارانە

( بیا ض ) ی گەردی کەللەی یارانە

گۆمی جێی دیدەی خوێناوانی دڵ

میلیشی بالآی داماوانی گڵ

---

(١) فەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەیە ئەفەرموێ ( إن من البيان لسحرا ) ، بەڕاستی ناوەرۆکی ئەم قەصیدەیە سیحرە، دڵڕفێنە، ئیبداعە، فەلسەفەیە. سەیری ئەم قەصیدەیەو قەصیدەی پێشوو بکە، وەك کەئەیبینی جیاوازیان وەك ئەڵ یانسمان و ڕێسمانە.

(٢) ع. م : واتە: هەرچەند خەم و مەینەت کەڵکی فرۆفێڵی بۆ ناومەتەوە، بەڵام فەلەك! داخی تۆ یەکجار سەوزە، چونکە ئەگەر تۆ نەبی بەسەر باری ئازارم خەم لەعۆدەم نایەت.

(١) گەردوون شەو پەیمان ئەدا بەیەکێك کەبەیانی هات تاجی کەیت پێ ئەبەخشم کەچی ئەوەندە ئەزانی سبەینێ سەر لەبەیانی سەری ئەم پیاوە ئەکا بەتاجی سەری رم و شیری دوژمن.

(٢) (کێ) ی یەکەم، ف: کەی، واتە : (ع.م) (کێ بوو ئاهەنگی شادیی گێڕاو پاشان پێستی کەللەی بەدەفلا تۆوە دەنگی نەدایەوە). لەنێوان ئەصڵەکەو گۆڕینەکە تۆزێ جیاوازی هەیە لەرووی مەعناوە، وە ئەوەش بەوردی سەیری بکە مەعناکەی تێك ناچێت.

هاصەف پێکان پۆس کەللەی هامدەمان
کەللە پڕ پەی پۆس کەلەمان تەمان
هۆر دەرچەنی سۆز دەروون پڕ ئێش
فەریاد ئەو ساقی وئەو نەیچی ودەروێش
صەدای دەف ونەی بەیۆ نەگۆشت
نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وەهۆشت[1]

هاریز بوو پێستی کەللەی هاودەمان
سەر بڕ بۆ پێستی سەرمان بەتەمان
ساتۆ بەسۆزی دەروونی پڕ ئێش
بڵێ بەساقی و نەی ژەن و دەروێش
بابەرگوێت کەوێ صەدای دەف ونەی
هۆشت زیندوو کانەشئەی هاژەی مەی

**هەورامی (٢٠٢)**

بۆیەر جەسا ی تەرز دەف ونەیەوە
وەزات مەستیی نەشئەی مەیەوە
تاکەی کەنۆ دەس چەرخ چەپ ئەندێش
پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێش[2]

**سۆرانی (٢٠٢)**

تێپەڕکە لەسای دەف ونەیەوە
بە پشتی مەستی نەشئەی مەیەوە
تاکەی دەستی چەرخ ئەتگاتێ ناکاو
بۆ پێستی کەللەی ئەتگروێ تەواو

**هەورامی (٢٠٣)**

ئەی دڵ! مزگانی، ئاماکۆچ یار[1]
شای شادی سەردا، خەمان کەرد فیرار[2]
هاگەردو غوبار مەحمەل دیارەن

**سۆرانی (٢٠٣)**

ئەی دڵ! مژدانە واهات کۆچی یار
خەمان هەلاتن، شای شادی دیار
گەردی کەژاوەی دیارە دەوری

---

[2] ئەم ڕێگایە بۆ ڕێبواران ڕێگایەکی پڕ لەمەترسییە، تۆزە سپیەکەی تۆزی کەللەی یارانەو، چالاو و گۆماوەکانیشیان چالاوی ئەوانەیە کەدڵیان لیپاو لیپی خوێنە، (میل)ەکەشی بالای بێ گیانیانە (میل: دارێکە لەرێگاکاندا ئەی چەقێنن بۆ ئەوەی ڕێبواران ڕێ هەڵە نەکەن).

[1] ڕوو ئەکاتە ئەوانەی کەزیندوون و لەژیاندان و ئەفەرموێ: ها وریابن و وریا پێسی کەللەی هاودەرمان ڕێزیان بەستووەو ئامادەن، سەربڕەکان بۆ پێستی سەرمان و چاوەڕێمانن و سەرمان بڕن، کەواتە ئێستا کاتی ئەوەیە بەسۆزی دەروونی پڕ ئێش وئازار ساقی و نەی ژەن و دەروێش بانگە بکەن و هەر یەکەیان بەئامێری خۆی بمانلاوێننەوە، بەڵکو بەصەدای دەف و نەی و بەنەشئەی هاژەی مەی هۆشمان زیندووکا.

[2] کە نۆ :(ف) نووسیویپەتی و ئەڵێ: ( بەکافی فارسی و عەرەبی ئەخوێنرێتەوە). (ع.م) ئەفەرموێ : ( کەنۆ: هەڵکەنێ. واتە ئیتر بابزانین کەی دەستی گەردوونی نیازە خراپ پێستی کەللەت ئەگروێ و ئەیکا بەپێست بۆ کەللەی تەپڵەکەی و ئەی کوتێتەوە).

[1] بوداخەوە وەکو دەیان قەصیدەی تر نازانین ئەم قەصیدەیەی بۆ کێ نووسیوەو مناسەبەکە چییە؟

[2] ئەی دڵ! مژدانەم ئەوێ کەیار گەڕایەوە وە شای شادی سەری هەڵداو خەمان هەلاتن و ڕۆیشتن

دەك ليلاويت بۆ چۆنت قەرارەن [٣]
چون بەدەن جەتاو هيجران بالاش
ئەصلەن هازو هێز نەمەندەن جەلاش
فيراقش بەوتەور تەوانا سەندەن
پاقووەی رەفتار جەلاش نەمەندەن

ليلايت دايێ چۆن ئارام نەگری
بەدەن لەتاوی دووريی بەرێزی
نەماوە لەلای هيچ پێزو هێزی
دووری بەتەرزێ هێزی بڕی لێم
تەوانای رەوتی نەماوەدوو پێم [٤]

هەورامی ( ٢٠٤ )

فرسەتەن ئەرواح! بشۆ وەپێشواز
پەردەی بينايی ! تو پەی پايەنداز [١]
ديدە فەرش بووزۆ وەسە طح ڕێشدا
تاكە سەمەندش پابنيۆ پێشدا
عەينەين! وەئەسرين ئاوپاشی ڕاش كەر
ئەك گەرد بنيشۆ وەگۆنای دڵبەر
باشای خاڵ خاسان جەمين پەڕەی گوڵ
وەی ئەساسەوە ياوۆ وە مەنزڵ

سۆرانی( ٢٠٤ )

هەلە هاههی ڕۆح !لەدەوری گەڕێ
پەردەی بيناييت دانێ لەسەر ڕێی
ديدەت فەرش كە بەبانی ڕێيدا
تاكو ئەسپەكەی پێ بنێ پێيدا
ئەی چاو ! بەئەسرين بڕشێنە عەردی
باگەرد نەنيشێ لەرووی بێ گەردی [٥]
باشای جوانان روومەت پەڕی گوڵ
بەم شكۆو شێوە بگاتە مەنزڵ

هەورامی ( ٢٠٥ )

ئيمشەو مەينەتان ئەدەروون جەمەن
خێڵخانەی كەيفم پڕ جەماتەمەن
ديارەن دووەی دووری زۆر كەردەن

سۆرانی ( ٢٠٥ )

ئەمشەو مەينەتان والەدڵما جەم
خێڵخانەی كەيفم پڕ بوو لەماتەم
ديارە دووكەڵی دووی كردنی تەم

---

[٣] روو ئەكاتە خۆی و ئەڵێ: نابينی گەردو تۆزی كەژاوەكەی لەدوورە ديارە، دەك ليلاييت دايەت چۆن بێ دەنگ و بەئارام دانيشتوويت

[٤] عوزر خوايی بۆ جەستەی دێنێتەوەو ئەڵێ بەدەن بەهۆی دووريی يارەوە هيچ هێزو پێزی نەماوە بچێت بەپيرييەوە.

[١] وشەی ئەرواح لێرەدا موناديە.

ع.م): ( ئەی گيان! هەل لەكيس مەدە، بچۆ بەپيرييەوە، تۆش ئەی پەردەی چاو ببە بەرايەخی بەرپێی با چاو رات بخاوئەسپەكەی بەسەرتابێ. جووتە چاوەكانم! ئێوەش بەفرمێسك ڕێگاكەی بۆ ئاوڕشێن بكەن، ئەوەك تۆز بنيشێ لەگۆنای وەك پەڕەی گوڵی.. تاشای خاڵ خاسان بەم بەزم و ڕەزمخەوە بگاتە جێ).

[٥] عەردی: ئەرزی، مەبەستی ڕێگاكەيەتی.

سوپای خەم وەهەم هجووم ئاوەردەن
شنۆی ئارەزووی وەصلت ظهوور کەرد
لافاو مەینەت کۆگای شادی بەرد
هووناو دەروون ریشەی گیان کەندەن
سەرمایەی تاقەت نەدەسم سەندەن

هێرشی هێنا سوپای هەم و خەم
ئارەزووی وەصلت شنەی کردەوە
سەیلی خەم کۆگای شادیی بردەوە
خوێنی دڵ ریشەی گیانی هەڵکەندم
سەرمایەی هێزی زوو لەدەس سەندم

**هەورامی ( ٢٠٦ )**

مەحاڵەن ئیمشەو گیان وەرۆ بەردەن
جاریۆ تەر تەواف ئاسانەش کەردەن
یاخوا! سەبووری وەدڵ باوەری
خەزانەی ئارام پێم عەتا کەری
بەڵ وەرۆ بەروون وەهەرحاڵ ئیمشەو
کەروون زیارەت دەرگانەکەی ئەو
سەر بنیەو وەخاك ئاسانەی دڵبەر
بەو ئارەزووەی دڵ گیان بەرشۆ وەبەر

**سۆرانی( ٢٠٦ )**

گیان بەرۆژ بردن زەحمەتە ئەمشەو
ماچ کەم جارێ تر ئاستانەکەی ئەو
خوایە! سەبووری ببەخشی بەدڵ
خەزنەی ئارامیم بۆ بکەی حاصڵ
رۆژم بەڵکو بێ بەهەرحاڵ ئەمشەو
بکەم دیداری دەرگانەکەی ئەو
سەردانێ لەبەر دەرکی روومەت گەش
بەئارەزووی دڵ گیان دەرچێ لەلەش

**هەورامی( ٢٠٧ )**

ریاضە ت کێشان.. ریاضە ت کێشا ن![٢]
سەییدان خاس .. ریاضە ت کێشان!
جەماعەت! قەو ما ن ! را ی خێر نە ندێشا ن!
جەرگەی هام سەران ! دڵرشیان ! خوێشان!
هاهەوای تەحصیل دڵ وەجۆش ئاوەرد
نصیو عەزم سەیرولاَتانش کەرد
ئەرجارێ راگەم غەڵەت کەردە بۆ
رام وەسەرئاداب هیچ نە بەردە بۆ

**سۆرانی ( ٢٠٧ )**

ریازەت کێشان .. ریازەت کیشان !
سەیدانی خاس .. زیارەت کێشان !
کۆمەڵان ! خزمان ! چاکە ئەند یشان!
کۆری هاو سەران ! دڵرێشان ، خوێشان !
ئیلهای خوێندنم جۆشی خستە دڵ
نصیبم ئەروا بۆ کام خاك و گڵ؟
گەرجارێ من رێم غەڵەت کردبێ
بۆسەر ئەدەب هیچ رێم نەبردبێ

---

[٢] مەولەوی بۆیە بەفەقێکان ئەڵێ ریاچهت کێشان چونکە فەقێی ئەو سەردەمە لەپێناوی خوێندندا ئازاری ئەفسییان زۆر چێژاوە و گیروگرفتی ژیانیان زۆر دیوە، شەونخونی و شەوبێداری‌یان بەخۆیانەوە دیوە... لەبەر ئەمانە بەریاچهت کێشان ناوی هێناون سەیری ع. م بکە.

هەورامی ( ٢٠٨ )

کەسێ خاترە ش جەمن ئێستا بۆ
یاخود رە نجیۆش پەرێم کێشا بۆ
گەردەنم ئازاد بکەران ئارۆ
گرد وەدڵ روخسەت بدەران ئارۆ
عەزم پەرێ سەیر عێراقەن ئارۆ
بنیشدێ وە خەیر، فیرار قەن ئارۆ
دنیا فانیەن هەرمەبۆ مەردەن
لازمەن گەردەن ئازادی کەردەن

هەورامی( ٢٠٩ )

ئاماوە وەهار وەهار شادی
بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی
خێڵخانەی خەفەت بار بەنیش کەردەن
مەینەت روونیان وە ماوای مەردەن
خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بییەن
هەوارگەی قەدیم نە دەستش شییەن
بەزم شەوق و عەیش نەدەروون جەمەن
ئانە هیچ نەبۆ نەدەروون خەمەن

هەورامی ( ٢١٠ )

ئێنە نەتیجەی دیای بالای تۆن
نیشانەی ویصال خاڵ ئالای تۆن
سروەی نەشئەی بادەی وەصل تۆن
تەئسیر بۆی عەتر مسك زوڵف تۆن
سا پێم دەردەی دەی، پەی پەی نەو مەی مەی
لە طایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی
تا پەی یارانیچ وە ئیطمینان بۆ
سەر مایەی نیشات دڵ حەزینان بۆ

سۆرانی ( ٢٠٨ )

کەسێ گەر دڵی لەمن ئێشابێ
یاخو ڕەنجێکی بۆمن کێشابێ
لێم خۆش بن بدەن فرسەتم ئەمڕۆ
گشت بە دڵ بدەن ڕوخسەتم ئەمڕۆ
عەزمم بۆ سەیری عێراقە ئەمڕۆ
کەدانیشت بەخێر فیراقە ئەمڕۆ
دنیا نامێنێ هەر ئەبێ مردن
پێویستە گەردن ئازادی کردن

سۆرانی( ٢٠٩ )

هاتەوە بەهار بەهاری شادی
بۆی عەتری سروەی خونچە ئازادی
خێڵی خەم کەوتە خولیای بارکردن
مەینەت رووی کردە هەوارگەی مردن
خەم چەمایەوە وەك کەوان پشتی
هەوارگەی کۆنی دەرچوو لە پشتی
بەزمی شادی و شەوق لەدڵدا جەم
ئەوەی هیچ نەبێ لەدەروون خەمە

سۆرانی( ٢١٠ )

ئەمە ئە نجامی نیگای بالاتە
نیشانەی وەصلی خاڵی ئالاتە
سرووری نەشئەی بادەی وەسڵتە
تاثیر: بۆی عەتری مسکی زوڵفتە
سادەی دەی پەی پەی بمدەرێ لەو مەی
لەطیفە ی مردووم یەکسەر زیندووکەی
تابۆیارانیش بە ئیطمینان بێ
مایەی نیشاتی دڵ حەزینان بێ

**هەورامی ( ٢١١ )**

سەد دووری چون دڵ مەعدوومی دڵ تەنگ
مارۆ ئەو فریاد دڵەی سەخت سەنگ
سزان ئەر گێرۆ تەم دڵەی کاوان
هەور ئەو وەجان دێزو هوو ناوان
بەڵام تاقەتێ، های هەورە ئامان
هانە سەفەردا شای ئەو ئەمامان
ئازکیش چون ئاز جەحەد بەر شییەن
خاتر داریش کەر وێنەی کەس نییەن
وێش چون حەوسەڵەی وەشت وتەم دارۆ
یادش ئەدڵدا زەحمەت مویارۆ
پەی بار خاتر ئەو شیرین شێوە
چ حاجەت وەی تەم وەی سەیل ئێوە؟
وەسەن دووی بەدەن جەگیان جیای من
وەسەن سەیل چەم بەخت سیای من

**سۆرانی ( ٢١١ )**

هەرچەند دووری وەك مەعدوومی دڵ تەنگ
دێنێتە ناڵە دڵەی سەختی سەنگ
شایانە گەر تەم دابگرێ کاوان
لەهەوری تازە برژێ خوێناوان
بەڵام تاقەتێ، های هەورە ! ئامان
لەسەفەردایە شای ئەونەمامان
ئاسکی ناز ئاسای لەحەد چۆتە دەر
وێنەی کەس نییە مەیکە دڵ کەدەر
خۆی چۆن حەزئەکا لەوەشت ولەتەم
یادی لەدڵدا ئەڕوا بەستەم
بۆ سزای دڵی ئەو شیرین شێوە
چ حاجەت بەتەم بە سەیلی ئێوە؟
بەسەدووی جەستەی لەگیان جیای من
یا ئەشکی چاوی بەختی سیای من

**هەورامی( ٢١٢ )**

فەریادم وە تۆن.. فەریادم وەتۆن
هانا هەی ئازیز! .. فەریادم وەتۆن
دەردم گرانەن ، ئەلوەدام بێ شۆن
شیفام ئینتیزار مەیل باڵای تۆن
ڕەحمێ کەر وەدڵ خەستەی زارەکەت
بدیە وەروخسار بێ قەرارەکەت
زەردم، زایفم، بێ خواردو خوابم
سەر گەردان وێڵ بێ سەبرو تابم

**سۆرانی( ٢١٢ )**

هاوار مە لای تۆ .. هاوارمە لای تۆ
هانایە ئازیز! هاوارمە لای تۆ
دەردم گرانە و ڕۆشتن بێ جێ یە
شیفام چاوەڕێی باڵاکەی تۆیە
ڕەحمێ بەم دڵەی پڕ لە ئازارم
بڕوانە زەردیی ڕەنگ و ڕوخسارم
زەردم، لاوازم، بێ خۆراك و خاو
وێڵ و سەرگەردان ، بێ سەبرو داماو

**هەورامی( ٢١٣ )**

خۆراکم خەفەت ، ژینم مەینەتەن
وەمەرگت حەیات، وەلام زەحمەتەن

**سۆرانی ( ٢١٣ )**

خۆراکم هەر خەم، ژینم مەینەتە
بەمەرگت ژیان لەلام زەحمەتە

| | |
|---|---|
| مەر تۆ وەرەحمت بێ پایان وێت | مەگەر بەسۆزی بی پایانی تۆ |
| وەلوتف و کەرەم نومایان وێت | بەلوتفی میهری نمایانی تۆ |
| جامێ جەو بادەی وەصڵ دیدارت | جامێ لەو بادەی وەصلی دیدارت |
| جەوقەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت | لەو قرمەی بادەی شوشەی روخسارت |
| بەوێنەی جاران ساپێم دەرەوە | بەوێنەی جاران پێمی دەرەوە |
| عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە | عیسەوی ئاسا زیندووم کەرەوە |
| **هەورامی ( ٢١٤ )** | **سۆرانی( ٢١٤ )** |
| فەنەك کام تیربی نەدات نە دەروون[1]؟ | گەردوون ! کام تیرت نەدا لەجەرگم |
| جەکام زامانت شکایەت کەروون؟ | لای کێ و بۆ کام زام دا درم بەرگم |
| چون بێ حەددەن زام دەس تۆ کەردە | چونکە بێ حەددە زامی تۆ کردوو |
| روو کەروون ئەو لای دۆس ویەردە | ڕوو ئەکەمە لای دۆستی ڕابردوو |
| ئازیز! تۆ هەرچەند بێ مەیلی کەردی | ئازیز ! هەرچەندە بێ وەفاییت کرد |
| وە بێ من تەشریف ئەو حضور بەردی | بێ من تەشریفت بۆ ئەو حضور برد |
| من تەنیایی تۆ مدۆ ئازارم | من تەنیایی تۆ ئەدا ئازارم |
| جەنامایی وێم خەجاڵەت بارام | لەنەهاتنم من شەرم زارم |
| **هەورامی( ٢١٥ )** | **سۆرانی( ٢١٥ )** |
| ئای بێ وەفا وێم من راحەت وەش رەنگ | بێ وەفا خۆم، من ئاسوودەو خۆش رەنگ |
| تۆ دڵ تەنگ، بێ ڕەنگ، نەسامی سەردسەنگ | تۆ دڵتەنگ، بێ رەنگ ، لەتوێی ساردی سەنگ |
| ئەر جەستەی خەستەم رەویەش نەفاما | رەویەی نەفامی جەستەی پڕ جەخار |
| دڵ وەزیارەت مەزارت ئاما | دڵ فامی، خێرا هاتە سەر مەزار |
| دەروون وەسۆزش ئایر نماوە | دەروون بەسۆزی ئاگر نماوە |
| زوان پەی تەئریخ پڕ جە دۆعاوە | زوبان بۆ مێژووی پڕ لەنزاوە |
| ( بەئامین جەشەڕ دۆزەخ ئازاد بی ) | ( بەئامین جە شەڕ دۆزەخ ئازاد بی ) |
| وەسەیر رەحمەت ئەبەدی شاد بی )[2] | بەگەشتی باخی ئەبەدی شاد بی |

[1] مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی وتووە بە بۆنەی مردنی دۆستێکیەوە، بەداخەوە نەمزانی ئەو دۆستەی کێیە و نیشتەجێی کوێیە، ساڵی مردنەکەی بە پیتی ئەبجەدی دیاری کردووە. سەیری کەشکۆڵەکەی مەلا فەتاحی کاگردڵی وشارۆکەی.. محەمەد عەلی قەرەداغی(ل: ٢٥١) بکە.

**هەورامی( ٢١٦ )**

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن
ئەساسەی ماتەم جەلامان جەمەن
ئەتاو دووری دڵ بێ قەرارەن
بینایی دیدەم جەخەفەت تارەن[٢]
شریخەو گرمەی هەوردووری دۆس
وەفەنا بەردەن مەغزو ڕەگ و پۆس
شەرارەی گڕ پەی نار مەهجووری
کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری[٢]
ئەتاقەت مەندەن ئەتۆی دەرووندا
ئەلەیلی[٢] مدیۆ وەلای مەجنووندا
یاخوا مەردەنی بۆ وە میهمانم
ئیتر نەوینوون دووریی یارانم
بەڵکم خەلاصیم ئەدەس دووریم بۆ
بەو زووخ وزامان ئەشوون وەگلکۆ

**سۆرانی ( ٢١٦ )**

ئەمشەو وادیسان دەروون پڕخەم بوو
هۆکانی ماتەم لەلامان جەم بوو
لەتاوی دووریت دڵ بێ قەرارە
بینایی دیدەم بەخەفەت تارە
شریخەو گرمەی هەوری دووریی یار
فەوتانی مێشکو پێست وهەم دەمار
بەکڵپەی گڕەی ئاگری مەهجووری
بوویەگەرد تەواو کۆگای سەبووری
ئەتاقەت ماوە لە توێی دەرووندا
ئەلەیل ئەڕوانێ بەدووی مەجنووندا
خوایە ! سامردن بێ بەمیوانم
ئیتر نەبینم دوو ری یارانم
بەڵکو ڕزگاربم لەسوێی دووری تۆ
بەوزام وزووخە ئەڕۆمە گلکۆ

**هەورامی ( ٢١٧ )**

دیاکەی وەشەرم جە پە نجەرەی ناز
تاتا ڕیشەی جەرگ بەراوەردوە گاز
پەترۆی زامەکەم هەم لابەردەوە
وەختبی سارێژ بێ تازەش کەردەوە
تیرێ هەوادا وەپە نجەی بێ گەرد

**سۆرانی ( ٢١٧ )**

تیلەی بەشەرمی لە پە نجەرەی ناز
تاتا ڕیشەی دڵ دەرهێنا بەگاز
پەترۆی برینمی هەم لابردەوە
هاکا سارێژ بوو تازەی کردەوە
تیرێ لە پە نجەی بێگەردی پەڕی

---

[٢] ع.م (( واتە خوا بە قوبوڵ کردن دوعای ئێمە لەشەڕی دۆزەخ ئازادت بکا. وە دڵت خۆش بکا بەتەماشاکردنی ڕەحمەتی ئەبڕاوەی خۆی. نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە بە پێی حەرفی ئەبجەد، وەلەسەر شێوەی نووسینی کۆنی کوردی ( بەامین جە شڕ دۆزەخ ازادبی) ئەکاتە (١٢٥٨) ك. کەئەبێ ساڵی مردنی ئەو دۆستەی مەولەوی بووبێ.))

[٢] تار: تاریکی. ئەشگونجێ بەمانا تەرەبێ ، واتە بینایی چاوم لە چاوما تەرە بووە و نەماوە.

[٢] واتە گڕیەو بڵێسەی ئاگری دووری کۆگای سەبووریمی سوتاندووەو کردوویەتی بە خۆڵەمێش.

دانە پەرەی دڵ تاسۆفار ویەرد
لاوهوون گۆلاو دەرونم کەرد کەیل
سەرواز کەرد جۆشا نەدیدەم چون سەیل
خاشاك هەستیم هۆر گرت جەناو بەرد
وستش نەگێجاو تەنوورەکەی دەرد
ئیسە هانە تۆی بەحرەکەی بێ پەی
ساقی ! جەوجامە یاهادات وەکەی
وەقەترەی منیچ ناو یاری کەر
مەس بوو تامەحشەر سەر باروو ئەو بەر

دای لە پەڕەی دڵ بڕی ئەو پەڕی
گوڵی دەروونم پڕبوو لەخوێناو
سەری کرد ، جۆشا وەك لافاوی چاو
پووشی هەستیمی ڕامالی سەرجەم
خستیە گێژاوی تەنورەکەی خەم
ئێستا وا لەتوێی دەریاکەی بێ پەی
ساقی! لەو جامە کەوا دات بە کەی
منیش بەقەترەی ئاژێنکە یەکسەر
مەس بم تا مەحشەر ، جاسەر بێنمە دەر

هەورامی( ٢١٨ )

دیدەم! وەدیدەت شای شیرین چەمان!
فیراقت قامەت کەردەن و کەمان
مەزاق یەند تالی دووری تۆ چەشتەن
هوو ناوەکەی چەم سەرزەمین ڕەشتەن
سەر پەیکانەکەت بڕیەن ڕشتەی دڵ
وە ناسۆر کەفتەن دایم مدۆ چڵ
سەمتوور سینە وەزایەڵەی بەرز
مەژەنۆ نەوای دووریت وەسەد تەرز
بڵێسەی کوورەی دەروون گرتەن تاو
نەبۆتەی خەمدا دەروون کەرد وەناو
گلاراوەکەی جە تۆ جیا مەن
وەخت لوا کە ی ئەوە نامامەن
پووشەکەی هەستیم گیاکەی پای چەم
وای نیستی فەنا بەردش پەی عەدەم

سۆرانی( ٢١٨ )

دیدەم ! بەدیدەت شای شیرین چاوان
دووریت واجەستەی کردم بەکەوان
دەم هێندە تالی دووریتی چێژا
خوێناوەکەی چاو زەمینی ڕێژا
سەر نووکی تیرت بڕی ڕشتەی دڵ
ناسۆرەی زامی دایم ئەدا چڵ
سەمتووری سینەم بەزایەڵەی بەرز
ئەژەنێ نەوای دووری بەسەد تەرز
بڵێسەی کوورەی دەروون گرتی تاو
لەبۆتەی خەمدا دڵمی کردە ناو
گلاراوەکەی لەتۆ جیاییمە
سەردەمی ڕەوتی ماڵ ئاواییمە
پووشەکەی هەستیم ، گیاکەی گوێ چەم
بای فەنای نێستی بردی بۆ عەدەم

هەورامی( ٢١٩ )

چەمان هەم قامەت کەیفم خەمبارەن
ئەردی ئەرۆی دڵ زەوقم دیارەن

سۆرانی( ٢١٩ )

جەستەم وا کۆ بوو شادیم خەمبارە
لەرووی زەوقی دڵ زەردی دیارە

تەوق خەم گەردەن شەوقەکەم بەستەن
کەف پای شادیم خار تێ شکستەن
ساقی! سادەخیل جام مەی وەکەف
دەروێش ! ئامانەن کەفێ نەرووی دەف
خۆ نەوی فرسەت جارێ نەجاران
هەر پۆس وەشت بیم پەی دین یاران
چە پگەرد جەخاتر وێش هەرگیز نەویەرد
کەی بی جامێمان پڕ جە بادە کەرد؟
ئێمەیچ باساتێ بەزمێمان جەم بۆ
لادێ هەر خاسەن ئەرسەد کە کەم بۆ
من ناڵە، تۆ دەف، ئەو صافی، یادورد
هەنی فەرد دەرد مەینەت گەردەن ورد

تەوقی خەم ئاڵا لە ئەستۆی شەوقم
درکی تێشکا پێی شادی و زەوقم
ساقی ، سادەخیل جامێ مەی بەکەف
دەروێش ! هانامە لە پێ لەرووی دەف
خۆ نەبو فرسەت جارێ لە جاران
هەلێکم نەدی ببینم یاران
گەردوون نەبو ڕا لەنیازی پڕوەی
کەبێ جامێکمان پڕ بکا لەمەی؟
ئێمەش باساتێ بەزمێکمان جەم بێ
تاوێکیش باشە هەرچەندە کەم بێ
من ناڵە تۆ دەف ، ئەو ساف ، یاخلتەی
فەردی دەردو خەم بابشکێ تەختەی

هەورامی ( ٢٢٠ )

کزەی چزەی زام، گر پەی گڕەی دڵ
داخ دووری دۆس دوورکەفتە مەنزڵ
شەرارەی ئاهیر دڵەی پڕ دەردم
تەپ و دووی دووکەڵ هەناسەی سەردم
جە شەرارەی نار دڵەی پڕ جەخەم
بۆ چیا تەمام هەر هەفت پەردەی چەم
بۆی کزەی کەباب، سۆز سینەی ڕێش
قرچەی برێشتەی جەرگ جەفا کێش
جۆش سەماوەر، دیگ دڵەی تەنگ
لوولەی فوارەی فرمێسك سەد رەنگ
وا چاوش چون تاف ریشەی هەستیم بەرد
ریشەی کۆتەرەی جەرگم بەرا وەرد
دڵ جەدەروونا کەردەن وە بوریان
وەمەرگت قەسەم تاسەی تۆم کریان

سۆرانی ( ٢٢٠ )

وەی کزەی زامی گرپەی گڕەی دڵ
داخی دووریی یار دوور کەوتووی مەنزڵ
شالاوی گڕەی دڵەی پڕ دەردم
هەڵچووی دووکەڵی هەناسەی سەردم
لە پرشەی گڕەی دڵەی پڕ لەخەم
هەر حەو پەردەی چاو سووتاوە سەرجەم
بۆی کزەی قیمەی سۆزی سینەی ڕێش
قرچەی ڕێشکەی جەرگی جەفا کێش
جۆشی حەوجۆشی قوڵپی دڵەی تەنگ
لوولەی فوارەی فرمێسکی صەد ڕەنگ
سەر ڕێژی تافی هەستیمی وا برد
ڕەگی کۆتەرەی جەرگم دەراورد
لەدەروون دڵی کردمە بوریانی
بەمەرگت تاسەم زۆرمی بۆ هانی

**هەورامی( ٢٢١ )**

ئازارم جەوێم بێزارم کەردەن[1]
ڕەویەی ڕەمەزان جەیادم بەردەن
جەوساوە نیەت ڕەوزەم ئاوەردەن
هیچ ئازام جەهیچ ڕۆزەش نەمەردەن[2]
نەچەم نەدیدەن ئازیز بێگەرد
نەگۆش نەصەدای یاران هام فەرد[3]
شیرینی ( افطار ) جەلام تاڵییەن
جام نەجەماعەت دۆستان خاڵییەن
نەوای مەرحەبا ئامان نەگۆشم
چەنی نەلوەداش هەر نەخرۆشم
زاییفیم هەریەند جەحەد بەرشییەن
نەسیم ئەربارۆم عەجایب نییەن

**سۆرانی ( ٢٢١ )**

بیزاریم لە گیان منی بەبادا
ڕەویەی ڕەمەزان نەما لەیادا
من لەو کاتەوە نیتم هێناوە
هیچ ئەندامێکم ڕۆژووی نەشکاوە
نەچاو لەسەیری ئازیزی بێگەرد
نەگوێ لە دەنگی یارانی هاو دەرد
شیرینی ( افطار ) لەلام تاڵییە
جامم لە جامی یاران خاڵییە
گوێم دوور لە نەوای مەرحەباو صەدای
بەڵام گوێ سووکم من بۆ ئەلوەدای
دەرچوو لە سنوور هێندە لاوازیم
عەجایب نیە گەر بمبا نەسیم

**هەورامی( ٢٢٢ )**

مامۆسای سەر نێڵ! شیرین کەلامان![1]
تەشریف خەیرەت باوەر وەلامان
نەشنۆی بەدکار ، نەبۆی بەد وازەن
وەحشی یان هام ڕاز تەیران دەم سازەن[2]
شەتاوان چون سەیل دیدەمەن جاری

**سۆرانی( ٢٢٢ )**

مامۆستای سەر عێل! شیرین کەلامان!
تەشریفی خێرت بابێ بۆ لامان
نەشنەی بەدکار، نەورتەی بەدخواز
وەحشێ یان هاودەم ، باڵداران هاوڕاز
وەك سەیلی دیدەم شەتاوان جاری

---

[1] بەم قەسیدەیە سکاڵای حاڵی خۆی ئەکا.

[2] ڕۆزەش نەوەردەن ،ع. م: زۆرش نەوردەن. واتە زۆری نەخواردووە. ڕۆزەش نەمەردەن: ڕۆژووی نەشکاندووە.

[3] ع.م: *وشەی نەی(نە)ی یەکەم و سێیەم هەرمەعنای (نە)ی سۆرانییەلەهەورامیدا، بەڵام (نە)ی دووەم وچوارەم بە مەعنا(لە) یە. واتە لەو کاتەوەکە نیێتی ڕۆژووم لێ هێناوە هیچ ئەندامێکی لەشم لەهیچ تێر نەبووە، نەچاوم تێر سەیری یاری کردووەو نە گوێم تێر ڕاگرتووە لە دەنگی دۆستان.

[1] مەولەوی باسی سازگاری وخۆشی شوێنەکەی خۆی بۆ دۆستێکی ئەکا کەبچێ بۆ لای.بەڵام بەداخەوە نەمزانی ئەم مامۆستایە کەگەورەی خێڵ و هۆزە کێیەولەکوێ دانشتووە؟

[2] ئەم شوێنە زۆر دڵگیروسەرنج ڕاکێشە، چونکە نەبەدکارانی تێدایە و نە بەدخوازان..

| | |
|---|---|
| پێچ مدان چەنی زامان کاری[٣] | پێچ نەخوا لەگەڵ زامانی کاری |
| تۆ نەسەرگوزەشت سزای دەرد لەیل | تۆ هەر لەڕازی سزای دەردی لەیل |
| من نەحیکایەت ئازیز بێ مەیل | من لەداستانی ئازیزی بێ مەیل |
| ساتێ پەی ویٚما بنیشمێ وەشاد | با ئێمەش دەمێ دانیشین دڵشاد |
| بەو راز نەوە خەم بدەین وە باد | بەو ڕازانەوە خەم بدەین بەباد |
| تافەڵەك دیسان نەی راگوزەردا | تا گەردوون دیسان لەم ڕاگوزەردا |
| بوینمێ چێشش هانە ژێر سەردا؟ | ببینم چۆنە، چیی لەژێر سەردا |
| **هەورامی** (٢٢٣) | **سۆرانی** (٢٢٣) |
| وەهارەن، تەشریف خاڵخاسان پەی هەرد | بەهارە جوانان بۆ هەردان جەم جەم |
| کەم کەم جوانیش ئاوەرد پیرش بەرد[١] | هێنانی جوانی پیریی برد کەم کەم |
| جەم جەم سۆسەنان جەتاق تەوق وە ردان | سۆسەنان کۆکۆ لەتاقان، هەردان |
| سەردان نەهەردان پەرێ هاو فەردان[٢] | هەڵتۆقین و چوون بۆلای هاوفەردان |
| ودرووی زاخاندا چنوورلوول وەردەن | چنوور لەزاخان لوول بوو لەسەر گڵ |
| پەی پای گیان تۆڕدام ئامادە کەردەن | داوی نایەوە بۆ پێی گیان و دڵ[٣] |
| **هەورامی** (٢٢٤) | **سۆرانی** (٢٢٤) |
| دڵە! وادەی صوبح نەو وەهارانەن | دڵە! واصوبحی نەو بەهارانە |

[٣] ع.م: (مەولەوی لەم قەصیدەیەدا خەیاڵێکی وردی بەکار هێناوە، بڕیاری داوە هەرچی پێچ بخوا لەبەر ئەوەیە ئازاری هەیە، وەچەمەکانیش بۆیە پێچ و لاڕن چونکەئازاریان هەیە، ئەبێ ئەم ئازارە خەیاڵی یەی چەمەکان بە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەوجوانانەوەبێ کەلەقەراغیاندا سەیرانیان کردووە.)

[١] خاڵخاسان :ئەو ئەوئافرەتان وکیژانەن کەدانەخاڵەکانیان بەنەقش و نیگارسەر ڕوومەتیان ،جوا نی : لاوی و لو گەنجێتی، پیری: بەومەبەستەیەکەزستان هات بەفر ڕووی زەوی و لووتکەکان داپەپۆشێت، واتە وەکو مرۆی پیر سەریان سپی ئەبێت،جا بەهاتنی بەهار وورە وورە کەم کەم بەفەکە ئەتۆێتەوەو زەوی گەنج ئەبێتەوەودیمەنێکی تازەو نوێی بۆ پەیدا ئەبێ، بۆیە خاڵخاسان بەشکۆی شەرەفەوە بۆ صەفاو سەیران ووڕابواردن بەکۆمەڵ و بەرەو کوێستانەکان ئەڕۆن.

[٢] گوڵەسۆسەن و وێنەکانی لەبەردەمی مەغارەکاندا چین چین حەلقەیان داوەو ئەیانەوێ کیژەکانی سەیران کەران ببینن.

[٣] (ع .م) واتە: چنوور بەزەردو ماکانەوە لوولی خواردوەو داوی ناوەتەوەبۆئەوەی بئاڵێ لەپێی گیان و گیرۆدەی ئەو دیمەنە جوانانەی بکا.

| | |
|---|---|
| وەخت ئاگاهیی دەردەدارانەن[1] | دەمی وریا یی دەردەدارانە |
| هەر کەسێ دانش نەفامش نەبۆ | کەسێ کەئەقڵی بۆ فامی نەبێ |
| بینیی عیرفانش زو کامش نەبۆ | لووتی عیرفانی زوکامی نەبێ |
| گرفتیی دەماخ نەدا بۆپەرداخ | دەماخ گیرانی نەبێ بەداخی |
| پەی پەی بۆ ی ئازیز مەیۆش وەدەماخ | زوو زوو بۆی ئازیز دێتە دەماخی |
| جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە | ئەم بۆی گیان بەخشە بێنە ئازانە |
| ئەی صوبحە خاسە وەفرسەت زانە | ئەم صوبحە باشە بەهەل بزانە |
| تۆ دیای وەشۆن چەند صوبح ئۆدا | تۆ روانیت بەدووی چەن صوبحی ئۆدا |
| ئەو چەند صوبح بریۆ وەشۆن تۆدا | ئاخۆ چەن صو بحیش بەشوێنی تۆدا |
| **هەورامی ( ٢٢٥ )** | **سۆرانی( ٢٢٥ )** |
| بێ شەرت و شۆنیت جەحەد ئەو دەرمن | بێ شەرتیت گیانە زۆر لەحەد دەرچوو |
| رەحمەت ئەو یادت وەفا دار تەرمن[1] | رەحمەت لەیادت وەفای زیاتر بوو |
| دیدەم! چون میقراز بێ شەرتیت تیژ کەرد | بێ شەرتیت تیژ کرد وەك مەقەس دیدەم! |
| دات جە تانتەی وەصڵ جەو پەرش و پەرد[2] | لە پۆی وەصڵت دا قرتانت سەرجەم |
| شەرت بۆ تاجەستەی خەستەی مەهجووریت | شەرتە تاجەستەی خەستەی مەهجووریت |
| پاکتاوش کەرۆ مەردەن جەدووریت[2] | پاکتاوی ئەکا مردن لەدووریت |

---

[1] لەنوسخەکەی(ف)داو، وەهەروەها لەئەصل وڕۆحی (پ.م)دا، وەلەچەند نوسخەیەکیتردا ئەم (٥) بەیتە(دڵە وادەی صوبح ..تاد) بەشێکە لەقەصیدەی پێشوو.(ف)ی لەسەر( دڵە وادەی صوبح) نوسیویەتی مەقولەی قەولە، واتە وتراوی (نەیچی سەحەری) یە. بەڕێز(ع.م)ئەم قەصیدەیەی بەدووپارچە لەدوو شوێندا نووسیونی، وەلە دواییدا هەستی بەوەکردووە کەهەردووکیان یەك قەصیدەن، بەڵام نەیویستوە یەکیان بخات.

[1] لای(ع.م) وەکو بەرچاو ئەکەوێ ئەم قەصیدەیەپێکهاتووە لە(٦)بەیت، لەدیوانەکەی میرزا یەحیای کوردستانیدا دوو بەیتی یەکەم ودووەمی تێدانییە. (ع.م) وشەی((بێشەرت وشۆنیت)) بەبێ شەرت پەیمانیت مەعنای لێك داوەتەوە، واتە(( شون)) بەمەعنا پەیمانە. وەئەفەرموێ: ((سەد ڕەحمەت لە خەیاڵت ئەو لە تۆ بەوەفاترە، بەنییە جار بەجارێ دێتە لام و هات و چۆم ئاکا.))

[2] -٣ چاوەکەم! چونکە بە میقرازی تیژکردووت ئەمسەرو ئەوسەری تانی وەصلت بڕی ، کەواتە شەرت بێ تاجەستەی خەستەی .. تاد. چاکناوش کەرۆ:پاکی ئەکاتەوە مردن لەدووریت.

| | |
|---|---|
| جەشووم پڕ شووم ئەڵحەد سەرای خەم | لەشۆمی شوومی ئەلحەد سەرای خەم |
| جەقەڵومزەی جۆی سەر چەمەی چەم | لەتاڤگەی خوێنی جۆی سەرچەمی چەم |
| **هەورامی( ٢٢٦ )** | **سۆرانی( ٢٢٦ )** |
| وەبۆی ئەو باڵا خەت وکوڵم فەم | بەبۆی ئەو باڵاو خەت و کوڵم وفەم |
| سەروو سەوزەو گوڵ خونچە برۆ دەم | سەروو و سەوزەو گوڵ خونچە ئەدادەم |
| دڵەی مەینەت گاز سفتەی کۆی قەقنەس | دڵەی خەم گەستووی سووتاو وەك قەقنەس |
| ئەبۆ وەنیشان تیر موژەی کەس | ئەی کەم نیشانەی تیری موژەی کەس |
| **هەورامی( ٢٢٧ )** | **سۆرانی( ٢٢٧ )** |
| زرنگە صەدای ساز حەریشەی ئەعزام | زرەی صەدای ساز لەریشەی ئازام |
| کەمانچە دەستوور ماوەرۆ مەقام [1] | کەمانچە ئاسا سازانی مەقام |
| بانگ رسواییم جەعالەم بەرزەن | بانگی رسواییم لەهەرلا بەرزە |
| زیندەگیم زیاد ، مەردەنم فەرزەن | مانم بێ سوودەو مردنم فەرزە |
| لەتلەت جەرگم ( عومان ) عەینەین | لەتلەتی جەرگم ( عومان ) عەینەین |
| پڕ کەردەن ، برِیا ن بوخار ( بەحرەین ) [2] | پڕ کردو برا بو خاری ( بەحرەین ) |
| بەو تەور تەن غەرقەن ئەگێج هووندا | جۆری تەن نوقمە لەگێژی خووێندا |
| ماچی مووریوەن هانە جە یحووندا | وەك مێروو پێکە ئەو لەجە یحووندا |
| ئیمشەو وەهەر حاڵ شەو وەرۆ بەروون | ئەمشەو بەهەر حاڵ شەو ئەبەمە سەر |

---

[1] وەك وتمان لای(ف)و زۆر نوسخەی تر ئەم بەیتە سەرەتای قەصیدەکەیە. سازو کەمانچە دوو ئامێری مۆسیقان.
لێردا لەشی مەولەوی سازە، ووردە دەمارەکانی لەشی تاڵەکانی ژێی سازەکەیەتی، واتە سازەکەی جەستەم وەکو کەمانچ دەنگ وئاوازو زریکەی لێ پەیدا بووە. سەیری (ع.م) بکە.

[2] -٣ عومان: دەریای عومان، لە ئۆقیانووسی هیندەوە سەرچاوەوەرئەگرێ، بەحرەین: پایتەختەکەی(مەنامە) یە. جەیحوون: ڕوبارێکی گەورەیەلە ڕوسیای ئەوسادا تورلستانی سۆڤیتی.
ئێستا چاوەکانی مەولەوی دوو دەریای عومان وبەحرەینە، فرمێسکی هەردوو چاوی ئاوی دەریایە، واتە وەك چۆن دەریا هەڵم وبوخار ی لێ هەڵئەسێ هەروەها فرمێسکەکانی هەردوو چاوی وەکو دەریا هەڵمیان لێ هەڵئەسێ، کەواتە لەتاو دەردو ئازار ئەوەندە گریاوم فرمێسکی چاوەکانم بووە بە خوێن و پارچە پارچەی جگەرم لەکاسەی چاوما گیرساوەتەوە، وەلەشیشم خەڵتانی خوێنەو خنکاوە، ئەڵێی مێرووێکە لەسەر ڕووباری جەیحوونەوە. سەیری ع.م بکە

ئەی خواسا مەرگ سەحەر چێش کەروون؟

خوایە سامەرگی چیبکەم من سەحەر

هەورامی ( ٢٢٨ )

ئەوجا بەزمگەی کەس جێ نەڕەستە
وارگەی صەبیا د ی هەزاران خەستە
من نەچیرەکەم هەزار زام وەردە
هەرزامێ پەی وێش زووخاو سەرکەردە
ترسیای صەدای ماردم هۆش بەردە
رەمیای بۆی بارووت هەردەوەهەردە [1]
کەی تەوانای سەیر سەرد یارا نمەن؟
یا پەروای تاقەت بێ یارا نمەن [2]
رووم کەرد وەسارای هەردوو بەردەوە
وەسەد ترس و لەرز جەستەم شەردەوە
چ داوایێوەن مەکەردێم چەنی
باز دێم نیم رەمەق پەی جارێو هەنی [3]

سۆرانی( ٢٢٨ )

ئەو جێ بەزمگەی کەس لێ نەرستوو
بنکەی راوکەری هەزاران خستوو
من ئەو نێچیرەی سەدان زام خواردوو
هەر زامێ بۆی خۆی زوو خاو سەرکردوو
ترساوی سەدای ماردم هۆش بردوو
بە بۆنی بارووت کێواو کێو کردوو
ئەی هێزی سەیری سەر دیارا نمە؟
یا پەروای توانای بێ یارا نمە؟
رووم کردە سارا و هەردو بەردەوە
بەسەد ترس و لەرز جەستەم شاردەوە
چیتان لێم ئەوێ ؟ لێم گەڕێن ئیتر
نیو گیانم ماوە بۆ جارێکی تر

هەورامی ( ٢٢٩ )

خاڵۆ!چون تەدبیر دەرد زانات نەوی
هانام کەرد ئەو تۆ تەوانات نەوی
نەتاوات وێت دەی وەمەودای وەیدا
گێج بدەی نەگێج دەریای بێ پەیدا
هاخودام وەحەق شادەتم ئاوەرد
خاڵۆت گێج مەوج دەریای هەواش کەرد
جەکەنارەوە سەعی کەردەت بۆ
هەوڵ پل وپووش ئاو ئاوەردەت بۆ

سۆرانی ( ٢٢٩ )

خاڵۆ! هاچارەی دەرت نەزانی
دەستەدامێنت بووم و نەتتوانی
نەتزانی خۆت دەی بەنووکی وەیدا
گێژ دەی لەگێژی دەریای بێ پەیدا
خودا تێم بەحەق من زووبردم پەی
خاڵمت خستە دەریای هەوای وەی
لەکەنارەوە کۆشش کردەت بێ
هەوڵی خاشاکی ئاو ئاوەردەت بێ

---

[1] هەردەوە هەردە (ف): هەردا وهەردەکەردە

[2] ف: سەیر. ع.م: صەبر

[3] چ داوایێوەن ع.م((چ دەعوایێکە، چ شەڕێکە، بازدێم: لێم گەڕێن. واتە: کونە و کون خۆم شاردۆتەوەو بۆخۆم لێرە لەگەڵ هاوڕێکانم ئەژێم. لەکۆڵم بنەوە))

پەی چێش ؟ خاڵۆکەی دەروون جەهوول کەیل؛
خەیلێن ئەجزای مەیل لەیلەکەی پڕ مەیل
ئامێتەن وەجزو رێزەی مەجنووندا
حەیفەن ئاو بەرۆش وەتووناى تووندا

بۆ؟ چون دەمێکە دەروون لەخوێن کەیل
ئەجزای مەیلەکەی لەیلەکەی پڕ مەیل
تێکەڵ بەئەجزای وردەی مەجنووندا
حەیفە ئاو بیبا بەتووناى تووندا

هەورامی( ٢٣٠ )

سەر حەلقەی فیرقەی نازك خەیاڵان؛ [1]
دێیا چەی کیتاو صاحیب کەماڵان؛ [2]
جیلوەی جەلای دۆس تەدریج پەی یارا
مبۆ ، تاوە قەدەر تاقەت بو یاران
گاوە تەبەسم بەیضا بێزەوە
گاوە ( تکلم ) شەهد ئامێزەوە
( تبسم ) وەناز ظو لمەت زەداوە
( تکلم ) وەراز وەحشەت فزاوە
ئەر دەس پەی نیقاب تەمام بەردەوە
جەرووخسارەی وێش پەردەش دڕ دەوە
فەنا پەی عالەم پامنیۆ ئەویش
باقی ئەو مبۆ ، وێش ممانۆ وێش

سۆرانی ( ٢٣٠ )

سەر حەلقەی دەستەی ناسك خەیاڵان؛
دێیا چەی صەفحەی ناسك کەماڵان؛
تیشکی دۆس کەم کەم ئەبێ بۆیاران
بە پێی تاقەتی توانا داران
جار جار بەخەندەی سپی بێزەوە
گاهێ بەواتەی شەکراو مێزەوە
خەندە بەنازی ظو لمەت رەوێنێ
واتەی بەڕازی وەحشەت رووخێنێ
بۆ پەچەی گەر ئەودەستی هەڵبڕی
لەرووخساری خۆی پەردەی دادڕی
فەنا بۆدونیا ئەو دێتە پێشێ
خۆی تەنیا باقی و نامێنێ کەسێ

هەورامی( ٢٣١ )

سۆرانی ( ٢٣١ )

وەش ئاماى هەى پەيك ؛ لاى قەبيلەى لەيل[1]   هاتی بەخێربێی پەیکی هۆزی لەیل؛

---

[1] (ع.م):((مەولەوی ئەم شیعرانەی لەوەڵامی دۆستێکیا وتووە گلەیی لەوەکربوو کە مورشییدەکەی زۆر تەئسیری تێ ناکا، ئەمیش هۆی ئەو کەم تەئسریەی بۆ ڕوون ئەکاتەوە))

[2] حەلقە لەتەریقەی نەقشبەندیدا مورێدەکان حەلقە ئەبەستن بۆ زیکرکردن، ئەوکەسەکەڕابەریی حەلقەکە ئەکا وبەرنامەیان بۆ دائەنێ پێی ئەڵێن سەر حەلقە. واتە تۆ سەر حەلقەی کۆڕی ناسک خەیاڵانی ولەهەمان کاتدا دیباجەی کتێبی خاوەن کەماڵانی.

[1] (ع.م):((مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لەوەڵامی شێخ تاج الدینی حاجی شێخ عبدالرحمانی کوڕی شێخی سراج الدینا وتووە کەلە هەولێرەوە نوسیبووی بۆ مەولەوی کەلەو دەمەدا لەتەوێڵەبووە، وەباسی تاسیر و بەرەکەتی شێخی مامی تیاکردبوو ، وەنوسیبووی ئەگەر بۆم ڕێکەوت دێم بۆ زیارەتی تالە نزیکەوە کەڵکی لێ وەرگرم))

| | |
|---|---|
| جەیب دڵ وەعە ترمەیل مەیلیٚ کەیل [٢] | یەخەی دڵ بەبۆی مەیلی لەیلیٚ کەی |
| وە ختیٚ دووی دە ر دا ن مە وە یە رد نەهەردان | کاتیٚ دووی خەمان کەوتە سەرهەردان |
| جەکوورەی ئایر دمرد بیٚ دمردان | لەکوورەی ( ئار ) ی دمردیٚ بیٚ دمردان |
| نامەی ویٚرانەی دڵان پیٚ ئاوا | نامەت ویٚرانەی دڵان پیٚ ئاوا |
| جەناکام یاوا بەلاٚ م کام یاوا : [٣] | لەناکاوا هات ، بەلاٚ م چۆن؟، ئاوا : |
| های وە فەرق دین زامداران تاج دای | نا تە سەردینی زامداران تا ج |
| شەریعەت مەیل لەیلیٚ رِەواج دای [٤] | شەرعی مەیلە کەی لەیلت دارەواج |
| <u>هەورامی( ٢٣٢ )</u> | <u>سۆرانی( ٢٣٢ )</u> |
| قات بی جە کەثرەت یاران هم دەم | زۆریی هاو دەمان لەسنوور بەدەر |
| گەرد کۆی دڵبەر خەبەر بەر پەی چەم [٥] | بۆچاو بوویە قات گەردی کۆی دوولبەر |
| مەخموور کەر دەروون جەبادەی باقی | دەروون سەرخۆشکە لەبادەی باقی |
| یانیٚ ئەی جواو خاتیمەی سا قی [٦] | یانیٚ لەم جوابەی کۆتا یی ساقی |
| بەڵیٚ چون لەزەت تیر نازاران | دڵت لەچیٚژی تیری یاران زوو |

---

[٢] پەیك: تەتەر، نامەبەر، واتە ئەی پەیکی لای هۆزی لەیل ! بەخیٚربیٚی . بەم نامەیەت یەخەی دڵمت وەیادڵت پڕکرد لەعەتری مەیلی لەیل.

[٣] -٤ ئەو نامەیە کەویٚرانەی دلاٚنی پیٚ ئابوو لە پڕ هات، بەلاٚم چۆن هاتنیٚك؟ هاتنیٚکی ئاواکەبەو نامەیەت تاجت نایە سەر تەوقەسەری دینی ئەوانەی گرفتاری زامی عەشقن، وەرە واجت دا بە شەریعەتی خۆشەویستی یار کەشیٚخی بها الدینه)) بەم بەیتە ئاماژە ئەکا بۆ ناوەکەی کە تاج الدینه واتە تاجی دینه. سەیری ع.م بکە.

[٥] ع.م واتە( کاکەی فروستادە خەبەر بدە بەچاو کەبەهۆی کۆبوونەوەی دۆستانەوە بۆگویٚ گرتن لە ناەکەی شیٚخ ، تۆزی بەردەرگاە یار هەموو بڕایەوەونەما تاچاو اەجیاتی کلە بەکاری بهیٚنیٚ) وەیا ئەم دۆستانە ئەوە ندە گریاون و بەلیٚشاو فرمیٚسکیان رشتوەو بەهۆی ئەم فرمیٚسکەزۆرەوە تۆزنەماوە بۆ سورمەی چاو.

[٦] واتە دڵ ودەروونت سەرخۆش بکە بە بادەیەك کە هەمیشە باقییە و بڕانەوەی نییە، ئەویش بریتییە لەم جوابە کە جوابی کۆتایی کاری ساقییە.(ع.م) (جوملەی(خاتیمەی ساقی) ئیشارەتە بۆئەوە کاتیٚ کە مەی گیٚڕ دوا پیاڵەی هیٚنا ئەوە وانەگەیەنیٚ کە ئاهەنگ گیٚڕەکان ئیتر بلاٚوەی لیٚبکەن و بگەڕیٚنەوە بۆ شویٚنی خۆیان ، کەواتە ئەم جوملەیە ئیشارەتە بۆئەوە کەداوا لە فروستادەکە ئەکا زوو بگەڕیٚتەوە. وەرامەکەی مەولەوی ئەوەتە لە شیعرەکانی پاشەوەدا وتراوە)).

تام نەدان ئەو دڵ بازیت شوماران [٧]
نازوون وەو غیرەت چ خاس پێ زانا ن
ما شەلآت وەحاڵ یاران پێ وانا ن
هەوای کۆتایی نالەی وێت بییەن
وەتێریٚ هەنی ئاگا هیت نییەن

چون نەچێژابوو لەلات گاڵتەبوو
بنازم بەو هێز کە پێی سە لمانی
سەیرت نەکردەن بەسەر سورمانی
کورتی نالەت بوو پەیی پێ بردی
بەتە نیا تیریٚ بیٚ هۆشی کردی

<u>هەورامی( ٢٣٣ )</u>

دڵ نالآن بییەن نالآن پەی تیرەن
تیر سەرمایەی گیان ئا ئەم پیرە ن
کۆتایی نییەن دۆس وە نالەی دڵ
چون وەردۆ جەگیان دەس دڵەی خەجڵ [٨]
نیشان ئەو بۆ دڵ نەجای خەدەنگ هوون
پەی وضو و حەوز حەوز برۆ وە بیروون
حەوزیٚ حەنەفی خاس پێش رەزا بۆ
نەك جەی شەرعەدا نمات قەزا بۆ [١٠]
چون تا زە زامی هۆشت و پەردەن
وێت ئاسا خەیاڵ نازیزت کەر دەن [١١]

<u>سۆرانی( ٢٣٣ )</u>

دڵ نە ناڵێنیٚ ناڵەی بۆ تیرە
تیریش سەرمایەی جیهانی پیرە
درێخی نا کا پیرلە تیری دڵ
گەر دەس هەڵبگریٚ لەگیان بەکامڵ
نیشانەی بۆ دڵ لە جێی تیر خوێناو
گۆم گۆم بۆ دەسنوێژ سەربکا لافاو
گۆمیٚ حەنەفی باش پێی رە زا بیٚ
نەك لەم یاسادا نوێژت قەزابیٚ
چون تازە زامی بێهۆش و بیٚ سەر
خۆت ئاساکردت خەیاڵی دولبەر

<u>هەورامی( ٢٣٤ )</u>

ئەو جەکۆن ، دووری و نزیکی جەکۆن؟

<u>سۆرانی ( ٢٣٤ )</u>

دووری و نزیکی بۆ ئەو نامۆیە

---

[٧] دڵت چونکە لەزەتی تیری ئەوی نەچێژابوو بەلاتەوە گاڵتە بوو

([٨] –١٠) واتە دۆست هەرگیز دەست هەڵناگریٚ لەتیر هەڵدان بۆ دڵ و هەرگیز بەزەیی پیانایەتەوە، بەمەرجیٚ ئەو دڵە دەست لە گیان هەڵگریٚ و بەتەمای نەبیٚ.نیشانەش ئەمەیە: کەتیری گرتە دڵ لەکونی تیرەکەیەوە خوێن هاژە بکاو حوز حوز پرکا لە خوێن بۆ دەست نوێژ ، حەوزێکی ئەو تۆبیٚ کەحەنەفییەکان پێی رازی بن(حەوزی پاك لای حەنەفی زۆرترە لەحەوزی مەزهەبەکانی تر)، ئەگەر حەوزەکە کەم بوو دەستنوێژەکەت بەقەزا بیگێرێتەوە

[١١] لەگەڵ ئەوەشدا کەتازەزامنی و سەرەتای بێهۆشیتە خۆت پیٚ نەگیراو خۆت ئاسا خەیاڵی دولبەر کەوتە سەرت.

| | |
|---|---|
| دووری و نزیکی وەصف من و تۆن | دوری و نزیکی بۆ من و تۆ یە |
| مەنزڵش نییەن ئەو قەو س ئەو خە دەنگ | مەنزڵی نیە ئەو قەوس و خەودەنگ |
| کیٚ پەرساش یەکیٚ وسەد هەزار فرسەنگ | کیٚ پرسی، یەکیٚ و سەد هەزار فر سەنگ |
| بەکێوەن هەر وەخت نیشان ئامادەن | هەردەم نشانە ئامادە بیٚ گەر |
| کێشاو بەر شییە یەئەو نیشان دادەن | کشان و لێدان یەکێکە یە کسەر |
| ساقی زیادەی مەی زۆر ئاوەردەن | زۆریی مەی ساقی ؛ کاری تیٚ کردم |
| سڕ سەر بەردەن وەر نە سەر بەردەن | پێش نە مانی سەر شعوری بردم |
| تەنگە زەر فەنان هیلاکم مەکەر | تەنگە حەو سەڵەم مە مکو ژە بەزام |
| ویسعەت مەشرەبیٚ ، یا جام نیم پەڕ دەر | یاو سیعەتی دڵ، یاخۆ نیوەی جام |
| هەورامی( ٢٣٥ ) | سۆرانی( ٢٣٥ ) |
| وادەی سەفەرەن ،های نەسیم ؛ ئامان [1] | کاتی سەفەرتە های نەسیم؛ ئامان |
| وەلای ئازیزا بویەر چون جاران | بەرەو رووی ئازیز بڕۆ چوون جاران |
| تەقریر کەر ئەوەڵ بەو زوان حاڵ [2] | یەکەم بیدوێنە بەزبانی حاڵ |
| سەلام ۆ دوعای ئەو دور دانەی لاڵ [2] | سەلام و دۆعای ئەو دورڕدانەی لاڵ [4] |
| دووەم جە حالاٌت بەشێوەی حاڵم | دووەم لەبارەی پەشێوی حاڵم |
| جەشۆریی بەخت و وێرانی ماڵم [3] | لەشوومی بەخت وتیرانی ماڵم |
| هەورامی( ٢٣٦ ) | سۆرانی( ٢٣٦ ) |
| جەبیٚ قەراری ، جەدەس دووری | لەبیٚ قەراری، لەدەستی دووری |

---

[1] ئەم پارچە هەڵبەستە کەلەدیوانەکەی (ع.م) دا بڵاو بۆتەوە، بەتێڕوانین لەناوەڕۆك و مفرەداتی وجۆری سکاڵاو باسی کەساسی.. لەوەناچێت کەزادەی قەریحەی قەلەمی مەولەوی بێت، تائێستا نەمدیوە مەولەوی (قاوە) ی بەکارهێنابیٚ. وەك لەبەیتی شەشەمی ئەم پارچەیە دا هاتووە، لەلایەکی کەشەوە ئەم پارچە یە لەدیوانکە دەستنوسەکاندا نەهاتووە وەلە(ئەصل و ڕۆح) ەکەی (پ.م) یشدا نییە.

[2] تەقریر: ئەو وشەو وتنەیە کەلەزار دێتە دەرەوە،

تەحریر: ئەو وشەو واتایانەیە کە ئەنوسرێن.

زوانی حاڵ: ئەوەیە بەڕەمزو هێما ئاماژەی بۆبکرێت.

زوانی قاڵ: ئەوەیە بەزار بوترێت.

[4] دور دانەی لاڵ: دانەی دوڕو لەعل.

[3] شۆری: شوومی. وەیازەویی شۆری بەختی من.

جەبێ ئارامی ، جەناسەبووری
جەسۆزەی شەرار ئائیرەی هیجران
جەناسۆریی زام تیرەکەی موژگان [٥]
جەقرچەی قاوەی جەرگ جەفا کێش
جەوەلوەلەی دەرد دەروون پڕ ئێش [٦]
جەکزەی هوونا ئەچەم سەرکەردەم
جەسەنگینی بار قامەت خەم وەردەم
جەبێ خەوی شەو ئەلوەدای سەحەر
جەنالەی ئەعزا جەسۆزەی جگەر
هەورامی( ۲۳۷ )

لەبێ ئارامی ، لەناسەبووری
لەسۆزەی گڕەی کوورەی هیجرانی
لە ئێشی زامی تیرەی موژگانی
لەقرچەی قاوەی جەرگی جەفاکێش
لەنالەی دەردی دەروونی پڕئێش
لەهاژەی خوێناو سەرکردوو لەچاو
بەباری قورسی قامەتم چەماو [٥]
لەبێ خەوی شەو، ئەلوەدای سەحەر
لەنالەی جەستەم ، لە سۆزەی جگەر
سۆرانی ( ۲۳۷ )

جەهاوار تەن ، جە ئەلوەدای گیان
جە یاوای فەلەك نالەی( الامان )
یەك یەك بەحضوورئەو ڕۆح ڕەوان
عەرز کەروەسەد شیرینی زوان
واچە یەند زوو خاو دەروونش وەردەن
ئەسپاپ مەردەن ئامادە کەردەن
بەڵ یاوۆ وەلام طە بیب دەردم
مەرهەم دۆنەرووی زامان سەردەم
جەو مەعجوون ئەجزای لوطف ومەیلی وێش
دەوا دۆ پەی زام خەستەکەی دڵ ڕێش
هەورامی( ۲۳۸ )

لەهاواری تەن ، ماڵئاوایی گیان
گەیشتە گەردوون نالەی( الامان )
یەك یەك لەلای ئەو ڕۆحە بێگەردە
پێی ڕاگەیەنە ئەم هەموو دەردە
بلێ هیند چێژای زووخی دڵی خۆی
ئەسبابی مردن ئامادەیە بۆی
بەڵکو بێ بۆلام پزیشکی دەردم
مەڵحەم با لەڕووی زامانی سەردم
ئالەو مەڵحەمەی لوطف ومەیلانی
دەرمان کا زامی خەستەی خەمانی
سۆرانی( ۲۳۸ )

ئازیز! تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ
ئەزلیا ئەبەند تای ڕشتەکەی تۆ [١]

ئازیز! تای ڕشتەی دڵەی خەم لەنۆ
ئالا لەبەندی تالی زولفی تۆ

---

[٥] لە سۆزی بلێسەی ئاگری دووری.

[٦] وەلوەلە: گریەو فوغان.

[٥] لەئەصلەکەدا وشەی(خەم) بەمانا چەماوەیە واتە بەهۆی باری قەرس و گران پشتم ئەوی بووەو چەماوەتەوە.

هەردوو چەنی هەم پێچ وەردەن وەهەم
جیایی نەیەن مەحاڵەن ستەم
سەرمەودای ناخوون یەکسەر تێیدا شی
هەرچەند سەعید کەر جیایی نەوی [2]
ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا
هەردوو چەنی هەم پێچ دەی وەهەمدا
تایاران زانان ریشەی جەرگمەن
پاچیا ن ناوێزان وەرووی بەرگمەن [3]
هەنی مداران دەم وەسە ناوە
ئافەرین واچان جەگردین لاوە

هەردوو پێکەوە لێك ئالاّن تاڵ تاڵ
لێك ترازانیان ستەمەو مەحاڵ
سەر نینۆکی تیژ یەکسەر واتیا چوو
هەرچەند هەوڵم داجیایی نەبوو
ئێستا باش وایە تۆلەسەردەمدا
هەردوو لەگەڵ یەك بادەی بەهەمدا
تایاران تێگەن ریشەی جەرگمە
هەڵپاچرا، شۆڕە لەسەر بەرگمە
ئیتر ئەم وئەو دەم بەسەناوە
ئافەرینم کەن لەهەموو لاوە

## هەورامی ( ٢٣٩ )

قیبلەم! کەردەنی..قیبلەم ! کەردەنی [1]
جەنامەت پەی تەور ئیظهار کەردەنی
نویسا بێ لێش: تۆ دڵ سەردەنی
دڵ هەر یەکێوەن تۆ وێت بەردەنی
دوو حاڵەن: جەلات زنجیرت کەردەن
ئەر گەرمی گەرمەن وەرسەردی سەردەن
ئیتر تۆ جەکەس مەپرسە خەبەر
بینایی ! نەظەر وەحاڵ وێت کەر
راسش هەر ئیدەن ئیظهارم کەردەن

## سۆرانی( ٢٣٩ )

قیبلەم! ئەیکەی.. قیبلەکەم! ئەیکەی
بەنامەت ئاوا ئیظهاری ئەکەی
نووسیوتە تیادا! کەدڵ سەردی تۆ
دڵ هەریەکێکە تۆ بردووتە خۆ
دڵ دیلی تۆیە و لەبەر دەمتایە
گەرمی یاساردی ئەویش هەروایە
ئتر تۆ لەکەس مەپرسە خەبەر
باش باش بینابیم! بیدە بەر نظەر
ڕاستی هەروایە ، دڵت دامرێ

---

[1] رشتەم: کشتەك، بادراو بە دەزووی خوری یا لۆکە
بەند: گیرۆدەیی و گرفتاریی، واتە رشتەی دڵم ئالاّوەو گیرۆدەی تاڵی رشتەی تۆ بووە. (ع.م) خۆی نادا لەقەرەی وشەی((بەند)).

[2] مەودا: تیژی. ناخوون: نینۆك. (یەکسەر تیراشی) واتە بەنینۆکی تیژم ئەوەندە خەریکی کردنەوەیان بووم هەموو نینۆکەکانم تیاچوون و نەکرانەوەو لێك جیانەبوونەوە

[3] واتە چاك وایە ئێستا باشتر تێکیان بئاڵێنی بەیەکدا وەبسەر پۆشاکەکانی بەرماشۆڕببنەوە، بۆ یاران ە هەموو کەسانی تر ببینن و ئافەرینم بکەن.

[1] دۆستێك گ لەیی لێ ئەکا، مەولەویش وەڵامی ئەداتەوە.

قەسەم بەو کەسە نەزاو نەمەردەن
شەرتم شەرتێوەن مەجنوون شەرت کەردەن
لەیل من تۆنی تاوەروی مەردەن
تۆ خواجەمەنی من کەمتەر غوڵام
پەی تۆ غوڵامم باقی والسلام

بەو کەسەی‌کەسی نییەو نامرێ
شەرتەکەی مەجنوون نەگرمە گەردن
لەیلی من هەرتۆی تارۆژی مردن
تۆ گەورەی منی ، من کەمتر غولام
حەلقە لەگوێی تۆم ، باقی( والسلام )

هەورامی ( ٢٤٠ )

جەسەردی مۆبەت نازیز بێ گەرد!
جێی هووناو دڵ جە دیدەم یەخ کەرد
دەست بێ رەحمیش دانەی سینەی شەوق
گڕ وەردان نەجەرگ جەستەی هەستیی زەوق
زەهر خەم شییەن نەکام شادیم
هەر دەردەن مەیۆ موبارەك بادیم
هەناسەم ریزەی دڵ مار ۆ نەوبەر
سەرکەردەن زووخاو جەزام خەتەر
مەینەت چون توجار وەمەتای سەد تەرز
کەردەن نەدەروون نەوای شادی بەرز
دڵ وڵ وڵ کەردەن خەندەنگ دووری
سوچنان جەستەم دەرد مەهجووری

سۆرانی( ٢٤٠ )

جەسەردی مەیلی یاری روومەت گوڵ
لەچاوما مەیی جۆی خوێناوی دڵ
دەستی بێ میهری دا لەسینەی شەوق
سوتانی جەرگی جەستەی هەستی زەوق
ژاری خەم چۆتە ناو زاری شاییم
هەر دەردەوادێ بۆ پیرۆزباییم
هەناسەی پرزەی دڵ دێنێتە دەر
لەزامی خەتەر زووخاو نەکا سەر
خەم چون بازرگان بە پارچەی سەد تەرز
کردی لە دەروون نەوای‌شادی بەرز
دڵمی کون کون کرد بەتیری دووری
جەستەی سووتاندم دەردی مەهجووری

هەورامی ( ٢٤١ )

هانا هام دەردان تاقەت نەمەندەن
جەورەکەی نازیز ریشەی دڵ کەندەن
بەیدێ وەلای من حاڵم بەد حاڵەن
جەدووری نازیز دەروون زووخاڵەن
بزانێ خەم چون کەردەنم پاماڵ
دەخیلم ساقی ! گەردەن سیم قاڵ
جامێ جەمەعجوون دەرد نەو گاران
دوردوامەندی بەزمەکەی یاران

سۆرانی( ٢٤١ )

هاو دەردان !هانام نەماوە تا مڵ
سزاکەی نازیز کێشای ریشەی دڵ
وەرن بمگەنی حاڵم بەد حاڵە
لەدووری نازیز دەروون زووحاڵە
بزانن خەم چۆن کردوومی پاماڵ
دەخیلم ساقی ! گەردن زیوی قاڵ
جامێ لە شیلەی دەردی نەو گاران
خڵتەی پاشماوەی بەزمەکەی یاران

پێم دەر تاریشەی هەستی کەرۆ پەی	بمدەریٚ ڕەگی هەستیم بکا پەی
قوربان تۆیچ نەیچی ! دەستی بەرپەی نەی	قوربان تۆش نەیچی ! دەستێکت بۆنەی[1]
وەتەرزەکەی وێت من لاونەوە	بەتەرزەکەی خۆت بملاوێنەوە
وەمەقامێ وەش خەم تاونەوە	بەئاوازی خۆش خەم بتوێنەوە
باخاس خاس هۆشم هیچ نەمە نۆ پێم	باهۆشم باش باش هیچی نەمێنیٚ
بەڵ ئازیز وەخەیر ڕەحمی کەرۆ پێم	تا بەخێر ئازیز ڕەحمیٚ بنوێنی

**********

دڵەی خەم خەیاڵ جۆش ئاوەردەوە
مەعدووم هەم هەوای زەهاوکەردەوە[1]

---

[1] ڕەکی هەستیم ببڕیٚ.

[1] ئەم بەیتەلە(ف)و زوربەی دەستنوسەکاندا تاکە بەیتەو لەسەر ی نوسراوە((معما-موعەمما بەنیسمی محموود.)). موعەمما: لەغەز مەتەڵ ، ڕەمز، هێما. زانایان و شاعیرانی دێرینەمان لەژێر مەبەستێکی تایبەتدا (معما)یان بەکارهێناوەو گرنگیان داوەتیٚ و نوسراوی زۆری لەسەر نووسراوە وشیتاڵ کراوە. وشەی (دڵ) یەکسانە بە وشەی (قلب)ی عەرەبی، قەلب وەك بەمەعنا دڵە هەروەهاش بەمەعنا وەرگەڕان هاتووە، واتە قەلبی (خم) بەئیملای کۆن ئەبیٚ بە (تخ)، ڕستەی ((جۆشی خواردەوە))واتە نوختەکەی فرێدا و بووبە مح. ئنجا (مح) لەگەڵ وشە دووەم وەرگێڕە ئەبیٚ بە(مود) ئەنجا ح مح+مود=محمود. بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبیٚ وشەی(مەعدوم) بنوسرێت ((مع دوم))واتە وەرگەڕانی(حم)لەگەڵ (دوم)دا یەکسانە بە محمود، ئەم بەیتە وەرنەگێرایە سەر سۆرانی، بەپێویستم نەزانی

**هەورامی( ٢٤٢ )**

**ئیمشەو هەر خەمەن هانە کەمیندا**
**هەردمردە مدۆم رووی زەمیندا**
**دڵ نەگەردە لوول بێ پەرداخییەن**
**دەماخم نەگێج بێ دەماخییەن**
**سادەروێش! وەعەشق مەولای دەروێشان**
**وە( یاهوو ) ی وەسۆز ریاضەت کێشان**
**هەر پاسە مەبۆ زەلیلی دەخیل**
**چینە زیاتەر مازمم وەزەلیل**

**سۆرانی ( ٢٤٢ )**

**ئەمشەو هەرخەمەن والە کەمیندا**
**هەر دەردە ئەمدا بەرووی زەمیندا**
**دڵ والە تەمی بێ پەرداخیدا**
**دەماغ لەگێژی بێ دەماخیدا**
**سادەرویش! بەشقی مەولای دەروێشان**
**بەسۆزی ( یاهو ) ی ریاضە ت کێشان**
**هەروەها ئەبێ زەلیلی دەخیل**
**لەمە زیاتر بانەبم زەلیل**

**هەورامی ( ٢٤٣ )**

**پەی دیگ دەروون جۆش کو ڵ و کەف**
**تەسکین نمەك کزەی کەف و دەف**
**با بەیۆ وەش وەش سۆزەی صەداکەت**
**لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت**
**بەو نائیرەوە بەو دائیرەوە**
**خاس بنیەر هەستیم وەنایرەوە**
**بەڵ ئیمشەو خەمان شێونان کەلەك**
**تاسەحەر چۆن بۆ گەردش فەلەك**

**سۆرانی ( ٢٤٣ )**

**بۆ مە نجەڵی دڵ جۆشی کوڵ و کەف**
**هۆی تەسکینە خوێی کزەی لەپ و دەف**
**خۆش خۆش باهەربێ سۆزی صەداکەت**
**لەرەی نەواکەی تەرزی ئەداکەت**
**بەو ئاگرەوە بەو دائیرەوە**
**باش بنێ هەستیم بەئایرەوە**
**بەڵکو خەم ئەمشەو نەیمێنێ کەڵەك**
**تاسەحەر چۆن بێ دەورانی فەلەك**

**هەورامی( ٢٤٤ )**

**هەی ( نظام ) ! نەزام نامەت تۆ لابەرد** [١]

**سۆرانی( ٢٤٤ )**

**( نظام ) نامەکەت کولانیەوە زام**

---

[١] مەلایا شێخ نیظام ناوێك ئەم سێ شیعرەی خوارەوە ئەنێرێ بۆ مەولەوی، وەئەمیش بەم قەصیدەیەوەڵامی ئەداتەوە، ئەو شێخ نیڤام ناوە دوور نییە کەشێخ نیڤامی باپیرە گەورەی شێخەکانی گوندی چنارەی وارماوابێ.وەئەمەش هەڵبەستەکەی نیڤامە:

((دڵەی دێوانەم هیممەتش واستەن
ئامان، ها ئامان تەن وە جائاستەن
چون کەفتەکاران دڵ ئەو شۆن تۆن
بەن وەتای رشتەی وەی وە هوون تۆن
تەن چون سیاسەنگ ئەهەوا رانەن

ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد
چەنی کزەی گەرم زا یەڵەی موشکوڵ
ئیظهار کەر دەبێت پەرێ ئامای دڵ
زۆر ئاوەردەن پێش ئاسۆر زامان
گۆیا جەلای تۆ وەلای من ئامان
مزانۆ هەرکەس جەعیرفان کەیلەن
هەر جینسێ، چەنی جینس وێش مەیلەن

قیامەتم دی ئای ئای سزای دام
بەکزەی بەزمی زا یەڵەی موشکوڵ
فەرموو بووت تیایدا بۆ هاتنی دڵ
زۆری بۆ هێنا ئاسۆری زامان
گوایە لەلای تۆ هاتۆتە لامان
ئەزانێ ئەوکەس ئەهلی عیرفانە
هەر جینسێ جینسی خۆی لاجوانە [٢]

**هەورامی( ٢٤٥ )**

بێ دەرد ئەو بێ دەرد، خەجڵ ئەو خەجڵ
گیان ئارەزوش گیان، دڵ تەمە ئناش دڵ
ئەدیەنم وەچەم ، ئاگاهیم نییەن
دڵەکەی منیچ خەیلێن بەر شییەن
ئەو ئەئاخ وداخ ، ئید هەناسەی سەرد
ئەو ئالوودەی خەم ، ئید خەریك دەرد
ئەو هووناو وەتاو ، ئێد ئەسرین چون سەیل
ئەو ئەوای لەیلا ، ئید کۆلەیل ، کۆلەیل؟
مولا فتشان کەو جەکام هەردەن
کام وێرانەشان ئاوەدان کەردەن

**سۆرانی( ٢٤٥ )**

بێ دەرد بۆ بێ دەرد ، خەجڵ بۆ خەجڵ
گیان ئارەزووی گیان، دڵ تە مە ئای دڵ
ئەمدیوە بە چاو، لێم ئا دیارە
دڵەکەی منیش دەمێکە تارە
ئەو لە ئاخ و داخ، ئەم هەناسەی سەرد
ئەو تێکەل بەخەم ، ئەم خەریکی دەرد
ئەو خوێناو بەتاو ، ئەم ئەشکی چون سەیل
ئەو لەواوەیلا ، ئەمیش هەر کوالەیل؟
ئاخۆ یەکیان دی و؟ بەکام زەردەوە
کام وێرانەیان ئاواکردەوە؟

**هەورامی( ٢٤٦ )**

ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە
سەرتا پای تەنم ئایر وەرداوە
جەستەی زەعیفم ، ئیستیخوان ڕێش
هەر ئازای ڕێشم مەگریا پەی وێش
گۆشت وپۆستەکەم نەفت پێدارژیا
مەغزو ئیستیخوان وەهەمدا پڕژیا

**سۆرانی( ٢٤٦ )**

ئەمشەو هەم خەمان لەمن سەر ئەدەن
سەرتا پای تەنم گڕتێ بەرئەدەن
جەستەی لاوازم، ئێسکی لە زام
هەریەکەبۆ خۆی ئەگریا ئەعزام
گۆشت وپێستی لەش ئەوتی پیاڕژا
مێشك ومۆخ هەردوو پێکدا هەڵپژا

---

پاشکستەی دەرد دمای یارانەن))

[٢] عەرەب ئەڵێ: الجنس مع الجنس یمیل. فارس ئەڵێ: کبوتر باکبوتر بازباباز.

کەس نەبێ ئاوێش بکەرۆ سەردا
بلێسەش بەرز بی وەهەر تەرەفدا
ظاهیرا دڵم هەم کۆش کەفتەن
داخۆم جەدۆسان هەم کێ دوور کەفتەن؟
جەتاو ئایر تەنوورەی دەروون
دیسان سەرواز کەرد زووخاو چەنی هوون

**هەورامی( ٢٤٧ )**

ساقی ! باوەرە ئەو مەی دووساڵە
پێم دەریەك جامێ حاڵم بەدحاڵە
( مغنی )! کۆکەر سازانت وەهەم
سەمتۆرێ، تارێ، وەهەم کەرە جەم
نەیچی! ساڵێدەر ، قەزات وەماڵم
دەمێ دەرجەنەی ، دەروون زووخاڵم
هۆشی کەر هام فەرد! سازان بسازە
باڵات وەکاڵای خەمان بوورازە
باوەرە بسات تەمام تەیارکە
شەو خەفتەن شووم بەژار مارکە
قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کەفێ
خەیلێ عاجزم ، ساڵێدەر دەفێ
باوەرە کوورەی دڵ نەجەهدو جەخت
رووی تەو بیخ وەلای مەعدوومی بەد بەخت

**هەورامی( ٢٤٨ )**

ئازیز ! تەن وە ئێش زامانت خەستەن
مە ینەت پای ئاما م وەزنجیربەستەن
قاصید نێچ واچوون پەی سەفەر خاسەن

کەس نەبوو ئاوێ بکا بەسەریا
بەرزبوو بلێسەی بەدەوروو بەریا
وادیارە پێی دڵ بوو بەکۆتەوە
ئاخر کام دۆستم دوورکەوتۆتەوە
لەتاوی گڕی تەنوورەکەی دڵ
زووخاوو خوێناو قوڵپ ئەدەن بەکوڵ

**سۆرانی( ٢٤٧ )**

سابێنە ساقی! مەیی دووساڵە
بمدەرێ جامێ حاڵم بەدحاڵە
سازانت ساز کە ( مغنی )! دەی دەی
سەمتوورێ ، تارێ ، نەیێ لەگەڵ مەی
نەیچی! ساڵێدە قەزات لەماڵم
لەنەی دەدەمێ ، دەروون زووخاڵم
هاورێ! وریا بە سازان سازکە زوو
باڵات بەکاڵای خەمان بدروو
سازکە بەزمگەت وای بایەخ دارکە
خەوی شەوی شووم بەژاری مارکە
قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کەوێ
گەلێ خەمبارم دەفت نەسرەوێ
داخە کوورەی دڵ بەجۆش وخرۆش
رووی تانەت بۆلای مەعدوومی بێ هۆش

**سۆرانی( ٢٤٨ )**

ئازیز! تەن بەزام خەستەیەو زویر
خەم پێی هاتنمی خستۆتە زنجیر
پەیکێ بۆسەفەر شیاو بەر پرسە

رەوا ن بۆ تێز رەو ، هەرس و هەناسەن [1]
هێز پای رەفت و ئاماشەن نییەن
ئەو سەرچەمەش وشك ، ئید كۆتابییەن
ساتۆ بۆ وەرەغم بەخت بەر گەشتەم
جاگیر ئەدیدەی وەهووناو رشتەم

رەوان بیٚ وتیژ رەو هەناسەو هەرسە
ئەیا نما هێزی دوو پێی هات وچوو
ئەو سەرچاوەی وشك ، ئەمیش كۆتابوو
ساتۆ بیٚ لەداخ بەختی بەرگەشتەم
جیٚ گیر لەدیدەی بەخوێناو رشتەم

هەورامی( ٢٤٩ )

باساتیٚ یچ رەقیب دووریت بكێشۆ
شەوی وێنەی من وەی رۆوە نیشۆ
وەرنەسا چونكە ئاسانەدوورەن
را نمە زانوو، بەڵەد زەرروورەن
دڵوەلاتەوەن ، ئامان سەد ئامان
ئامۆشۆش كەردەن ، فرە جارئامان
چون وەتام زام دووری سەر شارەن
ویانەمارۆ ، بەدەن بێزارەن
هیچ مەوەر وەتەنگ و یانەشەوە
پەریٚ بەڵەدیم بكیان شەوە

سۆرانی( ٢٤٩ )

رەقیب باساتیٚدووریت بكێشیٚ
وەكو من شەوی بەرۆوە نیشیٚ
ئەینا ساچونكە ئاستانەت دوورە
رێگەش نازانم بەلەد زەروورە
ئامان سەد ئامان دڵ لەلای تۆیە
ئامشۆ نەكا شارەزای تۆیە
بەتامی زامی دووری چون مەستە
بیانووی زۆرە لەبەدەن پەستە
هیچ مەبە بەتەنگ بیانوو وپاسایی
بنێرەوە بۆم بۆ شارەزا یی

هەورامی( ٢٥٠ )

ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە
ئەهەردەی دەروون ئایر وەرداوە
تاقەت بیٚ وەهوون جەسەختی زامان
تك تك چەنی هەرس ریزا وەدامان
خەم ئەسەر جۆی هوون سارای دڵ جەم جەم
بار چنیش چون فەوج قافلەكەی عەجەم

سۆرانی( ٢٥٠ )

ئارەزووی ئازیز كەوتە كەف و كوڵ
گڕی بەردایە كەژو كێوی دڵ
وزەم بوویەخوێن لەسەختی زامان
تك تك لەگەڵ ئەشك رژایە دامان
خەم لە جۆی خوێنی سارای دڵ جەم جەم
باری كرد وەكو قافلەكەی عەجەم [1]

---

(١-٢) واتە نامەبەرێك كەمن بڵێم بۆ سەفەر بشیٚ و رەوان وتیژ رەوبیٚ بە مل فرمێسك و هەناسەمە، وە ئەم دوانەش هێزی هاتووچۆ یان نەماوە، ئەویان واتە فرمێسكەكەم سەرچاوەكەی وشك بووەو، ئەمیشیان واتە هەناسەكەم هاتۆتە كۆتایی.

[1] بار چنیش : ف. ی ع.م بارچنی

هەرومزۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورەتەن ، هانا، هەی ساقی!

هەر بەحاڵ ماوە نیو نەفەس باقی
دەمی هاتنتە هانایە ساقی !

هەورامی( ٢٥١ )

دەوریٚ دەرد وەناز وەپیاڵەوە
ژەنگ دڵ وەجام مەی بماڵەوە
بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن
فەریاد رەسیم کەرد، نەجای گشت کەسم
مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نەدەسم
ئیحیام کەرد وەجام ساف یەك مەنی
بەڵکو بمانوون پەی خەمیٚ هەنی

سۆرانی( ٢٥١ )

خول بخۆ بەناز بە پیاڵەوە
ژەنگی دڵ بەمەی زوو بماڵەوە
بۆی گوڵی دەردی دولبەر عەزیزەن
مەزەی چێژی خەم یاران لەزیزەن
فریام کەوە تۆ ، لەجێی گشت کەسم
ئەکەی ئەو لەزەت دەرچێ لەدەسم
زیندووم کەرەوە تۆ بەکوپەی مەی
بۆخەمێکی تر بەڵکو نەمرم دەی

هەورامی( ٢٥٢ )

رەفیق مەحرەم عیجوز سروورم! [1]
حەکیمەکەی ئێش زام ئاسۆرم!
ئاو یارەکەی سەوزەی ئارە زۆم!
دانا بە گردین ڕاز کۆ نەو نۆم!
دەما خ وەنەشئەی سەربەرزان کەیل!
مورشید میواو سەر جۆی بادەی لەیل!
ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم!
دەسگیر راگەی هات و نەهاتم!
جلەو کێش زەوق ئاهوی ڕەوێڵم!
بەزم و ئارای مەجلیس کەمەن وەپێڵم!
وەمەرگت یەند خەم جەلام بییەن جەم
لاو هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم

سۆرانی( ٢٥٢ )

هاوڕێی مەحرەمی عیجزو سروورم!
حەکیمی ئێشی زامی ئاسۆرم !
ئاو دێری کێڵگەی سەوزەی ئارزووم !
زانا بەهەموو رازی تازەو زووم !
دەماخ بەنەشئەی سەربەرزان کەیل!
رابەری میری سەرجۆی بادەی لەیل!
هاو دەمی کۆڕی ژین و نیشاتم!
دەسگیری ڕێگەی هات و نەهاتم!
راکێشی زەو قی ئاسکی سروشتم!
بەزمارای کۆڕی کەمەن لە پشتم!
بەمەرگت لەلام هێندە کۆیە خەم
سەیلی خوێن گرتی پێی شەرمم مەحکەم

[1] ئەم قەصیدەیە بۆ شێخی (سراج الدين) ی تەوێڵە نووسراوە، دەبوو ئەم قەصیدەیە لەبەرگی یەکەمی ئەم دیوانەدا بنووسرایە.

**هەورامی( ٢٥٣ )**

زنجیر مەینەت پای گوزەر بەستەن
مارەکەی دووریت ڕیشەی دڵ گەستەن
سامان سام کەردەن دەردەکەی فیراق
بۆی تاڵیی دوریم مەیۆ نە مە زاق
جەو ساوە ئازیز لێم نادیارەن
سەیر کائینات نەدیدەم خارەن
ئامۆشای یانەم کەردەن ویانە
یەکسانەن جەلام قەوم و بێگانە
ئیلتیجام بەتۆن جای هانامەنی
نەبەیدای هیجران ڕەهـــ نومامەنی
یەکجار تەن خەستەی زارو ڕەنجووریم
دڵ ڕێزە ڕێزەیکارد مەهجووریم

**هەورامی( ٢٥٤ )**

گرمەی کوورەی دەرد کۆی تاقەت تاوان
بۆی سفتەی جەرگم وەگەردوون یاوان
هەررۆ جە یحوونێ مەڕێزۆ نەچەم
سارای دڵ بییەن وە هووناو چەم
هەرساتێ دەردێ سزا مرۆ پێم
یەك ئان زیندەگیم حەرام بییەن لێم
دەخیل تاهالا تەن نەویەن وەگەرد
سفتەش نەبەردەن وەناڵەکەی دەرد
ڕجاکەر ( ا حمد ) لوطفش بۆ چەنیم
خەجاڵەتیی بەرز ( کریم ) نەیۆ پێم
وەرنە هامردم تۆیای سلاّ مەت
با هەر بمانۆ تارۆی قیامەت

**سۆرانی( ٢٥٣ )**

زنجیری مەینەت پێی هاتنمی بەست
مارەکەی دووری ڕیشەی دڵمی گەست
پێ شیلی کردم دەردەکەی فیراق
بۆی تاڵیی دووری دەردێ لەمەزاق
لەو ساوە ئازیز لێم نادیارە
سەیری ئەم دنیا لەدیدەم خارە
هات و چۆی ماڵم کردە بەهانە
یەکسانە لەلام خوێش و بێگانە
هەر تۆ پەنامی جێی هانای منی
لەدەشتی دووری ڕانو مای منی
هێجگار، تەن خەستەی زارو ڕەنجووری
دڵم لەت لەتی کێردی مەهجووری

**سۆرانی( ٢٥٤ )**

سووتا کۆی تاقەت بەگڕەی سەبوون
بۆی سووتووی جەرگم گەیشتە گەردوون
هەر ڕۆژە گۆمێ جارییە لەچاو
سارای دڵ بووە بە چەمی خوێناو
هەرساتە دەردێ بەسەرما زاڵە
سەرتا پای ژینم بێ نرخ و تاڵە
دەخیل تاهێشتا تەن نەبووە بەگەرد
نەی شێلا خۆڵی بەناڵەکەی دەرد
تکاکارم بێ لوطفی پێغەمبەر
بەڵکو بم بەخشێ خودای بانی سەر
ئەینا هامردم تۆ بەسەلامەت
باهەر بمێنێ هە تا قیامەت

**هەورامی( ٢٥٥ )**

زیلەی تەلمیت بار کۆچ ئەو هالان [١]
تەء ئیرش نییەن ئەمسالْ چون سالان
یەقینەن سەرخێلْ نازك ئەمامان
نەکەردەن هەوای هەوار گەی دامان
بەلێ یەنامەی دلْ پێ نێستاکەش [٢]
یەکزەی دەروون حەسرەت کێشاکەش [٣]
ئەو سینەی سیم وەنگ ئاینەی جەم رەنگ
ممانۆ هەوەس ئەدلْ دای خەرەنگ [٤]

**سۆرانی( ٢٥٥ )**

دەنگی کەژاوەی کۆچی ئەو هالان
تاسیری نییە ئەمسالْ وەك سالان
راستە سەرخێلی ناسك ئەمامان
ئەی کردووە مەیلی هەوارگەی دامان
بەلێ هانامەی دلْ پێ ئێشا کەی
هاکزەی دەروون حەسرەت کێشاکەی
ئەو سینەی وەك زیو ئاوێنەی جەم رەنگ
ویستوویە بۆدلْ بهاوێ خەدەنگ

**هەورامی( ٢٥٦ )**

حەسرەتا حەسرەت ، های بەچێش کەردی
چون جێ ویەردی پێشدا ویەردی [٥]
ئم مدۆ مادەی ئامش ئەو ئامە
ئاو دندان ئاسا، دندان خامە [٦]

**سۆرانی( ٢٥٦ )**

داخی داخانم کەی وەفاوایە؟
تێپەڕ بووی لێرمو دەردیشت دایە
ئم ئەدا پیتی ئاوی لەو ئامە
دان ئاسا ئاوی وەك دانی خامە

---

[١] بۆ دۆستێکی جافی نووسیەکە سەرمای وەرزی پایز جولاوە و لە کوێستان بەرەو گەرمیان ئەگەڕاوەتەوە.

[٢] هەوارگەی دامان ، مەبەستی هەوارگەی گەرمیانە.

[٣] بەلێ: ع.م ف، پم: یانێ.دەروون. لەهەندێ نوسخەدا: مەچمون. ئەمەنەوە ئەکەیەنێ کە ئەو دۆستە نامەیەکی نووسیوە بۆ مەولەوی ، وە ئەمیش بەم قەصیدەیە وەلامی داوەتەوە.

[٤] ئەوسینە: ع.م . ئەوسینەی: ف، پم.(سینەی سیم وەنگ) : سنگی زیو ڕەنگ ، واتە سپی وەك زیو. ئاوێنەی جەم رەنگ واتە ئەو سنگەی لەبێ گەردیدا وەکو ئاوێنەکەی شای جەمشید جوان و بێگەردە.

[٥] حەسرەتاحەسرەت، پ.م حەسرەتا حەشرەن. ع.م :(حەسرەتا: داخەکەم. جێ: لێرەوە. و یەردی: تێ پەڕیت. واتە: ئای داخی بەجەرگم ئەوە چیت کرد؟ تۆکە لێرەوەبەناو دلی مندا تێ پەڕیت، ئیتر چۆن دلْت هات تیری پێوە بنێی)).

[٦] ع.م : مەولەوی لێرەدا وا دائەنێ کەیەکێك پێی وتووە مادەم ئەو نایەتەوە لە کوێستان، تۆ بۆهەولێ نادەی بۆ چاری ئەم دەردی دوورییە؟ ئەمیش لەوەلامدا ئەلێ یائەبێ نامەی بۆ بنووسم، یایەکێك هەلْم گرێ و بمبا بۆلای. هیچ کامیش لەمانە لە تواناداننین، وەدیت هۆی لەتواناادا نەبوونی ئەم دووچارەیەلەسێ شیعرداروون ئەکاتەو کەیەکێکیان ئەم بەیتەیەتیایدا ئەلێت: ناتوانم نامەی بۆ بنوسم ، چونکە هەرچەند لەکاغەزەکەدا ناوی بنوسرێت قەلە مەکە م سۆی پیا دێتەوە و لەدرزی نووکەکەیەوە

ئەمەندەن قووەت سەر مایە تێشدا
هەرسێ بێ ئەرا هۆر مەگنۆ پێشدا
پووش ئایر یچم جای ئەسیم نییەن
هۆر کەردمو بەردەیم تاوەلاش شییەن

ناتوانێ بێ هێز تێپەڕ کا پیادا
فرمێسکی بڕژێ و، نوقم بێ تیادا
پووشی گڕگرتووم ، ئەکەس ئەشەماڵ
ناتوانن بمبەن بۆلای بەهیچ حاڵ

هەورامی( ٢٥٧ )

پایز: زەرِ، یەخ: جام، چارشێوێ هەی تەم!
دێرەن سوارەن ئەو عرووس خەم
( مطرب )! یەکارەن؟ مەرسیا سەنگی
من بەی حاڵەوە ، تۆ وەی بێدەنگی
جەتە نخوان ئەی بەزم خەم وەیلانەوە
هۆر دەر ئەی چەند فەرد وەدیلانەوە:

سۆرانی( ٢٥٧ )

پایز: زێر، یەخ: جام، تاراێ هەی تەم!
سوارکە درەنگە بووکی تازەی خەم[٧]
( مطرب ) ! کەی کارە ؟ تۆ سیاسەنگی
من بەم حاڵەوە ، تۆ بەو بێدەنگی
لەجێی بەزمی ئەی خەم لاوانەوە
ئەم چەن بەیتەی من بەدیلانەوە: [٨]

هەورامی( ٢٥٨ )

بەوەردەی زامدا دڵ تاقەت بێزا
هەرچی بی یەکسەر وەچەمدا رێزا
ئەر هەلای رەمەق مەندەن وەتەنش
پەی مەیلت لیباس کەردەن بەدەنش [٩]
چون خەیاڵ وەماچ پات خۆش حاڵ مەبی
کاش جەکۆن ئەو بەخت لەب خەیاڵ مەبی [١٠]

سۆرانی( ٢٥٨ )

دڵ وا پەرپووت وبێ تاقەت و هۆش
یەکسەر بەچاوما رژایە سەرکۆش
نیوە گیانێکم تیا ماوە سادەی
بەڵکو بەمەیلێ خەمم بەبادەی
خەیاڵ بەماچی پێت ئەبێ خۆش حاڵ
خوزگە زوو ئەو لێو ئەبوو بەخەیاڵ

---

فرمێسك ئەڕێژێ ، وەك چۆن کەسێك ناوی شتێکی خۆشی لابەرن ئاو ئەزێتە دەمی و لەنێوانی دانەکانیانەوە دەرئەچێ .)). ئەم سێ بەیتە واتە بریتی ٦و ٧و ٨لەپ .م دانییە.

[٧] ع.م (( دیدەن : درەنگە. ئەو بووك واتە: مادم ئەپێم کرا نامەی بۆ بنووسم،وەنەلەتواناشدا بوو کەس بمبا بۆلای،ئەبێ لەجیاتی خۆم خەم و خەفەتەکەم بنێرم. کەواتە: ئەی پایز! تۆ لەگەڵای زەردی وەریو ی درەختەکان لیرە بەندێك بهۆنەرەوە بۆسەری، ئەی تەمومژی شاخەکان! تۆش ببە بەچارشێور سەری داپۆشە .)).

[٨] ع.م دەیلانەوە: بلاوێنەوە. دیلان: نقامێکی کۆنی کوردییەلەکاتی بووك بردندا ئەوترێت . واتەکاکەی ئاهەنگگێڕ لەجیاتی شمشاڵی ئەم ئاهەنگی بووك بووك سوارکردنە دەس کە بەلاواندنەوەی خەم و بەنقامی دیلان ئەم چەند شیعرەم بۆ بڵێ.

[٩] وەتەنش ،ف: وەتینش.

یەند دیان وەو ڕا تۆ مەینەی پێشدا
دیدەی دڵ نیگا نەمەندەن تێشدا [11]
مەعدووم ! خەم مایەی فامەکەت بەردەن
یا پەی دڵ وەشی وێت غەڵەت کەردەن [12]
تۆو ئیسە تەشریف ئازیز گیانی
سفتەن وە تەئثیر ئاو حەیوانی [13]

چەن ڕوانی بەوریٚ تۆ ئەرۆی پیادا
دیدەی دڵ نیگای نەماوەتیادا
مەعدووم ! خەم مایەی فامەکەی بردی ؟
یادڵ خۆشی خۆت هەڵەی پێ کردی
ئێستا تۆ و لەقای ئازیزی گیانی
سووتاو بەشیفای ئاوی حەیوانی؟

**هەورامی( ٢٥٩ )**

شەماڵ: ئەرجووم هەن هەی وەفیندات بام [1]
وەسەر گەرد باڵ شانای هەوات بام
جەستەخەستەی خاو خەم خەڵاتە نان
بەیدا پێو گێڵ دوور وڵاتە نان [2]
شاخ وداخ وزاخ چۆڵ و هۆڵ کاو
سەر بەردو سەر هەرد ساراو سەرسەراو
ئەی کەرد وەپڕ تاو مەدادات نەبۆ
چون دووی هەناسەم شەوان تابەرۆ

**سۆرانی( ٢٥٩ )**

شەماڵ : تکایە هەی من فیداتم
قوربانی هێزو گوڕی هەواتم
جەستەی خەستەی خار خەمان خەڵاتم
وێڵی ساراو دەشت، دوورە وڵاتم
شاخ وداخ زاخ چۆڵو هۆڵ وکاو
سەر بەردو سەر هەرد ساراو سەرسەراو
تەی کە بە پڕتاو مەوەستە بڕۆ
وەك دووی هەناسەم بەشەو وبەڕۆ

---

[10]ع.م : کاش: خۆزگە. واتە:مادام خەیاڵی بەماچ کردنی پێت دڵشاد ئەبیٚ، کوا خوا ئەوەی لەگەڵ بکردایە بهاتیتایەتە خەوی تا پێت ماچ کاو کەراچەنی لێوی هەڵزریٚ وەك تادار، یان کوا بەختی بوایە لێوی بهاتایە بۆ لات بۆ ماچ کردنی پێت وە لەڕێگادا تلۆقی بکردایە.

تە ب خاڵ ع.م: تەب خاڵ.

[11]ع.م : تۆمەی نەپێشدا. ع وف: تۆمەنیەی پێشدا

پ.م : پامەنیەی پیشدا.

[12]فیکرەت. ف: فامەکەت.

[13]ع.م :تۆو ئیستە، ف:تۆ ئیستە. پ.م: ئیستەو. واتە هاتنەوەی دۆست و یەککگرتنتان گەڵ مەحاڵە، وەك ئەوە وایە کە سووتاو بەئاوی حەیات زیندوو بکرێتەوە، کەئاوی حەیات دەستی کەس ناکەوێت.

[1]ئەم نامەیەی نووسیوە بۆ مەلا خەیاڵ ناوێك کەلەپاوە دانیشتووە.

[2]ع.م گێڵ: گەشت. خەم خەڵاتەنان: خەمم بەخەڵات دراوەتیٚ، لەهەندیٚ نوسخەدا نووسراوە(هەردەپێوگێڵ).

لەهەندێکی تردا نووسراوە(پادەپێوگێڵ).

سەر بەر کەر نەسەر کۆی ( ئاتەشگا )وە
بدیە وەمەسکەن ( خانەگا ) و پاوە [3]

سەر هەڵدە لەسەر کۆی ( ئاتەشگا ) وە
سەیرکەنشینگەی ( خانەگا )و ( پاوە )

هەورامی( ٢٦٠ )

زارزارو خاس خاس وەزار بناڵە
جاگیر نەسەرئەوج قولەی( قەزاڵە )
تاجەهەرکۆیۆ تەمان موان جەم
ئەو جەمدا زاری مەکەران وەچەم
ساماچان یاران : ئینە چیش بییەن
( قەزاڵە ) ناڵاش چون جاران نییەن
یەکسان دڵ بەی رەنگ پەریشان جەستەن
هەرکۆ هەن نەشئەی مەعدوومی خەستەن
ئاناجەگرۆی جەرگەی هام سەردان
( خەیاڵ ) گرۆی دانەی دڵبەران [4]

سۆرانی( ٢٦٠ )

زار زارو باش باش بەزار بناڵە
بوەستە لەسەر لوتکەی ( قەزاڵە )
تەمان لەکۆی بن یەك ئەگرن بەتاو
ئنجا ئەرێژن ئەسرینان بەچاو
چییەو چی روویدا؟ ئە پرسن یاران :
نییە قەزاڵە ناڵەی وەك جاران
ئێجگاری ئاوا کەدڵ خەم بارە
ئەشئەی مەعدوومی پێوە دیارە
ئەو لەناو کۆری جەرگەی هاوسەران
( خەیاڵ ) ە شەیدای دانەی دولبەران

هەورامی( ٢٦١ )

چ خێرەن ئامەرد! مەر نمەزانی
وەلای وێتەوە تۆی دۆس گیانی
مەعدوومی خەم کێش خەم زەدەی خەمبار
زەرد دەردسەخت دووری باڵای یار
یەن دەرد بێ حەد جەلاش جەم بەستەن
تەصد یع جەگەردەن ئیزراییل وەستەن
عەلاوە ئەو بار وێش وەنەش بارەن
خصووص جەیاگێش جاگەش دیارەن

سۆرانی( ٢٦١ )

چ خێرە ئامەرد! مەگەر نازانی
بەلای خۆتەوە تۆی دۆستی گیانی
مەعدوومی خەم کێش خەم زەردەی خەم بار!
زەردی دەردانی دووری باڵای یار!
باری قورسی خەم واڵە سەر شانی
عیزرائیل زەحمەت بۆ گیان کێشانی
بێجگە لەو بارە ، خۆی لەخۆی بارە
لەناو جێگایدا بەس جێی دیارە

---

[3] ئاتەشگا: شاخێکی بەرزە بەرانبەر بەدێی خانەگای پاوە.
پاوە: شارۆچکەیەکە لەهەورامانی لهۆن، گوندی خانەگا کەوتۆتە دامێنیەوە.

[4] گرۆی یەکەم: گرۆە، کۆمەڵ، ەپێر. گرۆی دووەم . ع.م لەگرەویدەی فارسی یەوە وەرگیراوە، کەسێکە دڵی بەسرابێ بەشتێکەوە. واتە مەلاخەیاڵی دۆستم کەدڵی بەسراوە بەدانەی خاڵی دولبەرانەوە، لەناو کۆری ئەو دۆستانەدایە.

**هەورامی(٢٦٢)**

بەودەردان سەخت گرد کارییەوە
هەر ئێد موا چۆن وە زارییەوە
دڵ سفتەی بریان زووخاڵییە وێم
خەم وەخەم خیاڵ خەیاڵییە وێم [٥]
مەترسوون بمروون جەداخ یاران
هەر بتلوون ومدمرد چون دەردەداران

**هەورامی(٢٦٣)**

شەماڵ! دارانەن، شەماڵ ! دارانەن [١]
زەردیی رەنگ ئەرووی وەڵگ دارانەن
تەمەن، گەردەلوول ، بادەن، بارانەن
بێزیای وارگەی سەر کۆسارانەن [٢]
هەوای سیاماڵ وێنەی جارانەن
پەی سەمت زەهاو ( زەردە ) و( یاران ) من [٣]
هەو هەووبەو بەو تەڵمیت بارانەن
گەرمی بەزم ئەزم سەر هەوارانەن

**سۆرانی(٢٦٢)**

بەسەختی دەردان گشت کارییەوە
هەر ئەمەی ئەوت بەزارییەوە:
دڵ بریان ئاسا زوخاڵییە خۆم
خەم بەخەم خەیاڵ( خەیاڵ )ییە خۆم
ئەترسم بمرم لەداخی یاران
دەردم لێ ئاڵێ وەك دەردە داران

**سۆرانی(٢٦٣)**

شەماڵ !دارانەن .. شەماڵ! دارانەن
رەنگی زەرد لەسەر گەڵای دارانەن
تەمەن، گەردەلوول، بایە ، بارانە
بێزراوی وارگەی سەر کۆ سارانە
هەوای رەشماڵان وێنەی جارانە
بۆچەمکی زەهاو ( زەردە ) و( یارانە ) [٤]
بێ وبرۆی دەنگی تەڵمیت بارانە
وابەزم وئەزمی سەر هەوارانە

---

[٥] ئەم بەیتە لە(ف)دا نییە.

[١] مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لەپاوە وتووە لەکاتی هاتنە خوارەوەی جافدا لەکوێستانی (داڵە هۆ) وەبۆ دەشتی زەهاو.

[٢] بادەن : بایە

[٣] سیاماڵ: رەشماڵ، دەوار نشین. سەمت: چمك.

[٤] دەوارنشینەکان وەکو جاران ئارەزوویان وایە بگەرێنەوە بۆ زەهاو و(زەردە) و(یاران)، (زەردە)و(یاران) ناوی دوو گوندن لەناوچەی زەهاو.

پیرەمێرد ئەم بەیتەی ئاوا گۆڕیوە:

هەوای سیاماڵ وێنەی جارانە
بۆ شاری زەهاو پەلەی یارانە

نەیزانیوە زەردەو یاران ناوی دوو دێن لەناوچەی زەهاو.

**هەورامی( ٢٦٤ )**

نظارەی رای رازشەکەر وارانەن
فەصڵ سەیر صەید میر شکارانەن [٥]
چ خێرمن نامەرد مەرجە خاوەنی؟
بێ خەوف جەلوای رای زەهاوەنی
شۆ وەلای ئەو شۆخ جەمین پەڕەی گوڵ
دەوای دەرد سەخت پەی دەرمان دڵ
مد یۆ وە فیرقەی زەلیلان خێڵ
دیارنییەن مەعدووم لۆنگ خەم وە پێڵ
مە پرسۆ حاڵم ئێدش دەر جەواب
واچە ئەو فەقیر سفتەی دڵ کەباب

**هەورامی( ٢٦٥ )**

ئانا دەور مدۆ وە( شاهۆ ) کۆوە
وەسزای دووریی دیدار تۆوە
هەریەك چەنی یەك وادە شاکەردەن
وادەشان راستەن تاوە رۆی مەردەن

ئەو تەم ونەو خەم ، ئەو سەردی ئەو دەرد
خۆڵا صەی کەلام نوورە دیدەی دڵ!
شیفای ئێش و نێش زامان پێ حاصڵ
سەوزەی حەیاتم رستەی وەفای تۆن
ئەر وە فات ئەبۆ زیندەگیم جەکۆن؟

**سۆرانی ( ٢٦٤ )**

نیگای رێی رازی ( شەککەر وارانە )
وەرزی نێچیری میر شکارانە
چ خێرە نامەرد ! واچاو لەخاوی
بێ ترسی بەزمی رێگەی زەهاوی
برۆ تۆ بۆلای شۆخی پەڕەی گوڵ
دەوا داواکە بۆدەرمانی دڵ
دەبینی کۆڕی زەلیلانی خێڵ
بۆنادیارە مەعدوومی بێ وێڵ
ئە پرسێ حاڵم ، ئاگاداریکە
سوتاوە جەستەی ، ژینی تاریکە

**سۆرانی( ٢٦٥ )**

ئەسورێتەوە بە( شاهۆ )کۆوە
بەسزای دووریی دیداری تۆوە
هەردوو دڵخۆشن بە پێکهاتنیان
تارۆژی مردن ئەشکێ پە یمانیان
ئەو تاسای بەردو ئەم ئەبێ بەگەرد
ئەو تەم ونەم خەم ، ئەو سەردونەم دەرد
بەکورتی ئازیزا نووری دیدەی دڵ!
دەرمانی دەردم هەر بەتۆ حاصڵ
سەوزەی ژیانم ئەشئەی وەفاتە
گەروە فات ئەبێ ئە نجام وەفاتە

---

[٥](شەکەرواز) فەرهەنگی عەمید لەمەعنای پاشگری(وار)دا نووسیویەتی: وار: مانند، شبیه، نظیر،لایق (مردوار–شاهوار) واتە شەکەرواز وەیا شەکر وار:
شیرین وەك شەکر.
میرشکاران گەورەی دەستەی ڕاوکەران.

**هەورامی( ٢٦٦ )**

شی ئەو صەفاو سەیر دیدەن یاران [١]
لوا ئەو دووری ئەو وەصلْ جاران
ئێد ئەئەو دەورەن هەر ماماو مەو یەرد
ئە مجار وەراستی چە پگەرد شانا ئەرد
وەخت تماشای سەوزەی شەتاوان
سەیر شکۆفەی پای لارە کاوان [٢]
مەدارە ئەو بەزم شکۆفان جەم جەم
هەنی شکۆفەدیدەنی وەچەم
مەوجی دیجلەی چەم توغیان کەردەوە
گێج هوون دلْ جۆش ئاوەردەوە

**سۆرانی( ٢٦٦ )**

بەسەرچوو صەفای دیدەنی یاران
ئەما ئەو دووری و ئەو وەصلی جاران
وەك ئەو سانییەکان لەرێکی دا
ئە مجار بەراستی گەردوون تێکی دا
کاتیْ تەماشای سەوزەی شەتاوان
سەیری شکۆفەی بناری کاوان
مەڕوانە بەزمی شکۆفان جەم جەم
تازە شکۆفە ودیدەنی بە ( چەم )
واتوغیانی کرد مەوجی دیجلەی چاو
گێژی خوێنی دلْ جۆشاوە تەواو

**هەورامی( ٢٦٧ )**

ئەو سارای بەغداش ئاوەردەن و تەنگ
ئێد کەردەن سارای کەربەلارەنگ رەنگ
ئەوجە ئەندازەی کەشتی بەرشییەن
ئێد بۆی هوون مدۆ، رای گوزەرنیەن
ئەرنامەنامان قاصید ئەیاوان
بینایی دیدەم ! مەگێڕە تاوان
راویار ماتەم گرد دەروون تەنگەن
قافلەم تاقام قیامەت لەنگەن

**سۆرانی( ٢٦٧ )**

ئەو سارای بەغدای خستە هەلوەلا
ئەمیش سوری کرد سارای کەربەلا
ئەو لەئەندازەی کەشتی چۆتە دەر
ئەم بۆی خوێن ئەدا، نییە رێی گوزەر
گەر تەتەر نایێ، یانامەم نییە
بینایی دیدەم ! تاوانم چییە؟
ڕێبواران ماتەم گشتی دلْ تەنگە
هەتا قیامەت قافلەکەم لەنگە

**هەورامی( ٢٦٨ )**

شیفای ئێش و ئێش ئەی زامان سەخت! [١]

**سۆرانی( ٢٦٨ )**

ئەی شیفا بەخشی ! ئەم زامانی سەخت

---

[١] ع.م :(مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لەبەغداوە نووسیوە بۆ کاك ئەحمەدی خەسرەوچاوەش (ئەحمەد پریسی) کەلەشارەزوور بووە)

[٢] پای لارە کاوان، واتە دامێنی شاخە بەرزەکان کەبەشێوەی لاری و خواری ئەکەونە بەرچاو.

[١] شێخ عومەری بیارە کە بە ضیاء الدین بەناوبانگە چەپکێ وەیا دەستەیێ وەنەوشە بەدیاری ئەنێرێ بۆ مەولەوی و ئەمیش بەم قەصدەیە وەلامی ئەداتەوە.

ضیای دیدەو دل مەعدوومی بەد بەخت!
دەستەی وەنەوشەی پەل دێزت یاوا
بۆش بۆی وەفای لەیل نەدەماخ ساوا
گەرد دەر ڕێش دەروون بەردەوە
عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە
سەودای وەنەوشەی پەل دێز باخان
هەوای گوڵاڵان سەرکاوان زاخان

( ضیا )ی دوو دیدەی مەعدوومی بەدبەخت
وەنەوشەی تۆخت لای برد گشت داخم
بۆی وەفای لەیلی دا لە دەماخم
گەردی ئێشەکەی دڵمی بردەوە
عەشقەکەی کۆنی تازە کردەوە
شەیدای وەنەوشەی تۆخی ناوباخان
هەوای گوڵاڵەی سەرکاوو زاخان

**هەورامی( ٢٦٩ )**

پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ
ئیبتدای خێزیای دوود سەردش بۆ
کەرۆ مەشق عەشق وێنەی مناڵان
گاسەیری کاوان، گا بۆی گوڵاڵان
ئەک چون من صەرعی سادارمەردە
لافاو دەردان دڵ وێران کەردە
کوورەی عەشق دڵ هەریەند جۆش وەردەن
گوڵاڵەم چون وێم فەرامۆش کەردەن

**سۆرانی( ٢٦٩ )**

بۆکەسێ باشە هەوەڵ دەردی بێ
سەرەتای هەڵچوی دەردی سەردی بێ
مەشقی عەشق کا وێنەی مناڵان
سەیری کاوان کاو بۆنی گوڵاڵان
ئەک وەک من صەرعی بێ هۆش و مردوو
لافاوی دەردم دڵ وێران کردوو
کورەی عەشقی دڵ هێندە هاتە جۆش
گوڵاڵەم وەک خۆم کردە فەراکۆش

**هەورامی( ٢٧٠ )**

شادی گەرم خەم چۆن ئەدۆ وەباد؟ (١)
خەم چۆن وەیاگەی شادی ئەبۆشاد؟
ئازیز وەکەرەم من تەڵەب کەردەن
من دەرد دووری تەوانام بەردەن
دڵ چۆن وەش ئەبۆ ؟ گیان چۆن ئەتاوۆ؟
لەیل ئینتیزار بۆ مەجنوون ئەیاوۆ
بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی؟
های دەروێش! ئەیچی! دەف، مەی، ئەی

**سۆرانی( ٢٧٠ )**

شادی گەردی خەم چۆن ئەدا بەباد؟
خەم چۆن بەجێگەی شادی ئەبێ شاد؟
ئازیز بەمیهری ئارەزووی کردم
من دەردی دووری تەوانای بردم
گیان چۆن ئەسوتێ؟ دڵ چۆن ئەجۆشێ؟
لەیلی چاوەڕێ و مەجنوون ئەخرۆشێ
بێ ئەمری کاری ئازیزتابەکەی؟
های دەروێش! ئەیچی، دەف ،مەی، ئەی

---

(١) وەك لەناوەڕۆکی قەصیدەکەوە دەردەکەوێ دۆستێك داوا ئەکا کە مەولەوی بچێ بۆ لای وگەڵێ چاوەڕێی هاتنی ئەکا . بەم نامەیەوەلامی ئەداتەوە.

**هەورامی( ٢٧١ )**

بەڵ باڵ بەیداخ تاقەت نەوپابۆ
بۆی تەئثیربەزم بەد رەقەی رابۆ
دەف ئاسا بەو سۆز ناڵەو سەداوە
روو ئەو یاران بۆ ، پشت ئەو دماوە
دەسگیرۆو ئەسەر سەدای نەی پەی پەی
تاوە ئینتیهای ئەوسەر صەدای نەی
چون پیاڵەی ساف دەروون جەمەی کەیل
بنما نۆ خاس خاس عەکس چیهرەی لەیل

**سۆرانی( ٢٧١ )**

بەڵ تەیری تاقەت باڵ هەڵدا پەی پەی
بۆی تینی بەزمی ڕێگەی تەی کا تەی
وەك دەف بەسۆزی ناڵەو صەداوە
رووت لەیاران بێ پشت لەدواوە
هەڵپەڕم لەسەر سەدای نەی پەی پەی
تا بەکۆتایی بەزمی صەدای نەی
وەك پیاڵەی بێگەرد دەروون لەمەی کەیل
باش باش دەرکەوێ وێنەی کوڵمی لەیل

**هەورامی( ٢٧٢ )**

گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ لەنێش [1]
پزیسکەی داخان ئایر وەرداتێش [2]
دوود ماردومان دوود نەفەرقم بەرد
هەوای کەڵ رەمان خۆ پامالم کەرد
پێچ مدمو چەنی زامان کاری
نە پای ئامام هەن نەرستگاری

**سۆرانی( ٢٧٢ )**

گۆشەی لای کوانووی دڵ پڕ لە دەردا
پزیسکەی داخان گڕی تێ بەردا
دووکەڵی مەردووم دووی کەللەی بردم
هەوای ڕاوە گەڵ پێ شێلی کردم
پێچ ئەدا لەگەڵ زامانی کاری
نە پێی هاتنمە نە رستگاری

**هەورامی( ٢٧٣ )**

فەلەك! کەی بەر شوون بێ خەم نەدەستت
چێشم کەرد؟ کەی بیم وەباوە کوشتت؟
ئەر چون غەمزەی دۆس پڕجە نێش و دەرد

**سۆرانی( ٢٧٣ )**

کەی دەرچم گەردووون! بێ خەم لەدەستت؟
چیم کرد کەی من بووم بە باوە کوشتت؟
گەر وەك سۆزی یار دڵ پڕ لە پەستی

---

[1] وەك ع.م ئەفەرموێ بۆ دۆستێکی نووسیوە داوای کردووە لە مەولەوی لەگەڵیا بڕوا بۆ ڕاو وە ئەمیش بەم پارچە هەڵبەستەی هۆی نەچوونەکەی دیاری دەکا.

[2] ع.م: دوو:دووکەڵ. فەرق: کەللەسەر . واتە : پزیسکی شاخەکان ئاگری بەردایە سوچی ئاگردانی دڵم، وەدوکەڵی تفەنگە ماردوومەکان دووکەڵی لەکەللەی سەرم کردوکردی بە تۆز، وەئارەزووی ڕەگەکەڵەکان بەیەکجاری تەفروتووناى کردم.

بە بۆچونی من (داخان)لێرەدا کۆی(داخ) ە. نەك شاخ، وەك مامۆستا ع.م وتوویەتی. (داخ) ئەگەر لەدوای (شاخ)ەوە وترا (شاخ وداخ) ئەوسا بەمەعنا شاخ و کێوە

واتە : گۆشەی ئاگردانی دڵ پڕ لە خەم وخەفەتەکەو پزیسکەی داخ و خەم وخەفەکەی گریان تێ بەردا.

چون فرسەت بازان پێش دەستی یەش کەرد
سارێژ مبۆ زام دووری تۆ کەردە
مەکەرمێ سەیران چەن وەخت ویەردە
وەر فرسەت نەدا فەڵەك وێنەی وێش
تۆ سەلامەت بی، ئەر من نەبوو چێش؟

<u>هەورامی( ٢٧٤ )</u>

من پیسەم زانا تۆ پڕمەیلەنی [١]
دەروون جەبادەی مۆبەت کەیلەنی [٢]
دووی کووورەی دووریت شۆ وەتوواندا
بەردت دان وەپای وەفای مەجنووندا [٣]
ئیسە دیدەکەم! ئێد دیارییەن
ئەر چێوێت کەم بۆ وەفا دارییەن [٤]
ئاموشۆی وەگەرم یاران گیانی
وەبار خاتر نازك مزانی
بۆی بێوەفاییت چون بۆی بەرزا خان
مدۆ نەدەماغ بەختان قوڵاخان [٥]

وەك فرسەت بازان ئەکا پێش دەستی
سارێژە زامی دووری تۆ کردوو
سەیران ئەکەین وەك دەمی رابوردوو
گەر گەردوون وەك خۆی نەیبوو نەدامەت
گەر من نەبم چش، هەرتۆ سەلامەت

<u>سۆرانی( ٢٧٤ )</u>

من وەهام زانی کەتۆ پڕ مەیلی
دەروون لەبادەی مو جببەت کەیلی
دوووی کوووەرەی دووری ئەروابەتوندا
بەردت دابە پێی وەفای مەجنووندا
دیدەکەم ! ئێستا ئەمەی دیاری یە
چشتێکت کەم بێ وە فاداری یە
هاتووچۆی گەرمی یارانی گیانی
بەباری دڵەی ناسکت دەزانی
بۆی بێوەفاییت وەك بۆی بەرزا خان
ئەدا لەمێشکی سیا دەماخان

---

[١] گلەیی لەبێ وەفایی دۆستێکی ئەکا.

(٢- ٤) لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی ووشەی (دەروون) نووسراوە(وەرمن)واتە: وەکومن. بەردت دان: (ف):تەوەن دان. کەم بۆ: مەریوانی: نەبۆ.

واتە: من وام زانی تۆ هەمیشە مەیلت لای منەو، وەکو من دڵت پڕە لەبادەی خۆشەویستی و، وام ئەزانی دووکەڵی کوورەی دوریت وەکو من ئەچێ بە تووندا و ئەوەندە بەوەفایت کەوەفای مەجنوون بۆ لەیلا لەچاو وەفای تۆدا ئەوسۆزو نرخەی نەبوو

ئازیزم! بۆم دەرکەوتووە وئاشکرایە هەموو هەڵسوکەوتێکت جوان وبالاو بێگەردە، ئەگەر شتێکت کەم بێ تەنیا وەفاداریتە و هیچی تر. لەدوو بەیتی دواوەدا بێوەفایی دۆستەکەی دەست نیشان ئەکاو ئەفەرموێ: ئاموشۆو هاتووچۆی یارانی گیانی بەگیانیت بەباری گرانی دڵت ئەزانی وبەلاتەوە ئەنگە بچی بۆ لایان.

**هەورامی( ٢٧٥ )**

شەرت بۆ تاوەی دەرد دڵەیی تەنگەوە
سەربنیەو وە سای سیا سەنگەوە (٦)
هەنی پێشانی رەنگ وەخەزان دەر
پای ئاسانەکەت نەگێرۆ نەزەر (٧)
دیدەی کۆر هیجر بالای بێ خەوشت
نەوینۆ سورمەی گەردەکەی کەوشت
جەشنۆی نالەی شەو سۆزی زاری
سەگ ئاسانەت نەبۆش بیداری
چەم نم نەدۆ تۆز حەریر چون جاران
هەرزان کەرۆ باد دەوا پەی یاران

**سۆرانی( ٢٧٥ )**

شەرت بێ بەم دەردەی دڵەی تەنگەوە
سەردانێم لەسای سەدای سەنگەوە (٨)
من ڕووم بەخەزان کەبەخشی زەردی
نەیکەم بەزێڕی دەرکی بێگەردی (٩)
چاو کوێری هیجری بالای بێ خەوشەت
نەبینێ سورمەی گەردەکەی کەو شت (١٠)
بەشنەی نالەی هەنسکی شەوی
سەگی بەردەرکەت نەزڕێ خەوی (١١)
نەڕشێنێ چاوم تۆزی وەك جاران
بابا زۆری کا بۆ دەوای یاران (١٢)

---

(٥) ع.م :(قولاخ: بەرەڵلا. واتە بۆنی بێ وەفاییت وەکو بۆنی زەردوماکان ئەدا بەلووتی ئەو دۆستانەدا کە بەختیان وێڵ بووە). فەرهەنگی خاڵ:(قولاخ: پارچەێیك لەئەندامی ئاژەڵەکە دڕندە خواردبێتی). واتە ئەو کەسانەی کە بەختیان دڕندەی خەم و خەفەت خواردوویەتی، وەیا ئەوانەی کەبەختیان ڕەشە.

(٦-٧) ع.م:(واتە شەرت بێ تابەم دەردەی دڵەی خەفەتبارمەوە ئەچمە ژێرخاك، ناوچاوی لەخەفەتا زەرد بووم کەوای لێهاتووە ڕەنگی زەرد ئەبەخشێ بەگەڵای پایزان، جارێکی تر بەردەرگاکەت نەگرێتە زێڕ. مەبەستی ئەوەیە سەر نەنێتە بەر خاکی بەر دەرگایان.)

(٨- ١٠) ئەمەش یەکێکە لەشەرتەکانی، واتە شەرت بێ ئەم چاوەم- کەبەهۆی دووری بالای بێ خەوشت کوێرونابینا بووە-سورمەی گەردی کەوشەکانت نەبینی و وەکو کل بەکاری بێنێ. دیسان شەرت بێ بەشنەی نالەی شەوانم و بە هێزیهەنسکی هەڵدانم سەگەکەت لەخەو ڕانەپەڕێنێ واتە:(مەبەستی ئەوەیە ئەبێ لەتاو دووری ئەناڵێنێ)

شەرتێکی تری ئەمەیە و ئەفەرموێ: ع.م (حەریم: حەوش. باد: با. واتە: وەئەبێ چاوم فرمێسك نەڕێژێ و تۆزی حەوشەکەت ئاورشێن نەکا، بۆ ئەوەی دەرمان هەرزان کا بۆ یاران و ئەو تۆزە بێنێ بە ڕووماندا.).

**هەورامی( ٢٧٦ )**

جەسای دووی دەروون سەودابیۆ بیٚ شۆ
ئەڕەنجیٚ صەحفەی لای سەو زەی وەشبۆ [١٢]
دایم هەوای یار پڕ مەینەتت بۆ
نەوینی کەسیٚ جای مەینەتت بۆ
بلێسەت بەرزان بگێرۆ پەرێم
هەر بواچی ئاخ پەی داخداریی وێم
من وێلٚ وێلٚ گێلۆوهەرداو هەردەوە
هەر دەرد بۆ بدۆم وەدم دەردەوە
تاریٚز ووەخاك دلٚ چون پڕ داخان
چەند داخ شین وە خاك ئێدیش بان داخان

**سۆرانی( ٢٧٦ )**

لەسای دووی دڵی شەیدای پڕ لە جۆش
ئەڕەنجیٚ صەفحەی لای سەوزەی بۆن خۆش
هەر مەیلی یاری پڕ بەینەتت بیٚ
نەبینی کەسیٚ جێی مەینەتت بیٚ [١٤]
بلێسەت بەرزان داگیر بکا بۆم
هەربڵێی ئاخ ئاخ بۆداخداری خۆم [١٥]
من ئەڕۆم وێلٚ وێلٚ هەردەوهەردەوە
هەر دەردبیٚ بمدا بەدەم دەردەوە [١٦]
تا دلٚ گلٚ بیخوا چون دلٚ پڕ ئاخان
چەن داخ چووە خاك، ئەمیش بان داخان [١٧]

**هەورامی( ٢٧٧ )**

مایەی ئێش وئێش گشت زامان سەخت [١]
بازووی تەوانای بەر گەشتە گیی بەخت [٢]

**سۆرانی( ٢٧٧ )**

مایەی دەردانی زامانی سەختم!
بازووی تەوانای بەرگەشتەی بەختم!

---

[١٣] واتە: ع.م (وەئەبێ لەسێبەری دووکەڵی دەروونی ئەخۆشی لەئەندازە دەرچووما تەختی ڕووی لای زوڵفی بۆن خۆشت ئەریەتی ئەبیٚ. مەبەستی ئەوەیەلەبەر دەردی دووری هەناسە هەڵناکێشیٚ لە ڕوویا).

[١٤] ع.م: واتە (باتۆش هەمیشە ئارەزووی دیتنی دۆستی بەوەفات بیٚ و کەس شك نەبەی سکاڵای دەردو مەینەتی خۆتی لەلابکە).

[١٥] ع.م(واتە بابلێسەی گەرمی دڵت لوتکەو بەرزایی یەکان بگریٚ لە تاودووریم، وەهەر ئاخ هەڵبکێشی بۆم).

(١٦- ١٧) ع.م (واتە منیش بە وێڵی بەهەردەکاندا بگەڕێم و دەردبمدا بەدەم دەردی ترەوە تادڵم وەك دڵی دۆستەپڕ داخەکان بوەڕێتە خاك ، قەیدی نییە هەزاران داخ براونەتە گلٚ، باداخەکانی دڵی منیش بچنە سەر ئەو داخانە).

[١] ع.م:(..گلەیی لەدۆستیٚ ئەکا کە دوور کەوتۆتەوە. ئەم قەصیدەیە هەرچەند لە دیوانەکانا بەناوی مەولەوی یەوە نووسراوە، بەڵام شێوەو ناوەڕۆکەکەی لەهی(بولبول) ئەچیٚ کەقەصیدەیەکی تریشمان بڵاو کردەوە گلەیی تیا کردبوو لەمەولەوی چونکە کچی خۆی ئەدابوویە)

راسەن خۆ فەڵەك چەواشەی چە پگەرد
پەی دووری باڵات شانا مۆرەی نەرد
بەڵام گیانەکەم! حەیفەن پەرێ تۆ
بێ شەرتیت بەی تەور نەعام مەشهووربۆ
من بیم خرێدار کاڵای باڵاکەت
من بیم وەسەر گەرد گەرد پاڵاکەت
باعیس گەرمیی بازڕت من بیم
جەلای ئاینەی روخسارت من بیم

گەردوون خووی وایە جەفا ی لەگەڵدا
بۆ دووری باڵات نەردێکی هەڵدا
بەڵام گیانەکەم(زۆر حەیفە بۆ تۆ
پەیمان بشکێنی بەم تەرزە لە نۆ
کڕیاری کاڵای باڵای تۆ من بووم
قوربانی گەردی پێڵای تۆ من بووم
هۆی گەرمی بەزمی بازڕت من بووم
جیلوەی ئاوێنەی روخسارت من بووم

هەورامی( ٢٧٨ )

من سکەم وەنام مەحبووبیت لێدا
من رەواجم دا وەشارو دێدا
ئاخر پەی ئەغیار جەمن ویەردی
ئای بێ بەلابی، ئانە چێش کەردی
مسپا رووت وەسۆز هەناسان سەرد
وجۆش و خرۆش دڵەی پڕ جەدەرد
تەپ و دووی دوکەڵ هەناسەت بەرزبۆ
ناڵەت چون ناڵەم جەهەزار تەرزبۆ
هەرشەو سەیل هەرس وە رووی روخساردا
تۆف تۆفانش بۆ وەهەر دیاردا

سۆرانی( ٢٧٨ )

من سکەم بەناو مەحبووبیت لێدا
من رەواجم دا بەشارو دێدا
دەستت دا شۆری لەمن بۆ ئەغیار
ئای بێ بەلابی کەی وا ئەبێ کار
ئەتدەم بەسۆزی هەناسەی سەردم
بەخرۆش و جۆشی دڵەی پڕ دەردم
دووکەڵی خەستی هەناسەت بەرزبێ
ناڵەت وەك ناڵەم بەهەزار تەرزبێ
هەرشەو سەیلی چاو بەرووی روخساردا
تۆف تۆفانی بێ بەهەر دیاردا

هەورامی( ٢٧٩ )

خەدەنگ چل جەنگ شۆت وەجگەردا
پەنجەی بەدبەختی بدەی وەسەردا
تابەڵ ئەو سەردەم بەیۆ وەیادت
رەنج بێ سامان بەردەی فەرهادت

سۆرانی( ٢٧٩ )

تیری سەد پەڕی چێ بە جگەردا
پەنجەی بەد بەختیت بدەی بەسەردا
ئەوکاتە بەڵکو بێتەوە یادت
رەنجی بێ سوودی پەنجەی فەرهادت

---

(٢) واتە: ئازیزەکەم! تۆ بووی بەهۆی پەیدا بوونی گشت زامانی سەختم و، بازووی توانات بەختی منی وەرگێرا.

**هەورامی( ٢٨٠ )**

نەسیم! دووی دەروون چون هەردە جاران [1]
ئیمجار دەر نەکاخ دەماخ یاران
واچە دیم وەچەم دیوانەکەی تۆ
رووش کەردەن نەرووی ئاسانەکەی تۆ
نامەی ئایرین دڵسۆزیت یاوا
بڵێسەم وەسای گەردوون سەر ساوا
سۆچنا جەستەی زامەتان خەستە
لابەرد تۆی دەروون دڵەی دەرد گەستە

**سۆرانی( ٢٨٠ )**

نەسیم ! دووکەڵی دڵم وەك جاران
بیدە لەکۆشکی دەماخی یاران
بڵێ دیم بەچاو دیوانەکەی تۆ
وەستابوو رووەو ئاستانەکەی تۆ
نامەی دڵسۆزی پڕ لەئاگرین
کڵپەی گەیا نمە گەردوونی بەرین
سووتانی تەواو جەستەکەی خەستەم
بوو بەخۆڵ لەگەڵ دڵەی خەم گەستەم

**هەورامی( ٢٨١ )**

وەشی و شادی و زەوق پەی ئێمەنییەن
جەدەسمان رشتەی راحەتی شییەن
دوژمنیی فەلەك پێمان قەدیمەن
چەنیمان مەینەت قەدیم نەدیمەن [2]
مەست بادەی کەف رۆزگارانیم
بیٚ هۆش هیجران قەدیم یارانیم
نەدڵ ئەو دڵەن ، نەهۆش ئەو هۆشەن
نەفام ئەو فامەن ، نەگۆش ئەو گۆشەن
هەرکاتیٚ زانای فەلەك ئەردی شەند
وێنەی هام جامان جامان وەجامەند

**سۆرانی ( ٢٨١ )**

پەردەی شادی و زەوق لای ئێمەدڕا
رشتەی ئارامی تان و پۆی بڕا
گەردوون دەمێکە خوێنە خۆرمانە
دوشمنی کۆنی جۆر بەجۆرمانە
مەستین بەبادەی لە پیٚ رۆژگاران
بیٚ هۆشی دووریی دێرینی یاران
نەدڵ و نەهۆش وەکو جارانن
نەفام و نەگوێی ئەو سادی یارانن
هاکا ها گەردوون هەڵیدا زاریٚ
خۆشی و شادمانی لابرد بەجاریٚ

**هەورامی ( ٢٨٢ )**

ئەو باوەی خەیاڵ ( مەحرووم ) دانا [1]

**سۆرانی ( ٢٨٢ )**

خەیاڵی تازەی ( مەحرووم ) ی دانا

---

[1] ئەم پارچەیە لای (ع.م) و مەریوانی یەك پارچەن وپێکهاتووە لە(٩( بەیت.بەڵام لای(ف)و(گ) دوو پارچەن بەیتی یەکەم و دووەمی پارچەیەکی سەربەخۆیەو(ف)لەسەری نووسیوە

[2] نەدیم: هاونشین وهاودەنگ.

[1] (ع.م):(وەختی خۆی (خانای قوبادی) کەشاعیرێکی بەناوبانگی کوردە. دوو شیعری وتووە، پاش ئەویش شاعیرێکی ترکە ناوبانگی (مەحرووم) بووە هاتووە بەچوار شیعر بەربەرکانێی دوو شیعرەکەی

| رەدیف لەطیف ظە ریف ( خانا ) | هاوتای ناسکی خاوێنی خانا |
| --- | --- |
| هەورامی( ٢٨٣ ) | سۆرانی( ٢٨٣ ) |
| یاوا، وەدیدەی کەم بینام ساوا | گەیشت ، بەدیدەی کەم بینام هەڵسوو |
| جەنەو بینایی پەی دیدەم یاوا | لەنۆ بینایی بۆ هاتەوە زوو |

---

خانای کردووە، وەئەو چوار شیعرەی خۆی بۆ ناردووە بۆ مەولەوی، تابەراوردیان بکا لەگەڵ دوو شیعرەکەی خاناو بڕیار بدا کە کامیان بەرز ترن. مەولەویش بەم (٦) شیعرە وەرامی داوەتەوەوشیعرەکانی ئەوی لە هینەکانی خانا بەرزتر داناوە.

جارێ باشیعرەکانی خاناو مەحرووم پیشان بدەین.

ئەمە دوو شیعرەکەی خانا:

بەرق سەیف ناز ئەبرو خەمینان

عەکس ماوی خاڵ خورشید جەمینان

ئەر بگنۆ وەکۆی قولەی قەزاڵە

مەکەرۆش وەبووڵ سفتەی سەد ساڵە

واتە: ئەگەر بێتوو تیشکی شیری نازی یارانی برۆ کەوانی و عەکسی خاڵی ئاوی جوانە ناوچاو وەك رۆژەکان، بدا لەقولەی کێوی قەزاڵە، ئەی سوتێنێ و وەك خۆڵە کەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ ئەکا.

ئەمەش چوار شیعرەکەی مەحروومە:

بەرق بەرقەی ناز عیشوە فرۆشان

چەخماخەی لەنجەی تەلا ئەگۆشان

بزیسکەی نیگای دیدە شابازان

بریقەی غەمزەی شەکەرین راران

ئەربگنۆ وە سەنگ جای تەجەللای نوور

مەکەرۆش وەگەرد چون سورمەی کۆی توور

(مەعدووم(! راس (خانا) سۆزان عەشق بی

کەی وێنەی (مەحرووم) هەرعەشق مەشق بی؟

واتە: ئەگەر بێتو شەوق دانەوەی چارشێوەی یارە نازارە ناز فرۆشەکان وچەخماخەی لەنجەولاری گوارە زێرینەکان و تیشکی چاوی یارە چاو بازەکان و بریقەی ئیشارەتی شیرین گوفتارەکان، لەجیاتی نووری خودا بدا لەبەرد، وەك بەردە سووتاوەکانی کێوی توور ئەیکا بە خۆڵ. مەعدووم! راستەخانا سووتاوی عەشق بووە،بەلام کەی هەمیشە وەك من هەر مەشقی عەشقی کردووە؟)).وتەکەی(ع.م) تەواو بوو.

نازانم چ هۆیەك بووە پاڵی نابێ بەمەولەوی یەوە کەتەئییدی بکا و بەرهەمەکەی بە نزمتر بدا لەقەڵەم . من بەلامەوە وایە لێرەدا خانا سەرکەوتووترە.

پەیڕەوی ( خانا ) ت یادناوەردەبێ
ئەو ئەصڵ و وێت فەرع حساو کەردەبێ
لاکێن زادەی طه بع بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسەکەی فکر بیکر شیرینت
پەسەند یدەی فام عەقڵ دانابێ
خاستەر جەخەیاڵ خاصەی ( خانا ) بێ
زیادە پەی فەرع وەسەر ئەصڵەدا
خاصەی واتەی تۆن جەی سەر فەصڵەدا

پەیڕەوی بیری ( خانا ) ت کردبوو
ئەو ئەصڵ وتۆفەرع ناوت بردبوو
دیم زادەی طه بعی بۆ عەنبەرینت
دەستڕێسی فکری بیکری شیرینت
پەسەندی فامی عەقڵی ( دانا ) بوو
جوانتر لەبیری خاصەی ( خانا ) بوو
زیادە بۆفەرع بەسەر ئەصڵدا
بۆ واتەی تۆیە لەم سەر فەصڵدا

**هەورامی( ٢٨٤ )**

نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد [1]
یاوا، خاس وانام، موطا لەعەم کەرد
ئاخ داخان نیشات جەبێخ کەندە وێم
رای تەدبیر کەس پێ نەمەندە وێم
سەرەتای زووخاو ئەجەرگم سەردان
بەیدێ پێمەوە یاران؟ هام فەردان!
هاوار یانێ های خاڵۆم نەشنەفتەن
جەنۆ کۆسێ تەر خاستەرم کەفتەن [2]
دیدەکەم! ماچان بێ وەفایش کەرد
شەرت و عەهد بەین وەرین جەیاد بەرد

**سۆرانی( ٢٨٤ )**

بۆدەوای دەردم نامەی بێ گەردی
هات و ، خوێندمەوەزۆر زۆر بەوردی
ئاخ، داخان هێنای نیشاتم لەبن
راوێژی کەسم پێ نەماوەمن
سەرەتای زووخاو سەری کرد لەدڵ
یاران! بمگەنێ لەکەس مەکەن سڵ
وادیارە خاڵۆم هانەی بیستووە
کۆستێکی تازەم لەنوێ کەوتووە
دیدەکەم ! ئەڵێن بێوەفایی کرد
پەیمانی پێشووی لەبیر برد وبرد

**هەورامی( ٢٨٥ )**

زیاد بی سەردی پەی غەم کەیلەکەش
ئەم بی گەرمیی تاو کوورەی مەیلەکەش
هەوای دۆس نۆش وەدەروون ئاوەرد
سفتەکەی کۆنەش یەکجار جەویر بەرد

**سۆرانی( ٢٨٥ )**

زۆر بووە ساردی بۆخەم کەیلەکەی
کەم بووە گەرمی کوورەی مەیلەکەی
بۆ یاری تازەی دڵی کردەوە
سووتووە کۆنەکەی لەبیر بردەوە

---

[1] وەڵامی نامەیەکی ئەحمەد بەگی کۆماسی یە.

[2] خاستەرم، پ.م: دووبارەم. یاد بەرد، ف: گردش مەر، (ف)لەسەر وشەی (گردش) ی نوسیوە: بەکاف فارسی بەکافی عەرەب. واتە بەهەردوو شێوەکە ئەخوێنرێتەوە.

دیدەکەم! تۆمەیل ( خەستە ) زەروو بێ
ئەی بێ شەرتییە فرە چێت دووربێ [1]
خەیلێ واتەم خەیج ئێش زامم مەرد
ئای کولانتەوە ئینە چێشت کەرد؟
بەزەییت ناما بەی زاریمەدا
وەی نالەی شەوان بێداریمەدا

دیدەکەم! مەیلی ( خەستە ) ت زەروور بوو
ئەم بێ مەرجییەت زۆر لە تۆ دووربوو
زۆرم وت: ئۆخەی زام دامردەوە
ئای کولانتەوە و تازەت کردەوە
بەزەییت نەهات بەبێ زاریمدا
بەم نالەی شەوی شەو بێداریمدا

**هەورامی( ٢٨٦ )**

وەی دڵەی پڕ ئێش پڕ زووخامەدا
وەی هەناسەی گەرم تەوەن تاومەدا
من دڵم وەتیر تو ئێستا یانەو ؟
من جەفاو مەینەت تۆکێشام یانەو؟
من وێم وەسەرگەرد بالآت کەرد یانەو؟
من وێم فیدای خاك پالآت کەرد یانەو؟
جەبەد بەختی وێم وەنەش وارۆ سەنگ
زانام بێ مەیلی ئەما ئەك وەی رەنگ
من هیچ بەرکەنار ، ئەحوالم مەپرس
خۆقیامەت هەن جەخودا بترس

**سۆرانی( ٢٨٦ )**

بەم دڵەی پڕ ئێش پڕ زووخاومدا
بەناهی گەرمی بەرد توێنەمدا
دڵم بەتیری تۆ ئێستا یانەو ؟
جەفاو مەینەتی تۆم کێشا یانەو؟
من خۆم قوربانی بالآت کرد یانەو؟
من خۆم بەفیدای پێلآت کرد یانەو؟
بەد بەختێ وەك من بەردی لێ بارێ
زانیم بێ مەیلی ئەك وابەجارێ
من هیچ بەر کەنار هەواڵ مەپرسە
قیامەت هەیە ، لەخوا بترسە

**هەورامی( ٢٨٧ )**

خاڵۆ! دەرد دڵ بێ نیهایەتەن
شکایەت نییەن یەحیکایەتەن
ئاوایی پەی غەیر ، وێران ماڵەوێم
عاڵەم شیرین کام، مەزاق تاڵە وێم
ئاوەش پێ حەلآڵ .وەش حەرامە وێم
شادی پێ نوقسان ، غەم تەمامەوێم
هەڵۆ زەدەکەی ترسیاگە وێم
درۆ بۆ یاراس هەوەسیا گەوێم

**سۆرانی ( ٢٨٧ )**

خاڵۆ دەردی دڵ بێ نیهایەتە
شیکایەت نییە ( یە ) حیکایەتە
ئاوایی بۆغەیر وێران ماڵە خۆم
دنیا کام رەوا مەزاق تاڵە خۆم
خۆشیم پێ حەرام خۆش حەرامەخۆم
شادیم ناشادی ، خەم تەمامەخۆم
هەڵۆ زەدەکەی زۆر ترساوە خۆم
راستە یادرۆ حە پەساوە خۆم

---

[1] ف:(خەستە ناناوی شاعیرێکە) لەدەوروبەری سالآنی مەولەوی و ئەحمەد بەگی کۆماسیدا چیاوە.

چ وەخت ئامای ئینشای فەردت بوو؟
چ وادەی داوای دەوای دەردت بوو

کەی تۆ سەردەمی ئینشای فەردت بوو؟
کەی وادەی داوای دەوای دەردت بوو؟

هەورامی( ٢٨٨ )

گلاراو مەرگ چێگەو چۆ گەمەن
دەخیل تەدبیرێ جارێ نۆگەمەن

سۆرانی( ٢٨٨ )

تەمەننای مەرگی ئەوێ و ئێرەمە
راوێژێ دەخیل جارێ نۆرەمە

هەورامی( ٢٨٩ )

ئەوای کەژاوەی لەیلا نازانەن [1]
سەرەتای تەڵمیت شیرین رازانەن
وەی رۆی دمای کۆچ مەجنوون بەختانەن
ناڵەی فەرهادیی زامەت سەختانەن [2]
چون شێو یالانەی دڵان پڕ داخان
جۆق جۆق سیامالْ شێن پەی لەیلاخامن [3]
سەرعیل! عەرزم هەن لابکەرەوە
خێڵخانەی دڵان هالەبەرەوە
ماڵانش سەرجەم وەدەرد ئەو گارەن
هەردوو هەوارگەش ما فەتەدارەن

سۆرانی( ٢٨٩ )

دەنگی کەژاوەی لەیلا نازانە
سەرەی تەڵمیتی شیرین رازانە
وەی رۆی دواکۆچی مەجنوون بەختانە
ناڵەی فەرهادی برین سەختانە
چون ئەماڵانەی دڵان پڕ داخان
پۆل پۆل رەشماڵان چوون بۆ ئێلاخان
سەر خێڵ! دەخیلتم لام لێ کەرەوە
خێڵخانەی دڵان والەبەرەوە
ماڵاتی تەواو بەدەرد ئەو گارە
هەردوو هەوارگەی مافەتەدارە [4]

هەورامی( ٣٠٠ )

دەوڵەمەندەنی لابدەر چەنەش
ماڵات وحەشام وێت مەدەر وەنەش [5]
کۆچ خێرت بۆ ئیمساڵ چون ساڵان
تالای ئێل بەگی ئێڵ ئەو هاڵان
وەختێ چون ساڵان وەدەروون ئاوەرد

سۆرانی( ٣٠٠ )

تۆ دەوڵەمە ندی مەڕۆ پیادا
ئاژاڵت بەر باد ئەبێ تیادا
کۆچی خێرت بێ ئەمساڵ وەك ساڵان
تالای عێل بەگی عێلی ئەوهاڵان
کەهات بەدڵیا هەروەکو ساڵان:

---

(1) ئەم قەصیدەیەی وتووە بەموناسەبەی کۆچ کردنی جافەکان بۆ کوێستان.
(2) وەی، ف: وای.
(3) چون شێویالانەی ، (ف) و پم: چون خێڵ دڵان.
(4) مافەتە: دەردێکی کوشندەیە بۆ ئاژەڵ.
(5) وەنەوش، مەر : پەنەش.

پووشانەی دڵان لەوەڕپای ئەو هەرد
پرسان کۆن چێشەن پووشانەش نامان؟
چون تاڵای بەردان جواو دەر نامان
ئەدیدەی شادی دیدەنش خاربی
جەئاشنایش تاقەت بێزار بی [٦]

لە لەوەڕگەی پووش –پووشانەی دڵان
پووشانەی کوانێ ؟ وریای کەرەوە
وەك تاڵان کراو جوابی بەرەوە:
لەدیدەی شادی بینینی خاربوو
لەئاشنایەتی تاقەت بێزاربوو

هەورامی( ٣٠١ )

گێج مەدا سەبوون شارەزووردڵ
( سیروان ) هووناو دەروونش گوڵ گوڵ
واژاوش مەویەرد ئەدەماخ دەم دەم
تانی مەوەست ( سەراو ) چەرخ ( زەڵم ) چەم [٧]
عەرەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف
منمانا چون خەس هەستیش نەرووی تاف [٨]
هەوای هاژەی تاف بەردەبی هۆشم
بەڵام ئەی چەند بەیت ئامانەگۆشم:
ئای بەختم توغیان وێرانماڵیشەن
گەرمەسێر دڵ سیا ساڵیشەن

سۆرانی( ٣٠١ )

گێژ ئەدا گڕەی شارەزووری دڵ
( سیروان ) ی خوێنی دەروونی بەکوڵ
سەری کرد واژاو لەدەماخ بەتاو
تاڤگەی ( سەراو ) و( چەرخی ) زەڵمی چاو
ئەبوونی پووشی بوونی بردەوە
هەستیی وێنەی پووش مەحو کردەوە
گۆڕی هاژەی تاف کپی کرد هۆشم
بەڵام چەن بەیتێ ئەیدا لەگۆشم،
بەختم توغیانی وێران ماڵی یە
گەرمیانی دڵ سیا ساڵی یە

هەورامی( ٣٠٢ )

کۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد
ماڵات شادیم یەکسەر ڤڕان کەرد
کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد
سیا ماڵ عەیش تەختە تەختە کەرد

سۆرانی( ٣٠٢ )

پووشی هەردی دڵ سووتا سەراسەر
ئاژاڵی شادیم ڤڕەی کرد یەکسەر
بەبای ڕەشەبای هەناسەی سەختم
تێکچوو دەواری ژیان و بەختم

---

[٦] ع.م:(واتە: بڵێ حاڵی ئەوەندە خراپ بوو چاو پێکەوتنی وەك دڕك وابوو لە چاوی شادمانیدا . وەلە توانای(توانا) دانەبوو ئاشنایەتیی لەگەڵ بکا) بەم مەعنایە شادی و شادمانی نەیان ئەوێرا سەیری بکەنەوە دڕك بچێ بە چاویاندا.

[٧]واژاو: ئاوی زیادی سەرکردوو.

[٨] عەدەم: نەبوون. هەستی: بوون. واتە: ع.م (تافگەی ئاوی چاوی بە جۆرێك نابووتی کردبوو، نەبوونی (عەدەمی) کردبوو بە ئەصڵ، وەلە پووشی (بوون)ی پاك کردبووە، ئیتر (بوون) ی وەك پووش و پەڵاش بەسەر ئاوی تافگەوە ئەهات و ئەچوو).

هاو ماڵان یاوان بەوارگەی جاران
من بێ بارە بەر مەندەی هاواران
جەورەکەی سەرنێڵ خەم بێ شومارەن
خێڵخانەم بەرپێچ تاخێڵ ئەو خوارەن

یاران گەیشتن بەوارگەی جاران
من بێ بار هەڵگر کەوتووی هەواران
زوڵمی سەر کۆمار خەمی بێ شومار
خێڵخانەم لوولە تاخێڵ دێتە خوار

هەورامی ( ٣٠٣ )

نامەی عەنبەر بۆت باد صوبح ئاوەرد [١]
عەترش زامەکەی کۆنەم تازە کەرد [٢]
موتاڵەعەم کەرد وەدەم دەردەوە
جەفاکەی وەرین جەیاد بەردەوە
مەفهووم بی تەحریر وەش تەقریرەکەش
مەعلووم بی جەلای خەستەی تیرەکەش

سۆرانی ( ٣٠٣ )

سەحەر باهێنای نامەی عەنبەرین
تازەی کردەوەزامانی دێرین
لێی ورد بوومەوەبەدەم دەردەوە
ئازاری پێشووی لەیاد بردەوە
زانیم تەحریری خوش تەقریرەکەی
روشن بوو لەلای خەستەی تیرەکەی [٣]

هەورامی ( ٣٠٤ )

فیدای خامەت بام وەیادم کەردەن
یادم نمەشی تاوە رۆی مەردەن
بەڵام لەدووریت شای چەم سیاوان
دوود دڵ وەچەرخ هەفتەمین یاوان [٤]

سۆرانی ( ٣٠٤ )

فیدای خامەت بم کەیادی کردم
لەبیرم ناچی مەگەر کەمردم
بەڵام لەدووریت هەی خاوەن دەروون!
دووکەڵی دڵم گەیشتەگەردوون

---

[١] ع.م (مەولەوی جارێکیان نەخۆش ئەکەوێ. شێخی بەهادینیش نامەیەکی بۆ ئەنێرێ، ئەمیش لە وەراما ئەم پارچە شیعرەی بۆئەنوسێ).
مەولەوی دوای تەواو کردنی عیلم و زانیارییەکانی ئەو سەردەمە دەچێتە سیلکی (تصوف)ەوە، شێخ سراجەدین ئەیکا بەخەلیفە و نوێنەری خۆی و زۆربە ڕێزەوە سەیری ئەکاو، بەلایەوە کردارو ڕەفتارو ئەدەب وعەقڵ و ژیریی لەهەموو رابەرەکانی تری باڵاترە خۆشەویستیان ئەگاتە ڕادەیێک وەك بڵێی یەك ڕۆحن لەدوو بەدەندا.کەشێخی سیراجەدین لە دنیا دەرئەچێ‌تەریقەتەی لای شێخی بەهادین تازە ئەکاتەوەو ئەبێ بە نوێنەری ئەم زاتە، شێخی بەهادین زیاتر لە باوکی ڕێزی ئەگرێ و لە لوتکەدا دای ئەنێ.

[٢] واتە نامەی عەنبەرنیت بای‌سەحەر ئەو عەترەی دابەدەماخمدا، ئەو عەترو بۆن و بەرامەکەی بەشێوەیێك بوو زامە کۆنەکانمی تازە کردەوە. وشەی(عەرش) لەگۆڕینەکەدا نییە.

[٣] تەحریر: قسەی سەرکاغەز. تەقریر: بریتییە:لەو قسانەی کەلەزار دێتە دەرەوە.

| | |
|---|---|
| دووریت چون ئەڵماس نیشتەن نەجەرگم | دووریت وەك ئەڵماس دای هێنا جەرگم |
| هاوەختەن بەیۆ وادەکەی مەرگم | نزیکە کاتی هاتنی مەرگم |
| داخ بالاکەت بەروون وەگلکۆ | داخی بالاکەت ئەبەم بۆ گلکۆم |
| وەهام بالای وێم خاکم وەسەربۆ [٥] | خاکم بەسەربێ بەقەد بالای خۆم |
| هەورامی( ٣٠٥ ) | سۆرانی( ٣٠٥ ) |
| دنیا نەگێجاو تاریکە شەوبی [١] | دنیا لەگێژی تاریکە شەبوو |
| جەلاو روشنیش جەلا چون خەوبی | رۆشنایی وشەوقی لەلا وەك خەوبوو |
| ناگا شۆڵەی خۆر صوب فەردا فەڕدا | فەڕی پەخش بوو خۆر لەسەحەردا |
| وەسەر بەرز هەرد وەدەشت ودەردا | بەسەر بەرزان وبەدەشت ودەردا |
| تەك داتاریکی ئەولای تەریکی | تاریکی رۆیی بۆلای تەریکی |
| ئالەم چەنی نوور کەرد هام شەریکی [٢] | دنیا لەگەڵ نوور بووبە شەریکی |
| دینایێ مەو یەرد وەعەیش شیرین | دنیایێ رۆیی بەعەیشی شیرین |
| صاحیب دین دیدەش بی وەصاحیب دین [٣] | خاوەن دین چاوی کەوتەخاوەن دین |
| ئەو شۆڵە دیسان مەیل ئاوەردەوە | ئەو تیشکە دیسان ئاوڕی دایەوە |
| ئەولای پەردەوە تەشریف بەردەوە | لەودیوپەردەوە سەری نایەوە |
| دڵ پەی تەئریخ وات وەدەم دەردەوە | دڵ وتی بۆکۆچ بەدەم دەردەوە |

---

[٤] ع.م: ساحیب شەرتان. مەریوانی لەجیاتی(صاحیب شەرتان) نووسیویەتی (چەم سیاوان) مەبەس لە (چەم سیاوان) یا (صاحیب شەرتان) خۆشەویستانی خوای گەورەیە. لەهەندێ نوسخەدا ئەم پارچەیەتەواوکەری پارچەی(یاوێم نامەی شیرین خیتامەت) ە کەلەلاپەڕەی (٥٤١) ی دیوانەکەی(ع.م) دا بڵا وکراوەتەوە. بەڵام بەرای من تەواو نییە.

[٥] لەوە ئەترسم کە داخ و خەمی دووری باڵاکەت هەتا ئەو ڕۆژەی کەتیایدا ئەمرم و ئەمخەنە ناو گۆڕ هەر بەر دەوابێ و نەت بینمەوە . کەواتە بەقەدەر بالای خۆم خاکم بەسەر بێ بۆ ئەم چارە ڕەشییەم.

[١] ع.م (مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لە پیاهەڵدان و لاواندنەوەی شێخ عبدالرحمان خالصی تاڵەبانییدا وتووە.).

[٢] تاریکی نەماو پاڵی دا بە تەنهایی و کەنارگیریەوە، وەتاریکی وڕووناکی بوون بەهاوبەشی، یەعنی شێخ عبدالرحمان پەیدا بوو.

[٣] ع.م (دین: ئایین. دین: دیتن. واتە دنیایەکی خۆش تێپەڕی، وەچاوی هەر پیاوێکی دیندار بنیا بووبوو، هەموو شتێکی ئەبینی)

(( ئەی وای وەی دنیاش تاریك کەردەوە [٤]

**هەورامی( ٣٠٦ )**

تەء سیر خەیاڵ کردەی من سەردا [١]
سستی شەرمندەن ، سەرشی وەبەردا [٢]
سەنگیی سەنگی بارتاوان زۆر کەردەن
پیری بەد نامەن قامەت خەم وەردەن[٣]
تەن نامیاوە، یانی دەستوورەن
وادەی هۆریزنای گیان ئەو حضوورە ن[٤]
تاوان رای نەفەس رجاگرتەن لێم
کردە یاگەی دەس تەما ناستەن پێم [٥]

**هەورامی( ٣٠٧ )**

پای هەوەس تەزان، ئارەزوو مۆڵەت
مەندەن وەرەحمەت بێ پایان حەق [٦]
دامنەکەی ئایر دەروونم تۆنی
وەی دووفەردەوە ( مغنی! ) کۆنی؛

(( ئەی وای وەی دنیای تاریك کردەوە ))

**سۆرانی ( ٣٠٦ )**

تاسیری یادی کردەم کەوتەدەرد
(( مەستی )) شەرمەزار ، نووچی دابەسەر
بەقورسیی تاوان پشتم کۆماوە
کەچی واباوە پیری بەد ناوە
تەن چەما یەوە واتە دەستوورەن
را پەڕینی گیان وادەی حضوورە ن
تاوان نەفەسگەی تکای لێ بەستم
تاسانی تەواو گشت هیواو هەستم

**سۆرانی( ٣٠٧ )**

پێی هەوەس تەزی، ئارەزوو مۆڵەت
ماوە بەس رەحمی بێ پایانی حەق
دامێنەی کڵپەی دەروونم هەرتۆی
بەم دووبەیتەوە ( مغنی )! لەکۆی؟

---

[٤] ئەم نیوە بەیتەی دوایی بە حسابی ئەبجەدی وە بەئیملای کۆن(ئەی وای وی دنیاش تاریك کردەوە) ئەکاتە ١٢٧٥نەوەکو ع.م ئەفەرموێ ١٢٧٧.

[١] بەم هەڵبەستە تانەلە خۆی ئەداو گلەیی لە پیری ئەکا.

[٢] کاریگەری خەیاڵاتم لە کردارە ناپەسەندەکانم سەری هەڵدا، لە ئەنجامدا بیرم لەوەکردەوە بۆ ((سستیم )) شەرمەزارو سەرم نەوی بووە ، چونکە سستی وتەمەڵیم نەی هێشت کارەرەواکانم بەپوختی راپەڕێنم.

[٣] سەنگی بار، ف: بارسەنگی . وەردەن ع. م : کەردەن .دیارە هەڵەی چاپە،واتە بەتاوان وگوناهان پشتم چەماوەتەوە ، نەك بەپیری ، واتە خەڵکان بەناڕەوا پیری بەد ناوئەکەن

[٤] واتە کەپیری – لەگەڵ تاوانی زۆر دار سەری هەڵداو تەن چەمایەوە مەعنای ئەوە ئەگەیەنێ کات کاتی ئەوەیە گیان بەرەو حچووری خوای گەورە بڕوا

[٥] ع.م ( واتە گوناح ڕێگای لێ گرتووم کە هەناسە بدەم و تکات لێ بکەم ، وەکردەوەی خراپ جێگەی دەستی هیوای پێ نەهێشتووم.).

[٦] ع.م(واتە پێی هەواو هەوەسم تەزیوەو جوڵەی پێ ناکرێت،ئار رووشم سەرگەردان بووە، بەس ماوەتەوەسەر ڕەحمەتی نەبڕاوەی خوای گەورە).

**یارەبی! ئەوشەو تاریکە فانی**
**هەرتۆ وەکردەی بەدیم مزانی**
**ئای صوبح مەحشەر سەرنەفگەندە وێم**
**شەرمندەی حضوور خوداو بەندەوێم [٧]**

**خوایە! لەوشەوەی تاریکەفانی**
**هەرتۆ بەکردەی پیم ئەزانی**
**ئای رۆژی مەحشەر سەر ئەفگەندەخۆم**
**شەرمەزاری لای خوداو بەندەخۆم**

**هەورامی( ٣٠٨ )**

**تەرك ئینتیراز حەیات کەردەنم**
**یانێ ژارمار دووری وەردەنم**
**شنۆی رەشەبای زووسان هیجران**
**سەرچڵەی عەیشم کەردەن وەبوریان**
**کلێڵەی خەفەت ئەسەر کاوەی دڵ**
**مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ حاصڵ**
**من جەخێڵخانەی مەینەت پامانڵم**
**کۆن مەینەت دارێ پرسۆ ئەحوالم**
**مەرئازیز وەخەیر تەشریف باوەرۆ**
**ئەی گێجاو خەم دەستگیریم کەرۆ**
**بنۆشنۆ وەدڵ صە هبای مەیل وێش**
**پەی وەخت مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش**

**سۆرانی ( ٣٠٨ )**

**تەرکی چاوەڕێی ژینم کردەوە**
**ها، ژاری ماری دووریم خواردەوە**
**هاژەی رەشەبای زستانی هیجران**
**سەرچڵەی ژینمی واکردە بوریان**
**کلیلەی خەمان لەسەر چیای دڵ**
**کێڵگەی شادیمی کردووە بێ حاصڵ**
**من لەخێڵخانەی مەینەت پامالم**
**کواوە فادارێ بپرسێ حالم**
**ئازیزم بەخێر بەڵ روو بنوێنێ**
**لەم گێژەی خەمدا زوو دەردم بینێ**
**بنۆشێ بەدڵ بادەی مەیلی خۆر**
**تادەمی مردن حەسرەت نەبێ بۆی**

**هەورامی( ٣٠٩ )**

**تاجە( داخی ) تاق ، جفت خەمەنان**
**راس بالاْ چون چۆی چەوگان چەمەنان**
**شەماڵ! وەخزمەت ئەوزامان خەتەر**
**بشۆ ، ئەرپرساش ئێدش جواو دەرد:**
**گیرۆدەی ئازار سەخت فیراقەت**
**هەرچەند موشتاقی ئێندە موشتاقەت**
**بەلاْم تاو سەیل دەردەکەی دووریت**

**سۆرانی( ٣٠٩ )**

**تالە( داخی ) تاك جووتی خەمانم**
**بالاْی وەکو گۆچان چەمانم**
**شەماڵ! دەی بۆلای ئەو زامان زەردە**
**گەرپرسی ؟ ئاواتۆش وەلاْمی دە:**
**گیرۆدەی دەردی سەختی فیراقە**
**چەندە موشتاقی هێندە موشتاقە**
**بەلاْم لەترسی سەیلانی دووری**

---

[٧] ژنان بەمەبەستی ئاگ      ر خۆش کردن بە دامێنەکانیان یلفوشئاگر ئەکەن ، کەواتە هەر تۆ یت بە داوێنەکە ئاگری دەروونم خۆش ئەکەی .(مغنی)! تۆش لە کوێیت ئەم دوو بەیتەم بۆ بلێی.

لافاو هوون ناو رەنج مەهجووریت
( تـا نجەرۆ ) ی ئەی چەم ( سیروان ) ئەوچەم
جۆشاوێ وەهەم ئەی چەم تانەو چەم
کەئەك هۆرمدا نمازا دمو لێش
رای ئامام نەوی پابنیەو ئەو پێش

هەورامی( ٣١٠ )

چون وەنك شادی من وای دووری لەیل [1]
وەیشووم بەرد ئەو هەرد ئەورشتەی سوەیل [2]
گێج سەرکاوان جەسەردی بێن کەیل
بۆمدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل
بێ دەس بی ( چنار ) زیز و خاتر رێش
بەڵ خاکێش کرۆ وەسەردا پەی وێش [3]
( وی کۆڵ ) وەی وەکوڵ پەی زەردان دەرد
ماساو ئەسەراو رێزان هەرزان کەرد [4]
کۆچ کەردەن خاسان ، چیهرەی ئێلاخان
داوۆ وەهەمدا دیسان ئەداخان

لافاوی خوێنی رەنجی مەهجووری
( تـا نجەرۆ ) ی ئەم چاو ،سیروانی ئەو چاو
تێکەڵ بەیەك بوون هەردوو چەم بەتاو
کەئەك هەڵ ئەدەن وان لەطو غیاندا
عبوور مەحاڵە خۆ بەسەریاندا

سۆرانی ( ٣١٠ )

وەك گەڵای شادیم بەبای دووری دەرد
بای وەیشووم بردی بەرەو چۆڵ وهەرد
گێژی سەر کاوان لەسەرما بون کەیل
گێژی سەر کاوان لەسەرمابون کەیل
بۆن دێ وەك بۆنی بێ وەفایی لەیل
چنار بێ گەڵا ، ڕوت و بێ ئەوا
مەگەر خاك و خۆڵ بکا بەسەردا
گەڵای داری بی کەوتە سەراوان
بۆ زەردووی دار ماسی فراوان
بە کۆچی شۆخان کوێستان رووی گرژە
بۆیە ئەی بینی حاڵی شپرزە

---

[1] بۆ دۆستێکی جافی نوسیووە، داوای لێ ئەکا لە کوێستان بگەڕێتەوە، چونکە پاییز هاتووە و دنیا ساردە.

[2] ع.م ( واتە: وەك چۆن باری دووریی لەیل گەڵای درەختی شادیی منی وەراندووە، ساردەبای پایزیش گەڵا دارە زەرد هەڵگەڕاوەکانی بردووە بە کێواندا. مەبەستی ئەوەیە گەڵا بەدارەوە نەماوەو زستان نزیك بۆتەوە).

[3] داری چنار گەڵای هەڵوەری، پێی بڵێن جوانی نەماوە، ئیتر مەگەر خاك و خۆڵ بکا بەسەری خۆیدا.

[4] واتە: بییە کۆڵەی وەی بەکۆڵ بەهۆی سەرماوە هێندە گەڵای وەراندووە، بەو گەڵاتاڵە ماسیەکی زۆری خستۆتە سەر ئاو، بۆ ئەوەی دەردی زەردوویی نەهێڵێ، ئەڵێن زەردوویی دار سەیری ماسی بکا زەردوویییەکەی نامێنێ.

**هەورامی( ٣١١ )**

رۆی حەشر دووری گەردەن بێگەردان
بێ وادە پیر کەرد کاوان سەر هەردان [٥]
هەور نەو زارزار کلاو نەو کلاو
مەگیلۆنەسرین مەرێزۆ وەتاو [٦]
ماچی نەویش دەرد هیجرانش وەردەن
یاچون من بالای ئازیز گوم کردەن [٧]
وێنەی عوقدەی پێچ ریشەی ئەرواو دڵ
بەستە بۆجەنم خووی مۆبەت زەنگڵ [٨]
سیلسیلەی پێچ پێچ زوڵف نازاران
زەنگلە بەستەوە جەدانەی واران

**سۆرانی( ٣١١ )**

بەدوور کەوتنەوەی گەردن بێگەردان
بێ وادە پیر بوو لوتکەی سەرهەڵدان
هەوری نوێ زارزار کلاو بەکلاو
ئەگەرێ و ئەسرین ئەرێژێ بەتاو
ئەڵێی ئەویش وادووریی چیشتووە
یاوەك من بالای یاری گوم بووە
وەك گرێی پێچی ریشەی رۆح ودڵ
بەستی لە نمی ( خووی ) مۆبەت زەنگڵ
زنجیرەی پێچ پێچ زوڵفی نازداران
زەنگلە بەستەوە وەك دانەی باران

**هەورامی( ٣١٢ )**

قازان چون یاران ئاواتە خوازان
قەتارە بەستەن مەکەران رازان [٩]

**سۆرانی( ٣١٢ )**

قازان چون یاران ئاواتە خوازن
بەریز خەریکی نیازو رازن

---

[٥] (کاوان– کێوان)ی شوبهاندوە بە پیاوی پیرەوە، چونکە سەری سپی بووە بە بەفر.

[٦] کلاو ئەو کلاو واتە لوتکە بە لوتکە.

[٧] ئەڵێی ئەویش–واتە هەور–توش دەردی دووری بووە، یاوەکو من بالای ئازیز لێ گوم بووە.

[٨] گۆڕینی ئەم بەیتە بۆ سۆرانی زۆر ماندوی کردم لەگەڵ ئەوەیشدا کوت ومت وەکو خۆی دەرنەچوو. مەعنای ئەم بەیتە لەوپەڕی دیشواریدایە، وەك (مشبە) دیارو ئاشکرایە، (مشبەبە)ی کامەیەو کامەیە فاعیلی (بەستەبۆ)؟ پێویستە خوێنەری بە رێز بۆ دۆزینەوەی مەعناکەی خۆری ماندوو بکا و ئەزیەت بچێژێت . ع.م ئەفەرموێ:(واتە : هەروەکو چۆن ریشەی گیان و دڵ بە نمی ئارەقی خۆشەویستی و مەیلی ئازیزان گرێ ئەبەستێ و ئەپێچرێ بەیەکا، هەروەها زنجیرەی زوڵفی یارانیش قەترەی بارانی وەك زەنگڵەی پیا شۆڕ بۆتەوە) . ئێستا بۆمان دەرکەوت کەبەیتی یەکەم (وێنەی عوقدەی...تاد) (مشبەبە) یەو بەیتی واتر (سیلسیلەی پێچ پێچ...تاد) مشبە) ە . ع.م (چۆنیەتی و جوانی ئەم شوبهاندنە بەبیرکردنەوەیەکی ورد نەبێ دیاری نادا، چونکە لە لایەکەوەتەشبیهی (محسوس)ەبە(معقول)ەوە، لە لایەکی ترەوەتەشبیهی(مرکب)ە، چونکە چ لەلای (مشبە)وە چ لەلا (مشبەبە) یەوە هەر دیمەن سەرنج ئەدرێت.).

(٩– ١٠) واتە قازەکان وەکو یاران ەو پەڕی ئاواتەخوازییانەوە لەبەر سەرما لە کوێستانەوە بەدەم رازو نیازەوە بەبێ لەیل لە گەرمەسێر جێگیر بوون وبەئاخ وداخ پاڵیان دا بە چیای(ئاخ داخ) ەوە.

بێ لەیل، ئاخ، ئامێ جە ئێلاخەوە
پەی ئاخ داخ تەك دان بە( ئاخ داخ )ەوە (١٠)
جەیرانان گەل گەل تازە کەردەن مەیل
فەڕ وەستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل
چەم سیاوە کەی وەناز دیاکەم
سەر رەوێڵەکەی جەرەم جیاکەم
هالای سەرمەستەن وەشنۆی لەیلاخ
بۆی ئەوپایزش ئامان وەدەماخ

بێ لەیل ، ئاخ، هاتی لەئێلاخەوە
بەئاخ پاڵیاندا بە( ئاخ داخ )ەوە
ئاسکان گەل گەل تازە کردن مەیل
فەڕیان پەخش کرد لەهەردی دوجەیل
چاومەرەشەکەی بەناز نیگاکەم
سەردەلیلەکەی لەگەڵ جیاکەم
هێشتا سەرمەستە بەشنەی لەیلاخ
نەیداوە سرووەی پایز لەدەماخ

هەورامی ( ٣١٣ )

شەماڵ! شۆ هۆرکەر بدەر -بێ درەنگ-
سەیل وتەم زەردیی دیدەو دڵ ورەنگ
هوونەی سەیل چەم وەشە تاواندا
تەم دڵ وەرووی زاخان کاواندا
زەردیی رەنگ ئەوەڵگ ئەو تووڵ ئەمامان
تاڵیش مالووم بۆنەو پایز . ئامان
مە پرسۆ بەو مەیل بێ سامانەوە
های چ خەبەرەن جەدامانەوە؟
واچە پڕ جەتۆ جەوێ فەرامۆش
من دیم ، تۆحاڵش ئەژنەوی وەگۆش

سۆرانی( ٣١٣ )

شەماڵ! سابڕۆ بدە - بێ درەنگ -
سەیل وتەم زەردی دیدەو دڵ و رەنگ
سەیلی خوێنی چاو بەشە تاواندا
تەمی دڵ بەرووی زاخ وکاواندا
زەردی لەگەڵای . خەڵفە ئەمامان
تابلێ پایز هاتۆتەلامان
بەزاردێتە گۆ گۆی خاوێنەوە
هاخەبەرچییەن لەدامێنەوە؟
بلێ پڕ لەتۆ ، لەخۆی فەرامۆش
دیومە بەحاڵێ ئەی بیستی بە( گۆش )

هەورامی( ٣١٤ )

دیدەش یەند خەیاڵ بالات بی تێشدا
راگەی خاونەبی بو یەرۆ پێشدا
یەند گێلان بەو دەرد سەر ئەدەروونندا
بابۆی دەرد مارۆ وەرووی هامووندا
زایفیش گرەو جەکا بەردەبێ
بای هەناسەی سەرد گێج پێش وەردەبێ

سۆرانی( ٣١٤ )

چاوی خەیاڵی بالای تۆی تیادا
رێگەی خەو ئەبوو تێپەڕ کا پیادا
هێند گەڕا بەو دەرد سەر لەدەروونندا
بۆی دەردی دێنێ بابە هامووندا
لاواز وەکو کا بەرەنگی زەردی
سوور ئەخوا بەبای هەناسەی سەردی

گێج مەومرد پووشش بەو هەناسەوە
سروەی پووش مەوات — لەرووی تاسەوە- :
ئازیز! شۆخ وشەنگ شیرین تارەنی
ئاهووی بێ ئاهووی وەش رەفتارەنی

گێژ ئەخوا پووشی بەو هەناسەوە
سروەی پووش ئەیوت لەرووی تاسەوە:
ئازیز! شۆخ شەنگ شیرین تاری تۆ
ئاسکی بێ ئەنگی خۆش رەفتاری تۆ

هەورامی( ٣١٥ )

جەڵەو جەڵەو گەل سپی تەتاران
دین دیدەکەت وەچەم مداران
ئێلاخان سەردەن بازشان ئامان
گەرمە سێر وەشەن بۆرێ وەدامان
تاگێران یاران ئاهووان رەم رەم
باجت وەگەردەن ، خەراجت وەچەم

سۆرانی( ٣١٥ )

جەڵەب جەڵەب گەل سپی تەتاران
چاویان لەرێتە وێنەی دڵداران
سارده هاکوێستان وازبێنە ئامان
گەرمە سێر خۆشە وەرەوە دامان
تابگرن یاران ئاسکان تاو تاو
باجت بەگەردن خەراجت بەچاو

هەورامی( ٣١٦ )

چەرخ هەر ئەو چەرخەن تائاوەردو بەرد [(١)]
دەس ئەودەس نگین تاخاتەم ئاوەرد
دابەزم خوسرەو شیرین وەهەم دا
جام دا وەسەرجەم ، جەم وەسەر جەمدا
شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد تەی
کەرد وەکاسە کەل کاسەی کە للەی کەی
ساقی! گەرد ئارد یاران هام فەرد
مدۆم نەدەماخ ئاسیای چە پگەرد

سۆرانی( ٣١٦ )

چەرخ ئەو چەرخەیەچین چین بەناستەم
هێنای دەس بەدەس نگین تاخاتەم
بەزمی شیرین و خەسرەوی تێکدا
جام و جەمشید و جیهانی لەلێکدا
شۆرەت نامەکەی خاتەمی کردتەی
کردی بەسواڵەت کاسەی کەللەی کەی
ها، گەردی ئاردی یارانی هاوفەرد
دای لەدەماخم ئاشەکەی چە پگەرد

---

(١) چەرخ هەر ئەو چەرخەن، ع.ف،گ:هەر ئەو دەورەن. لە(ع)دا نوسراوە بۆ شێخی سراج الدین. بەڵام راست نییە. ع.م:(چەرخ :گەردوون. نگین: مۆرخانەی ئەمووستیلە، مەبەس شان و شکۆی پێغەمبەری تیە، خاتەم: ئەمووستیلە، مەبەس حەزرەتی محەمەدە کەخاتەمی پێغەمبەرانە. وات :گەردوون هەرئەو گەردوونەیە کەبەچەند جۆر گۆڕاو چەند وەزعی هێنایە پێشەوە وەنگێنی پێغەمبەرێتیی دەس بەدەس لەناو پێغەمبەرانا گێڕا تا گەیاندییە سەر حەزرەتی محەمەد کە ئاخری پێغەمبەرەکانە.. لەم شیعرەدا تەعبیرێکی ناسکی بەکار هێناوەکەبەئەمووستیلە ئەڵێن، واتە: وەك چۆن پاش مۆرخانەی ئەمووستیلە ئەمووستیلەکە دێت، پاش پێغەمبەرانیش حەزرەتی محەمەد هات، کۆکردنەوەی(نگین)و ئەمووستیلە بە پێی عیلمی بەدیع (گباق) ی تیایە...).

سەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیا پەی
ئاسیاو خاڵییەن نەوبەتەن سادەی
هەرکاتێت زانا چەرخێ وەردەوە
چون یاران دانەی ئێمەچ هەر دەوە

دەنگی ئاشەوان هەردێ پەیا پەی
ئاش واخاڵییە سەرەی تۆیەدەی
کاتێکت زانی دای لەگوێت جارێ
وەك ئەوان دانەی ئێمەشی هاڕێ

هەورامی( ٣١٧ )

ئەهەر سەر دەشتێ کشتێ کریابۆ
وەجۆی چەمەی چەم ئاو نەدریابۆ [٢]
ئەیاوا بۆخاس دانەش بەو ئاوە
لایەق نین بەردێش بەو ئاسیاوە [٣]
فیدات بوون ئامان ساهۆر کەر بابەی
وەسەر گشتم دا پەی پەی جەو جۆی مەی
ئەر سەد کشتەکەم ئاخر کارشەن
هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن
بەلام بەڵ تەڵ تەڵ کەشێوەکەرۆ
جەی ئاخرەوە دائاوێ وەرۆ [٤]
حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادەبی
وەهەرکەس بەقەد کەفاف دادەبی

سۆرانی( ٣١٧ )

لەهەرسەردەشتێ کشتێ کرابێ
بەجۆی چاوەی چاو ئاوی درا بێ
پێ نەگا باش باش دانەی بەو ئاوە
بردنی بۆئاش زۆر ناشیاوە
فیداتم دەخیل دەنگت بێ پەی پەی
بەسەر کشتمدا زوو زوو جۆگەی مەی
گەرچی کشتەکەم دوایی کاریەتی
هەفتەکەی دوایی نەو بەهاریەتی
بەلام سا بەڵکو تەڵ تەڵ سەرکەوێ
ئالەم دواییەدا ئاوی بەرکەوێ
حەیفە میراوی سەرجۆی بادەبی
بۆعەطای هەرکەس تۆ ئامادەبی

هەورامی( ٣١٨ )

من کشتم روو زەرد هام فەردانش بۆ
دانەم روو سیا ی هام دەردانش بۆ

سۆرانی( ٣١٨ )

کشتم روو زەردی هاو فەردانی بێ
دانەم روو ڕەشی هاو دەردانی بێ

هەورامی( ٣١٩ )

خاڵۆی مەنزەڵچی ! ' سەرکردەکەی دەرد ! [١]

سۆرانی( ٣١٩ )

خاڵۆی بنکەی راو ! سەرکردەی دەردم !

---

(٢- ٣ ) لەهەر شوێنێك کەشتێ کرابێ و بە جۆگەی فرمێسکی خوێنی چاو ئاوی نەدرابێ و، شایستەی پاش پێ نەگەیشتبێ بەوئاوە شایستەی ئەوەی نییە بیبەی بۆئەشە وات ئەبێ بە دڵسۆزی خواناسی بکەیت.

(٤) کەشێو یا کەشاو: ئاو بەسەریا بکشێ، داناو: فەرهەنگی خاڵ : ئاودانی گەنم لەکاتی دان گرتنیا.

تەمام بەتۆ بێ. ئای یەچێشت کەرد!
وەختێ بەو گەردەن سیم سافە وە
چون وەش غەزالان وەبۆی نافەوە
دەور مدا وەپێچ ئەوکاوو بەردە
بۆپەخشانیش بێ ئەی هەرد بەو هەردە
ئەو بۆی جەو تەرەف صوب نەسیم ماوەرد
هەرجەدوورەوە زام سارێژمەکەرد
خەیلێ دێرت کەرد، ئافەرین چە پگەرد!
بەوبۆدڵشادبیم ئەویشت لابەرد

پەنام بەتۆ بوو بۆوات لێ کردم؟
ئابەو گەردنەی زیوی سافەوە
وەك ئاسکی خوتەن بەبۆی نافەوە
ئەگەرا پێچ پێچ ئەو چیاو ئەو بەرد
بۆنی پەخش ئەکرد ئەم هەرد بۆئەو هەرد
ئەو بۆنە سەحەر نەسیم ئەی هاورد
لەدوور زامانی زوو سارێژ ئەکرد
ئافەرین چە پکەرد ! خۆشیت حاصڵ بوو
ئەو بۆنە بۆمن هۆی شادیی دڵ بوو

هەورامی( ٣٢٠ )

نیسە ئەو گە نجە بەو لارو لە نجە
رە نجە کەرد پە نجە ، شی پەرێ( پە نجە )
نیسەتەن وەی زام ، دڵ وەی خەریکی
دیدار وەی دووری ، مەرگ وەی نزیکی
ئەو لاکێ بەروون ئەی راو تەدبیرە
ئاخ جەی تەدبیرە ، داخ جەی تەقدیرە
خەیر، مەینەت زەدەی جەگیان هەراسان
بەختەسیاکەی وێش زووتەر ئاسان
پەی فەنای ئەو هەم جەدووریی دڵبەر
ئەك جارێ چوار جار ( الله اکبر )

سۆرانی( ٣٢٠ )

ئێستا ئەو گە نجە بەولارو لە نجە
زەحمەتی کێشا رۆیی بۆ ( پە نجە )
تەن ئێستا بەم زام ، دڵ بەم خەریکی
دیدار بەم دووری ، مەرگ بەم نزیکی
بۆلاکێ بەرم ئەم ڕاو تەدبیرە.
ئای لەم تەدبیرە ، داخ لەم تەقدیرە
خێر، مەینەت زەدەی دەردی کەساسی
بەختەرەشەکەی خۆی زوو ترناسی
بۆ نەمانی ئەو لەدووریی دولبەر
ئەك جارێ چوار جار( الله اکبر )

هەورامی( ٣٢١ )

های رەقیب ئەو شۆن دیدەم هیجرەت کەرد
عومرکێ وەی رەنگ وەتاڵی ویەرد؟ [1]

سۆرانی ( ٣٢١ )

دیدەم کۆچی کرد رەقیب کەوتەدووی
عومرێکی واتاڵ کێ دی یاکێ بووی؟

---

[1] لەناوەرۆکی قەصیدەکەوە وا دەرئەکەوێ بۆ لاوێك لەشێخەکانی دێی (پەنجە) نووسرابێت، چووە بۆ راو ولەبەرزایی کەوە کەوتۆتە خوارەوەو گیانی لەدەس داوە، بڕوانە ع.م.

[1] واتە ئازیزەکەم کەلەهەردوو چاوم خۆشەویست ترە، کەوتە سەر سەفەرو بەجێی هێشتم، بۆنەگبەتی ڕەقیبیش دوای کەوت ورویی. ئای کێ بوو ئاوا بەتاڵی ژیانی بردەسەر.

عومرەنی ئازیز! هەرعادەت بییەن
کەس جەعومر وێش وەفاش نەدییەن [٢]
بەڵام ئاخر گیان شیرین دڵبەر!
چون ملی وەسەبر ، ئازارم مەدەر [٣]
وەرنییەی وەتەنگ ئەی بەدبەختەوە
گل بدۆ وەدەم زام سەختەوە
چمان دڵ جمان چەنیت پەی سەفەر
زامارەن کەفتەن پاوە پایش کەرد

ئازیز! عومرمی ، بۆتەعادەت بۆی
وەفای نەدیوەکەس لەعومری خۆی
بەڵام گیانەکەم ! شۆخی دڵدارم!
بەئارام برۆ مەدە ئازارم
گەرنیت بەتەنگی ئەم بەد بەختەوە
تل بدا بەدەم زامی سەختەوە
باقڵ لەتەکتا دڵ کەوتە سەفەر
زامارە بە پێی ئەورێ بگرە بەر

هەورامی(٣٢٢)

ئازیز ! وەمەرگت دڵ ئەخرۆشەن [١]
ئارەزووی خەدەنگ پە نجەکەی تۆشەن
خەیلێوەن ئامان تیرەکەت ئامان
ئامان وەسەروەخت بیمار زامان
وەختەن ساکن بۆ ، قوربان! ساتێرێ
دەماخش بەرزەن ، دەخیل زنجیرێ
ئەوا جەحیکمەت بەر بشۆ وەبەر
جار جار وەتیرێ دڵ ئەوایش کەر
وەش وەش تای توغرای وێت بنمانە پێش
باهەر ئاسۆر بۆ زوو ئەبۆساڕێش [٢]

سۆرانی(٣٢٢)

ئازیز! بەمەرگت دڵ جۆشی تۆیە
ئارەزووی تیری پە نجەکەی تۆیە
دەمێکە نایە تیرەکەت ئامان
نەهاتۆتە لای بیماری زامان
خەریك بوو دامرێ ، ئازیز! ساتێرێ
دەماخی بەرزە، دەخیل زنجیرێ
ئەکو دەرچێ دڵ لەرێی دانایی
جار جار بەتیرێ بۆدڵ ئەوایی
بۆی بنوێنە تای توغرات بەزۆری
باسارێژ نەبێ زامی ئاسۆری

---

[٢] ئازیزەکەم !ئەوەبزانە تۆهۆی ژیانمی و عومرمی، ئەوەش بزانە کەس لەعومری خۆی وەفای نەدیووە.

(٣- ٥) گیانە شیرینەکەم! کەتۆ هەرئەڕۆی بڕۆ بەلەڕێگەدا بە هێواش بەو بەئارام بڕۆو ئارام مەدە، ئەگەر بەتەنگی منەوە نیت کەبەدەم زامانی سەختەوە تل بخۆم گرنگ نییە، بەڵام دڵەکەم لەتەکتایەو گەڵێ زامارە و بەپێی ئەو بڕۆ.

[١] ئەم پارچە هەڵبەستە بەزاراوەی (تصوف) بۆ یەکێك ئەنووسرێت کە خاوەنی پلەو پایەی بەرز بێت و زۆر زۆر لەخوای پەروەردگار نزیك بێت وەکو شێخی سیراج الدین و بهاء الدینی کوڕی، لەوانەیە بۆیەکێك لەم دوانەی نووسیبێت.

[٢] واتە خۆش خۆش زوو زوو بەتاڵ تاڵی زوڵفەکەت کەوەك تورەو توغران سوڵتانی وایە بۆی بنوێنە بازامەکەی هەمیشە ئاسۆر بێ و سارێژی بە خۆیەوە نەبینێ.

**هەورامی ( ٣٢٣ )**

یاران بەرشییەن جەزێر وەزامن [١]
گرد تەفرەقەبێن چون خەیاڵ من
گەرد کۆچشان ئانا دیارەن
دەك لێلاو یت بۆ چۆنت قەرارەن
سەنگی بار هۆش ، پێش بار فامت
دەوار شادی ، چێخ ئارامت
لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هام فەرد
نیسە بارو ستەن نەهەوارگەی هەرد
تۆ چێش مەکەری کەم هۆش وکەم فام
پەرێ عەیب و عار مەندەنی جەلام
ساچەنی ئەرواح یاوە وەیاران
باتەن بۆ وەسەنگ مەندەی هەواران

**سۆرانی( ٣٢٣ )**

یاران گشت دەرچوون لەزێد بەزامن
بلاو بوونەوە وەك خەیاڵی من
گەردی کۆچییان ها وادیارە
دەك لێلایت بێ چۆنت برپیارە
باری قورسی هۆش ، سووکباری فامت
دەماری شادی وچێخی ئارامت [٢]
ڕۆیشتن لەگەڵ کۆچی خاڵۆکەم
باریان خستووە لەهەوارگەی خەم
تۆ هاچی ئەکەی کەم هۆش و نەفام؟
هەر بۆعەیب و عار تۆ ماوی لەلام
سالەگەڵ رۆحدا بگە بەیاران
باتەت بەردێ بێ ماوەی هەواران

**هەورامی( ٣٢٤ )**

نەئاهینگەرێ ... نەئاهینگەرێ [١]
ئارۆ راگەم کەفت نەئاهینگەرێ [٢]
دیم کەنیشتەبێ کان گەوهەرێ
پادەم مەدەمنا زوڵف عەنبەرێ [٣]

**سۆرانی ( ٣٢٤ )**

لای ئاسنگەرێ .. لای ئاسنگەرێ
ئەمڕۆ رێم کەوتە لای ئاسنگەرێ
دیم دانیشتبوو کانی گەوهەرێ
مووشەی ئەدەمان پەرچەم عەنبەرێ

---

[١] ع.م(مەولەوی ئەم قەصیدەیەی لەپاش مردنی ئەحمەد بەگی کۆماسیدا وتووە، وەقسە لەگەڵ خۆی ئەکا تیایدا) ئەی شاعیری خەم پەروەر! تۆو ئەحمەد بەگ لەماوەی ژیانتانا ڕۆحێك بوون لەیەك بەدەندا، کەواتەئەیتەئریخی مردنەکەیت ئەنوزسیوە؟ بەلام من ئەتوانم وەلامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئەویش ئەمەیە: لەوکاتەدا مەولەوی کەساسی سەر جێگا و نابینا بووە و هێزو پێزی خۆی و قەڵەمەکەی نەماوە.
یاران بەرشییەن، گ: هایاران بەرشین.

[٢] باری قورس لەکاتی کۆچ کردندا ئەخرێتە دواوە، باری سوکیش پێش ئەخرێت.

[١] شاعیر هەستی خۆی بەرامبەر بەجوانێك دەرئەبڕێت.

[٢] ئاهینگەر: ئاسنگەر. ئارۆ: ئەمڕۆ. راگەم کەفت: رێگەم کەوتە.

[٣] کان، گ: کانی، پادەم: ئەوهەمانەیە کەپڕ ئەکرێ لەفوو بۆ ئاگر خۆشکردن. مەدەمنا: ئەیدەماند. واتە: دیم جوانێکی زوڵف عەنبەرێنێ وەك کانی گەوهەر پێ دەمەی ئەدەماند. سەیری ع.م بکە.

فیدات بام ئۆسای ! پادەمە دەمەن
دەست وەدەم بۆ ، دەم بدەر وەمەن [٤]
هەی موسڵمانان ! ئینە چ دەردەن
دەمەدەمانش دەم دەمێ کەردەن [٥]
دەمەو کوورەو نار هەرسێ بێن نوورە
ئۆبەی ( مەعدووم ) ەن وزاش نەکوورە [٦]

فیداتم وەستای ! پێ دەمە دەمێن
دەم بەدەستەوە ، دەم بۆ ماچ ماچێن
خەڵکە! ئەم دەردە منی تیا ژیام
حاڵێکە جەستەی لەخوێن هەڵکێشام
پێ دەمەو کوورەو گڕ بوون بەنوورە
ئۆرەی ( مەعدووم ) ە بیهاونە کوورە

**هەورامی( ٣٢٥ )**

دەروێش! ئەهلی خەم هەر یەند جەم مەبۆ
پای کاو دەروون هەریەند تەم مەبۆ
کام زەخم مەندەن دڵ پێش نەئێشۆ
کام خەفەت مەندەن جەسەم نەکێشۆ؟ [١]
هەنی چێش واچوون چۆن مەکەرۆ چوون؟
گەرد ئاردشان ئاسیای گەردوون [٢]
یەند تۆز مەینەت جەدڵ جاکەردەن
بینایی خەیاڵ باڵاش گوم کەردەن [٣]
سادەی سەر پەنجەت پەی دەف بەرەوە
رووی یادباڵاش مەخسەڵ دەرەوە

**سۆرانی ( ٣٢٥ )**

دەروێش ! ئەهلی خەم هەروا جەم ئەبێ
پێی هەردی دەروون هەروا تەم ئەبێ
کام زامت ماوە دڵ پێی نەئێشا ؟
کام خەفەت ماوە جەستەم نەیکێشا؟
ئیتر چی بڵێم چۆن ئەم کازەبوون؟
گەردی ئاردی دام بەئاشی گەردوون
دڵ جۆرێ لەناو تۆزی خەم ڕۆچوو
بینایی خەیاڵ باڵای لێ گوم بوو
سادەی سەرپەنجەت بۆدەف بەرەوە
ڕووی یادی باڵای ڕۆشن کەرەوە

**هەورامی( ٣٢٦ )**

دیارەن دیدەم! هەم دەرد ئۆمەن [١]

**سۆرانی( ٣٢٦ )**

دیارە دیدەکەم ! هەم دەردی ئۆمە

---

[٤] پادەمە دەمەن، گ، ف: قیبلەی دەمدەمەن. مەن: من، واتە وشەکە فارسییە.

[٥] دەمە، ف،گ: دەم. دەمێن: خوێناوی.

[٦] نوورە: گەچی سووتاو. قسڵ.

[١] کام زەخم، ع.م: کام زامەت.

[٢] ع.م (ئیتر من بڵێم چی و تۆزی ئاردی ئاشی گەردوون چی ماوە پێمی بکا)

[٣] هەردوو نیوە بەیتەکە بەوشەی (کەردن) تواو بووە، ئەمەش دیارە پێچەوانەی تە نظم و هۆنینەوەی شیعرە. واتە ئەوەندە تۆزی خەم و مەینەت بەسەر دڵمدا کۆ کۆدۆتەوە، نەك بڵێم بەچاوی سەر، بەڵکو بەچاوی خەیاڵیش باڵای ئەو یارم بۆ نادۆزێتەوە.

[١] بەهۆی دوورکەوتنەوەی دۆستێکەوە ئەم پارچە هەڵبەستەی نووسیوە.

ئه مجاریش جه‌نۆ ئارەزووی تۆمەن [2]
جه‌گۆشه‌ی مزگیی ته‌نیایی پڕدەرد
نیشته‌بێم خه‌یاڵ دەرمانم مه‌کەرد [3]
ناگا مه‌یله‌که‌ت عه‌ودەش که‌ردەوە
دیسان نێش دەرد داوەدەردەوە [4]
هیجرانت دەردان جه‌لام جه‌م که‌ردەن
هه‌ر جزوێم په‌ی وێش خه‌ریك دەردەن
دەرد کۆنه‌و نۆ یه‌کسه‌ر جه‌م بییه‌ن
سه‌رتاپام جه‌دەرد هیچ خاڵی نییه‌ن

ئه مجارەش له‌نۆ ئارەزووی تۆمه
له‌گۆشه‌ی نوێژگه‌ی دەردی ته‌نیایی
هات به‌خه‌یاڵما دەرمانی جیایی
له پڕ مه‌یله‌که‌ت خۆی کرد به‌دەردا
ئێشی دەردی دا دیسان به‌دەردا
دووریت دەردانی لام کۆکردەوە
یه‌ك یه‌ك پارچه‌ی له‌ش دابه‌دەردەوە
دەردی تازە و کۆن کۆبوونه‌وە لام
هیچ خاڵی نییه جه‌سته‌م له‌ئالام

**هه‌ورامی( ۳۲۷ )**

وەهارەن ، سه‌وزەن ، ئاوەن سه‌رکاوەن
هاژەی وەفراوەن ، شاخه‌ی شه‌تاوەن
ساقییه‌ن ، بادەن ، نه‌سیمه‌ن بادەن
بولبول جه دەوری گوڵان ئازادەن [1]
به‌زمه‌ن ، شادییه‌ن ، عه‌یشه‌ن ، نیشاته‌ن
که‌یفه‌ن، شۆخییه‌ن ، شه‌وقه‌ن ، حه‌یاته‌ن
سه‌نگه‌ن ، کۆسارەن ، سه‌رکۆوەن ، هه‌ردەن
خه‌مه‌ن، مه‌ینه‌ته‌ن، زووخاوەن ، دەردەن
هیجرەن، دوورییه‌ن ، عیجزەن ، فیراقه‌ن
واوەیلاو شینه‌ن ، ناڵه‌ی عوششاقه‌ن
سه‌وزەن ، سۆسه‌نه‌ن ، نه‌ورۆز گوڵانه‌ن

**سۆرانی( ۳۲۷ )**

به‌هارە، سه‌وزە، ئاوە، سه‌رکاوە
هاژەی به‌فراوە، شاخه‌ی شه‌تاوە
بادەیه‌و ساقی ، نه‌سیمه ،( بادە )
له‌دووریی گوڵان بولبول ئازادە
به‌زمه، شادییه ، خۆشی ونیشاته
که‌یفه، شۆخییه ، شه‌وقه ، حه‌یاته
تاشه، چیایه، سه‌رکێوە هه‌ردە
خه‌مه، مه‌ینه‌ته ، زووخاوە، دەردە
دوورە دوورییه، ئۆفی ئۆفداره
شین ورۆرۆیه ، ناڵه‌ی دڵداره
سه‌وزەو سۆسه‌نه، نه‌ورۆزو گوڵان

---

(۲- ۳ )واته دەمێك بوو بیرو یادی تۆ له‌دڵمدا نه‌مابوو، وەئێستا سه‌ر له‌نوێ ئه‌ویادەت له‌دڵ و دەروونمدا سه‌ری هه‌ڵدایه‌وە، ئێستا من دانیشتووی گۆشه‌ی مزگه‌وتی پڕ له‌دەرم و سه‌رقاڵی ئه‌و خه‌یاڵه بووم که چۆن دەرمانی دەردی جیایی بدۆزمه‌وە.

[4]واته له پڕمه‌یله‌که‌ت گه‌ڕایه‌وە بۆ دڵ، ئه‌مه‌ش دیسانه‌وەدەردی‌دا به‌سه‌ر دەرداو حاڵم په‌رێشان تربۆوە. له‌گۆڕینه‌که‌دا وشه‌ی(دەردا) یه‌که‌م واته هاته ژوورەوە، وشه‌ی‌ه‌ردا) ی دووەم: دەردوخه‌مه.

[1](بادەن) ی یه‌که‌م: مه‌ی. (بادەن)ی دووەم: با

کەمەرن، هەردەن ، ملەن، کەڵانەن [٢] — کەمەرەو هەردە، ملانەو کەڵان

صەر عییەن، شەیدان ، نەجرەن ، مەجنوونەن — پەڕ کەمەو شەیدا ، نەجدە ، مەجنوونە

مەزاقەن، جامەن ، پیاڵەی هوونەن [٢] — مەزاقە ، جامە پیاڵەی (هوونە)

**هەورامی**

هام دەردان بەردەن .. هام دەردان بەردەن (١)
رۆح ودڵ ودین وەتاڵان بەردەن (٢)
دەروون وەمەودای خەدەنگ ڕێش کەردەن
ریشەی سەبووریم تاتا کێش کەردەن (٣)
وەنێش پڕ نێش ژار مار دەرد
سەرا پای ئەعزام لەتار لەتار کەرد (٤)
وەنووك نەشتەر پۆلایی فیراق
پڕ جەزام کەردەن دەروون موشتاق
جەمین تەمەرێ ، سیمین سیم بەرێ
موویێ کەمەرێ ، شیرین دڵبەرێ (٥)
مشکینە خاڵێ ، یوسف جەماڵێ
مەحبووب جەلالێ، لەیل ئاسا حاڵێ

---

[٢] کەمەر: ناوقەدی شاخ. ملەن: مل، لوتکە. کەڵانەن: کەلەکێوی.

[٢] صەرعی: پەڕکەم. جامەن: پیاڵە. هوونەن: خوون، خوێن.

ئەم قەصیدەیلە سروشتی جوانی دیمەنی وەرزی بەهاران ئەدوێ. دیمەنی جوانی بەهارانی کوردستان شێوەیێکی سیحراوی یەودڵان ڕائەکێشێ، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد کەهەزاران ساڵە لەم شوێنەدا لەخۆشی و لە جوانیی بێ بەشین لەو ڕۆژەوە کورد لە ئێران جودا بۆوە و پاڵی دا بە تورکیای عوسمانییەوە، ئەوەبوو بە شکستی قەومی و نەتەوەیی، دووەم شکستی نەتەوەییمان ١٩٢٠بوو کەئەوروپای ڕۆژاوا بەقیادەی فەرەنسە و ئینگلیز خراپتر ڕەنجەڕۆیان کردین و دابەشیان کردین. لەعنەت و نەفرین لە بەریگانیا و هەموو ئەورووپای ڕۆژاواو ڕۆژهەڵات و ئەمریکا.

[١] ئەم قەصیدەیەو قەصیدەیەی دواییم ئەگۆڕی بە سۆرانی.

[٢] بەردەن: بردوویانە.

[٣] خەدەنگ : تیر. ڕێش: زامدار. تاتا: تاڵ تاڵ.

[٤] لەتار لەتار: لەت لەت.

[٥] سیمین: سپی وەك زیو. سیم بەرێ ع.م:(سنگ و بەرۆك تاکە قەرانی پیادا دووراوێك)

سەرو باڵایێ ، حۆری نومایێ
خورشید جەلایێ ، غیلمان ئاسایێ
دیدە غەزاڵێ ، نازك خەیاڵێ
دوڕ دانەلاڵێ ، صاحیب کەماڵێ (٦)
قومری سەڵایێ ، بولبول نەوایێ
لاڵە لیوایێ ، ئاهوو نیگایێ (٧)
کەبك خەرامێ ، شابازێ رامێ
تەزەروی نامێ ، هوما مەقامێ (٨)
داودێ دەنگێ ، گوڵاڵە رەنگێ
شەدە قەشەنگێ ، قوماش فەرەنگێ
وەنەوشە بۆیێ ، گوڵ غونچە جۆیێ
بەهانە جۆیێ کەعبە سا کۆیێ [٩]
سولەیمان جاهێ ، جام جەم نیگاهێ
سکەندەر شاهێ ، دارا دەر گاهێ [١٠]
رەعنا سادەیێ ، نیگا بادەیێ
سەهبا نەشئەیێ ، پەری زادەیێ [١١]
شۆخ و شەنگ تەرزێ ، قەد قامەت بەرزێ
سنەوبەر لەرزێ ، ئیتاعەت فەرزێ
هیجران دۆزەخی ، ویصاڵ بەهیشتێ

---

[٦] تاقانەدوڕێك. لاڵێ: لەعلی

[٧] سەڵایێ: ئاوازێ . لیوا: ئاڵا. ئاهوو:ئاسك واتەوەك روانینی ئاسك بڕوانێ.

[٨] کەبك: کەو، خەرام: لەنجەولار. رامی:دەستەمۆ. تەزەروێ: کۆترەباریکە. هوما: باڵدارێکە، ئەڵێن بەسەر هەر کەسێکەوە نیشتەوە ئەبێ بە پاشا.

[٩] غونچە جۆیی: بگەڕێ بەدوای خونچەدا. بەهانەجۆیی: بیانۆو بەهانەئەهێنێتەوە. کەعبەسا: کەعبەئاسا.

[١٠] نیگای وەك ئاوێنەکەی جەمشیدسا بێت کەلەدوورەوە سەیری بکردایە لە ئاوێنەکەیەوە خەڵکی ئەبینی.

[١١] رەعنا: خوێن گەرم. نیگا بادەیی: وەك بادە نیگاکەی ئینسان سەرخۆش بکا.

**نازك گوڵ روخێ ، کەعبە کەنشتێ**
**عیشوەر نازدارێ ، یەکتا نیگارێ**
**حیلەو فەنکارێ ، گەرم بازارێ** [١٢]
**غونچە دەهانێ ، تووتی زوبانێ**
**صاحیب زەمانێ ، شەکەر ئەفشانێ** [١٣]
**رەقیب دەم سازێ ، غەریب نەوازێ**
**نازەنین گازێ ، عاشق گودازێ** [١٤]
**ئەبرۆ کەمانێ ، پەیکان موژانێ**
**سەوڵ خەرامانێ ، مەولان نیشانێ** [١٥]

**هام دەردان ئێشێ .. هام دەردان ئێشێ**
**پێمەوەن ئێشێ ، چ تەرزە ئێشێ**
**ئێشێ چون ئێشێ وەماران رێشێ**
**ئێشێ پڕ نێشی ، ریشەی گیان کێشێ**
**چ رێشێ ؟ ئە ڤە ر مەودای خەدەنگێ**
**رەهای شەتیرێ ، شەنگێ ، قەشەنگێ** [١]
**رەعنا غەزالێ، بالاّ شمشالێ**
**صاحیب کەمالێ ،گەرد دڵ مالێ** [٢]

---

[١٢]یەکتا نیگارێ: تاقانە شۆخێك. لای هەورامی رێی بازار بچووکە، واتە ژمارەی(٧) لەژێر(ر) ێکەدا دانانێن. واتە بەسۆرانی: بازاڕ، بەهەورامی: بازار

[١٣]دەهان: دەم. صاحیب زەمانی: گەورەی ڕۆژگارێك. شەکر یا شەککەر: قسەخۆش و شیرین وەك شەکر.

[١٤]نازەنین گاز: نازی وەك گازبێ بێ کە دڵداران پیان خۆش بێت. ڤوداز: توێنەرەوە.

[١٥]ئەبرۆ کەمانی: برۆی وەك کەمان. پەیکان موژانێ: برژانگ وەك تیر. مەولان نیشانێ خوای گەورە پلەو پایەی بێبەخشی بێت .

[١]مەودا: تیژی. خەدەنگ: تیر. واتە تیری نوك تیژ.

رەها: ئازاد، بەربوون. شەس: شەست، شەست تیر: جۆرە تفەنگێکە.

[٢] رەعنا: خوێن گەرم، قوڵپن.

لەیل ئاسا نازێ ، شیرین جەماڵێ

مەجنوون نیازێ ، فەرهاد ئەحواڵێ

پەروانە سازش ، شەم ساسۆزشێ

گوڵ ئەندام نازش ، بەهرام شۆرشێ [٣]

خورشید ئەتوارێ ، نیلۆ فەڕ زەوقێ

عوزرا عوزارێ ، وامیقێ شەوقێ

پەری پەیکەرێ، پای دڵ پەی کەرێ

خەم دەرد ، خەم بەرێ ، دڵ دەرد ، دڵ بەرێ [٤]

عەرەقچین ئەتۆی سورمەدا غەرقێ

وەفەرق فەرقێ بازەوق و بەرقێ

سەرودەس ماڵێ ، گەردەن پڕ خاڵێ

دەس بازنە لاڵێ، پاوە خڕ خاڵێ [٥]

پێشانی ماهێ ، ئاهوو نیگاهێ

گێسوو سیاهێ ، دڵ مەنزڵ گاهێ [٦]

روخسارو زوڵفت صوبح و رەواحێ

دیدەو ونیگا پیاڵەو راحێ [٧]

ئەبرۆ موژگانێ، تیرو کەوانێ

سەد پەری نیشان پەرێ نیشانی

نەشئە دەرد دەمێ ، بەزم ئارای جەمێ

عەنبەر چەمێ ، پەرچەم وەخەمێ

شەکەر زوبانێ، خونچە دەهانێ

لوو لووددانێ، لەب لەعل کانێ [٨]

---

[٣] بەهرام: چوارەم پاشای ساسانی.

[٤] پەیکەر: هەیکەل، پەیکەری دووەم تەیکەرێ، رێ بڕێ

[٥] دەسماڵ: دەستەسڕ. بازنە لاڵ: بازنە لەعلی . خڕخاڵ: بازنە.

[٦] پێشانی : ناوچەوان. ماهێ: مانگ. ئاهوو: ئاسك. گیسوو: زوڵف.

[٧] زوڵف: گ: زوڵفی. نیگا، گ: نیگایێ. دیدەوو(ف): دیدەنیگاهێ پیاڵەو راحێ

پەنجە خامەیێ، دڵان نامەیێ
ڕەقەم ڕوویەی سەر، عەشق عەلامەیێ [٩]
طینەت نەظیفێ، زەینەت ظەریفی
خەلقێ لەطیفێ، خولقی شەریفی
میهری بەهارێ، قەهری خەریفێ
بە شێر ردیفێ، نەذیر حەریفێ
شاهێن کردارێ، تەڕلان تەوارێ
ژەرەژ ڕەفتارێ، تووتی گوفتارێ [١٠]
شابازێ، شازێ، شاهان مومتازێ
شاهیدێ، شۆرێ، شۆڕو شەڕ سازێ
پەنهانی گەنجێ، غەیانی ڕەنجێ
سەد عیشوە سەنجێ، پڕ لارەو لەنجێ
ئاشنا بۆیێ، بێگانەخۆیێ
بەهانە جۆیێ، بەهانە جۆیێ
نزیکی رایێ، نووری صەفایێ
دەیجووری وەحشێ، دووری جەفایێ
سەروێ تەزەروێ گوڵێ بولبولێ
خوتەن وەتەنێ، لەسایە سلێ
شیرینێ، تەڵخێ، خوشکێ، پڕنمێ
غوڕەیێ، سەڵخێ، سروورێ، خەمێ
حۆری سروشتی، قەصرێ بەهەشتێ
زوڵف زەننارێ، دەیری کەنشتێ
خەیاڵ پەشێوێ، عاقڵان شێوێ
شێوە باگرد چێو، پاك جە گرد چێوێ

---

[٨] لوولوو: لۆلۆ،مرواری. لەب: لێو.
[٩] عەلامەیێ، عەلامەتێ.
[١٠] تەڕلان: چالاك، تەوار: بازی مێچکە.

هەر نێشێ جەنێش تیرئەو کەسەن
نەجای نەشئەی نۆش (نشاتین)وەسەن
سەردا وەهەمدا تان و پۆی جەرگم
نمانا مەحشەر غەرغەرەی مەرگم
باز دێم وەی زامەت، وەی ئەندامەوە
بەڵ بەیان وەشۆن باز بێزامەوە

**هەورامی ٣٢٨**

بەڵێ، خاڵۆکەم! قەدیم دەستوورەن [1]
پەی مەی زەدەی مەی کەباب زەروورەن
نامەو کەبابت وە(مەعدووم) یاوا
ئەوش نە رووی چەم ، ئێد وەدەم ساوا
گەرد دەرد ئێش دەروون بەردەوە
عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە
سێرت جە ئێشای زام نەوەردە بێ
ئیظهارت پەرێ نمەك کەردەبێ
جەمن نمەك دای، جەقاصید کێشان
جەتۆ زامەت دای، جەزامەت ئێشان

**سۆرانی(٣٢٨)**

بەڵێ خاڵۆکەم لەکۆن دەستورە
بۆ مەی زەدەی مەی کەباب زەروورە
نامەوکەبابت بۆ(مەعدووم) دیدەم!
ئەویان سەرچاو، ئەمیان لە ناو دەم
گەردی دەردی سوێی دەروون بردەوە
عەشقە کۆنەکەی تازە کردەوە
لە ئێشی زامم تێر نەبووی تاکەی؟
سەرەڕای ئەوە داوای خوێ ئەکەی؟
لە من خوێ ناردن، لە قاصید بردن
لە تۆ زامان و، لەزام ئێش کردن

**هەورامی(٣٢٩)**

پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن [1]
دووریت ریشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم وەتووتیا کەرد
جیاییت ئازام جەهەم جیاکەرد
وەسواسەت وەی تەور ئێش دان وەجەرگم
وەمەرگت قەسەم رازیم وەمەرگم
وێت بدەر ئینساف ئەو ئەمام نۆ
مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووری تۆ؟
مەردەن یەکساتەن ئەرواحەکەی وێم

**سۆرانی(٣٢٩)**

خەمت شادیمی زوو بەفەنادا
دوویت خێوەتگای دڵمی بەبادا
دووریت کەللەمی بەتووتیا کرد
جیاییت ئەنمی لەیەك جیا کرد
خەیاڵت جۆرێ برژانی جەرگم
بەمەرگت قەسەم رازیم بەمەرگم
خۆت بدە ئینساف ئەو ئەمامی نۆ
مردن باشترە یاخۆدووری تۆ؟
مردن یەکساتە ئەرواحەکەی خۆم!

---

[1] دۆستێکی مەولەوی کەبابی بۆ ئەنێرێ وداواشی لێ ئەکا کە تۆزێ خوێی بۆ بنێرێت. بەڵام داواکردنی خوێ چ فەلسەفەیەکی تێدایە؟ لەبەیتی چوارەمی ئەم قەصیدەیەدا تاڕادەیەك فەلسەفەکەی دەرئەکەوێت. ئارەق خۆرەکان بەبێ گۆشتی برژاو یا کەباب ئارەق ناخۆنەوە، بۆیە ئەڵێ: من زەدەی مەیم.

[1] ئەم قەصیدەیە لەدەستنووسەکەی نەجمەدین مەلا دا نووسراوە: شیعری ئەحمەد بەگی کۆماسی یە.محمەدعەلی قەرەداغی لەم پارچەیە بە دووروودرێژی ئەکۆڵێتەوە. شارۆیەك لەباغچەی ئەدەبی مەولەوی) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەگی شەشەم، ساڵی ١٩٧٨ ل ٢٤٠.

**دووریت هەرساتێ سەد مەرگەن پەرێم**

**مەر جەستەی خەستەی من جە فۆلادەن**

**یەند دووریت و ینۆ هێمان دڵ شادەن**

**وەك رەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران**

**( خصوصا ) ئەوکەس شای وەفاداران**

**هەورامی( ٣٣٠ )**

**چێشەن پەشێویم: ماتەمیی دڵەن؟** [١]

**دووریت هەرساتێ سەد مردنە بۆم**

**مەگەر جەستەی من پۆڵای کانیش بێ**

**دووریت ببینێ و شادمانییش بێ**

**ڕەحمەت لەگۆڕی گشت شەو بێداران**

**بەتایبەت ئەوکەس شای وەفاداران**

**سۆرانی( ٣٣٠ )**

**چی یە پەشێوێم..ماتەمی دڵە؟**

---

[١] (ع.م)

:(بولبول شاعیرێکی بەرزی هاوچەرخی مەولەوی بووە. حەزی لە کچێکی مەولەوی کردووە، بەڵام حەزەکەی دەرنەبڕیوە تا مەولەوی کچەکەی ئەدا بە شوو، جاهاتووەقەصیدەیەکی پڕ لە عاجزی و دۆعای شەڕی بۆمەولەوی نووسیوە، مەولەویش لەوەراما ئەم قەصیدەیەی بۆ ئەنێرێ.

والێرەدا بەرلەوەی کەلەقەصیدەکەی مەولەوی بکۆڵینەوە قەصیدەکەی بولبول ئەنووسینەوە:

نیشانەی ناوك نیگای نازاران

یانێ سەر دەفتەر سوپای خەمباران

وەغەڵەت مەشهوور حاڵ زان دەردان

پەی وێت وەرپاکەر هەناسەی سەردان

نەتیجەی قیاس قەچیە ی قەچای تۆ

تەدبیر چەند دڵ پێ ناڕەزای تۆ

پزیسکەی ناسۆر دەرد جەستەی من

کزەی کولیای زام تۆ ژار بەستەی من

گەردەلوول گێج هەناسان سەرد

دوورنییە بووزۆت ئەسەد گێج دەرد

فەڵەك وەکوورەی مۆرەی ساختەی دەرد

یەی تەفرەقەی وەصڵ بشا نۆ یەك ئەرد

وەزووت ئەگێجا و مەینەتان خەم

رۆی شادی رووی وەصڵ ئەوینی وەچەم

تا ئاوخانەی دڵ ئەکەڵلەی سەر بۆ

ئانە شیرینەن ئەوروەل چەمەر بۆ

پەی گەرمینی کوورەی مەیل ئەروونت

هەناسەی سەردم ئامائەو شونت

کەنامە هەڵبەستەکەی مەولەوی ئەگاتە دەستی بولبول، ئەمیش دەست بەجێ وبەپەلە بۆ جای دووەم ئەم نامەیەی خوارەوە ئەنووسێت بۆ مەولەوی ، ئەمیش دەقی نامەکەیەتی:

سەرشار !سەرخۆش مەیخانەی(الست)!
وەنەشنەی مینای دەس ساقی مەست
پا بەستە وەقەید صەییاد مەعنی
فاریغ نە صوورەت فیرقەت(لایعنی)
سینەخەزانەی نازك خەیاڵان
نازك تەر جەناز نازك نەوهاڵان
شێوپای شانای شیرین ئەتواران
شەریك تاڵی و شادیی خەمباران
راستەن نەتیجەی قیاست سەختەن
مووددەعات ئیلزام خەصم بەدبەختەن
بەڵام دەعوای بەخت جەدەلا لەتەن
قیاست مەجمووع موغاڵەگاتەن
یەکسەر عەمیقەن قەچاپای تەحریر
غەیر جەوەسیلەی دەلیل تەقدیر
خۆ من ئەزانم ئەدەب تەقصیرەن
واتەی بەدکاران جەلات دڵگیرەن
بدیە بێ مەیلییت وەجایێ یاوان
بەواتەی بەدان مەگیریم تاوان
سەد نەوبەت یاوان قەرینەی حاڵی
ئیحتیاج چێش بی هانای مەقاڵی
ئاخ جەحاڵ زانیت خەیلێ ئیشکالەن
حاڵ نەزانان موناڤیی حالەن
پەی تەتیممەی رەد مەولام کافییەن
بێباکیت جەرووی بێ ئینسافییەن
ئەربێ وەفایی ، وەر بێ مەیلیت کەرد
جەبەد بەختی من هەرچی بی و یەرد
ئەمما حەیف(بولبول) جەوێت هەراس کەرد
پەی تەنیا گوڵێ وێت کەس نەناس کەرد

**یاكزەی ئامای نامەی بوڵبوڵەن؟**

**هەورامی( ٣٣١ )**

**شاهیدی دانای گردین ئەحواڵان**

**وەسەن پەی راسیی عەرزەی مەلا لان** [٢]

**ئێش هام فەردم ئێش وێم زانان**

**دەرد هام دەردم دەرد وێم وانان** [٣]

**بەلام تۆ قەزاو بێ تەدبیریی وێت**

**كەردەن پێت ئانا هەرچی كەردەن پێت** [٤]

**كەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد؟**

**هانات كەرد ئەومن، من بێ مەیلییم كەرد** [٥]

**كزەی هاتنی نامەی بولبولە؟**

**سۆرانی( ٣٣١ )**

**شاهیدمە دانای هەموو ئەحواڵان**

**بەسە بۆ ڕاستیی دەروون پڕ ناڵان**

**كاری تۆم هەروەك كاری خۆم زانی**

**باری هاودەردم باری خۆم زانی**

**قەزاو گێلی خۆت لەخشتەی بردی**

**كردی پێت ئەوەی كەوا پێی كردی**

**كەی تۆ خەیاڵێ وات هێنایە دڵ**

**جێ بە جێم نەكرد خۆمم كرد غافڵ؟**

---

خوێنەری ئازیز! بەدوو چاوی سەر دوو دەقە هەڵبەتەكەی(بولبول)ت دی كەبەوشێوە پڕ لە ئاڵۆزو توڕەیی یەوە بەرانبەر بە مەولەوی وەستاوە، بولبول پێش ڕووداوەكە گومانی لەوەدا نەبووە كە مەولەوی (ولی) یەكی بێگەردو مەرد بووە، وەبەلایشیەوە وابووە كەوەلی دەبێ خاوەنی (كشف وكرامات)و بەسەر نهێنییەكانی هەموو دڵانداو لەهەموو كات و سەردەمێكدا ئاگاداربێ. بەڵام لەبەر ئەوە كە مەولەوی نەیزانیوە حەز لە كچەكەی ئەكا، لەبەر ئەوەبە(ولی) ی نەزانیوە، بۆیە دۆعای شەڕی لێ ئەكاو بەشێوە ناشیرین و ناڕەوا بەرانبەری هاتۆتە گۆو لە دژی دواوە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە بولبول پیاوێكی سادەو ساكار وگێل بووەو، لەناوەرۆكی سروشتی ئایینی نەشارەزابووە.

(٢- ٥)لەم چەند بەیتەدا مەولەوی ڕاستگۆ پاكانەی بۆ ئەكاو خوای گەورە ئەكا بە شاهید كە نەیزانیوە بولبول ئەیەوێ داوای كچەكەی لێ بكا، وەئەفەرموێ: تۆ قەزاو قەدەر بەپلەی یەكەم و : بێ تەدبیری و گێلی خۆت بە پلەی دووەم بەم ئاواتە نەگەیشتی، ئەگینا تۆ ئەم خەیاڵە لە مێشكدا پەنگی خواربۆوە. كەی هانات هێنا بۆ من و من لەفەرمانت دەرچووم، وەئەفەرموێ: من خۆم بە (ولی)نازانم، وەئەگەر (ولی)ش بم، وەیا دەوروبەر بە(ولی)م بزانن، لەم ئاستەدا وەیا لەم حاڵەتەدا مەرج نییە من بەنیازو خەیاڵی دەروونت بزانم. وأنّ الله هوَ العلاّم الغیوب.

هەورامی( ٣٣٢ )

تـا تەئثیرێ بۆ پەرێ شەو نـاڵەت
یـا پەی هەنـاسەی سوب دۆعـاه لاڵەت
گۆیـا جەلای وێت دەروونت ئێشان
بەد دۆعاییت کەرد تەصدیمت کێشان [٦]
من رۆی مامەڵەی گردین خـاص و کەس
جەوراسە بـازار شـارەکەی ( الس ) [٧]
جەسەر دووکـا نچەی شـای سەر توجـاران
هۆرکرتم کـالآی بەلآی نـازاران
نـامان نەگۆشت مەر فەردەکەی من
فەرد وەش مەضموون بێگەردەکەی من :

سۆرانی( ٣٣٢ )

تـا کـاریگەر بێ بۆ شەوی نـاڵەن
یـابۆ هەنـاسەیگشت دۆعـا و لاڵەن
گوایە تۆ لای خۆت دەروونت ئێشا
دۆعـای شەڕت کرد، زەحمەتت کێشا
من ڕۆژێ سەودای کۆمەلآن و کەس
لەنـاوبـازاڕی شـارەکەی( ألسل )
لەسەردووکـانی شـای دووکـان داران
هەڵم گرت کـالآی بەلآی نـازداران [٨]
نەتبیستوەئـایا تۆ فەردەکەی من
بەیتی خۆش مەضموون بێ گەردەکەی من :

هەورامی( ٣٣٣ )

ئەر هەرسـات دەردێ دەردێ وتەر چەنی
بەیۆ مـاچوو ئـاخ پەی دەردێ هەنی [٩]
یەکێوە جەلام شـادی و ڕنجووری
کەیفی و بێ کەیفی، نزیکی و دووری
مەرچون تۆ حەڵوای موحەببەت خـامێ

سۆرانی( ٣٣٣ )

دەیـان دەردو خەم ڕووم تێکا پەی پەی
من بۆ دەردێ تر هەر ئەڵێم ئۆخەی
یەکسـانە لەلام شـادی ورەنجووری
خۆشی و نـاخۆشی و نزیکی و دووری
مەگەر یەك وەك تۆی موحەببەت خـاوێ

---

[٦] جەلای وێت، (ع.م): جەلاوێت.

[٧] لە(ع.ف) دا لە جیاتی(خاص و کەس) نووسراوە: خاص و گەست، وە لەدامێنی(خاص وگەست) نووسیویانە، واتە باش و خراپ. (ع.م):(خاص: بەرامبەری (عامە) مەبەس پیاوانی خوایە، هەروەها وشەی(کەس)یش بەمەعنایەیە) بەلآم لەفەرهەنگە فارسییەکاندا هاتووە، گشت(صیفەتی حەقیقی): نازیبا زشت. نانپسند–ناپەسەند) بەم پێیە ئەگەر وشەکە بە(گەست) بخوێنرێتەوە دەبێ وشەی(الس)بە(الست) بخوێنرێتەوە. لەدیوانەکەی (میرزا)یشداهەر (گەست) نووسراوە. (الس) ئاماژەیە بۆ ئایەتی ١٧٢لەسورەتی(الاعراف)دا، خوای گەورە لەو ڕۆژەدا لەجیانی ئەرواحدا پەیمانی لەهەموو بەشەر وەرگرتووە کە بیپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن (الستُ بِرَبکم قالوابَلی..) سەیری تەفسرەکان بکە. مەولەوی لەزۆر شوێندا ئەم ئایەتە بەکار دێنێ.

[٨] بەلآی(میرزا) : بالآی. شای دووکانداران، مەبەست خوای گەورەیە.

[٩] ئەم بەیتە لە دیوانەکەدا بەیتێکە لە توێی قەصیدەیەکدا ، بەداخەوە بۆم نەدۆزرایەوە.

| | |
|---|---|
| قەبای عەشق دڵ پشت ناتەمامێ [10] | کەوای عەشقی دڵ پشت ناتەواوێ |
| وەشی و ناوەشی تەفاوت زانۆ | جیاوازیێ لەلای شیرین و تاڵی |
| مەلێ نەزانۆ هەر پەلێ شانۆ | مەلە نەزانێ و بهاوێ باڵی |
| مەیل و قین هەردوو هەر جەشەخسێوەن | مەیل و قین هەردوو هەرلە شەخسێکە |
| جەریمەو خەلاَت شێوەی کەسێوەن | جەریمەو خەلاَت شێوەی کەسێکی |
| **هەورامی( ٣٣٤ )** | **سۆرانی( ٣٣٤ )** |
| لاهۆر کەردەجەو، پەی ئێد تەماشا | ڕوولەو وەرگێرم، بۆ ئەم تەماشا |
| بەو شاد، پێد ناشاد( کلا و حاشا ) | بەو شاد، بەم ناشاد( کلاَوحاشا ) |
| ساهەر دۆعا کەر، باچەرخ چە پگەرد | ساهەر دۆعاکەباچەرخی چە پگەرد |
| تا تاقەتش هەن هەربشانۆ نەرد [11] | بە پێی توانای هەر با هەڵدا نەرد |
| منو زۆ ئەو دەرد، ئەو ئەوسەردیی مەیل | من هەڵدا بۆ خەم، ئەو بۆ سەردیی مەیل |
| ئەوئەوقەبایل، من ئەو کۆی دوجەیل | ئەو بۆ ناو هۆزو منیش بۆ دوجەیل |
| ( خصوصا ) ، بولبول جەلای زامداران | بولبول( -بەتایبەت- لەلای زامداران |
| دووری خاستەرەن نە وەصڵ یاران | دووری چاترە لە وەصڵی یاران |
| **هەورامی( ٣٣٥ )** | **سۆرانی( ٣٣٥ )** |
| نزیگی یاگەی تەرەیدەی فەصڵەن | نزیکی جێگەیئەندێشەی فەصڵە |
| دووری ڕای خەیاڵ قافڵەی وەصڵەن | دووری ڕێی مەیلی کاروانی وەصڵە |
| پەو کەخوو گرتەی بەلاَو کۆسەنان | بۆیە هۆگری بەلاَو کۆستم من |
| نزیکی بێزار دووری دۆسە نان | نزیکی بێزار، دووری دۆستم من |
| ئەکۆیئزیکی شادی وە بادم | من بەنزیکی شادی بە یادم |
| ئەدوری دووری وەیادش شادم | لە ڕۆلی دووری بەیادی شادم. |
| **هەورامی( ٣٣٦ )** | **سۆرانی( ٣٣٦ )** |
| تەختەی مۆبەت تاش ئەجاری دڵ تەنگ( [11] | تەختەی مۆبەت تاش ئەجاری دڵ تەنگ |

---

[10] (میرزا یحیی) : ساتۆ چون حەڵوای. خامی ، وە لەجیاتی(عەشق دڵ) نووسراوە: عاشق دڵ . بەلاَم هەڵەیە. کەوا پێکهاتووە لە بەرو لە پشت، ئەگەر پشتی ئەبێ پێی ناڵێن کەوا؛ وەیا کەوایەکی ناتەواوە . حەڵوای خام یاخاو ئەوەیەنەکولاَونەبرژاوبێ.

[11] ئەرد: زار

| | |
|---|---|
| گیر گێج دام کلاّفەی شەو ڕەنگ؛ [٢] | گیر خواردووی داوی شەوی شەوە زەنگ |
| نامەی ئایرین گەرمی ئەنگێزت | نامەی ئاگرینی پڕکڵپەت..ئەوسا |
| دووی پووش جەستەی دەردینان خێرت [٣] | دووکەڵ لە پووشی جەستەم زوو هەڵسا |
| یاواو حاڵیم بی یەك یەك نیشاران | هات و حاڵی بووم یەك یەك نیشاران |
| خەندەم کەرد هەی های دەردەکەن یاران؛ [٤] | پێ کەنیم، هەی های وا دەردە یاران |
| ئەر ڕاسەن دۆسیت دۆسەکەی گیانی؛ | ئەگەر تۆ ڕاستی دۆستەکەی گیانی؛؟ |
| من وە دارکۆڵەك خەمان مزانی | من بە کۆڵەکەی خەمان ئەزانی |
| <u>هەورامی( ٣٣٧ )</u> | <u>سۆرانی( ٣٣٧ )</u> |
| هوون بێ پایان دەردم وەردە بۆ | خوێنی ناکۆتای دەردم خواردبێ |
| تەجربەی تۆڕدام عەشقم کەردە بۆ [٥] | ئەزموونی تۆڕی عەشقم کردبێ |
| هالای گریەی دەرد ئەوبالای ئالا | هێماشالاوی دەردی بالای ئەی |
| ئەکوورەی دەروون ئەگرتەن بالا | لەکوورەی دەروون بەرز نییە کڵپەی |
| دام دووبادەی صەییاد قاتڵ | کەزاوای دوولۆیصەییادی قاتڵ |
| نە پێچان ئەدەورپای شکستەی دڵ | نەئالاوەتە پێی شکاوی دڵ |
| فرسەت نەکەوتەن بەورەنگ قادر بۆ | بۆی نەگونجاوەجۆری قادر بێ |
| جەفاش فراوان،وەفاش نادر بۆ | جەفای فراوان،وەفای نادربێ |
| دەخیل زووتەر کێش پات ئەو دماوە | دەخیلم زووتربێرە دوا وە |
| ئەگنی ئەی تۆڕ دام وەهەردوو پاوە [٦] | ئەکەویە داوای بەهەردوو پاوە |

---

[١] ) ب مەلاعبدالرحیمی(نجاری) نووسراوە، لە نامەیەکدا کە بۆ مەولەویی نووسیوە تیایدا باسی کاریگەری شێخەکەی مەولەوی ئەکا، مەولەویش بەم قەصیدەیە وەلاّمی ئەداتەوە.

[٢] نەجاری وەك ناوەبۆ گوندەکە هەروەهاش بەڕەمز دارتاشیش ئەگەیەنێ واتە: ئەی تەختەی خۆشەویستی تاش! ئەی نەجاری دڵتەنگ ؟ ئەی گیرۆدەی داوی کلاّفەی تاریك و شەوە زەنگ.

[٣] ئەنگیزت، ف و گ : ئەنگێزەن. خێرت، ف، گ: خێزەن. بەلاّم ئەوەی ع.م ڕاستە.

[٤] هەی های ، گ: های های .

[٥] تۆڕدام، گ: تۆڕداو.

[٦] ) ئەی،ف:ئەو

**هەورامی( ٣٣٨ )**

جەودماوەدەس بای ئیستیغناوە
لەرزی وەسەرتەڵ دار نەفاوە
سەروەنەت ببۆوەبار گەردەن
بوازی هەرسات ئاوات وەمەردە ن
ئە پەی ئەو رەویەی بەینەت دار بۆ
ئە پەی تۆیج وەمەرگ رستگار ی بۆ
ئەو سەبر، ئەو تاقەت ئەوتەوانای دەرد
ئەدیت خەرجم كەرد هیچ سوودش نەكەرد[٧]
ئیسەسۆچیای گەرمی دڵ سەردیم
سەودای سارای دەردبێ دەردیم
ئەرمەژەنەوەی خاس، وەرنە مزانوو
مەرگ پەرێ تۆیج مدۆ ئەزانوو

**سۆرانی( ٣٣٨ )**

پاشان بەگوڕی بای ئیستیغناوە
ئەلەرزی بەسەرداری فەناوە
سەرت لێنەبێ بەباری گەردەن
ئەخوازی هەرسات ئاوات بەمردن
ئەبۆ ئەو رەویەی وەفادارییە
ئەبۆتۆش مردن هۆی رزگارییە
ئەوسەبرو توانا من بوومبێ پشوو
ئەتدی خەرجم كرد هیچ سوودی نەبوو
ئێستا سووتاویگەرمی دڵ سەردم
گیرۆدەی سارای دەردی بێ دەردم
ئەزانم، باشە گوێ شلكەی لەنۆ
مردنیش بۆتۆ ئەدا لەئەژنۆ

**هەورامی( ٣٣٩ )**

تەژنەی گیان وەلەب سەودای سەبووری [١]
كەفتە بێم ئەگێج دەریاكەی دووری [٢]
دیم ئەشنەی فێنك سێراوی سەردا
شنۆی زیندەگیم ئاما وە بەردا [٣]
چێش( خضر ) نامەی تۆش ئاوەردەوە
وەك رستگار بۆ ئیحیام كەردەوە [٤]

**سۆرانی( ٣٣٩ )**

تینووی گیان بەلێو شەیدای سەبووری
كەوتۆتە گێژی دەریاكەی دووری
دیم ئەشنەی نمی فێنكی لەسەردا
شنۆی ژیانەوەم زووهات بەبەردا
بۆ؟( خضر ) نامەی تۆی هاوردەوە
رزگاربێ گیانمی زیندوو كردەوە

---

( [٧] ) هیچ سوودش ، فسب ع.م: مائیدەش،

[١] دوو دۆست و برادەری مەولەوی كە هەردووكیان پێكەوە ئەژین و دوورن لە مەلەوی یەوە. یەكێكیان بەرەزامەندیی ئەو تریان ئەڕوا بۆ سەفەرو لەوێ نامێنێ، لەدواییدا هاورێكەی بەم سەفەرەی دڵتەنگ ئەبێ. بەم بۆنەیەوە نامەیەك ئەنووسێ بۆ مەولەوی و تیایدا داوای لێ ئەكا بچێ بۆلای، مەولەویش بەم پارچە هەڵبەستە جوایی ئەداتەوە.

[٢] من كەسەودای سەبووریم و گیانم لەسەر لێوە كەوتومەتە گێژی دەریای دووری.

[٣] دیم ئەشنەی شنەی فێنكی پڕنمی سەری هەڵداو پەیدا بوو، بەم شنەو ئەشنەیە ماڵی ئاوابێ شنەی ژیان و حەیاتم هاتەوە بەبەرمدا و ئەمردم.

یا وا پێم پەریم زایەڵەی زاریت
زگاری زامەت بێ دەوای کاریت
مزانوو، هام فەرد! پڕ شەرت وشۆنی
یارم دڵدارم، غەم خوارم تۆنی

پێم گەیی نامەی زایەڵەی زاریت
گیرۆدەی خەمی بێ دەوای کاریت
زانیومە هاورێ! خاوەن پەیمانی
خەم خۆرو یارمی و هەر میهرەبانی

هەورامی( ٣٤٠ )

بەڵام تۆیچ ئاخر رەنجت بەردەبێ
چەند جار ژار مار دووریت وەردەبێ
پەی چێش وستانێت ئەی مەهلەکەی سەخت
فتوای لوات دا لوا وەبێ وەخت [٥]
زوانت وەختێ ئیزنش تەڵەب کەرد
لاڵ کەی نمەبۆ ، چەنی ( ئا ) ش ئاوەرد؟ [٦]
چەم بێ پەی دینش بینایش کەم بی
گۆش بێ شنە فتش سەدای ماتەم بی
تەن بێ بارکێشیش خەستەی هیجران بی
دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلش وێران بی

سۆرانی( ٣٤٠ )

بەلام ئاخر تۆش رەنجت کێشاوە
چەن ژاری ماری دووریت نۆشاوە
بۆچ خستمتە نێو گەردەلوولی سەخت
ئیزنت دابڕوا، پێش هاتنی وەخت
زوبانت کاتێ ئیزنی داواکرد
چۆن لاڵ نابێ ئەو ، چۆن ( ئا ) ی ئەداکرد
چاو بۆبینینی بینایی کەم بوو
گوێ بێ بیستنی سەدای ماتەم بوو
تەن بێ بارکێشی خەستەی هیجران بوو
دڵ بێ مەنزلگەی مەیلی وێران بوو

هەورامی( ٣٤١ )

چ دادێ مرۆ خاکم وەسەربۆ
ئیسە تەمای من یازا یەڵەی تۆ [٧]
مەعلووم بی وەنەم حەسرەتت کێشان
پەی سەیرو صوحبەت صەفای دڵ رێشان [٨]

سۆرانی( ٣٤١ )

چ دادێ ئەدا خاکم بەسەر( بۆ )
ئێستا تەمای من ، یاگریانی تۆ
لێم روونە دڵت حەسرەتی کێشا
بۆ سەیرو صەفای ئەم وئەو ئێشا

---

[٤] بەڵگەیە بۆ پێش خۆی، واتە شنۆی زیندەگی هێنایەوە بۆم، چونکە خچری خۆش مژدە نامەی تۆی بۆ هێنام.

[٥] بۆ خۆت خستە مەهلەکەوەو فتوای ئیزنی هاوڕێکەت دا بڕوا؟

[٦] زبانت لاڵ نەبێ کەئەویارەت داوای ئیزنی لێ کردی تۆ چون(ئا)هات بەدەمدا وچووبۆ سەفەر و لە تۆ بڕا، لە بەیتەکانی دواوەدا مامۆستا عبدالکریم مدرس ووردەکاریەکی جوانی نووسیوە بۆ ڕوون کردنەوەی مەعنا و ضمیرە کانی، وەهەروەها بەڕێزیان ئامارەی بۆکردووە بۆ جیاوازی نوسخەکان.

[٧] واتە خاکم بەسەر بێ ئێستا چ سودێکی هەیە: ئومێدو هیوای من، وەیازایەڵەو گریانی تۆ؟.

[٨] مەعلووم، ع.م: مزانوو.

هام رەفیقم دەرد ، هام صوحبەتم کۆس
ویم جەویم خاڵی ، مەوج مدەو جەدۆس
تانەو بەجەماڵ دڵ دەسەی پاڵەن
من سەیرم مەحاڵ ، صەفام بەتاڵەن
جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفا بیزەن
دامەنەش لایەق ئەی پەراویزەن:

هاودەمی دەردوکەوتنی کۆستم
خۆم لەخۆم خاڵی وتێکەڵ بەدۆستم
تانەو بەجوانی ئەنازێ وزاڵە
من سەیرم مەحاڵ ، صەفام بەتاڵە
بۆیە ئەشعارم ( ئیستیفا ) بێژە
دامێنیە شیاو بەم پەراوێزە

**هەورامی( ٣٤٢ )**

شێوە ئەر ئێدەن من کەردەنم سەیر
فام! خودا حافیز ، دین ! بنیش وەخەیر
تۆ سەروەش وەی سەیر صەفاو بەختەوە
من وێڵ وێڵ وەی زام سزای سەختەوە
تۆ هەر سات شادیت بێ ئەندازە بۆ
من هەر لاد دەردێ پەرێم تازە بۆ
تۆ وێنەی بولبول مەست هەوای گوڵ
من چون بایە قوش چۆڵ ئەوای دڵ
پەرێ تۆ راحەت ، پەری من زامەت
هەردوو سەلامەت تارۆی قیامەت

**سۆرانی( ٣٤٢ )**

شێوە گەر وابێ من دیومە ئاوا
فام! خودا حافیز ، دینش ماڵئاوا
تۆسەرخۆش ئابەم صەفاو بەختەوە
من وێڵ بەزامی سزای سەختەوە
تۆ هەردەم شادیت بێ ئەندازە بێ
منیش هەرکاتێ دەردم تازە بێ
تۆ وێنەی بولبول مەستی هەوای گوڵ
من وەك بایەقوش چۆڵ لەئەوای دڵ
بۆتۆ راحەتی ، بۆمن ئەدامەت
هەردوو سەلامەت تاکو قیامەت

**هەورامی( ٣٤٣ )**

هەی هوو.. های چەندە ن ئامان خەبەرێ [1]
ئای تاقەت بریان ئەسیم ! سەفەرێ
تاوەسەر بەرزان هەرد لەیلاخان
وەخزمەت سەرنیل بلند دەماخان [2]
ئام ئەی زام سەخت جەتاڵی وارا
وەنەرم ئار وەلەفظ شیرین ویارا [2]

**سۆرانی( ٣٤٣ )**

هەی هوو .. دەمێکە ئایە خەبەرێ
ئای تاقەت برا ئەسیم ! سەفەرێ
تاسەر بەرزایی هەردی ئێلاخان
بەخزمەت گەورەی بلند دەماخان
ناوم بەئەحسی هاتە سەرزەمین
ناوی لابێنە بەلەفظی شیرین

---

[1] بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسراوە کەهەمیشە بە(نازین) ناوی ئەهێنێ.
[2] لەیلاخ: کوێستان. ناوە بۆ دەشتێکی فراوان و سارد لەرۆژهەلاتی شاری سنە.

واچەدیم مەو یەرد ساتی وەساڵێ
موارا هەردەم حاڵی وەحاڵێ
گامەو یەرد ئەسەر هوون چەمەی چەم
تەکرار مەکەرد فەرد دێوانەکەی شەم

بلێ دیم ئەرۆی ساتی بەساڵێ
ئەگۆڕا هەردەم حاڵی بۆحاڵێ
گا خوێن لەچاویا جارێ وەکو چەم
ئەیگوت فەردێکی دێوانەکەی شەم:

**هەورامی( ٣٤٤ )**

سەیر سەر بەرزان لەیلاخان کەردی
ئەی شەم ( حەیفت کەرد من جەیادبەردی ))
گامەوات دووریت درێغش نەکەرد
گەرمای گەرمیان کۆتایش ناوەرد
بەڵام ئەڵمەق دڵ وەفەریام ئاوا
های یانەی سەردیی هەناسەش ئاوا
شەوان هام ڕازەن ، روان هاو ماڵەن
( قلب الا سد )م ( قە وس ) سارالەن
گامەوات ئازیز ( ئای جەئەو گاریم
ئای ( سبحان الله ) جە ئینتیزاریم

**سۆرانی( ٣٤٤ )**

سەیری بەرزایی کوێستانانت کرد
ئەی شەم( حەیفت کرد منت لەیاد برد ))
دووریت دەردێکە دەرمانی نییە
گەرمای گەرمێنیش پایانی نییە
بەڵام فریام کەوت دڵ لەناکاوا
هەی ماڵی ساردیی هەناسەی ئاوا
هەموو شەوو رۆژ دا یم هاوماڵە
جەرگەی هاوینم ( قەوس ) ی سارالە
گا ئەیوت ئازیز ( ئای لەبێزاریم
ئای پەنا بەخوا لە ئینتیزاریم

**هەورامی( ٣٤٥ )**

مژدە م بەڵ بەیۆ ئاگا جەدەردا
نیگام وراستەن وەراگوزەردا
دڵ وەتەمامی نییەن ئەجادا
خەریکەن ئەبەین خۆف و رجادا
داخۆم بەوەصلی لاو ئێمەوە
یاهەر وەهیجران تاوێمەوە

**سۆرانی( ٣٤٥ )**

لە پڕ بەڵکو بێ مژدەم لەسەردا
نیگام دروو وە بەرا گوزەردا
خۆدڵ تەواوی نییە لەجێدا
سەرقاڵە لەنێو ترس و ئومێدا
ئاخۆ بەوەصلی ئەو ئەم لاوێنێ؟
یاهەر بەدووری ئەو ئەم تاوێنێ

---

[٣]ع.م(وارا: باریو. ئار:بێنە. ویار: تێپەڕبوو.(وەیالایەق وپەسەند) ، واتە بەگفتێکی شیرینی وا کەبچێ بە دڵدا، وەبەشێوەنێکی ئەرم ناوی لەئەگبەتی یەوە بایوی منی لابەرە. ئەم بارینی ناوە ئیشارەتە بۆ ئەوە کە مەشهوورە(الاسماء تنزل من السماء) بەمەعنا ناو ئاسمانەوە ئەبارێ و نیشانەی پاشەڕۆژی خاوەنەکەیەتی) مەبەستی ئەوەیە : منهەر لەئەزەلدا ناوێکی وا بووە بەچارەنووسم کە نیشانەی ئەم بەد بەختییەم بێ).

یەکزەی دەروون گرفتاریی ئەو
یەحاڵەت دەرد ئینتیزاریی ئەو
تەفصیلش وەسۆز حاڵی کەردم پێت
هەنی تۆزانی چەنی رەحم ویت

ئەمەکزەی دڵ گرفتاریی ئەو
ئەمەش ها دەردی ئینتزاریی ئەو
بەدرێژی و بەسۆز من تێم گەیانی
خاوەن ویژدانی تۆ خۆت ئەیزانی

**هەورامی( ٣٤٦ )**

ئەمەندە ن خەیاڵ فەردان کەردەنم [1]
فەردها ، بێ وەتەوق شی نەگەردەنم [2]
ئەر فەلەك گەردش نەدا لەرووی بەخت
ئەوستاش ئەوگێج گەردەلوول سەخت [3]
ئارەزووی دیدار یارانم کەردەن
هەوای سەیرانم وەدڵ ئاوەردەن
بگێڵوون چەنی هام فەردان وەشاد
وەسەر بەرزاندا خەم بدەون وەباد
وەر کوشتاش جەداخ نەدیەنی یاران
چەند جار کوشتانیش ئیدیس چون جاران

**سۆرانی( ٣٤٦ )**

بۆ شیعر ئەماهەڵمەت بردنم
شیعر بوویە تەوق چوو لەگەردنم
گەر گەردی گەردوون نەدا لەرووی بەخت
ئەی خستمە گێژی گەردەلوولی سەخت
ئارەزووی دینی کۆڕی یارانم
بەدڵ ئامەزرۆی گەشت وسەیرانم
بگەڕێم بەشاد لێڵ هاو رازاندا
خەم بدەن بەبا لەسەر بەرزاندا
گەر بێ بمکوژێ نەبینم یاران
چەن جار کوشتومی ئەمیش چون جاران

**هەورامی( ٣٤٧ )**

دەخیلم خاڵۆ ! زەدەی زام سەخت
حاڵ شێو ێنەکەی ( مەعدووم ) ی بەد بەخت
راز رێزەی شەکەر ! شای شیرین رازان!
فتیلە پەی زام کەسێ مسازان
وەختێ دڵ وەتیر مەینەتان ریش بۆ

**سۆرانی( ٣٤٧ )**

دەخیلم خاڵۆ! زەدەی زامی سەخت
حاڵ شێو ێنەکەی ( مەعدووم ) ی بەد بەخت
رازت شیرینە وەستای رازانی
کەسێ کەزامی بکا دەرمانی
دڵ زەدەی تیر بێ و بشمێنێ زامی

---

[1] ئەم قەصیدەیە لای (ع)تەواوکەری قەصیدەی(٨١) لەم دیوانەدا ، واتە ئەم پارچەیەو پارچەی پێشوو وەکو(ع.م) ئەفەرموێ: مەولەوی لە بەغداوە بۆ ئەحمەد پریسیی نووسیوە.

[2] مەولەوی! باوانەکەم ! بۆولەبەرچی تاقەتی دانانی شیعرت نەماوە؛ خۆتوی لوتکەنشین لەو شاعیرانە نیت کە خوا ئەفەرموێ:(یتبعهم الغاون وفی کل وادٍ یهیمون). ئەزانم لەم کاتەدا لەگیانی خۆت بێزاریت و حەسرەتی دووریی یاران لەدڵە بێگەردەکەتدا پەنگی خواردۆتەوە بۆ یەپشت ئەکەیتە شیعر وتن.

[3] ئەگەر گەردوون گەردو تۆزی نەدا لرووی بەختم ونەی هاوێشتمە گێژی گەردەلوولی سەخت و چەمەری ، بەدڵ ئارەزووی یانم لە دڵدایە..تاد.

جەودما تەماى سارێژیش پێش بۆ
خۆ جاى پەیكانان ژار وەردەكەى تۆ
تابەر پەڕەى دڵ پەى كەردەكەى تۆ

پاشان بیەوێ سارێژ بێ زامی
خۆ جێگاى تیرى ژاران خواردووى تۆ
دڵەى زام زەدەى كون كون كردووى تۆ

**هەورامی ( ٣٤٨ )**

وەختێ فوارەى هووناوان پێشەن
زووخاو جۆش بدۆ ، ئانە سارێشەن
دەرگاى مەینەتان جاى نەدامەتە
ئاسۆریش یاد ئار رۆى قیامەتە
فتیلە پەى چێش ؟ رۆ وەیانەم رۆ
یەك جار داد لە ئیستیغناكەى تۆ
تۆ پیرت بازەم دڵ وەشیی دڵەن
غەم رەدەى زامان وەشیش موشكوڵەن

**سۆرانی( ٣٤٨ )**

وەختێ جامی دڵ خوێنی سەر رێژە
زووخی بجۆشێ ، ئەوە سارێژە
دەرکی مەینەتی جێی نەدامەتە
ئاسۆریش یادی ( رۆى ) قیامەتە
پلیتە بۆچی ؟ رۆ بەماڵم رۆ
واوەیلا هاوار لەبێباكی تۆ
تۆ پیرت بەس بێ دڵ دانەوەى دڵ
زامێ ئاوابێ چابوونی موشكوڵ

**هەورامی( ٣٤٩ )**

وەفاى چەرخ چەپ راس بێ تان و پۆن
جەفا بێ پایان، دەردەسەر بێ شۆن
بەدی نێكییەن ،نێكی بەد ئامی
فاماشێتییەن ، شێتی پڕ فامی
سارا هیدایەت تاریك موینوون
راى نەجات یەكجار باریك موینوون
ئاڵەم نەى ئاسان ئاڵەم گرت نەوەر
شیشەى مەى ! پەمەت نەگۆش بەراوەر
جەتۆ: قەهقەهە ، جە پیاڵە : مەى
جەساقی : هادەى ، جەنێمە : بابەى

**سۆرانی( ٣٤٩ )**

وەفاى چەرخی چەپ بێ تان و پۆیە
جەفا فراوان ژانی بێ شۆیە
خرا پەى چاكی و ، چاكەى بەد ئامی
ژیری شێتییەو شێتی پڕ فامی
دەشتی هیدایەت تاریك نەبینم
رێگاى رزگاری باریك نەبینم
ئالەم نەى ئاسا دنیاى گرتەبەر
شووشەى مەى! پەمووڵەگوێت دەركەدەر
لەتۆ: پێكەنین، لە پیاڵەش : مەى
لەنێمە : بابێ، لەساقی : هادەى

**هەورامی( ٣٥٠ )**

مەڵڵا جەكەثرەت لەوحش بۆسادە
مەنسووخ نەزانۆ حەلاڵی بادە
زاهید مایەى هۆش هیچ نەمانۆ پێش

**سۆرانی( ٣٥٠ )**

لەبەر زۆریی خەڵك مەلا بێ حاڵ بێ
حەرامی بادە لەلاى حەلاڵ بێ
زاهیر مایەى هۆش نەمێنێ هیچ بۆى

پەشێو بۆ تەقواش چون مێزەرەی وێش
من نەوون وەتەنگ نەفامییەوە
وێم بدەون وەدەس بەد نامییەوە
دێوانان ئاسا بجۆ شوونەوە
بەلاّ گەل چون مەی بنۆشنەوە
شەرارەی مەستی مەی بەر شۆم نەدڵ
وەو چراخەوە یاوون وەمەنزڵ

تەقوای پەشێو وەك مێزەرەی خۆی
خۆم دەم بەدەستی بەدنامییەوە
من نەبم بەتەنگ نەفامییەوە
دێوانە ئاسا خۆش خۆش بجۆشم
میحنەتان وەك مەی پەی پەی بنۆشم
بڵێسەی سستی سەرکەوێ لەدڵ
بەو چرایەوە بگەمە مەنزڵ

هەورامی( ٣٥١ )

ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخداریٚ [1]
چون من خاتر خار خەمبار داخداریٚ [2]
بشیامیٚ وەسەیر سەرسەراو چەمەن
جەئەو( چراخم ) ئەو چەمەن چ مەن [3]
ناڵەمان کەردا چەنی بولبولان
چەنی ناڵەیێ؟ چون سفتە دڵان
تانە قەفەسدا مانمان نەفەسێ
ئەوان پەی گوڵان، ئێمە پەی کەسێ

سۆرانی( ٣٥١ )

ئاخ چراخ ! چ ئاخ؟ ئاخ بۆ ئاخداریٚ
وەك من خار لە دڵ خەمبار داخداریٚ
ئەچووین بۆ سەیری سەر سەراوچیمەن
لەئەو وەکو من : کوا خەم ؟ لەودیمەن
بولبولان ئاسا و هەوری بەهاران
چلۆن ناڵەیێ؟ وەك دڵ بیماران
تالەقەفەسدا مابیٚ نەفەسێ
ئەوان بۆ گوڵان، ئێمە بۆکەسێ

هەورامی( ٣٥٢ )

تەن وەئێش دەرد زامەتان خەستەن
فەڵەك پای ئامام وەزنجیر بەستەن [1]

سۆرانی( ٣٥٢ )

بەئێشی زامان تەن لێ بۆتەوە
گەرد وون پێی چوونمی کردە کۆتەوە

---

[1] ئەم چوار بەیتەی نووسیوە بۆ چراخ ناوێك بەداخەوە نەمزانی کێیەو دانیشتوی کوێیە.

(٢- ٣) بشیامیٚ: بچوینایە.سەراو: سەرچاوەی ئاو وشە تاوان. چەمەن: چیمەن. چ مەن: وەکو من (وشەکە فارسی یە). چراخەم-چراخم) دیسانەوە وشەکە فارسی یە ، واتە ئیتر خەم بۆ؟ شوێنەکە زۆر خۆش و سەرنج راکێشە. ئەم چوار بەیتە لەهەندێ نوسخەدا بەشێکە لە قەصیدەیێکی ٢٠ بەیتی. سەیری (شارۆکەی محەمەدی عەلی قەرەداغی بکە لاپەرە٢٣٩ ، ئەم پیاوە بەتوانایە زیرەکانە بۆ ساغ کردنەوەی ڕەنجێکی باشی کێشاوەو زۆر تیایدا ماندووە بووە. خوای گەورە خۆی و خامەکەی بهێڵێ و لە هەموو گیرو گرفتێك دور بێت.

خەم زەدەی خەم کێش خەفەت بارەنان
بەری جەیاوەر، دوور جەیارەنان [٢]
چە پگەرد هەرساتێ دەردی مدۆ پێم
رای ئامای قاسید ئازیز بەستەن لێم [٣]
وەشڵەهەر پەی تۆن هەی شادمانی!
پەیك لەیل ئامای وەتو مزگانی[٤]

خەم زەدەو خەم کێش خەمانە بارم
دوورم لە هاودەم بەری لەیارم
چە پگەرد هەرساتێ دەردێ ئەدا پێم
رێی پەیکی ئازیز داخراوە لێم
موژدە بۆ تۆیە هەی شادمانی !
ئەوا پەیکی لەیل تەشریفی هانی

**هەورامی(٣٥٣)**

تۆ پڵاخەی دووکەڵ هیجران دڵبەر [١]
جەم بوگە وەك هەور لەرووی سەقفی سەر [٢]
حاشا خۆ رەنگم هیچ نەماگە پێ
سەرم وەکو تاس دەنگی لێوەتێ [٣]
کەی کەم نیستەکەم خوێناوئەکا شەست
لەدوو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست [٤]
لافاو کووچەی جەستەی زوو خاڵی
هەرگا و هەستی هەرچی بوو ماڵی [٥]

**سۆرانی (٣٥٣)**

چەرە دووکەڵی هیجرانی دولبەر
جەم بوو وەکو هەور لەرووی سەقفی سەر
حاشا خۆ رەنگم هیچ نەماوە پێ
سەرم وەکو تاس دەنگی لێوەتێ
زۆرم و هەمیشە خوێناو ئەکا شەست
لەدو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست
لافاوی کووچەی جەستەی زووخاڵی
قوراوی هەستی هەرچی بوو ماڵی

---

(١- ٤) ع.م :( .. مەولەوی لەگەڵ شوێندا واپێشان ئەدا کەئەو وشادمانی پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، وەهەگیز یەك ناکەون، چونکە دوژمنی خوێنە خۆری یەکترین و خێری هەرکامیان شەڕی ئەویانە. لێرەشا ئەڵێ: من لەشم گرفتاری دەردی زەحمەتە، وەگەردوون پێی بەستووم ناتوانم بچم بۆلای یار، وەبەمەش دەسبەردارم نەبووە.رێی هاتنی فروستادەی ئەویشی لێ گرتووم کە بێت بۆلام، کەواتە ئەی شادمانی! هاتنی فروستادەی لەیل بۆلای تۆیە، چونکە ئەگەر بۆ لای من و دڵخۆشیش بەینمان رێك نییە.. دەسا مژدە بێ لێت و خۆشی لە خۆت.

[١]مەولەوی ئەم چوارینەیەی بەزبانی تاوەگۆزی یەوە وتووە کە زێدی خۆیەتی .

[٢] تۆپڵاخە: تۆپەڵ. بووگە: بووە

[٣]نەماگە: نەماوە. تاس : تەپڵ. تێ: دێ.

[٤] کەی کەم نیستەکەم: (ع.م) :( جوملەیەکی خەڵکی ناوچەی تاوەگۆزە، بەکاری ئەهێنن بەمەعنای(هەمیشەوبەزۆری)..)

**هەورامی( ٣٥٤ )**

دەك فەلەك! چون من دەردت كاری بۆ
زامت پڕ ئەنێش نادیاری بۆ
جەفای ئەو ئەمام صەفات هۆرکێشۆ
خاترت وەنێش حەسرەتان بێشۆ
ساتێ بێ خەم بی جەستەی جەفاكێش
ویارا وەشاد چەنی یار وێش [١]
وەخت بی لێلاویت بیگرۆچەمان
تائاخر دووریت وست ئەبە یمان [٢]

**سۆرانی ( ٣٥٤ )**

گەردوون! دەك وەك من دەردت كاری بێ
زامت پڕ ئێشی نادیاری بێ
جەفای ئەونەمام صەفات هەلکێشێ
دلّت بەدەردی حەسرەتان بێشێ
ساتێ بێ خەم بوو جەستەی دلّ برین
گونجاو بوو لەگەلّ یارانی دێرین
نزیك بوو كوێربی نە تما سەبووری
ئاخری سەپاندت جیایی و دووری

**هەورامی( ٣٥٥ )**

خەرامان ئامانە تۆی پەردەوە
نیقاب جە صەفحەی جەمین كەردەوە [١]
چیهرەی دلّەی زار خووی گەرمی پێدا
عەكسش هوەیدا منمانا تێدا [٢]
باوەشێن مەكەرد ئەو صەفحەی بێگەرد
نازكیش جەباد ئیحتیات مەكەرد
ئەتۆی ئاینەی جەمین چون گولّ
كەم مەكەرد ئم ئم خووی روخسار دلّ

**سۆرانی( ٣٥٥ )**

خەرامان واهات لەتوێی پەردەوە
پەچەی لەتەختی رووی خۆی كردەوە
رووی دلّ ئارەقی گەرمی خۆی پێدا
بەڕوونی وێنەی خۆی نوان تێدا
باوەشێنیە كرد صەفحەی وەك ئەبات
ئاسك بوو لەبا ئەی كرد ئیحتیات
ئەتۆی ئاوێنەی ڕوخساری وەك گولّ
كەم ئەبوو ئم ئم ئارەقی رووی دلّ

**هەورامی( ٣٥٦ )**

**سۆرانی ( ٣٥٦ )**

---

[٥]كووچە:كۆلآن. هەرگاو: قوڕاو. هەستی: بوون.

(١– ٢) واتە ماوەێیك بوو جەستەی پڕ لەئازارم ڕای ئەبوارد بەخۆشی وشادمانی لەگەلّ یاری خۆیدا، تۆش بەرامبەربە ئێمە ئەوندە حەسودو دلّڕەق بووی خەریك بوو چاوەكانت لێلآیان دابێت، وەهەروەها لەسەر ڕق و قین بەردەوام بووی و كۆلّت نەدا تا جیاییت خستە نێوانمانەوە.

[١] ئەو شۆخە بەلەنجەولار بەپەچەوە سەری هەلّدا و كەگەیشتە لای ئێمە پەردەو پەچەكەی لە تەختی رووی خۆی كردەوە. جەمین: ناوچەوان .

[٢]چیهرە: روومەت، رووخسار. دلّەی زار: دلّی كەساس، خووی: ئارەق. عەكسش: وێنەی. هوەیدا: ئاشكرا، دیار. واتە: ڕوخساری دلّە كەساسەكەم پلەی گەرمای سەركەوت وئارەقی كرد بە ڕخساری یار.

شەریك ناڵەی شەوان بێداریم!
مەڵهەمەکەی ئێش زامان کاریم !
مەحرەم ! حەرەم، کەعبەی مەقصوودم!
رەهنومای طەریق! یاگەی سجوودم
وەمەرگت داریم خەیڵێ زارییەن
رەفیقم ناڵەی شەو بێدارییەن
خەریکم نەگێج بەحر موشکوڵدا
هەر دەردەن مەیۆ مشیۆ وەدڵدا

هاوبەشی ناڵەی شەوی بێداریم!
مەڵهەمی ئێشی زامانی کاریم!
ئاشنای حەرەمی کەعبەی مەقصوودم!
رانومای ڕێگەی جێگەی سجوودم!
بەمەرگت ژینم هەمووی زارییە
هاودەمم ناڵەی شەو بێدارییە
وام لەناو گێژی دەریای مشکوڵدا
دەردە هەروا دێ دەچێ بەدڵدا

هەورامی( ٣٥٧ )

قوربان !ئەرچەندێ ئامام وەلاتان
چەم روشن نەوی وەگەرد پاتان [1]
هەی ڕۆ نەوچان ئەو خەم پەروەردە
ئەڵبەت مەیلمان ئەدڵ دەرکەردە
خەیر( وەڵڵا ) تاگیان ئەتۆی قەفەس بۆ
کەم کەم ئامۆ شۆی ئامای ئەفەس بۆ [2]
حەیاتم وەمەیل بالأی یارانەن
مەیلم هەرئەوەمەیل هەردە جارانەن

سۆرانی( ٣٥٧ )

قوربان ! هەرچەندێ ناتوومەلاتان
چاو ڕۆشن نەبوو بەگەردی پاتان
هەی ڕۆ قەد ئەڵێن ئەو زەدەی زامان
ئەما لە دڵیا هەڵبەت مەیلمان
ئەء، وەڵڵا تاگیان ئەتوێی قەفەس بێ
کەم کەم هاتوچۆی شنەی ئەفەس بێ
ژینم بەمەیلی بالأی یارانە
مەیلم مەیلەکەی جاری جارانە

هەورامی( ٣٥٨ )

مەجنوونەکەی وێڵ شەیدای بالأی تۆ
سەلام گیانا وەخاکپای تۆ
وێش جەتاو دەرد بار خەمان بەرد
جادەی مەینەت گرت ، وێڵ بی هەرد ئەو هەرد
دڵ ئەمیر شەن جەلات ئەسیرەن
چون تاوانکاران بەند زنجیرەن

سۆرانی( ٣٥٨ )

مەجنوونی وێڵی شەیدای بالأی تۆ
سەلام ئەنێرێ بەخاك وپای تۆ
خۆی نایە لەتاو ئازاران و دەرد
گرتی ڕێی مەینەت، وێڵی هەرداوهەرد
دڵ ئەمیریەتی و لەلات ئەسیرە
وەك تاوان کاران بەندی زنجیرە

---

[1] ئەر چەندێ. لەهەندێ نوسخەدا : ئەرچەندەن.
لەگۆڕینەکەدا لەجیاتی(نەهاتوو) (ناتوومە)م بەکار هێناوە.

[2] قەفەس: سنگ یالەش.

ئامان سەد ئامان خاس نیگاش دارە
وەرنە ئاروفتەن زوو مبۆ پارە

هەورامی( ٣٥٩ )

ئەوای نالەی دڵ وێنەی صەدای نەی
پیالەی زووخاو مەنۆشوو چون مەی
کەواو پارچەی جەرگ سینەی برێشتاو
رەحمەت بۆ، یەنەی ، یەمەی ، یەکەواو
هەر ئەساسێ هەن جەلام جەم بییەن
گەرمیی کزەی بەزم هیچش کەم نییەن
تەصدیعت کێشان صاحیب شەرت و شۆن!
چ ئیحتیاجێ وەی کەواو تۆن ؟

هەورامی ( ٣٦٠ )

مامۆسای شیرین! شۆخ دیدە مەست! [1]
جەمەکتە بخانەی مەدرەسەی( الست ) [2]
دیدەش مەکتەبیی قەدەر سزادا
نیم نیگاش تالیم طیفل قەزا دا[3]
سەرنوك موژەش مەکەردش تەقدیر
راستی پەی تیر تەدبیر تەقدیر [4]
تۆ پەی تەعلیمش نەڕای جەختەنی

بیپارێزە باش ئەسیری زووتە
زوو دانەوەشێ چونکە پەڕپووتە

سۆرانی( ٣٥٩ )

ئەوای نالەی دڵ وێنەی صەدای نەی
جام جام زووخاوان ئەنۆشم وەك مەی
کەبابم جەرگی سینەی پڕ عەزاب
فەرموو هانێ نەی، هامەی، هاکەباب
چی ئەساس هەیە ، لەلام بووە جەم
گەرمی کزەی بەزم ، هیچی نیە کەم
زەحمەتت کێشا خاوەن شەرت شۆ!
چ پێویستێکم بەکەبابی تۆ؟

سۆرانی( ٣٦٠ )

مامۆستای شیرین ! شۆخی دیدە مەست
لەمەکتە بخانەی خوێندنگەی( الست )
دیدەی تلمیذی قەدەر سزادا
نیو نیگای دەرسی طیفلی قەزادا
سەرنووکی موژەی ئەهاتە تەقدیر
ئەخشەی ئەکێشا بۆ تیری تەقدیر
تۆ بۆ تەعلیمی لە هەوڵ و جەختی

---

[1](ع.م): مەولەوی قسە لەگەڵ مامۆستایەك ئەکا کە دەرسی بەشۆخێك وتووە)

(٢– ٥) ڕستەی(الست)ئاماژەیە بۆ ئایەتی (أَلَستُ بِرَبِكم قالوا بلىَ). (ع.م):(واتە : ئەی مامۆستای شیرین! ئەم شۆخە چاو مەستەکەتۆ دەرسی پێ ئەڵێیت، چاویلەقوتابخانەی ڕۆژی ئەزەلدا سزای قوتابییەکی ئەدا کەقەدەرە وەتیلی چاوی منداڵی قەدەری فێرئەکرد کە چۆن تووشی خەڵك ببێت، وەنووکی برژانگی دەرسی ڕاست ڕۆیشتن و لانەدانی فێری تیری قەدەر ئاڕاستەکردن ئەکرد.. واتە: کەچی تۆ ئێستا خۆت ئەزیەت ئەدەی بۆ فێرکردنی، ئەڵبەت یاسەرسەختی یابەدبەختی، ئەگینا تۆ لەکوێ و دەرس وتنەوە بەیەکێکی والە کوێ؟)

ئەڵبەت یاسەرسەخت یابەد بەدبەختەنی [٥]

هەڵبەت سەرسەرختی یا خۆ بەدبەختی

**هەورامی ( ٣٦١ )**

ئەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە [١]

باخەوانان داخ وەتۆی گڵ بەردە

خود نمایی لای بالاّ ئەمامان

ویت لادەر ئامان پەریٰ تۆ ئامان

دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم خێزا

ولگەکەی سەرشاخ زیندەگیت ڕێزا

خاس بی دەرگای خەم پەی ویت کەردەوە

دوولە تیمان بۆ هەرچیت بەردەوە

**سۆرانی ( ٣٦١ )**

ئەموت ئەی عەرعەر سەرەڕۆی سەر چڵ

باخەوان داخی تۆیان بردە گڵ

خۆ نواندن لای بالاّ ئەمامان

ئەشیاوە بۆتۆ، خۆلادە ئامان

دیت بای غیرەتی دیدەکەم هەڵچوو

گەلاّی سەرچڵی ژینت وەری زوو

چا بوو دەرکی خەم لەخۆت کردەوە

دوولەتیمان بێ هەرچیت بردەوە

**هەورامی( ٣٦٢ )**

جوراب چون من زامان ئەسرەفتە [١]

وەسەر پە نجەی پای ئیستغنای کەفتە

بەد بەختێ چون من تەن کەفتەی کۆیێ

یا خەیاڵ خامێ ئەبلەه چون تۆیێ

ئەو روتبەی نازك تۆوە دەروون بەرد

جەرووی گوستاخی تۆ ئارەزووت کەرد

لەپ وەتەمای دڵ چەند حەسرەتش بەرد

پێش ئاوڵە کەرد فرسەتش ئاوەرد

**سۆرانی( ٣٦٢ )**

گۆرەوی وەك من زامی ئەسرەوتوو

بەسە رپە نجەی پێی بێ کەڵکی کەوتوو

بەدبەختێ وەك من تەن کەوتووی کۆیێ

یاخەیاڵ خاوێ، گێژی وەك تۆیێ

ئەو روتبە ناسکە بەدڵ کردت زوو

لە ڕووی گوستاخی کردت ئارەزوو

لێو بەتەمای دڵ چەند حەسرەتی برد

فرسەتی نەداو پێی تلۆقی کرد

**هەورامی ( ٣٦٣ )**

ئازیزم! گەردەن بلوور بێگەرد

**سۆرانی( ٣٦٣ )**

ئازیزم! گەردن بلووری بێگەرد

---

[١]جوانیکی شۆخ وشەنگ و بالاّبەرز لای دار چنارێکدا ڕائەوەستێ، لەو کاتەدا بایەك بەتوندی ئەدا لەچنارەکە و هەندێ گەلاّی لێ ئەخاتە خوارێ و پەلوپۆی ئالۆز ئەکا، بەم بۆنەیەوە ئەم هەڵبەستە ئەهۆنێتەوە. سەیری(ع.م) بکە.

[١]لەبەر ئەوەی مناسبەی دانانی ئەم پارچەیە نازانین چییە و بەچی هۆیەکەوە وتراوە هەرچێیك بە ڕاڤەو لێکۆڵینەوەیەوە خەریك بین بێ سودە و کەڵکی نی یە. مامۆستا عبدالکریم مودەریس بەڕاو بۆچونی خۆی موناسبەی بۆ ئەدۆزێتەوە، بەلای منەوە ئەوبۆچوونەی ئەویش دورە لە واقیعەوە.

ئەمانەتی تۆو دڵەی پڕ جەدەرد
چون جە زێد وێش بییەن ئاوارە
غەریبەن قەدرش نیگا بدارە
فەرامۆش نەبۆ لادێ درەنگێ
صوبحێ وەتیر ، شامێ خەدەنگێ

ئەمانەتی تۆو دڵەی پڕ لەدەرد
چونکە ئاوارەی وڵاتی خۆیە
نرخی ڕبگرە، خێرە ئامۆیە
مەیکە فەرامۆش کەمێ درەنگێ
صوبحێ بەتیرێ شەوێ خەدەنگێ

هەورامی( ٣٦٤ )

خەمە! فرسەتێ ساتێ وەبێ خەم
گەرد پالاکەش بیگروون وەچەم
چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن کەڵەك
مەر من سەنگم دان وەمینای فەڵەك
چە پگەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت
ئەی خوا یاوەصڵ یامەرگ یاتاقەت

سۆرانی( ٣٦٤ )

خەمە! فرسەتێ لاچۆ لەئاوا
گەردی پێڵاوی بێنم بەچاوا
چەرخی چەپ بۆ من زوو بەستی کەڵەك
وەك بەردم دا بێ لەشووشە فەڵەگ
چە پگەرد ناهێڵێ ساتێ فەراغەت
خوایە! یاوەصڵ، یامەرگ، یاتاقەت

هەورامی( ٣٦٥ )

خەیر بۆ هەم فەڵەك کام خەیاڵ کەردەن
دیسان من پەی شەڕ وەیاد ئاوەردەن
دیارەن ئەساس دووری مسازۆ
وەبالام کالای خەمان موازۆ
داخۆم دووی دووریی کێش هانە سەردا؟
دیسان من مدۆ وەرووی چەمەردا

سۆرانی( ٣٦٥ )

خێر بوو هەم گەردوون بۆ کام ئاشادی ؟
بۆکام دەردێ تر کەوتوومە یادی
زیاتر لەدووری لە من ئابوورێ
بەبالام کالای خەمان ئەدوورێ
ئاخۆ دووی دووریی کێی والەسەر دا
هەمدیسان ئەمدا بەرووی چەمەردا

هەورامی( ٣٦٦ )

شەنەفتم گیانم! بالا توڵ ئەی!
ئێرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی
مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ
گیان هەوای صوبحەت جەستەکەم پێش بۆ
وەرنە شێتە وێم! دڵ وەشیی دڵەن
گیان جەتەن بەرشی ئاماش موشکوڵەن

سۆرانی( ٣٦٦ )

بیستوومە گیانە! بالاتووڵی ئەی !
ویستووتە لەگەڵ مندا سەفەرکەی
تەدبیر سامەگەر پێی بەدبەختی زام بێ
گیان لەگەڵ جەستەم ڕۆژێ هاو جام بێ
شێتە! بۆ دڵمە بۆ دڵ دانەوەی
گیان لەتەن دەرچوونییە هاتنەوەی

**هەورامی( ٣٦٧ )**

شنەفتم دووربا لەیل زوکا مشەن [١]
ریشوار باڵای ئەو ئەمامشەن [٢]
هەنارەکەی دڵ پڕ جەدانەی ئێش
پیشیای کوورەی نار عەشق وێش
بەمەودای موژگان سوراخش کەرۆ
وەگەرمی ئیشان دەماخش دەرۆ [٣]

**سۆرانی ( ٣٦٧ )**

بیستوومە دووربا لەیل زوکامیەتی
گیرۆدەی باڵای ئەونەمامیەتی
هەنارەکەی دڵ پڕ لە دانەی ئۆی
پیشاو بە ژێڵەی پشکۆی عەشقی خۆی
بە موژەی تیژی کون کون کا چەرمی
بیدا بە لوتیا تاو تاو بەگەرمی

**هەورامی( ٣٦٨ )**

کام حاڵەت باروون وەسەرخامەدا؟
تەن چون تای نەیەن نەتۆی جامەدا
پێچیان بێ جان رەمەق رەمیدەم
سەرگەردان ئەگێج بەحرەین دیدەم

**سۆرانی( ٣٦٨ )**

کام حاڵەت بێنم بەسەر خامەدا؟
وەك تاڵە نەیە تەن لە( جامە ) دا [١]
ئالا لەگیانی رەمەق ئەمەندەم
سەرسام لە گێژی دوو دەریای دیدەم

**هەورامی( ٣٦٩ )**

کۆرپە ئەگریجان تووك تاوس تار
سەوزە کلافان چون رشتەی زەننار [١]
پەخش بییەن وەبان قورص قەمەردا

**سۆرانی( ٣٦٩ )**

کورپە ئەگریجەی پەڕی قاوس رەنگ
سەوزە کلافان وەك رشتەی فەرەنگ [١]
پەخشانە بەسەر رووی گۆی قەمەردا

---

[١] بۆ کەسێکی نووسیوە کەکیژێکی وەیا خوشکێکی تووشی هەلامەت بووە. دوورنییە ئەم پیاوە ئەحمەد بەگی پریسی بووبێ، چونکە خوشکێکی بەناوی لەیلاوە بووە و بە قسەی(ع.م) مەولەوی حەزی لێ کردووە.

[٢] ریشوار: گیرۆدە، گرفتار.

[٣] واتە : بەبرژانگی تیژی چەرمی هەنارەی دڵەکەم کون کون بکاو بەگەرمی بیدا بە لوتیا و هەڵمەکەی هەڵمژێت.

[١] تای نەی ع.م :(تاڵی دەزوو)

(١- ٣) واتە: ئەو شۆخانەی کە ئەگریجەکانیان تازە ڕواوە و وەکو پەڕی تاوس ڕەنگاو ڕەنگە، (ع.م): لە کلافەی لوول دراوی سەوزو زەنناری هۆنراوە ئەچێ: بەسەر تۆپی ڕووی خروجوانیا بڵاوبۆتەوە، وەتاوێك بەسەر برۆیا ئەکەوێ و تاوێکی تر بەسەر خاڵی ڕەشی ڕوویا.

[١] واتە: خامەکەت بێ مەیلیی منی نووسیوە، وەمنیش بەم بۆنەوە خەفەتباربووم هەناسەی وەك دووکەڵی ڕەش ئاوی لەچاوی گەردوون هێناو کردیە گریان. سەیری ع.م بکە.

گاوەرووی میحراو ، گاوە حەجەردا [٢]
هەرلادێ سەد جار دڵەی پڕ جەدەر
بەو زەننارەوە تەوافش مەکەرد [٣]

گابەرووی میحراب ، گابەحەجەردا
دڵەی پڕ دەردم هەرتاوێ سەد جار
تەوافی نەکرد بەو رشتەی زەننار

**هەورامی( ٣٧٠ )**

نامەی بێ مەیلیم خامەت رەقەم کەرد
دوودیم جەدیدەی فەڵەك ئاو ئاوەرد
من وبێ مەیلی چون واچی شەو رۆن
مەیلت نەدڵدا ، دڵ هەر جەلای تۆن
بێ چارە وەتای زوڵفت گیر بییەن
هانە پای تەلدا جواوش نییەن

**سۆرانی( ٣٧٠ )**

بێ مەیلیم گوایە خامەت درکانی
ئاهم لەگەردوون ئاوی دەرهانی
من وبێ مەیلی وەك شەوو( رۆ ) یە
مەیلت لەدڵدا و، دڵیش لای تۆیە
بەتاتای زوڵفت ژینی فانییە
والە پای تەلدا وەڵامی نییە

**هەورامی( ٣٧١ )**

هەوای ( سەرساراڵ ) وەخصووص وەتەن بۆ [١]
ئەرچی صەفای رۆح راحەتیی تەن بۆ [٢]
بەڵام دووریی تۆ یەند زۆر ئاوەردەن
دەردێ وەدەروون هام دەردان بەردەن
وەهەر جا تەشریف تۆ نەرزانییەن
هەردیدە پەی تۆ ( هەزارکانی ) یەن

**سۆرانی( ٣٧١ )**

هەوای ( سەرساراڵ ) تایبەت وەتەن بێ
گەرچی صەفای رۆح ، ئاسوودەی تەن بێ
بەڵام دووریی تۆ وازۆری هانی
دەردێکی وای دا بەهاو دەردانی
لەکوێ تەشریفی تۆ هەر زانییەن
هەر چاوی بۆتۆ ( هەزار کانی ) یە

**هەورامی( ٣٧٢ )**

هەرچەند وێم زەدەی بادەی فیراقم
وەدین دیدەت خەیلێ موشتاقم
بەڵام شیرینی جەلام تاڵییەن
جات خاڵی نەبۆ جاگەت خاڵییەن

**سۆرانی( ٣٧٢ )**

هەرچەند خۆم زەدی بادەی فیراقم
بۆدینی دیدەت گەلێ موشتاقم
بەڵام شیرینی لەلام تاڵییە
جێت خاڵی نەبێ جێگەت خاڵییە

---

[١] بۆ شێخ حسەینی گوندی (هەزارکانیان) ی ووتووە، کەوتۆتە ڕۆژئاوی شاری دیواندەرەوە لەکوردستانی ئێران.

(٢- ٤) هەوای (سەری ساڵ) بەتایبەت وەتەنیشت بێ هەرچەند صەفای ڕۆح و هۆی ئاسوودەیی بێت،بەڵام دووریت دەردێکی وای دا بە هاودەردانی تۆ لە کوێ دانیشی ئەو چاوە بۆتۆ(هەزارکانی) یە.

ئەر وەصڵەن دادم پەری فیراقەن
وەرهیجرەن پەی وەصڵ تاقەتم تاقەن

گەر وەصڵەداد مەلەترسی دووری
فەصڵیش بێ ئەگریم من بۆ حضووری

**هەورامی( ٣٧٣ )**

دڵ پەند وەنایر دووری تۆ تاوان
ساڕاسەن کزەش وەلات نەیاوان؟
وەی من پەی صەفای یاران هام دەم
ئای پەی ئەو سەیران ماردم و کەڵ ڕەم
یاران گردین شین وەتووناى تووندا
هەر خەیاڵ مەندەن ئەتۆی دەرووندا

**سۆرانی( ٣٧٣ )**

دڵ وابەکڵپەی دووری سووتا خۆ
ڕاستە هاکزەی نەهاتە لای تۆ؟
وەی من بۆ صەفای یاران سەر تەڵ
ئای بۆ ئەو گەشتەی ئەو ماردم و کەڵ
یاران ڕۆیشتن بە تووناى تووندا
هەر خەیاڵ ماوە لەتوێی دەرووندا

**هەورامی( ٣٧٤ )**

چەم پەی فەرش پات بیناییش کەم بی
گۆش پەی مەشنەفتش صەدات ماتەم بی
تەن بێ بارکێشت خەستەی هیجران بی
دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلت وێران بی
چ دادێ مدۆ – خاکم وەسەر بۆ-
ئیسە ئارەزووی لای ئاسانەی تۆ؟

**سۆرانی( ٣٧٤ )**

چاو بۆ فەرش پێت بینایی کەم بوو
گوێ بۆ نەبوونی دەنگت ماتەم بوو
تەنم بێ بار کێش خەستەی هیجران بوو
دڵ بێ مەنزڵگەی مەیلت وێران بوو
چ دادێ ئەدا – خاکم بە سەر بێ-
ئێستا ئارەزووی خاکی بەردەر بێ

**هەورامی( ٣٧٥ )**

گوم بی چون خورشید ئەو ئە پڕتەودا [1]
گوم بی ئەهل عیلم ئەشۆڵەی ئەودا [2]
ئارمەکەرد وەسەر دڵ سازا ئەدا
ئادربی جەناو هام رازا ئەدا [3]

**سۆرانی( ٣٧٥ )**

وەکو خۆر گوم بوو ئەو لە پڕ تەودا
زانایان گوم بوون لەتیشکی ئەودا
ئاگری پەخش کرد بەدڵ سازاندا
ئادر بوو لەناو کۆی هاورازاندا

---

[1] لەلاواندنەوەو مێژووی مردنی شێخ عەلی تەوێلەییدا وتویەتی.

[2] پڕتەو: ڕۆشنایی ، وشەکە فارسییە. شۆڵە: شوعلە، تیشك، ڕووناکی. واتە: شێخ عەلی وەکو ڕۆژ لە ڕۆشنایی و تیشکی خۆیدا گوم بوو، وەهەروەها ئەهل و دەستەی عیلم لە تیشکی ئەودا –وەکو ئەستێرەکان– گووم بوون.

بنویس وەهوو ناو دڵ نە پەڕەی جەرگ
( نادر شێخ عەلی ) پەی تەئریخی مەرگ

تۆ بەخوێنی دڵ بنووسە لەجەرگ
( نادر شێخ علی ) بۆ تاریخی مەرگ

**هەورامی( ٢٧٦ )**

جەستەی خەستەی خارسەودایی خەجڵ
باوەس بۆ تاکەی ئەی دڵ وەشیی دڵ
چە پگەرد فرسەت باز شانا مۆرەی نەرد
عومرێ بێ ئاما ویەرد گوزەر کەرد
زەحمەت خەلاص بی جەی دووری دەردە
ئەی هوو تابە یۆ عومر و یەردە

**سۆرانی( ٢٧٦ )**

جەستەی خەستەی خەم شەیدای خجڵ
بابەس بێ تاکەی دڵدانەوەی دڵ
گەردوونی هەل باس هەڵیدا نەردی
عومرێ بوهات و ڕۆیی چون گەردی
ڕزگاریت زەحمەت هەردووری بەشتە
ئەی هوو بێتەوە عومری گوزەشتە

**هەورامی( ٢٧٧ )**

وەختەن پیاڵەی دڵەی پڕ جەدەرد [1]
پڕ کەجەبادەی هەوای گەردەن زەرد [2]
چەنی گەرم ئەزم بەزم پڕ شادی
بو یاری وەرەغم ئەی دیناى بادی [3]
دایم صەدای ناز سەودای گۆشت بۆ
سەد چون مەعدوومی فەرامۆشت بۆ [4]

**سۆرانی( ٢٧٧ )**

نزیك بوو جامی دڵەی پڕ لەدەرد
پڕ کەی لەبادەی عەشقی گەردن زەرد
بەگەرمی ئەزمی بەزمی پڕ شادی
ڕابوێرێ دژی ئەم دنیای بادی
دایم صەدای ناز شەیدای ( گۆشت ) بێ
سەد وەك مەعدوومی فەرامۆشت بێ

---

[٣] دڵ سازان: ئەوانەن کەدڵان سازئەکەن بۆ خواپەرستی، نادر: بێ هاوتا. واتە شێخ عەلی بەمردنەکەی ئاگری بەردایە دڵی خواپەرستان، چونکە لەناو هاوڕازانیدا بێ هاوتا بوو. ڕستەی(نادر شێخ عەلی) بە حسابی پیتی ئەبجەدی ئەکاتە( ١٢٧٥-ك).

[١] ع.م (.. گلەیی لەدۆستێکی ئەکا کە نیشانەی کەوتنە خۆشی وبێ وەفایی بەرانبەربەم لێوە دیاری دابوو.)

(٢- ٤) مەولەوی ڕوونەکاتە خۆی و لەگەڵ خۆی ئەدوێ و ئەفەرموێ: خەریك بوو پیاڵەی پڕ لەدەردەکەت پڕکەی لەبادەی خۆشەویستیی گەردن زەرد، وەبەکوێرایی ئەم دنیا کۆتایە بە خۆشی و کامەرانی ڕابوێری، بەڵام بەداخەوە ئەمەم بۆ هەڵنەسوڕا، ئنجا مەولەوی ڕوونەکاتە دۆستەکەی و ئەڵێ هەرچەند تۆ بەرانبەر بەمن بێ وەفابووی، بەڵام من ئەپاڕێمەوە لەخوای گەورە کەتۆ هەمیشە سەدای نازوبەختەوەری ئاشنا بە گوێت و هەمیشە لەشادمانیدا بیت. ئیتر چش لەوە کەسەد مەعدووم فەرامۆش ئەکەیت. ڕەحمەت لە گۆڕت ئەی شاعیری نەزاکەت پەروەر! گلەیی یەکانت چەند بەسۆزوپاراون، چەند بەتین و بەهێزن.

**هەورامی( ٣٧٨ )**

**گۆشەی سیامالْ هورداو دیاوە**
**چون مانگ نەگۆشەی هەوری سیاوە** [١]
**بەخودا قەسەم پاسەم ئومێدەن**
**( حور مقصورات فی الخیام ) نێدەن** [٢]

**سۆرانی ( ٣٧٨ )**

**گۆشەی رەشماڵی لاداو روانی**
**وەك مانگ لەگۆشەی هەوری قەترانی**
**ئومێدم وایە بەو خوایە کەمە**
**( حور مقصورات فی الخیام ) ئەمە** [٢]

**هەورامی( ٣٧٩ )**

**دڵ ئەرچی شەماڵ قەدیمی یارەن**
**پەی شنۆی زەلان یار جەنزارەن** [١]
**بەلام کۆن تاقەت دین دڵدارم**
**ئەو ( مەهچیهرە ) سان من کەتان وارم**

**سۆرانی( ٣٧٩ )**

**شەماڵ لەگەڵ دڵ دەمێکە یارە**
**بۆشنەی بارەش یار لەنزارە**
**بەلام کوا تواناى دیتنی یارم**
**ئەو( مەهچیهرە ) یە ومن کەتان وارم**

**هەورامی( ٣٨٠ )**

**هەرگا من پێکیان پەیکانی لەیل وام**
**بەبێ مەیلی لەیل وەتەن دوجەیل وام** [١]
**چ باك بەدیی بەد کارا نمەن؟**

**سۆرانی( ٣٨٠ )**

**هەرکاتێ زەدەی تیری لەیل بم**
**لەبێ مەیلیی ئەو وەتەن دوجەیل بم**
**کەی پاکی بەدیی بەد کارا نمە؟**

---

(١- ٢) پەنا بەخوا چ تەعبیرێکی وردو کاریگەرە، سەیری چۆن دەست پێ دەکاو چۆن کۆتایی پێ دێنێ، ئەو مەحبووبە دڵفرێنە گۆشەی رەش دەوارەکەی هەڵدایەوە وەکو مانگ لەگۆشەی هەوری رەشی قەترانییەوە سەیرێکی منی کرد، وەمنیش لە پەنای ئەو جوانی و شەنگییەیدا ئەتوانم سوێند بخۆم کەئەم ئایەتە پیرۆزە ( حورٌ مقصورات..) مەبەستی ئەم شۆخە بوو بێت.     الرحمان/ ئایەتی ٧٢.

[٢] بەم بەیتە مەولەوی کوردستان ئەکا بە بەهەشت و کیژەکانی بە (حورعین..) دائەنێ.

[١] مەولەوی ئەم دووبەیتە ئەنێرێ بۆژنی والی سنە کەناوی ( مەهچیهرە) بووە. وادەرئەکەوێ ئم ژنە داوا ئەکا لە مەولەوی کەبچێ بۆلای وبیبینێ، مەولەویش لەبەر ئەو هۆیە کە خۆی ئەیڵێ ناچێ بۆلای ، چونکە ئەو شۆخە (مەهچیهرەیە- ڕوو وەك مانگ) و ئەمیش کەتانی لەبەردایە، ئەگەر بەرانبەری بوەستێ هەڵئەوەرێ و دائەڕزێ، وابلاوە قوماشی کەتان مانگە شەو لێی بدا یەکسەر دائەڕزێ و بەرگەی ناگرێ.

(١- ٢) کەمن پێکراوی تیری لەیلا بم ، وەبەبێ مەیلی لەیل شوێنەوارم کێوی دوجەیل بێ، هیچ باکم نییە لەبەدکاران و پەروام نییە لەتانەی رەخنەی ئەغیاران و بێگانەکان. ئەم دوو بەیتە لە دیوانەکەی ع.م دا نییە.

چ پەرواى تانەى نەغيارا نمەن؟ [٢]

چ پەرواى تانەى نەغيارا نمە؟

**هەورامى( ٣٨١ )**

خەيالآن شەو هيجرانان رۆ
قامەت خەم كەردەن چون چەميلەى چۆ [١]
دلْ بييەن وەدار سەركەل لاى وەشت
چەمە راى وايێن ريشەش بى وەدشت

**سۆرانى( ٣٨١ )**

دوورى و خەيالْى رۆژو شەوانم
وێنەى خەلْفى تەڕ لەشيان چەمانم
دلْ وەك دارێكە لەلێوى كەنێ
چاوەڕێى بايە ريشەى هەلْكەنێ

**هەورامى ( ٣٨٢ )**

چەم پەى فەرش پات موژەش چون خاوەن
بەلاّم چێش كەرۆچارەش نا چارەن [١]
چەنى تاوۆ تەرك پا بۆست كەردەن؟
سەوگەندش وەزولف سياى تۆ وەردەن [٢]

**سۆرانى( ٣٨٢ )**

چاو بۆ فەرشى پێت موژەى وەك خارە
بەلاّم بلْێ چى چارى نا چارە
چۆنى بو نەلوێ نەكاماچى پات؟
سوێندى خواردووە بەزولْفى سيات

**هەورامى ( ٣٨٣ )**

داخۆ چەند وەدەس نازك نەوهالآن
ئامۆ شۆت كەردەن پەى دلْى مالآن [١]
ئيسە هاچون من پەشێو بيت بێ حالْ
كەفتەنى نەخاك مەكەرات پامالْ [٢]

**سۆرانى( ٣٨٣ )**

ئاخۆ چەن بەدەس ناسك نەوهالآن
كردووتە ئامشۆى ناوجەرگەى مالآن [١]
ئێستاوەكو من پەشێوو بێ حالْ
كەوتووى دووى خاكى ،ئەتكەن پايە مالْ [٢]

---

(١- ٢) خەيالآنى شەوو هيجرانى ڕۆژ وەكو دار پشتميان چەماندووە، دلْيش وەكو دارى سەر لوتكە وايە كەتاوى باران لێى دابێ، چاوەڕوانى باێيكە لێى بداوڕيشەى لەبن هەلْكێشێ.
(١- ٢) ڕەوانە بووچاوم بكەم بەفەر شى ڕێگات، چونكە برژانگى دڕكەو ئەچەقێ بەبن پێتا، بەلاّم چارى ناچارە، چۆن ئەتوانێ واز بێنێ لە پێ ماچ كردنت؟ كە سوێندى خواردووە بەزولْفە ڕەشەكانت.

(١ - ٢) ع.م :( قسە لەگەلْ گۆزە شكاوێك ئەكا)
(١- ٢) واتە : ئاخۆ چەند جاران بەدەستى جوانان و نەوڕسان هات و چووى مالآنت كردووە ، وەئێستا وەكو من شكاويت و پەشێوو بێ حالْ لەكەلاوەكاندا فڕێ دراوى و پێ شێلت دەكەن. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت بۆ ووتەى جوان و پەسەندت.

**هەورامی( ٣٨٤ )**

تاتەوانام بی شەو بێداریم کەرد [١]

پەرێ نۆشای جام بێ قەراریم کەرد

وێت واتەن هەرکەس شەوان بێدار بۆ

مشیۆ مەست زووق بادەی مەیخار بۆ [٢]

**سۆرانی ( ٣٨٤ )**

من تاتوانیم شەو بێداریم کرد

بۆ نۆشینی مەی بێ قەراریم کرد

تۆخۆت فەرمووتە کێ شەو بێداربێ؟

ئەبێ سەرخۆشی زەوقی خوماربێ

**هەورامی( ٣٨٥ )**

جەبێ کەسی وێم تۆم کەردەن وەکەس

ئەوەکەس شیای ئەوەنیمە کەس [١]

سەرجەراستی کەردەنم طو فەیل

من مەجنوون تۆم تۆم کەردەن وە لەیل

**سۆرانی( ٣٨٥ )**

لەبێ کەسی خۆم من تۆم کرد بەکەس

ئەبەکەس شیای ئەبەنیوە کەس

دڵەکەم بۆتۆ مەیلی بێ شۆیە

من مەجنوونی تۆ ، لەیلم هەرتۆیە

**هەورامی( ٣٨٦ )**

پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ

ماسیوای مەعشووق ئەبۆش ئاخ وداخ [١]

من جفت مەعشووق دەرد هام رازمەن

چون باز سەرچڵ وادەی بازمەن [٢]

**سۆرانی( ٣٨٦ )**

بۆکەسێ باشە نیازی سەیری باخ

بێجگە لە مەعشووق ئەیبێ ئاخ وداخ

من جووتی عەشقی دەردم خەم لەدڵ

وادەی رفینمە وەك بازی سەرچڵ

(١- ٢) واتە گەنج و بەتوانا بووم شەو بێداری و شەو نخونیم ئەکێشاو بۆ نۆشین و خواردنەوەی مەی بێقەراری بێ ئارامیم بەخۆمەوە ئەبینی، خوای گەورە! تۆ خۆت فەرموتە هەرکەس شەوان بێدار بێ ئەنجامەکەی ئەوەیە ئەشێ مەستی بادەی لەقای من بێ . ع.م : ئەفەرموێ : خار بەمەعنای پڕهاتووە. لەفەرهەنگە فارسیەکاندا بەم شێوەیە ڕوون کراوەتەوە: میخوار شەراب خوار.بادە خوار. منیش (مەی خوار)م بەخومار تەعبیر کردووە.

(١- ٢) مەولەوی ئەیەوێ سپڵەیی بداتە پاڵ دۆستێکی و ئەفەرموێ:( لەبێکەسی خۆم..تاد) بەڵام وەفاداری و فیداکاری بەتەنیا بۆ منە، هەرلەکۆنەوە من مل کەچ بووم بۆتۆ ، وەئێستاش هەروەك جاران من مەجنوونی تۆم تۆش لەیلی منی.

(١ ٢)سەیر کردنی سەیرانگاکان و باخ و گوڵزاران بۆ کەسێك باشە جگە لەمەعشوق ئاخ و داخێکی تری نەبێ، بەڵام منێکی کەساس کەهاو جووت و هاوڕازی مەعشووقی دەرد و خەفەتم.. چیمەلەسەیری باخ و باخات؟

**هەورامی( ٣٨٧ )**

**پە يخام بالآی خەميارەکەی تۆ**

**خەمياى حەلقە گۆشوارەکەی تۆ** [1]

**چەند وەسەر گۆشی و وەگۆشت ئاوەرد**

**چون بەد بەخت بيم تۆگۆشت نەكەرد**

**سۆرانی( ٣٨٧ )**

**پەيامی بالآی خەم خوارەکەی تۆ**

**چەماوەی حەلقەی گوارەکەی تۆ**

**چەند دای بەگوێتدا ئەو بە نيهانی**

**بەد بەختی من بوو تۆ گوێت نەهانی**

**هەورامی( ٣٨٨ )**

**خالۆ خالۆ تەن كەم واچە خالۆ**

**سۆرانی( ٣٨٨ )**

**خالۆ خالۆتە كەم بلێ خالۆ**

---

(١- ٢) ع.م لەم بەیتەدا وشەی (خەمبارەکە) ی نوسیوە،وەلەتوێژینەوەکەیدا نووسیویەتی خەمیا: چەمیوە.)وەمەعناکەشی ئاوا نووسیوە:( ڕاسپێری یەکەی منی خەفەتباری تۆ و چەماوەی ئەلقەی گوارەکەت، چەند جار بەچپە درا بەگوێتدا، بەڵام چونکە من بەد بەخت بووم تۆ گوێت نەدایە .)

بەبۆچونی ع.م بێ ئەبێ نیوە بەیتەکە ئاوا بنووسرێت:( پەیغام باڵای خەم یارەکەی تۆ) واتە پەیامی باڵای چەماوەی دۆستەکەت کەمنم ، کەچەماوەییەکەی وەکو چەماوەی گوارەکەی تۆیە.

ع.م : ئەفەرموێ :( مەولەوی پێش مارەکردنی عەنبەر خاتوونی خێزانی ، چووە ماڵی باوکی تا چاوی پێ بکەوێ بزانێ ئاخۆ دڵی ئەیگرێ یا نە. لەوێ داوای ئاوو دۆیەك ئەکا لەعەنبەر خان تابەو بیانووەوە بیبینێ، عەنبەر خان کە ئاوو دۆکەی ئەداتە دەست پێی ئەڵێ ( فەرموو خاڵۆ!) ئەمیش بەو مناسەبەتەوە ئەم دوو شیعرە ئەڵێ.) واتە پێی ناخۆش بووە کە پێی ووتووە خاڵۆ.

بەبیرو بڕوای من مناسەبەکەی ع.م لەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە نەیهێناوە ، لە مەفهووم و ناوەڕۆکی دوو بەیتەکەوە دای ڕشتووە .

ئەگەر بڕوانینە ئەزاکەت و ئەزاهەتی مەولەوی ئەئەم دوو بەیتە و ئەپێنج بەیتی ( ئەئامینگەری... ئارۆ.. تاد) ل: ٤٤٤ هیچ پەیوەندیان بەسروشتی پاك و بێگەردی مەولەوی یەوە نییە، هەموو سەرپاکی دیوانەکەی و هەموو هۆنراوە ئاینییەکانی بگەڕێی نموونەیەکی وا هەڵماڵراو وەمەکشوف نەهاتووە بەنووکی خامەکەیدا، وەلەلایەکی کەشەوە بەعورفی کوردەواری مەرج نییە وشەی (خاڵۆ-خاڵە) بۆ پیاوی پیر وە یا بۆ بێگانە بەکار بهێنرێت، زۆرجار بۆ کوڕی گەنج و منالْ .. بەمانای تەحبیب و خۆشەویستی بەزاردا تێ ئەپەڕێت.

لەڕوونکردنەوەکەی (ع.م) دا تەعبیرێکیبە ڕێزیان سەرنجم ڕائەکێشێ ، ئەم زاتە بۆ یەکەمین جارە لەجیاتی وشەی عەنبەرخاتوون وشەی عەنبەرخان بەکار بێنێ و بینووسێت.

دەربارەی ئەم دوو ئەدەبە مەکشوفە لەو دوو پارچەیەدا مامۆستا ئیبراهیمی ستوودەی کوردستانی لە دیدارێکدا ئەوەی دا بەگوێمدا کەئەم دوو پارچەیە -هەرچەند لەیەکێکیاندا وشەی مەعدووم هاتووە- لەوە ناچێت لەقەریحەی مەولەوییەوە هەڵقوڵابێت.

خاڵۆ دەم وەبان خالآنت ماڵۆ
شەرت بۆ من جەداخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ
وێم کەروو وەکوڕ چوارده ساڵەی تۆ

خاڵۆ لێو وەبان خالانتا ماڵۆ
شەرتە لەداخی خاڵۆ خاڵۆی تۆ
خۆم بکەم بەکوڕەکەی چواردەساڵەی نۆ

**هەورامی ( ٣٨٩ )**

خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وەرا بۆ بەر شۆ عوسرەتم
فەڵەك وەبەختم مەکەس مکیانۆ
وەراکەی رەحمەت هەمدیس مڕیانۆ

**سۆرانی ( ٣٨٩ )**

دەمێکە خولیای زاکەی زەحمەتم
بەڵکو بەڕێ بێ لاچێ خەفەتم
گەردوون لەبەختم دێنێ مەگەزێ
ئەنیشێتەوەو ڕێ ئەکا بەزێ

**هەورامی( ٣٩٠ )**

یار وەفا دار شەرت و بەین بێ شۆ
چون نور دیدەی مەعدوومی مەبۆ [١]
وەختێ بەندەی وێش بێ حاڵ وەچەم دی
ئەسرین وەچەمدا ڕێزاو پەشێو بی [٢]

**سۆرانی ( ٣٩٠ )**

یارێ کەوەفای پڕ بەرویووم بێ
دەبێ وەك نووری دیدەی مەعدووم بێ
کەبەندەی خۆی دی پەست و پەسێو بوو
ئەشکی بەچاودا ڕێژاو پەشێو بوو

**هەورامی( ٣٩١ )**

خاك وەدەس زۆر زنجیرم کەردەن
یاد هام ڕازان جەیادم بەردەن [١]
هاو قەد خاك وسەنگ وەجەستەم بارەن
ئەراگەی جواب ئەجای گفتارەن

**سۆرانی( ٣٩١ )**

خاك بەدەستی زۆرزنجیری کردم
یادی یارانی والەبیر بردم
قورسی بەردو گڵ والەمن بارە
ئەڕێی وەڵامە، ئەجێی گفتارە

---

بەڵگەیەکی کەش بۆ ڕاوبۆچونەکەی من ئەوەیە ئەم دوو پارچەیە لەدیوانەکەی میرزا یەحیای کوردستانیدا نییە، کە کۆنترین نوسخەی دیوانی مەولەوی یە.

(١- ٢) یارێ کە خاوەن وەفا بێ وەکو دیدەی مەعدوومە، ئەم یارە کەمنی بەندەی خۆی دی بەپەرێشانی لەحەسرەتدا ئەوەندە فرمێسکی سوێرو گەرمی هەڵڕشت خێرا پەشێوو نا بینا بوو .

(١- ٢) وەڵامێ دۆستێکە گلەیی لێ ئەکا کەناچێ بۆ لای،مەولەویش وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێ: خاك بەدەستی زۆر کۆتی کردووم، ئەوەتە خاك و بەرد بەقەدەر باڵای خۆم گیرۆدەی کردووم، لەبەر ئەوە یادی یارانمە لەبیر بردۆتەوە، ئەڕێگەی وەڵامم هەیەو ئەکاتم هەیە بۆوەڵام دانەوەی . مەولەوی خۆی شوبهاندووە بەئینسانی مردوو. سەیری ع.م بکە.

**هەورامی( ٣٩٢ )**

ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردن [1]

گۆیا خەلاّ صیت وەدلّ ئاوەردەن [2]

ئەی پەی تۆنەبۆخالۆکەی گیانی!

چەند بۆ پرووز بۆتۆ هەربمانی [3]

**هەورامی( ٣٩٣ )**

بالآی ئالآی شەنگ سەدبەلآی پێوەن

دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن

دلّ مەدۆ وەدەم نێش نێشەوە

بی وەقەزای سەخت دیدەی وێشەوە

**سۆرانی( ٣٩٢ )**

ئارەزووی مەرگی خۆتت خواستبوو

گوایە رزگاریت بەدلّ ویستبوو

خالۆکەی گیانی ! نەبیّ و نەیبینی

چەن بۆ کرووز بیّ تۆ هەربمێنیّ

**سۆرانی ( ٣٩٣ )**

بالآی ئالآی شەنگ سەد بەلآی هانی،

شێوانی شادی دەردە دارانی [1]

دلّ ئەدا بەدەم نێش ونۆیەوە

بووبە قەزای سەخت دیرەی خۆیەوە

---

[1] گ: وەلاّمی مەعدووم بۆ خالّۆی کۆماسی. وەئەمەش دەقی نامەکەی خالّۆی کۆماسی یە(ع.م) ئاماژەی نەکردووە بۆ مناسەبەکەی:

ئەر بۆ پرووزیّ وەمەلالّەوە

یاوا وەلای تۆ وشەمالّەوە

ئانە بۆ پرووز سفتەیجەرگمەن

مەعلوومەن –مەعدووم! وادەی مەرگمەن).

(٢- ٣) واتە ئارەزووی مردنی خۆت کردبوو ، بەلاّم خالّۆکەم! یاخوا تۆ هەربمێنی و مردنی نەبینی.

(١- ٢) بە بۆچۆنی من بۆگەنجێکی شۆخ و شەنگ نووسراوە کەلەوپەڕی ئاسکی و نەزاکەتدا بووە، جائەم شۆخە بەهەرهۆیێك بوو بێ پشتی شکاوەو جەستە بێگەردەکەیجارانی نەماوە ، واتە: ئەوشۆخە .. کەخاوەنی سەدبەلاّ بوو، بەو جوانییەی بازاڕی دەردەدارانی شێواندبوو، وەسەدان دلّی ئەدا بەنووکی تیژی خۆشەویستیی خۆیەوە، وەلەئەنجامدا ئەو ئاسکی و جوانییەی نەماو بووبە قەزای سەختی دیدەی خۆیەوەوبازاڕی جوانییەکەی تێك شکا.سەرەتا بەیتی نیوەی یەکەمی بەیتی دووەم بەلای(ع.م) (دلّ) نووسراوە. وەلە(ف)دا بەم شێوەیە هاتووە:(کل) ،وە ع.م ئەفەرموێ :( لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی (دلّ) نووسراوە:(کولّ) واتە کولّ ئەدا) وەلەسەر ئەم کێش و وەزنە خالّۆی کۆماسی وتوویەتی:

ئەو توولّ قامەت قیامەت خێزەن

وەلّگ شاخ شەوق دەردینان رێزەن

تاف صاف ناز زۆر ئاوەردەن یێش

خەمەن چون قامەت خەمبارەکەی وێش

(ع.م) ڕافەی ئەم دوو بەیتەی کردووە. ل:٨٣.

**هەورامی( ٣٩٤ )**

ئاخ پەی خەڵوەتیٚ بریام وەبیٚ خەم [١]
سیوای تۆ دیدەم! کەس نەدیام وەچەم [٢]
دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ؟
کویٚی دیدەبچەم بیٚ مەردم نمارۆ [٣]

**سۆرانی( ٣٩٤ )**

ئاخ بۆخەڵوەتیٚ ئەم بینی بیٚ خەم
کەسم نەدیایی ( سیوا ) ی تۆدیدەم!
دڵ بۆدیدەنی کام خەڵوەت خوازیٚ؟
تویٚی دیدەشم بیٚ مەردوم ناسازیٚ

**هەورامی( ٣٩٥ )**

ئازیز ! وەس بووزەم نەگێجل وەخەم
وەس چون بینایی پەنهان بەرنەچەم
وەختیٚ جەوەصڵیش هەردڵم ریٚش بۆ
مشیٚۆ وەصڵ و فەصڵ فەرقشان چیٚش بۆ؟

**سۆرانی( ٣٩٦ )**

ئازیز بەس بمخەناو خەم و خویٚناو [١]
بەس وەك بینایی پەنهان بەلەچاو [٢]
گەر کاتی وەصلیش دڵ پڕ بیٚ لەخویٚن
نزیکی و دووری کامیان دیٚن بابیٚن

**هەورامی ( ٣٩٧ )**

بکیانە پەیکیٚ وەپارانەوە [١]
پەی کیٚ ؟ پەی مەجنوون بیارانەوە

**سۆرانی( ٣٩٧ )**

بنیٚرە پەیکیٚ بپاڕیٚتەوە
بۆکیٚ . بۆمەجنوون بیگیٚڕیٚتەوە

---

[١] لەژیٚر پەردەی وەیالەڕوانگەی(تصوف)ەوە قسە لەگەڵ خودای گەورە ئەکا.

[٢] خۆزگە بۆخوڵوەتیٚك ئەخوازیٚ کەغەیری خوای گەورەی تیانەبیٚ، واتە بەیەگجاری پەیوەندیم بەهەستییەوە نەئەما.

[٣] (ع.م) ئەفەرمویٚ: وشەی(مەردم) بەمەعنا بیبیلەی چاوە. بەمەرجیٚك لە هیچ فەرهەنگیٚکدا نەهاتووە کەمەردم بەم مەعنایەبیٚ. ئەوەی بەمەعنا بیبیلەی چاوە وشەی(مەردمەك) ەنەك مەردم. کەواتە( مەردم) لەبەیتەکەدا بەمانا(خەڵك) ەوبەس.

[١] دوور نییە کەکاتی کویٚر بوونیدا ئەم دووبەیتەی داڕشتبیٚت.

(٢- ٣) ئەیەویٚ بڵیٚ: ئازیز! ئاشکرایە تۆ بۆمن وەك بینایی چاوانمی، وەبیناییشم جارجاریٚ لەچاو پەنهان وگوم ئەبیٚ، تۆش بەهەمان شیٚوە ئازیزەکەم! لەکاتیٚکدا کەوەصڵ ئاسانە دیار نیت و ئیٚش و نیٚش ئەگەیەنی بەدڵم، کەوات ئەشیٚ فەصڵ ووەصڵ یانزیکی و دووری فەرق و جیاوازییان چی بیٚ. خویٚنەری ئازیز! مەعنای ئەم دوو بەیتە ئاسان نییەو بیری وردی ئەویٚ.

[١] شیٚخی ضیاءالدین لەشیٚخی بهاء الدینی برای ئەتۆریٚ و بەرەومەریوان ئەڕوا، مەولەویش بەمەگەڵیٚ نیگەران ئەبیٚ و بەم دووبەیتە هانی بهاءالدین ئەدا بینیٚریٚ بەدوایدا و بیگیٚڕیٚتەوە، بۆئەوەی باس و خواسیان بەشاراندا نەزڕیٚتەوە.

لەنیٚوان -پەیلیٚ و پەی کیٚ- کەبە ئیملای کۆن بەم شیٚوەیە نووسراوە(پەیکیٚ- پەیکیٚ) جیناس هەیە. سەیری ع.م بکە.

ما يەی بیٚ مەیلیت بشارانەوە
باباست نەشۆ بەشارانەوە

مایەی بیٚ مەیلیت بشاریٚتەوە
لەشاران باستان نەزریٚتەوە

هەورامی ( ٣٩٨ )

تەرسوون ئەربەدمن رەقیب دلْ سەرد
بکەرۆش وەخاك گەردش چە پگەرد
وەخت تەماشای ئەو بەرگوزیدەم
شەمالْ بشانۆ گەردش نەدیدەم

سۆرانی( ٣٩٨ )

نەترسم جەستەی رەقیبی دلْ سەرد
زوو بیکا بەخوَلْ گەردشی چە پگەرد [1]
کاتیٚ تەماشای ئەو هەلْبژاردەم
شەمالْ تۆزەکەی بەریٚ بۆدیدەم [2]

هەورامی( ٣٩٩ )

تادلْ وەتەمای ئەو ترفە ترفەن
( نەحو ) م هەر مەحومن( صەرف ) م بیٚ صەرفەن [1]
موتالەعەی خالْ لەیلم کافییەن
دیدەش کافییەن، بالاْش وافییەن ( ٢ )

سۆرانی ( ٣٩٩ )

تادلْ تەمای بیٚ بەو ترفە ترفە
( نەحو ) م هەر مەحو،( صەرف ) م بیٚ صەرفە
موتالاْی خالْی لەیلام کافییە
بەسمە دیدەی و بالاْی وافییە

هەورامی( ٤٠٠ )

سەرومبان عەین عەینم خەم وەردمن
هوون ون چەشمەی عەین نەعەین سەرکەردمن

سۆرانی( ٤٠٠ )

سەرم تانەژنۆم دانەوانەوە
تافگەی خویٚن هەلْسا لەچاوانەوە [1]

---

(١-٢) لەم دوو بەیتەدا شاعیری نەمر باسی کلۆلْی و کەساسی خۆی ئەکا، کەبەخواست و ئارەزووی خۆی بۆی هەلْنەسوڕیٚ لەگەلْ یارە هەلْبژاردەکەیدا بەخۆشی و ئاسایش ڕۆژگار بەسەر بەریٚت. واتە : ئەگەر بیٚتو سوڕی گەردوونی چەپگەرد جەستەی ڕەقیبی بەدکارو دلْ ڕەق بکا بەخاك و تۆز، لەوەئەترسم شەمالْ ئەو تۆزو خۆلْە بکا بە چاوماو کویٚرم بکاو ڕوخساری یار نەبینم.

١٦٢ هەورامی

(١- ٢ ) لای ع.م بەلایتی یەکەم لەتاکە کاندایە ، لای ف و گ هەردوو بەیتەکە پیٚکەوەنوو سراون ئەحمەدپرسی واتە ع.م :(( واتە تادلْ بەتەمای شەو ق و بریسکەی روخساری ياربیٚ ، نەکەلْك لەخویٚندی عیلمی صەرفم قازانجی ئەبیٚ .)). موتالاْی خالْی لەیلم کافییەو دیدەو بالاْکەشی بەسە بۆ من ، واتە ئیتر چیمە لە عیلمی صەرف و مەحو ؟.

٤٠٠سۆرانی

(١-٢) واتە بەهۆی زۆریی خەم و مەینەتەوەهیٚندە چاوم بیٚ نوور بووەو رۆشناییيان تیانەماوە، هەموو کاتی ژیانم وەك تاریکە شەوە ، خەریکە هەشت رکاتەکەی نیوەڕۆو عەسرم نەکەم ، چونکە ئەم دوو نویٚژە کەوتوونەتە رۆژو منیش رۆژم نەماوەو لەتاریکیدا ئەژیم .

یەند دەردو ئاهم عەین کەردەن بیٚ نوور
وەختەن هەشت کەم بۆ نە پە نجەی مەشهوور

بەدەردو بەخەم هیٚندە چاو بیٚ نوور
وەختە هەشت کەم بیٚ لە پیٚنجی مەشهوور [٢]

**هەورامی( ٤٠١ )**

گێج ئالاٌنیی هابە دۆشەوە
وەقولاب چەنگ ئاهیر نۆشەوە [١]
دوو ئەبرۆی سیای موژان چرِیدە
ئەرای بەندەکیش قەترانی دیدە [٢]

**سۆرانی ( ٤٠١ )**

بەسەر شانیەوە ئەلقەی ماری سرِ
چون چەوتی قولاٌ پی کوورەی پرِ لەگرِ
بۆ برۆی رەشی پرِو چرِی خۆی
قەترانی دیدەم بووە بەندە بۆی

**هەورامی ( ٤٠٢ )**

گەرمی کوورەی مەیل قەیس چۆلٌ گەردەن
تەء ئێر ئەتۆی دلٌ لەیلیٚ ئاوەردەن [١]
بەدلٌ لەتاو رەقیب وەدەرد مەشهوورەن
وەرنە دەردو لەیل هەی ئەیەك دوورەن [٢]

**سۆرانی( ٤٠٢ )**

( قەیس ) ی چیای چۆلٌ بەکوورەی مەیلی
کاری کردۆتە سەر دلٌی لەیلی
لەترسی رەقیب بەدەرد مەشهوورەن
ئەینا لە لەیلیٚ ئەو دەردە دوورە

---

٤٠١هەورامی

(١-٢) زوولٌفی چوانرووە بەماری رەشی سرِی لەخۆ ئالاٌو . قولاپی چەنگ: قولاپی خواری نووك تیژ ، واتە ئەو زولٌفەی وەك و قولاپی سوورەوە بووی ئاو کوورەی ئاگرگیر کردووە لەجەرگ و دلٌ . وە برۆی رەشی برژانگی چرِو پرِی لەرەشیدا گەیشتۆتە رادەیٚك چاوەرە شە قە ترانییەکی بووە بەبەندەو خزمەتکاری .

٤٠٢هەورامی

(١-٢) وات گەرمیی کوورەی مەیلی مەجنوونە کاری کردۆتە سەر دلٌلەیلیٚ ، لەتر سی رەقیبی بەد کارە ئەلٌیٚ ئەمە دەردو پەتایە، ئەگینا لێم روونە لەیلیٚ و دەردو پەتا زۆر لەیەك دوورن . ئەم دوو بەیتە وەلاٌمە بۆ نامەیەکی ئەحمەد پرسی بەهۆی نەخۆش بوونی (لەیلیٚ)ی خوشکیەوە . ئەمەش دەقی دوو بەیتەکەی پرسی یە: لەیلیٚ شیفای زام مەجنوون بەختانەن شیرینیش دەوای فەرهاد رەختانەك حەیف نییەن فەلٌەك ! چەواشەی چەپگەردا شیفا وەئازار ، دەوایی وە دەرد.

**هەورامی( ٤٠٣ )**

وەسەن ئەی مەخصەلْ دەور دیدەی مەس( ١ )
ئەی ئاماو لوا سەد قەزا پێشەن
ئارەزووت دڵ بی هەوەلْ جارت بەرد
هەنی گیانەکەم ! مەگڵە بت چیشەن

**سۆرانی( ٤٠٣ )**

بەس بێ ئارایش دەور دیدەی مەس
ئەم هات و چوونە بێ بەڵا نییە
گەر دڵمت ئەوێ هەر زوو بردووتە
ئیتر گیانەکەم ! نیازت چییە

**هەورامی ( ٤٠٤ )**

وەختێ چەم نەچەم شیوەن دیاربی
جەلام فەصلْ ووەصلْ بەزم ئەغیاربی
نیسە لێلایی گرتەن دوو دیدە
خەڵوەتەن سابۆ ئەی بەر گوزیدە!

**سۆرانی( ٤٠٤ )**

کاتێ چاو لەچاو شێوەت دیاربوو [1]
فەصلْ و وەصڵت لام بەزمی ئەغیاربوو
ئێستا لێڵایی گرتوویە دیدەم
خەڵوەتە سابێ ئەی بەر گوزیدەم [2]

**هەورامی( ٤٠٥ )**

هاڵ بەد هاڵ ، بەدەن هاڵی وهەواڵە
یانێ هانی چون سەنگ قوللەی ( قەزاڵە ) [1]

**سۆرانی( ٤٠٥ )**

بەد حاڵم ، جەستەم خاڵی وبەتاڵە
هەروەکو بەردی قوللەی ( قەزاڵە )

---

٤٠٣ هەورامی

[1] لەهەندێ نوسخەدا بەگومانم نوسخەی (ف) یە ئەمە نووسراوە: ((مەولەوی لەوەڵامی مەلا قاسمدا .)) وەلەشو ێکی تردا ئێو سراوە :((ئەم دوو بەیتەی خوارەوە لەلایەن مەلا ڕەسوڵەوە نووسراوە بۆ مەولەوی ، واتە ئەم دووبەیتە لەلایەن مەولەوەییەو وەڵامە بۆ مەلا رەسولْ . ئەمەش دوو بەیتەکەی مەلا ڕەسووڵە :

دەستەی ئایرین وەردای نەگیانم
قیبلەم! ئامانەن سەبەب نەچێشەن
دڵ هابی وەگەرد شەماڵ بەرد پەی هەرد
ڕێزەی مەیل تۆ هێمای هەرتێشەن

محمەد عەلی قەراداغی (سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٦٠و٢٦١) لێرەدا لێکۆڵینەوەیەکی وردی هەیە، سەیری بکە.

٤٠٤سۆرانی(١- ٢) ع.م (ئەم دوو بەیتە لەکاتی کوێریدا بۆ شێخ بەهادینی نوسیووە. واتە کاتێك کەچاوم هەبوو شێوەت لەناو چاوما دەرئەکەوت، لەبەر ئەوە خۆشیی کاتی بەتۆ گەیشتن بۆ بێگانە بوو کەشێوەتە، چونکە لەجیاتی ئەوەی من بیبینم وێنەکەت کەلەناوچاوما بوو ئەی بینیت، وەئەکەوتە نێوانمان و ئەی ئەهێش هەردوکمان بەتەنها ڕابوێرین)

| | |
|---|---|
| موارو واران خەمان پێشدا | وەك باران خەمان پیادێتە خوارێ |
| هالای سەدای دەنگ تۆ هاتێشدا | هێشتا دەنگی تۆی لێوە دێ جارێ |
| **هەورامی( ٤٠٦ )** | **سۆرانی ( ٤٠٦ )** |
| نوورنەفشانیش کەرد وەدەشت ودەردا | نووری پەخش کرد بەدەشت ودەردا |
| مدرا وەڕاوەر وەراگوزەردا [١] | بەرانبەر وەستا لەراگوزەردا |
| وات نماوە ختەن شای جەمین جامان! | وتی وانوێژە شای ئەو ئەمامان |
| واتم : بەڵێ خۆر وەقیبلە ئامان [٢] | وتم بەڵێ خۆر گەیشتەسەرمان |
| **هەورامی( ٤٠٧ )** | **سۆرانی ( ٤٠٧ )** |
| تۆ تۆی دەروونم بگێڵە پێشدا | توێ توێی دەروونم بگەڕێی پیایدا |
| ئەر تۆدیت تۆیێ غەیرەز تۆ تێشدا [١] | گەر تۆ دیت توێی غەیری تۆی تیادا |
| ئازیز ! مازوو وەباوەرش وەبەر | ئازیز ! پێم خۆشە لەتەن دەری کەی |
| وەمەودای موژە پارە پارەش کەر | بەبرژانگی تیژ نەشتەرگەری کەی |
| **هەورامی ( ٤٠٨ )** | **سۆرانی( ٤٠٨ )** |
| بێساران ماوا! پاشای بەحرو بەڕ [١] | بێساران ماوا! پاشای وشك و تەڕ |

---

٤٠٥ هەورامی (١ – ٢) ع.م (هاڵ: حاڵ. هاڵی: خاڵی. هالای:هێشتا. واتە: حاڵم بەدحاڵە لەشم چۆڵ و هۆڵە هێزی تیا نەماوە وە وەك بەردی قوڵلەی قەزاڵەبارانی خەمی لێ ئەبارێ، کەچی هێشتا دەنگ دانەوەی دەنگی تۆی لێ نەبڕاوە)

٤٠٦ هەورامی (١– ٢) مدرا: ڕاوەستا.وەراوەر: بەرامبەر، بەرانبەر. جەمین جامان: ئەوانەی کەناوچەوانیان وەکو ئاوێنەی بێگەردە، نما: نوێژ. واتە: لەدوورەوەهات نووری بەهەموو دەشت و دەرا پەخش کرد، کەگەیشتە بەرانبەرم راوەستام و پێی ووتم: وەختی نوێژە منیش وتم بەڵێ ڕاستە چونکە خۆر هاتۆتە قیبلەمان.

٤٠٧هەورامی (١—٢) مامۆستا (عبدالرقیب) ی بەڕێز لە گۆڤاری نووسەری کوردا، ژمارە٢ خولی٢، ساڵی١٩٧٩ئەم دووبەیتەی بڵاوەکردۆتەوە. لەدیوانەکەی(ع.م) دانییە. ئەم دوو بەیتەی بۆ ئازیزێکی نووسیوە، لەوانەیە مەبەستی لەو ئازیزەی –لەڕوانگەی (تصوف)ەوە– خوای گەورە بێ. واتە ئازیزەکەم بگەڕێ بەهەموو توێ توێی دەروون و دڵم دا، ئەگەر غەیری تۆی تیابوو، ئەوە من ڕازیم دەری بێنی و بەنووکی تیژی برژانگەکانت ئەنجن ئەنجن وپارچە پارچەی کەی.

٤٠٨ هەورامی (١) پیاوێکی قەڵخانی دوو ژنی ئەبێ نەزۆکی ئەبێ لەگەڵ دووژنەکەیدا ئەڕۆن بۆلای مەولەوی، بەڵکو بەدۆعاو نزای ئەو خوای گەورە کوڕیان بداتێ. مەولەویش ئەو دوو ژن وپیاوە ئەنێرێ بۆ مەزارو

ئاماپەی یانەت یەکانەو دوو دمڕ [٢]
جەدموری یانەت مەکەران هۆڵە
پێشان کەرمم کەجفتێ پارکۆڵە

هاتنە بەرقاپیت یەکانەو دوو دمڕ
ئەکەن لەدەوری بارەگات هۆڵە
پیان کەرمم کە جووتێ پار کۆڵە

**هەورامی( ٤٠٩ )**

دووکەڵ قلیان خۆش ئەفەسێوەن
ئەڵقەش وەچەشنی زوڵفی کەسێوەن
وەختێ بەر مەیۆ مە مەدرۆ خەیلێ
ئەڵقەش مە پێکۆ چون زوڵف لەیلێ

**سۆرانی ( ٤٠٩ )**

دووکەڵی سەبیل خۆش ئەفەسێکە
ئەڵقەی بەوێنەی زوڵفی کەسێکە
وەختێ هەڵ ئەچێ لوول ئەخوا خەیلێ
ئەڵقە ئەبەستێ وەك زوڵفی لەیلێ

**هەورامی( ٤١٠ )**

مەنزڵگەی دیدەم ئاو پاشی کەردەن
چەشمەنداز بەرز بێ تۆزو گەردەن [١]
شێوەن بابەیۆ ئەر مەیلش بارۆ
بەڵام بۆ یەرۆ ئەربەد بو یارۆ [٢]

**سۆرانی( ٤١٠ )**

مەنزڵگەی دیدەم ئاورشێن ( کەردە )
جێی چاو هەڵدانە بەرز بێگەردە
بابێ شێوەکەت گەر مەیلی هەبێ
بابە جێی بێڵێ گەردلگیر ئەبێ

**هەورامی( ٤١١ )**

من کەدڵ دایم ئەوا وەیلەمەن [١]
غەرق موتالای خاڵ لەیلەمەن [٢]

**سۆرانی( ٤١١ )**

من کەدڵ دایم لەواوەیلا بێ
نوقمی موتالای خاڵی لەیلا بێ

---

خەونگەی پاکی بێسارانی، بۆئەوەی بەرەکەتی ئەو نیازەکەیان بێتە دی. بەڵام هۆی ناردنەکەیان بۆ گۆڕی بێسارانی ئەدیارە.

٤٠٨هەورامی (٢) یەکانە: بەرازی نێر.دڕە: بەرازی مێ. هۆڵە:گێرە. پارکۆڵە: بێچوی بەراز.

ئەم دو بەیتە لەجەنابی سەییدعبدالرحمانی کوڕەزازای مەولەویم وەرگرت.

٤١٠ هەورامی (١-٢) چەشمەندان: جێگای بەرز. شێوەت، ف: تەشریفت. بارۆ: هەندێ نوسخە: دارۆ.

واتە: وێنەکەت ئەگەر مەیلی هەیە بابێ بۆ ئەو مەنزڵگەیە، وەئەگەر بەدڵی ئەبوو بەجیێ بێڵێ.

[١] گ: مەعدووم لەوەڵامی مەلا قاسمدا

٤١١ هەورامی (٢-٣) واتە: دڵ کەهەمیشە لەگریان و شین و واوەیلا دا بێ وەسەرو مڕو بێ پشوو نوقمی مەوتالای خاڵی لەیلا بێ چ باکێکم هەیە لەو تانەو تەشەرانەی کەبەرد ئەتوێننەوە، یاکەی شەوقی تەماشای کتێب و بەیاضمە.

(بەیاض) ئەو کەشکۆڵەیە کەشیعریان تیادا نووسیوەو پیان وتووە: بەیاض).

چ باك تانەی تەوەن تاومەن؟
شەوت موتالای رووی كتاومەن

چ باك لەتانەی بەد نیازا نمە
شەوقی تەماشای رووی (بەیا ض ) ا نمە

**هەورامی (٤١٢)**

هیجرانت جەتەرم باد وەیشوومی [1]
یەكایەك ئەوراق جەسەی مەعدوومی
كەرد وەفەرش رای گوزەرگای یاران
بەرد پەی پای هەردان ساراو كۆساران [2]

**سۆرانی(٤١٢)**

دووری وەكو بای سەختی وەیشوومی
یەك یەك گەلای جەستەی مەعدوومی
كرد بەفەرشی رێی گوزەرگای یاران
بردی بۆهەردو ساراو كۆساران

**هەورامی(٤١٣)**

هەرچی دیت وەچەم شی وەسەفەردا
هەرچی موینی هانە گوزەردا [1]
كەس حالّی نەبی وەهیچ نەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد ئەم پەی چێش ئاما؟

**سۆرانی(٤١٣)**

هەرچیت دی بەچاو چوو بەسەفەردا
هەرچی ئەبینی لەرێ گوزەردا
كەس حالّی نەبوو هیچی نەزانی
ئەو بۆ رۆیشت و ئەم بۆرووی هانی؟

**هەورامی(٤١٤)**

هەقت وەدەسەن كار وەدەس ئاسان!
نەكێشانت جەور موژەی خالّ خاسان

**سۆرانی(٤١٤)**

تۆ هەق بەدەستی كار بەدەست ئاسان !
نەتد یوە سزای موژەی خالّ خاسان [1]

---

٤١٢هەورامی (١-٢)مەولەوی لەش و جەستەی خۆی چواندووە بەدرەخت و ئەلّێ: دووریت وەكو بای سارد و شووم دای لەدرەختی جەستەی مەعدوومی، هەرچی گەلای پێوە بو وەراندی و كردی بەفەرشی ڕێگای هاتووچۆی یاران و لەدامێنی هەردەكان و كۆساراندا بلاوی كردەوە.

٤١٣ هەورامی (١-٢)ع.م : (واتە: هەركەست لەمەوپێش دیووە ئەم دنیایەی بەجی هێشتووە. وەهەرچی ئێستاش ئەیبینی بەڕێوەیە بەجێی بهێلّێ، كەسیش حالّی نەبوەو تێ نەگەیشتووە ئەو بۆچی مردوو ئەم بۆچی لەدایك بوو؟).
بەزاراوەی(تصوف) بەم وتەیە ئەوترێت (شطحات الاولیاء) .باوەڕناكەم مەولەوی لەم قسەیەدا پێڕەوی عومەری خیامی كردبێ.
٤١٤ هەورامی (١-٢)خالّخاسان: ئەو مەحبووب و شۆخ و شەنگانەن كەخالّەكانیان بۆتە نەقش و نیگاری ڕوخسارو ڕوویان. مەولەوی لەڕوانگەی (تصوف) ەوە ڕووی وتەی ئەكاتە خوای گەورە و ئەلّێ: ئەی كار بەدەست ئاسان! تۆ كار بەدەستیت ئەگەر بلّێی من جەوری موژەی خالّخالانم نەكێشاوە ڕاستە، چونكە هیچ شتێكی غەیری خۆت تۆدا كاریگەری نییە وەكو ئێمە تەئسیرت تێ بكات، بەلام جوانی جەمالی بێ سنوری تۆ لەئێمەدا كاریگەرە، ئێمە گیرۆدەی جەوری موژەی تۆین و لەتۆدا تواوینەوە،

ئەو دۆزەخ چێشەن ؟ عەزابش چەکۆن
دۆزەخ هەر دۆزەخ دووریی باڵای تۆن

کامەیە دۆزەخ سزای چ کاتە
دۆزەخ دۆزەخی دووری باڵاتە

**هەورامی ( ٤١٥ )**

هیچ کەس نەواچۆ وەفەرهاد رەندەن
نەقش شیرینش جەرووی سەنگ کەندەن
دەك رێزان دەس با وەر جەگیان سەندەن
کێ ئەڵماس نەرووی دیدەی وێش شەندەن

**سۆرانی( ٤١٥ )**

هیچ کەسێ نەڵێ بەفەرهاد رەند
نەقشی شیرینی لەرووی بەرد هەڵکەند
پێش لەگیان سەندن دامرێ کلۆ کۆی
کێ ئەڵماسی دا لەرووی دیدەی خۆی

**هەورامی( ٤١٦ )**

نزول کێشا دەس بەختم نەرای بەد
پای ئەدەب نەرای عەدەد کەردم رەد [1]
ناگا وەفریب پشت پادا لێم
من وست وەگێجاو قەلەندەری وێم [2]

**سۆرانی( ٤١٦ )**

بۆخرا پکاری بردمی ئارەزوو
تاوانەکانم لەژمارە دەرچوو
خەڵە تام بۆنەو من بەنادانی
بەفێڵ هەڵیدام بۆسەرگەردانی

**هەورامی( ٤١٧ )**

ئەتۆی حەڵقەی زوڵف دڵەی شێت وێت
شەرتش کەرد هەنی دڵ نەدەرۆ پێت
وەختێ شۆڵەی رووت ناگا دادیار

**سۆرانی( ٤١٧ )**

لەتوێی حەڵقەی زوڵف دڵەی شێت وویت
شەرتی کرد ئیتر دڵی نەدا پێت [1]
کاتی تیشکی رووت لە پڕ دای دیار

---

کەواتە دۆزەخی دووریی باڵای تۆ دۆزەخی ئێمەیە،ئەم دوو بەیتە و دوو بەیتی دوایی( هیچ کەس نەواچۆ) لەگەڵ دوو بەیتی(گیج ئالانی..) لەدەستنووسەکەی (ع.م) دا بریتی بوون لەیەك پارچە، لەبەر ئەوە پێکەوە نەگونجاون، کردوونی بەسێ پارچەوە.

لەهەندێ نوسخەدا دیومە نوسراوە ئەم دوو بەیتە ( هیچ کەنەواچۆ) شیعری قوبادییە.

٤١٦ هەورامی (١-٢) ع .م :(نزول: کزی . واتە: بەدبەختی دەستی بەدبەختی بەرێگای خراپەدا ڕاکێشا، وەپێی ئەدەبم لەرێگای ژمارەلای دا. مەبەستی ئەوەیە کردەوەی بێ ئەدەبانەم لەژمارە دەرچوو) بەلای منەوە مەعنای ئەم بەیتە ئاوایە: دەستی بەختم تەنازولی کرد لەوە کەرێگای بەد و خراپەکاری بپێوێ، وەویستی پێی ئەدەبم لەرێ پێوانی خراپەکاریدا لاداو بمگێڕێتەوە بۆ ڕێگای چاکە و چاکسازی ، بەڵام بەختەکەم پاشقولێکی لێدام و خستمیەوە سەر حاڵەتی( لاقید) ی و بەرەڵایی.

٤١٧سۆرانی (١-٢)لەتوێی هەڵقەی زوڵفە لولەکانتا دڵە شێت و وێتەکەم بڕیاری دا جارێکی تر دڵت نەداتێ و لێت دوورکەوێتەوە، بەڵام کەلەپڕ تیشکی ڕوخسارت دەرکەوت و بینی لە ڕاو پەیمانەکەی خۆی پەشیمان بۆوە، وەك مەسەلەیەکی عەرەبی کەئەڵێ:( کلام اللیل یمحوه النهار).

ئەو قسەی شەوبی ، ئێد شۆڵەی ئەهار

ئەو قسەی شەوبوو ، ئەم تیشکی ئەهار

**هەورامی( ٤١٨ )**

ئەتەن یادەکەی ئەو سیمین گەردەن [1]
خەیلێوەن هەرگیان خزمەتش کەردەن
بەڵام ئەی خەسرەت رووی جیاییدا
گومان کەفتەن وەتەنیایدا

**سۆرانی( ٤١٨ )**

لەتە نما یادی گەردەن زیوێکە
خزمەتی ئەکا گیانم دەمێکە
بەڵام بەمتەمەی دەردی جیایی
لام وایە ئەژی ئەو بەتەنیا یی

**هەورامی( ٤١٩ )**

ئەنازك خەیاڵ ئیسە ئەمونشیم [1]
پەردەی مابەین بیم و پەردم من شیم
تەن وەدڵ ،دڵ جان، جان بی وەجانان
مەندەن وەجیلوەی جەرگەی جوانان

**سۆرانی( ٤١٩ )**

ئەناسك خەیاڵ ئەمونشیم
حەلقە وەسڵ بووم، ئەمام و هیچ نیم
تەن بەدڵ ، دڵ گیان، گیانم بە گیانان
ماوە بەجیلوەی کۆڕی جوانان

**هەورامی( ٤٢٠ )**

بڕیا وەباڵای کاڵای ڕەنیسی
( رجال الغیب ) ە ن ئەحمەد پرسی [1]

**سۆرانی( ٤٢٠ )**

بڕا بەباڵای کاڵای ڕە نیسی
( رجال الغیب ) ە ئەحمەد پرسی

**هەورامی( ٤٢١ )**

قوولەی بایە قوش صوب وەهەردەوە
زام کۆنەو نۆم تازە کەردەوە [1]

**سۆرانی( ٤٢١ )**

قوولەی بایە قووش ( صوب ) بەهەردەوە
زام کۆنەو نۆم تازە کردەوە

---

(١)٤١٨ هەورامی/ ئەم دوو بەیتەلای (ع) تەواوکەری دووبەیتی لاپەڕەی(٥٤٢)ی دیوانی عبدالکریمی مودەڕیسە (یار وەفا دار شەرت...)، وەلای (ف) : سەرەتای دوو بەیتی ژمارە(٥) ل: ٣٤٣ ی (ع.م).بەڵام من گوێم نەدا بەم نوسخانە، وەکو ع.م بەجیاجیا نووسینمەوە. واتە: دەمێکە بەگیان خزمەتی ئەکەم، ع.م :(بەڵام لەم حەسرەت وداخی جیا بونەوەی گیانمان لەلەشم، وابزانم تەنیا کەوتووەو کەس نییە خزمەتی بکا.).

(١)٤١٩هەورامی/ وەڵامە بۆ دۆستێك کەمەولەوی نامەیەکی بۆ بنووسێت، کەبەڵکو بەهۆی ئەمەوە ئیشەکەی هەڵسوڕێنێ. مەولەویش – لەبەر هەر هۆیێك ئەبێ– نامەی بۆنانوسێت و بەم دوو بەیتە وەڵامی ئەداتەوە. بڕوانە ع.م .

(١) ٤٢٠ هەورامی / ئەحمەد پریسی و مەولەوی دۆستایەتیان زۆر بەهێز بووە، زۆرجار نامەیان – بەشیعر– بۆیەکتری نوسیوە. هەردووکیان مەنسووبی شێخ عوسمانی تەوێڵە بوون، پریس گوندێکە کەوتۆتە ڕۆژئاوای هەڵەبجەوە. سەیری ع.م بکە بۆ مەعنای(رجال الغیب).

**هەورامی( ٤٢٢ )**

خاست فەرماوان ئەر بابەکەی خەم ! [1]

ساکن ئەگۆشەی باڵە خانەی چەم!

**سۆرانی( ٤٢٢ )**

فەرموودەت ڕاستە ئەربابەکەی خەم!

دانیشتووی گۆشەی باڵەخانەی چەم

**هەورامی( ٤٢٣ )**

خەرمان خەمان هاوەکەل باوە

شەنگەر یەکێ کە دووشەن وەلاوە [1]

**سۆرانی( ٤٢٣ )**

خەرمانی خەمان بەلووتکەی باوە

شەن کەر یەکێکەو دووشەن بەلاوە

**هەورامی( ٤٢٤ )**

گەرزەرەی شعوور هەیە پێتەوە

کەوتیان خودا ئەبڕێتەوە [1]

**سۆرانی( ٤٢٤ )**

گەر تۆزێ شعوور هەیە پێتەوە

کەوتیان خودا ئەبڕێتەوە

---

[1] ٤٢١ هەورامی / بایە قوش : فەرهەنگی خاڵ: جۆرە باڵندەیەکە لەکوندەبەبوو ئەچێت. وەئەڵێن مەلێکی شوومە، لەهەر شو ێکدا بخوێنێ ئەو شوێنە کاول وێران ئەبێ، کەواتە بە خوێندنی ئەم باڵندەیە شوێنەواری یاران چۆڵ بووە، بۆیە زامی کۆن و نوێمی تازەکردەوە.

[1] ٤٢٢ هەورامی /(ف) : لەلایەن مەولەوی یەوە ئەم تاکە بەیتە وەڵامە بۆ مەهچهرەخانمی خێزانی والی سنە. وەئەمەش دەقی تاکە بەیتەکەی مەهچیهرە خانمە:

هەرکاتێك زانا چەم دا وەهەمدا.

باڵە خانەی چەم داوەرووی چەمدا

لای ع.م ژنەکە ناوی زیبا خانمە. مەعنابەیتەکەی مەهچیهرەخانم وەیا زیبا خانم: کاتێك زانی لافاو هەستا و باڵەخانەکەی ئێمە-کەلەسەر ڕووبارەکەیە- تێکی داو بردی. وەیا کاتێك زانی خوای گەورە باڵەخانەی چاوی ئێمەی تێکداو بردینی بۆسارای عەدەم. مەولەویش لەوەڵامەکەیدا ئەڵێ جوانە فەرموودەکەت..

بەڵام وەڵامەکەی مەولەوی بەتەنیا ئەم تاکە بەیتە نییەو هی تری لەگەڵە و تەنیا ئەم بەیتەی ماوە.

[1] ٤٢٣ هەورامی / ع.م :( مەبەس لە( خەرمانی خەمان) ڕووی یارە کەخڕە وەك خەرمان، وەلەجوانیدا بووە بەمایەی خەفەتی دڵدارانن وەمەبەس لە (کەڵ با) گەردنی بەرزی یارە کەهەمیشە شەماڵ ئەیگرێتەوە وەمەبەس لە( شەنکەر بای شەماڵە کەزوڵفەکانی تێك ئەدا، وەلە (دووشەن) زوڵفەکانیەتی کەبای شەماڵ هەڵیان ئەسوڕێنێ. واتە بای شەماڵ زوڵفە یار ئەجوڵێنێ و ڕووی ڕوناکی دەرئەخاو لەوەوە خەم خەفەت بڵاوئەکاتەوە بەسەر دڵداراندا. )

[1] ٤٢٤ هەورامی / ئەم بەیتە لە عەقیدە مرضییە کەیدا هەیە.

هەورامی( ٤٢٥ )

سەنگی سەنگ و خاکی نەسەر دۆشم بۆ
مەر ئەو سا مەیلت فەرا مۆ شم بۆ [1]

سۆرانی( ٤٢٥ )

قورسی بەردو گڵ خەفەم کا مەگەر
ئەوسا مەیلەکەت خامۆشکەم لەسەر

هەورامی ( ٤٢٦ )

سفیدم ئاوەردم، سیا یم پیٚ ڕەشت
هەفتم کەردەوە روو نیام نەهەشت [1]

سۆرانی( ٤٢٦ )

سفیدم هێنا سیایم پیٚ ( رەشت )
حەوتم کردەوە گرێم دا لەهەشت

هەورامی( ٤٢٧ )

سازش نەمابەین ئارو پووش کەمەن
وەرنەهانامەن نەفەس یەك دەمەن [1]

سۆرانی( ٤٢٧ )

جەمعی ئاگرو پووش مەحاڵە ئەمە
ئەینا هانامەنەفەس یەك دەمە

هەورامی( ٤٢٨ )

ئەر گەڤەی گەماڵ کوردە ماڵ بێلیٚ
های لەزەت ئەومی خاڵۆ لەدێلیٚ [1]

سۆرانی( ٤٢٨ )

گەرڤەی گەماڵ کوردە ماڵ بێلیٚ
هالەزەت ئەبەی خاڵۆ !لەدێلیٚ

هەورامی( ٤٢٩ )

دیسان دەس چەرخ هەم هانەکاردا
تای تانتەی دووریش وەستەن وەداردا [1]

سۆرانی( ٤٢٩ )

دیسان دەستی چەرخ هەروا لەکاردا
بەستی تان و پۆی دووری بەداردا

---

[1] ٤٢٥ هەورامی / واتە : مەگەر کاتێك تۆ فەرامۆش بکەم کەلە گۆڕدا قورسی بەردوگڵ لەسەر شان و جەستەم بی. واتە هەتا لە ژیاندایم فەرامۆشت ناکەم.

[1] ٤٢٦ هەورامی /ع . م: ((واتە رەنگی سپیم هێناو مووە رەشەکانی خۆمم پیٚ سپی کردو دەرگای گرێی حەوتەمی عومرم کردەوەو رووم کردە گرێی هەشتەم. )). واتە لەم کاتەیدا مەولەویی خوا لێخۆشبوو تەمەنی گەشتۆتە (٨٠)ساڵی.

[1] ٤٢٧ هەورامی / لەو رۆژو کاتەدا یان بەخەیاڵ ، وەیا بەواقیع ئاگرێکی فیتنە ئەنگێز پەیدا دەبیٚ ، وەبەمەولەوی ئەوترێت فووێیك لەم ئاگرە بکاو بکوژێنتەوە . واتە صوڵحیان بکاو رێکیان خات،ئەویش لەبەر هەر هۆیەك بووبێت نایەویٚ ئەو دەورە ببینیٚ و ئەفەرمویٚ : من بەهۆی گوناهباریمەوە جەستەم تەڕایی تیادا نەماوە، وەك پووشی وشکی بەرهەتاوی لیٚ هاتووە ، لەوە ئەترسم فووی لیٚ بکەم و بەهۆی گەرمی فووەکەم جەستەکەم ئاگر بگریٚ و بسووتیٚ ، ئەگینا فووکردن هەناسەیەنێکە.

[1] ٤٢٨ هەورامی / کوردە ماڵ : کوردی کۆچەری. (دێڵێ) وەکو لەفەرهەنگی خاڵدا هاتووە، گوندێکە لەوبەری سیروان. ئەم بەیتە لەسەید عبدالرحمانی کوڕەزازای مەولەویم وەرگرت. مەولەوی ئەم تاکە بەیتەی نووسیوە بۆ مەلا ی دێڵێ.

**هەورامی( ٤٣٠ )**

دیدمن دیدار غەزالەی ( وەرمن )

چی دما یاران پەریٚ من وەرمن [1]

**سۆرانی( ٤٣٠ )**

دیدەی دیداری ئاسکەکەی ( وەرمن )

لەمەولا یاران بۆ من وەك خەونن

**هەورامی( ٤٣١ )**

دزەکەی زەهاو زاو زۆ کەردمن [1]

هەردزێ پەی ویٚش حەو دز ئاوەردمن

**سۆرانی( ٤٣١ )**

دزەکەی زەهاو کردی زاوزێ

حەو دزی هێنا بۆخۆی هەردزێ

**هەورامی( ٤٣٢ )**

دیدەم ( ریٚژاو ) مو ، روخسارم ( زەردە ) ن

جەداخ ( یاران ) ( پیران ) م کەردمن [1]

**سۆرانی ( ٤٣٢ )**

دیدەم ( ریٚژاو ) ە ( زەردە ) روخسارم

لەداخی ( یاران ) ( پیران ) ەبارم

**هەورامی ( ٤٣٣ )**

دەفتەری لەوحی قەزات لەبەرە

**سۆرانی( ٤٣٣ )**

دەفتەری لەوحی قەزات لەبەرە

---

[1] ٤٢٩ هەورامی /ع.م:( واتە دیسانەوە دەستی گەردوون کەوتۆتەوە کارو ئانی پارچەی دوور خستنەوەی دۆستانی بەستۆتە دارو ئەیەویٚ پۆی بۆبکاو قوماشی لەیەك کردنمان بچنیٚ).

[1] ١٩٥ هەورامی / (وەرمن)ی یەکەم دێیە لەشەمیٚران، (وەرمن)ی دووەم: خەوتن

واتە : جوانی و شەنگی ئاسکەکەی گوندی وەرمن بەشێوەیێك کاری تیٚ کردووم، یارانی دیٚرینەم فەرامۆش کردووەو وەکو خەو دیٚن بەخەیاڵمدا.

[1] ٤٣١ هەورامی / ع.م:( جارێکیان لەدانیشتنێکدا باسی ئەوە ئەکریٚ کەناوچەی زەهاو دزی زۆری تێدایە، مەولەویش بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە ئەڵیٚ)

ئەم بۆچونەی ع.م لەڕاستیەوە دوورەو تیشك ناخاتە سەر مەعنای بەیتەکە.

مامۆستا شێخ محمەد ئەمینی کاردۆخی خوا لیٚی خۆش بیٚت بەم شیٚوەیە مەعنای ئەم بەیتەی لیٚك ئەدایەوە:( لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە زەهاوی ئەکریٚ بەموفتی بەغدا، مەولەوی بەم هەواڵە دڵتەنگ ئەبیٚ. لەم کاتەدا ئەم بەیتە دیٚ بە خەیاڵیدا، واتە زەهاوی نەوەی زۆری خستۆتەوە، وەهەریەکە لەنەوەکانی حەو دزیان پەیدا کردووە). واتە حەوت دەرگای دۆزەخیان لەخۆیان کردۆتەوە. چونکە(افتاوقضا ) زۆرجار ئینسان ڕائەکێشیٚ بۆکردنی کرداری ناڕەوا.

[1] ٤٣٢هەورامی /ریٚژاو: تاڤگە. وەك لەفەرهەنگی خاڵدا هاتووە. ع.م: ( ڕێژاو: فرمیٚسك ڕێژ. پیران: ئەوەتە کەمنداڵ لەئەنجامی گریانی زۆردا لە تك ئەچیٚ و دەنگی دەرنایەت.

واتە: چاوم فرمیٚسك ئەڕیٚژیٚ و ڕەنگم زەرد بووە، وەلەداخی دووری یاران ئەوەندە گریاوم دەنگم دەرنایەت، ئەووشانەی کەلە بەیتەکەدا خراونەتە ناو کەوانەوە ناوی چوار دیٚن لەناوچەی زەهاو . مەولەوی زۆر دڵی بەند بووە بەو دیٚهاتانەوە).

| | |
|---|---|
| خەفەتت جەهلی خاوەن دەفتەرە [1] | خەفەتت جەهلی خاوەن دەفتەرە |
| هەورامی ( ٤٣٤ ) | سۆرانی( ٤٣٤ ) |
| سیاییم ئاوەرد سفید یم پیٚ رەشت | رەشاییم هیٚنا سپیا ییم پیٚ ( رەشت ) |
| هەفتم کەردەوە گریٚم دا لەهەشت [1] | حەوتم کردەوە گریٚم دا لەهەشت |
| هەورامی( ٤٣٥ ) | سۆرانی( ٤٣٥ ) |
| کۆتەرەی داری پیوە دار نییەی | کۆتەرەی داری پووشووی دار نییەی |
| لەبەردو چەخماخ گلەیی ئەکەی [1] | لەبەردو ئەستیٚ گلەیی ئەکەی؟ |
| هەورامی( ٤٣٦ ) | سۆرانی( ٤٣٦ ) |
| یاران! دڵداران ! ئەتۆی دڵداران | یاران! دڵداران! کۆڕی دڵداران |
| بیٚ یاد یاران یاران مەو یاران | بیٚ یادی یاران ، قەد ناژین یاران |
| هەورامی( ٤٣٧ ) | سۆرانی( ٤٣٧ ) |
| ریشیٚ چەنی من ئەیۆوە حضوور | ریشیٚ لەگەڵ من ئەیەتە حضوور |

[1] ٤٣٣هەورامی / ئەم بەیتە لە ڕەو ڕەوەی قەزاو قەدەر ئەدوێت، کە عیلمێکی فراوانە و بەدەیان و سەدان زانایان خۆیان تیادا ماندو کردووە. لەعەقیدە(مرضی)یەکەی خودی مەولەوی دا ئەم بەیتەو چەند بەیتێکی تر هاتووە، ئەم بەیتەی خوارەوە یەکێکە لەوانە:

گرفتاری نەفس ئەممارە خۆتی

شەل و پەت ئەکەی هەی شێتی پەتی !

سەیری شەرحی عەقیدەی مرچییە ی (ع.م) بکە، ل:٧٨٩.

ئەم تەنیا بەیتە لێرەدا –واتە لەبابەتی قەزاو قەدەردا هیچ نادا بەدەستەوە، ئەوەی (ع.م) لەڕاڤەی ئەم بەیتەدا ئەی هێنێتەوە. هیچ مەعنایێك نابەخشێت.

[1] ٤٣٤ هەورامی /ئەم بەیتە پێکهاتووە لەهەورامی و سۆرانی . واتە : ڕەشی گوناھ و تاوانم هێناو دەفتەری پاك ە خاوێنی کردەوەی خۆمم ڕەش کردەوە، بەم بۆنەیەوە حەوت دەرگای دۆزەخم لە خۆم کردەوەو هەشت دەرگای بەهەشتم لەخۆم داخست. پشت بەخوای(ارحم الراحمین) دۆزەخ نابینی و جێگات بەهەشتی بەرینە . انە غفور، رحیم، کریم.

[1] ٤٣٥هەورامی / پیٚوە: پووشوو. پیفك: قاو. چەخماخ: ئەستێ. زۆر کەس هەیە ڕەنج ئەداو زۆر بۆ خواپەرستی تێ ئەکۆشێ، کەچی هیچ ڕۆشنایێك لەدڵیدا سەر هەڵناداو ناچێتە ڕیزی کۆڕی پیاو چاکان ڕۆشن دڵان، مەولەویش ڕوو ئەکاتە ئەو جۆرە کەسانەو ئەفەرموێ: تۆ کۆتەرە دارێکی ڕەق وتەقی و پووشووی ڕەسەنی دار نیت تا ئاگر وەرگریت، ئیتر بۆ گلەیی لەبەردو چەخماخ ئەکەی؟.

ئەم بەیتە لە عەقیدەی مرضییە کەیدا هەیەو وائەزانم لە(تصوف) ئەدوێ.

میۆ بتا شۆش تاوە( نەفخ صوور ) [1]

دەبێ بیتاشم تاکو نەفخی صوور

هەورامی( ٤٣٨ )

نەرۆ ئارامەن ، نەشەو خاوەمەن

چون چەم گل کاران گلا راوەمەن [1]

سۆرانی( ٤٣٨ )

نەرۆژ ئارام و نەشەو خاومە

وەك چاو گل کەران گلاراومە

هەورامی ( ٤٣٩ )

هەرکاتێ زانای کام وەدانەوە

شەو شەیتان مالا وەخەرمانەوە [1]

سۆرانی( ٤٣٩ )

کاتێکت زانی کام بەدانەوە

شەو شەیتان مالی بەخەرمانەوە

هەورامی( ٤٤٠ )

پەنج بییەن وەشەش شەش رووکەرد نە پەنج

حەریر نەمابەین بییەن گەوهەر سەنج [1]

سۆرانی( ٤٤٠ )

پێنجم بوو بەشەش ، شەش رووی کردە پەنج

حەریر لەبەینا بوو بە گەوهەر سەنج

هەورامی( ٤٤١ )

پیری و فەقیری و کەسیفی هەرسێ

نەبۆ وەهیجران بار هیچ کەسێ [1]

سۆرانی( ٤٤١ )

پیری ونەبوونی و کەساسی هەرسێ

نەبنە مەینەتی شانی هیچ کەسێ

---

[1] ٤٣٧ هەورامی /مناسەبەی ئەم بەیتە نادیارە، لەبەر ئەوە مەعناکەی بەڕوونی دەرناکەوێ، لەبواری لێکۆڵینەوەدا مناسبەی دەوری سەرەکی ئەبینێ. بەداخەوە زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی مناسەبەکانیان نازانرێت، ع.م مەعنای ئەم بەیتەی لێکداوەتەوە، بەڵام بەلای منەوە وەیا بەبۆ چونی من تەواو نییە.

[1] ٤٣٨هەورامی / گل کەران: ئەوانە کەچاویان ئەیەشێت. گلاراو: ماخۆلیا، ئەسرەوتوو.

[1] ٤٣٩ هەورامی / دیاردەیەکی شیعری مەولەوی ئەوەیە: هەستێکی کەسی نییە وتایبەت نییە بەخۆیەوە، جا ئەم بەیتەش پێش خودی شاعیری ئەمر بۆ وریا کردنەوەی هەموو موسڵمانانە. واتە باهەموومان وریا بین و ئاگامان لەخۆمان بێت، هەرئەوەندەت زانی شەیتان کاو و دان و خەرمانی بەتالان برد.

[1] ٤٤٠ هەورامی /ع.م :( بەکورتە واتە: .. پێنج پەنجەکەم بەقەڵەمەکەوەبووە بەشەش، وەئەم شەش رووی کردۆتە پێنج پەنجەکەی دەستی چەپم، حەریریش کاغەزەکەیە لەنێوان هەردوو دەستم دا بووە بەگەوهەرێك خەر، مەبەست لەگەوهەر پیت ورستەکانە.).

[1] ٤٤١ هەورامی /هیجران بار: باری مەینەتی، واتە: خوایە ! ئەم سێ دەردەنەبێ بەباری مەینەتی سەشانی هیچ کەسێك. ئەم بەیتە ئەوە ئەگەیەنێ کەمەولەوی هەرسێ دەردەکەی بەخۆیەوە دیوە. وەکو لەپیاوە پیرەکانی تاوگۆزی و دەورروبەریمبیستووە، زۆر کەساس و شپەرزەو پەشێو بووە، بەپێی پێویست خزمەت نەکراوە.

**هەورامی( ٤٤٢ )**

**تاوە زوڵف و رووی تۆ تەماشامەن**

**ئەدای نمای فەرز صوبح عیشامەن** [1]

**سۆرانی( ٤٤٢ )**

**تابە زوڵف و رووی تۆتەماشامە**

**ئەدای دوو نوێژی صوبح وعیشامە**

**هەورامی( ٤٤٣ )**

**دمردە پیرییەن ئامانەن پەرێم**

**بێزارمن جەمن هام فەردان وێم** [1]

**سۆرانی( ٤٤٣ )**

**پیری و دمردانی بۆمن سەربارن**

**بۆیە هاو فەردان لەمن بێزارمن**

**هەورامی( ٤٤٤ )**

**چون شەماڵەی نوور گڕگڕا نمەن**

**پەی پاس ماران زەنگ زڕا نمەن** [1]

**سۆرانی ( ٤٤٤ )**

**وەك گوڵەستێرە جەستەم ئەگرێ**

**بۆ پاسی ماران زەنگم ئەزرێ**

**هەورامی ( ٤٤٥ )**

**لەصەدای ( نەبات ) لەچریکەی ( فەرەج )**

**سۆرانی( ٤٤٥ )**

**لەصەدای ( نەبات ) لەچریکەی ( فەرەج )**

---

[1] ٤٤٢ هەورامی / (ع.م):( ئەدا بەجێ هێنان، نما: نوێژ، واتە تامن خەریکی تەماشای ئەو زوڵفە ڕەشەی تۆو ئەو ڕوخسارە ڕووناکەت بم، ئەبێ هەر خەریکی کردنی نوێژی عیشاو بەیانی بم، چونکە کەسەیری زوڵفت ئەکەم وائەزانم شەوەو ئەبێ نوێژی عیشا بکەم، وەکو سەیری ڕووت ئەکەم وائەزانم ڕۆژ بۆتەوەو ئەبێ نوێژی بەیانی بکەم، وەئیتر نەنوێژێکی ترو نەئیشێکی ترم هیچ پێ ناکرێ).

[1] ٤٤٣ هەورامی /مەولەوی! ئەی تاقانەی ئەدەبی ئەردەڵان و بابان! ئەی بەرزە فڕی کوێستانان و گەرمیان ! ئەی سەر حەڵقەی شەوبێداران و کەمەند لە پشتان..

لەو کاتەدا کەئەم تاکە بەیتەت ووتووە چنگی دڕندەی پیری گازی تیژی چەپکەرد دەردەکانی گیر بوون لەدەمارەکانی لەشە بێگەردەکەت.. بۆیە خزمان و بێگانەو هاوسەرانی دێرینەت گوێت نادەنێ و لێت ناپرسنەوە، عەنبەرخاتوونت لەباوەشی ئەلحەد سەرای گۆڕدایە و ئاگای لە تۆنییە، سۆمای چاوەکانت نەماوەو پەردەی لێڵایی دای پۆشیون، بڕبڕەی پشتت شکاوەو قەڵەمەکەت بێ نازەو بڕشتی جارانی نەماوە، جەستە خاوێنە بێگەردەکەت کەساس و بێ نازە، کوا ئەو دۆستانەت کەچاوت ئەکرد بەفەرشی پایان، دڵت هەمیشە هێلانەی یادو خەیاڵیان بوو.!

ئەم بەیتە لەدیوانەکەی(ع.م) دا نییە.

[1] ٤٤٤هەورامی /شەماڵەی نوور: گوڵەستێرە، گوەستێرە: کرمێکە هاوینان سەر هەڵ ئەدا ، بەتیشك و گڕ ئەدرەوشێتەوە. زەنگ زڕان: زەنگێکە ئەکرێتە ملی بەران، کەمار گوێی لە زڕەکەی بوو، لەترسا ڕائەکا.

مەولەوی خواپەرست گڕی ئاگری لەجەستەی پەیدا بووە، ئنجا زەنگی بیرو هۆش و هوشیاریی ئەزرێتەوە بۆئەوەی بەدکاران و تاوانباران نزیکی نەکەون و زیانی ڕۆحیی پێ نەگەیەنن.

لەسەر مەلاو شێخ نەماوە حەرەج [1]

**هەورامی( ٤٤٦ )**

قسەیێ نەکەم بەرێو جێو وێ

کەلەیلێ نەو و بابە یجێوی [1]

**هەورامی( ٤٤٧ )**

هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە

حساب حەشرەت واوە لامەوە

**هەورامی( ٤٤٨ )**

هەر بەند دڵ لەب ڕێز خەیاڵ خاڵەن

جەخەیاڵ خاڵ ماچی خاڵخا ڵەن

**هەورامی( ٤٤٩ )**

ئازیز: جەدووریت تەن بێ کلاَفە

روح بی وەتەنووین حاڵ ئیسنافە [1]

لەسەر مەلاو شێخ نەماوە حەرەج

**سۆرانی( ٤٤٦ )**

قسەیێ نەکەم بەرێ وبەجێیێ:

کە( لەیلێ ) نەبێ با ( بە یجێ ) بێ

**سۆرانی( ٤٤٧ )**

هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە

حسابی حەشرەت وابەلامەوە

**سۆرانی( ٤٤٨ )**

دڵ لێوان لێوی خاڵە ، خەیاڵە

لەخەیاڵی خاڵ نەلێی خاڵخاڵە

**سۆرانی( ٤٤٩ )**

ئازیز: لەدووریت تەن بوو کلاَفە

روح بوو بەتەنوین حاڵی ئیضا فە

---

[1] ٤٤٥ هەورامی /(نەبات) و(فەرەج) براو خوشکن ، لەئاهەنگی شایی و زەماوەندا گۆرانیان وتووە.

[1] ٤٤٦ هەورامی /ئەحمەد پریسی بەناوی (لەیلێ) و (بەییچێ) دوو خوشکی ئەبێ، مەولەویش-ئایا بەڕاست وەیا بە گاڵتە- داوای (لەیلێ) ی لێ ئەکا، بەلاّم پێش ئەوە داواکەی مەولەوی بگاتە ئەحمەد پریسی (لەیلێ) ئەدا بەشوور مەولەوی لێی بێ بەش ئەبێ، پاش ئەم ڕوداوە، مەولەوی بۆ جاری دووەم ئەم بەیتەی بۆ ئەنێرێ و داوای خوشکەکەی تری ئەکات، ئەحمەد پریسیش بەم بەیتە وەلاّمی مەولەوی ئەداتەوە:

قسەیێ ئەکەی بێ ڕێ و بێ جێ بێ

تۆ کەمەجنوونی، چۆن بەییجێ بێ

واتە :چیت پێ بەخشیم لەدنیادا یەك یەك وەرت گرتەوە (چاو ، پشت، گەنجی، عەقڵ، هەست، دۆستان، عەنبەرخاتوون...) بەس تەنیا حسابی حەشرەت لەلام ماوە، لەوێشدا تۆ خۆت لێ بودەیت و غەفوورڕەحیم و کەریمی..

ئەم بەیتە ئەوە ناگەیەنێ کەگلەیی لە خوای گەورە بکات، وەیا- وەك بڵێن- بەشێوەی(شگحات) بەرانبەر خوایگەورە بدوێت.

[1] ٤٤٩ هەورامی / کلاَفە، فەرهەنگی خاڵ: چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵکرابن بۆئەوەی تاو تاو دەرکێشرێ و کاربکرێ. واتە ئازیز! بەهۆی دووریتەوە؛ لەشم- وەکو کلاَفەی دەزوو- لوول بووەو، ڕۆحیشم- نوون ئاسا لەحاڵی ئیچافە دا- ڕۆیشتووە.

**هەورامی( ٤٥٠ )**

ئای چەنە سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردم
چەرخ چەن چەرخاو من مع نەمردم [(١)]

**سۆرانی( ٤٥٠ )**

ئای چەند زەبوونی چەرخی چە پگەردم
چەرخ چەن چەرخاو من هەر نەمردم

**هەورامی( ٤٥١ )**

ئەو سات زانام بەختەکەم ڕەش بی
عێلەکەم هامرای عێل سەگ وەڕ بی [(١)]

**سۆرانی( ٤٥١ )**

ئەو کاتە زانیم بەختەکەم ڕەش بوو
عێلەکەم هاوڕێی عێلی سەوەڕ بوو

**هەورامی ( ٤٥٢ )**

قازان قەتاران قوڵنگان حەوایی
حەیفەن باڵە کەت شەو وەتەنیایی [(١)]

**سۆرانی( ٤٥٢ )**

قازان قەتاران قوڵنگا حەوایی
حەیفە باڵاکە شەو بەتەنیایی

**هەورامی( ٤٥٣ )**

تەسکین دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمان زامان بێ قەرارەکەم ١
نامەکەت کسیان وەلای من یاوە
پەیا پەی ئەرووی دوو دیدەم ساوا ٢
دەروونت وەکوڵ جۆش ئاوەردە بێ
کزەی دووری وێت ئیظهار کەر دەبێ

**سۆرانی( ٤٥٣ )**

تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمانی زامی بێ قەرارەکەم
وەرم گرت نامەت من لە ناکاوا
زوو زوو ئەم هێنا بەهەردووچاوا
دەروونت بەکوڵ جۆشی خواردبوو
کزەی دووریتان بەیان کردبوو

---

[(١)] ٤٥٠ هەورامی /ع.م:(سەرچنگ: چەپۆك.. ئای چەند چەپۆکی چەرخی چەپگەردم خواردو، چەندجار چەرخ هەڵسووڕا، کەچی من هەرمامەوە بۆ مەینەتی دنیا و نەمردم).

[(١)] ٤٥١ هەورامی / نەزانرا ئەم عێلە چ عێلێکە؟ وادەرئەکەوێت بە ئیچافە کردنی عێلەکەبۆلای خۆی خێڵی تاوگۆزی یە. چونکە ئەو سەردەمەو بگرە ئێستاش نەخوێندەوارو دواکەوتوون، بەڵام دڵ ساف و بێ غەش و دەست و داوێن پاکن.

[(١)] ٤٥٢ هەورامی / قازو قوڵنگ دوو جۆرە باڵندەن گەرمیان وکوێستان ئەکەن، واتە: بەحەیفە-ئازیزەکەم-ئێستاکە تۆ دووری لەهاوڕێکانت و، دیل و ئەسیری گۆڕیچەی ئەلحەد سەرایت و بەتەنیا تیایدا ڕائەبوێری. دوور نییە بەم تاکە بەیتە مەبەستی مردنی عەنبەر خاتوونی خێزانی بووبێت.
وەئەشکونجێت بەم شێوەیەی خوارەوە مەعنای بکەین: قازان: مەنجەڵەکان. قوڵنگان: کەرەستەی خاك وگڵ هەڵکەندن وەك پاچ و زەنگنە. واتە: چ دیمەنێکی پڕ لەحەسرەتە، لەلایەکەوە مەنجەڵەکانی لەسەر ئاگر

[1] مەولەوی روو ئەکاتە دۆستەکەی و ئەی دوێنێ. واتە: (خطاب) ە، جەخار : خەم، کوڵ.

[2] پەیاپەی، پەیتا پەیتا، بێ پسانەوە

دێو ئاتەوە دەرد کوورەی دەروونم
کولانتەوە زام دڵەی پڕ هوونم[3]
نمازی ساتێ ڕاحەت بوون پەی وێم
دەك بێ بەلا بای چێش مەکەری پێم ؟
من خۆم کەم زووخاو هیجرانم وەردەن
ئە مجار کزەی تونێج تەمامم کەردەن

وروژاندت، دای، کوورەی دەروونم
سوێت بردە زامی دڵەی پڕ خوونم
نام هێڵی ساتێ بژیم بەزا من
دەك بێ بەلا بی چیت نەکرد بە من؟
من خۆشیم نەدی نە مانگ و نە ساڵ
بمرم واکزەی تۆشی هاتە پاڵ

**هەورامی ( ٤٥٤ )**

دڵە دیارەن بێ قەرارەنی
خەریك صوحبەت ڕاگەی یارەنی
ئەرسەد دەوڵەوەمەند جەخەدەنگەنی
بەرشە گیان ئەدەر دڵ جەسەنگەنی[4]
بەلام پەی کەسێ دڵ پر لە تاسەن
هەمسایەی یانەی دەوڵەمەند خاسەن
بنیش سەروەرشم وەرەفێقی تۆ
وەر ملی چەنیش خودات چەنی بۆ[5]
من بازە دیدەی هیجران بالاش
ئانە تۆو صوحبەت گەر پاو بالاش[6]
بەلام یادت بۆ وەی فەقیرەوە
چون تیلەی وەزام مەودای تیرەوە

**سۆرانی( ٤٥٤ )**

دڵە دیارە کە بێقەراری
سەرقاڵی تەکی ڕێورەسمی یاری
هەرچەند بەزۆری دڵ پڕ خەدەنگی
گیانە تۆ برۆ چون دڵ لەسەنگی
بەلام بۆ کەسێ دڵ پڕ مرووەت بێ
باشترە هاوسێی خاوەن سەرووەت بێ
دانیشە مەستم بە هاودەمیتان
گەر دواشی کەوتی خوا ئاگادارتان
لێم گەڕێ من و هیجرانی بالای
ئەوە تۆو بەزمی گەردو پاو پێلای
بەلام هۆشت بێ بەم فەقیرەوە
کەگلای بە زامی مەودای تیرەوە

**هەورامی ( ٤٥٥ )**

صەدای های هیلال ڕۆژە دارا ئەن
مانگی دڵتەنگی بادە خوارانەن[7]

**سۆرانی( ٤٥٥ )**

صەدای هیلالی ڕۆژە دارانە
مانگی دڵتەنگی بادە خۆرانە

---

[3] دێوناتەوە: وورووژاندت. لەگۆڕینەکەدا بەمەعنا دەردە. وشەی ( کولانتەوە )م کرد: بەسوێت بردە. تاد.

[4] وشەی ( بەشە ) هەڵەیە، ڕاستەمەی ( بەرشە )یە. واتە: برۆ، دەرچۆ.

[5]، [6] ( چەنی تۆ ) هەڵەیە. ڕاستەکەی: جەنی بۆ. مەولەوی دڵە ئاسکەکەی ئەدوێنێ واتە ئەی دڵ دانیشە من شاتاوی بەبوونەتەوە ئەکەن، ئەگەر هەر ئەشرۆی لەگەڵیدا ئەوە هەوەسی خۆتە برۆ خوا ئاگادارتان بێ. لێم گەڕێ چونکە من خۆم لەگەڵ هیجرانیدا ئەسازێنم. ئەوە تۆو ئەوەش گەردی پاوپێلاوی ئەو.

کورەی تەرالاویح سۆفیان گەرمەن
صەدای چەنگ و نەی ڕەندان وەنەرمەن[8]
مزگیان مەعموور وازەن دەروازان
زاهیدان وەزیکر ویشان مەنازان[9]
مەیخانە ویران دەرگا نەبەستەن
مەستان جام صاف مەیشان بەدەستەن[10]
هاوارمەن مانگم لیٚ نادیارەن
نەژێر پەردەی تار ئەو نە پێوارەن[11]

دەورەی تەراویح بۆ سۆفی گەرمە
بۆرندان صەدای چەنگ و نەی نەرمە
نوێژگە ئاوەدان دەروازان وازن
زاهید بەزیکری خۆیان ئەنازن
ئەهلی مەیخانە بێ صەفاو پەستن
ئەمانیش دایم هەر جام بەدەستن
هاوارمە مانگم هەر نا دیارە
لەژێری پەردەی تارا پێوارە[12]

هەورامی( ٤٥٦ )

یەك سیا هەوریٚ ڕووش گرتەن وەنەم
بورج ئەو بورجەن نمەگنوم وەچەم[13]
ساقی ساجەقین پەرهیٚز گاران
پیالەت پڕکە جەمەی چون جاران[14]
تۆ بەیۆ پیالەی مەست دوو دیدەت
بنمانە هیلال ئەبرۆی خەمیدەت
نیگار دەر وەناز وەیارارانەدا
بڕیٚزە وەدەم مەی خوارنەدا
مورید وصۆفی خەرقەی ڕیا پۆش
من و دامنەی پاك پیر مەی فرۆش

سۆرانی( ٤٥٦ )

تەمی هەوری ڕەش دایپۆشیم تەواو
بورجاو بورجمە ناکەومە بەر چاو
ساقی لەداخی کۆی تەقوا داران
جامپڕکە لەمەی وەك جاری جاران
بابێ پیالەی مەستی دوو دیدەت
بنوێنە بەدری برۆی خەمیدەت
بەناز بڕوانە تۆ بە یاراندا
بڕێژە بەدەم کۆی مەیخواراندا
موریدو سۆفی خەقەی ڕیا پۆش
من و دامێنی پیری مەی فرۆش

---

[7] بۆ ئەوەی لەمەعناو مەبەستی ئەم چامەیە بگەیت، برۆ بۆ چامەی لاپەڕەی
[8] ڕەندان: کۆی ڕەند: زیرەك و هۆشیار
[9] وازەن: کراوەتەوە. دەروازان: کۆی دەروازە ، واتە: دەرگای گەورە.
[10] مەعنای ئەم بەیتە نا ئاشکرایە. گۆڕینەکە تەواوە
[11] (تاردا پێوارەن) ڕاستەکەی: ( نەژێر پەردەی تار هەرنە پێوارەن ). تار: تاریك، پێوار: ژێر، نادیار، نەدیار، نەلەبەرچاو. بەفارسی: ناپەیدا
[12] لەبەیتی پێش ئەم بەیتەدا مانگەکەی لەژێر پەڵە هەوری ڕەشدا بوو. لەم بەیتەدا خۆشی کەوتۆتە ژێر پەڵە هەوری ڕەشەوە و دەرکەوتنی نییە.
[13] نمەگنوم وەچەم: ناکەومە بەرچاو.
[14] پەرهیزگاران: تەقواداران.

**هەورامی( ٤٥٧ )**

هەركەس چەنی دۆس وێمان نەمەحشەر
وەسەد ئارەزوو سەر بارین نەویەر [١٥]
بزانین كێمان راگە گوم كەردەن
كێمان مایە پووچ كێمان سودبەردەن

**سۆرانی( ٤٥٧ )**

ئێمە و یارا نمان لە ڕۆژی مەحشەر
بەسەد ئارەزوو سەربێنینە دەر
بزانین كێمان ڕێگای مەسدوودە
كێمان مایە پووچ ، كێ خاوەن سوودە

**هەورامی ( ٤٥٨ )**

ئەڵماسی ناوك مەودای حەجەرسوم
تا پەڕ نەڕیشەی جەرگم بییەن گوم
نەجای پەیكانان زەهرا لووی فەرەنگ
تك تك مەتكیۆ زووخاو وەسەد رەنگ
حەكیم مەوینۆ سەرسام مەمانۆ
( لاحول )ە نەرووی سەختم مەوانۆ
ماچان زەدەی دەس پەریی سەرئاوەن
زەخم خەدەنگەن وەمەرگ نزاوەن
سەرنیام وە ئێش من چەنی زامەت
كەفتەن ئەو دیوان سارای قیامەت

**سۆرانی( ٤٥٨ )**

ئەڵماسی تیری تیژی حەجەرسم
تا پەڕ لە ڕیشەی دڵ و جەرگاگم
لەجێی پەیكانی ژەهراویی فەرەنگ
تگ تگ ئەتكێ زووخاو بەسەد ڕەنگ
حەكیم ئەی بینی سەرسام ئەمێنێ
( لاحول )ە لە ڕووی زامم ئەخوێنێ
ئەڵێن پێكراوی پەریی سەرئاوە
زامداری تیرە ژینی نەماوە
بەو ئێش و دەردەی زامی جیایی
سەرئەنێمەوە تا ڕۆژی دوایی

**هەورامی( ٤٥٩ )**

ئارەزوو مەندیم جەحەد ویەردەن [١]
فراوان خەیلێ تاسەی تۆم كەردەن
قیبلەم! بەو ئەحەد بێ هامتای فەردەن
سەوگەند یەكێوەن چەنی تۆم وەردەن
فكرو خەیاڵان وەسواسەی وەفات
دایم نەدڵەن نەرووی سەربسات [٢]

**سۆرانی( ٤٥٩ )**

كسپەی ئارەزووم گەشتە ئەو پەڕی
تاسەم فراوان لەحەد تێپەڕی
قیبلەم! بەو خوایەی تەنیاو زیندووە
سوێندم یەكێكە بۆتۆم خواردووە
بیرو خەیاڵی ئەندێشەی وەفات
هەر لەدڵدایە تا ڕۆژی وەفات

---

[١٥] واتە كۆڕی ئێمەو كۆڕی صۆفیان، وە هەر لایەكمان لەگەڵ دۆست و تاقمی خۆیدا لەسارای مەحشەردا بەئارەزووی خۆمان رامان دەربڕین. ئەو كاتە بۆ ئێمەو ئەوانیش دەرئەكەوێ كەكەێمان سەربەرزو كێمان سەرشۆڕین.

[١] ئەم پارچەیە لەو بڕوایەدانیم هەڵبەستی مەولەوی بێ، وادەرئەكەوێ لەلایەن كەسێكی كەوە بەشێوەی گلەیی نوسراوە بۆ مەولەوی و لەدواییدا تێكەڵ بەدیوانەكەی بووە.

[٢] سەربسات: سەر زەوی.

شەوان تـاومرۆ فكرم جەلاتەن
رۆح رموانـم نەخاك پـاتەن
قـالّبم بێ رۆح ئەروام نەمەندەن
من دان حەيات زيندەگيم كەندەن
نـامت چون ئەوراد صوبح و ئێواران
موانۆش ومرگەرم نە پـای دیواران
چەمم چون شاباز ویل شكار بۆ
دايم بـالّ پەرواز نەسەد ديار بۆ

ڕۆژو شەو بيرو هۆشم لەلاتە
گيانی شيرينم گەردی بن پـاتە
جەستەی بێ گيـانم و زامی نـاسۆری
لە ژینی دنیا دەستم داشۆری
نـاوت چون وويردی سوبح و ئێواران
گەرم ئەی خوێنم لەسای دیواران
چاوم ومك شابـاز وێلی شكاران
بۆتۆ ئەگەرێ لەسەر دیاران[٣]

**هەورامی( ٤٦٠ )**

جە( سەر قەلاّ ) وە مەگێلوون پەی تۆ
دەك ديدەم هەردوو سەدجار فدێت بۆ[٤]
ئـامان هەی ئـازيز بينـايی چاوان!
گلەی هەن جەتۆ خەيلێ فراوان
يـانێ چێش مەيلت فەرامۆش كەردەن
مەر بـادەت نەجام بێ شەرتی وەردەن؟
وەرنە يـانێ چێش نەجاران جارێ
خەبەر نە پەرسی جە راو يـارێ
ئومێدم ئەيدەن، ئـامانەن ئـامان
جەی فێشتەر نـاسۆر ئەوزی زامان

**سۆرانی( ٤٦٠ )**

لە( سەر قەلاّ ) وە بۆتۆ ئەگەرێ
دەك ديدەم هەردوو لەدەورت گەرێ
ئـامان هەی ئـازيز بينـايی چاوان!
گلەيم هەيە لەتۆ فراوان
چی بوو تۆ مەيلت نەما لەدلّدا؟
تۆ مەگەر بـادەی بێ مەرجيت هەلّدا؟
ئەينـا يـانێ چی لەجاران جارێ
خەبەر نـا پرسی تۆ لە ڕێبوارێ
هيوادارم من ئـامان سەد ئـامان
نـاسۆری زيـاتر نەدەی بە زامان

**هەورامی( ٤٦١ )**

ئەحوالّ حالاّت شەرت و وەفاكەت
بكيانە پەرێم تۆبی خوداكەت
ئەمانگ و ئەسالّ، ئەهەفتەو ئەشەو
ئەساتێ ئـارام، ئەدەقيقە خەو
نمە شۆم نەچەم، ديدەم نەدووريت

**سۆرانی( ٤٦١ )**

تۆيـاس و خواسی شەرت و وەفاكەت
بنێرە بۆ من تۆبی و خوداكەت
ئەمانگ و ئەسالّ ئە هەفتەو ئەشەو
ئەساتێ ئـارام ئەچركەيێ خەو
نـاچێتە چاوم- ديدەم- لەدووری

[٣] بـازبـالندەيەكی گۆشت خۆرە، دەنوكێكی تيژی چەماوەی هەيە. بەدوای ووردە پەلەوەردا دەگەڕێ.
[٤] سەر قەلاّ : بـاخ و نـاوێكە بەسەر كێوێكی بەرزەوە لەنێوان شەمێران و تـاوەگۆزيدايە

هەر ئید موانوون: ئاخ جە مەهجووریت[5]
ئیسە كێ تاقەت دووری تۆ دارۆ؟
دەك بەرق غەزەب وەجەسەم وارۆ[6]
بەسەر گەردت بام، ئەرواحەكەی وێم!
جواب صەریح بكیانە پەرێم

بووە بە ویردم: ئاخ لە مەهجووری
ئێستا كێ بەرگەی دووری تۆ ئەگرێ
دەك تیشكی غەزەب جەستەم دابگرێ
لەدەورت گەرێم ئەرواحەكەی خۆم
وەڵامی صەریح زوو بنێرە بۆم[∅]

هەورامی (٤٦٢)

را( جەعفەر ئاباد)، سارای گەرم مەیل![1]
مەنزڵ شیرازشار سەودای عەشق لەیل[2]
دەس ودیم وەئاو( روكن ئاباد) شەوق!
ئیمام میحراب سەر (مصلا) زەوق!
خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەكەی( الست)!
دەماخ وەنەشئەی بادەی فەنامەست!

سۆرانی (٤٦٢)

رێ ( جەعفەر ئاوا ) ی دەشتی گەرمی مەیل
مەنزڵ( شیراز ) شار سەودای عەشقی لەیل
دەسنوێژ بە ئاوی( رۆكناوا ) ی پڕ شەوق!
ئالای میحرابی سەر( مصەلا )ی زەوق![3]
خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەكەی( الست )!
دەماخ بەنەشئەی بادەی فەنا مەست[4]

هەورامی (٤٦٣)

خەیلێوەن ئازیز-شای نەو نەمامان
ئەی شیفای زامان-ئاماش نەبامان[5]

سۆرانی (٤٦٣)

دەمێكە ئازیزم- شای نەو نەمامان
ئامە ئانێرێ بۆ شیفای زامان

---

[5] واتە: بەهۆی دووریتەوە خەو ناچێتە چاوم وهەمیشە ئەمە ئەخوێنم: ئاخ لە دووریت (ع.م): ( ئەم جوملە مەعنای شیعری پێشوو تەواو ئەكات)

[6] ئەم بەیتە هەڵبەستی ئەحمەد بەگی كۆماسی یە، مەولەوی ومیا دۆستەلەی لێرەدا تێهەڵكێشی كردووە

[∅] نازانم چ قەصیدەیەكی مەولەوی لەدیوانەكەیدا وەڵامە بۆئەم قەصیدەیە؟

[1] هەرچەند بەڵگەم نییە. بەڵام بە پێی ناوەرۆكی قەصیدەكە بۆشێخ عەزیزی( جانەوەرە )یی نووسراوە.

[2] (جەعفەراوا ) گەرەكێكە لەشاری شیراز. شیراز: شارێكە كەوتۆتە خوارووی رۆژئاوای ئێرانەوە، نزیكەی ٩٠٠كم لە تارانەوە دوورە.مەولەوی بەم قەصیدەیەی رووی دەمی ئەكاتە رۆحی خاوێنی( خواجە حافظی شیرازی ) و تەفائول بە دیوانەكەی ئەكات. لەكۆنەوە باوە . بۆكردنی كارێك ومیا بۆنەكردنی، جەماوەر پەنایان ئەبرد بۆ دیوانەكەی خواجە حافظ و ئەیانگرتەوە. خواجە حافظ لەناو خەڵك و جەماوەردا بە( لسان الغیب ) ناوبانگی دەركردبوو

(ع.م) واتە: ئەی كەسێ كەرێگای گوزەرت جوعفەراناوایە كەدەشتی گەرمی ئارەزووی یارانە، وەئەی كەسێ كەمەنزڵت شاری شیرازە كەكەڵكەڵەی عەشقی لەیلە. مەبەستی ئەوەیە : ئەی حافظی دڵدار كەكەڵكەڵەی دیتنی یارت ئەكەوێتەسەر، وەبەدەشتی خۆشەویستیدا ئەڕۆی بۆلای ).

٣ (ع.م)( واتە ئەی كەسێ كە بەئاوی روكنابادی سوزی دڵداران دەستنوێ ت گرتووە، وەلێ میحرابی مصلای ئارەزوویاندا پێش نوێ یت كردووە )

[4] واتە ئەی خواجەی سەرحەڵقەی بەزمەكەی رۆژ( الست بربكم؟ قالوا بلى ). ئەی خواجە شیرازی! كەدەماخت بەنەشئەی بادەی فەنا مەستە. واتە حافظ كاتی خۆی لە پلەی( فنافی الله ) دا یاوە، ئەم پلەیە بەشێكی تایبە تمەندە بە( تصوف )ەوە.

هیچ نەبەردەن نام خەستەی دەردەکەش
نەکەردەن خەیاڵ مەینەت وەردەکەش
یادش گوزەرگای دڵ جەویر بەردەن
مەیلش ڕای خاتر فەرامۆش کەردەن[6]
ساتێ وە ساڵێ جەلام و یەردەن
هەرەس وەماڵم ماچی دڵ سەردەن[7]

نەیهێنا ناوی خەستەی زامانی
نەکەوتە یادی دیلی خەمانی
یادی گوزەرگەی دڵ بیر بردەوە
مەیلی ڕێی خاتر خامۆش کردەوە
ساتم بەساڵێ ئەڕوا بەم دەردە
هەرەس بەماڵم ئەڵێ دڵ ساردە

هەورامی(٤٦٤)

دڵ بێ ئارامەن دایم مدۆ چڵ
من هەر موا چوون پەی دڵ وەشیی دڵ:
من تاڵەم وەتام تاڵی تاڵ وەردەن
گەرد بەد بەختیم وەرووەدا مەردەن
نام ئەسەر زوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم[8]
نەداۆ تاقەت تەحریرم خامەش
مە پێچۆ وەهەم جە دەردم نامەش[9]

سۆرانی(٤٦٤)

بێ ئارامە دڵ هەردەم ئەدا چڵ
من خۆ هەر ئەڵێم بۆدڵخۆشی دڵ:
بەختم تاڵاوی تاڵی چێشتووە
گەردی بەد بەختیم لەڕوو نیشتووە
یا لەسەر زوانی شیرینی تاڵم
یا بۆ خاتری گەردە خەیاڵم
تاقەتی نییە بمنووسێ خامەی
تێکدا ئاناڵێ بەدەردم نامەی

هەورامی(٤٦٥)

ماوای دڵگەرمیش جەحەد بەرشییەن
لایەق وە مەنزڵ یاد ئەو نییەن

سۆرانی(٤٦٥)

لەسنوور دەرچوو، گەرمی سوکنای دڵ
لایەق بەیادی ئەو نییە مەنزڵ

---

[5] دێتە سەر نیازەکەی وئەڵێ ئازیزم دەمێکە نامەی نەهاتووە.

[6] واتە ئازیزم یادەکەی ئەوەی لەبیرچۆتەوە کەبەدئما تێپەڕێ.وەمەیلی ڕێگای منی خستۆتە پشت گوێ. مەبەستی ئەوەیە ئایەڵێ هیچ نەبێ یادی بگاتە خەیا ئم . وەدڵم ئارەزووی بکا ).

[7] واتە: ساتێکم ساڵێکە، هەرەس بەماڵم ئەڵێ دڵی ساردە. لەم ڕستەوە ئەوە دەردەکەوێ بەخەیاڵدا ئەو دۆستەی مەولەوی وتبێتی، مەولەوی ساردە لەگەڵ مندا.

( [8] —[9] ) وشەی ( نام ) لای ع.م یەمەعنا : یاوەکو. لای دکتۆر سۆران: یەمەعنا: یان .یا .لەوانەشە سووك کراوی( ئازانم ) بێ، هەرچی چۆنێ بێ وشەکە بۆگومانە لەنێوان دووشتدا.

واتە حاڵی ئەو خۆشەویستمە لەدوو خاڵ یالە دوو حاڵ بەدەرنییە، یا ئەوەتە ناوهێنانی من لەسەر زبانی شیرینی تاڵە، وەیا ئەگەر بەدڵ خەیاڵی من بکا، هەڵبەت خەیاڵی من چونکە لەتۆزو غوبارو گەردەلوول دایە دڵەکەی بەخەیاڵەکەم تۆزاوی ئەبێ، دڵەکەی چونکە ناسکە بەرگری ئەو تە پو تۆزو گەردەلوولە ناگرێ. لەبەر ئەم دوو خاڵە وەیا ئەم دوو حاڵە ئەقەڵەمەکەی تاقەتی نوسینی هەیە بۆمن. وەنە نامەکەشی لەبەر ئازاری من لوول ئەخوا و بۆمی بنێرێ. سەیری نووسینەکەی د.سۆران بکە ل:٤٠٥، لەوێدا بەرانبەر بەم بەیتە سەرنجێکی هەیە.

خاترم یەند خار مەینەت ها تێشدا
پای مەیلش زەحمەت بویە ڕۆ پێشدا
سەد دەلیل ماروون نییە فەراقەت
جەمن های تامڵ ، جەئەو کون تاقەت؟
بۆبەشق ئەو جام، ئەو بەزم، ئەو جەم
بێ مەیلیی ئازیز نەوینی وەچەم

دڵ هێندە دڕکی مەینەتی تیادا
پێی مەیلی زەحمەت تێپەڕی پیادا
وتم ئاپیەر ژێ، سەد بەڵگە بۆدڵ
دڵ: کوا تاقەتی ، یامن کەی تامڵ؟
بێ بەشقی ئەوجەم، ئەو بەزم و ئەو جەم
بێ مەیلیی ئازیز نەبینی هەردەم [١٠]

**هەورامی( ٤٦٦ )**

مزانی چەنیم چەم هاوە راوە
ئەرووی زوو مەیۆپەیکی جەلاوە
ماوەرۆ نامەی جام جەمینەکەم
دیدەی دنیاو دین، دنیاو دینەکەم
یەك غەزەل مەطلە ع( مژدە ئەی دڵ ) بۆ
باوەر، بەڵ پەی دڵ تەسکین حاصڵ بۆ

**سۆرانی( ٤٦٦ )**

ئەزانی چەندە، چاوم لەڕێیە
پەیکێ بێ و بڵێن نامەی تۆی پێیە
بێنێ زوو نامەی جام جەمینەکەم
دیدەی دنیاو دین، دنیاو دینەکەم
شیعرێ سەرەتای ( مژدە ئەی دڵ ) بێ
بێنە، تا بۆ دڵ تەسکین حاصڵ بێ

**هەورامی( ٤٦٧ )**

وەرێو ئەیشەڵلا مێش ئیکەڵ بۆ
خواجە! تۆ پیرت باهەر موجمەڵ بۆ[١١]
ج حاجەت صەریح تۆ بواچی پێم
من زوو شناسا بەخت سیای وێم

**سۆرانی( ٤٦٧ )**

گەر خوانە خواستە دوورە ئەمەل بێ
خواجە!تۆ پیرت باهەر موجمەل بێ
چ پێویست ئەکا کەتۆ بڵێ ی پێم
هەر زوو ناسیومە بەختی ڕشی خۆم

**هەورامی ( ٤٦٨ )**

صەدای ( های هیلال ) هام دەردان مەیۆ
زەمزەمەی تەکبیر، هام دەردان مەیۆ[١]
یەکێ هام ڕەفیق دۆس دڵ سۆزەن

**سۆرانی( ٤٦٨ )**

دەنگی( هیلال )ی هاوفەردانم دێ
بەزمی تەکبیری هاو دەردانم دێ
یەکێ هاو دەمی دۆستی دڵسۆزە

---

[١٠] جام: مەبەست پێی جامی شەرابە، یا پیاڵەی مەی.
جەم: کۆڕ، کۆمەڵ لەجەمعی عەرەبییەوە هاتووە،
لەوانەشە ( جەم ) ئاما ە بێ بۆ جەمشید جەمی شای ئێران.

[١١] ( ع.م ) ئەم بەیتەی بەدوو جۆر مەعنای کردووە ل٢٦٤.

[١] زەمزەمە: ئاوازی نەرم، هێمایە بۆ ووتەی تازە.
تەکبیر( الله اکبر ) کردن. لەکۆتایی مانگی ڕەمەزاندا کەمانگ بینرا دەنگ و زەنا پەیدای دەبێ کەبەیانی جەژن وشادییە. ئینجا شاعیری هەست ناسك باسی کەسانی بەختەوەرو کەساسان دەکا.

یەکێ مەست کەیف جەژنە پیرۆزەن[2]
من نەبوون شادیم جێ بیزار بییەن
گەرد وەسەر من، کەس دیار نییەن[3]
شەوم تاڵەی شووم، هیلالم قامەت
شەفەق هوون دڵ، مەنزڵگە زامەت[4-5]
تەکبیرم نەوای زام مەهجووری
دەسم هەم ئاغۆش زام ڕەنجووری[5]

یەك مەستی کەیفی جەژنە پیرۆزە
من نەبێ تەنیا بێزارە شادیم
خاکم بەسەر بێ بۆ نا مرادیم
شەوم چارەی شووم پڕ لەخەم مەنزڵ
تەن وەکو هیلال ، شەفەق خوێنی دڵ
تەکبیرم نەوای زامانی دووری
دەستم هاو ملی زامی ڕەنجووری

هەورامی( ٤٦٩ )

جەژن وجەژنانەم هەریەك حەردەیێ
بەردەوە پەی هەرد، ( مطرب ) پەردەیێ
لەرزەی ڕیشەی دڵ، سەمتووری دەستوور
وەزن طه بع تار پڕ سۆزەی سەمتوور
واچە بەو مەقام، ئەڵوانانەوە:
هەی داد هەی بێ داد مەعدووم واتەوە:
خەستەی خار خەم خەم خەیاڵ وێم
وەکزەی دەروون تەن زووخاڵ وێم
بێ ئەبرۆی هیلال ئەو نیهاڵ وێم
نییەت ئادروست، عید بەتاڵ وێم

سۆرانی( ٤٦٩ )

جەژن وجەژنانەم هەریەك حەردەیێ
بردی بەرەو چۆڵ،( مطرب ) پەردەیێ
لەرزەی ڕیشەی دڵ سەمتووری دەستوور
کێشی شێوەی تار پڕسۆزی سەمتوور
بڵێ بەو بەزمەی پڕئاوا تمەوە
هەی دادو هاوار مەعدووم واتەوە
خەستەی خاری خەم خەمان خەیاڵ خۆم
بەقرچەی دەروون واتەن زووخاڵ خۆم
بێ برۆی هیلالی ڕووخسار ئاڵ خۆم
ڕۆژو ئاتەواو جەژن بەتاڵ خۆم

هەورامی ( ٤٧٠ )

تەسکێن دڵەی پڕ جەخارەکەم
دەرمان زامان بێقەرەکەم( ١ )
ئامەکەت کسیان وەلای من یوە

سۆرانی ( ٤٧٠ )

تەسکینی دڵەی پڕ جەخارکەم
دەرمانی زامی بێ قەرارەکە( ١ )
وەرم گرت ئامەت من لە ئاکا

---

[2] دلسۆزمن: ( ع.م ) : دڵ دۆزمن. واتە دڵ پڕ لەئازار.

[3] لەناو کۆمەڵاندا بەتەنیا من شادیم لێ بێزارە، هەی خاکم بەسەر ، کەسانی دڵسۆزم نییە و کەس ڕووم تێ ناکات.

[4-5] واتە لە ناو کۆمەڵاندا بەتەنیا من حاڵم ئاوایە؛ شەوم ڕەش و شوومە. لەش و جەستەم وەکو مانگی یەك شەوە چەماوەتەوە. سووریی قەراخی ئاسمان لە ئێواراندا، خوێنی دڵمە، مەنزڵگەو نشینگەم: خەم و ئازارو زەحمەتە،

تەکبیرم: ناڵەو نەوای زامانی دووری یارانە، هەمیشە دەستم هاوملی دڵ بیمارانە.

پەیا پەی ئەرووی دوو دیدەم سا[٦] ( ٢ )
دەروونت وەکولْ جۆش ئاوەردبێ
کزەی دووری وێت ئینگهار ەردەبێ
دێو ئاتەوە دەرد کوورەیدەروونم
کولانتەوە زام دلەی ب[٧] هوونم( ٢ )
نمازی ساتێ ڕاحەت بوون پەوێم
دەك بێ بەلا بای چێش مەك'ی پێم ؟
من خۆم کەم زووخاو هیرانم وەردەن
ئە مجار کزەی تونج تەما'کەردەن

لەوتورەی مانی ئاوی حەیوانی
سا ئەوسا لەخەوکە بێدار ئەبێ
لەئەوسات ئەوسات ئاشکار ئەبێ
بەچ ڕوانینێ؟ شەمالْ ! ڕوانی، بۆ؟
ئە پرسێ: شەمالْ ! هاچی بوو لەنۆ؟[٨]
ببینە سەختیی سزای خەم چێژی
ئیتر بلێم چی؟ شەمالْ ! چی ئێژی؟

هەورامی( ٤٧١ )

ئەر هەر مواچی، واچە : چێش واجوون؟
واچوون ئێد واچە : وەسەرگەردت بوون[٩]
رام گنا ئاکام وە ئاکام دارێ
چەنی ؟ چەنی خار، خارێ[١٠]
ئیبتیدا مەعرووض پەی ئەظە ر، وەخەو
ئەرو نیۆ گەردی دەردی سەختی ئەو[١١]

سۆرانی( ٤٧١ )

ئەگەر هەر ئێژی، بێژە : چی بێژم؟
بێژە وائێژم : بەلات دەچێژم:
لە پرڕێم کەوتە لای ئاکام دارێ
چۆن بوو؟ خارێ بوو، چ خار؟ جەخارێ
سەرەتای مەعرووض بۆ ئەظە ر، بەخەو
گەر بێ و ببینێ دەردی دووری ئەو،

---

٥-٦ ئەر، لای( ف ) وەر ، بەمانا پێش، نیمە، ف و گ: نیمە. پرخەو، گ: پرخاو. ( ع.م ) : ( واتە بەقوربانت شەمالْ!.. برۆ بۆلای یار، وەخت نیوشەوێ یا بەر لەنیوشەو بێ، وەیار لەپرخەی خەوابێ یاتازە خەوی لێ کەوتبێ، گوێ مەدەرێ بەئارامی لەژێر لیفە یەمەنییەکەیەوە خۆت بدە لەزولفە لوولەکانی کەئەلێی مۆری توغرایەو مانی ئەخشی کێشاوە بەسەر ئاوی حەیاتەوەیە کەڕوویەتی. )
مەولەوی ئەم جۆرە شیعرانەی بەم جۆرە دارشتنە زۆر کەمە.

[٧] لەئەصلەکەدا، ( ئەوسات ) ییەکەم واتە کاتی بێداری. ( ئەوسات ) ی دووەم : کاتی قیامەت.
[٨] مدیۆ: یار ئەڕوانێ. مدیەی چێش: بەچ ڕوانینێك!!

[٩] بدیە : بڕوانە. هەنی: ئیتر. واچوون. چێش: قەول. شەمالْ واچی چێش: مەقولی قەولە. ئێش و ئێش: مەبەست ئێش وئێشی مەعدوومە.
[١٠] —١١ ) واتە شەمالْ ! ئەگەر هەر ئەلێیت، بلێ چی بلێم؟ ئەلێم بەسەر گەردت بم ئەمە بلێ: لەپڕ ڕێم کەوتە لای یەکێکی بەمەرام نەگەیشتوو، ( ع.م ) ( ئەگەر پرسی چۆن بوو؟ بلێ: دڕکی خەم و مەینەتی پێوەبوو، وەئەگەر پرسی : دڕکەکەی چۆن دڕکێ بوو؟ بلێ دڕکێکی وابوو لەباسکردن نەئەهات. )

[١١] —١٢ ) بەم دووشیعرە شاعیری ئەمر ئاماژە ئەکا بۆ دوو ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا ؛

ئەر سەد جاریٚ بۆ، ئەونەمام ئەودەشت
فەرقیٚ ئمە بۆ پەی لوای بەهەشت[12]
تەمام دەوایی جە دەستت پێتەن
هەنی ئەوەشی بەدەست ویتەن

باهەرجاریٚ بێ، ئەونەمام لەودەشت
جیاوازی نابێ بۆچونی بەهەشت
دەوای تەواوی بەدەستی خۆتە
خۆشی و ناخۆشی هەڵوێستی خۆتە.

هەورامی ( ٤٧٢ )

شەرارەی کورەی دەروون پڕ جۆش[1]
دیگ چەمەی شەم ئاوەرد وەخرۆش
سەرکەردەن هوناو وەڕووی ڕوخسارم
کەردەن وەشەتاوجەستەی خەمبارم
وەلوەلەیلوولەی پێشەی ئازای چاك
یاوا وەسەرین نۆ پەردەی ئەفلاك[2]

سۆرانی( ٤٧٢ )

شالاٚوی کوورەی دەروونی پڕ جۆش
مە نجەڵی چاوەی چاومی وادا جۆش
خوێناو سەر ئەکا لەڕووی ڕوخسارم
کردی بەشەتاو جەستەی خەممبارم
ئاوازی لوولەی ئێسقانی زەبوون
گەیشتە سەرووی نۆ پەردەی گەردوون

---

١ • افلا ينظرون الى الابل كيف خلقت، والى السماء كيف رفعت، والى الجال نصبت، والى الارض كيف سطحت. خوای گەورە لەم چوار ئایەتەیدا و لەچوار پەردەدا چەند پێشانگایەکی هێناوە تەوە بۆ ( ئە ظە ر ) واتەبۆ تێڕوانین، تالەڕۆوانگەی ئەم چوار پەردەوە کەسانی هۆشمەندو ژیر خوای گەورە بناسن و دان بنێن بە گەورەیی و بلندی دەسەلاٚتیدا، یەکەم : حوشتر. دووەم: ئاسمان. سێهەم: شاخ و چیاکان. چوارەم: کۆتایی گۆی زەوی یە. ئەم چوار برگەیە لوچوار پەردەدا- کەحوشتر سەرەتاکەیانە- کراون بە پێشانگەو( معرض ) بۆ( ئە ظە ر ) واتەبۆ تێڕوانینتیایاندا، تاگەورەیی و دەسەلاتی خوایان بۆ دەرکەوێت.
وەلەئایەتێکی تری قورئانیدا خوای گەورە ئەفەرموێ: ( ولايدخلون الجنة حتى يلج الجمل فى سم الخياط ) واتەبێ بڕوایان ناچنە بەهەشتەوە، مەگەر کاتێك حوشتر وەکو تاڵی دەزوو بچێت بە کونی دەرزیدا. دیارە ئەم مەرجە مەحاڵەو هەرگیز نایەتەدی. لێرەدا شاعیری داهێنەر ئەفەرموێ: ئەوەی کەسەرەتای پێشاگەو( معرض ) ە بۆ( نظر ) کەحوشترە، ئەگەربێتو ئەوحوشترە- بگرە بەخەویش- تۆزێ ئەو خەم و خەفەتەی مەولەویی هەبێت بێگومان هێندە لەڕ و لاواز ئەبێ و ئەوکاتە وەکو دەزوو بەئاسانی دەچێ بەکونی دەرزیدا، ئەوکاتە بڕواداران و بێ بڕوایان بەبێ جیاوازی وەکو یەك دەچنە بەهەشتەوە، پەنا بەخوا لەم داهێنان و بیرە قوڵە ولەم بۆچونە سەرسوڕهێنەرە.
پیرە مێردی ئەمر ئەم شیعرەی ئاوا گۆڕیوە:
وەرە تێپەڕە حۆری لەو دەشتە
فەرقێکی نابێ چوونی بەهەشتە
ئەم گۆڕینە ئەك بەتەنیا لاوازە ، بەڵکو زۆر زۆر لەمەبەستەوە دوورە.
وەهەر وەها پیرەمێردی خوالێخۆشبوو لەدامێنی ئەم قەصیدەوە پەراوێزێکی نووسیوە، وەئەمەش دەقەکەیەتی: ( مەلەوی هەمیشە بەمەعنا بووە، لێرەدا لەفظی ڕیز کردووەو لەمەعنا گەڕاوە، یابۆی ئەگەڕاوە، جیناسی لە زبانی هەورامیدا کردووە، وەك ئێستا مۆبیلیای ئایاب لەو قامیشە دەکەن کە ئێمە قامیش بەندی پێ ئەکەین، ئەی خەینە ژێر قلەبانەوە ).
خوێنەری ئازیز وەکو بینیت ئەوە بۆچونی ووردی مەولەوی و ئەمەش بۆچونی پیرەمێردی ئەمر. خوای گەورە هەردووکیان ببەخشێ و بەبەهەشتی بەرین شادیان بکات.

[1] داخی گرانم ئەمزانی ئەم قەصیدەیەی بۆکێ نووسیوە.

ئەریم مەگرەوان ئینس و جینن و حوور
نالە مەکەران جە دەرگای غەفوور
مەلاڵان یەك یەك پەرێ ڕزگاریم
پەرێ سارێشی زامان کاریم
تۆ ئەقۆی حیجاب ئیستیغنا مەدهۆش
ئەخەجلەی خاوگای ڕاحەتی خامۆش[2]

ئەنالێنن بۆم ئینس و پەری حوور
ئەپاڕێنەوە لە دەرگای غەفوور
یەك یەك ئەگرین هەر بۆ ڕزگاریم
بۆ سارێژبوونی زامانی کاریم
تۆ لە توێی پەردەی بێباکی مەدهۆش
ئەیانەی خاوگەی ئارامی خامۆش

هەورامی( ٤٧٣ )

ئەیاوان هێما وەلات فەریادم
ئەزانات وەدەرد دادو بێدادم
ساگۆش دەرساتێ وەیەزیل ز بەم دا
بۆیە روە بالێن ئەهل ماتەم دا
تالێت مەعلووم بۆ سەختی هیجرانت
بزانێ وەدەرد خەستەی زامانت
بەڵکم ڕەحم خەیر باوەری وەدڵ
ساتێ چەی دەرون تەسکێن بۆ حاصڵ
چینە زیاتەر شای ئەو ئەمامان!
بێ ئینسافییەن جەفای بێ سامان

سۆرانی( ٤٧٣ )

ئەگەشتۆتە لات هێشتا فریادم
ئەتزانی دەردی دادو بێدادم
ساساتێ گوێ دە بەم زیل و بەم دا
تێبەرکە بەلای ئەهلی ماتەم دا
تابگەی چۆنە سەختیی دووری تۆ
بزانی دەردی خەستەی زامی ئۆ
بەڵکو بەزەیی بخەیتەوە دڵ
ساتێ ئارامی بۆ دەروون حاصڵ
لەمەزیاتر شای ئەو ئەمامان!
بێ ئینسافییە سزای بێ سامان

هەورامی ( ٤٧٤ )

فەصڵ ئەو پایز تازە کەردەن مەیل[1]
شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی ئەو سیوەیل[2]
گێج سەر کاوان جەسەردی بێن کەیل
بۆ مدان چون بۆی بێوەفایی لەیل

سۆرانی( ٤٧٤ )

تازەی کردەوەوەرزی پایز مەیل
رمز هەرزانی کرد ڕشتەکەی سیوەیل
گەردە لوولی کاو والە سەرما کەیل
بۆنی وەك بۆنی بێوەفایی لەیل

---

[1] چاك: لەت لەت. تێشکاو. ئۆپەردەی ئەفلاك: ( ع.م ):( واتە دەنگی شمشاڵی ئێستانی تێشکاوی لەشم گەیشتۆتە ئاسمانی حەوتەم و عەرش و کورسی ).

[2] حەجلە: خانووی ڕازێنراوە. جێگای تایبەتیی بووك وزاوا.

[1] ئەم پارچەیەی بۆ دۆستێکی جافی نووسیوە، چووە بۆ کوێستان و وەرزی پایز هاتووە و ئەگەڕاوەتەوە لە گەرمیان.

[2] شەماڵ. پ.م: ڕەزان. سیوەیل: ئەستێرەی گەلاوێژ کەسەرەتای پایز پەیدا ئەبێ. ڕشتە: گەڵای زەردی بەدارەوە ئەماو بەبۆنەی هاتنی پایزەوە. واتە پایزی خەزان هات و گەڵای سەوزی زەرد کردوو، بەبای شەماڵیش بڵاوبوونەوە. وەیا ڕەزەکان ڕشتەی زەرد هەڵگەڕاوی گەلاوێژ یان هەرزان کرد.

نازیز! تاقەت ئاخر نە فەسەن
ڕەحمێ کەر ئامان ، ئیستغنا وەسەن
بەرکەنار کزەی دەروون پڕداخان
پەی تۆ تەصدیعەن سەردیی لەیلا خان[3]
جە قەتارەی خێڵ دیدە سیاوان
باقی هەوارگەی گەرمیان ئاوان

سەبرم بەسەر چوو دوایی ئەفەسە
ڕەحمی، ها، دەخیل بێباکی بەسە
ها، چش لەکزەی دەروون پڕداخان
زەحەمتە بۆتۆ سەرمای ئێلاخان
پۆل پۆل هاتنەوە خێڵی چاوڕەشان
هەموو هەوارگەی گەرمێنیان ئەخشان

هەورامی( ٤٧٥ )

گەرمە سێر دڵ مەعدوومی ئەبۆ
وارگەش خاڵی یەن قیبلەم! دوور جە تۆ
کۆچێ کەر وەخەیر مەنزڵ وەمەنزڵ
تاقەدیم وارگەی گەرمیان دڵ
ئەیاوایی های ساقی!زۆر ئاوەرد[4]
تەفاوەت نەبەین وەصف نازیز کەرد
نمە دۆ ئەچم تار دڵەی تەنگ
بێ وەفایی دۆس صەفاو وەفارەنگ
چون تەمام ئەتەم غەفڵەتەنان گوم
سامەی –ئەك وەجام- های وەخوم وەخوم
تایەکسەر مایەی خامیم بسانۆ
چون جەمال جەلال جەلام بنما نۆ

سۆرانی ( ٤٧٥ )

تەنیا گەرمێنی دڵی مەعدوومی
-دوور لەتۆ- چۆڵە هەوارگەی شوومی
ساکۆچێ بەخەێر مەنزڵ بەمەنزڵ
تاکۆنە وارگەی گەرمیانی دڵ
ساقی! ئادانی پەنگی خواردەوە
وەصفی نازیزی جودا کردەوە
تاریکە چاوی دڵەی خەمگینم
صەفاو جەفای یار چون یەك ئەبینم[5]
چون نوقمی تەمی غەفڵەتم من، زوو
سامەی -ئەك بەجام- بە کووپەو دوو دوو
تا مایەی خامیم یەکسەر نەمێنێ
( جەلال ) وەك( جەمال ) لەلام بنوێنێ[6]

هەورامی ( ٤٧٦ )

قیبلەم ! تۆم نەدڵ... قیبلەم! تۆم نەدڵ[7]

سۆرانی( ٤٧٦ )

قیبلەم! وای لە دڵ.. قیبلەم وای لە دڵ

---

[3] کزەی دەروون پڕ داخان بخەرە ئەولاوە و هیچ حسابێکیان بۆمەکە. بەلام سەرمای کوێستانەکان بۆخۆت گەلێ سەخت و زەحمەتە

[4] ( ع.م ): ( ئەیاوایی: تێ ئەگەیشتن. مەولەوی لێرەوە رووی قسە وەرئەچەرخێنێ وئەلێ: کاکەی مەی گێڕ تێ ئەگەیشتن زۆری بۆ هاوردوم، بۆیە جیاوازیم خستە نێوانی سروشتەکانی یار کەباسی بێوەفایی ئەوم کرد ، ئەگینا ئەبێ دڵدار فەرق ئەکا لەنێوانی هیچ سروشتێکی یاردا وهەمووی پێ خوش بێ ).

[5] ع.م: ( نمەدۆ: دیاری ئەدا. تار: تاریك. واتە؛ لەبەر ئەوەیە کەتێ ئەگەیشتن زۆری بۆهێناوم، واوەفاو بێ وەفایی یار لەچاوی تاریکی دڵەی خەفەتبارما وەك یەك ئانوێنن ).

[6] )خامیم: تێ ئەگەیشتوویم. جەلال: سروشتی بێوەفایی. ( جەمال: سروشتی میهرەبانی.

تا ڕۆژی قیامەت هەرتۆم هانە دڵ
فیدای شێوەت بام جەمین پەڕەی گوڵ
دڵ جە تاسەی تۆ دایم مدۆ چڵ
ماتم وێنەی سەنگ، زەردم چون خەزان
دایم پێچ مدەو چون ماران گەزان
گەستەی مار خاسەن ساتێ دوو ساتەن
ئەر ئەمرۆ زیندەی ڕووی سەر بساتەن
ئەمما من دەردم چون دەردە داران
دایم هەروە سۆن چون گەستەی ماران
جە هیجران تۆ هەر سات مەرگمەن
قەترە قەترەی زووخ ئەڕووی جەرگمەن

تارۆژی پەصڵان هەر تۆ وای لەدڵ
فیدای شێوەت بم ڕوومەت پەڕی گوڵ!
دڵ لە تاسەی تۆ دایم ئەدا چڵ
بەرد ئاسا بێدەنگ، زەردم وەك خەزان
پێچ ئەخۆم هەردەم وەك ماران گەزان
گەستەی مار باشە تەنیا ساتێکە
گەر ئەمرێ زیندووی سەر باتێکە
بەڵام من دەردم وەك دەردە داران
دایم بە سۆیە وەك گەستەی ماران
لە دووریی باڵات هەردەم دێ مەرگم
زووخاوان تك تك ئەتكێ لە جەرگم

هەورامی ( ٤٧٧ )

کاشکێ هەر ڕۆیەك سیا مارێ
هەردوو پام مەگەست چەند جار ئەك جارێ
سەر منیام وەسای گلکۆی تازەوە
چەنی حەسرەتان بێ ئەندازەوە
ئەك پەی تەور دیدەم! مەردەی زیندە ڕەنگ
هەر ساتێ سەد جار سەر مەدۆم وە سەنگ
شێوەو مەلوول ئیمان هەردەنان
ڕۆی تاسەدجار پەی تۆ مەردەنان
فیدای وەفات بام یا وەفات نییەن
یاخود بەدکاران مانعت بییەن

سۆرانی( ٤٧٧ )

خۆزگە هەر ڕۆژێ یەك ڕەشە مارێ
دوو پێی ئەگەستم چەن جار ئەك جارێ
لارە مل لە سای گلکۆی تازەوە
بەو حەسرەتانەی بێ ئەندازەوە
دیدەم! ئەك وەکو مردووی زیندوو ڕەنگ
گشت دەمێ سەدجار سەر ئەدەم لە سەنگ
پەشێوو مەلوول کۆتا بوو عومرم
ڕۆژێ چەن جارێ من بۆ تۆ ئەمرم
فیدای وەفات بم، یاوەفات نییە
یا بەدکارە وا ڕێگری تۆیە

هەورامی( ٤٧٨ )

قیبلەم! تۆ خوداو گشت پێغەمبەران

سۆرانی( ٤٧٨ )

قیبلەم! تو خوداو گشت پێغەمبەران

---

[1] ) ئەم قەصیدەیە، وەکو(ع.م) ئەفەرموێ لەوە ناچێ زادەی قەڵەمی مەولەوی بێ. لەزۆربەی نوسخە دەستنوسەکاندا نییە. بەباوەڕو بۆچوونی من وەك لە پێشتر ووتم، ئەم قەصیدەیە لەلایەن کەسێکی ترەوە بۆ مەولەوی نوسراوەو، جاتێکەڵ بەدیوانەکەی بووە، ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە کەلە دیوانەکەی میرزا یەحیای کوردستانیدا نییە، مەولەوی داهێنەر بەزۆری لەکاتی پەنگ خواردنەوەی خەمان وحەسرەتان لەدڵەتەنگەکەیدا پەنا ئەباتە بەر ساقی و(مغنی)و دەف و نەی .. لێرەدا وانییە و، قەصیدەکەش زۆر لاوازو بێ هێزو پێزە.

ئەگەر مەیلت هەن وینەی دڵبەران؟
بکیانە پەرێم گاهێ پەیامێ
بنویسە وەلام دۆعاو سەلامێ
باوەس بنیشو مات و پەشێوماڵ
باوەس بگێشوو هەناسان کاڵ
پەی چێش بێ مەیلیت کەردەن وەپیشە
گاهێ تۆ ێچ پەی من ئاهێ بکێشە
باقی والسلام، قبلەی میحرابم!
بلێسەس بەرزەن جەرگ کەبابم

مەیلت گەر ماوە وەکو دولبەران
بنێرە بۆ من جارێ پەیامێ
بنووسە بۆمن دۆعاو سەلامێ
بابەس دانیشم کزو پەشێوحاڵ
بابەس هەڵکێشم هەناسانی کاڵ
بۆچی بێ مەیلیت کردوە بە پیشە
تۆش بۆ من جارێ ئاخێ هەڵکێشە
ئیتر سڵاوم قیبلەی میحرابم!
بەرزە بلێسەی جەرگی کەبابم

هەورامی (٤٧٩)

فەڵەك شناسووت کارت چەپ گەردەن
دەستت درازەن پەی زامان کەردەن
چێش مبۆ ئەی زام ئەدڵ ئەدمری
مەحرووم وڵات قیبلەم نەکەری؟
پەی تۆ دیدەنیی شەم دیارە کەش
پەی تۆ گۆش دای ڕاز شەکەر وارەکەش
بەڵام وا بەس بۆ ئەی تاڵەی شوومە
بازەم دڵ وەشم وەی بەرو بوومە[١]
پەی فێنکی دڵ هەرا سانە کەش
کافییەن تەواف رای ئاسانەکەش

سۆرانی (٤٧٩)

گەردوون، دەتناسم کارت چەپ گەردن
دەستت درێژە بۆ زام تێ کردن
چی ئەبێ بەدڵ ، ئەم زامە ئەدەی
لە وڵاتی یار بێ بەشم ئەکەی؟
دیدەنی شەمسی دیداری بۆتۆ
شیرینی رازی گوفتاری بۆتۆ
بەڵام بابەس بێ ئەم بەختەشوومە
لاچۆ دڵخۆشم بەم بەرو بوومە[١]
بۆ فێنکی دڵ هەراسانەکەی
بەسە تەوافی ڕێی ئاسانەکەی

هەورامی (٤٨٠)

ئازیز! کام هوون بی دیدەم پێ ئەڕشت؟
یاکام زووخاوبی دەروونم ئەچەشت؟[٢]
یا دڵ کام مەینەت زامت ئەکێشا؟

سۆرانی (٤٨٠)

ئازیزم! کام خوێن بوو دیدەم ئەیرێژا؟
یاکام زووخێ بوو دڵم ئەیچێژا ؟
یادڵ کام دەردی زامی ئەکێشا؟

---

[١] بەرویبوومە، ع.ف.گ: مەرزوبوومە

[٢] ئازیز، لە(ف)دا: فەڵەك. ئەمەش جوانترە.

وە کام قیمەیدەرد جەرگم نەنێشا
وەسەن کۆن تاقەت بڕیان سەبووری
مەتاوون کە ڕوون گفتوگۆی دووری
ئاخر ئازیزم ! تەوا ئام چۆن ئەن
تەوەن نییەنان دڵ گۆشت وهوونەن[2]
ئایر دان بەو تەورو مۆبەت سەرای دڵ
مەیلەکەت مەندەن بێ مەسکەن خەجڵ

بەکام قیمەی خەم جەرگم نەنێشا؟
بەسە، کوا تاقەت؟ بڕا سەبوری
ناتوانم بکەم گفتوگۆی دووری
ئازیزم! تەوانام کوانێ بەم وێنە؟
خۆ بەردنیم ئەمن ، دڵ گۆشت و خوێنە
بەتەرزێ سووتا مۆبەت سەرای دڵ
مەیلت سەرقاڵە کۆی بکا بەمەنزڵ؟

هەورامی( ٤٨١ )

فەڵەك ! بێ فرسەت.. فەڵەك! بێفرسەت[1]
ئەی چەرخ چەپگەرد! بێ سەبرو فرسەت
غەددار! بەدکار، بێ وادەو بەینەت!
پڕ جەورو ستەم! بێ میهرو مۆبەت!
فەڵەك! وە بەختم چ ئەردێ شانای؟
نامەی حەیاتم وە هیچ ئەوانای!
مەزرەعەی شادیم دای وەفەنادا
پووشکەی جەستەم وە سۆزەی بادا
ئازیزم جەمن بێگانە کەردی
شەرت دۆسمان جەبەین لابەردی
عەهدو مۆبەتت ئەویرش بەردەن
ئەمەرهەم زام، ئەدەوای دەردەن
فیراقش فەرقم تاوە پەنجەی پام
ڕەگ و ڕیشەو پۆس جیا کەرد تەمام

سۆرانی( ٤٨١ )

گەردوون! بێ فرسەت.. گەردوون! بێ فرسەت
ئەی چەری چەپگێڕ! بێ سەبرو فرسەت
خوێنمژو بەدکار! بێ وادەو بەینەت!
ئەی بێ بەزەیی! پڕ سۆزو مەینەت
لەبەختم گەردوون! شکاندت پشتم
تۆ بەهیچ بەجۆرێ خۆشیت نەهێشتم!
کشتی شادیمت دا بەفەنادا
پووشەکەی جەستەم بەئاگرو بادا
دولبەرمت دۆستیت هەڵکێشا لەبن
بیرت بردەوە میهرو پەیمانی
بۆ زووخ و زامم ئەبوو دەرمانی
دووریت سەرتا پای لەشی شکاندم
پێست و دەمارو ڕەگت پساندم

---

[2] لە(ع)و(ف)دا قەصیدەکە لەم شیعرەدا کۆتایی پێ دێ. ئایردان بەی تەور. تاد لەشێنی عەنبەر خاتوندایە.

[1]) ئەم هەڵبەستەش وەکو زۆر هەڵبەستی تر لە زادەی قەڵەمی مەولەوی نییە، لەزۆربەی نوسخە دەستنووسەکاندا نییە.

**هەورامی( ٤٨٢ )**

ڕەمەزان طلوع صوبح شادیشەن
شەوال شام شووم نا مرادیشەن[١-٢]
دەردینە شەوال، ئای زام سەخت ویَم
تاڵە شووم شەوال، ئای بەد بەخت ویَم[٢]
غوڕە غوڕەی ئەو صەفاش پەی غەیریَ
ئازیز قیبلەی من وەفاش پەی غەیریَ[٣]
های( مغنی )! تار حە نجەرەی وەش تەرز
وەسەر پە نجەی ناز باوەرە ئەو لەرزس

**سۆرانی( ٤٨٢ )**

ڕەمەزان، سبەی جەژن و شادییە
شەوال شەوی شووم، نامرادییە
شەوال وەی بۆ ئەو، زامی سەختی من
چارەی شوومی ئەو یا بەد بەختی من
غوڕە غوڕەی ئەو صەفای بۆ غەیریَ
ئازیز! قیبلەی من وەفای بۆ غەیریَ
( مطرب )! ها، تاری حە نجەرەی سەد تەرز
بەسەر پە نجەی ناز تۆ بیهێنە لەرز

**هەورامی( ٤٨٣ )**

من ئاسا یاد کەر جەرگەی ویەردە
یاران مەرحووم دەرد دڵ وەردە[٤]
بەو لەرەی دڵ سۆز وە جگەرەوە
مەضمون ئەوان تەکرار کەرەوە
ئاخ، من و شەوال هەردوو هام فەردیم
هەردوو گرفتار ئێش یەك دەردیم

**سۆرانی( ٤٨٣ )**

یادکە من ئاسا کۆڕی ڕابردوو
دەستەی مەحروومی خەمان دڵ بردوو
بەو لەرەی دڵسۆز بەجگەرەوە
مەضموونی پیشوو تکرار کەرەوە
ئاخ من وشەوال هاو فەردین هەردوو
گیرۆدەی ئێشی یەك دەردین هەردوو

---

(١-٢) لەسەرەتاو طلوعی یەکەم ڕۆژی مانگی شەوال، ڕەمەزان گەلێ بەختەوەرو شادمانە، چونکە ڕۆژەکە ڕۆژی ئەو نییە و بەلاّم جەژنەکە بەناوی ئەوەوە لە ناو کۆمەڵدا بەناوبانگە، واتە ئەڵێن جەژنی ڕەمەزان، نەك جەژنی شەوال، شەوالیش بەم بۆنەیەوە شەوەکەی شومەو لە نامورادیدایە و دوورە لە ئاوات و لە شادمانی، چونکە ڕۆژەکە ڕۆژی ئەوەو بەلاّم بە ناوی ڕەمەزانەوە ناوی دەرکردووە، واتە وەکو وتمان ئەڵێن جەژنی ڕەمەزان ناڵێن جەژنی شەوال. کەواتە ئەی شەوال تۆ دەردەداریو منیش –وەکوتۆ– بەدبەختم . غوڕە غوڕەی ئەوو(واتە شەوال)خۆشی و صەفای بۆ یەکێکی ترە. وە ئازیزی قیبلەی منیش وەفای بۆ یەکێکی ترەو بۆ من نییە. لەوانەیە مەبەستی مەولەوی لەمبەیتەیدا عەنبەر خاتوونی حەرەمی بێ، چونکە–بە خەیاڵی شاعیر– مەولەوی بەحێ هێشتووەو چۆتە باوەشی گۆڕەوە.

(٤) واتە ئەی (مغنی)! من ئاسایادی یارانی ڕابوردوو بکە، ئەو یارانە کە دەردو مەینەتانی دڵیان چێژاوەو سەریان ناوەتەوە.

غورەی ئەو ، قیبلەی من وەیەك تازەن
وەنابم ئێمە و کام ئەغیارەن
هەورامی ( ٤٨٤ )
بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت[١]

غورەی ئەو، قیبلەی من ناله باران
بەناو بۆ ئێمە، کامی ئەغیاران
سۆرانی( ٤٨٤ )
بێ نازە هەموو هۆکانی سواریت

---

(١) : (ع.م): (مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی بەزمانی حاجی مەحموودی یار وەیسەوە وتووە، لەلاواندنەوەی عبد الرحمانی کوڕیا بەگولەی لەدەس دەرچوو شێخ هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی تەوێڵە کوژراوە).

(٢) ئەم (عبد الرحمان) ە لاوێکی گورج و گۆڵ و ئایین پەروەرو خاوەن بەژن وبالأیەکی شەنگ و شۆخ بووە، تەمەنی لەدەوروبەری (٢٠) سالأندا بووە، بەهۆی زیرەکی هۆشیارییەو لەناو کۆڕی پیاو ماقوڵان و ناودارانداا جێگای بەرزو دیاری بووە.

(٣) ئەم کوڕە بەهەر هۆیەك بووبێت – کە پێمە نایزانین– چووە بۆ شارۆچکەی تەوێڵە، لەوێدا بەگوللەی لەدەس دەرچووی شێخ هیدایەتی کوڕەزای شێخ (سرج الدین) گیان لەدەست ئەداو ئەمرێ. لەئەنجامی ئەم کارەساتە خوێنوییەدا کۆمەڵە هاوڕێکەی دەست دەدەنە تفەنگ و بەرامبەر بە شێخان لەسەنگەردا دەوەستن، کارەساتەکە ئاڵۆزترو ناڕێك تر ئەبێ. ئینجا بەتێکۆشانی چەند پیاوێکی لێ هاتوو پیوەکانی (عبد الرحمان)دا دەمرکێننەوەو تۆزێك ئارام ئەبنەوە. هەواڵەکە ئەگاتە دەستی مەحموود یاروەیس و لەناو جافەکاندا بڵاو ئەبێتەوە، ئەوسا گەورە پیاوانی جاف لە کێشەکە ئەکۆڵنەوە، زۆربەی زۆرریان ڕایان دێتەسەر ئەوە کەبە لەشکرێکی گەورەو بەهێزەوە پەلاماری تەوێڵە بدەن وشێخ هیدایەت دەستگیر بکەن و بیکوژن، تەرمەکەی (عبد الرحمان) یش بهێننەوە. لەئەنجامی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەدا بنەماڵەی حاجی شێخ ئەحمد لەترسی جافەکان بەرەو کوردستانی ئێران ئەڕۆن و لەوێ نیشتەجێ ئەبن. کەهەواڵەکە دەگاتە مەولەوی، ئەمیش لەلایەن خۆیەوەو لەڕێگای قەڵەم ونوسینەوە هاوبەشی ئەکا، نامەیەك کەبریتی یە لەچەند پارچە شیعرێك ئەنێرێ بۆ ئەحمد یار وەیس کەنامەکەی مەولەوی ئەخوێنێتەوە و زۆر زۆر لە دڵیدا کاریگەر ئەبێ ، یەکسەر ئارامی هێمنی ڕووی تێدەکات و بەشێەی نەرمی دەکەوێتە گفتوگۆ، ئینجا لەگەڵ چەند پیاوێکی زاناو دانادا دەچن بۆ شارۆچکەی تەوێڵە، لەوێ بەهەنسدان وفرمێسکەوە دەیبەنە سەر گۆڕەکەی ،کە لەلای (شێخی سرج الدین) دا دفن کراوە، لەتەمەن دارەکانم بیستووە کەمەحموود یاروەیس وتوویەتی: ( بەهاتنی نامەکەی مەولەوی و شیعرەکانی و بەناشتنی (عبدالرحمان)ی کۆڕم لە پاڵ (شێخی سرج الدین) دا بەتەواوی دڵم ئارامی دایگرت و کڵپەی بڵێسەی لەدەرونمدا کوژایەوە)

ئەم ڕوداوە لەساڵی (١٢٩٦ك) ڕووی داوە، لەوکالتەشدا مەولەوی کوێرو نابینایە و پشتی شکاوەو لەسەر جێگای کەساسی کەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەو کەساسی و زەبونییەیدا مەردانە تێدەکۆشێت و

بێ کەیفەن ئەساس خاصەی شکاریت

بێ کەیفە هەموو هۆکەی شکاریت

**هەورامی( ٤٨٥ )**

یاوەران جەمەن، وادەی شکارەن
ئای لاڵ بام، سەدای تۆ نادیارەن
پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت
شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت[٢]

**سۆرانی ( ٤٨٥ )**

یاوەران سازن وادەی شیکارە
لاڵ بم ئای سەدای تۆ نادیارە
پەنهانە سیمای زیوین وارەکەت
شێوەی کۆتەڵە یادگارەکەت

**هەورامی( ٤٨٦ )**

خەیاڵ باڵات نە ئاینەی چەم
سەبتەن چون یادت نە دڵەی پڕ خەم
دڵ گوم بۆ یاگەش مەنزڵگەی چەمەن
چەم گوم بۆ یاگەش دڵەی پڕ خەمەن
دڵ دایم وە ویر ئەو خەیاڵ شادەن
چەم قایم مەشغوڵ نیگای ئەو یارەن

**سۆرانی( ٤٨٦ )**

خەیاڵی باڵات لە ئاوێنەی ( چەم )
وەك یادت جێگیر لە دڵەی پڕ خەم
دڵ گوم بێ جێگای نیشنگەی ( چەم )
چاو گوم بێ جێگای دڵەی پڕ خەم
دڵ بە یادی ئەو خەیاڵە شادە
چاوم سەر قاڵی نیگای ئەو یادە

---

قەڵەمەکەی دەخاتە گەڕ، لەئەنجامێکی نزیکدا دەتوانێ ئاگرەکە بکوژێنێتەوەو هیچ شتێکی دڵتەزێن روونەدا.

بەرامبەر ئەم ککۆمەڵە شیعرانە کەژمارەیان (٥٢) بەیتن پیرەمێردی خوالێخۆشبوو دوودڵەو لەگوماندایە، دەفرموێ مەسەلەکە ئەوەی نەدەهێنا کەبەو شێوەیە مەولەوی خۆی پێوە خەریك بکات. منیش گومانم نییە کەئەم شیعرانە هەڵبەستی مەولەوین، چونکە لەو نامەیەیدا (پشت بەخوا لەکۆتایی ئەم دیوانەدا دەقی نامەکەی مەولەوی بڵاو ئەکەمەوە) دەفەرموێ چەند شیعرێکم بۆناردی بۆ تەسکینی دڵە بێ خەوش و ناسکەکەی، ئەم کۆمەڵەشیعرانە لەچەند دەست نوسێکداو لە کەشکۆڵەکەی مەلا فەتاحی کاگردەڵیدا وەکو یەك قەصیدەو بەیەك پارچە نوسراوەتەوە، لەهەندێ تردا بە سێ پارچە نوسراوەتەوە، بەڕێز(ع.م) بە (٦) پارچە بڵاو کردۆتەوە. منیش لەم دیوانەدا وەکو (ع.م) یەك بەدوای یەکدا بڵاویان ئەکەمەوە.

[٢] ع.م((سیما:ڕوخسار. سیمین وار: زیوین ڕەنگ. کۆتەڵ: لەهەندێ ناوچەی کوردستانا، کە پیاو ماقوڵێك ئەمرێ، بەدرێژایی ڕۆژانی پرسەکەی جاەکانی ئەکەن لە ماینێك یان ئەیکەنە بەری قەوارەیەکی دارو سواری ماینەکەی ئەکەن، هەروەها تفەنگ و فیشەك لۆخەکەیشی ئەکەن بەکەڵپۆزیدا، وە ماینەکە ئەگێڕن بە ناو پرسەکەرەکانا و ئەیلاوێننەوە. ئەم پێی ئەڵێن کۆتەڵ. واتە: شێوە جوانەکەت کەوەك شووشی زیو سپی بوو.. وەتەنیا کۆتەڵ بەیادگار ماوە لە شوێنتا).

**هەورامی( ٤٨٧ )**

پەردەی سەبووریم دڕیا ، ڕۆڵە ڕۆ
ڕیشەی جەرگەکەم بڕیا، ڕۆڵە ڕۆ
وەناکام هیجرەت کەردەم، ڕۆڵە ڕۆ
داخان گشت وەخاك بەردەم ، ڕۆڵە ڕۆ
خان ومان خامۆش بێتۆ، ڕۆڵە ڕۆ
ئەطفالان مەدهۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
تەڵمێت سیا پۆش بێ تۆ،ڕۆڵە ڕۆ
خاتوونان بی هۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ[٥]
کام وەصفت خەیاڵ ، کام شێوەت یادکەم؟
پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم؟

**هەورامی( ٤٨٨ )**

پەی عەقیدەو دین موسڵمانیت، داد !
پەی شێوەی شیرین ئەو جوانیت، داد !
پەی ئەو عەقڵ وفام وهۆشیاریت، داد !
پەی خۆش نیگاری و خۆش ڕەفتاریت، داد !
فەریاد پەی ئیخلاص، ئاخ پەی جوانیت
پەی ئاغەی دنیا و پەی ئاغەی دینیت
هەرکەس دیم — دیدەم !- مەیل تۆ پێش بی
کێ بێ ، کێ جەتۆ خاترش ڕیش بی
فەڵەك جەرگش دەن وە مەودای چڵدا
کام خاتر ڕێشیش بی ئەتۆی دڵدا ؟
دەورش وەی تەورە ئەی جەورە ئاوەرد
من حەسرەتمەند کەرد ، تۆ بەودەردە بەرد

**سۆرانی( ٤٨٧ )**

بەرگی سەبووریم دڕا، ڕۆڵە ڕۆ
ڕیشەی جەرگەکەم بڕا ، ڕۆڵە ڕۆ
بەناکام تۆ کۆچ کردەم، ڕۆڵە ڕۆ
داخان گشت بە خاك بردەم، ڕۆڵە ڕۆ
خاتونان خامۆش بێ تۆ ، ڕۆڵە ڕۆ
منداڵان مەدهۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
تەڵمیتت ڕەش پۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
خاتوونان بێ هۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
کام وەصفت خەیاڵ کام شێوەت یاد کەم؟
بۆ کام ڕەوشتت دادو فەریاد کەم؟

**سۆرانی( ٤٨٨ )**

بۆ بڕوای دینی و موسڵمانیت داد
بۆ شێوەی شەنگی ئەو جوانیت داد
بۆ عەقڵ و فامی هوشیاریت داد
بۆ خۆش نیگاری و خۆش ڕەفتاریت داد
هاوار ! بۆ ئیخلاص ، ئاخ بۆ جوانیت
بۆ گەورەی دنیا و هەم گەورەی دینیت
کێم دی - دیدەکەم ! —مەیلی تۆی پی بوو
کێ بوو کێ لەتۆ دڵی کرمێ بوو؟
گەردوون جەرگی دەن بە تیژی چڵدا
کام ئێشێکی بوو ئەو لە تۆیی دڵدا؟
دەوری بەم جۆرە ئەم جەورەی هاورد
حەسرەت دا بەمن ، تۆی بەو دەردە برد

---

[٥] ع.م : ( تەڵمێت: ئەو بارگەو بنەیەیە کە کۆچەرییەکان ئەیبەن بۆ کوێستان..) واتە تەڵمیتی ئەم ساڵمان بێ تۆ ڕەش پۆشە..

**هەورامی( ٤٨٩ )**

نەنەی خانەی تەن ئایر هۆریزان[١]
پزیسکەی چەخماخ کام شەشخان خێزان؟[٢]
کام دوودمن ڕووی دڵ باز هەم پۆشاوەۀ
کام هوونەن دەروون دیسان نۆشاوە؟[٣]
مەسرەف خەزانەی دەرد پەنهانی!
خەم هۆشت بەردەن مەر نمە زانی؟
شەرارەی تفەنگ بەخت چارەی تۆن
دوودی هوون زام جگەر پارەی تۆن
جەستەت سۆچنا دڵ هانە تەمدا
نەدەروون جام جام هوون دان وەهەمدا
کوورەی دڵ گەرمەی جۆش سەختەن
پەی فێنکی دڵ شیوەن وەختشەن[٥]

**سۆرانی( ٤٨٩ )**

لە زەلخانەی تەن ئاگر سانێ بوو
پزیسکەی گوللەی چ شەشخانێ بوو
دڵ کام دووکەڵ بوو ڕووی پۆشایەوە
کام خوێن بوو دەروون هەم نۆشایەوە
میری خەزێنەی دەردی پەنهانی!
خەم هۆشی بردی، مەگەر نازانی؟
کلپەی تفەنگی بەختی چارەت بوو
دوکەڵی خوێنی جگەر پارەت بوو
جەستەی سوتانی دڵ والە تەمدا
لەدەروون جام جام خوێن دای بەهەمدا
گەرمی کوورەی دڵ جۆشی سەختێتی
بۆ فێنکی دڵ شیوەن وەختێتی

**هەورامی( ٤٩٠ )**

کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بدۆ[١]
وە گەرمیا نمدا بدیۆ وەبی تۆ
کۆن ئەو چەم بێ تۆ بەو ڕەنگ دڵشاد بۆ
سەیر مەنزڵگەی نێلاخش یاد بۆ
داخ پەی تۆ چ تەور بێ ڕەحمی کریان

**سۆرانی( ٤٩٠ )**

کوا ئەو دڵ دیدەی بەرایی بدا ؟
بێ تۆ بڕوانێ بە گەرمیاندا
کوا چاوێ بێ تۆ کەوا دڵشاد بێ؟
سەیری نشینگەی کوێستانی یاد بێ!
داخ بۆتۆ کەوا بێ ڕەحمی کرا

---

[١] یەکێکە لە و چەند قەصیدەیە کە بۆ مەحمود یاروەیسی نوسیوە، بەهۆی کوشتنی (عبد الرحمان) ی کوڕیەوە.

[٢] نەی خانە: خانوویەکە لە قامیش پێکهاتبێت، شەشخان: جۆرە تفەنگێکی کۆنە. ع.م: (واتە : ئاگر بەر بۆتە زنجی لەشم، نازانم پزیسکەکەی چەخماخەی کام تفەنگی شەشخانێ بەرز بۆتەوەو ئەم ئاگرەی تێ بەرداوەۀ).

[٣] واتە : کام دووکەڵ بوو کە ڕووی دڵمی دیسان پۆشایەوە.

[٥] ئەم شیعرە بۆ ئەوە ئەیەنێ کە قەصیدەی دوای ئەم قەصیدەیە بەشێك بێت لەم قەصیدەیە، چونکە ئەڵێ: شیوەن وەختێتی.

[١] قەصیدەیەکی ترە لەو قەصیدانەی کە بۆ مەحموود یاروەیس نوسراوە.

ئێلاق پەی ئێلاخ باز ئیزنش دەریان!
هەوای وەر کاروان چەنی تۆ وەش بی
سەدای شەتاوان چەنی تۆ وەش بی
تای چینی چنوور پای تاف بەفراو
هەر تۆ مەکەفت نەدەورەی کلاو[٢]
هەر گوڵ پەی دەماخ بۆ عەنبەرین بی
دەستش هەروەدەس تۆوە شیرین بی[٣]
ئیسە کێن پەی سەیر دڵ نە ئاهەنگ بۆ؟
وەبێ تۆ –دیدەم !– مەر دڵ جەسەنگ بۆ

بۆچی بۆکوێستان خێڵ ئیزن درا؟
هەوای پێی کاوان لەگەڵ تۆ خۆش بوو
هاژەی شەتاوان لەگەڵ تۆ خۆش بوو
پەلی چنووری پێی تافی بەفراو
هەرلە تۆ ئەهات لە دەوری کلاو
کام گوڵ بۆ دەماخ بۆی عەنبەرین بوو؟
چەپکی بە دەستی تۆوە شیرین بوو
کێ ئێستا دڵی رووی لە ئاهەنگە
بێ تۆ – دیدەم! – دڵی لەسەنگە

هەورامی(٤٩١)

کالای ماتەمیت پەی عالەم سەندەن
دەشتان گشت زیندان هەر بەندان بەندەن[٤]
هەوارگە ماتەم، گوزەرگە بێ رەنگ
شۆخەکەم پڕ خەم، سەیرانگە دڵ تەنگ
خوێشان پەرێشان پەلاس نەگەردەن
توخوا بازە شان چون تۆشا مەردەن[٥]
بێ تۆ کارو بار بەر تەرەف مەندەن
سەر کار پاشا بێ مەسرەف مەندەن[٦]
بەزم هام فەردان بێ زەوقەن بێ تۆ

سۆرانی(٤٩١)

بۆ دنیا کالای ماتەمینیت سەند
دەشت ودەر ماتەم ئەسپەکان پابەند
هەوارگە ماتەم، گوزەرگە بێ رەنگ
شوێنەکەم پڕخەم، سەیرانگە دڵ تەنگ
خوێشان وا خۆیان رەش پۆش کردووە
وازیان لێ بێنە تۆ یان مردووە
بێ تۆ کارو بار پەرش و بڵاوە
سەرکاری پاشا بێ مەسرەف ماوە
بەزمی هاو فەردان بێ زەوقە بێ تۆ

---

[٢] کلاو : کلاوی سەر یا لوتکەی بەرزی چیاو شاخ. واتە هەر لە تۆ جوانبوو لەبەرزاییەکاندا و لەداوێنی بەفراوەکاندا تاڵ تاڵ چنوورت بەکار ئەهێنا، وەیا ئەتکرد بە کلاوەکەتدا.

[٣] لە ئەصلەکەدا وشەی(دستش) مەریوانی: دەستەش: واتە چەپکی دەستەی گوڵ بە دەستی تۆوە جوان بوو، وەیا دەستی بە دەستی تۆوە شیرین بوو.

[٤] هەر بەندان. (ف) هەربەندەن. واتە دەشت و چیاکان وەك زیندانن و کەس پیایاندا ناگەڕێ، (ع.م)((دەرگای تەوێڵەی وڵاخەکان داخراوە کەس ناچێ بۆ ڕاو))

[٥] پەلاس: تەنراوێکە تانو پۆکەی مووە، زۆرجار هەژاران لەبەری ئەکەن، وەیا لە کاتی سەرما دا وەکو لێفەئەیاندەن بە خۆیاندا.

[٦] بەم بەیتە ئاماژە ئەکا کە یاروەیس خەزنەداری مەحموود پاشا بووە.

ئەزم هام دەردان بێ شەوقەن بێ تۆ
پات وەتۆی پەردەی پێواری کێشان
جەکام هام دەمێ خاترت ئێشان؟[٧]

ئەزمی هاو دەردان بێ شەوقە بێ تۆ
پێت بە تونی پەردەی خاك و خۆڵ کێشا
لە کام هاو فەردێ تۆ دڵت ئێشا؟

هەورامی(٤٩٢)

تۆ ئەی کۆچدا کاروێت مەحکەم کەردەن[١]
بەڵام ڕیشەی من جە بێخ ئاوەردەن[٢]
تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێباکی
من زیندەی مەردەی دەشت خەمناکی
تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی
من پا بەستەی بەند ئەی دنیای فانی[٣]
تۆ لوای بەو ئەجر سەختی زامەوە
من پەرێ حەسرەت دووریت مامەوە
پەی تۆ ڕاحەت بۆ، پەرێ من زامەت
هەر شەو ڕۆ ڕۆ بۆ تا ڕۆی قیامەت[٤]

سۆرانی(٤٩٢)

تۆ لەم کۆچەت دا کارت کرد مەحکەم
بەڵام دەمارت هەڵکێشا کەم کەم
تۆ مردوی شەهید، زیندوی بێباکی
من زیندووی مردووی دەشتی خەمناکی
ئازادی تۆ بۆ جێی جاویدانی
من بەستەی بەندی ئەم دنیای فانی
تۆ چویت بە ئەجری سەختی زامەوە
من بۆ حەسرەتی دووریت مامەوە
بۆ تۆ ئیسراحەت ، بۆ من نەدامەت
هەموو شەو ڕۆ ڕۆ هەتا قیامەت

هەورامی(٤٩٣)

ئای کێ بی هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد؟[١]
بەختش بە گەشت بۆ هۆشم وەحشی کەرد
مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهاندا
چون ئیسم ( رحیم ) وە شۆن ( رحمان ) دا [٢]

سۆرانی(٤٩٣)

ئای کێ هەواڵی مردنتی پێدام
بەختی وەرگەڕێ ژیانی تێکدام
ڕوانی بە دواتا دڵ لە پەنهاندا
وەك ئیسمی( رحیم ) بەدووی( رحمان )دا

---

[٧] پێوار: ژێر خاك. مەبەست لەوشەی (پاشا) مەحمود پاشای جافە . واتە بەبێ تۆ هەموو کارو بارێکی دەوڵەت تێکچووەو شیرازەی پچڕاوە، وە مەحموود پاشاش بەم بۆنەیەوە ئابورییەکەی کز بووە.

[١] یەکێکە لەو قەصیدانە کە بۆ (عبد الرحمان) یکوڕی مەحمود یاروەیس وتراوە.

[٢] کۆچدا: (ف): کۆچەدا. لە(ف) دا وشەی(مەحکەم) نییە.

[٣] جاویدانی: هەمیشەیی ونەبڕاوە، بەند: زیندان.

[٤] پرێ من زامەت، (ف) : پەی من نەدامەت.

[١] یەکێکە لەو هەڵبەستانەی کە بە هۆی کوشتنی (عبدالرحمان) ی مەحمود یاروەیسەوە وتراوە.

| | |
|---|---|
| کۆترەکەی ئازاد حەریم دڵ بیت | کۆتری ئازادی حەریمی دڵ بووی |
| دانەی مۆبەت چین پەی وێت غافڵ بیت[٣] | دانەی ئەوینت ئەچنی و غافڵ بووی |
| صەییاد چە پگەرد ئاخر فرسەت سەند | صەییادی چە پگەرد لە ناکاو بێ سڵ |
| ناکاو دوور ئەنداز دووریت وە دڵ شەند | دوورەنداز تیری دووری دا لە دڵ |
| هالاّی کزەی زام جگەر کۆشەی وێم | وا کزەی زامی تاقانەی خەستم |
| موو ئاسا ئایر هەر پێچ مەدا پێم[٤] | موو ئاسا ئاگر پێچ ئەدا جەستەم |
| **هەورامی(٤٩٤)** | **سۆرانی(٤٩٤)** |
| ئێش زام سەخت تۆ یچ ئاما پێشدا | زامانی خەستی تۆشی هاتە پاڵ |
| هەر ئێشەن مدیەی کەوتەن وەئێشدا | سەیرە ، هەر ئێشە بەسەر ئێشا زاڵ |
| وێت تەنیا ئەیاز مەحموود نەزانی | ئەیازی مەحموود تۆ نیت بە تەنیا |
| من شەیدا تەربیم پەرێت پەنهانی | من شەیدای ترم بۆتۆ لەم دنیا |
| بەلاّم با جەتیر بەلاّی قەزاوە | بەلاّم بۆ تیری بەلاّی قەزاوە |
| پاڵ دەیم وە قوللەی قەلاّی رزاوە | پاڵ دەین بە لوتکەی قەلاّی رمزاوە |
| تا بدۆ صەفای بێگانەو خوێشەن | تا بیدا صەفای هەموان و تۆیە |
| هەر وەختێ بەرۆ باز ماڵ وێشەن | بیشی باتەوە ئارەزووی خۆیە |
| **هەورامی(٤٩٥)** | **سۆرانی(٤٩٥)** |
| ئێمە گشت فانی، هەرئەوەن باقی[١] | ئێمە گشت فانی و هەر ئەو باقی |

---

(٢) اسم، (ف) : ڕەسم. (ع.م) ((واتە: وەك چۆن ناوی (رحیم) لە(بسم الله الرحمن الرحیم)دا ئەڕوانێ بە دوای (رحمان)دا . ئەم شیعرە نەزاکەتێکی جوانی تێدایە، چونکە مەولەوی خۆی ناوی(عبد الرحیم) بووە، وەئەو کەسەش کە ئەم پارچە شیعرەی بەسەردا هەڵداوە ناوی (عبد الرحمان) بووە.

(٣) ع.م: (حەریم ئەرزی حەرام، دانە: دەنکە گەنم و شتی وا، مۆبەت: محبت، خۆشەویستی. واتە :تۆ کۆترێکی سەربەست بووی لە ئەرزی حەرامی دڵدا.. بۆ خۆت چینەت ئەکرد..،مەولەوی تەشبیهی دڵی خۆی کردووە بە ئەرزی حەرام کە ەمەکەو دەورووپشتییەتی، چون لەوێ باڵدار .. بە ئازادی ئەسوڕێنەوەو چینە ئەکەن.. دڵیشی وەك ئەرزی حەرام وایە، لە یار بەولاوە جێگای کەسی تری تیا نابێتەوە، وە هەر ئەو ئەتوانێ بەسەر بەستی چینەی دانەی خۆشەویستی تیا بکا)).

(٤) ئەم شیعرە ئەوە ئەگەیەنێ کەلەو کاتەدا شێخ محەمەدی کوڕی مردووە، ع.م: (وادیارە مەولەوی خۆشی لەو ڕۆژانەدا منالێکی مردبێ).

(١) بۆ مردنی (عبدالرحمان) مەحموود پارەیس وتراوە.

| | |
|---|---|
| ئازوون وه بازووی پڕ ئەیرووی ساقی | بنازمە بازووی پڕ هێزی ساقی |
| خەلاصیش دا پێت وه یەك پەیمانە | ڕزگاری کردی بەیەك پەیمانە |
| ئازاد بیت جە بەند بەستەی پەیمانە[٢] | ئازاد لە بەندی بەستەی زەمانە |
| عارفان چ خاس پەی وه حەق بەردەن | عارفان زۆر چاك حەقیان ناسیوە |
| وەصیت( حافظ ) وه جا ئاوەردەن | وەسیەتی ( حافظ )بەجێ هێنراوە |
| دفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن | بوو بە جێی دفنت گۆشەی مەیخانەی |
| وه سەر خاکت دا سەبووی مەی مەڕدەن | بەسەر خاکت ڕشتی کوپەی مەی |
| قەڵەم یاد کردار یارو ئەغیاردا | قەڵەم لە یادی یارو ئەغیاردا |
| ڕەقەم کەرد تەئریخ وه ڕووی مەزاردا | تەئریخی نووسی لە ڕووی مەزاردا |
| جامێش نۆ شاوە چون مەرد ویەرد | جامێکی نۆشی ، مەردان ئاسا مرد |
| ( گۆشەی مەیخانە ومزاویە کەرد )[٣] | ( گۆشەی مەیخانە وه زاویە کرد ) |
| **هەورامی( ٤٩٦ )** | **سۆرانی( ٤٩٦ )** |
| دەرمان زامان دەردەکەی کاریم ![١] | دەرمانی زامی !دەردەکەی کاریم |
| هام ڕاز نالەی شەوان بێداریم ![٢] | هاو ڕازی نالەی شەوی بێداریم! |
| ڕاحەتی جەستەی مەینەت بارەکەم! | فەڕ بەخشی جەستەی مەینەت بارەکەم ! |
| تەسکینی دڵەی پڕ جە خارەکەم! | تەسکینی دڵەی پڕ جە خارەکەم![١] |

---

[٢] پەیمانەی یەکەم(ع.م): (پیاڵەی شەرابی مەرگ). پەیمانەی دووەم: زەمانە

[٣] ئەم نیوە شیعری دووەمە بە ئیملای کۆنی کوردی( گۆشە میخانە و زاویە کرد) بەپێی پیتی ئەبجەدی ئەکاتە ١٢٩٦ بە مێژووی کۆچی، (ع.م) بەکورتی. کۆی لاواندنەوەکە(٦١)بەیتەو مامۆستا عبدالکریمی مدرس ئەم (٦١) بەیتەی لە(٧) پارچەی سەربەخۆدا نووسیونی. لە زۆربەی دەستنوسەکاندا بەیەك پارچە نووسراونەتەوە، لە نامەیەکی پەخشان ئامێزی مەولەوی کە بۆ مەحموود یاروەیسی نوسیوە، ئەفەرموێ: (چەند شیعرێکم بۆ ناردی.

[١] بۆ دۆستێکی نوسیوە ك دیاری ناردووە بۆ مەولەوی، وەکو(ع.م) ئەفەرموی: دور نییە ئەو دۆستەی مەولەوی شێخی سیراجەدین بووبێت.

[٢] ڕووی وتەی ئەکاتە دۆستەکەی و ئەڵێ: ئەی کەسێکی ئەو تۆ کە تۆ دەرمانی منی.. هام ڕازی منی، ڕاحەتی جەستەی منی، تەسکینی دڵەی منی.(ف): خطابة. واتە : مەولەوی ڕوو ئەکاتە دۆستەکەیو ئەی دوێنێ

[١] خار : دڕك، وەیا پڕ لە زووخاوەکەم

نامەو هەدییەی دۆستانەت یاوا
تەصدیعت کێشا خەیلێماڵ ئاوا
رەویەی بوزرگیت وە جا ئاومردەن
غەریب نەوازیت وە پیشە کەردەن
بەلام بینایيم ! من دۆس گیانم
نەك چون بێ شەرتان ئانی و زوبانیم
دڵم وە مۆبەت مەیل تۆ شادەن
ئەی تەعارفە جلام زیادەن

دیاری ونامەی دۆستانەت (یاوا)
زەحمەتت کێشا گەلێ ماڵ ئاوا[٤]
رەویەی گەورەییت هەر پیشەی زووتە
غەریب نەوازی خووی ئارەزووتە
بەلام بینایيم! من دۆستی گیانیم
نەك سپڵە ئاسا ئانی و زوبانیم
دڵم بە میهرو مەیلی تۆ شادە
ئەم خۆ ناسینەم لەلا زیادە

**هەورامی(٤٩٧)**

خصووص من صەرعی و لێومو وێڵ تۆم
سەودایی خەمبار ئەرا گێڵ تۆم[٥]
پەی تۆ خاترم پڕ ئێش و خارەن
پەی تۆ زیندەگیم چون ژار مارەن
دەروونم دایم جە هوون کەیل تۆن
حەیاتم وەشەوق هەوای مەیل تۆن
هەرگا دیم وەچەم شێوەی باڵاکەت
بۆ سام خاك و پاو گەرد پاڵاکەت
ئانە گرد مایەی کامەرانیمەن
ئانە گرد وەشی و شاد مانیمەن
وەرنە ئیسە من هوون دڵ وەردە
قامەت سەنگی بار خەمان خەم کەردە
دەروون وە مەودای دووریت بییەن رێش

**سۆرانی(٤٩٧)**

بەتایبەت منی صەرعی و وێلی تۆ
سوتاو خەمبار ئەراگێڵێ تۆ[٥]
بۆ تۆ دڵم پڕ ئێش و خارە
بۆ تۆ من ژینم وەك ژاری مارە
دڵ کەیلی خوێنی ئێستاو زووی تۆیە
ژینم بە شەقی ئارەزووی تۆیە
کەی دیم من بەچاو شێوەی باڵای تۆ
ماچ ئەکەم گەردی پاکی پێڵاوی تۆ
ئەوە گشت مایەی کامەرانیمە
ئەوە گشت خۆشی و شادمانیمە
ئەینا من ئێستا خوێنی دڵ خواردوو
باری قورسی خەم قامەت خەم کردوو
بەم جەستەی خەستەو دڵەی بیما ری

---

[٤] یاوا: گەشت
[٥] (ع.م): (صەرعی: فێدار. لێوە: کەف چەرێن. ئەراگێڵ: بەدوادا گەڕاو..لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
سەودای ئەراگێڵ لە عل لیل تۆم
واتە: ئەخۆش کەوتووی گەڕانم بە دوای لەعلی لیلی لێوی تۆدا)
[٥] خەم: چەماوە، کوماوە.

هەی خاکم وەسەر سەوقاتم پەی چێش

هەی خاکم بەسەر بۆ چیمە دیاری؟

**هەورامی( ٤٩٨ )**

هەرچەند هیجرانت پەند زۆر ئاوەردەن
عەزرائیل جەرەنج سەر ئازاد کەردەن[١]
بەلام دەردێو تەر جا گرتەن نەدڵ
نەك چون ئیفتەر دەرد دڵ پێش مدۆ چڵ:[٢]
داخۆم جە تە نخوای دووی سفتەکەی وێت
چێش بۆ وەسەیوان شەو تا رۆ پەرێت؟[٣]
نەجیاتی موژەی سفتەی بالاکەت
چێش بۆ وە جارووی گەرد بالا کەت؟[٤]

**سۆرانی( ٤٩٨ )**

دووریت هەر چەندە کردوومی زەلیل
هیچ پێویست ناکەم من بە عەزرائیل[١]
بەلام دەردی تر جێگیر بوو لە دڵ
نەك وەك دەردێ تر دڵ پێی نەدا چڵ
لە جێی دوو کەڵی جەستەم کێ ئاخۆ
چی بی سێبەر بێ بە رۆژا بۆ تۆ
لە جێی برژانگی سوو تووی بالاکەت
چی بێ بە گسکی گەردی پێلاکەت؟

**هەورامی( ٤٩٩ )**

یا یا چون مەینای دیدەم! نەدیدەم
ئازار بێ پەرێش موژەی نمیدەم[٥]

**سۆرانی( ٤٩٩ )**

کە پێت نەختە سەر دیدەم –دیدەم -!
ئازاری نەدا مژەی نمیدەم

---

[١] –(٤) واتە دووریت بە شێوەیەك لە ڕوولاوازی کردووم پێویست بەهاتنی عەزرائیل ناکا بێ بۆ گیان کێشانم، ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە و خەمی بۆ ناخۆم ، بەلام دەردێکی تر لە دڵمدایە کە دڵ پێی ئەتلێتەوەو لە هیچ دەردێکی تر ناچێت ، لەشیعرەکانی دواوەوەدا ئامارە ئەکا بۆ ئەو دەردانەی کە توشی بوون، ئەویش ئەمەیە: ئاخۆ لە جیاتی دووکەڵی ئەم لەشە سووتاوەم بۆ تۆ پیی تر ببێت بە سێبەری بالاکەت ؟ وە لە جیاتی براژانگم چی ببێتە گسك و تۆزی پێلاوەکەت بماڵێ؟

[١] ئەم قەصیدەیە پڕە لە ئیخلاص وسۆزو میهرەبانی بۆ دۆستەکەی ، وە لە هەمان کاتدا پڕە لە ووردە کاری.

[٥] –(٦) ع.م: ((یاچون مەنیای . ڕاستەمەی یایا چون..تادوایی. ع.م: نم دیدەم لە جیاتی نمیدەم. هەردووکیان یەك مەعنایان هەیە. واتە کەپێت ئەنایە سەر چاوم، برژانگە تەڕەکانم ئازاریان بە پێت ئەگەیاند. دەك عومرم وەك وەصڵی بالات تەواو بێ، دوای من چیی تر ببێ بە ئازار بۆی و کام بێ؟
بشۆ پێش،(ف): بشیۆ پێش. (ع.م): (( واتەچاوەکەم کاتێك کە پێ ناسکەکانت ئەنایە سەرچاوم، برژانگە تەڕەکانم ئازاریان پێ ئەگەیاندی، واتە دەك عومرم وەك وەصڵی بالات نەمێنێ، پاش مردنی من ئەبێ چی بێ بەسەریا بڕۆیت و ئازار بە پێت بگەیەنێ؟)

دەك عومرم چون وەصلْ بالآت تەمام بۆ
چێوبێ ئازار بۆبشۆ   پێش كام بۆ ؟[٦]
روویێچون سەرچەم ئازش مەوج مەوەرد
جەساى دیاى چەم دلْ مەگرتش گەرد
هەی رۆ سانیسە چەنی مەویارۆ
چێش بۆ گەرد نە دۆو نیگاش بدارۆ
ئاخ مەیل تازەن پاسە كەردەن پێت
وەرنە كزەی دلْ سانە شنفتە بێت

دەك وێنەی وەصلْت عومرم تەمام بێ
چی بچێ بە پێیاو ئازار بێ و كام بێ؟
رووێێ بجۆشێ نازی وەك سەر چەم
دلْی گەرد نەگرێ بە ڕوانینی( چەم )
هەی ڕۆ ئێستا چۆن ئەژێ وئەسازێ
دلْی گەرد نەگرێ و بیشی پارێزێ
مەیلی تازەت بوو لە من ئەكەی سلْ
ئەینا چۆن ئەتدی كزەو چزەی دلْ؟

هەورامی( ٥٠٠ )

منت شی جە یاد خاست كەرد دیدەم !
بەوێت خاتر شاد خاست كەرد دیدەم[٧]
ساهەر سۆزەی جۆش ئاه سەرد من
هەر كوورەی پڕ تاو گەرم دەرد من[٨]
هەر وەفای دەمدەم ئاشنایی ئەو
هەر ئەو عەهد وشەرت روو بە رایی ئەو[٩]
های ڕەحمەت ئەو قەبر سەودایی كامڵ
سەر مەشق مەینەت ( بێساران )مەنزلْ:
(( یانە وێرانی هەر وە من ئامان
مەتاوو گرتەی كە سێوی دامان ))

سۆرانی( ٥٠٠ )

منت چو لە یاد باشت كرد دیدەم!
هەر خۆت دلْشاد باشت كرد دیدەم!
ها، سۆزەی جۆشی ئاهی سەردی من
هەر كوورەی پڕ تاو گەرمی دەردی من
هەر وەفای تازەی ئاشنایی ئەو
هەر ئەو پەیمانەی ڕۆشنایی ئەو
ڕەحمەت لەگۆڕی دلْداری كامڵ
سەرمەشقی مەینەت ( بێساران ) مەنزلْ
(( خۆ مالْ وێرانی هەر بۆ منەو بەس
ناتوانم بگرم داوێنی هیچ كەس ))

هەورامی( ٥٠١ )

ئێحیا نەبوون؟، سانە شوون مەردەن؟ [١]

سۆرانی( ٥٠١ )

چۆن ئەژیامەوە؟ چۆن من ئەمردم؟

---

[٧]-(٩) بەم چەند بەیتەدا وا دەرئەكەوی كە ئەو دۆستە تا ڕادەییك مەولەوی خستۆتە گوێو لە یادی چووبێت. پەنا بە خوای ئاسمان وزەوی ئەم قەصیدەیە چەند تەڕو چاراوەو دلْگیرە، چەند بەسۆزو جۆش و خرۆشە.

[١] دۆستێكی مەولەوی نامەیەكی گلەیی ئامێز ئەنێرێ بۆی ، مەولەویش بەم نامەیە وەلامی ئەداتەوە.

نامەکەش ئامان، گللەیش کەردەن[٢]
قاصید: شۆ وەلای ئەو ئەو ئەمامە
چون یا وای پێش دمر ئەی جواو نامە:
جەو ئەشکە نجەبین دەس سروشتەکەت
یانێ: نامەکەی زێبا و زوشتەکەت[٣]
بیمارەکەی دڵ جام جام وەردەوە
تاڵیسەفرای دەرد دووریش بەردەوە[٤]
فەرمابێت بەلفظ شەکەر ڕازاوە
گا جەڕووی عیتاب گاوە نازەوە:
((ئەوەخت هیجران و یداعت فاما،
ئەوە شەماڵدا پەیامت ئاما))

<u>هەورامی(٥٠٢)</u>

دەیسا هۆ ڕێزە، خەمیارەکەی ویم!
بۆ شاد بەر وە دین دیدارەکەی ویم
تۆ تیرەکەی وێت، وە زامداری ویم
تۆ بێباکی وێت بوردە باری ویم

نامەکەی هات و، عیتابی کردم!
قاصید! بڕۆی لای ئەو ئەو ئەمانەم
وەك هاتی ئاواش وەڵامی نامەم
ئالەودەرمانی دەستی نورینت
یەعن! نامەکەی ترش و شیرینت
خەستەی دڵ جام جام گشتی خواردەوە
تاڵی سەفراکەی دووریی بردەوە
فەرموو بەلەفظی شەکر ڕازەوە
جارێ بە عیتاب یا بەنازەوە
((نە ڕۆژی ویداع خەبەرت دامێ
نەبە شەماڵدا ناردت پەیامێ))

<u>سۆرانی(٥٠٢)</u>

دەهەستە سادەی خەمیارەکەی خۆم
شاد بە بە دینی دیدارەکەی خۆم
تۆ ئەو تیرەی تۆ، ئەو زامداری من
تۆ بێباکی تۆو بوردە باری من

---

[٢] واتە: چۆن زیندوو نەبمەوە؟ وەیاچۆن من نەمرم؟ نامەی هاتووە، گلەیی لێ کردووم. ئەم (لف و نشر) ی (مرتب) ی تیایە، یەکەم بۆ یەکەم و دووەم بۆ دووەم؛ چۆن زیندوو نەبمەوە کە نامەی بۆ ناردوم، وەچۆن من نەمرم کە گلەیی لێ کردووم. کەواتە بەیتەکە ئاوایە: ئیحیانەبوون؟ نامەکەش ئامان، سانەشوون مەردەن، گلەیش کەردەن.

[٣] لە ئەصڵەکەدا ئەسکەنجەبین هاتووە، دەرمانێکی کۆنە، ترش و شیرینە بۆ لابردنی سەفرا بەکار هێنراوە، لە گۆڕینەکەدا لە جیاتی ئەم وشەیە وشەی دەرمانم بەکارهێنا. واتە وەك چۆن ئەو ئەشکەنجەبینە ترش و شیرینە هەروەها نامەکەشت زێبا و زوشتە واتە تاڵ و شیرینە.

[٤] لە بەیتی چوارەمدا لەنوسخەکەی (ع.م)دا نوسراوە(بەبادەکەی وێت تاد)، مامۆستا ع.م بەسەر وشەی (بەبادەکەی وێت..) دا تێئەپەڕێ و لەپەراوێزیشدا ئامازە ناکا بۆ مەعناکەی.((بادە))بەمە عنا کاسەی مەیە. لەکوردستانی ئەردەڵاندا بەقاپ و جامی گەورە ئەڵێن بادەیە، بەڵام دالەکەی بەزماندا نایە بابیەکەی قوپاوە. واتە : من بەکاسەی خۆت ئەو دەرمانەم جام جام خواردەوە و سەفراکەی دووری نەهێشتم

ئەو وەختە پای كاو هەردڵ تەم بۆ
ئەساسەی دووری ئازیزان جەم بۆ
چۆن ئەبڕیۆ تای ڕشتەی سەبووری؟
گۆش چون وێش مدۆ وەقسەی دووری؟
زوان چۆن تاقەت هیممەت وازیشەن؟
دیدە چۆن تاقەت شۆن دیایشەن؟
گێج مدۆ دەروون چەنی نێش، ئامان
بەڵام هەی سەر خێڵ! ئەو تۆڵ نەمامان!
چۆن یارای ئەفەس بەراوەردەمەن؟
سۆزش وە شەماڵ ڕەوان كەردەمەن؟

هەورامی( ٥٠٣ )

كاتێ داوێنی هەردی دڵ تەم بێ
كەرەستەی دووری ئازیزان جەم بێ
چۆن نەقرتێ تای ڕشتەی سەبووری؟
گوێ چۆن شل نەبێ بۆ ڕازی دووری؟
زوبان چۆن توانای ماڵ ئاواییە؟
چاو چۆن تاقەتی نیگای دواییە؟
دڵ بە ئێشەو گێژ ئەخوا ئامان
بەڵام هەی سەر خێڵ خەڵفە نەمامان
نیمە توانای هات و چۆی ئەفەس
بەبای شەماڵدا سۆزی دڵ بۆ كەس

سۆرانی( ٥٠٣ )

مە ترسوو جە حفظ تەقریر ئەحواڵ
سۆ چۆ خەزانەی خەیاڵ شەماڵ
من خۆ شەو ڕۆژ ئارەزووی تۆمەن
چەرێ دیدەنت ئەزرو فتۆ مەن
بەڵام یەن وەیاد باڵاكەی تۆوە
دەورم دان وە دەو ڕسارا و سەركۆوە
بۆی باڵات هەرزان وە دەشت دەردان
ئەمەز ڕای لای تۆم وەمكام گوزەردان
گلەیی وەی تەور، حاڵەت وەی ئەسەق
دوور بچیت وەی ڕەنگ، خودا تۆ وەحەق

هەورامی( ٥٠٤ )

ترسام بە( حفظ ) ی تەقریری ئەحواڵ
بسوتێ خەزنەی خەیاڵی شەماڵ
من خۆ شەو ڕۆژ ئارەزووی تۆمە
بۆ بینینی تۆ ئەزرو فتۆ مە
بەڵام بەیادی باڵاكەی تۆوە
گەڕام بەدەوری ساراو سەر كۆوە
بۆی باڵات هەرزان بە دەشت و دەردا
ڕێی تۆم نەزانی لە كام گوزەردا
گلەیت بەم تەرزە حاڵەت بەم ئەسەق
دووریت بەم ڕەنگە خودا، تۆم بە حەق

سۆرانی( ٥٠٤ )

ئازیزم ! ئامای ئای بێ قەرار وێم[1]
ئای ئای چەمەڕا، ئای ئینتیزار وێم[2]

ئازیزم هاتی ! ئای بێ قەرار خۆم
ئای ئای چاوەڕێی، ئای ئینتیزار خۆم

---

(١) بۆ دۆستێكی زۆر خۆشەویستی نووسیوە.

| | |
|---|---|
| مەوتنەکەی چەم دیدەش هانە ڕێت | مەلبەندەکەی چاو واڵەڕێت دیدەی |
| غەریبی تاکەی ؟بۆ وەماوای وێت[٣] | وەرە جێی خۆت غەریبی تاکەی؟ |
| های ساقی ! بازاڕ جیلوەی دڵدارەن | ساقی! بازاڕە جیلوەی دڵدارە |
| سەودای خرێدار دانەی دیدارەن[٤] | سەودای کڕیاری دانەی دیدارە |
| یەکێ وەمایەی گەنج کەیەوە | یەك سەرمایەی گەنجی کەیەوە |
| چون منیچ وە تای فەرتون نەیەوە[٥] | منیش بە تاڵی کۆنی نەیەوە |
| ئەرسەد هەر کەسێ پەی وێش وە ڕاوەن | هەرکەس هەر بۆ خۆی ڕێگا نە پێوێ |
| وە قیمەت نییەن، ئیخلاس حساوەن[٦] | بە قیمەت نییە، ئیخلاصی ئەوێ |

<u>**هەورامی( ٥٠٦ )**</u>

| | |
|---|---|
| مایل کەر باڵا وەی لادا چون نەی | مایل کە باڵا بەم لادا وەك نەی |
| دەستێوت دەف بۆ، ئەودەس جام مەی[٧] | دەستێك دەف بێ، ئەو دەس جامەی مەی |
| بابێدارۆ کەرۆ تاکەی بۆ غافڵ؟ | بابێداری کا تاکەی وا غافڵ |
| دەف وەصەدا گیان، جام وەرەشحەی دڵ[٨] | گیان بە دەنگی دەف، پیاڵەش بەنم دڵ |

<u>**سۆرانی( ٥٠٦ )**</u>

---

[٢] دۆستەکەی دوای ئەوە کەماوەیەك لە وڵاتی غەریبایەتی و ئاوارەییدا ژیاوە گەڕاوەتەوە بۆ شوێن و زیدەکەی خۆی، بەم بۆنەیەوە شاعیریش پێشوازی ئەکاو هاتنەوەکەی گەلێك بە گرنگ دائەنێ وبایەخی پێئەدا.

[٣] ئازیزەکەم ! نیشتمانەکەی چاوم– کە هەمیشە نشینگەی تۆ بوو، دەمێك بو چاوەڕێی گەڕانەوەت بووم . چاکتکرد هاتیتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆت، تاکەی غەریب و ئاوارەیی قبەڵ ئەکەی ؟

[٤] ساقی ! ئەی بازاڕی دەرکەوتن و جیلوەی پڕشکۆی دڵدارە، سەودای کڕیاری دانەی گەوهەری ڕووخساری یارە

[٥] واتە هەموو ئەو کۆمەڵ دارا و نەدارای ڕوو ئەکەنە ئەو بازاڕە،ئتجا کڕیاری وایە هەی سەرمایەکەی گەنجی کەیەوە وەهی واش هەیە وەك من دەسمایەکەی دەزووی پواوی ناو قامیشە وشکبووی بە رەهتاو . لێرەدا شاعیر تەنی خۆی شوبهاندوە بە قامیشی وشکەوە، دەمارەکانی لەشیشی چواندووە بە تاڵ تاڵی دەزووی پواوی ناو لەشی وەك قامیشەوە.

[٦] لە جیاتی وشەی((وەداوەن)) نوسخەی(گ)ە(ع.م) نووسیویەتی((وەراوەن)) واتە مەسەلەکە مەسەلەی داراو نەدارایی نییە، بەڵو مەسەلەکە مەسەلەی ئیخلاصەو بە تەنیا ئەو دەورە ئەبینێ.

[٧] ڕوو ئەکاتە ساقی و پێی ئەڵێ: ساقی باڵاکەت وەکو شمشاڵ بەلای مندا خوار بگرە، بەمەرجێك دەستێکت دەف بێ‌و ئەو دەستەکەی تریشت جامی مەی بێ. بە دەنگی دەفەکەت گیانم بوروژێنەوێداری بکەرەوە، وەبە نمەو تەڕایی‌پیاڵە پڕلەمەیەکەتئاورشێنی دڵم بکە، ئیتر خۆ خەڵەفاندن تاکەی

باکلاُفه بۆ، ئاخر لەوانم
خاك پای حەزرەت پیر موغانم
چون دەف بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم
غولاُم بەر دەس، حەلُقە نەگۆشم
خۆم ئاسا خەیلێن وەتەن میخانەم
چون پیالەی وات شیشە پەیمانەم[٩]

کلاُفەیەکیش بێ من لە وانم
خاکی گەورەی پیری موغانم
بەرگی ئیرادەت وەك دەف ئە پۆشم
بەندەی بەر دەست و حەلُقە لەگۆشم
دەمێکە وەك خۆم وەتەن مەیخانەم
وەك جامی بۆشی شوشەی مەیخانەم

هەورامی( ٥٠٧ )

دەورێ دەر ساقی! وەلای مەحزوندا
لەیل ئاسا بویەر وەلای مەجنووندا[١]
جامێ جە صەهبای دیای باڵەکەت
ئالوودەی غوبار تۆز پالاُکەت[٢]
بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە
جەستەی پەژمووردەم ئیحیا کەرەوە
جەی( قلب الاسد ) تاسان دووری
فێنك کەرەوە، جەستەی مەهجووری[٣]

سۆرانی( ٥٠٧ )

ساقی! سا دەورێ بەلای مەحزووندا
لەیل ئاسا بڕۆبەلای مەجنووندا
جامێ لە بادەی نمای باڵەکەت
تێکەلْ بە گەردو تۆزی پێلاُکەت
بەو نازو عیشوە پێمی دەرەوە
جەستەی ژاکاوم زیندوو کەرەوە
لەم ناوەڕاستەی هاوینی دووری
فێنك کەرەوە جەستەی مەجووری

هەورامی( ٥٠٨ )

بەلْکم شەرارەی نائیرای فیراق
نەسۆچنۆ تەمام سەوزەی ئیشتیاق[٤]
بەلاُم بەوشەرتە مەیلت مودام بۆ

سۆرانی( ٥٠٨ )

بەلْکم شالاُوی ئاگری فیراق
نەسوتێنێ گشت سەوزەی ئیشتیاق
بەلاُم بەو شەرتە مەیلت بە کولْ بێ

---

[١] لێرەدا ((مەحزون))و((مەجنوون)) هەردووکیان بریتین لە خودی مەولەوی.
[٢] صەهبا: جۆرە شەرابێکی مەیلەو سورە. واتە: ساقی! جامێ بادەی سوور باوی شەرابم بدەرێ کەبالاُکەی خو تی تێدا دەرکەوێ وێکەلْیش بێ بەگەرد و تۆزی پێلاُوەکەت.
[٣] قلب الاسد: ناوەڕاستی هاوین . واتە لەم ناوەڕاستەی هاوینی دووریدا جەستەی بە جێ هێلْراوی تەنیام با
[٤] بەلْکەو پاساوە بۆ بەیتی پێشوو، واتە بەلْکو کلْپەی ئاگری دووری سەوزەی سۆز و ئیشتیاقم نە سوتێنێ

منیج بەو مەیلە دنیام وەكام بۆ
ئەك غەزال ئاسا دیا و رەمت بۆ
ئیتر كافی بۆ جەورو جەفاكەت
بەڵ تاوەسەر بۆ مەیل و وەفاكەت
ئەر چەند هەفتەیێ عومرم مەندە بۆ
بەڵكم دووری تۆ لێم ئەسەندە بۆ

منیش بەو مەیلە دنیام بە دڵ بێ
نەك ئاسك ئاسا بڕوانی و ڕاكەی
بابەس بێ ئیتر سزاو جەفاكەت
بەڵكو تاسەر بێ مەیل و وەفاكەت
گەر چەند هەفتەیێ عوومرم بمێنێ
بەڵكو دووری تۆیمی نەسێنێ

هەورامی ( ٥٠٩ )

ئازیزم ! ئاهیر دووری بالاّیتۆ
جەستەی كەرد وە بووڵ شەماڵ بەرد پەی كۆ
ورشەپیرشەی تاو كورەكەی جەستەم
شەرارەی لوولەی پێشەی شكستەم
گەرمەو پزیسكەی چەخماخەی پارە
بەرق و بریسكەی شوعلەی شەرارە
شاخەی شریخەی بروسكەی دەروون
ئەچەم شەتاوان جاری كەرد چون چون
مەوج مدۆ لافاو هوون دیجلەی دڵ
ئەفوارەی چەم هۆر شانۆ گڵ

سۆرانی ( ٥٠٩ )

ئازیزم ! گڕی دووری بالاّی تۆ
سووتاندی جەستەم بابردی بۆ كۆ
پزیسكەی جۆشی كوورەكەی جەستەم
شەرارەی لوولەی ئێسكی شكستەم
گرمەو پزیسكەی چەخماخەی بارەی
كلپەو بریسكەی تیشكی شەرارەی
شاخەی شریخەی ئەعرەتەی تاو تاو
خوێناو وەك شەتاو جاری بوو لە چاو
مەوجی ڕاسەیلی خوێنی دیجلەی دڵ
لە قەڵبەزەی چاو وا هەڵئەدا قڵ

هەورامی ( ٥١٠ )

كای دڵ ئەگێج مەوج فەنادا
مۆڵەقەن ئەبەین خۆف و ڕەجادا
تۆیچ ئینسافت بۆ هەنی وەسەن وەس
( باللّه ) جە دووریت هابیم وەقەقنەس
تاكەی چون مەجنوون وێڵ هەردان بم؟
تاكە یخەمزە دەی بار دەردان بم؟
هەر ساتێ دوریت سەد ساڵەن جەلام

سۆرانی ( ٥١٠ )

كای دڵ لە گێژی مەوجی فەنادا
مۆڵەق لەبەینی ترس و ڕەجادا
تۆش ویژدانت بێ ئیتر بەسەبەس
بەخوا لە دووریت ها بووم بە قەقنەس
تاكەی وەك مەجنوون وێڵی هەردان بم؟
تاكەی خەم زەدەی باری دەردان بم؟
هەر ساتێ دووریت سەد ساڵە لەلام

دەردم کاریەن، وەسەر گەرت بام
بەزیبەت بەیۆ وەجەستەو حاڵم
ریشەم بەراما، هەرەس وەماڵم

**هەورامی(٥١١)**

ئەمشەو تەنیابی جەستەی زەبوونم[١]
دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم[٢]
خەیاڵانی خام هاوردم بەردم
هاوار جەدەمەی هەناسەی سەردم[٣]
زووخاو گێج مەدا دیگ دەرونم
هووناو هۆر شاناش جەستەی زەبوونم[٤]
ڕەنگا ڕەنگ گوڵ گوون هوونم
قرچەی برێشتەی کوورەی دەروونم[٥]

دەردم کاریە فیدات بم هانام
بەزەیت بابێ بە جەستەو حاڵم
ڕیشەم هاتە دەر هەرەس بە ماڵم

**سۆرانی(٥١١)**

ئەمشەو تەنیایە جەستەکەی زەبوون
خوێن سەر ڕێژی کرد لە دڵ و دەروون
خەیاڵانی خاو هێنام وبردم
هاوار لە کزەی هەناسەی سەردم
گێژ ئەدا زووخاو مە نجەڵی دەروون
قوڵپی ئەدا خوێن لە جەستەی زەبوون
ڕەنگی جۆر جۆری سەیلی خوێنینم
قرچەی برژانی کورەی دەروونم

---

(١) بەبۆچونی من ئەم قەصیدەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە.

(٢) تەنیا بی، پ.م: وەمەینەت.. سەروازکەرد: سەر دێژی کرد.. هوون: خوون، خوێن.

(٣) کەوتمە دەریایی خەیاڵانی خاوەوە ئەم هێناو ئەم بردو نە ئەگەیشتمە ئەنجام، هاوار لەکزەی بای ساردی زستانان.

(٤) مەنجەڵی دڵم زووخاوی گێژ ئەداو جەستەی زەبونیشم خوێناوی هەڵئەدا، ع.م لەکۆتایی نیوەی بەیتی یەکەم دا نووسیویەتی: (دەرووندا، وەلە کۆتایی دووەمدا:(زەبووندا)ی نووسیووە. دیارە هەڵەی چاپە.

(٤) ع.م ئەم نیوە بەیتەی بەم جۆرە نووسیوە: (ڕنگا ڕەنگ، ڕەنگ گوڵ گوون هوونم).

(پ.م) لەجیاتی (گوڵ گوون هوونم) نووسیویەتی گ وڵ کوونەن هونم. ئەوەی ع.م دیارە لەنگیپێك ئەدا بە بەیتەکە.

# دوونامەی پەخشان

## یەکەمیان بۆ:

## فەرهاد میرزای قاجاری

## دووەمیان بۆ:

## مەلا محمد صالْحی ( فخر العلما )

**مەولەوی ئەم نامەیەی نووسیووە بۆ فەرهاد میرزای قاجاری [1] . وەئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە :**

**( بسم الله الرحمن الرحیم )**

ربنا اغفر لنا ولاخواننا الذین سبقونا بالایمان ولا تجعل فی قلوبنا غلا للذین اٰمنوا ربنا انك غفور رحیم. صدق الله العظیم. **ئەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە وێنەیەکی ئەخلاقیمان بۆ دەنەخشێنێ و دەیخاتە ڕووەو موسڵمانانی پێوە بەند ئەکا، وەدەیکا بەسەر مەشق وڕێگا پیشاندەری ژیانی**

---

(١) ئەم پیاوە یەکیکە لەشازادەکانی ئێرانی و مامی (ناصر الدین) شای قاجاری بووە، دوو جار ناوبەناو کراوە بە والی و فەرماندەی کوردستانی ئەردەڵان، مەردۆخ لە تاریخی (کوردو کوردستان) ە کەیدا بەدرێژی لەژیانی ئەدوێ و بە مرۆڤێکی ژیر و دانان وزانای دەدا لە قەڵەم ، لە هەمانکاتدا شاعیرو ئەدەب پەروەرو لەزانستە ئاییینی یەکاندا بەڵاو باڵا بووە، ڕقی لەدرۆ بووەو ڕاست گۆی زۆر خۆش ویستووە. بەرانبەر بە ڕەش و ڕووت گەلی بەبەزەیی بووە، دانیشتووانی سنەو دەوروبەری ڕزگارکردووە لە چنگی برسێتی و گرانی و لە سیاسەتی ڕازی بوون، بڕوانە (بەرگی دووەمی) تاریخی کوردو کوردستانی مەردۆخ.

ئەم پیاوە عاشق و شەیدای شیعرو ئەدەبی مەولەوی بووە، بەشاعیری (باڵاخانەی چەم) ناوی هێناوە ، دووجار لە پەنای گەشتەکانی جوانڕۆو هەورامان و مەریواندا سەری لێ ئەداو دیدەنیی ئەکات، فەرهاد میرزا لەسەر ڕێبازی شیعەو لە پەیڕەوانی مەزهەبی جەعفری بووە، بەرامبەر بە ڕێبازەکەی سەراسەر خۆی بەحەق زانیوە، ویستوویەتی لەپەنای دادپەروەریی و فەرمان ڕەوایی یەکەیدا –لەڕێگای زانایان و مەلایانەوە– مەزهەبەکەی خۆی بسەپێنێ بەسەر کوردەکانی ئەو ناوچەیەداو، بە شێوەی (تەبشیر) بیخاتە ناو مێشکیانەوە و بیکانکا بەجەعفەری.

بۆ هێنانەدیی ئەم هیوایەی نامەیەك ئەنووسێ بۆ مەولەوی و تیایدا ئەڵێ: ..ئیمامی عەلی صلوات الله علیەوسلامە– بەدەقی ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغمبەر(دروودی خوای لەسەر) لە هەموو یاوەرو یارانی پێغەمبەر گەورەترەو لەلایەن حەزرەتەوە (د.خ) بە جێ نشینی یەکەم دانراوە ن ئەم ڕاستی یەش لەسەردەمێکی تایبەتدا بە هێزو زۆری خێڵایەتی و ڕەگەز پەرستی یەوە کراوە بە ژێرەوەو، لە ئیمامیش لە ترساو وە بۆ بەربەستی لە خوێن ڕشتن و ئاژاوە ژێر پەردەی (تەقیە) دا بێ دەنگ بووە...

لەهەمانکاتدا بۆ پتەوکردنی ڕاکەی بە ناوی دیاری یەوە–بە پیاوێکی تایبەتدا– کتێبێکی بۆ دەنێرێ..

دانەری ئەم کتێبە لسەر ڕێبازەی سوننی و یەکێکی لە پەیڕەوانی شافیعی (ڕ.خ) – وەلە نامەکەی خودی مەولەوی یەوە کە بۆ (فخر العلما) ی ناردووە دەردەکەوێ –بە (سبط) ی (ابن الجوزی) بەناوبانگە (واتە کچەزای (ابن الجوزی) ) لە پاش خوێندنەوەی کتێبەکە لە ئەلیفەوە تا یای (ئەبینێ پڕە لە قسەی ناپەسەند و نەشیاو ، تیایدا ناڕاستەی جوێن و تانەو تەشەرێکی زۆر کراوە بۆ یارانی پێغەمبەر ، لەبەر ئەمە کتێبەکەی بۆ ئەنێرێتەوە، خیانەت لە عیلم و ئایینەکەی ناکات و، بە بێ ترس و ڕاڕا بە توندی و تیژی وەڵامەکەی –وەك ئەیبینی –دەنووسێتەوە.

ڕۆژانەمان و، شێوازی پەروەردەیی مان بۆ دیاری دەکا، ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کەئەبێ بەهەموو هەنس و کەوتێکمان ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکەکەی بێ، ئامۆژگاری و ڕێ نموویەکی هەتا هەتایی یەوە لێی لانادرێ ، چوونە دەرەوە لە مەفهوومەکەی ناچێتە ناو فەرهەنگی ڕەوشت و ئەخلاقیمانەوە.

کەواتە بەنەغمەی سرددووی ئەم ئایەتە قورئانی یەوە دەتوانم بڵێم ڕستەی من هاتە کۆتایی و، دەرگای ووتوو وێژی پێ داخرا.

بەڵام بۆ جیاکردنەوەی وتەی ڕاست و ڕەوان لە وتەی چەوت و ناڕاست و مەداو مەودای هەڵسەنگاندنیان و سنوور بۆ دانای هەریەکەیان .. دواندنتان بە ناچار ئەزانم کەبە نووسین کەکەمێك ڕۆژگارتان لەگەڵدا بەرمەسەر.

ماوەیەك لەمەو پێش بە میرزا (ربیع) دا [1] نامەیەکم پێشکەش کردن ، کەبەشکو لەڕێگای (فخرالعلما) وەبە خزمەت (والا) تان بگات و، [2] تیایدا. لەگەڵ بەڕێزتانا دوام و سەرم ئێشاندن، بەڵام جێی داخە میوانی وەرزی (هاوین ) هات و ڕۆیشت، دوابەدوای ئەو بەزمی کەشی ئازیز ( پاییز ) تەختی زەویی زێڕین فەرش کردو ئارایشی داو ڕازاندی یەوە[1]، ئنجا ئەمیش ماڵ ئاوایی کردو ڕۆیی ، زستانیش بەهەموو ئۆف و تۆفی سەخت و دیشواری یەوە دەرگای پێ گرتووین و ئێستا میوانە، لەوناوجەرگەو ناخی ئەم ئۆف و تۆفەیدا چاوەڕێی شنەوشنۆی ئەسیمی وەڵامی بەهاری پڕ بەهای (والا ) تا ن بووم نەهات و نەهات و نەهات .

جا ئەگەر نامەکەم گەیشتووەو بەدەس ئەنقەس وەڵامەکەیتان خستۆتە پشت گوێ؟ ئەوە لەم کاتەدا دوو وێنەیەو سێ یەمیان نی یە.

یەکەم: گوایە وەڵامی نەزان چارەی بێ دەنگی و خامۆشی یە، جا ئەگەر -خوانە خواستە- ئەوەتان نیازە ئەو-لەم کاتەدا- پەنا ئەگرم بە خوا، کەمن نەزان و دەستەو سان بم!! با پرسیارم ئاراستە بکرێ، تامنیش -بۆنەهێشتنی گومان و- بەنیازی گەیشتن بە (الحق و الیقین) بە وەڵامی پڕ لە بە ڵگەی ڕوون و ئاشکرا بێمە مەیدانەوە.

---

[1] ئەم میرزا ڕەبیعە بە گومانم ئەوکەسەیە کەفەرهاد میرزا کتێبەکەی (سبط) ی پیادا ناردووە بۆ مەولەوی.

[2] وشەی (والا) یا (نواب) .. نازناوی والی یەکانی کوردستانی ئەردەڵانە ، لێرەدا مەبەست پێی فەرهاد میرزایە.

[1] گەڵای زەردی خەزانی پاییز ی چواندوە بە زێڕەوە و زەویش بە ئافرەتەوە.

دووەم: ( سکوت ) و بێ دەنگیتان کردە پیشەی خۆتان لەکاتێکدا کەکاتی گۆڕینەوەی بیرو ڕابوو-[٢].
ئەمەیان بۆ من دەبێ بە مایەی بەختەوەری و پیرۆزی و سەرکەوتن، دڵ شنەی پێ ئەکاو خەندە لەسەر لێوانی دەڕوێ، بەمانای ئەوە نووسینەکەم بۆنی ئیلزام و خۆبەستنەوە دانتان ئەدا بە دەماخی کەسانی خاوەن زانست و خاوەن هۆش و گۆشدا.
بەلاّم بەنەگەیشتنی نامەکەم بەدەستتان مافی گلەییم نی یە.
جا لەم کاتەدا خۆم بەناچار ئەزانم کەمەفهومی ئەو نامەیەم سەر لە نوێ بکەم بە نەقش و نیگاری ئەم نامەیەم و، بی ئاڵێنم بە دنیای زێیای دەربڕینەکەتدا کە فەرمووتانە : کتێبی ناوبراو دانراوی یەکێکە لەکەڵە زاناکانی پەیڕەوانی شافیعی... منیش بە وردی و بە قووڵی چوومە ناخی کتێبەکەوە ، لەسەرەتایەوە تا کۆتای بە تێگەیشتنەوە خوێندرایەوە، لە ئە نجامدا دیم ناوەرۆکەکەی مەڵحەمێك بوو، توخمەکانی لە بەشێکیدا پێك هاتبوو لە گەورەیی و پلەو پایەی بەرزێتی و خۆشە ویستێتی عەلی و نەوەکانی و پەیڕەوانیان، وە بەشەکەی تری پێك هاتبوو لە کۆمەڵێك لە تانەو توانج و تەشەر کەڕاستەو خۆ ئاڕاستەی یارانی پێغەمبەر کرابوو، ئەمەش دیارە بەئارەزووی هێنانە خوارەوەی پلەو پایەی بەرزی یان شێلرابوو، ئەم مەڵحەمە دیارە دەرمانێك نەبوو بۆ لەشی پاکی ئایینی بەرزی پیرۆزی ئیسلام بشێت، بەڵکو بێ گومانم زیانی پێ دەگەیینێ و ئیفلیجی ئەکات.
دەستەی سوننەت وکۆمەڵ ( جماعە ) کەبە (الفرقە الناجیە ) ناسراوون، هەموویان لە ڕەفتارو سلووك و خویاندا میانە ڕەوو مام ناوەندین، ئەم دەستەناوازەیە، نەبەرامبەر بە بە کۆی پێغەمبەران و ، نەبەرامبەر بە یاران و ڕای جیاوازیان نی یەو، باوەڕیان بە تاك و کۆیان هەیەو، لە ڕووی قین و ڕقەوە لێکیان جیا ناکەنەوە. هەرچۆنێ بێ پێغەمبەرەکان لە هەموو کەیانی تر جگەلەخۆیان بە موتڵەقی بەگەورەتر دائەنێن، وەهیچ تاکێکیان لە پێغەمبەران بە گەورەتر نازانن .
یارانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هەموویان خاوەن ئیجتیهادو دادا پەروەرن، کامیان ئیجتیهادیان دابێتی لە نیشانەو پێکابێتی، بێ گومان پاداشەکەی لە دوو تا دە ئەجر کەمتر نی یە و مسۆگەرە، وەبێپێچەوانەشەوە، کامیان هەڵە بن و نەیان دابێ لە نیشانە بەیەك ئەجر پاداش ئەدرێتەوە، بە بێ بە ڵگەی ئاشکرای ڕووناك وەك ڕۆژی نیوەڕۆ لە خۆیانەوە حوکمی کوفری کەس

---

[٢] زانایانی (اصول الفقە) ئەڵێن: (السکوت فی معرض البیان یدل علی الرضا) واتە قسەکانی منت بە دڵ بووەو لێیان لاڵووت نەبوویت و، بەرامبەریان لاریت نەبووە.

نادەن و، نەفرین لەهیچ کەسێکی تایبەت ناکەن، لەبەر ئەوەی ئەنجامی کۆتایی نهێنی یەوبە بەڵگەی بێ هێزو داتاشراوو خەیاڵاوی کوفر لای ئەوان هەرگیز گیر نابێ و ناچەسپێ.
گریمان ئێمە بەبەڵگەی بێ گەردی وەك ڕۆژ ئاشکرا حوکمی کوفرمان دا بەسەر یەکێك لەیاراندا، ئەوە ئەوپەڕی ئەوەیە کەئەوکەسە بچێتە ڕیزی شەیتانەوە، ئایا خوای گەورە ئەفرینی شەیتانی فەرزکردووە لەسەرمان ؟ وەئایا کردوویە بەبەشێ لە کرداری ڕۆژانەمان ؟ وەئایا خوای گەورە فەرموویەتی (العنوا الشیطان) ؟
خوای گەورە دڵ و زبان و مێشکی داوێنەتی کەلەیادی خاوێنی ئەوەدا بەکاری بێنین، چ ئەنجامێکی سوود بەخشی هەیە کەئەندامانی نهێنی و ئاشکرای لەشمان بەئەفرینی شەیتان خەریك بکەین و بیکەین بەکاری پێویستی ڕۆژانەمان ؟ بەڵکو شەیتان خوا خوایەو لەوە ئەگەڕێ کەباوەڕداران بەشتانی پڕو پوچی ئاواوە- با ئەفرینی خۆشی بێ -خەریك بکا.
یەکێك ڕەگ و ڕیشەی باوەڕی لەناخی زەویی دڵیدا بە قووڵی داچووبێ، لە دواییدا بەرامبەربەو کەسە بە پەیدا بوونی گومان و بە بەڵگەی خەیاڵاوی ، وەیا بە درۆی ڕووت ئەو ڕەگە بن کەن ناکاو، ئەبەعەقڵ و ئەبە شەرعنەفرینی ڕەوا نی یە.
ئنجا بۆم هەیە بڵێم، ئەگەر جەنابی (والا) تان کتێبەکەتان -بەناوی دیاری یەوە-بۆ ئەوە ناردووە کە گوایە من لە گەورەیی عەلی و لە سیفەتە بەرزەکانی عەلی بێ ئاگام وەبەشایستەی خەلافەتی نازانم، وەئەتانەوێ بەو کتێبە سەرنجم ڕابکێشن و دانیان پیا بنێم، (حاشا وکلا) ئێمە لەو تۆمەتەوە دوورین، ئێمە خۆمان بە دەرکەوانی عەلی و ئەوەی عەلی ئەزانین، پلەی گەورەیی عەلی و ڕەوشت و خووە بەرزەکانی کەلەو کتێبەدا ئاماژە (ئیشارە) یان بۆ کراوە ، من بەچەندین زیادەوە لە شاکتێبەکانی سوننەتدا دیومن و هەن جێی گومان نین، سوپاس بۆخوا من دانیان پیا دەنێم و، لە دەریای خۆشەویستی عەلی و ئەوەکانی و کۆی یارانی بە پێوانەو ئەندازەی توانای خۆم هەڵێنجاوە، حەزرەتی ئەمیر بە شێری خواو بەئەبەزو بەموجتەهید بەخاوەن دەسەڵاتی ئەزانم ، ئەك بە ڕێوی ترسنۆك و بەئەزان و دەستەو سان و سەرگەردان و بەش خوراو.
بەبەڵگەی بەهێزو پتەو بە شایستەی جێ نشینی و بە پێشەوای موسڵمانانی ئەزانم، بەڵام لە پلەی چوارەمدا!
یارانی پێغەمبەر هیچ کامیان – دوای لە دنیا دەرچوونی حەزرەت-بە بێ ئاگاداری ئەو ئەچووتە سەر کورسی خەلافەت و فەرمان ڕەوایی ، عەلی خۆی لە خۆیدا زاناو خاوەن ئیجتیهادو بەسەر هەموو دەقەکاندا ئاگادارو

شارەزا بووە، وەلە هەمانكاتدا بە دەسەلآت و ، بە هێزو دلێرو سەربەست و چاو نەترساو بووە ، بەم حالەشەوە و بەم سیفاتە بەرزانەیەوە هۆزێكی گەورەی وەك قورەیش پشتیوانی بوون.

زاتێكی هەلكەوتووی وەها دیارە نەلەكەس ترساوە نەتەقیەشی [1] بە كارهێناوە، گەورەیی عەلی لەلایەن كۆی یارانی یەوە گومانی تیا نی یەو جێی خۆی گرتووە، زانایانی سوننەت خوایان لێ رازی لە نووسراوەكانیاندا دێر بە دێر تۆماریان كردوون خستوویانەتە روو.

جیاوازیەك كەبەگوێرەی ( أختلاف امتی رحمه ) لە ناویاندا رووی دابێ، ئەوە تەنیا لە رووی ئیجتیهادەوە بووە، نەك لە رووی دوشمنایەتی یەوە.

لە نێوان ( عداوه ) و ( مخالفه ) دا ( عموم ) و ( خصوص ) هەیە نەك یەكسانی، هەر وەك پێچەوانە كردنەوەی مەفهوومی ( القضیة الكلیة ) هەمان مانا دەگەیەنێ.

گریمان ئیجتیهاد كردن لەیەكێك لە بابەتە پێچەوانەكاندا لە كێشەی كارو باری فەرعیدا گەیشتە رادەو پلەی جەنگ و بەیەكدا هەلگژان، بەم حالەشەوە جگەلە پاداشتی چاكە بەولاوە پاداشتی سزایان نی یە، هیچ لایەنێكیان لە جوغزی برایەتیی ئایینی ل رووی عەقیدەو باوەرەوە بە دل ناچنە دەرەوە.

ئەو پیا هەلدان و رێزگرتن و دەست بە سنگەوە گرتنانەی عەلی، چ بەرامبەر بە یاران و چ بەرامبەر بە جێ نشینەكانی پێش خۆی -بە پێی بەلگەكانی رابردوو-هیچیان لە رووی تەقیەوە نەبووە، شێری خواو خاوەن دەسەلآت و بەتوانای وەك عەلی، ئایا تەقیەو ئەوەیان وتووە؟ پەنا ئەگرم بە خوا !!

گریمان عەلی لەسەردەمی ژیانی جێ نشینەكانی پێش خۆیدا لە ژێر پەردەی ترسدا تەقیەی بەكار نەهێنا . ئەی دوای مردنی ئەوان و نەمان ی ئەو ترسە، ئایا تەقیە رەوایە؟

كێ لە مردوو ئەترسێ و تەقیەی لێ ئەكا؟

---

[1] تەقیە: خۆپاراستن و دان بە خۆدا گرتن، لە رێبازی ئەوانەدا كە بروایان پێ یە بە شێكە لە واجب و فەرزە لەسەریان بەكاری بێنن، واتە كاتێ لە لایەن كاربەدەستانی میری یەوە، بەناڕەوا مەترسی یەك رووبدات و لە كردنی دا تووشی زیانی گیانی ومالی بن، لەم كاتەدا بۆیان هەیەو فەرزە لەسەریان بەكاری دژایەتی نەجولێنەوە، بە زبان نەك بە دل رەزامەندی پیشان بدەن، و پێشی گوناهبار نابن، بەلآم لای سوننە تەقیە بەو پلەیەو هەموو كاتێك مەشروع نی یە.

بەچەندین جار عەلی دوای مردنی جێ نشینەکان ویاران بە نهێنیٚ و ئاشکرا، بە سوپاس و ستایش و پیاهەڵدانی چاکەیان زبانی ڕەوان بێژیی لەمەدح و وەصفیاندا نەخستە گەڕو هەمیشە بەچاکەوە ناوی دەهێنان و ڕەحمەتی بۆ دەناردن.

دەربارەی ئەو یاخی بوونەی کەهەندێ یاران پێی هەستان و بەرانبەر عەلی جەنگان و گەیشە پلەی برا کوژی ، ئەوە لەڕووی ئیجتیهادەوە بوو، زۆر جار عەلی ئەیفەرموو: (اخواننا بغو علينا) هەمیشە لە جوێن پێدانیان و نەفرین کردنیان و لە ئاڕاستەکردنی قسەی سوك و ناشیرین و نارەوا خود گیری دەکر و لێی ئەسلەمیەوە.

جەنگێك لە نێوان دایکی موسلمانان و ئیمامدا ڕوویدا، ئەو جەنگە بەمەبەستی بچڕینی حەلافەت ئەوو، هەر واتە واتەیەك پێچەوانەی ئەم ڕایەبێ، بێ گوما درۆیەو لە بوختان بەولاوە شتێکی تر نی یە، کێشەکە پەرەی سەندو فراوان بوو، وەهەر یەیکەیان بە ئیجتیهاد ڕێگایەکی جیاوازیان گرتە بەر، ئەمان دەیان ویست دەست بەجێ تۆڵە لە قاتیلەکانی عوسمان بسەنرێت ودوانەخرێت، ئیمامیش لاری لەوە نەبوو، بەلام لەبەر ئەوە ئارامی و ئاسایش هێشتا ڕەگی دانەکوتابوو، دەیویست مەسەلەی تۆڵەو لێ پرسینەوەیان دوا بخرێت بۆ کاتی ئاسایی و ئەمانی ئاژاوە، وەلەلایەکی کەوە ئیمام لەوە ئەترسا کەئەم تۆڵە ساندنەوەیە لەم کاتە ناسکەدا دوژمنانی ئیسلام بیکەن بە دەست پێچك و بیانوو، لە پڕ پەلاماڵاریان بدەن، وەلەلایەکە کەشەوەبەو گەرمەیو بەو پەلە پەلە چەوتی لە ڕاستی جودا نەئەکرایەوە، چونکە قاتیلەکان زۆر بوون، و مەترسی یاخی ببونان لێ ئەکرا، جگە لەمانەش هەردوولا هەلیان بۆ هەڵنەئەکەوت پێکەوە دانیشن و لەمەسەکە بکۆڵنەوە.[1]

لەم ئیجتیهادەدا حەزرەتی ئەمیر خاوەنی پاداشی دوو ئەجر تا دە ئەجرو، ئەوانی تر بەیەك ئەجر پاداش ئەدرێنەوە.

کەواتە ئیجتیهاد قەڵغانێکە، هەردوولا تیری تانەی دوژمن ئەپارێزێ و کوژەر و کوژراویان لەبەهەشتدان و بە تاوانبار ناناسرێن.

---

[1] لەم یاخی بونەدا هەر کەم و کووڕی یەك وخوێن ڕشتنێك ڕووی دابێ ، بێ گومان کۆمەڵی یاخی بووەکان لێی بەرپرسیارن، چونکە لە پڕ ئالای یاخێتیان هەڵکردو لەئەنجام نەکۆڵینەوە، تا تووشی ئەو هەمووزیانی گیانی و ماڵی یەبوون، ئیجتیهاد دەبێ بەبەڵگەی پتەو بێ و لەناوجەرگەی دەقەوە هەڵقوڵابێ.. وەرگێڕ.

ئەگەر مەبەستی (والا) تان بەو فەرموودەیەتان (خەلافەتی عەلی لەبەر سیفاتە بەرزەکانی پێویست بوو لە پلەی یەکەمدا بێ ) وەك لەدەقی کتێبەکەدا ناویە ناو بەرستەی (هذا نص صريح في امامتة ) دەیگەیەنێ.
پێشەکی ئەم داوایەتان بۆ ناچێتەسەر، بۆ؟ چونکە ئیمامەت لای برایانی شیعە بەشێکە لە (اصول) ، وەمەسائیلی ئەصولیش بەرای هەموو لایەك -بەبێ جیاوازی- بەلگەی بێ گەردو دوور لەگومانی ئەوێ، بەلگەی بەگومان و تاریك بۆ (فروع)ە نەك (اصول) چونکە (الفقه من الباب الظنون).
وەئەگەر مەبەستتان چەسپاندنی مافی جێ نشینێتی یە بۆی و لە پلەی چوارەمدا (کەئەمەشتان مەبەست نی یە-گۆرمر) ، ئەوە ئێمەش بەم رایە پیرۆزبایی تان لێ ئەکەین و (فنعم الوفاق) مان لەسەرە،
ئەوا کردمان وشەی (مولى) و (ولی) لە نموونەی فەرمودەی وەك ( من كنت مولاه فعلی مولاه) وە وەك (وانما وليكم الله ورسوله والذين امنوا) ... مائدة ٥٥).
(متواتر) مو گومانی تێدا نی یە ، بەلام بائەوەش بزانین خاوەنی ئەو کتێبە کە تۆ پشتت پێ بە ستووە، نەیتوانیوە مانای (ولی) و(مولی) -لەم شوێنەدا- چی یەو چ مانایەك ئەگەیەنی؟. بەو مەبەستەی ئەو ئەیەوێ و وویستویەتی، نە رووی زبان و یاساوە، وەنەلەرووی عورف و شەرعەوە (متواتر) نی یە، نەك بلێم هەرگیز بەمانای (ئیمامی یەکەم) نەهاتووە، بەلکو بەهیچ جۆرێك بەمەعنای (ئیمام) هەرنەهاتووە.
با لەم بوارەدا واز لەم شێوازە بێنینو بە شێوەیەکە تر بچینە قولایی و ناخی مەسەلەکەومو لاپەرەیەکی تازە هەلدەینەوە.
گریمان رەوشت و خووە بەرزەکانی عەلی لەرووی راستیو رووناکیی و شۆرەتیانەوە گەیشتونەتە پلەو پایەی موعجیزەی سەرومری بونەومر (بەهەزاران درودو سلاوی لەسەر بێ) لە کاتەدا ئەتوانم و بۆم هەیە بلێم : ئایا ئەو موعجیزانە بەتەنیا ئەبن بە بەلگەی چەسپاندن و جێگیر بوونی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرو دوا زنجیرەی (خاتمیه) ی پێغەمبەرایەتی؟ دیارو ئاشکرایە بە بێ دەقی تەواوکەری (ولكن رسول الله وخاتم النبيين) ە. ئەئیسپاتی پێغەمبەرێتیی ئەکات و نە (خاتميه) ی ئەچەسپێنێت.
کەواتە رەوشت و خووی بەرزی عەلی وەك ئەبێ بەبەلگەی چەسپاندنی گەورەیی دیارە نابێ بەبەلگەی جێگیرکردنی خەلافەتی و، وەلەپلەی یەکەمدا، ئەو چەسپاندنە بەلگەیەکی وەك

(على هو المعصوم وافضل البشر بعد النبيين) مو (وخليفتي اولا بلا فاصيلة بعدى) ی ئەوێت، بڕوانە ئەندازەی جیاوازی ڕێگا لە کوێوەیەو بۆ کوێ ئەچێ؟.
مەسەلەی کێشەی دروست بوون و نەبوونی پێش خستنی (فاضل) لەسەر (افضل) زۆر دوورە لەو پەڕی دیشواریدایە، چونکە مەسەلەی گەورەیی کەسێك و گەورەترو نزم تر بوونی لەکەسێکی تر، بەندە بە ئەندازەی پلەی نزیکی و دووری یان لە خواوە وەو، لە زۆریی و کەمیی چاکەو خرا پەیان لە ڕۆژی دواییدا، زۆریی خێرو (ثواب) ی یەکێکیان لەوی تریان-وەبە پێچەوانەکەشەوە- لای ئێمە نهێنی یەو هەر خوا خۆی بەتەنیا ئاگادارەلە کۆتایی کاریان،-هەروەك ئەمە لێرەدا مەبەستە- ئاشکرایە جگەلەخوا – وەك وترا- کەسی تر نایزانێ، بگرە (کراماالکاتبین) یش ناکەنە ئەو ڕادەیە کەچاکەی ئەم چەندەو، چاکەی ئەوی تر تا چ ئەندازەیەکە؟
کێ ئەیەوێ بەڵگەی چەسپاندنی خەلافەتی ئەمیر بچەسپێنێ لە پلەی یەکەمداو گەورەتربوونی بەموتڵەقی، با ئەوکەسە بەرامبەرمان بوەستێت، تائێمەش بە پێی توانامان و بۆ ڕوون کردنەوەی حەق لە ناحەق لەتەکیا دەکەوینە گفتوگۆو دواندنیەوە.
جگە لەم واتانای سەرەوە زاناکانمان –خوا پاداشتی تێکۆشان وچاکەیان بداتەوە-نەیان هێشت کار لەکار بترازێت، کە دەرچوەکان(الخوارجیون) تیری تانەو نەفرین و توانجیان ئاڕاستەی ئەمیر کردو، حوکمی کوفریان ئەدا بەسەریا، وەلەلایەکی کەوە کەزانی یان برایانی شیعە جنێوو قسەی ناشیرین و ناشایستە یان ئەگرتە جێ نشینەکانی پێش عەلی و توانجیان ئەدا لە دایکی موسڵمانان و لەیارانی تر، ئەو زانایانەمان بەرامبەربەم نارەوایەی ئەوان هاتن، هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە پەیوەند بوون بە چاکە و گەورەیی و ڕەوشت و خووی بەرزی یانەوە بە شێوەی زانستی یانەوە بەو پەڕی جوانکاری یەوە نوسینیان و (تەدوین) یان تیا کرد، بۆئەوەی موسڵمان بەرامبەر بە هیچیان بڕواو عەقیدەیان نەگۆڕی و بەچاوی یەکسانی یەوە سەیریان بکەن، هەموویاران- بەبێ جیاوازی- پاکەو بێ گەردن و لە هەموو تانەو تۆمەت ونەفرین دوورن، نەك مەبەستیان ئەوە بووبێ گوایە هەندێکیان لەهەندێ تریان گەورەترو چاك....ترن.مەبەستیان ئەوەبوو کەبەر پەرچی ئەوانە بدەنەوە کەعەلی بەلادەرو بە گومڕا ئەزانن، وەیا ئەوانەی کە جوێن ئەدەن بەجێ نشینەکانی ترو بە هەندێ یارانی تر.
دەستەی بنەماڵەی سوننەت لایان وایە ڤین و ڕق وئیمان لە دڵی هیچ موسڵمانێکدا کۆنابنەوەو دەستە مل نابن، یارانی پێغەمبەر هەموویان مژدەی بەهەشتیان دراوەتێ و بەخەڵاتی ڕەزامەندێتی خوا بەهرە وەرو شکۆمەند بوون.

برایانی شیعە-خوا ئینسافیان بداتێ- ئەو ڕەوشت و خووە بەرزانەی کوزانایانی ئێمە بۆ عەلی یان چەسپاندبوو ، ئەمان هاتن کردیان بەبەڵگەی (معصومیە) و بوونی بەخەلیفەی یەکەم و بەموتڵەقی گەورەیی. لە ئێمەوە فێر بوون و لێیان کرین و پێیان فرۆشتینەوە، ئەگینا گەورەیی عەلی و سالاری عەلی و هەڵکەوتوویی عەلی لەکێ گوم و شاراوەیە؟.
خوای گەورە بەکەم هۆشان ئەفەرموێ (تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض منهم...) نافەرموێ هەمان پێغەمبەری تایبەتمان بەسەر هەمان پێغەمبەری تایبەتدا گەورەتر کرد، بەڵکو بەشێوەی نهێنی بووی چووە، واتە بڕوا بە (نبوە) مەرجە. نەك بڕواکردن بە گەورە بوونی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تریاندا، کەواتە زانین بە پلەو پایەی گەورەیی وبچوکی پێغەمبەران و یاران بەشێك نی یە لە پێویستی یەکانی عەقیدەو باوەڕ.
من لەو باوەڕەدانیم کە دانەری ئەو کتێبە یەکێك بێ لەزانایانی شیعە، چونکە ئەموجتەهیدەکانمان و نە پەیڕەوەکانیان هیچیان بە جوێن و تانەو توانج یادی یارانیان نەکردووە.گریمان زانایەکی سەر بەشافیعی ئەو کتێبەی دانابێ ، بەڵام بەبێ گومان ئەو دانەرە باش و خراپ و حەڵاڵ و درۆو بوختانی تێکەڵ کردووە و لێکی جیا نەکردونەتەوە، لە کتێبەکەیدا پەنای بردۆتە بەر قسەی لاوازو پووچەڵ، کەزۆر لەیەقینەوە دوورە، داوای هیچ خاوەن داوایەك ناچەسپێنێ.
ئێوەی بەڕێز-خوا بتانپارێزێ-سەرگەرمی دادو داد پەروەرین هەر چینێك بە پێی شایستەی خۆی و، لەسنوری تایبەتی خۆیاندا ئاوڕیان لێ بدەرەوە و جیاوازی لە نێوان مێشولەو عەنقایەکدا مەخە، دوابەدوای ئەوە لە ئێمەی دۆعا گۆوە سوپاستان ودۆعای سەرکەوتنتان پێویستی سەرشانمانە.
ئێستا بەڕێزتان بەناوی فەرمان دانتان بە چاکەو قەدەغە کردن لەخراپەو لە کارانی ناڕەوا جل وبەرگی ئیجتیهادتان لەبەر کردووە، بەوپەڕی لێبووردن و بەگەرمی خەڵك ئەکەن بۆ ئەوەی بیانخەیتە سەر ڕێگەی (تشیع) ئەمەتان بەلای منەوە تەواو نی یە و ناڕەوا وەرئەگیرێ [1]
پێویستە لەسەر ئێمەی زانایان ڕای خۆمان بە ئاشکرا دەربڕین و بۆ ڕوون کردنەوەو جوێ کردنەوەی کاری ڕەوا خۆمان برەنجێنین و لەکەس نەترسین و لەبەرەم هەموو کۆسپێك و هەموو کەسێکدا پێویستە خۆمان ڕابگرین.

---

(١) زانای ئایینی ئەبێ وابێ و ئاوەها بێ پەردە پەنجە بکا بە قوڕگی شێراو لە هیچ سڵ نەکات و هەمیشە ئەبێ (لاگاعە لمخلوق فی معصیە الخالق) ی لەبەر ڕەچاوێی و کۆڵنەدان.

له كۆتاييدا تكايه بەرامبەر بەم نامەيەم ئاوێنەی دڵت گەرد نەگرێت و، بەوەڵام دانەوەت شادمانم بكەيت، تا منيش لەلايەن خۆمەوە بە (سَلمنا) وەيا بە(مَنعنا) بێمەوە مەيدان. چونكە بووم بە مايەی سەرێشەتان بەم بەيتەی خواجە حافظی شیرازی نامەكەم كۆتا ئەكەم:

غير ازين نكته كه (حافظ) از تو ناخوشنود است

در سرا پای وجودت هنری نيست كی نيست

زانای ئايينی ئەبێ وابێ و ئاوەها بێ پەردە پەنجە بكا بەقوڕگی شێراو لەهيچ سڵ نەكات و هەميشە ئەبێ (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) ی لەبەر ڕەچاوبێ و كۆڵنەدان.

**مەعدووم**

**مەولەوی لەئەنجامی کێشەیەکی مەزهەبی و ئایینی دا چەند جارێك نامە ئەنێرێ بۆ فەرهاد میرزا و لەگەڵیدا لە ڕێگای نامەوە ئەکەوێتە وتو وێژەوە،وەئەم نامەیەش هەر لەو ڕووەوە لەڕێگای مەلا محەمەد صالحی ( فخر العلما ) وە ئەنێرێ بۆ شێخ یوسفی ( مدرس )** [1]

---

(١) بۆ ئەوەی لە نامەکەدا بەتەواوی بگەین پێویستیمان بەم ڕوونکردنەوەی خوارەوەوە هەیە:
فەرهاد میرزا هەرچەند فەرمانڕەوایەکی بەسوودو داد پەروەرو بەبەزیی بووە، بەڵام لەپەنای فەرمانڕەوایی یەکەیدا وەکو زوتر باس کرا وییستویەتی لەڕێگای مەلاو دۆستانی یەوە کوردەکانی (سنە) و دەورو بەری بکا بەشیعەو. ڕێبازی جەعفەریان بەسەرا بسەپێنێ . جا لەماوەی فەرمانی ڕەوایی یەکەیدا بۆ چەسپانی کارەکەی کۆمەڵێکی زۆری شیعەی جەعفەری لەهەرێمە فارسەکانەوە دێنێ بۆ شاری (سنە) و تیایدانیشتەجێ یان ئەکات، لەئەنجامی قسە بەزۆران دان و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕادا جەنگیکی خوێناوی لەنێوانیاندا پەیدا ئەبێ –جگەلەکوشتنی چەند کەس لەهەردوولا – موجتەهیدی جەعفەری یەکان (شێخ محمد تقی) لەلایەن کوردەکانەوە–بەحەق یات بەناحەق– ئەکوژرێت وەهەراکە گەرمتر ئەبێ‌ن لەلایەن میری یەوە بۆ بەدی هێنانی هێمنی و ئاسایش، چەند هەنگاوێك نرا. یەکێك لەوانە دوورخستنەوەی (مدرس) ی مزگەوتی (دار الاحسان) شێخ (عبدالقادر) ی موهاجیری بوو. ماڵ ومناڵەکەی لە سنە بەبێ مانگانە بۆ ماوەیەك مانەوەو خۆیان ڕەوانە کرد بۆ کوردستانی عێراق، کەلەو سەردەمەدا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، لە دواییدا بە تکای مەولەوی–وەك لە نامەکەیدا هاتووە– فەرهاد میرزا مانگانەکەی گێڕایەوە بۆ خێزانەکەی.
دوا بەدوای دوورخستنەوەی موهاجیر، شێخ یوسفی ئامۆزای لەلایەن میری یەوە بەڕەسمی کرا بە (مدرس) ی مزگەوتی (دارالاحسان) ، جگەلە دانانی بە وەزیفەی (تدریس) کراش بە سەرپەرشتی کەری ئەو گوندانەی کەسەردەمی خۆی (امان الله خان) ی گەورە کردبوونی بە وەقفی مزگەوتی‌کە.
ئەم شێخ یوسف ناو کەلەنامەکەدا بە (مدرس) ی ڕووت ناوئەبرێت، وەك لەنامەکەی خودی مەولەویدا ڕەچاوی ئەکرێت مەلای دەربارو خۆفرۆش و دووڕوو دنیا پەرست بووە. بۆخۆنزیك کردنەوەی لەبارەگاوە بە ڕاست و بە چەوت بەرگری و پشتگیریی فەرهاد میرزای کردووە، ئایا لەخۆیەوە وە یا بە هاندانی فەرهاد میرزا؟ چەند جارێك نامەی پڕو پوچ و ناشایستە ئەنێرێ بۆمەولەوی ، وەلەکێشەی ئایینی و مەزهەبییدا لایەنی فەرهاد میرزا و هێرشی ناڕەوا ئەباتە سەر مەولەوی. بەم بۆنەیەوە مەولەوی بەم نامەیەی، لەدژی ئەوەستێ و زانستانە وەڵامی ئەداتەوە. بەڵام نازانم بۆ ڕاستەو خۆ نامەکە نانێرێ بۆ (مدرس) و لە ڕێگای (فخرالعلما) وە ئەیدوێنێ؟
لەنامەکەدا هاتووە مەولەوی لە ڕێگای (فخرالعلما) وە نامەیەك ئەنێرێ بۆ فەرهاد میرزاو، ئەیەوێ (لەبەر هەر هۆیەك بووبێ) (مدرس) بەو نامەیەی نەزانێ، بەڵام لە دواییدا (فخر) ئەم نهێنییەی ئاشکرا ئەکاو ئەیدرکێنێ.

## دەقی نامەکەی مەولەوی:

لەمنی یەك کەوتووی چەرخی ڕۆژگارەوە مەن مەن، نەء،بەڵکو خەرمان خەرمان، بۆ کۆگای ڕەوشت و خووی بەرزی ڕازاوە، (فخر) ی ڕۆژگار، عەرزی سڵاوو دۆعاو نزای خێرمان بۆ سەعادەت و بەختەوەریی سەرە نجامی دواییتان پێشکەش بێ.

(وبعد) موجتەهیدانی ئێمەی بنەماڵەی سوننەت لەبابەتەکانی زانستیی (فقه) دا لەشنەی هەناسەی پاکی بەفەڕی پێغەمبەرایەتیی یەوە (هەزاران درودو هەزاران سڵاو لەسەر چاوەکەی بێ) دوو فەرموودەیان خستنتە بەرچاومان، هەردوو فەرموودەکە بۆ هەموو موسڵمانان بە گشتی و بۆ زانایان و کاربەدەستانی میری بە تایبەتی بوون بەسەرچاوەی ترس و بیم.

فەرموودەی یەکەم:

(اذا ظهرت الفتن ، وسب اصحابی، فلیظهر العالم علمه ، فمن لم یفعل ذلك فعلیه لعنة الله والملائکة والناس اجمعین، لایقبل الله منه صرفا ولا عدلا).

فەرموودەی دووەم:

(من رای منکم منکرا فلیغیره بیده ، فان لم یستطیع فبلسانه ، وان لم یستطیع فبقلبه، وذلك اضعف الایمان) صدق رسول الله صلی الله علیه وسلم

فەرموودەی یەکەم ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام دووەمیان پێویستی بەهەندێ ڕاڤەو لێکۆڵینەوەهەیە.

زانایانی هەڵکەوتوو لە توێژینەوەیدا چی یان فەرمووە منیش بەو مضمونە وە دەیخەمە بەرچاو.

(رای) :لە (ڕونیەتی) بەمانا زانینە ، نەك (ڕونیەتی) حاسەی چاو ، واتە بزانێ بە گونناهەکەو هەستی پێ بکات ، مەرج نی یە بەچاو بی بینێ.

(منکم) : مەبەست پێی: هەموو تاك و کۆی موسڵمانانە (چ نێر، چ مێ- وەرگێر) لەهەموو سەردەمێکدا.

(منکرا): کاری ناڕەوا، حەرام...

(فلیغیره) : با بیگۆڕێ، ئەمرەکە بۆ ووجوویە، ئەم گۆڕینەش دەبێ لە ڕووی شەرعەوە بێ ، نەك بە گۆترە وەیا بە عەقڵی ڕووت.

(بیده) بەدەست و بەهێز. ئەگەر نەیتوانی بەدەست کاری تێ بکا- وەکو ئەوە لە زیانی ماڵی یا بەدەنی بترسێت.. بەڵام هەڕەشەو گوڕەشەی ڕووت نابێ بە بەڵگەی خۆلێ گێل کردنی، وەك لەم فەرموودەیەوە دەرئەکەوێ کە تورمزی ئەیگێڕێتەوەو ئەفەرموێ:

(الا لا یمنعن رجلاً هیبة الناس ان یقول الحق اذا علمه)

( فان لم يستطيع فبلسانه ): به زبان و به وتن ئەگەر نەیتوانی کاری تێ بکات. ئەوە بە تورەیی یا بەنەرمی رووی تێبکات، کامیان کاریگەرو گونجاوترە، ئەوەیان بەکاربێنێ،
( فان لم يستطع فبقلبه ): ئەگەر توانای دەمکوت نەبوو ئەوە پێویستە بەدڵ و بەنهێنی رقی لێی بێ ونەیەوێ
وەکو ئەوە ستەمکارەکە تانە بدا لە ئیمامەکان و پیشەوایانی تر.
( وذلك اضعف الايمان ): ئەوە لاوازترین حاڵەت و دوا پلەی نزمی ئیمانە، واتە: ئەگەر بەدڵ رقی نەبوو لێی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئیمانی کزو باوەڕی لاوازە، چونکە ئەگەر بۆ دەست و زبان مەرجێك هەبێ ، مەرج بۆ دڵ ودەروون نی یە،
بەڵام -برایان !- با لەگەڵ خوای خۆماندا ڕاست بین و بە ڕاستی ناپین بگرین، بەخەیاڵ نابێ هەندێ شت دروست بکەین و بیکەین بە بەهانەو بیانووی بێ دەنگیمان و دوورە پەریز بوەستین.
کێ دیویەتی بەرامبەر بە واتەیەکی حەق لەم ڕۆژەدا تووشی زیانی ماڵی و لەشی بووبێ؟ یا بەسوکی و ریسوایی یەوە سەیری کرابێ؟
ئێمە بەخەیاڵ –بەرامبەر بە خۆشەوستیی دنیا-بەڵگەی بێ دەنگی بۆ خۆمان دائەتاشین و لەڕاستی لائەدەین وزانست و زانیاریمان فەرامۆش ئەکەین. دیارە بەم کارەمان لەلایەکەوە ماوە ئەدەین فەرمان ڕەوا لە هێڵ لابداو، خۆشمان لەتەکیا هاوبەش بین، وەلەلایەکی کەوە بەم لادانەمان بەر ئەفرینەکەی پێغەمبەر ئەکەوین.
کەسێك بە ڕاستی ڕێگای خوا بگرێ و لێی بترسێت، بێ گومان فەرمان ڕەوای ڕۆژیش لێی ئەترسێ و شەرمی لێ ئەکات، لەوانەیە واز لەتاوانەکانی بێنێ و روو بکاتە خوا.
ئەگەر زانایان ترسی خوایان لە دڵدا نەبێ، فەرمان ڕەوای ڕۆژیش نرخیان بۆ دانانێ و بەسوکی سەیریان ئەکات.
( فخر ) ی من ! لە ڕوو دامەمێنەو مەفهوومی ئەم نامەیەم بگەیەنە بەجەنابی ( مدرس ) [1]
و پەردە لەڕووی ڕاستی لادەو بی گەیەنە بەکۆمەڵ.
بنەماڵەی ئێوە بەتەقواو زانست و پاکی بەناوبانگە، دەبوو هەر لەسەرەتاوە مەوداو ماوەت نەدایە بە ( مدرس ) ( خواسەلامەتی بکات ) بەو تەعبیرە ئاڵۆزو پڕوپووچانەوەو بەو شێوە نەشیاوەوە نامە بۆ من بنووسێت-چونکە لەم شوێنە پیرۆزەدا (واتە دێی تەوێڵە-وەرگێر) ڕۆژی بەدەیان زاناو

[1] لەمە تێ ناگەم، مەولەوی ڕاستەو خۆ بۆ نامەکەی نەناردووە بۆ (مدرس)؟ بۆ لەنێوان مەولەوی و (مدرس) و فەرهادمیرزا دا (فخر العلما) بووە بە پردی پەڕینەوە؟.

بلیمەت لە هەموو گۆشەیەکی دوورو نزیکی کوردستانەوە وەکو پەروانە لە دەوری چرای ڕوخساری شێخ [٢] کۆنەبنەوە، لەوانە مەلا عوسمانی[٣] سلێمانی و مەلا ئەحمەدی نودشی [٤]و. مەلا عەلی تاڵشی و مەلا ( عبدالله ) ی داغستانی[٥] ( خوا بیانهێڵێ ) ئەم بەڕێزانە لەهەموو ڕوداوێك و هەموو نامەیەکی ئیجابی –یاسەلبی بێ ئاگانین و ئەی بیستین و ئەکەوێتە بەر چاومان.

جا ئەگەر نامەیەکی پرو پوچی وەك نامەکە ( مدرس ) ببینن ( وەکو بینویانە-وەرگێڕ ) ئەبێ- جگەلەئەنگی ونوشوستی- چ پلەو پایەیەك بۆ ئەو نامەیەو بۆ خاوەنەکەی دائێن؟

لە من ئاشکراو ڕۆشنە ئێوەی بەڕێز لەم جۆری کارانە بەرین، ئەزانم ئێوە بەشێوەی نامەکەی ( مدرس ) نارازین و پێتان ناخۆشە ئەگینا قەلاێ بەرزی سەدان ساڵەی ئێوەشی پێوە ئەڕوخێت و ناوتان بە خراپە ئەزڕێ.[٦] مرۆڤ لای ( ئەسناس )[٧] چۆن بکەوێتە بەرچاو گرنگ نی یە، بەلام لای کۆمەڵی بلیمەت و پایە بەرز ئەبێ بە جوامێری و وشیاری ببینرێت و بکەوێتە سەر زبان. ئەگینا خاوەنەکەی سووك و ریسوا ئەبێ .

من لە وەڵامدا ڕووی قسەم لە تۆ ئەکەم، چونکە لە ئازایی و زانست و ژیریتان دووڵ نیم،بەتایبەت کەجەنابی ( مدرس ) نووسی بووی : ( من لە ( فخر العلما ) م پرسی: کێ ئەم نامەیەی نووسیوە؟ حەزرەتی فەخر بە زەردەخەنە، بە قسە، بە خامۆشی، بە نیگا، بە ئاماژە، فەرمووی نامەی مەعدوومە . . . ).

---

[٢] مەبەست پێی (شێخی بهاء الدین ) ە ، لەوکاتەدا مەولەوی لەتەوێلە بووە. نامەکەی ( مدرس ) بەرچاوی شێخ و مەلاکان کەوتووە.

[٣] مەلا عوسمانی (١٢٤٠-١٣٠٧) ك. کوڕی حاجی ئیسماعیلەو دانیشتووی شاری سلێمانی بووە. لەهەمان کاتدا شاعیرو نازناوی (فایق) بووە. خەلیفەی شێخی سیراجەدین بووە. دیوانی شیعری (بە کوردی و فارسی و عەرەبی) هەیەو، لەلایەن ئەمین موتابچییەوە لەچاپدراوە لەخانەقاکەی خۆیدا – کەبەخانەقای حاجی مەلا عەلی بەناوبانگە–نێژراوە.

[٤] ئەمزاتە لەئاسمای کوردەواریدا– بەتایبەت لە فیقەو شەریعەتدا– وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ دەرەوشاوەتەوە، بەلای عەلادین سەجادی یەوە مەولەوی لای ئیجازەی وەرگرتووە.

[٥] لەژیانی ئەم دوانەی دواوەوە بێ ئاگام.

[٦] نامەکەی (مدرس) دوور بووە لەگیانی ئایینی یەوە و حەرام و حەڵاڵی پێکەوە تێ هەڵکێش کردووەو حەقایەتی کردووە بەژێرەوە.

[٧] مەیموونی نازیرەك ، لێرەدا مەبەست ئینسانی نازیرەکە.

کەواتە فخری من ! ئەگەر لەو ئاماژەیەتدا پەنجەت بۆ حەقیقەتی نامەکەی من ڕاکێشاوەو، بەلام (مدرس) تێی نەگەیشتووە، ئەوە بەجێ یە، چونکە ئێوە و نموونەتان بەم جۆرە ئاماژەیە شایانن، ئەگینا چ دلێری یەکت کردووە؟ بە کینایەتێك کەلە (صریح) بەهێز ترە خۆت بئالێنی بە ڕەوشت نزمان و ناحەق پەرستان!!

هەرچۆنێ بوبێت، چونکە پەی بردن بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ هێزو پێزوبڕشتی (سوڵتانی ئیستیدلال) لەبەر ئەوە لە دوو لقی گومانەکە لقی دووەمیان هەڵئەبژێرم و[8]پاڵێوتەی بڕگە گرنگەکانی (مدرس) بەشێوەی خاڵبەند ئەهۆنمەوە و یەك بەیەکیان ئەدەم لە بیژەنگ ..لامیان ئەدەمەوە !

یەکەم: دەربارەی سوپاس و ستایشی بۆ جەنابی (والی) سەری خۆی ئێشاندووە ، چونکە بەڕێزیان لەبەر داد پەروری و ڕەوشت و خووی بەرزیان..

پێویستی بە سوپاس و ستایش نی یە و وەکو تەحصیلی حاصیلە ، هەموو دانیشتوان شارەزاو بەسەر ڕەوشتە بەنرخەکانیان ئاگادارن.

جەنابی (مدرس) لە ستایشەکانیدا گەلێ سەرەڕوییەو لە هێڵی ڕاستی و ئاسایی چۆتە دەرەوە، وەك ئەیبینی (غولام شاخان) ی گەیاندۆتە پلەی پێغەمبەرێتی !! بەم پێوانەبێ ئەبێ جەنابی (والا) [9] لە پلەی خواییدا بێ، چونکە بە دیمەن و ڕواڵەت و بە پێی ئاگاداری ئێمە و ، بە پێی باوەڕی دەستەی ڕەش و ڕووتان جەنابی (والا) گەلێ لە غولام شاخان-بەرامبەر بەهەژاران و بێ ئەوایان-بالاترویەبەزەیی ترە . [10]

دووەم:

(مدرس) فەرموویەتی: (شیعر)

---

[8] چونکە موناسەبەتەکە نازاندرێت مانای نامەکە بەجوانی نومایان وئاشکرانی یە، تا نامەکە(مدرس) نەبینوٚت هێماکانمان بۆ ڕوون نابێتەوە.

[9] (والا) واتە بالا، نازناوی ڕەشمیی فەرهاد میرزایە.

(۱) [10] لێرەدا مەولەوی مەبەستی ئەمەیە:

سوپاس کردن و پیاهەڵدان بەفەرمانڕەوایاندا بەرامبەر بەدادپەروەری یان و ڕەوشت و خووی مرۆڤایەتی یان .. ڕەوایەو ناشایستە نی یە، بەلام بەمەرجێ لەو سوپاس و ستایشەییاندا -بەتایبەت لەسەردەمی فەرمانڕەوایی یاندا-لە هێڵی نەریتیو لەسنووری شەریعەت نەچنەدەرەوە زیادە ڕەوینەکەن،بەلام (مدرس) لەستایششەکەیدا گەلێ لای داوەو لەڕاستی دوورکەوتۆتەوە.

.....................[11]

**ساقی مگر وظیفه ء ( حافظ ) زیاده داد**

**کاشفته گشت طره ء دستار مولوی**

**زۆرم پێ خۆشبوو ناوی ( لسان الغیب ) ت[12] هێنا، بەڵێ ڕاستە . بەهۆی نەشئەی بادەنۆشیی خۆشەویستیی شێخەوە ( شێخی بەهادین- وەرگێڕ ) کە پیری مەیخانەی بەختەوەری یە، مەولەوی سەرخۆشەو تورەی میزەرەکەی تێک چووە[13]**

**ئەم تێک چوونە کەبەهۆی خواردنەوەی ئەو بادەیەوە بەسەرم هاتووە، بوە بەهۆی کۆبونەوەی هەزاران فەڕو بەرەکەت، بەزمی ئاشکراو نهێنی و بۆنی عەنبەری بەهەموو لایەکدا بڵاو بۆتەوە:**

**تا ابد بوی محبت بمشامش نرسد**

**هرکه خاك دری میخانه بر خساره نرفت**

**بەڵام ئەی ( مستولی ) بە سەر مەدرەسەی پڕ وەسوەسەوە! ئایا نەتدیوە ؟ وەی ئەی سر پەرشتی کەری ( ئەوقاف ) ! ئایا نەکەوتۆتە بەر گوێت ؟.**

**فقیە مدرسە دێ مست بودو فتوی داد**

**کە مێ حرام، ولی بە زمال اوقاف است[14]**

---

(11) ~~ئێلێوەمەلوەیێم~~ ساغ نەبووە.

(12) -خواجە حافظی- شیرازی ڕەحمەتی خوای لێ بێت-لسان الغیب- ناوبانگی ڕۆیشتووە، بۆیە مەردومان بەگشتی بۆدەنگ و چەڵەمەی دەروونی خۆیان پەنا ئەبەنە بەر دیوانەکەی و بەفاڵ ئەگرینەوە..

(13) وشەی- مەولەوی – لەبەیتەکەی (خواجە حافظ ) دا مرۆڤێك بووە لەسەردەمی ( خواجە حافظ ) دا ژیاوە. ئەو مەولەوی یە بە وتەی ( حافظ ) بادەی زۆری خواردۆتەوەو سەرخۆشی کردوەو لەبەر ئەوە تورەی میزەرەکەی تێك چووەو ئاگای لەخۆی نی یە، ( مدرس ) یش مەولەوی دەچوێنێ بەو مەولەوی یەوە کە ( حافظ ) هەجوی ئەکاو دای ئەشۆرێ، مەولەویش بەبەڵگەی حوسنی تەعلیل ئەڵێ بەڵێ سەرخۆشم، بەڵام سەرخۆشی یەکەم بەهۆی بادی نۆشیی خوا پەرستیەوەیە نەك بادەی شەیتانی.

(14) (١) بەیتەکە لام وا بەیتەی (حافظ ) شیرازی یە، مەعناکەی:

(٢) زانای زانستگەی زانێ- دوێنێ- یا زستان ئەم فتوایەی دەرکردو وتی: مەی ، خواردنەوەی حەرامە، بەڵام گەڵێ لەخواردنی ماڵی ئەوقاف باشترە.

(٣) ئەم بەیتە لەلایەن مەولەوی یەوە وەڵامی ئەو بەیتەیەکە ( مدرس ) لەبڕگەی ( دووەم ) یدا هێنایەوە ( ساقی مگر وظیفە ( حافظ ) ...هتد ) ، ( مدرس ) واتە شێخ یوسف لەجێگاکەی ( شێخ عبدالقادر ) ی موهاجیردا کرا بە ( مدرس ) ی مزگەوتی ( دارالاحسان ) ئەم مزگەوتە لەلایەن ( امان الله خان ) ی والی دروست کەری ئەم مزگەوتەوە چەند گوندێکی لەسەر مزگەوتەکە وەقف کرد، بۆ دەستەی فەقێ و مەلا و خادیم... فەرهاد میرزای قاجاری وەك تەدریسی دا شێخ یوسف ،

ئێمەی دەروێشان هەمیشە مەست و سەرخۆشی بادەی خۆشەویستیی خواین و، بۆ بەجێ هێنانی هەموو کارانی دنیاییمان جگەلە پەیڕەوی کردنی شەریعەتەکەی سەرچاوەیەکی ترمان نی یەو، لەدایەریەرەی فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردن لە خراپە ناچینە دەرەوە، ئەم حاڵە لەکوێ و حاڵی (مدرس) لە کوێ؟

این رە کەتو میروی بترکستان است

سێ یەم:

(مدرس) منی بەسپڵە داوە لەقەڵەم، چونکە دیاری یەکەی (والا) م گێڕاوەتەوە و پێی ڕازی نەبووم، وەئەڵێ: (لە جیاتی ئەو دیاری یەی (کتێبەکەی (سبط) ی ابن جوزی- وەرگێڕ) ئەگەر زێڕو زیو بوایە وەری ئەگرت و بۆی نەئەناردەوە...)

گوایە بەگێڕانەوەی خەڵاتی شایانە من ناخیم بڕیەوەو جاریکی تر ئەو خێرو فەڕە بەچاو نابینمەوە).

(مدرس) بەم شێوە ناپەسەندو نارەوایە کەهەرەشەو گورەشەیە، تیری بەد گۆییم تێ ئەگرێ و شەرم نایگرێ!! بەڵام فەخری من !من ئەڵێم: خەڵاتی شایانە لای پاکان و خاوەن ڕەوشتان (کلی) بێ یا (جزئی) ئەبێ بی جێی شانازی، وەزێڕو زیویش ئەبێ دڵ وەری ئەگرێت، بەمەرجێ دیاری یەکە بێ تویکڵ بێ و تەنیا بۆ مەبەستیی خۆشەویستی بێ ، لەلایەن ئێمەوە ئەو دیاری یەبەفراوانی جێی خۆی گرت،بە مەفهوومی (من لم یشکر الناس لم یشکر الله) سوپاسی (والا) مان کردو خستمانە سەرچاومان، بگرە بەرمبەر بەو دیاری یەکی دەروێشانەمان دا بە فروستادەکەی وزۆر بە ڕێزەوە جیاکردنەوەی (کلی) لە (جزئی) بەتەنیا شێوەی (مدرس) ە

کار پاکانرا قیاس از مگیر

گرچە باشد درنویشتن شیر شیر

لێرەدا لەنێوان ئەصڵ و فەرعدا بەڵگەی هاوبەشی نی یە قیاسەکە گەڵێ جیاوازی لای زانیانی مە نطیق (کلی) (جزئی) یەو (جزئی) (کل)ە.

دەربارەی گێڕانەوەی کتێبەکەی (سبط) ی (ابن الجوزی) هیچ خۆم بەسپڵە نازانم، من هەمیشە ڕێزگرتنی پیاوی گەورەم لایەو لەبەر چاومە، بەڵام بە پێی وتەی پێشینان (لەم عەسا بۆ ئەو

---

هەروەها دێهاتە وەقفەکانیشی دایەو بەرەسمی کردی بە (مستولی) و سەرپەرشت کەری ئەو وەقفانە، جابە پێی وتەی مەولەوی (مدرس) لە خواردن و یاری کردن بەماڵی ئەوقاف قصوری نەکردووەو ئەڵێ: کەواتە ئەگەر من سەرمەست و سەرخۆشی بادەی حەرام بم؟ ئەوە گەڵێ سووکترو هێواش ترە لە یاری کردن بە ماڵی ئەوقاف.

عەسا ) جیاوای یەك هەیە لە نێوان دیاری یەكدا كەبەناوی خۆشەویستی یەوە بێ و دیاری یەكی ترا كەبۆ بەدی هێنانی مەبەستێكی تایبەت بێ، ئەم دوو دیاری یە چ لە ڕواڵەت و دیمەنداو چ لەماناو ئەریتیدا زۆر لەیەكتری یەوە دوورن.
ئەو كتێبە بەرامبەر بە یارانی پێغەمبەر پڕبوو لە تانەوتەشەرو وتەی ناپەسەند بۆ نموونە بڕوانە بابەتی (ذكر ماجرا له بعد وفاة امير المؤمنين...) كەلەوێدا چۆن دواوە؟ پشتی بەقسەكانی مەلا مەحموودی زەمەخشەری یەوە بەستووە، كەگۆشەگیر (معتزله) یكی بەد باوەڕ بووەو لە بنەڕەتدا جێی گومان و گومڕایی یەو، زانستەكەی لەنەزانین بەو لاوە هیچی تر نی یە وبێ سوودە، بەشێوەی بێ ڕەوشتانە جنێوی داوە بە پیاوە گەورەكان و داونیەتە بەر تیری تانە، جنێو دان بە پیاوی گەورە و پایەدار لە پیشەی ئینسانی شەریف نی یە ، شەرف و پلە بەرزێتی بە ڕەوشتە، نەك بە ڕەگەز و نەژاد و بنەماڵە.بە پێی ئایەتی (فاذا نفخ فی الصور فلا انساب بينهم يومئذ-المؤمنون ٢٣) وەبە فەرموودەی (اتونی باعمالكم ولا تاتونی بانسابكم) وەهەروەها بە فەرموودەی (اهل بيتی هؤلاء يرون انهم اولی الناس بی ليس كذلك) پرسیار لە كردار ئەكرێ ، نەك وترا -نەژاد و ڕەگەز و ڕەگی بنەماڵە.
بە وتەو گەواهی دانی خوداو پێغەمبەر هەموو یاران ڕاست و ڕاست گۆن، كام قاضی و كام مودەریس ئەتوانێ وتەی ئەم دوو شاهیدە بریندار بكات؟ [15] لەلایەكی كەوە جگە لەو كەم وكوڕی یانەی كەتیایدا بەدیم كردن، زۆربەی لاپەڕەكانی مۆری تایبەتی جەنابی (والی) ی پێوە بوو، سەرم لەوە كردەوە كە ڕۆژێ لەڕۆژان بەر چاوی لێ پرسراوانی دەوڵەتی عوسمانی بكەوێ و، لەڕێگای منەوە لە نێوان هەردوو دوڵەتەكەدا ناكۆكی ڕوو بدات، جالەبەر ئەمانەو چەند هۆی تر تر كتێبەكەم بۆناردووە، دیسان ناردنی ئەو كتێبە بۆ من بەناوی دیاری یەوە پەیامێكی پیرۆز نەبوو وەجێی پرسیار بوو..
لەم وەڵامەداو لە لقێك لە لقەكاندا مەبەستم پێی ئەوە نەبووە كەڕەخنە لە (والی) بگرم و بەو بۆنەیەوە دیاری یەكەی بكوتمەوە بە ناو چاویاو، بەڵكو تیایدا پرسیارم لە فەلسەفەی ناردنی كتێبەكە كردووە.

---

[15] مەولەوی لە باوەڕنامەكەیدا (العقيدة المرضية) دەربارەی یاران دوو بەیتی فەرمووە، بەگونجاوی ئەزانم كەئەو دوو بەیتە لێرەدا بنووسم، ئەمە دەقی دوو بەیتەكەیە:
خوداو پێغەمبەر لەمەدحیاندا
دوژمن لەنەقدو لەقەدحیاندا
توخوا پێم بڵێ تۆوە پەنهانی

ئایا (ولا مناقشة فی الاصلاح) فریشتەکان کە وتیان :(اتجعل فیها من یفسد فیها و یسفك الدماء...)
مەبەستیان ئەوە بوو رەخنە لە خوا بگرن؟ یا مەبەستیان روون کرنەوەی فەلسەفەی کارەکە بوو؟
جەنابی (مدرس) ئەڵێ : مەولەوی بەم وەڵامەی دەیەوێ فیتنەو ئاژاوە لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا پەیدا بکات، نەخێر . ببورەو چاوێ هەڵبڕە ئاژاوەگێڕ بناسە!!
ئەوەی لە نامەی پێشوودا بۆ (والی) م نووسیوە، جگەلە ئامۆژگاری نیازێکی ترم مەبەست نەبوو، ئاشکرایە پیاوانی خاوەن پلەو پایەی بەرز ئەك بڵێم بەتەنیا ئامۆژگاری وەرناگرن و بەس بەڵکو بەدڵ فراوانی و بەسوپاسەوە وەری ئەگرن و پێی ئەگەشێنەوە. ئایینی سولەیمان پێغەمبەر بەو هەموو توانایەیەوە مێژوویەیەکی ئەدواند!!
جەنابی والی چونکە بە تینی ورد بینی خۆی لە نامەکەم گەیشتبوو، وەڵامێکی رێك و پێکی بێ تونێکڵی بۆ نووسیمەوە، بەڵام (مدرس) بە تێبینی کورتی وەڵامێکی ناپەسەندو تێك شکاوی بۆ نووسیبووم کە هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو.
خووی رەوشتی ناشیرین و ناپەسەند ئەوەیە، هەرکاتێك فەرمان رەوای رۆژ بەحوکمی (وشاورهم فی الامر) ئەگەر پرسیارێکی ئاراستە کردیت لەوەڵامەکەتدا دەبێ ئاگات لە حەق و راستی و بەرژەوەندی گشتی بێت و.لە ترسی ئەو فەرمان رەوایەی خۆت، ئەهاویتە چاڵە تاوان و نارەوایی یەوە پێش هەموو شتێك لەم هەڵوێستانەدا دەبێ خوای گەورەت لەبەر چاو بێ و لە رێگای راست و رەواوە برۆیت.
بەدی هێنانی کاری مرۆڤایەتی هەرگیزاو هەرگیز ئاژاوە دروست ناکا.
این ره کە تو میروی بە ترکستان است
من دەروێشێکی بێ باکم وەبەتایبەت ئەوەی پاکی پێغەمبەرو ئەتیجە و ئەنجامی عەلی وفاتیمەی زەهرام، قسەی حەق هەر ئەکەم و پەروام لەکەس نی یە و لەکەس ناترسم، جەنابی والی لەمە بێ ئاکا نی یەو باشی ئەزانێ، کەواتە بەرێزیان بەوتەو واتەی ئەم و ئەو ئاوێنەی حیلمی تۆزو گەرد ناگرێ، من خوا دروستی کردوم و هەر ئەویش بەر پرسیارە لە ژیانم.
(مدرس) ئەفەرموێ: ئاوەرۆك و ئاواخنی کتێبی ئاوبراو لە وتەی کەڵە زاناکانی سوننی وەرگیراوە.
منیش رام وانی یە، چونکە لەلایەن جێگیر (ثبوت) بوونی (گشت) (مجموع) بە بوونی ئەجزایە، بەڵام لەلایەن (نفی) یەوە بەدی نەهاتنی (گشت) بەبەدی نەهاتنی (تاك) (جزء) یکیش پەیدا ئەبێ، ئەوەی ئەو دانەرە ئەیەوێ، چونکە (ثبوت) مو بۆ ئیسپاتی (گشتە) —ئاشکرایە بۆی ئاچێتەسەر و تیایدا سەرکەوتوو نی یە، بەڵام راوبۆچونەکەی من لەبەر ئەو بەمەبەستی بەدی نەهاتنی گشتە، لەرووی چەسپاندنەوە زۆر بەجێ یەوزۆر لەبارو گونجاوەو نارێکی تیادا نی یە.

له چ کتێبێکی سوننەتدا جنێو ئاڕاستەی یارانی پێغەمبەر کراوە؟ کەواتە بە گشتی و بە موتڵەقی لەزانایانی سوننەت وەرنەگیراوە.

( مدرس ) ئەڵێ : ئەو وتانەی کەلەو کتێبەدایە بە تاك تاك و کۆ کۆ بەشێوەی بڵاوی لە کتێبەکانی ( سیرە ) و لە وتەی زانایانی سوننەتدا هەیە و دەبینرێن، بەڵێ وایە بەمەرجێ حەرام و حەڵاڵ و ڕاست ودرۆ بەیەکدا هەڵنەشێلێ.

وەئەڵێ: ( کتێبەکە بەتەنیا وتەکانی ئەوان کۆ ئەکاتەوەو لێیان ئەدوێ و ڕوونیان ئەکاتەوە )

بەڵام من و ( مدرس ) و وێنەمان ئەڕا پەڕین و ئەمەلەوانی دەریای زانست ، بەڵکو عەوام ئاسا وتەی ڕاست و چەوت لێك جیاناکەینەوەو ئاکامان لە پەیوەستی سەنەد نی یە، وەبەسەر چۆنێتی ژیانی گێڕەرەوە ( رواە ) ە کاندا شارەزاییمان نی یە، چی لە ( خاص ) و ( عام ) و ( ناسخ ) و ( منسوخ ) و هۆکانی هاتنە خوارەوەی ( نزول ) ئەزانین؟

کتێبی ناوبراو لای من جێی باوەڕو متمانە نی یە، بۆمان نی یە لە خۆمانەوە ئایەت و فەرموودەی ( مسکوت عنها ) بکەین بەبەڵگەی کردار و تەمان، هەر وەك ( مدرس ) لە کتێبی ( فتح المبین ) دا لەباسی تەقیەدا وەری گرتووە.

لێرەدا کاتی ئەوەیە بەبێ تەقیە لەمانای ( تەقیە ) بدوێم:

( ماهیە ) ی بەش کراو ( مقسم ) لەنێوان لقەکانیدا هاوبەشە، جوێ بوونەوەی لقەکان لەیەکتری بە ( قید ) ی دژو پێچەوانە دیاری ئەدا، شتنەوەو لابردنی لقێك لەو لقانە سەرناکێشێ بۆ شتنەوەو لابردنی لقەکانی تر ، بۆنموونە :

( ماهیة ) ی ( غبطة ) و ( حسد ) و ( حقیقة ) و ( مداراة ) و ( تقیة ) لەیەك شت پێك هاتووە، بەڵام ئەو قەیدانە هەریەکەیان بەقەیدێکی تایبەت و بە ( حیثیة ) یێکی جیاواز لەیەکتری جیا ئەکرێنەوە.

ئەوەی من لە یارانی پێغەمبەردا لام بردووە و شتومەتەوە حەسەدی ناشایستەو تەقیەی ناڕەوایە، نەك ( غبطة ) و ( مداراة ) ی پەسەند بەجێ.

کەواتە جەنابی ( مدرس ) نەبۆنی ( اربعین ) ەی شەرحی ( فتح المبین ) داوێتی لە دەماخی و نەگوێی لەهەورەگرمەی ( صواعق ) ەوە بووە.

پێنجەم:

( مدرس ) سەرپاکی نامەکەی مەعدووم مەڵحەمێك بوو لە خۆشەویستی و ڕق و قین پێك هاتبوو. نەیزانیوە ( ماهیة ) ی خۆشەویستی کەی باشەو کەی خراپە؟ خۆشەویستی و قینی ئێمەی دەرویشان تەنیا بۆ برەوپێدانی شەریعەت و ڕازی بوونی خراپە و هیچی کە.

**شەشەم:**

( مدرس ) ئەفەرموێ: کتێبی ( تجرید )[١٦] کە ( جلال الدین ) ی دەووانی پەراوێزی بۆ نووسیوە پڕە لە ڕای جیاوازی جۆر بە جۆر لە چەندین پێچەوانەی زەق و لە تانەو تەشەری لەسنوور بەدەر ).

هێشتا نەیزانیوە ( تجرید ) دانراوی کێ یەو پەراوێزەکەی لە چی دەدوێ و مەبەستی پەراوێزەکان چی یەو لە چی ئەکۆڵنەوە.

( مدرس ) بەم وتەی ئەگەر ئەیەوێ بڵێ: وەك چۆن لەکتێبەکەی ( سبط ) دا تانەو توانج .. هەیە هەرواش لە ( تجرید ) دا دیسان بەهەمان دەقەوە هەیە. ئەوە-بەبێ ئەوە خۆی پێی بزانێ بۆچونەکەی من ئیسپات ئەکات و داواکەی منی پێ ئەچێتەسەر ، کە جنێودان و توانج لە نوسراوانی بنەماڵەی سوننەتدا نی یە، وەئەگەر مەبەستی ئەوەیە ، وەك چۆن من بەرپەرچی ( سبط ) م داوەتەوە، هەروەها گەرەکە بەرپەرچی وتەکانی تەجریدیش بدەمەوە.

ئەمەش من هیچ بە پێویستی نازانم، چونکە زانایانی دێرینەمان ( خوایان لێ ڕازی بێ ) شتێك نەماوەتەوە نەیڵێن و نەینووسین، هەموو گوتراوێکیان هەڵسەنگاندووەو شەن وکەویان کردووە، من هەر ئەمەندە ئەڵێم و ووتوومە : ئەو کتێبە بەو قسانەیەوە دانراوی ئەهلی سوننەت نی یە.

دیسانەوە ( مدرس ) بەرامبەر بەڕوون کردنەوانەیەم کە دەربارەی ڕەاست بیژیی زانایانی سوننەت وتوومن بە گومانی خراپم ئاراستەی موسڵمانان کردووە.

**یەکەم:**

یا ( مدرس ) ئەوە بزانێ من دووراو دوور گومانی خراپکاریم نەداوەتە پاڵ هیچ تاك و کۆیەك. بەڵام نزیکاو نزیك تانەو توانج و جنێوی یارانم لەو کتێبەدا دیوە.

**دووەم:**

ڕێبازی هۆزی حەق گۆیان هەرکاتێك کە ڕووخساری پرشنگداری خۆی بخاتە ڕوو منی هەژار بنووسم یا نەنووسم وەك یەکەو ئەنجامەکەی نمایانەو، لە خۆیدا بەرپەرچە بۆ هەموو ڕێبازێك کەبەرامبەری وێستابێ.

باب و رنگ و خاڵ و ( خط ) چە حاجت روی زیبارا

جەنابی( مدرس ) وای گومان بردووە کە من دەربارەی مزگەوتی ( دارالاحسان ) عەرزی ( والا ) م کردووە، کەبیگێڕێتەوە بۆ جەنابی ( شێخ محەمەد جەسیم ) بە مەرجێ منی هەژار-جگەلە داوای گێڕانەوەی مانگانەکەی بۆ ماڵ و منداڵەکەی -هیچی ترم نەوتووەو باسی ( دارالاحسان ) و داوای

---

[١٦] لە کتێبی (تجرید) دانراوی نصرالدین طوسیە – نەك جلال الدین

لابردن ودانانی کەسم نەکردووە، لەم ڕووەوە چی بڵێم وی بنووسم زیادەو نا پێویستە چونکە ( شێخ محەمەد جەسیم ) بەهۆی ئەو زانین هونەرانەیەوە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، بەرێزیان لە هەر گۆشەیەکدا جێگیر بێ هەرچەند تەسك وتیژو حادە بێ بۆ ئەو دەبێ بە بەگ گۆشەی کراوەو ( منفرجە ) و بە ( دارالاحسان ) ، شکۆمەند بە پیاوەویەیە نەك بە شوێن وجێگاوە، بەلام جێی داخ و هەناسە هەڵکێشانە کەهەمیشە گەردوون دژی زانایان و هونەرمەندانە، هەندێ گاڵتەیان پێ ئەکەن ( والله یستهزیء بهم ویمدهم فی طغیانهم یعمهون ) دەستەیەك بە گێل و گەمژەیان ئەزانن، ( الا انهم هم السفاء ولکن لایعلمون ) کۆمەڵێك بە دێوانە و شێتیان ئەزانن، بەمانە بڵێ : سوێند بە خودا ( وماصاحبکم بمجنون ) ( بل هو سلطان مبین ) ئەم زاتە بەتەنیا یەك ئەنگی تیایە ئەویش ئەوەیە ئەڵێ: خودا یەك و تاك و تەنیایە. وەلەهەمانکاتدا لەسەری سوورو بەردەوامە.

حەوتەم:

( مدرس ) : ( . . . . . . . ) [١٧]

سوپاس بۆ خوا من قسەی ڕاست و دروست ئەکەم و کردوومە، ئازایەنەو دلێرانە دێمە مەیدانەوەو ڕای بەجێ دەرئەبرم، شەرم لەکەس نی یەو، لە خوا ئەبێ ترس و بیمی کەسم لە زاتا نی یە، وەکو ( مدرس ) نیم لە دەربڕینی حەق و ڕەوا خۆم دوورە پەرێز بگرم و گۆشەگیریم، پرسم پێ بکرێ و بە شێوەی دووڕوویی بێمە ئاراوە!.

ئێمە ئەبێ لەحەق و لە دەربڕینی ڕاستی لانەدەین، وەکو پێویست پێویستە ڕوو لە مافیرەوا وەرنەگێڕێن، تالەلایەکەوە فەرموودەکەی. پێغەمبەر کەئەفەرموێ : ( الدین النصیحه.. ) بەسەر خۆماندا دابڕین و وەلەلایەکی کەوە ، بۆئەوەی گومان نەبرێت کەلەناو کوردو کوردەوایدا پیاوانی لیهاتووحەق گۆ نی یە[١٨]. چونکە جگە لە مەولانا خالید ( قدس الله سره ) کە کوردێکی پایە. بەرزو شوێنەواری دیارە-سەدان زانای کورد پایەبەرزی ترمان هەیە گەردوون پێیانەوە ئەنازێ، وەکو جەنابی ( موفتی ئەفەندی زەهاوی ) کەلەهۆزی گەورەی جافەو بەکوردایەتی خۆیەوە شانازی ئەکا.

---

[١٧] چەند دێڕێکی ئاڵۆز شپرزە بوو بۆم نەخوێندرایەوە، ناچار شوێنەکەیەم بە بۆشی هێشتەوە. بە پێی وەڵامەکەی مەولەوی ئەبێ وتبێتی : شەرم ناکاو قسەی خۆی ئەکات.

[١٨] مەسەلەکە فەرهاد میرزایە کە ئەویش فارسەو لە کێشەی ئاییندا ڕەگەز پەرست بووە واتە بۆئەوەی فەرهاد میرزا وا ئەزانێ کە کورد پیاوی بەرزی تیادا نی یە، ئەبێ لە هەموو لایەکەوە بەرامبەر بەم جۆرە مەسەلانە بێ دەنگ نەبین.

( مدرس ) ئەفەرموێ: ( پێویستە لەگۆڕینەوەی ئارادا دڵت گەرد نەگرێ ). منییش ئەم وتە بەنرخەی بەڕێزتان بۆ بەڕێزتانی دووبارە ئەکەمەوە کە ئەبێ دڵ ئێشان لەئارادا نەبێ.

ئەگەر ئێمە سەر بەبنەماڵەی سوننەتین و پەیڕەوی ئەوانین ، پێویستە وەکو ئەوان دەست و زبان و پێنووسمان بەهەموو توانایەکی گیانی و داراییمانەوە-بەمەبەستی هاندان بۆ مرۆڤایەتی و قەدەغە کردن لە خراپە- بخەینە کار، هەمیشە حەق گۆ بین ولەکەس نەترسین.

وەئەگەر سەر بەبنەماڵەی سوننەت نین، وەلە هەمانکاتدا ئەدەب و ڕەوشت و کردارمان شێوەی هیچ کامێکیان نەبێ، بێ گومان مەفهوومی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) ئەمانگرێتەوە :( اذا لم تستح فاصنع ما شئت ).

من بەم هەستەوە ئەڕوانمە ئایین ، لەم ڕۆژەدا کە ( بدأ الدين غريبا وسيعود غريبا ) و ( الشريعة تحت ظلال السيوف ) ئایین کزو لاواز بووە، مەودای شیرو تیری ( الامر بالمعروف والنهى عن المنكر ) ی ئەوێ، لەم ڕۆژگارەدا دین کەوتۆتە دەست فەرمانڕەوایانی کەم تەرخەم و هەوس پەرست و دنیا دۆست.

کێ لە قسەی بەرزی ( فخر العلما ) ئەپرسێ و ئەترسێ؟ کێ لەوتە و نووسینی من ئەکۆڵێتەوەو گوێی بۆ ئەگرێ؟.

چو دریای قدر جنبش نما يد

زبانگ غول بيسامان چه أيد؟

مەگەر خۆمان هەڵ بگرین تا کاتی هاتنی ( مهدی ) ی ئێمە لەبەتحا ( بطحا ).وەو.یا ( مهدی ) ی ئەوان لە بیری سامەڕاوە.

مەعدووم

# وشەی سوپاس

ئاواتم ئەوە بوو بەو شێوەیەی دڵ پێی خۆشبێ و بگونجێ لەگەڵ شکۆمەندیی ئەم زاتانەی خوارەوەدا کە بەرووی گەش و بەخەندەی لێوەوە لایان لێ کردمەوەو ئاوڕیان لێ دامەوە، بەرامبەر بەو پیاوەتیەیان لەگەڵ مندا کریان -کەهەریەکەیان بەچەند لاپەڕەیەك لەم دیوانەدا مێژووی ژیان و جوامێری یان بنووسم ن بەڵام بەداخەوە لە توانامدا نەبوو بەڕاستی دەربارەیان قەڵەم کوڵ و زبان لاڵە:

١- بەڕێز کاك عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم لە دێی چەرمەگا لە سلێمانی.

٢- بەڕیز کاك سەردار جاف کوڕی داود بەگی جاف لە بەغدا.

٣- بەڕێز کاك فوئاد شێخ حەسەن لە سلیمانی.

٤- بەڕێز کاك عومەر نووری حاجی حەمە سوور لە سلێمانی.

٥- کاك حسەین عوسمان مەعرووف نێرگسەجاڕی.

٦- بەڕێز کاك فایەق حاجی محەممەدی کۆڵەك لە سلێمانی.

ئەم بەڕێزانەش بە دیوانی دەستنووس یارمەتی یان دام:

١-بەڕێز عەلی بەگی حسیەن بەگی جاف کەشکۆڵەکەی کەریم بەگی فەتاح بەگی جافی دامێ و لێی بەهرەوەر بووم.

٢-بەڕێز مەلا عەلی مەلا فەرەجی هەڵە بجەیی.

٣-لەبەڕێز کاك غەریب زێوەر (ئەصڵ و ڕۆح) مکەی پیرە مێردم لێی وەرگرت، زۆر هانی دام بۆ بەردەوام بوونم لەسەر تەواوکردنی ئەم دیوانە.

٤-شێخ ئەنوەری شێخ صدیقی نێرگسەجاڕی دیوانەکەی مەلا فەتاحی (کاگرد لی) ی دامێ.

٥-کاك ڕەئۆوف عەسمان مەعرووف دەستنووسێکی نەجمەدین مەلای لادائم.

٦- شاعیری بەڕێزمان ع. ع شەونم کە دیوانێکی دەست نووسی مەولەوی دامێ کەلەسەرەتای سی یەکاندا لەهەورامی یەوە گۆڕابوو بۆ سۆرانی.

٧-مەلا کەریمی مەریوانی دیوانێکی دەستنووسی کۆنی دامێ:

زنجیرەی سوپاسەکەم بە ناوهێنانی خوشکە شوکریە حەمە ئەوڕەحمان کۆتایی پێ ئەهێنم، لە قوڵایی دڵ و ناخی هەستمەوە سوپاس و ستایشی بێ پایانی ئەم خوشکە ئەکەم،

بەڕاستی زیاد لە پێویست و ئەو فەرمانانەی کەخرابوونە ئەستۆیەوە هەوڵی داو خۆی ماندووکردو بەوپەڕی لێ بووردن و دڵسۆزی یەوە تێ کۆشاو ڕەنجی کێشا.

رەمزو هێمای پیتەکان:

( م ): ملا عبدالكريمی مدرس، خوای گەورە بۆمانی بهێڵێ.

( ف ): کەشکۆڵەکەی خوالێخۆشبوو مەلا فەتاحی ( کاگردەلی ).

( ك ): کەشکۆڵەکەی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف.

( ع ): مەلا عەلی مەلا فەرەجی هەڵەبجەیی.

( پ ): حاجی تۆفیق پیرەمێرد دیوانی ( ئەصڵ و ڕۆح ).

( مەر ) : مەلا کەریمی مەریوانی.

( بامۆ ) مەلا محەممەدی بامۆکی.

تێبینی:

( ۱ ) لەدەرەوەی عێراق هیچ کەس بۆی نی یە ئەم کتێبە لەچاپ بداو بڵاوی بکاتەوە.

# دیوانی

کونکونبێ لەشم بەم برینانە
ڕێی ئامشۆی دڵ بۆلای ئاسانە
من کە خەجالەت دێمە خزمەتت
جەهەنەم! هەرگیز نەچمە جەنەتت



# مەولەوی

9 789643 566821
1559

نشر احسان